دەڤید فلیپس


# بەهاری کوردی

## نەخشەیەکی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لە ئینگلیزیەوە:

سیروان حسێن بیەیی

لەگەڵ پێشەکیەکی 'بێرنارد کۆشنەر'




**ناوچە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

## سوپاس بۆ...

نیعمەت شەهاب، وانەبێژ لە زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی مێژوو

دەزگای فەرهەنگی و هونەری ڕێژیار

ئەندازیار چۆمان هەورامی

مامۆستا ستار دۆری

**پێشکەشە ...**

بەو خەباتگێڕانەی ژیانی خۆیان کردۆتە قوربانی سەربەخۆیی کوردستان

ئەوانەی هەوڵی یەکڕیزیی نێومالًی کوردی دەدەن

قازی محەمەد و موستەفا بارزانی

پێشمەرگە و شەڕڤان

## کورتکراوەکان:

---

| | |
|---|---|
| AKP | پارتی داد و گەشەپێدان |
| CHP | پارتی گەلی کۆماریی |
| DEHAP | پارتی دیموکراتی گەل |
| ERNK | بەرەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان |
| HDG-H | بزوتنەوەی یەکێتی شۆڕشگێڕیی گەنجان |
| HEP | پارتی ئەمەکی گەل |
| KDP | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| KDPS | پارتی دیموکراتی کوردستان-سوریا |
| MHP | پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی |
| MIT | هەواڵگری نیشتیمانی تورکیا |
| PJAK | پارتی ژیانی ئازادی کوردستان |
| PKK | پارتی کرێکارانی کوردستان |
| PUK | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان |
| PYD | پارتی یەکێتی دیموکراتی |
| TAL | یاسای بەڕێوەبردنی کاتی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە [قانون الدولة للفترة الأنتقالية] |
| YPG | یەکینەکانی پاراستنی گەل |

# ناوەڕۆک


**بەرکوڵ** ........................................ 9

**پێشەکی** ........................................ 20

**سەرنجی نووسەر** ........................................ 22

**پێشەکی** ........................................ 34

نەتەوە، فەرهەنگ و زمان ........................................ ٣٧

خاک ........................................ ٤١

پێکهاتەکانی وزە ........................................ ٤٣

سیاسەتی شوناس ........................................ ٤٥

**بەشی یەکەم** ........................................ 52

**ناپاکی (خیانەت)** ........................................ 52

ڕوخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی ........................................ ٥٣

کۆتایی ئیمپراتۆریا ........................................ ٥٨

چواردە خاڵەکە ........................................ ٦١

کۆنفرانسی ئاشتی پاریس ........................................ ٦٦

پەیمانی سیڤەر ........................................ ٧٢

ڕەتکردنەوە ........................................ ٧٦

پەیمانی لۆزان ........................................ ٨١
سیاسەتی وزە .......................................... ٨٧
**بەشی دووەم** ........................................ 92
چەوساندنەوە و زۆرداریی ................................. ٩٢
کورد لە عێراق .......................................... ٩٣
کورد لە تورکیا ........................................ ١٢٧
کورد لە سوریا ......................................... ١٦٤
کورد لە ئێران ......................................... ١٩٦
**بەشی سێیەم** ........................................ 225
**بەرەوپێشچونی دۆزی کورد** ............................. 225
حوکمی زاتی لە عێراق ................................... ٢٢٦
پرۆسەی ئاشتی ئیمراڵی .................................. ٢٨٠
سەرهەڵدانەوەی سوریا ................................... ٣٢٤
دووەمین شۆڕشی ئێرانی .................................. ٣٦٣
**بەشی چوارەم** ....................................... 384
**مەترسی و دەرفەت** ................................... 384
کۆتایی عێراق .......................................... ٣٨٥
کاردانەوە نێودەوڵەتیەکان ................................ ٤٠٦

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ................................ 407
تورکیا ................................................ 416
سعودیە ................................................ 425
ئوردن ................................................ 428
ئێران ................................................ 431
لوبنان ................................................ 435
ئیسرائیل ................................................ 437
ڕێگای بەرەو سەربەخۆیی ................................ ٤٤٧
ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی یەکلایەنە ................................ ٤٥٣
ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی زەمینەسازکراو ................................ 455
ڕێککەوتنی هاوبەش ................................ 458
پێکهێنانی دەوڵەت ................................ 461
کۆتایی ................................................ 468
**پێرست** ................................................ 475

# بەرکوڵ

## "هێز لە یەکگرتن دایە"

بە درێژایی مێژووی پێنج سەد ساڵی ڕابردوو، دوژمنان و نەیارانی کورد و کوردستان بۆ چەوساندنەوەی هەرچی زیاتری ئەم خاک و نیشتیمانە پڕ پیت و بەرەکەتە بە گشتی و پەرتەوازەکردنی کوردەکان بە تایبەتی، بەردەوام هەوڵی ئەوەیانداوە ناوچە دەوڵەمەندەکانی کوردستان و دانیشتووە جۆراوجۆرەکانی لە یەکتر دووربخرینەوە و نەیاریی و دژایەتیکردنی یەکتریی لە نێوانیاندا پەرەپێبدرێت تاکو کوردەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر و نیشتیمانە زەنگینەکەیان لە لایەن داگیرکارە بێگانەکانەوە زیاتر تاڵان و فەرهوود بکرێت، هەر بۆیەش کوردەکان کە یەکێکن لە گەلە هەرە ئازا و کەڤنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وێڕای هەبوونی ڕابردوویەکی پڕشنگدار و دەوڵەمەند و قوربانییەکی بێ سنوور ئێستاشی لە گەڵدابێ لە هەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێ بەشکراون. لە ڕاستیدا جێگای سەرسوڕمانە میللەتێک بەم هەموو پێکهاتە دەوڵەمەندانەی وەک "**مێژووی دێرین و فەرهەنگ و کولتووری دەوڵەمەند و زمانی شیرین و نەتەوەی ڕەنگین و خاک و بەرهەمی زەنگین**" نەیتوانیبێ بە ئامانجە ڕەواکەی خۆی بگات و دڵی تاکەکانی کۆمەڵگایەکی پڕ مەینەتی ستەم لێکراو شاد بکات...! گەلۆ دەبێت چ هۆکارێک لە پشت

ئەمەوە بێت و چۆن بتوانین بەسەر ئەم ئاستەنگ و بەربەستانەدا زاڵ بین کە ڕێگرن لە بەردەم هێنانە ئارای خەونێکی دێرین و مافێکی ڕەوا لە ژێرناوی "**بنیاتنانی دەوڵەتی کوردی**"؟ ئێمە خۆمان هۆکارین یاخود پاڵنەری دەرەکی هەیە کە نەیهێشتووە و ئێستاش بەتەمایە نەهێڵێت کە بەم ئامانجە ڕەوایە بگەین؟

دیارە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و دەسەلاتە خۆسەپێنەرەکان دوو چەمکی دانەبڕاوی سەدەی بیستەمن. ستەمکاریی بەشێکی دانەپچڕاوی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ناوچەکەیە. بە دامەزراندنی دەوڵەتی پاشایەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١، ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان بە سیاسەتی ئاگر و ئاسن لە داڕووخان و چەوسانەوە و کوشتن و زیندە بەچاڵکردن هیچی تریان بەرهەم نەهێنا، ئێمەی کورد قوربانی دەستی هەموو ئەو ڕژێمانە بووین، هیچ کامەیان نەیانتوانی و تەنانەت ئەگەر تواناشیان هەبوو لە ڕاستیدا نەیانویست دان بە بوونی کورد وەک هاونیشتیمانیەکی خاوەن مافی یاسایی لە وڵاتەکەیاندا بنێن. لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵ زیاتر لە سەد و هەشتا و دوو هەزار کورد بوونە قوربانی و پتر لە چوار هەزار و پێنج سەد گوند وێرانکران، لە چەند خوولەکێکدا پێنج هەزار کورد کیمیاباران کران.

لە تورکیای دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی، سیاسەتی کوردقڕان بە شێوازێکی نوێ لە لایەن تورکە فاشیستە کەمالییەکانەوە سەر لەنوێ سەریهەڵدا و بە فەرمانێکی فەرمی، نەتەوەی کورد و زمان و فەرهەنگی کوردی بەتەواوی نکۆڵییان لێیکرا و هەوڵدرا بە بەردەوامی بنبڕ بکرێت و لە ناو کۆمەڵگای تورکیدا بتاوێنرێتەوە. کورد بەشێوەیەکی چڕ و پڕ بێ ئەوەی حەزبکات و تەنانەت ئاگاداری خۆی بێ، لە ماوەیەکی کورتدا دەستەمۆی سیاسەتە چەوتەکانی تورکە ڕەگەز پەرەستەکان کرا، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەستەم بوو تاکێکی کورد هەست بەوە بکات کە نەتەوەیەک هەیە بە ناوی "**کورد**" کە

ئەویش بەشێکە لەو نەتەوەیە. لە ڕاستیدا بەتورک کردن "**تورکاندن**"ی کوردەکان ڕێک لە دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لەلایەن ئەتاتورکەوە دەستی پێکرد و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تریش ئەم سیاسەتە قیزەوەنەیان بە ڕادەیەک جێبەجێکرد کە بوو بە نەریتێکی پێکەوەبەستراوی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە. لە لایەکی تر و لە ئێرانی دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩، دەسەڵاتی ئایینی بە تەواوی ڕێگربوون لە مومارەسەکردنی مافی سیاسی و فەرهەنگی کورد لەم وڵاتەدا. چالاکوانانی سیاسی بەبەردەوامی دەستگیردەکرێن و پاشان لە سێدارە دەدرێن. لە سوریا، ڕژێمی بەعسیی عەلەوی 'ئەسەد' هەر لە سەرلەبەری هاتنە سەر دەسەڵات نە تەنیا لە پێدانی ناسنامە بە کوردەکان پاشگەزبوونەوە بگرە بە فەرمی نکۆڵییان لە بوونی نەتەوەی کورد لە وڵاتەکەیان کرد. محەمەد تالب هیلال، یەکێک بوو لەو کەسایەتیانەی کە ڕاسپێردرابوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ویستی کورد بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانیان، کە تیایدا سەرکەوتوو بوو.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەم ڕاستیانە و لە هەلومەرجێکی ئاوا ئالۆز و پەشۆکاوی ناوچەیی و هەرێمایەتیدا دەکرێ بگووترێ بۆ بەدیهێنان و بنیاتنانی قەوارەیەکی دانپێدانراوی سیاسی لە ژێر ناوی "**دەوڵەتی کوردی**" یەکێ لە کردەوە هەرە گرنگەکان کە پێویستە بەزووترین کات ئەنجامی بدەین بریتییە لە گۆڕینی شێوازی کۆن و کەڤناری چۆنیەتی بیر و ئەندێشەمان بۆ هزر و ئەندێشەیەکی نەتەوەیی و سەردەمیانە، شێوازگەلێک کە بەتاڵ بێ لە هەر جۆرێ ڕق و کینە لە بەرامبەر یەکتردا، چونکە سەرەڕای هەموو بەربەست و گوشار و تەنگ و چەڵەمەکان بە سوودوەرگرتن لەم شێوازە دەکرێ دەست لە ناودەست هەنگاوی باش بهاوێژین بەرەو یەکخستنەوەی نێوماڵی کوردی و بنیاتنانی قەوارەیەکی یەکگرتووی سیاسیی بۆ خۆمان و نەوەکانی داهاتوو، چونکە کورد گووتەنی" **هێز لە یەکگرتن دایە**".

گومان لەوەدانییە کە بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و دەرهاوێشتەکانی بەهاری عەرەبی بە سەر وڵاتانی دراوسێ، نەتەوەی کورد بە تایبەتی دەرفەتێکی زێڕینی بۆ هاتۆتە پێش تاکو بەهۆی ئەم دەرفەتە وە بە سوود وەرگرتن لەم هەلومەرجە ئاڵۆز و پەشۆکاوەدا، کەشتی نیشتیمانە زامدارەکەی خۆی بەرەو کەناری ئارامی دەریای سەربەخۆیی بەرێ بکات و ئەسپی ئاوات و ئامانجە لە مێژینەکانی بەرەو دوا مۆڵگەی حەسانەوە (**بەدەوڵەتبوون**) تاو بدات. بنیاتنانی دەوڵەتێکی نوێ و کیانێکی سەربەخۆ کە دیزاین و داڕشتنی سنووره بنەڕەتییەکەی وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکیی لە ڕووباری خوێنی شەهیدە قارەمانەکانی هەر چوار پارچەی نیشتیمانی دایک پتر لە سەدەیەک بەر لە ئێستا نەخشێنراوە و لە ژێر سێبەر و سەرکردایەتی "**شێخەکانی بارزان و شێخ مەحموودی نەمر لە کوردستانی باشوور** دەستی پێکردووە و دواتر لە لایەن **شێخ سەعیدی پیران و ئێحسان نوری پاشا و عەبدۆڵڵا ئۆجەلان لە کوردستانی باکوور و سمکۆی شکاک و پێشەوای نەمر و قاسملوو و سادقی شەرەفکەندی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات** درێژەی پێدرا تا وەک ئەمانەتێکی پیرۆز گەیشتە دەست **شەڕڤانە گیانفیدایە بێ ناونیشانەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا**. بۆیە بە جورئەتەوە دەکرێ بڵێین کە ئەوەی ئەمڕۆ هاتۆتە پێش لە ئەنجامی خەبات و تێکۆشان و بەرخودانی بێ وچان و قوربانیدانی بەردەوامی سەدان ساڵەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە کە لە پێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆی و بە مەبەستی مسۆگەرکردنی کیانێکی سەربەخۆ لەلایەن داگیرکەرانی زێد و نیشتیمانی دایک دەرهەق بە دانیشتوانە ستەم لێکراو بێ دەسەڵاتەکەی کراوە.

بەرەوپێش چوونەکان لە باکووردا تا ڕادەیەکی باش گۆڕاون، خەباتی کورد لەم بەشەی کوردستاندا، تا ئاستێک، لە خەباتێکی چەکداریەوە، ئەگەر دەرفەت برەخسێنرێت، بۆتە خەباتێکی سیاسی لەناو پەرلەمانی تورکیادا کە ئێستا دەتوانن مافەکانیان لە ڕێگای پرۆسەیەکی سیاسیەوە مومارەسە بکەن. بە هاتنە سەردەسەڵاتی 'ئاک' پارتی، تا ئەم

دواییانەش، کرانەوەیەکی سیاسی بەڕووی کورددا بوونی هەبوو، بەڵام بەداخەوە بەهۆی بەرزەفڕیی و کاڵفامی سیاسەتوانە کەم ئەزموونەکانی هەدەپە و ملهوڕی ئەردۆگانەوە، خەریکە ئەم پڕۆسەیە بەرەوە کاڵبوونەوە دەچێت. جێگای داخە، بەهۆی ململانێی تەسکی حیزبی لە ڕۆژهەڵاتدا، کورد نەیتوانیوە هەنگاوی گەورە لەم ڕووەوە بهاوێژێت. هەروەها ڕژێمی ئەو وڵاتەش دڕندانە کەوتۆتە گیانی ئەو کەسانەی چالاکی سیاسی ئەنجام دەدەن. لە ڕۆژئاواشدا، بەهۆی ئەو چەڵەمەی ڕژێمی سوریا تێی کەوتووە و هاتنی چەکدارانی داعش بۆ ناو بازنەی ململانێکە، کورد توانیویەتی بەشێوەیەکی بەرچاو سوود لەم دۆخە وەربگرێت و ئامانجەکانی بەرەوپێش ببات.

لە باشووردا، کە سەرنجی زیاتری نووسەری زانا و دانەری بەتوانای ئەم پەرتووکە دەوڵەمەندە "**دەیڤید فلیپس**"، لە سەریەتی، کورد لە بەردەم دەرفەتێکی مێژووییدایە کە بەرەو گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە جیۆپۆلەتیکی ئەم ناوچەیە هەنگاو دەنێت. دوای ئەو هەموو خەبات و قوربانیدانە لە پێناو پاراستنی خاک و سەروەریی نیشتیماندا، خەریکە خۆری سەربەخۆیی هەڵدەکات و ئیتر کورد لە ژێر چەپۆکی دردۆنگی عەرەب دەربازی دەبێت. دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام، کورد، وەک بەشێک لە سیاسەتە دووربینیەکانی، وەک پشکدار بەژداری حکومەتی عێراقی کرد نەوەک بەشخوراو. لە ڕووی سیاسیەوە لە دوای ڕوخانی ڕژێم، کورد فێری گەمە کردن لە سەر پەتی سیاسەت بووە و توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر بەرژەوەندییەکانی خۆی مسۆگەر بکات. ئەمریکا و ڕۆژئاواییەکان بەهۆی کرانەوەی کورد بەرامبەر بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و پشتیوانی ڕۆژئاواوە، مەیلێکی زیاتریان بۆ کورد هەیە بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی تری دانیشتووی عێراق. لەم سەروبەندەدا عەرەب بەهۆی ململانێی توند و تۆڵە تایەفەگەرییەکانیدا هەرگیز نەیتوانیوە و ناشتوانێت یەکگرتنێکی نیشتیمانی لە نێوان سەرجەم باوەڕەکاندا دروست بکەن.

دوای ئەوەی سەرۆک وەزیری نالێهاتووی عێراق و لە ڕاستیدا داردەستی ئێرانی دراوسێمان "**نوری مالیکی**" کە لە ماوەی ٨ساڵی فەرمانڕەوایی خۆی تەنانەت توانای دابین کردنی ئەمنیەت و ئاسایشی تاکە کۆڵانێکی بەغدای پایتەختی بۆ ماوەی ٨ چرکە نەبوو، بڕیاریدا لە (١٧٪) بودجەی هەرێمی کوردستانی ببڕێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر ئەم بڕیارە نامرۆڤانەیەدا بوێرانە بڕیاریدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەوتەکەی بفرۆشێت و چیتر چاو لە دەستی بەغدا نەبێ، دیارە ئەمەش هەنگاوێکی نوێ بوو لە مێژووی کورددا کە جۆرێک لە حوکمڕانی خۆجێی لە سنووری خۆیدا بەرجەستە دەکات. ڕەنگدانەوەی سیاسەتە چەوت و ناڕاستەکانی حکومەتی ناوەندی لە دژی هەرێمی کوردستان لە لایەک و بەدیار کەوتنی ململانێ مەزهەبی و تایفەگەرێتی هۆزە عەرەبەکانی سوننە و شیعە دەمارگرژەکانی ناوەند و باشووری ئەم وڵاتە لێکهەڵترازاوەدا، وامان پێ دەڵێن کە هەولێر و بەغدا ئیتر هیچ شتێک بەیەکەوە نایانبەستێتەوە و گومان لەوەدانییە کە بۆ بەرژەوەندی هەردوولا باشتر وایە کە ئەم وڵاتە داماو و پڕ کێشەیە بە پێی بەرژەوەندیی دانیشتوانەکەی دابەش بکرێت. بۆیە بێ گومان جیابوونەوەیەکی شەرەفمەندانەی کورد لە عێراق باشترین چارەسەری سەرجەمی ئەو کێشانەی کە هەر لە سەرەتای لە دایکبوونی ئەم وڵاتە ناتەندروستە بەرۆکی سەرجەم نەتەوەکانی تریشی گرتۆتەوە. [ماددەی ١٤٠]ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، کە کورد بەشێکی گرنگ بوو لە سەر لە نوێی نووسین و داڕشتنەوەی ئەم دەستوورە، بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بوو بە سەرچاوەی ناکۆکی هەولێر و بەغدا، ماددەیەک کە عێراق زۆر لێی پەشیمان بوو بە جێی کردنەوەی لە دەستووری ناوبراودا.

دوای هاتنی داعش و ئەو قوربانی و فیداکاریە بێ وێنەیەی پێشمەرگەی کوردستان، جێ بەجێکردنی ئەو ماددەیە بوو بە دیفاکتۆ. کورد نزیکەی (١,٥٠٠) شەهیدی کردۆتە قوربانی لە پێناو گەڕاندنەوەی ئەو خاکەی کە بە زەبری هێز لێی زەوت کرابوو. حکومەتی

هەرێم بە خوێن نەخشەیەکی نوێی لە ناوچەکەدا دروستکردووە، مەگەر تەنیا بەخوێنیش لێی زەوت بکرێتەوە! هەر بۆیەش دەکرێ بگووترێت کورد بەهۆی سوودوەرگرتن لە ئەزموونە تاڵ و خوێناوییەکانی ڕابردووی خۆی و دوای قوربانیدانێکی کەم وێنە و بێ سنوور لە ڕاستیدا واپێدەچێ ئەم جارە لێزانانە خەریکی گرتنی گەورەترین ماسی لە دەریای لێل و ئاڵۆزی شەڕ و پێکدادانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت. کاتێک بە هۆی هێرش و وێرانکاریی بەردەوامی دڕندەکانی داعش هەڕەشەی نەمان و ڕووخانی شاری کۆبانی لە ڕۆژئاوای کوردستان چەگەرەی کرد و زۆری نەمابوو کوردقڕانێکی تر لە لایەن دوژمنانی مرۆڤایەتییەوە ساز بکرێت، "**مەسعود بارزانی**" سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرجەم لایەنەکانی ناو پەڕلەمانی کوردستان، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی بۆ بەرگریکردن لە کۆبانێ هەڵسا بە ناردنی هێزێکی گەورەی چەکدار بەناو خاکی تورکیادا بۆ هاوکاریکردنی برا کوردە لێقەوماوەکانی خۆی لە بەشێکی تری نیشتیمانی دابەشکراوی دایکدا. بە گەیشتنی ئەم هێزە یارمەتیدەرە کە دەکرێ لە مێژووی کوردا بە شاکارێکی دەگمەن لە قەڵەم بدرێت، هەڵوێستە نەتەوەییەکانی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان جوولەیەکی ئاگرینی تێکەوت و هەر ئەمەش بوو بە هۆی ڕزگاربوونی کۆبانی و تێکشکانی داعشە خوێنمژەکان، هەر بۆیەش لەو ڕۆژە بەدواوە "**کۆبانی**" بۆتە سیمبولی ئازایەتی و فیداکاریی خوشک و برا پێشمەرگە و شەڕڤانە قارەمانەکانی کورد و کوردستان و وەک ئەستێرەیەکی گەش لە بەرگریکردن و کۆڵنەدان و بەرخودان لە ئاسمانی هەمیشە گەشی ئازایەتی دەدرەوشێتەوە.

دوای ئەوەی هەزاران ئاوارەی کوردی ڕۆژئاوا لە کوردستانی باشووردا پەناگەیەکی ئارامیان دۆزیەوە و تێیدا حەسانەوە، سەر لە نوێ هەڕەشەی دوژمنانی مروڤایەتی هۆکارێکی تازە بوو تاکو جارێکی تر کوردەکان لە بازنەی نەتەوەییدا یەکتر بگرنەوە، بۆیە زۆری پێنەچوو دوای کارەساتی جەرگبڕی ناوچەی شنگال و جینۆساید و کوردقڕانی

خوشک و برا ئێزدییەکان لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/٣، کوردانی سەرجەم پارچەکانی تری کوردستان و تەنانەت کوردەکانی تاراوگەش، ئەوەی لە توانایان دابوو، لە هاوکاریکردنی هاونەتەوە لێقەوماوە ئێزدیەکاندا، کەمتەرخەمییان نەکرد و هاوکات هەوڵی لە باوەش گرتنی ڕزگاربوانی ئەم کارەساتە دڵتەزێنەیاندا، بۆیە خودی ئەم کارەساتە بوو بەهۆی ئەوە تاکو سەرجەمیان لە یەک بازنەدا و لە ژێر سێبەری هەستی نەتەوەییدا کۆبوونەوە بۆ سارێژکردنی ئەم برینە قووڵە کە لە مێژووی ئەم گەلە دێرینە بە سەدان جار دووبارە بۆتەوە بێ ئەوەی هیچ کەسی کورد و غەیرە کورد بە فریایان کەوێ.

لە ڕاستیدا ئەم پەرتووکەی بەردەستی ئێوەی بەڕێز "**بەهاری کوردی**" توانیویەتی بەشێوەیەکی واقیعبینانە سەیری ئەو پێشکەوتنانەی ئەم دواییەی هەرچوار پارچەی کوردستان بکات و لێیان بکۆڵێتەوە. "**دەیڤید فلیپس**" ی دانەری ئەم پەرتووکە نایابە زۆر بە جوانی وێنەی داهاتووی کوردی کێشاوە و پێشبینی گەورەی کردووە کە زۆربەیان تا ئێستا هاتوونەتە جێ. ئەو لە چەند بەشێکی سەرەتای ئەم پەرتووکەدا، زۆر زانستیانە ڕابردووی کوردی هێناوەتە زمان و بە پشتبەستن بەم ڕابردووە نەخشەڕێی داهاتووی بۆ کورد پێشبینی کردووە. دواتر نووسەر دێتە سەر باسکردنی یەکە بە یەکەی هەر چوار پارچەی کوردستان و ئەو ڕژێمانەی کە کورد مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. نووسەر لە کۆتاییدا گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەرەو پێشبردنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد لە فەزای نێودەوڵەتیدا و هەڵوێستی زلهێزەکان بەرامبەر ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دەخاتەڕوو.

بە بۆچوونی ناوبراو، کورد لەو قۆناغە دەرچووە کە ئیتر ببێتەوە ژێر دەستی وڵاتێکی بێگانە و یاری پێبکرێت، چونکە ئێستا کورد خاوەنی نیمچە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە لە ناو عێراقێکی پڕ لە کێشە و گیروگرفتدا، بۆیە لە کاتێکی نزیکدا دەتوانن دەوڵەتی خۆیان

ڕابگەیەنن. کورد پێویستە بەشێوەیەکی زۆر وریایانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکات و سەرجەم ململانێ پوچەکانی ناوخۆ وەلابنێت و دەست بکات بە بنیادنانی ژێرخانێکی پتەو بۆ قۆناغی دوای دەوڵەتبوون. چیتر کورد نابێت ئەو هەڵەیە بکات لەژێر چەپۆکی دوژمنان بڕیارە چارەنوس سازەکانی خۆیان بدەن و هەر تاقمێک ئەجێندایەکی جیاوازی هەبێت. پێویستە ئامانج و ئەجێندای هەموو لایەنەکان لە یەک بازنەدا بخولێتەوە، بازنەیەک کە هەموویان بهێنێتە سەر مێزی گفتوگۆیەکی نەتەوەیی بۆ بنیادنانی ئەو ئارەزووەی کە نەوەکانی داهاتوو چاوەڕوانی دەکەن و چاویان لە هەوڵەکانی ئەوانە. لەگەڵ هەموو ناڕەزایەتییەکاندا، لایەنە سیاسییەکان و هاوڵاتیانی کوردستانی باشوور، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی، پشتگیری لە پرۆژەکەی سەرۆک بارزانی بکەن بۆ سەربەخۆیی و سەرجەم گلەییەکان وەلاوە بنێن تا دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەت.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بە کورتی ئاماژە بە بیرۆکەی وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە دەوڵەمەندە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی بکەم؛ لە کاتی گەڕان و بەدواداچوونی کتێب و سەرچاوە تازەکان بەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا سەرقاڵبووم، ناو و ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە ناوازە "**بەهاری کوردی**" زۆر سەرنجی ڕاکێشام. کە سەیری ساڵی بەچاپگەیاندنیم کرد (٢٠١٥)، ناوەڕۆکە دەوڵەمەند و پڕ زانیارییەم خوێندەوە زیاتر بەکوردی کردنی ئەم بەرهەمەم بۆ ڕوون بووەوە چونکە دەگمەنن ئەو نووسەرانەی کە لەسەر دۆزی کورد بەشێوەیەکی ئاوا خێرا و ورد بتوانن پەرتوکێکی زانستیانە و بەڵگەمەند بنووسن. بەڕاستی نووسەری ئەم پەرتووکە بەرێز "**دەیڤید فلیپس**" ئازایانە قوڵی لە بابەتێکی ئاوا ئاڵۆز و دۆزی گەلێکی لێقەوماو لە هەرێمێکی پڕ لە کێشە و گیروگرفتی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵماڵیوە و ئەم ئەرکە قورسەی خستۆتە سەرشانی خۆی و بەسەرکەوتوویی بە ئەنجام گەیاندووە. منیش وەک وەرگێڕێکی کورد، لە مانگی شوباتی ٢٠١٦دا، لەکاتی خوێندنی ماستەر لە شاری غازی عەنتابی کوردستانی باکوور، بە پێویستم زانی کە دەبێ کاتێکی

زێڕینی بۆ تەرخان بکەم. بۆیە ڕۆژانە لە هۆڵی پەرتوکخانەی زانکۆی غازی عەنتاب دەیان کاتژمێر بەبێ وچان خەریکی وەرگێڕانی دەقەکانی بووم تا توانیم لە مانگی ئایاری ڕابردوو کۆتایی بە کارەکانی بێنم. دیارە لەم ماوەیەدا هەوڵێکی زۆرم داوە کە کارەکە بە باشترین شێوە بە ئەنجام بگەینم و بیخەمە بەردەستی ئێوەی خوێنەری بەڕێز، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هیچ بەرهەمێک نییە کەموکورتی تێیدا نەبێ، بە مەبەستی کەمکردنی کێماسییەکان لە لایەک و ئاشناکردنی هەرچی زیاتری خوێنەری کورد بە ژیانی چەندین سەرکردەی جیهانیی و هەرێمیی لە لایەکی تر، وام بە باش زانی کە هەموو ئەو کەسایەتیانەی دوور و نزیک پەیوەندیان لەگەڵ ئاراستەکردنی دۆزی کوردەوە هەبووە و هەیە، لە پەراوێزێکدا ئاماژەیان پێ بکەم بۆ ئەوەی خوێنەر ئاشنایەتیەکی لەگەڵ ژیانی ئەواندا هەبێت و لە کاتی پێویستیشدا بە ئاسانی بەدوایاندا بگەڕێت. هەروەرها لە هەر شوێنێک پێویست بێت ڕوونکردنەوەی تایبەتم لە سەر ئەو ڕووداوانەی کە لە دوای نووسینی ئەم پەرتووکە ڕوویانداوە زیاد کردووە. لە ڕاستیدا هەوڵێکی زۆر دراوە تاکو دەقەکان وەک خۆیان و بەوپەڕی بێلایەنی و ئەمانەتەوە بکرێن بە کوردیەکی سادە و ڕەوان بۆ ئەوی بەرهەمەکە تەنیا بۆ نوخبەیەکی تایبەتی کۆمەڵگا نەبێت، بەڵکو سەرجەم خوێنەران بە ئاسانی بتوانن لە وشە و دەربڕینەکان تێبگەن.

لە کۆتایی هەر بەشێکدا سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی ئاماژەیان پێدراوە بۆ ئەو خوێنەرانەی دەیانەوێت زانیاری زیاتر لەسەر بابەتەکان دەست بخەن، بەشێوەیەک کە لە پەرتووکخانەی کوردی پەرتووکی لەم جۆرە بە دەگمەن بەرچاو دەکەوێت. هەر زانیاریەک کە لە سەرچاوەیەک وەرگیرابێت، ژمارەیەکی بۆ دانراوە کە کاری خوێنەر ئاسانتر دەکات بۆ دۆزینەوەی هەمان بابەت لە سەرچاوەی لێوەرگیراودا بە هەمان ژمارە. سەرەڕای ئەمەش، ئەم پەرتووکە گەنجینەیەکی بەسوودە بۆ ئەو کەسانەی لە بواری توێژینەوەی زانستیدا کار دەکەن، لە کۆتایی پەرتووکەکەدا بە پێرستێک ئەو بابەتانەی زۆر گرنگن

ئاماژەیان پێدراوە لەگەڵ ژمارەی ئەو لاپەڕانەی کە بابەتەکانی تیادا باســـــکراوە، واتە خوێنەر پێویســـت ناکات بۆ دۆزینەوەی زانیارییەک ســـەیری هەموو پەرتووکەکە بکات، بەڵکو ئەو بابەتەی کە دەیەوێت زانیاری لێ وەربگرێت، لە بەشی کۆتایی ئەم پەرتووکەدا ئاماژەی پێدراوە و بە ئاسانی دەدۆزرێتەوە.

هیوادارم پەرتووکی ناوبراو هەوێنێک بێت بۆ ڕوانینێکی تازە و بابەتیانە لە داهاتووی نیشـــتیمانی خۆشـــەویســـتی دایک بۆ بنیاتنانی یەکەم دەوڵەتی دانپێدانراوی کوردی لە مێژووی سێ هەزار ساڵەی مرۆڤ، بەڵکو لە سێبەری خوێنی شەهیدە سەرفیرازەکانمان بە لە دایکبوونی ئەم دەوڵەتە تازەیە چیتر گەلی هەمیشـــــە چەوســـــێنراوی کورد لەژێر چەپۆکی دوژمنە زۆر و زەوەندەکانی نەمێننەوە و بە ئازادیی و سەربەرزیی لە داهاتووی خۆی و نیشتیمانە ڕەنگینەکەی بڕوانێت.

سیروان حسێن بیەیی

ڕۆڵەی کوردی بێ دەوڵەت

سۆران/ هاوینی ٢٠١٦

## پێشەکی

### پرۆفیسۆری چالاکوان

زانسـتی سـیاسـیی چاودێری ڕووداوەکان دەکات و بە وردی لێیان دەکۆڵێتەوە. دەیڤید فلیپس دەیەوێت ئەم ڕووداوانە بە شـێوەیەکی ئەکادیمی بخاتە بەردەم ئێمەی خوێنەر. ئەگەر لە ڕووداوەکانی ڕۆژانە تێنەگەیشتی یاخود نەتزانی چی دەگوزەرێت، ئەوا پێشنیار دەکەم پەرتوکەکەی بخوێنیتەوە چونکە ئەو کات دەتوانی هەسـت بە ڕاسـتی و گرنگی ڕووداوەکان لە ژیانی واقیعیدا بکەیت و بزانیت ڕووداوەکان چۆن دەنەخشێنرێن.

دیواری بەرلین، یانزەی ئەیلول، کێشـەی وڵاتی ئۆکرانیا، ڤایرۆسـی HIV- ئایدز، ئیبۆلا- هەموویان ڕووداوگەلێکی کارەسـاتبار بوون بۆ مرۆڤایەتی، شـارەزایان زۆر بە کەمی پێشـهاتی ڕووداوە گرنگەکانی سـەردەمی ئێمەیان کردووە. فلیپس مامۆسـتای تایبەتی تۆ نیە؛ ئەو چالاکوانی مافی مرۆڤە، وە خۆشی درک بەوە دەکات و دان بەوەدا دەنێت لە کەموکورتی بەدەر نیە.

ئێمە لەناو سـەردەمێکی تەمومژاویدا دەژین، دەبێت بە شـێوەیەکی واقیعبینانە سـەیری ڕووداوەکان بکەین. کێن ئەوانەی دوژمنایەتی دەسـەڵاتی یاسـا دەکەن؟ چ تیرۆریزمێک خۆی لە پشـت پەردەی ئاییندا حەشـارداوە؟ بۆچی گۆڕانی جیۆپۆلەتیکی زیاتر دەمانباتە سـەردەمی بەربەریەت و وەحشـیگەریی؟ دەیڤید، نهێنی هەمو ئەو هەڕەشـە و قەیرانانە ئاشـکرا دەکات. هەروەها باوەڕی بە سـەرچاوەکانی دیموکراسـی ئێمەش هەیە، هەرچەندە ڕەنگە تووشـی هەڕەشـە بووبن. ئەو دەزانێت چۆن یاسـا نێودەوڵەتەییەکان بگۆڕێت بۆ ئامرازێکی ئاشـتی. دەکرێت تواناکانی بۆ شـیکردنەوە بەهەند وەربگیرێن بۆ ئەو ململانێ و ڕوداوانەی لە داهاتوودا ڕودەدەن.

ئەو لە ژووری خوێندنەوە دانانیشــێت و لە ڕابردوو بکۆڵێتەوە و بڵێت ئەم ڕووداوە دەکرا بەم شـێوەیە بێت و پەرۆشـی ئەو کارانە بێت کە ئەنجام دراون، فلیپس حەزی لە گەشتکردنە بۆ ئەو شوێنانەی کە بەجێ ماون لە سەر زەوی، وە ببێت بە گەواهیدەرێکی زیندوو بۆ ئاژاوەکانی ئەم سەردەمە.

هەنگاوەکانی ئێمەی مرۆڤ لە ڕووداوەکانی جیهاندا بە چەندین شـــوێن و ڕووداودا تێپەڕیوون، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ ئەمریکای لاتینی، لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیاوە بۆ باشـوری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیا. ئەم پرۆفیسـۆرە بۆچوونی خۆی هەیە سـەبارەت بە هونەرە جەنگیەکانی داعش و دەرفەتی کوردەکان بۆ سەربەخۆبوون-تاکە پاڵەوانانی دیموکراسی لە ناوچەکەدا- بۆ ئەوەی لە عێراق و ســـوریا دووریان بخەنەوە. ئەو ڕۆژانە بەدوای ڕووداوەکانی پاکتاوی نەژادی و کۆمەڵکوژیەکاندا دەکەوێت، ســـەرەڕای توندوتیژی دژی ئافرەت و منداڵ، ناچارمان دەکات کە حکومەتەکانمان قایل بکەین کە هەرگیز درەنگ نیە بۆ ئەوەی کاردانەوەیان هەبێت بۆ ئەم کارە قێزەوەنانە. فلیپس دەزانێت چۆن حەقیقەت بباتە ناو ژوورە کۆنەکانی وانە وتنەوە. بۆ ڕەخنەگر و دیپلۆماتکارەکان وەک یەک، ئەو کەسـێکی واقیعبینە، وە بۆ هەمومان، لە کاتی سـەرلێشـێوان و ناڕەحەتیدا، پارێزەرە.

بێرنارد کۆشنەر

وەزیری دەرەوەی پێشووی فەڕەنسا

سەرنجی نووسەر...

پەرتووکی '*بەهاری کوردی*' لە ئەنجامی بیست و پێنج ساڵی ئەزمونی کارکردنم وەک شارەزای مەسەلەی کورد بەرهەم هاتووە. من لە چەندین شوێنی گرنگ کارم کردوە، لە کۆنگرێسی ئەمریکا، وەک بەرپرسێکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، لێژنەی پسپۆڕانی ڕاوێژکاری بۆ کاروباری سیاسەت و ئابووریی، وە چەندین زانکۆ. بەپشت بەستن بەو ئەزموونەی کە بەدەستمهێناوە، کوردەکان یەکێکن لە باشترین و متمانە پێکراوترین هاوپەیمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

دکتۆر نەجمەدین کەریم، پزیشکی دەمار، کە دواتر دەبێت بە پارێزگاری کەرکوک، لە نووسینگەکەی خۆم لە (RAYBURN HOUSE OFFICE BUILDING) لە ساڵی ١٩٨٨ سەردانی کردم. چەند وێنەیەکی جەرگبڕی هاوڵاتی کوردی بۆ هێنام کە لە کیمیابارانی شارۆچکەی هەڵەبجە لەکاتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایدا مردبوون. ئەم وێنانە نیشاندەری چەند پیاوی پیر بوون کە بە جلی کوردییەوە بەهۆی گازی ژەهراویی لە سەر یەک کەوتبون. ژن و کچی کورد بە جلی ڕەنگاو ڕەنگ و سەرپۆشی کوردی لە سەر شەقام کەوتبوون، ڕوخساریان تەماوی، کەفی چەکی کیمیاوی لە دەمیان دەهاتە دەرەوە، بەرەو مردن ڕێیان دەکرد.

لە ساڵی ١٩٩١- ئەو ساڵەی جەنگی کەنداو کۆتایی هات- سیناتۆر کلاییبێرن پێل، سەرۆکی لێژنەی ئەنجومەنی پیرانی پەیوەندیەکانی دەرەوە، بانگهێشتی کەسایەتیە دیارەکانی کوردی کرد بۆ (CAPITOL HILL)، بۆ کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە داهاتووی دیموکراسی لە عێراقدا. ئەم کۆنفڕانسە لە لایەن پەیمانگای کۆنگرێسی مافی مرۆڤەوە ڕێکخرابوو کە تیایدا من بەرپرس بووم. سەرەتا پێل دەستی بە وتەکانی کرد، لە دوای ئەو ئێدوارد کەنەدی و سیناتۆرەکانی تر دەستیان بە قسە کرد. هەردوو کۆنگرێسمان، لانتۆس و جۆن پۆرتەر، هاوسەرۆکی دەزگای کۆنگرێسی مافەکانی مرۆڤ،

له دوای ئەوان دە ستیان بە وتەکانی خۆیان کرد. پێل بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردنی ئەو کۆبوونەوەیەی خســـتە ئەســـتۆی من. چەکوشـــی ســـەرۆکی کۆبونەوە لە بەڕێوەبردن و ئا گادارکردنەوەی ئا مادەبوان مێژوویەکی درێژی هەبوو لە ئەمریکا. ئالۆیریکردنی ئەو چەکوشە وەک بیرخستنەوەیەکە بۆ گرنگی و بەرپرسیاریەتی گفتوگۆکەی ئەو ڕۆژە.

ســـەرۆک جۆرج بوش کوردەکانی هاندا لە دژی ســـەدام حســـێن یاخی بن، بەڵام ڕژێمەکەی عێراق نەڕوخا. بەڵام کە ســـــەدام هێرشـــــی کردەوە ســـــەریان بوش هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، کە بووە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر لە ملیۆنێک و نیو کورد بەرەو سنورەکانی ئێران و تورکیا لە ترسی تیاچوون. میلیشیای کوردی-پێشمەرگە- هەوڵیاندا بەرگری لە کورد بکەن دژی ســـوپا بەهێزەکەی ســـەدام. وشـــەی پێشـــمەرگە واتە "ئەو کەسانەی بەرەنگاری مردن دەبنەوە"

لە شـوباتی سـاڵی ١٩٩٢، جەلال تاڵەبانی[١] لە شـاری سـلێمانی کۆبونەوەیەکی بۆ یەکێتی نیشـــــتیمانی کوردســـــتان بەســـــت. من و کەریم ڕێگایەکی درێژمان بڕی، لە

---

[١] جەلال تاڵەبانی ناسراو بە 'مام جەلال'، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. تاڵەبانی لە ٦ی نیسان دوای هەڵبژاردنی لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقەوە لە ٢٠٠٥ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراقی پێدرا و لە ٢٤ی تەمموزی ٢٠١٤ کۆتایی بە پۆســـــتەکەی هات و فوئاد مەعصـــــوم جێگای گرتەوە، بەمەش بوو بە یەکەم سـەرۆکی کورد لە مێژووی سـیاسـی عێراقدا کە پۆسـتی سـەرۆکی وڵات لە ئەسـتۆ بگرێت، هەروەها یەکەم ســـەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە مێژووی دروســـتبوونی عێراقەوە لە بیســـــتەکانی ســـــەدەی ڕابردووەوە وە یەکەم ســـــەرۆک کۆماری عێراقە لەژێر دەســـــتووری نوێی عێراق هەڵبژێردرابێت.

جەلال تاڵەبانی کوڕی حیسامەددین کوڕی نورەڵڵای تاڵەبانی، ڕێکەوتی ١٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی 'کلکانی' بناری چیای کۆسرەت لەدایک بووە. سەرەتای منداڵی هەر لەو گوندە دەبێ، پاشان کاتێک باوکی دەبێتە ڕێبەری تەکیەی تاڵەبانی لە کۆیە، بە ماڵەوە دەچنە ئەوێ و خوێندنی ســـــەرەتایی لەو شـــــارە تەواو دەکا. وە قۆناغی ئامادەییش لە کەرکوک و هەولێر تەواو دەکات.

دیاربەکری باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە لە دەروازەی خابوورەوە بۆ کوردستانی عێراق. ڕێگاکە بە نەوتی خاوی ڕەش لووس ببوو. بەرمیلی نەوت لە پشـــــتەوەی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر بەســــترابوون، قاچاچیەتی نەوتی خاویان دەکرد لە بەرامبەر خۆراک بۆ کوردستانی عێراق.

کوردەکان زۆر خۆش حاڵ بوون و لە خۆشـیان ئاهەنگیان دەگێڕا. سـوپای ڕژێمی ســــەدام لە کوردســــتان دەرکرابوو؛ کورد حوکمی زاتی بەدەســـت هێنابوو. ئەوان لە خۆشــیان نەیان دەزانی چی بکەن کاتێک من وتم: 'ئازادی، دیموکراســی، مافی مرۆڤ'. لە کۆبونەوەکەی مەسـعود بارزانی[١] پارتی دیموکراتی کوردسـتان لە سـاڵی ١٩٩٣دا، من

جەلال تاڵەبانی لە تازە لاوی بە پەیوەست بوون بە پارتی دیموکراتی کوردستان تێکەڵاوی کاری سیاسی دەبێ. لە مانگی شـــوباتی ســـاڵی ١٩٥٣ ســـەرپەرشـــتی ســـازدانی یەکەم کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەکات و هەر لەم کۆنگرەیەدا بە سکرتێری گشتی ئەو ڕێکخراوەیە هەڵدەبژێردرێ و هەر لە هەمان ساڵدا دەبێتە یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردســتان و ســاڵانی ١٩٥٣-١٩٥٥ دەبێتە سکرتێری گشتی لاوان. ساڵی ١٩٥٩، لە کۆلێژی یاسا لە بەغدا، خوێندنی باڵا تەواو دەکات.

[١] مەسـعود مەلا مسـتەفا بارزانی، سـەرۆکی ئێسـتای هەرێمی کوردسـتانە، لە هەڵبژاردنەکانی سـەرۆکایەتی و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستاندا کە ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩دا ئەنجامدرا، هەڵبژێردرایەوە بە سەرۆکی هەرێم بۆ خولێکی نوێ. مەسعود مەلا مستەفا بارزانی لە (١٦/٨/١٩٤٦) لە شاری مەهاباد لە کوردستانی ئێران، لە ژێر ئاڵای کوردســتان و لە ڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردســتان لە دایک بووە. لەســەردەمی تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کە یەکەم کیانی سەربەخۆی کوردی بووە .

پاش ڕووخانی کۆماری کوردســـتان لە ســـاڵی (١٩٤٧)، بنەماڵەی مەســـعود بارزانی لەگەڵ کۆمەڵێک لە پێشـمەرگەکان و بنەماڵەکانیان ناچار بوون بگەڕێنەوە کوردسـتانی عێراق و پاشـان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە هەموویان دوورخرانەوە بۆ شـــارەکانی خوارووی عێراق، بە تایبەتی (بەغدا و بەســـرە)، بەڵام مەلا مســـتەفا بارزانی باوکی مەسعود بارزانی ڕێبەری شۆرشی کورد لەگەڵ هەڤاڵانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت بەڕێکەوتن و تا ساڵی (١٩٥٨) لەوێ مانەوە .

مەسعود بارزانی بەهۆی هۆکاری سیاسی و پەیوەندی بە شۆرشی ئەیلول خوێندنی ناوەندی تەواو نەکرد و بەغدای بەجێهێشت و لە تەمەنی (١٦) ساڵی لە ساڵی (١٩٦٢) چەکی هەڵگرتووە و چۆتە ڕیزی پێشمەرگەی

کوردســتان و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە شـۆڕشــی کورد کە لە یانزدەی ئەیلولی (١٩٦١) بە ڕابەرایەتی مەلا مســتەفا بارزانی دەســتیپێکرد و تا ســاڵی (١٩٧٥) بەردەوام بوو. لە ژێر ڕێنمایی و پشــتگیری باوکی تێکەڵی خەباتی سیاسی بووە.

بارزانی ژیانی لاوێتی خۆی تەرخان کردبوو بۆ ئەو ئامانجەی کە پارتی دیموکراتی کوردســــتان بەرزی کردبووەوە، لە ساڵی (١٩٦١)، ئەویش دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی و پاشان فیدرالیزم بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا، ئەو خەباتێکی زۆری بۆ ئەم چارەسەرە واقیعیە کردووە. مەسعود بارزانی لە تەمەنی بیست ساڵیدا بە شێوەیەکی چڕوپڕ تێکەلی کاروباری سیاسی بووە و لە ساڵی (١٩٧٠) بەشداری ئەو تیمە کوردیە بووە کە گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتی عێراق کردووە لەســــەر ڕێککەوتنی ئۆتۆنۆمی. لە ساڵی (١٩٧١) لە کاتی سازدانی کۆنگرەی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سیفەتی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی هەڵبژێردراوە و پاشان بووە بە ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسی و ئەرکی بەرپرسی دەزگای ئەمنی گرتۆتە ئەســتۆ. پاش نســکۆی شـۆرشــی ئەیلوڵ لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان شــای ئێران و حکومەتی عێراقی لە ســـاڵی (١٩٧٥)، بە ڕێنمایی جەنابی مەلا مســـتەفای باوکی، مەســـعود بارزانی لەگەڵ ئیدریس بارزانی برای و ژمارەیەک لە هەڤاڵانی پێکەوە هەڵسان بە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی پێشمەرگە و دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتی بۆ پارتی دیموکراتی کورد ستان بۆ داکۆکیکردن لە کورد و کورد ستان. وە لە (٢٦/ گولانی/ ١٩٧٦) شۆرشی گولان دەستی پێکرد. لە ساڵی (١٩٧٦ تا ١٩٧٩) مەسعود بارزانی لەگەڵ باوکی لە ئەمریکا ژیاوە وە پاش رووخانی رژێمی شـــای ئێران، گەڕایەوە ئێران تا تەرتیباتی هاتنەوەی باوکی بۆ ئێران بکات، بەڵام ئەو ڕۆژەی کە بارزانی (١٩٧٩/٣/١) گەیشتەوە ئێران، باوکی لە واشنتۆن کۆچی دوایی کرد.

لەمانگی (١١ ی ١٩٧٩)، لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردســتان بە شــێوازێکی دیموکراســیانە بارزانی بە ســەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردسـتان هەڵبژێردرا. ڕۆڵی هەریەکە لە مەسـعود بارزانی و ئیدریس بارزانی برای، زۆر بەرچاو بووە لە ســالانی (١٩٨٠ تاوەکو ١٩٨٧) لە دامەزراندنی چەندین بەرەی ســیاســی لە عێراق و بە تایبەتی کە بەرەی کوردســـتانی دامەزرا لە چەندین ڕێکخراو و حزبە کوردســـتانیەکان. بارزانی و خێزانەکەی زۆر قوربانیان لە پێناو کێشــەی کورد داوە و لە دوای لە دایک بوونیەوە تا ١٢ ســاڵ باوکی خۆی نەبینیوە، کە لە دوورە وڵات لە یەکێتی سۆڤیەت دەژیا.

سیخوڕەکانی ڕژێم سێ برای بارزانیان تیرۆر کردەوە (٣٢) کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی بەرێزیان لەگەڵ ئەو (٨٠٠٠) بارزانی بوون کە ڕژێمی بەعس ئەنفالی کردن لە ســاڵی (١٩٨٣)، خودی جەنابی مەســعود بارزانی ئـامـانجی چەنـدین هەوڵی تیرۆر بووە بە تـایبەتی هەوڵی تیرۆر کردنی لە ڤیینـای پـایتەختی نەمســــا لە (١٩٧٩/١/٨).

ڕژێمە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق (١٦) جار گوندی (بارزان)نیان خاپوور کردووە، بەڕێز بارزانی کتێبێکی لەسەر ڕۆڵی مێژووی مستەفا بارزانی باوکی لە بزووتنەوەی نەتەوەی کورد لە ژێر ناوی (بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد) کە لە سێ بەرگ پێک هاتووە نووسیوە، لەگەڵ چەندین وتار و بابەتی سیاسی کە لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان بڵاوکراونەتەوە. پاش شەڕی هاوپەیمانان دژ بە عێراق، بەڕێز بارزانی هەماهەنگی بەرەی کوردستانی کرد و سەرکردایەتی راپەرینی ئاداری (١٩٩١) ی کوردەکانی کرد کە بووە هۆی ئازاد کردنی بەشێکی زۆری کوردستانی عێراق لە دەست ڕژێمی بەغدا. لە مانگی نیسانی (١٩٩١) گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا دەستی پێکرد و بارزانی بۆ چەندین مانگ سەرۆکایەتی شاندی کوردی کرد کە لە هەموو حزبەکانی بەرەی کوردستانی پێکهاتبوو. لە گفتوگۆکان بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتن بە هۆی ڕەتکردنەوەی داخوازیەکانی کورد کە بریتی بوون لە ئۆتۆنۆمی هەرێمایەتی و دیموکراتیزەکردن لەلایەن عێراقە. هەروەها لە کۆنگرەی (١٢)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٩) جارێکی تر مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە. مەسعود بارزانی لە ساڵانی نەوەدەکانەوە تا وەکو لە ناوچوونی ڕژێمی بەعس، بەشداری چەندین کۆنگرە و کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی کردووە. وەک کۆبوونەوەی واشنتۆن لە ساڵی (١٩٩٢) و پاشان لە (١٩٩٣) و لە کۆنگرەی سەلاحەدین (١٩٩٢) و کۆنگرەی لەندەن لە کانوونی یەکەمی (٢٠٠٢) و کۆنگرەی سەلاحەدین لە شوباتی٢٠٠٣ . بارزانی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە سەرجەم پێشهاتە سیاسیەکانی عێراقی نوێدا، پاشانیش لە دامەزراندنی ئەنجومەنی حوکمرانی عێراقی لە (٣١ی تەمموزی ٢٠٠٣)، کە تیایدا بووە ئەندام و دواتریش بووە سەرۆکی ئەنجومەنەکە. لە (١٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٥) بارزانی وەکو یەکەمین سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق هەڵبژێردرا. وەکو سەرۆکی هەرێم، سەردانی فەرمی چەند وڵاتێکی کردووە و چەند سەرۆکی وڵات و سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتانەی بینی، چاوپێکەوتنی ئەنجام دا لەگەڵ سەرۆک بۆش سەرۆکی ئەمەریکا لە (٢٥/١٠/٢٠٠٥) و تۆنی بلێر سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە (٣١/١٠/٢٠٠٥)و پاپای ڤاتیکان لە (١٤/١١/٢٠٠٥) و برلسکونی سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا لە (١٣/١١/٢٠٠٥) و شا عبدالله مەلیکی سعودیە لە (١٣/٣/٢٠٠٧) و شا عبدالله مەلیکی ئوردن لە١٩/٣/٢٠٠٧. وەکو سەرۆکی هەرێم چەند ئۆرگانێکی دامەزراندووە بۆ پتەوکردنی هاوپەیمانی لە نێو هێزە سیاسیەکانی کوردستان و باشترکردنی پرۆسەی بڕیاردان لە هەرێم :

لە ڕۆژی (٢٢ /١ /٢٠٠٧) ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کوردستان دامەزرا کە تیایدا سەرۆکی هەرێم سەرپەرشتی کۆبوونەوەکان ئەکات، و جێگری سەرۆکی هەرێم (کۆسرەت رەسول) لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی کوردستان و جێگرەکانیان و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم .

ب- ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان، کە کە سایەتی یەکەمی پارتە سیاسیەکان تیایدا ئەندامن، کە لەم حزبانەی خوارەوە پێکدێت: پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان،

پێشنیاری ئەوەم کرد کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا قونسولگەری گشتی خۆی لە هەولێر بکاتەوە. کورد زۆر بەپەرۆشەوە پێشوازیان لە "ئالآیەکی ئەمریکا" لە کوردستان کرد. پاش ئەوەی ســەدام ڕووخا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا قونســوڵگەری لە هەولێر کردەوە.

لە ماوەی گەشــتێکماندا بۆ باشــووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، کە زۆربەی دانیشــتوانی کوردن، من لە لایەن جەندەرمەکانی تورکیاوە دەسـبەسـەر کرام. پۆلیس لێکۆلینەوەیان لەگەڵدا کردم بۆ گەشتکردنم بەناو شارەکانی سلۆپی و ماردین و شارۆچکەکانی تر کە لە لایەن ســـەربازەوە کۆنترۆڵ کرابوو. ئەوان دەیانویســـت بزانن کە ئەگەر پەیوەندیم لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردســـتانەوە هەبووبێت. هەر لەم شـــەوەدا، چاوم کەوت بە یەکێتی مافی مرۆڤی دیاربەکر لە قاوەخانەی کاروانسەرای لە شەقامی ئاوریشمی دێرین. ئەوان وەســـفی گرتن و ئازار و کردەوەی ناشـــرینی هێزە ئەمنیەکانی تورکییان کرد بەرامبەر خەڵکی کورد. هەر زوو، ئەو گێڕانەوانە بوون بەڕاستی. جەندرمەکان لە دەرەوە چاوەڕوان بوون و ئەندامانی یەکێتیەکەیان ڕاپێچی ناو ئوتۆمبێلی پۆلیس کرد. سـەرۆکی گەورەی شـارەوانی دیاربەکر بە چاوێکی بێ بایەخەوە بەڵێنی دا کە سـەیری مەسـەلەکە بکات، لە ســاردوســڕی ئەودا دیار بوو کە نەیدەویســت هیچ هەنگاوێکی کردەیی بگرێتە بەر.

مارک گرۆسمان، باڵیۆزی ئەمریکا لە تورکیا، منی بە دکتۆر دۆغو ئەرگیل ناساند، کە ســەرۆکی بەشــی زانســتە ســیاســیەکان بوو لە زانکۆی میریی ئەنقەرە. ئەرگیل لەو کاتانەدا لێکۆلینەوەیەکی کۆمەڵناســـی تەواو کردبوو کە هیچوپوچی کارەکتەری کورد

---

کۆمەڵەی ئیسـلامی کوردسـتان. سـەرۆک بارزانی شـەیدای خوێندنەوەیە بە تایبەتیش حەز بە خوێندنەوەی کتێبی مێژوویی و سـیاسـی و سـەربازی دەکات وە هەروەها زۆر حەزیش لە وەرزش دەکات .مەسـعود بارزانی سـاڵی (١٩٦٥) هاوسـەرگیری کردووە و خاوەنی هەشـت منداڵە. بارزانی شـارەزایی تەواوی لە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی هەیە، هەروەها شارەزایی لە زمانی ئینگلیزی هەیە و قسەی پێدەکات.

وەک جوداخواز و شـــۆڕشـــگێڕ پێناســـە دەکرد. زۆرینەی ڕەهای کورد توندتیژیەکانی پەکەکەی ڕەت دەکردەوە، پێیـان بـاش بوو ئـامـانجەکـانیـان بزانن لە ڕێگـای بە دیموکراتیزەکردنە بەردەوامەکەی تورکیا و یەککگرتنی لەگەڵ یۆرۆ-ئەتلانتیک. ئەرگیل دەیویســـــت لە ڕێگای پرۆژەی دیالۆگ و یەکگرتنەوە مەبەســـــتەکەی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئێمە چەندی کۆبونەوەمان لە نێوان کەسە دیارەکانی کورد و تورک لە قەڵایەکی فەرەنســا، ڤێلایەکی کەنار دەریایی لە ســویســرا، کلێســایەک لە بەلجیکا، ڕێکخست. هەردوولا پەیمانێکیان نووسی، بەیەکەوە بەناو لاپەڕەکانی مێژوودا چوون، کە داوای مافی سیاسی و فەرهەنگی و پێشکەوتنی ئابووریی دەکرد.

تورکیا بەهۆی ئەو ئابڵوقەیەی کە لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە کە بەســـەر عێراقدا سەپێنرابوو لە دوای جەنگی کەنداوەوە، دەینالاند. هەروەها، ئەوەش کێشە بوو کە پێشکەوتنەکانی کوردستانی عێراق هانی ناسەقامگیری لە نێوان کوردەکان بدات لە تورکیا. ئەنقەرە نە پشتگیری سەدامی کرد و نە هاوکاری دەرەکیشی پێشکەش کرد کە بڕوخێت، چونکە سەرکردەکانی تورک لەوە دەترسان ببێتە هۆی نائارامی لە ناوچەکەدا.

ڕوخاندنی سەدام ئەرکی هەرە لە پێشینەی سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش[1] بوو پاش هێرشەکانی یانزەی ئەیلول. ویلیام ج. بێرنس، سکرتێری یاریدەدەر دەرەوە بۆ کاروباری

---

[1] جۆرج دەبلیو بوش یان جۆرج واکەر بۆش لەدایک بووی ٦ی جوولای ســـاڵی ١٩٤٦ ، ناوبراو بازرگان و کاندیدی پارتی کۆماری ئەمریکا بووە وە چل و سـێهەمین سـەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە لە نێوان٢٠ی کانوونی دووەم ی ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩

جۆرج بوش بەر لەوەی بچێتە ناو جیهانی ســـیاســـەتەوە بازرگان بوە و چەندین کۆمپانیای نەوتی بەڕێوەبردووە، لە ســاڵی ١٩٨٩ بۆ ١٩٩٨ یەکێک بووە لە خاوەنی یانەکانی تەکســاس رەنجەر بۆ یاری بەیس بۆڵ، لە ســـاڵی ١٩٩٥ بۆ ســـاڵی ٢٠٠٠ حاکمی تەکســـاس بووە. لە بنەماڵەکەی جۆرج بوشـــدا چەند ســـیاســـەتمەدارێکی ناودار بەدەرکەوتوون، لەوانەش جۆرج هربرت واکەر بوشـــی باوکی کە ماوەی ٤ ســـاڵ سەرۆکی ئەمریکا بووە (جیب بوش)ی براشی حاکمی ویلایەتی فلۆریدایە و برسکت بوشی باپیریشی ئەندامی

ڕۆژهەڵاتی نزیک، هانیدام کە بەژدار بم لە گواســـتنەوە ســـیاســـەتی عێراقیدا. قوباد تاڵەبانی، نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە واشنتۆن، لە تەمموزی ساڵی ٢٠٠٢ سەردانەکەمی بۆ کوردستانی عێراق سازکرد. من بەرەو قامیشلی گەشتم کرد، شارێکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ســـوریا. لە خانویەکی لە بلۆک دروســـتکراودا لە ســـەر ڕووباری دیجلە، کارمەندێکی دەوڵەتی ســـوریا چای بۆ هێنام و بەڵگە پێویســـتەکانمی پشـــکنی بۆ دەربازبوون لە ســـــوریاوە بەرەو عێراق. ئەوە بەس بوو کە ناو و ژمارەی پـاســـپۆرتەکەم بەدەســـــت لە تۆمـارەکەیـدا نووســـــرابوون. قوبـاد کۆدێکی چوار ژمارەیی (٣٤٦٢) دابوو. ئەو فەرمانبەرە پشـــکنینی کرد کە بزانێت کۆدەکە وەک ئەوەیە کە لە تۆمارەکەی نووســـراوە و پاشـــان بەڵگەنامەی پێوســـتی پەڕینەوە لە ســـنووری نووسی.

بەپەڕینەوە لە فورات بە بەلەمێکی ماسیگرتن، توانیم لەو بەری ڕووبارەکەوە ئاڵای کوردی ببینم کە لەسەری نووسرابوو: "بەخێربێن بۆ کوردستانی عێراق". چاودێرەکەمان پەلەی بوو بۆ چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مەســـعود بارزانی. کوردەکان پلانی گەشـــەکردنی حوکمڕانی داهاتوویان بۆ عێراق دادەنا. لە ڕەشـنوســـەکەیاندا پێناســـەی "ســـەربەخۆیی خۆجێی" کرابوو. لەو ڕەشـــــنووســـــەدا عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی لەگەڵ کۆنترۆلی ئاســـاییشـــی ناوخۆیی و ســـەرچاوە ســـروشـــتیەکان دیاری کردبوو. حکومەتی ناوەندی دەســـەڵاتێکی ســـنووورداری دانا بۆ ئاســـاییشـــی ســـنوور و ســـیاســـەتی گەنجینەیی. ڕەشنووسەکە تەنیا پشوویەکی کورت بوو لە سەر ڕێگای گەیشتن بە سەربەخۆیی.

---

ئەنجومەنی پیران بووە. جۆرج بوش لە ســـاڵی ١٩٧٧ دا ژیانی هاوســـەری لەگەڵ خانمی یەکەمی وڵات لۆرا بۆشدا پێکهێناوە، خاتو لۆرا لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٦ لە میلاندی سەر بە ویلایەتی تەکساس لە دایک بووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی پەروەدەدا لە زانکۆی ساسرن میسۆدیست بەدەست هێناوە و لەساڵی ١٩٧٣شدا بڕوانامەی ماستەری لە بواری زانستی کتێبخانەدا لە زانکۆی تەکساس لە شاری ئۆستن وەرگرتووە و خاوەنی دوو منداڵی کچن بە ناوەکانی باربارا و جەنا.

من، بێرنس و باڵیۆز ڕایان کرۆکەرم لە واشـــــنتۆن ئاگادار کردەوە. کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیـک منیـان نـاچـارکرد کە بەژداری پڕۆژەی داهـاتووی عێراق بکەم، وەک هەوڵدانێک بۆ تێکۆشان لە بەژداریکردنی سەدان عێراقی لە پلانی عێراقی دوای سەدام. کرۆکەر، کە لە ساڵی ۲۰۰۷ تا ۲۰۰۹ باڵیۆزی ئەمریکا بوو لە عێراق، لێپرسراوی یەکەمی کاروباری ســــیاســـــەت بوو لەو وڵاتە. ئەو داوای لێکردم کە هاوکاری پرەنســـیپەکانی دیموکراتی بەیەکەوە کـارکردن بکەم، کە عێراقیەکـان نـاویـان نـابوو "دایکی هەموو گرووپەکانی کارکردن". ئەم پرەنسیپە لە پڕ کێشەترین مەسەلەکانی دەڕوانی، مەسەلەی وەک: هاوبەشی کردن لە دەسەڵات، خاوەنداریەتی سەرچاوەکان، ئاسایشی ناوخۆیی، ئایین، هەروەها بارودۆخی کەرکوک، کە شـــارێکی دەوڵەمەندە بە نەوت لە لایەن کورد، عەرەب و تورکمانەوە ململانێی لە سەر دەکرێت.

دەوڵەتانی دراوســێ کاریگەرییان هەبوو لە ســەر عێراق. لە ســاڵی ۲۰۰۵، جەواد زەریف، نوێنەری هەمیشەیی ئێران لە نەتەوە یەکگرتوەکان، بانگهێشتی کردم بۆ ئەوەی وتارێک بدەم لە پەیمانگای لێکۆلینەوەی سیاسی و نێودەوڵەتی، کە تیایدا شـارەزایانی ڕاوێژکاری لە تەهران ئامادە بوون. من بە شـێوەیەکی تایبەت چاوم کەوت بە بەرپرسـە ئێرانیەکان، ڕۆشـنبیران و هەندێک ئێرانی تر کە لە گواسـتنەوەی سـیسـتەمی سـیاسـی دوای ســــەدام کاریان دەکرد. کارمەندانی دەزگای هەواڵگری ئێرانیی لە ڤیلاکانیان میوانـداریـان کردم بۆ گفتوگۆ کردن لە ســــەر داهـاتووی عێراق. من بۆچوونی خۆم سەبارەت بە ڕۆڵی کورد لە ئێران و عێراق خستەڕوو، پێشنیاری بەرژەوەندی هاوبەشم لە نێوان ئەمریکا و ئێران کرد.

هەروەها بەرەوپێشڤەچونەکانی تورکیاش کاریگەریەکی گرنگی لە سەر کوردستانی عێراق هەبوو. ڕاپۆرتەکەم لەژێر ناونیشـانی "چەک دانان و لابردنی سـەربازیی ناچاری و ئاشــتەوایی پارتی کرێکارانی کوردســتان" کە لە تشــرینی یەکەمی ۲۰۰۷ بڵاوبوەوە.(۱) گفتوگۆیەک لە نێوان تورک و کوردەکانی عێراق بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێکی تر،

"بنیاتنانی متمانە لە نێوان تورک و کوردەکانی عێراق". لە مانگی ئابی ٢٠٠٩، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا چەندین کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی یەک لە دوای یەکدا ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانیان تاوانبار کرد بە پیلان دانان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ ئاساییکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ کوردستانی عێراقدا. بۆ دورکەوتنەوە لە لە ناوبانگی نەویستراو، هەوڵمدا سەرنجی ڕای گشتی ڕانەکێشم لەو کاتەی بۆچوونی خۆم لە میدیا تورکی و نێودەوڵەتیەکان، و قسەکردن لە یانەی ڕۆژنامەوانی نەتەوەیی و پەرلەمانی ئەوروپا و گەواهیدانی خانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکی دەربارەی کاروباری دەرەوەدا، دەخستەڕوو.

سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆیی لە سوریا ئاگادارکردنەوەیەک بوو بۆ کەوتنەخۆ. کورد لە سوریا لە لایەن حکومەت و لایەنگرانی بیری قاعیدەوە کرانە ئامانج. کوردەکان شوێنێکی سەلامەتیان لە ڕۆژاڤادا دۆزیەوە، کە شوێنەکە زۆربەی دانیشتوانی کوردن و دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا و سوریا. وەزارەتی دەرەوە لە تێکۆشانێکی ڕاستەقینەدا بوو بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا. لە پرۆسەیەکی دوو هەنگاویدا: کۆکردنەوە کوردەکان لە سوریا بۆ گفتوگۆکردنی ڕێکخستنەکانی حوکمڕانی، دواتر فراوانکردنی بازنەکە بۆ هێنانە ناوەوەی کەمایەتیەکانی تر. نزیکەی چل کوردی سوری بەژداریان کرد لە کۆنفرانسی پاریس سەبارەت بە سوریای دوای ئەسەد لە ئازاری ٢٠١٣دا. بەژداربوان باسی دڕندەیی ڕژێمیان کرد: کوشتنی هەڕەمەکی، موشەکی سکۆد، وە هێرشە ئاسمانیەکان. ئەوان باسی ئەو فشارەیان کرد کە لە لایەن جیهادیی و شەڕکەرە بیانیەکانەوە لە سەریان بوو. بەژداربوان دەربارەی ڕۆڵی ئەمریکا گلەییان کرد، لە سەر ئەوە سوور بوون کە ناچالاکی ئەمریکا ڕێگا خۆشکەر بووە بۆ توندڕەوەکان کە شۆڕشەکە بڕفێنن.

هەرچەندە پەیەدە پێشڕەوی گروپە کوردیەکانی سوریای دەکرد، بەڵام نوێنەرەکانیان لە کۆنفرانسی پاریس دوورخرانەوە. ئەرکی خەرجی ئەو کۆبوونەوەیە لە

لایەن حکومەتی ئەمریکـاوە دابین کرابوو. هەرچەنـدە پەیەدە لەڕووی ئـایـدۆلۆژیەوە پەیوەسـت بوو بە پەکەکەوە، بەڵام لە لیسـتی ڕێکخراوی تیرۆریسـتی بیانیدا نەبوو. بڕیاری دەرکردنی پەیەدە زیاتر سیاسیی بوو نەوەک یاسایی.

هەروەهـا پەیەدە لە گفتوگۆی ئـاشـتی جنێڤیش لە کـانونی دووەم ٢٠١٤ دوورخرایەوە. من سـاڵح موسـلیمی سـەرۆکی پەیەدەم بانگهێشـت کرد بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکـانی ئەمریکـا، بەڵام نەیتوانی ڤیزا وەربگرێـت. تەنـانەت ئەگەر دەزگـای هەواڵگری ئەمریکا ڕازیش بوایە، دەبوایە واشنتۆن نیشانەی سەوزی لە حکومەتی تورکیا بۆ پێکرابوایە. پێدانی مافی ڤیتۆی سـیاسـەتی ئەمریکا بۆ ئەنقەرە کوورتبین بوو، لاوازکردنی سیاسەتی سەقامگیری گشتی بوو لە سوریا.

کوردەکان لە دووڕیانێکی مێژووییدان. ئەم پەرتوکە بەسەرهاتەکەیان بەیان دەکات. چەندین زانا و شـارەزای پڕ زانیاری دەربارەی کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت بوونیان هەیە. سـەرەڕای ئەوەش، ژمارەیەکی کەمیان وەک من ئەو ماوە درێژەیان لە مەسـەلەی کوردیدا سـەرف کردوە. کەمیان وەک من ئەزموونی کارکردنیان هەیە لەگەڵ کورد لەو وڵاتانەی ئەوان تیایدا دەژین و لە ڕووی بینینی چەندین دیدگای جیاواز سـەبارەت بە مەسـەلەی کورد. کەمیان وەک من بە پیشـەی پسـپۆڕ و چالاکوان و سـیاسـەتڤان بەژداربوون. لاپەڕەکانی ئەم پەرتووکە باسـی چیرۆکێکی هیوابەخش لە پێشـکەوتن، لەگەڵ کوردەکان بۆ ناسینی ماف و خواستە لە مێژینە نەتەوەییەکانیان، دەکات.

دەیڤید ل. فلیپس/ تشرینی یەکەمی ٢٠١٤

## سەرچاوە

Philips, David L. “Disarming, Demobilizing and Reintegrating the Kurdistan Workers Party.” *National Committee on America Foreign Policy.* N.p., n.d. Web. 16 Feb. 2014. <http://www.ncafp.org/report-on--disarming-demobilizing-and-reintegrating-the-kurdistan-workers-party/>.

# پێشەکی

کورد گەورەترین نەتەوەیە لە جیهاندا کە خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبێت. نزیکەی ٣٢ ملیۆن کورد لەو شوێنە دەژیت کە ناوی کوردستانە، کوردستان شوێنێکی جوگرافیە کە پێک دێت لە تورکیا (کوردستانی باکوور)، عێراق (کوردستانی باشوور، سوریا (کوردستانی ڕۆژئاوا)، وە ئێران (کوردستان ڕۆژهەڵات). کورد لە لایەن هێزە گەورەکانی ڕۆژئاواوە لە سەدەی بەستەم دابەش کراو و لە لایەن عەرەب، عوسمانی و فارسەکانی چەوسێنراونەتەوە. بەگوێرەی پەندێکی پێشینانی کوردی کە دەڵێت، "کوردەکان هیچ دۆستێکیان نیە جگە لە چیاکان." لەگەڵ ئەمەشدا کوردەکان ئەمڕۆ لە خەڵکێکی چەوسێنراوەوە گەشەیان کردووە بۆ کۆمەڵەیەکی سیاسی یەکگرتوو بە خواستی درێژخایەنی نەتەوەییەوە.

'*بەهاری کوردی*' پەرتوکێکی مێژوویی سیاسی هاوچەرخە، باس لە هەوڵ و تێکۆشانەکانی کورد دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان. مێژووی ناپاکی و چەوسانەوەکانی سەدەی بیستەم تۆمار دەکات. ساڵانی هەشتاکان ناخۆشترین سات بوون بۆ کورد. لە عێراق، سەدام حسێن چەکی کیمیاوی بەکارهێنا کە تا ( ١٨٢, ٠٠٠) کوردی عێراقی کوشت، کە تیایدا (٥, ٠٠٠)یان لە هەڵەبجە تەنیا لە یەک ڕۆژدا؛ (٤, ٥٠٠) گوندی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ و ١٩٨٨ بەهۆی شاڵاوی ئەنفالەوە خاپور کران.(١) لە تورکیا، لە ساڵی ١٩٨٨ەوە بەهۆی ململانێی حکومەت و پەکەکە (٤٠, ٠٠٠) کەس مردوون. توندوتیژی حکومەت زیاتر لە یەک ملیۆن کەسی بێ ماڵ و حاڵ کرد، بەڵام سەرنەکەوت لە شکست پێهێنانی پشتیوانییان بۆ پەکەکە. لە سوریا، نکۆڵی لە ناسنامەی کورد دەکرا، سزا دەدران بەهۆی نیشاندانی ناسنامەی

کوردایەتیـــان. کوردەکـــانی ئێران، وەک زۆربەی ئێرانیەکـــان، کـــپ دەکران و مـــافە بنچینەییەکانی کەمینە نکۆڵیان لێ دەکرا.

کورد گەڕایەوە ناو گۆڕەپانی بەدەســـت هێنانەوەی مافەکانی. دوای جەنگی کەنداو، ئۆپەراســـیۆنەکانی ئەمریکا بە ســـەرکەوتوویی کوردەکانی عێراق پاراســـت و بارودۆخی گەڕاندەوە و حوکمی زاتیان بۆ فەراهەم کرد. کوردســـــتانی عێراق بوو بە دورگەیەکی سەقامگیری، بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق کە تیایدا توندوتیژی و تایفەگەریی بۆتە بەڵایەکی مەزن. لە ســـەرەتای ٢٠١٢ەوە، تورکیا و حکومەت هەرێمی کوردســـتان هاوبە شیی ستراتیژیان گە شە پێداوە لە سەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبە شی ئابووری و وزە. نزیکبوونەوەکە یان بۆتە هۆی جولاندنی گفتوگۆی گەورەتری ســـیاســـی مافە فەرهەنگیەکان بۆ کورد لە تورکیادا. پەیەدە، کە پارتی دەسەڵاتداری کوردیە لە سوریا، هەوڵیدا کوردەکان بپارێزێت لە جەنگی ناوخۆیی ســـوریا. پەیەدە لە ڕۆژئاڤا ئۆتۆنۆمی ڕاگەیاند، کە لە ســنوورەکانی هەرێمی کۆبانێ، جزیرە و عەفرین پێکهاتبوو. هەروەها لە ئێرانیش پێشکەوتن ڕوودەدات. سەرۆک حەسەن ڕۆحانی سەبارەت بە مافی کەمینەکان دوا و بیرۆکەی ڕێگە پێدانی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا خســـتەڕوو. گفتوگۆ ســـەرکەوتوەکان ســـەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمیەکانی ئێران دەتوانێت ســـوودی هەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی بە دیموکراتی کردنی ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کەمینەکان.

کوردســـــتانی عێراق لە چەقی ڕووداوەکانی ناوچەکەدایە. قەڵایەکی زۆر گرنگە لە دژی داعش، کە یەک لە ســـــەر ســـێی خاکی عێراقی داگیرکردوە، بەچەند بەشـــێکی کوردســتانیشــەوە، خەلافەتی ڕاگەیاند و دەوڵەتێکی ترسـناکی هێناوەتە ئاراوە.[1] تورکیا

[1] لە کاتی نوسینی ئەم پەرتوکە هێشتا چەند ناوچەیەکی خاکی کوردستان لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدا بوون. بە پێی وتەکانی مەسـعود بارزانی سـەرۆکی هەرێمی کوردســتان، کە لە ئاهەنگی کۆتایی هاتنی خولی ١٩ دەرچوانی کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردســتان لە هەولێر لە بەرواری ١٠ ئازاری ٢٠١٦دا، پێشـکەشـی کرد، ڕایگەیاند: 'نزیکەی ٢٧ هەزار کیلۆمەتر دووجا لە تیرۆرستانی داعش پاک کراوەتەوە'.(وەرگێڕ)

دانی بەوەدا ناوە کە بەرژەوەندیەکانی لە ڕێگای هاوبەشـــیەکی ســـتراتیژیەوە خزمەت دەکرێت، کە خۆی لە ناردنی غاز و نەوت بە ناو خاکی تورکیادا بۆ بازاڕەکانی جیهان دەبینێتەوە، ســـەرەڕای ڕەفتارکردن وەک بەربەســـتێکی ئارامیی بێ لایەن لە دژی توندوتیژی تایەفەگەری لە عێراق. هەرچۆنێک بێت، تورکیا ســەلماندی کە هاوبەشـێکی هەڵەیە.

مێژوو دەنوســـرێتەوە، بەڵام ئەنجامەکەی نادیارە. لەلایەک ســـەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق سەقامگیری و دیموکراتی و پێشکەوتن و بەرزبونەوەی بەهای وزەی گەورەتر لە ناوچەکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لە لایەکی تریشـــەوە ناســـەقامگیری و توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت. هەروەک لە هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستانی عێراق لە حوزەیرانی ٢٠١٤دا سەلمێنرا کە ڕێگای داهاتوو پڕە لە مەترسی و دەرفەت.

## نەتەوە، فەرهەنگ و زمان

هیچ سەرژمێریەکی تەواو بۆ کورد لەبەردەستدا نیە. ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان هەڵگری دابونەریتی کۆچەریی و خێڵەکین لە ناوچە دوورە دەستە سەختەکاندا. وا دەخەمڵێنرێت کە (٥ ,٢٢) کورد لە تورکیا دەژین.[٢] (٨-١٠) ملیۆنی تر لە ئێران، (٥ ,٤)لە عێراق، وە (٥ ,٢) لە سوریا.[٣] پەنابەری کورد لە ئەوروپا (زیاتر لە دوو ملیۆن) و ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەت و ئەرمینیا جۆرجیا (زیاتر لە ملیۆنێک و نیو) کوردی تیادایە.

ڕێککەوتننامەی مۆنتیڤیدۆ لە ساڵی ١٩٣٣ تایبەتمەندی پێویستی بۆ دەوڵەتبوون چەسپاند: دانیشتوانێکی هەمیشەیی، سنورێکی دیاریکراو، حکومەتێک، وە توانایی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی تردا. هەرچەندە کورد هەندێک لەم تایبەتمەندیانەی تێدایە، بەڵام هێشتا بە هێڵی خێڵەکیەوە ڕێکخراون. ئایدیۆلۆژیای خزمایەتی، بایەخدان بە خێڵ، وابەستەبوون بە زمان و جیاوازی ئایینی، ناسنامەی کورد پێناسە دەکات.

کوردە دیندارەکان بنەڕەتیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنەڕالی ئیسلامی خالیدی کوڕی وەلید، یەکێک بوو لە هاوەڵانی موحەمەدی پەیامبەری ئیسلام،[٤] کە عێراق و سوریای لە سەدەی حەوت فەتح کرد. هەروەها کوردیش وەچەیان دەچێتەوە سەر سەلاحەددین، یەکەم سوڵتانی میسر و سوریا، کە شاری قودسی فەتح کرد لە کاتی دووەم جەنگی خاچپەرستاندا و وە ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ شا ڕیچارد (دڵی شێر)دا کرد کە ڕێگای بە موسڵمانان دا کۆنترۆڵی شارە پیرۆزەکە بکەن.[٥] لە مێژوودا

نوسـراوه، "سـەلاحەددین سـەرکەوت وە بوو بە پاڵەوانێکی عەرەبی، ئەگەر سـەلاحەدین جەنگەکەی دۆڕاندبوایە دەبوو بە سیخوڕێکی کوردی".(٦)

مەلا موســـتەفا بارزانی کەســـایەتیەکی دیار بوو لە یەکێتی کوردان کە پارتی دیموکراتی کوردســـتانی دامەزراند و وەک فەرماندەیەک لە کۆماری کوردی مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ سـەیر دەکرێت. ئەو وەک کەسـایەتی هاوچەرخی سـەلاحەددین ئەیوبی لە قەلەم دەدرێت. وەک سـەرکردەیەکی سـەربازیی، مەلا موسـتەفا بارزانی کوردەکانی لە ڕژێمەکانی عێراق و ئێران تا کۆتایی هاتنی ژیانی لە ســالی ١٩٧٩، پاراســـت. خێڵی جاف، کە گەورەترین خێڵن لە ناو کوردی باشـــووردا، لە ناوچەی زاگرۆســـدا دەژین لە نێوان عێراق و ئێران، وە تا دووری باشووری شاری سلێمانی گەیشتوون. بەناوبانگترین کەســـایەتیان بریتییە لە عەدلا خان کە لە لای بەریتانیەکان بە "شـــاژنی ئازاکان" ناســـرابوو. ئەو ئافرەتە حوکمی ناوچەیەکی لە نزیک هەڵەبجە لە ســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەمدا دەکرد. بنەماڵەی تاڵەبانی لە بنچینەدا خەڵکی کەرکوکن و وە کۆچیان کردۆتە شـاری کۆیە. ناوەکەی لە ڕەزا تاڵەبانیەوە وەرگیراوە کە شـاعیرێکی بەناوبانگی خەڵکی سلێمانی بوو.

جەلال تاڵەبانی لە پارتی دیموکراتی کوردستان جیابوەوە و لە ساڵی ١٩٧٥ یەکێتی نیشـــتیمانی کوردســـتانی دامەزراند. جیاوازی بیروڕا لە نێوان پارتی و لایەنگرە دڵسۆزەکانی یەکێتیدا بوونی هەیە. لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر داخراو و پارێزکارن، لەگەڵ مەیلی خاوەن موڵکی ئەریســـتۆکراتی. پشـــتیوانانی یەکێتی زیاتر شارستانی و جیهانبینن (کۆسمۆپۆلیت). هەولێر، مەڵبەندی پ د ک، شارێکی ڕێک و پڕ لە جموجۆڵە. ســـلێمانی زیاتر شـــارێکی ئازاد و هەمەجۆرە. بزوتنەوەی گۆڕان لەم دواییانەدا بۆ چاکسـازی سـیاسـی لە کوردسـتانی عێراق دروسـت بوو، جیاوازیەکان لە فەرهەنگی سیاسی کوردی دەخاتەڕوو.

زمان کوردەکان لە یەکتر جیادەکاتەوە. کرمانجی بە سەر باکوور و ڕۆژئاوای کوردستاندا زاڵە، لەو کاتەی سۆرانی لە باشوور و ڕۆژهەڵات قسەی پێ دەکرێت. ئەم دوانە زاراوەی سەرەکین، زازا و گۆرانی زاراوەی ناوخۆیین. زازا لە لایەن کەمینەیەکی دورەپەرێزی باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسەی پێ دەکرێت. گۆرانی، و زاراوە –لاوەکیەکانی- لەک و هەورامی- لە قولایەکانی کوردستانی باشوور قسەیان پێدەکرێت. کرمانجی باشوور و گۆرانی ئەلفبێی فارسی بەکار دەهێنن، لەوکاتەی کرمانجی باکوور ئەلفبێی لاتینی بەکار دەهێنن. زمانی کوردی سەر بە خێزانی هیندۆ- ئەوروپیە وە جیاوازە لە عەرەبی، زیاتر لە فارسیەوە نزیکە.

لە ڕووی ئایینیشەوە، لە (٪٧٥)ی کورد موسڵمانی سوننەن. زۆربەیان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە میانڕەو و لایەنگری ڕۆژئاوان، جگە لە کۆمەڵەیەکی کەم لە کوردە سوننە ئیسلامیەکان کە لە چیا بەرزەکانی سەرووی هەڵەبجە لە کوردستانی عێراقدا دەژین. ئەوان یەکێتی زانایانی ئیسلامیان دروست کرد، کە بە شێوەیەکی تەدریجی بوو بە بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا پارتی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەماندا خاوەن کورسین، تەنیا لە (٪٥)ی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامیدان.(٧) هاوسەنگی هێزی کورد لە شیعە و عەلەوی و سۆفی و ئێزدی و مەسیحی پێکدەهێت. نزیکەی لە (٪٣٠) ئەو ١٠ملیۆن دانیشتوانی کورد لە ئێران شیعە مەزهەبن، ئەم ڕێژەیە وەک زۆرینەی ئێرانە. شیعەکان بە زۆری خەڵکی کرمانشان و بیجار و ئیلام و خوراسانن. عەلەویەکان گروپێک لە ناو ئیسلامی شیعە پێک دەهێنن. سۆفیگەریە شاراوەکەیان بە باوەڕی زەردەشتیەوە نوساوە. زۆربەی کوردە عەلەویەکان خەڵکی دەرسیمن لە ناوچەی تونجەلی تورکیا. هەروەها چەند گوندێکی عەلەوی هەیە درێژدەبنەوە لە بینگۆل بۆ موش و ڤاتۆ و قارس لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا. کوردە ئێزدیەکان بە زۆری سەر بە ئایینی زەردەشتین و مەیلێکی سۆفیگەری شاراوەیان هەیە.(٨) نزیکەی نیو ملیۆن کوردی ئێزدی لە سنووری پارێزگای نەینەوا و بەرامبەر سنووری تورکیادا

دەژین. ژمارەیەکی کەمی کوردی مەسـیحی لە ئەرمینیا نیشـتەجێن وە سـەربە کلێسـای ئۆرثۆدۆکســـی هەیە. هەندێک کوردی مەســیحی لەو گوندانەدا دەژین کە هاوســنوورن لەگەڵ کۆمەڵگای مەســـیحی ئۆرثۆدۆکســـی. وە کۆمەڵگایەکی کۆنی جوولەکەش لە کوردســتاندا بوونیان هەبوو، کە پەرســتگایان لە هەولێر و کۆیە و ســلێمانی و زاخۆدا هەبوو[1].

کورد مێژوویەکی درێژی هەیە لەگەڵ پێکەوەژیان کە هەر یەکیان بنەڕەتی جیاوازە. چەندین جیاوازی لە کوردسـتان هەن، بەڵام لە کاتی تەنگانە و هێرشـدا هەموویان دەبن بە یەک بۆ بەرگری کردن لەو خاکە.

[1] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە پەرتووکی 'جوولەکەکانی کوردســـتان، مێژووی ژیان و پەیوەندیان لەگەڵ ئاغا کوردەکاندا'. نووسینی 'مۆردیخای زاکین' لە وەرگێڕانی 'سیروان حسێن بیەیی'. دەزگای ئاوێر(٢٠١٥)

## خاك

زنجيره چياكانى زاگرۆس بربڕەى پشتى كورد ستانه. گوندى كوردى ده شته فراوانەكانى ڕازاندۆتەوه، كه بەرەبەره گۆڕا بۆ گردى لوول و دەشـــتەكانى ميزۆپۆتاميا. كوردســـتان خـاوەنى نۆ چيـاى گرنگه. بەرزترين لوتكەى بريتيه له چيـاى ئەڵوەنـد له ئێران به بەرزى (٣, ٥٨٠) مەتر. چياى هەڵگۆرد له عێراق بەرزيەكەى (٣, ٧٣٤) مەتره، مەنزور له ســـوريا بەرزيەكەى (٣, ٨٤٠) مەتره، چياى ئارارات له توركيا بەرزيەكەى (٥, ١٦٥) مەتره.(٩) ڕووبەرى گشـــتى كوردســـتان (٥٩٥, ٧٠٠)كيلۆمەترى چوارگۆشـــەيه، كه به نزيكەيى يەكســـانه به قەبارەى ســـنوورى فەڕەنســـا.(١٠) ئەتوانين بڵێين كوردەكان خەڵكانێكى شاخاوين.

كەشـوهەوا له شـوێنێكەوه بۆ شـوێنێكى تر دەگۆڕێت: له زسـتاندا سـەرمايەكى سـەخت و له هاوينيشـدا گەرمايەكى توون‌د. بەفر فۆرمى سـەرەكى دياريكردنى ڕێژەى باران بارينه له كوردستان. ڕێژەى مام ناوەندى بارانبارينى ساڵانه بريتيه له ( ١٥٠-٢٠٠) سم له چەقى ناوچه شاخاويەكاندا و(٥٠-١٠٠) سم له دەشتەكاندا. بەفرى تواوه دەڕژێته ناو ڕوبارەكان.(١١) ڕووبارى فورات، كه له توركياوه هەڵدەقوڵێت، به ڕووبارى زاپى گەوره و زاپى بچووك بەرزدەبێتەوه، و ڕووبارى عوزەيم پێش ئەوه له كۆتاييدا بگاتەوه ڕووبارى فورات.(١٢) هەروەها فورات له توركيا هەڵدەقوڵێت و پاشان دەچێته سوريا، كه لەوێدا لەگەڵ ڕووبارەكانى باليخ و خابور يەك دەگرنەوه، دەپەڕنەوه ناو باكوورى ڕۆژئاواى عێراق، بەناو گەليەكى جوانى لولەيدا، وه دەچێته ناو ديجله، و شەت ئەلعەرەب له كەنداوى فارس پێكدەهێنن.

ڕووبارەکان بۆ ئاودێریی و بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی بەکاردێن. هەروەها ئاوی دەریـاچەکـانیش دابین دەکەن، وەک دەریـاچەی دوکـان لە عێراق، ئورمیە لە ئێران، دەریاچەی وان لە تورکیا. ئەم دەریاچانە شـــوێنی گەشــــتیارین بۆ ئەو عەرەبانەی لە گەرمای دە شتەکانی میزۆپۆتامیا ڕادەکەن. کورد ستانی عێراق زۆر بە خە ستی داروباری تیادابوو پێش ئەوەی سەدام حسێن ئەو ناوچەیە وەک بەشێک لە سیاسەتی سووتاندنی زەوی بەرامبەر کوردەکان پەیڕەو بکات. حکومەتی هەرێمی کوردســتان لە دوای ســاڵی ١٩٩٢ چەندین نەمامی چاند، دووبارە دەســـتی کرد بە بوژاندنەوەی دارســـتانەکان لە ناوچەکە بۆ گەڕاندنەوەی جوانیە ســـروشـــتیەکەی. هەروەها لەوەڕگای دەشـــتەکانیش بەکاردێن بۆ بەکارهێنانی کشتوکاڵی سەرەتایی و کۆچەریی.

## پێکهاتەکانی وزە

دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت و غاز کاریگەری دەبێت لە سەر کورد و پەیوەندیە هەرێمیەکان. ناردنی وزە زۆر گرنگە بۆ پەیوەندی نێوان کورد و ئەو وڵاتانەی کە ئەوانی تیادا دەژین. کوردستانی عێراق خاوەنی نزیکەی (٤٥) ملیار بەرمیل لە یەدەگی نەوتە. لە پلەی دەیەم دێت لە نێوان گەورەترین ناوچەکانی خاوەن نەوت. گەورەترین کێڵگەی نەوتی بریتیە لە تەوکە لە تەقتەق و شێخان (شایکان؟) لە کەرکوک و خانەقین.(١٣) ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی (٢٠٠,٠٠٠) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرهەم دەهێنێت. لە ساڵی ٢٠١٤دا، بڕیە نەوتەکانی هەرێم بۆ تورکیا نزیکەی چوار سەد هەزار بەرمیلی لە ڕۆژێکدا ناردوە.(١٤) لە ساڵی ٢٠١٥، ئەو ڕێژەیە دەگاتە نزیکەی یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، وە دوو ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ٢٠١٩دا.(١٥) هەروەها کوردستانی عێراق خاوەنی نزیکەی ١٠٠ ترلیۆن پێی دووجای غازی یەدەگە.[١] (١٦)

تورکیا گەورەترین شەریکی بازرگانی کوردستانی عێراقە.(١٧) گەورەترین بەکارهێنەری وزەیە، بەڵام تەنیا لە (٧,٦٪) لە کۆی گشتی بەکارهێنانی نەوتەکەی بەرهەم دەهێنێت. کێڵگە نەوتیەکان لە شاری باتمان و سیلڤان (فارقین) لە ساڵی ٢٠١١ تەنیا دە ملیۆن بەرمیلیان دا بەدەستەوە، ئەمە تورکیای زۆر بە قوڵی سەربەخۆ کرد لە دابینکەرانی بیانی وزە. تورکیا لە (٣٠٪) نەوتەکەی لە ئێرانەوە دەست دەخات، کە لە پلەی چوارەم گەورەترین وڵاتانی خاوەن یەدەگی نەوت لە جیهاندا دێت. عێراق

[١] هەموو ئەو ڕێژانەی باس کراون بە پێی کاتی نووسینی ئەم پەرتوکەن وە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت ڕەنگە گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت. (وەرگێڕ)

له (٪۱۹)ی نەوتەکەی بە ڕێگای بۆڕیە نەوتەکانی بەندەری جەیهانی تورکیادا دەنێرێت. تورکیا لە (٪۹۸) غازی ســــروشـــتی وڵاتەکەی لە عێراق و ئێرانەوە هاوردە دەکات.(۱۸) ســــوریاش هەمان کێشــــەی هەیە، خاوەنی تەنیا ۲۰۵ ملیۆن بەرمیل یەدەگی نەوتە وە بەرهەمی نێودەوڵەتی نزیکەی (۳۵۰, ۰۰۰) بەرمیلە لە ڕۆژێکدا. ئەم یەدە گانە لە نێوان حەســــەکە لەوپەڕی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات، کە تیایدا کوردە زۆرینەیە، و دێرازور لە باشووردا، دابەشبووە.(۱۹)

کێڵگە نەوتیەکانی کوردســـتانی ئێران لە ســـەرپیلی زەهاو و قەســـری شـــیرین و ئیســــــلام ئاوا نهێنی گەورەی نەوتیان هەیە. کێڵگەکانی غاز لەو دەوروبەرەدا خاوەنی زیاتر لە نزیکەی (۲٦۰)ملیۆن مەتری چوارگۆشــــە لە یەدەگن.(۲۰) حکومەت چاوەروانی ئەوە دەکات لەو ئابلۆقەیەی ســــەری ڕزگاری بێت و وە بایەخی زیاتر بە وزەی ناوخۆ بدات وە ئاســـانکاری بکات بۆ گواســـتنەوە لە عێراق بە ناو ئێراندا بۆ کەنداوی فارس. تانکەری نەوت لە کوردســـتانی عێراقەوە ماوەیەکە کاری گواســـتنەوە دەکەن بە ڕێژەی نزیکەی (۳۰, ۰۰۰)بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەناو ئەو ســـنوورەی دەکەوێتە وێســـتگەی بەندەر ئیمام خومێنی ئێران.(۲۱) لە ســــاڵی ۲۰۱۳، حکومەتی هەرێمی کوردســــتان و ئێران پلانەکانیان ڕاگەیاند بۆ دروســـتکردنی دوو هێڵی بۆڕی کە ڕێگە بە کوردســـتانی عێراق بدات (۲۵, ۰۰۰) تۆن نەوت لە ڕۆژێکدا دابین بکات.(۲۲)

## سیاسەتی شوناس

"کوردە باشـــــەکان" ئەوانەن کە ئەو کارە جێبەجێ بکەن کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکـا دەیەوێـت. "کوردە خەراپەکـان" ئەوانەن کە ئەمە نـاکەن. کورد بەو ڕەفتـارە ملکەچیەی پاداشــتنی دراوەتەوە. ئەم پاداشــتانە کشــێنراونەتەوە لەو کاتەی گوێڕایەڵ نەبوون. بەرپرســـانی ئەمریکا، بەتایبەتی ئەوانەی لایەنگری عەرەب دەکەن لە وەزارەتی دەرەوە، وەک کێشەی مافی کەمینەکان سەیری کورد دەکەن نەک مەسەلەی دیموکراتی و حوکمی زاتی و دادپەروەری. بەم ڕێگـایە، زۆرجـار لە نرخی کورد کەمکراوەتەوە لە جیاتی ئەوەی وەک گرنگترین هاوپەیمانی ئەمریکا سەیر بکرێت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. ڕۆژئاوا بەرامبەر کورد دڵســــۆزە، کە مێژووەکەیان پڕە لە قوربانیدانی گازی کیمیایی و کوشـــتن و ئازاردان. بەڵام چیتر دڵســـۆزیی بەس نیە. کورد زۆر بە توندی بەرگری لە مافە ڕەواکانیان دەکەن و دەیانەوێت پیشانی ویستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بدەن.

سەدەی بیستەم بۆ بەدەست هێنانی مافی کورد گۆڕستان بوو. پەیمانی لۆزان لە ســـاڵی ١٩٢٣ ناپاکی لەگەڵ چواردە خاڵەکەی ســـەرۆکی ئەمریکا ودرۆ وڵســـن کرد و نکۆڵیان لە وڵاتێک کرد بۆ کورد. ڕێککەوتننامەکەی جەزائیری ســـاڵی ١٩٧٥، لە لایەن ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی هێنری کسینجەر مامەڵەی پێوە کرا، لە سەر حیسابی کورد سنوری عێراق و ئێران لە یەکتر جیاکرانەوە. لە ساڵی ١٩٩١، ڕاپەڕینی کوردی لە لایەن جۆرج بوشـــی باوک هاندرا، کە دواتر کوردەکانی جێهێشـــت لەو کاتەی ســـەدام دووبارە هێرشێکی دڕندانە کردەوە سەریان.

سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی سەقامگیریی و وزە پێش هەمو شتێک دەخات. ئەمریکا هانی ســـەدامی حســـێنیدا وەک پاڵپشـــتێک لە دژی ئێران. ئەمریکا ڕەخنەکانی پێشێلکاری مافی مرۆڤی لە تورکیا و دیکتاتۆریەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی

بێ دەنگ کرد. بە هۆی ئەندامیەتی ناتۆوە، تورکیا هاوبەشـــێکی گرنگی ئاســـاییش و پردێکی گرنگە لە نێوان ڕۆژئاوا و ئاسیای ناوەڕاست. هەندێکجار، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا زۆر بە ئاســـانی کوردەکانی فرۆشـــتووە بۆ بەرژەوەندی چەند وڵاتێکی تر. لە نێوان بەرژەوەنـدیخوازەکـان و هەوادارانی دیموکراتیـدا، کورد زیـانێکی گەورەبوون بۆ بەرژەوەندیەکانی گەورەتری ڕۆژئاوا.

ســەرۆک جۆرج بوش ویســتی مۆدێلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت دووبارە بگۆڕێتەوە بە یەکەم هەنگاو، ئەویش بە ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن بوو، بەرەو گواستنەوەیەکی شـــێوە دیموکراتی لە ناوچەکەدا. هەرچەندە ســـەدام خۆی ون کردبوو، بەڵام زۆر بە ئاسانی لە سەر کار لادرا. سەدام لە کونێکی پیسدا دۆزرایەوە و پاشان لە سێدارەدرا. ڕاوێژکارەکانی بوش بە 'بەهاری عەرەبی' لە ســاڵەکانی ٢٠١١ و ٢٠١٢ خۆشــحاڵ بوون، باوەڕیان وابوو کە جەنگی عێراق هۆکارێک بوو بۆ گۆڕانکاری پشتگیریکردنی دیموکراتی. هەرچۆنێک بێت، پێشـــبینی دەرئەنجامە لەناکاو و شـــکســـتە وێرانکەرەکەیان نەکرد. هەوادارانی دیموکراتی ڕەخنەی ئەوەیان لە ئیدارەی ئۆباما[1] گرت کە بۆ ماوەیەکی زۆر

---

[1] باراک ئۆباما: لە دایک بووی ٤ ئابی ســاڵی ١٩٦١ لە ویلایەتی هاوایی ، زانکۆی کۆڵۆمبیا، زانکۆی هارڤەرد تەواو کردوە. قوتابی بەشـــی یاســـا بووە. ئەندامی حیزبی دیموکراتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، ســیناتۆری ویلایەتی ئیلینووا ، چل و چوارەمین ســەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەروەها هەڵگری خەڵاتی ئاشتیی نۆبلە.

ئۆباما لە ویلایەتی کانســاس هاوای لە باوکێکی کینی و دایکێکی ئەمریکی ســپی پێســت لە دایک بووە. دوای تەمەنی دوو ســاڵیدا باوکی دوای ئەوەی گەڕاوەتەوە بۆ کینیا بەجێی هێشـتوە و لای دایکی ماوەتەوە و دایکی پەروەردەی کردووە، دوای ئەوەی دایکی ئۆباما شـــوودەکاتەوە بە پیاوێکی قوتابی ئیندۆنیســـی بە منداڵی دەگوازرێتەوە بۆ جاکارتا لە گەڵ خێزانەکەی و لە دایکەوە خوشکێکی دەبێت بەناوی (مایا) نووسەری ناودار سکوتۆرۆ دەڵێت ئۆباما بۆ ماوەی دوو ساڵ لە قوتابخانەیەکی ئیسلامی دا خوێندویەتی دواتر پەیوەندی کردوە بە خوێندنگەیەکی کاسـۆلیکی و پاشـان بووە بە مەسـیحی لە سـاڵی ١٩٩٥ دواتر دایکی بە نەخۆشـی شێرپەنجە مردووە. لە یادەوەریەکانیدا ئۆباما یادەوەریەکانی خۆی و دایکی نوسیوەتەوە. دوای ئەوەی ئۆباما

چاوەڕوان بووە بۆ پـشتگیری کردنیان. هاوپەیمانانی ئەمریکا لە کەنداوی فارس بۆچونی پێچەوانەیان هەبوو. ئەوان زۆر پەرۆش بوون کاتێک سـەرۆک ئۆباما وازی لە حوسـنی موبارەکی سەرۆکی میسردا هێنا. ناچالاکی لە جەنگی ناوخۆی سوریا وەک ناپاکیەک لە

---

پەیوەندی دەکات بە زانکۆی کالیفۆرنیا و بەر لەوەی بچێتە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیویۆرک کە دواتر لە سـاڵی ١٩٨٣ لێی دەرچوە و بروانامەی بەکالۆریسی لە زانستی سیاسی و پەیوەندی نێودەوڵەتی وەرگرتوە و دواتر لە بواری ئەهلیدا کاریکردوە بۆ هاوکاری هەژاران و لانەوازان، جگە لەوەش وەک نوسەرو لێکۆڵەرەوەی ئابوری بۆ ڕێکخراوی (Business international corporation) کاریکردوە، ساڵی ١٩٨٥چوەتە شـاری شـیکاگۆ دوای ئەوەی کە کارێکی دەسـت کەوتووە بوەتە بەڕێوەبەری پڕۆژەی بوژانەوەی گەڕەکە هەژارنشـینەکان، لە ساڵی١٩٩١ زانکۆی یاسای لە هارڤارد تەواوکردوە و بوەتە وانەبێژ لە زانکۆی شیکاغۆ بۆ ساڵی ١٩٩٣.

سـاڵی ١٩٩٦ هەڵبژێردراوە بۆ ئەنجومەنی پیران لە ئیلینۆی و بە شـێوەیەکی فەرمی چوەتە نێو پارتی دیموکراتخوازی ئەمریکا و لە نۆڤەمبەری سـاڵی ٢٠٠٤ لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس دەرچووە بۆ ویلایەتی ئیلینۆی بەڕێژەی (٧٠٪) لە کۆی دەنگەکان لە بەرامبەردا رکەبەری کۆماریی (٢٧٪)ی هێناوە هەر بۆیەش بووە منداڵترین ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا و لە هەڵبژاردنەکانی سـەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ سـاڵی ٢٠٠٨ خۆی پاڵاوت و دەرچوو ئێسـتاش سـەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە بۆ جاری دووەم، لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ڕۆژنامەی (یەدیعۆت ئەحرۆنوت)ی ئیسـرائیلی و پێگەی (ئینت) زۆر بەڕاشـکاوانە پشـتگیریان لێکرد و ئەم هەواڵەش زۆر بڵاو بووەوە، بەڵام ئۆبا ما دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵە کان ئەم پشـتگیریەی بە موبادەرەیەکی تاکەکەسـی وەسـفکرد و وتەکانی لە پێگەی (واینت) گۆڕان. لە وتارەکەشـیدا کە لە بەردەم ڕێکخراوی (ئیبپاک)ی ئیسـرائیلدا بۆ ئامادەبوان دابووی، وتی: قودس بە پایتەختی ئیسـرائیل دەمێنێتەوە و پێویسـتە بە یەکگرتووی بمێنێتەوە، کە میدیاکانی جیهانی ئیسـلامی بەتەواوی وروژاند و سـەرکردایەتی فەلەسـتین و حیزبەکانی فەلەسـتین بەتوندی وەڵامی ئەو لێدوانانەی ئەوکاتی ئۆبامایان دایەوە و دواتر لە چاوپێکەوتنی کەناڵی (سی ئێن ئێن) لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا وتی: ئەم بابەتە بەجێ دەهێڵین بۆ ڕێکەوتن و وتووێژی هەردوو لایەنی ناکۆک کە فەلەستینیەکان و ئیسرائیلن، لە ڕۆژی ٥ ی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٨ دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە بە سـەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرا و دوای ئەوەی کە بووە سـەرۆک بڕیاری کشـانەوەی هێزەکانی ئەمریکای دا لە عێراق کە لە کاتی هەڵمەتەکانی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا بانگەشـەی دەکرد بۆ گێرانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانسـتان، بەڵام ئەو بڕیارە تەنها بۆ عێراق بوو لە بەرامبەردا هێزەکانی ئەمریکا لەسـەر خاکی ئەفغانسـتان تا ئێسـتاش ماونەتەوە هەرچی ئەو هێزانەشـی کە لە عێراق بوون بۆ ناوچەکانی کەنداو و ئەفغانسـتان گوێزرانەوە و سـەبارەت بە بەڵینەکانی بۆ نەهێشـتنی گرتووخانە نایاسـاییەکانی تا ئێسـتا بە بێچارەسـەر ماونەتەوە بە تایبەتی گرتووخانەکانی گوانتانامۆ.

پرەنسیپەکانی ئەمریکا وە کەمکردنەوەی گرژیی لەگەڵ ئێران وەک سیاسەتێکی شکستخواردوو، سەیر کرد.

ئۆباما لە ئەستەنبۆڵ و قاهیرە وتارێکی ئیلهام بەخشی بۆ ئامادەبوان پێشکەش کرد. هەرچۆنێک بێت، بەژداریە ڕوونەکەی ئەمریکا لە بەهاری عەرەبی لێکجیاکردنەوەی سەرکردە ناوخۆیەکانی خستە مەترسیەوە. دوودڵیەکەی ئۆباما بەوە تۆمەتبار کرا کە ئەو لە لای هەڵەیەکی مێژوویدایە. چەندین ڕژێم ئەمریکایان بەوە تاوانبار کرد دەستی ئەوانە هەموو ڕووداوەکان بەڕێوە دەبات، لەو کاتەی پێشوازی لە هاوکاریە ئاسایشیی و دیبلۆماسیەکانی دەکات. بەهاری عەرەبی بوو بە زستانی دیموکراتی.

لە ڕۆژهەڵاتی ئەمڕۆدا، ئەمریکا دۆستی باشتر لە کوردەکانی نیە.(٢٣) لە جیاتی ئەوەی ناحەزەکانی خۆی قاییل بکات، ئەمریکا دەبێت پشتگیری کورد بکات. بەرژەوەندی ستراتیژیە و ئابووری و ئاسایشیەکانی ئەمریکا بە پشت بەستن بە کورد پێش دەکەوێت. ڕێگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەبێت لە سەر بنچینەی حەقیقەت بنیات بنرێت. نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گۆڕاندایە. لە جیاتی ئەوەی پاسیڤ و دژی بێت، دەبێت ئەمریکا بچێتە پێشەوەی ڕووداوەکان و کۆنترۆلی گۆڕانی ڕووداوەکان بکات. دەبێت شتەکان وەک خۆی ببینێت، نەوەک هەبوون، یان ڕۆژئاوا چۆنی دەوێت ئەوا بن.

# سەرچاوەکان


1. “KRG Representation in the United Kingdom.” *KRG Representation in the United Kingdom.* N.p., n.d. Web. 16 Feb. 2014. <http://uk/krg.org/genocide/pages/page.aspx?Ingnr=r12&smap=170000&pnr=48>.
2. “Over 22.5 million Kurds live in Turkey, new Turkish statistics reveal.” *Over 22.5 million Kurds live in Turkey, new Turkish statistics reveal.* N.p., n.d. Web. 16 Feb. 2014. <http://www.ekurd.net/mismas/articles/misc2012/9/turkey4166.htm>.
3. “The Kurdish Experience. Middle East Research and Information Project.” *The Kurdish Experience. Middle East Research and Information Project.* N.P., n.d. Web. 09 May 2014.
4. Mcdowell, David. “A Modern History of Kurds.” *Google Books.* I.B. Tauris, 2007. Web. 09 May 2014.
5. “Medieval Sourcebook: De Expugatione Terrae Sanctae Per Saladinum: Capture of Jerusalem by Saladin, 1187.” *Internet History Sourcebooks Project.* N.p., n.d. Web. 16 Feb. 2014. <http://www.fordham.edu/halsall/source/1187saladin.asp>.
6. Mella Jawad. “The Colonial Policy of the Syrian Baath Party in Western Kurdistan.” *Docstoc.com.* N.p., n.d. Web. 21 May 2014.
7. “Islamic Movement of Kurdistan.” *Stanford University.* N.p., n.d. Web. 16 Feb. 2014. <http://www.stanford.edu/group.mappingmilitants/cgi-bin/groups/view/25>.
8. Smith-Spark, Laura, Andrew Carey, Hamdi Alkhshali, Jason Hanna, Richard Allen Greene, and Mariano Castillo. “UK Raises

Terror Threat Level, Citing Risks out of Syria, Iraq." CNN. Cable News Network, 01 Jan. 1970. Web. 10 Sent. 2014. <http://www.cnn.com/2014/08/29/world/meast/isis-iraq-syria/index-html>.

9. "Kurdistan's Geography and Climate." *Kurdistan's Geography and Climate.* N.p., n.d. Web. 9 May 2014.
10. "Kurds and Kurdistan: Facts and Figures." *Kurdish Studies, An International Journal.* N.p., n.d. Web. 16 Feb. 2014. <http://www.oswego.edu-baloglou/anatolia/kurds.html>.
11. Ibid.
12. "Kurdistan's Geography and Climate." *Kurdistan's Geography and Climate.* N.p., n.d. Web. 9 May 2014.
13. Kurdistan's vast reserves draw oil majors." *Financial Times.* N.p., n.d. Web. 17 Feb. 2014.<http://www.ft.com/cms/s/0/8d15816c-4992-11e2-9225 00144feab49a.html#ixzz2sZDKXdDr>.
14. "Oil majors shy away from first major Kurdish Export deal." *Financial Times.* N.p., n.d. Web. 17 Feb. 2014. <http://www.ft.com/cms/s/0/429f1102-7ddf-11e3-95dd-0014feabdc0.html#axzz2tWynRziS>.
15. Briant Swint, "Kurdistan's Oil Ambitions. Bloomberg Business Week, 14 Nov. 2013.
16. "Iraqi Kurds pump oil to Turkey amid fears of new clashes." *UPI.* N.p., n.d. Web. 17 Feb. 2014. <http://www.upi.com/Business_News/Energy-Resources/2013/12/19/Iraqi-Kurds-pump-oil-to-Turkey-amid-fears-of-new-clash/UPI-96341387470215/#xzz2sZEiWzZr>.
17. "Weighing up the Kurds." *Investors Chronicle.* N.p., n.d. Web. 16 Feb. 2014. <http://www.investorschronicle.co.uk/2014/01/22/shares/news-and-analy-sis/weighingup-the-kurds-CFOMjwnY9uREOzJIMDL0eN/article.html>.

18. International Energy Administration. 2013 Oil and Gas Security.
19. Josh Wood, “Syrians oil resources are a source of contention for competing groups.” The New York Times. 13 March 2013.
20. “Kurdistan Region-Iraq News in brief. November 22. 2013.” *Kurdistan Region-Iraq News in brief. November 22, 2013.* N.p., n.d. Web. 17 Feb. 2014. <http://www.ekurd.net/mismas/articls.misc2013/11/kurdlocal1436.htm>.
21. “Kurdistan Opens Oil Trade Route in Iran | Iraq Business News.” *Kurdistan Opens |Oil Trade Route via Iran | Iraq Business News.* N.p., n.d. Web. 17 Feb. 2014. <http://www.iraq-businessnews.com/2013/08/11/kurdistan-opens-oil-trade-route-via-iran/>.
22. Seal, S. “Two Oil Pipelines Will Soon Connect Iraqi Kurdistan and Iran.” *Two oil pipelines will soon connect Iraqi Kurdistan and Iran.* Dailt Sabeh. 10 May 2014. Web. 15 May 2014. <http://www. Iraqdirectory.com/en/2014/05/10/27093/two-oil-pipelines-will-soon-connect-iraqi-kurdistan-and-iran-aspx>.
23. Israel is an exception.

(١)

# بەشی یەکەم

# ناپاکی (خیانەت)

ســـەدەی بیســـتەم ســـەد ســـاڵی پەیمانی هەڵە و ناپاکی و چەوســـاندنەوەی کوردە. کوردەکان لە کاتی لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی بیری سەربەخۆییان لە مێشکدا گەلالە بوو. ئەوان بەدوای پ شتگیری سیا سی و پارا ستنی وڵاتە زلهێزەکاندا دەگەڕان. چەندین بەڵێن دران، بەڵام لە کۆتاییدا کورد فەرامۆ شکران. هیواکان پووکانەوە، کورد یاخی بوو و کپکران، مافە سیاسی و ناسنامەی فەرهەنگیی زۆر بە شێوەیەکی درندانە ڕەتکرانەوە.

## ڕوخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی

ئیمپراتۆریای عو سمانی بە ئازادکردنی شاری قو ستەنتینیە لە لایەن سوڵتان محەمەدی دووەمەوە لە ساڵی ١٤٥٣ گەیشتە لووتکە. ئەو دە سەڵاتداریە بەهێزەی تا کۆتاییەکانی ســـەدەی شـــانزەهەم لە ژێر فەرمانڕەوایی کوڕەکانی ســـولەیمانی قانونی بەردەوامی هەبوو.(١) یاڤوز ســەلیم لە ســاڵی ١٥١٧ دەســتی بەســەر شــارە پیرۆزەکاندا گرت، وە بەیعەتی بە سوڵتانی عو سمانی وەک خەلیفەدا. کە ئیمپراتۆریای عو سمانی فراوان بوو، ســـیســـتەمی (میللەت)ی دروســـت کرد بۆ ئەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ مەســـیحی و کەمینەکانی تردا ڕێک بخات. "میللەت" وشـــەیەکی عەرەبیە بە مانای "نەتەوە" دێت.(٢) ئەم سـیسـتەمە ئازادی ئایینی بۆ هەموو کەمایەتیە ئاییەنیەکان فەراهەم کردبوو تا ئەو کاتەی ســوێندیان دەخوارد دڵســۆز بن و باج و ســەرانەش بدەن بە قوســتەنتینیە. بۆ ئەوەی بتوانن ئیدارەی ناوچە دوورە دە ستەکان بکەن، سیستەمی 'میللەت' بە شێوەیەک بوو کە ئەوان بتوانن بە لامەرکەزی بەشی دیاریکراو لە پارە بدەن بە سندوقی ئیمپراتۆر و ســەقامگیریی بپارێزن. هەروەها ســیســتەمی 'میللەت' ڕێگای بە حوکمی زاتی نەتەوە کەمینەکان دابوو، کە لەژێر فەرمانڕەوایی عوسمانی گەشەیان کردبوو. زۆر لە وەزیرەکانی سوڵتان بە نەتەوە یۆنانی، عەرەب و فارس بوون.

سوڵتان پێی دەوترا "سێبەری خودا لە سەر زەوی". ئەو خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەها بوو.(٣) لە ماوەی سەدەکانی شانزە و حەڤدەدا، بەتایبەتی لە کاتی سوڵتان سلێمانی گەورەدا، ئیمپراتۆریای عوسمانی فراوان بوو و لە سەرکەوتنی بەردەوامدا بوو. عوسمانیەکان دەسەڵاتەکەیان درێژکردەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاوە تا ئاسیای ناوەڕاست و میزۆپۆتامیا. لە قەوقاسەوە لە کەناراوەکانی دەریای ڕەشی باکوور تا مەغریب و نیمچە دوورگەی ئەفریقیا. ئەم ئازادکردنە بە شکست لە جەنگی ڤیینا لە ساڵی ١٦٨٣ کۆتایی پێهات. ڕێککەوتنامەی 'کارلڤیتز' لە ساڵی ١٦٩٩دا، بووە هۆی لەدەستدانی ڕووبەرێکی زۆر لە ئەورووپای ناوەڕاستدا. دوای چەندین سەدە لە فراوانبوونی سەرکەوتووی ئیمپراتۆری عوسمانی، سەردەمی کەمکردنەوەی خەرجی و وەستان درووست بوو.

سوڵتان مەحموودی دووەم کە عبدولمەجیدی کوڕی جێگای گرتەوە، هەوڵیدا دەوڵەتی عوسمانی دووبارە هەڵسێنێتەوە، بە دەستکردن بە چاکسازی تەنزیمات لە ڕێگای بڕیاری گوڵخانەی ئیمپراتۆریی لە ساڵی ١٨٣٩.(٤) تەنزیمات واتە "ڕێکخستنەوە" چاکسازیەکانی تەنزیمات وەڵامی بزوتنەوەکانی نەتەوەیی بوون، بە داواکاریەکانی کوردیشەوە. مەبەستی بڕیارەکانی چاکسازیی لە ساڵی ١٨٥٦ بریتی بوو لە پێدانی مافەکانی هاوڵاتیبوونی سەردەم. بەم ڕیفۆرمە نیازی وابوو کە عوسمانیزم بەهاکەی جارانی بۆ بگەڕێتەوە، ئەمەش بە داواکردنی بۆ ملکەچی چەندین یاسا بووـ کاراکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی. دەوڵەتی عوسمانی وایزانی کە تەنزیمات ئەمەکداری یۆنانی، ئەرمەنی و کوردەکان دووبارە دەگەڕێنێتەوە دۆخی جاران. هەروەها باوەڕیش وابوو کە مۆدێرنیزاسیۆن دەسەڵاتدارەکانی ئەورووپا لە هەوڵدان بۆ دەستوەردانی کاروباری ناوخۆی ئیمپراتۆریای عوسمانی ناهێڵێت. هەرچۆنێک بێت، تەنزیمات خۆ هەڵقورتاندنەکانی ئەورووپا یان بەرزنرخاندنی ئەمەکداری ئەو کۆمەڵانەی لە ژێر چەتری سیستەمی 'میللەت'دا بوون بەربەستی بۆ دانەنان، کە کوردەکانیشی دەگرتەوە. لەجیاتی ئەوەی

ئەمەکداری و یەکگرتن پەرە پێبدات، بووە هۆی لێکدابڕان. کورد، یۆنانی و ســـربیەکان، ئەوە ئەرمینیانەی لە لایەن ڕووسیاوە پشتگیریان دەکرا، یاخی بوون.(٥)

لەکاتی جەنگی ڕوسـۆ-تورک لە سـالّی ١٨٢٨-٢٩، کە چوارەم جەنگ بوو لە کۆی حەوت جەنگ لە نێوان عوسمانی و ڕووسەکان، کورد بۆ یەکەمجار وەک بەربەستێک لە دژی پاوانخوازی ڕووســـیا وەســـتا. بەدرخان بەگ، ســـەرۆک خێڵ و ئەمیری جەزیرە، دەرەبەگێکی بەهێز بوو کە دەســـەڵاتەکەی لە باوکیەوە بۆ مابووەوە ســـەرۆکی هۆزی 'بوختی' بوو. لە ســـەدەی چواردەمەوە، هۆزەکەی بەبێ دابڕان حوکمی جزیرە-بۆتان دەکەن کە ئیمارەتێکی سەرکەوتوو و دەوڵەمەندە. ئەو نازناوی "پاشا"ی پێ بەخشرا بە هۆی ئەو بەخشـــینـــانەی بۆ ئیمپراتۆریـــای و یـــارمەتیـــدانی بەرەنگـــاربوونەوەی ئەرمەنیەکان.(٦) بەڵام بەدرخان لە ساڵی ١٨٣٤ لە دژی عوسمانیەکان شۆڕشی بەرپاکرد و داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان کرد. ئەو خێڵە کوردیەکانی کردە سوپایەکی نیزامی وە لەگەڵ سەرۆک خێڵەکانی قارس لە کوردستانی باکوور و میر ئەردەلان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دروست کرد. بەدرخان توانی لە ساڵی ١٨٤٠ بەشێکی زۆر لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتداری عوسمانی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی.

سوپای عوسمانی هێرشێکی پێچەوانەی هێنا. موژدەبەخشە ئایینیەکانی ئینگلیز و ئەمریکیەکان لە ناوچەکە خێڵە مەســـیحیەکانیان لە دژی بەدرخان هەڵگەڕاندنەوە. لە سـالّی ١٨٤٧، عوسـمان پاشـا، یەزدان شـێری برازای بەدرخانی قایل کرد کە پەیوەندی بە عوســـمانیەکانەوە بکات. کاتێک ئەو باڵە ئاشـــکرا بوو، بەدرخان بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر بەرگری بکات، بەرەو قەڵای ئەروح (ئیروە؟) ڕایکرد. لە کۆتاییدا شـکسـتی هێنا و بەرەو دوورگەی کرێت لە ســالّی ١٨٥٠ دوورخرایەوە، وە لە ســالّی ١٨٦٨ لە دیمەشـق کۆچی دوایی کرد.(٧)

ئیمپراتۆریای عوســمانی دووباره له کاتی جه‌نگی ڕوسـۆ-تورک له ســاڵی ١٨٧٧-٧٨ تووشـــی به‌ره‌نگاربوونه‌وه هات. عوســـمانیه‌کان ڕووبه‌ڕووی یاخیبوونێکی به‌رده‌وام بوونه‌وه له لایه‌ن ئه‌رمه‌نه‌کان. شێخ عبیدالله، که ئه‌ندامی هۆزی کوردی به‌یز شه‌مدینان بوو، ســوودی له بێ ئاگابویی ئیمپراتۆریای وه‌رگرت به‌هۆی ســه‌رقاڵبوون به شـوێنێکی تره‌وه. ئه‌و به‌ڕێوبه‌رایه‌تیه‌کی کوردیی ســـــه‌ربه‌خۆی ڕاگه یا ند وه داوای کرد له لایه‌ن هه‌ردوو ده‌ســـــه‌ڵاتی عوســـــمانی و فارســـــیه‌وه دانی پێدا بنرێت.(٨) له ســـــه‌ره‌تادا، عوسمانیه‌کان پشتگیرییان له شێخ عبیدالله کرد، که له دژی جوداخوازانی ئه‌رمینیا بۆ سه‌ربه‌خۆیی ده‌جه‌نگا. به‌ڵام عوسمانیه‌کان له ساڵی ١٨٨٠ ئه‌م پشتگیریه‌یان پێچه‌وانه کرده‌وه و زۆر به‌شێوه‌یه‌کی دڕندانه داواکاریه‌که‌ی ئه‌ویان بۆ حوکمی زاتی ڕه‌تکرده‌وه.(٩) له وه‌ڵامی لێژنه‌ی ڕاپه‌ڕینی ئه‌رمه‌نیه‌کان، ئه‌و له سـه‌ره‌تای سـاڵی ١٨٩١ه‌وه میلیشـیای ناڕێکوپێکی کوردی بۆ شه‌ڕکردنی له دژی لایه‌نگرانی سه‌ربه‌خۆیی ئه‌رمینیای بۆ جه‌نگ بانگ کرد. ئه‌مه پێی ده‌وترا سوارچاکه‌کانی 'حه‌میدیه'، له پاش سوڵتان عه‌بدولحه‌میدی دووه‌م. له‌ژێر ڕێنمایی ده‌وڵه‌تی عوســمانی ســواره‌کانی حه‌میدیه ڕۆڵێکی به‌رچاویان له ڕه‌شه‌کوژی ئه‌رمه‌نیه‌کاندا گێڕا له ساسون و هه‌ندێک ویلایه‌تی تری نیشته‌جێی ئه‌رمه‌نی له نێوان ســاڵانی ١٨٩٤ و ١٨٩٦. کورده‌کان داوای ئۆتۆنۆمی ناوچه‌ییان کرد له جیاتی ئه‌و خزمه‌ته‌ی پێشکه‌شیان کرد، داوای دامه‌زراندنی به‌رپرسی کورد زمان و به‌کارهێنانی زمانی کوردی له حکومه‌تی ناوخۆیی و ســیســته‌می په‌روه‌رده‌یان کرد. هه‌روه‌ها داوایان کرد که شه‌ریعه‌ت و یاسای حوکمی عورفی بخرێته بواره جێبه‌جێکردنه‌وه.

ڕوســیا یاریه‌کی دوو لایانه‌ی ئه‌نجامدا. وه‌ک به‌شـێک له ســتراتیژیه‌تی ڕوخاندنی ئیمپراتۆریای عوســـمانی، هه‌م یارمه‌تی ئه‌رمه‌نه کان و هه‌میش نه‌ته‌وه په‌رســـتانی کوردیاندا. له ڕاستیدا، مۆسکۆ نه لایه‌نگیری ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆی ئه‌رمینیا بوو نه هی کوردســـتانیش. ئه‌و خۆی پلانی نه‌خشـــه‌کێشـــانی فراوانکردنی ڕۆژهه‌ڵاتی ئانادۆل له به‌رنامه‌دا بوو. ئه‌و تورکه گه‌نجانه‌ی له ســاڵی ١٩٠٨ ده‌ســه‌ڵاتیان گرتبووه ده‌ســت،

هێرشـــی ئەو خەڵکانەیان کرد کە پێیان وابوو بۆ ڕووســـیا دڵســـۆزن. ئەرمەنیەکان و هەندێک کۆمەڵگای مەسیحی تر گومانلێکراو بوون بە خیانەت یان سیخوڕی، لە کۆتاییدا وڵات بەدەر کران. کورد ڕێگای پێدرا ناوچەکانی ئەوان دەست بەسەردا بگرێت. ئەنەر و جەمال و تەلعەت پاشـا- سـێ بەناو پاشـا بوون کە لێژنەی یەکێتی و پێشـڤەچونیان بەڕێوە دەبرد- چەنـد فەرمـانێکیـان دەرکرد بۆ پشـــتگیری کردنی جینۆســـایـدی ئەرمەنەکان.(١٠)

## کۆتایی ئیمپراتۆریا

جەنگی جیهانی دووەم بووە هۆی کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریای نەمسا-هەنگاریا و عوسمانی. هەروەها ئیمپراتۆریای بەهۆی فشاری بەلشەڤیەکانەوە ڕوخا، کە بووە هۆی وازهێنانی تسار نیکۆلاسی دووەم لە تەختی پاشایەتی. لەماوەی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ئەتنۆ-نەتەوە پەرستی (نەتەوە پەرستیەک کە پشت بە پاشاگەردانی نەبەستێت) جێگای باوەڕبوونی بە دەسەڵاتی پاشایەتی مەرکەزی گرتەوە. "هەستی نەتەوەیی کورد منالێکی ناشەرعی نەتەوەپەرستی تورک بوو". (١١)

لە ساڵی ١٩١٤ ئەستەمبوڵ بە شێوەیەکی نهێنی بوو بە هاوپەیمانی ئەڵمانیا وە چوە پاڵ ئەو وڵاتە و ئیمپراتۆریای نەمسا-هانگاریا، لە دژی هێزەکانی هاوپەیمانان-فەڕەنسا، بەریتانیا و ڕوسیا، کە دواتر یابان و ئەمریکا بەژداربوون.(١٢) واشنتۆن لە نیسانی ١٩١٧دا بەژداری جەنگی کرد، دوای ئەوەی ئەڵمانیا کەشتیەکی جەنگی بە چەندین سەربازی ئەمریکاوە تێکشکاند. هێزەکانی تورکیا لە چەندین بەرەوە بەژدار بوون. ئەوان جەنگی یۆنانی و ئاشووری و ئەرمەنیەکانیان کرد. هێزەکانی تورکیا لە قەوقاس لە سوپای ڕوسیایاندا. هەروەها هێزەکانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتیش بوون وە هێرشیان کردە سەر سینا، بەرەنگاری دەستبەسەرداگرتنەکانی نۆکەندی سوێس و داگیرکردنی ئاسیای باشوور لە لایەن بەریتانیاکان بوونەوە.

ئەم شەپۆلە هێرشانە دوای چەند سەرکەوتنێکی سەرەتایی بە زیانی خۆیان کۆتایی هات. سەرەڕای بوونی جەنگی ناوخۆیی لە وڵاتەکەیدا، ڕووسیا بە توندی شەڕی کرد. لە حوزەیرانی ١٩١٦دا، بەریتانیا هۆزە عەرەبەکانی هاندا کە شۆڕش بکەن. هێزەکانی بەریتانیا دیمەشق و مەککە و مەدینەی دوای دوو ساڵ لە ئابلۆقە گرت. لە ساڵی ١٩١٧ فەلەستینیان گرت، هەروەها لە ئازاری ١٩١٨دا بەغدا و میزۆپۆتامیاشیان گرت. لە کۆتاییدا، سەربازگەی کەرکوک لە ئایاری ١٩١٨ خۆیدا بە دەستەوە. هەموو

ناوچە عەرەبنشـــینەکانی ئیمپراتۆریای عوســمانی، بە موســـلەوە، خۆیان دا بەدەســـتی هێزەکانی بەریتانی یان فەڕەنسی.

دوایین شـــکســـتی عوســـمانیەکان لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ســـاڵی ١٩١٨دا بەهۆی ڕێککەوتننامەی مەندرۆس بوو. کابینەی لێژنەی یەکێتی و پێشـــڤچون دەســـتیان لە کارکێشـــایەوە. ئەنوەر و جەمال و تەلعەت پاشـــا لە ١٧ی تشـــرینی دووەم لە وڵات ڕایانکرد. مەندرۆس ڕەزیلبوون و خۆبەدەســتەوەدانە بێ مەرجەکانی دەوڵەتی عوسمانی خستەڕوو. هەموو بەندەرە دەریاییەکان بەڕووی کەشـتیگەلەکانی هاوپەیمانان‌دا کرانەوە، وە هەموو چالاکیەکانی دەریایی و گواســـتنەوە کۆنترۆڵ کران. جگە لە هێزەکانی جەندەرمە، هەموو هێزەکانی عوســـمانی ئەرکەکانیان بەکۆتاهات. خۆراک و ڕەژوو و کەلوپەلی تر بۆ هاوپەیمانان دەســـتی لێ هەڵگیرا. گەنجینەکانی دەوڵەت لە لایەن هاوپەیمانان دەســتی بەســەردا گیران، لەگەڵ بەشـێکی کەمی ئەو داهاتە بۆ پێبژاردنی زیانەکان.(١٣) مەندرۆس لەو داهاتە ئەرمەنی و جۆرجی و ئازەریەکانن لەبەرچاو گرت.(١٤) هێزەکانی ئاســاییشــی عوســمانی، بە جەندرمەشــەوە، لە شــەش ناوچەی دانیشــتوانی ئەرمەنی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لابردران. گشـــت گیراوانی ئەرمەنی دەســـتبەجی ئازادکران.(١٥)

بەریتانیا پەرەی بە پلانی ئیدارەکردنی هەرێمی کوردستاندا. ئەفسەرە بەریتانیەکان زۆر شـــارەزای کاروباری کورد بوون، (E.B. SLOANE و E.W.C. NOEL)، دەســـتیان بە گفتوگۆ کرد لەگەڵ ســـەرکردە کوردەکان. ئەوان پێشـــنیازی دانانی (ســـێر پێرســـی کۆکس)یان کرد بۆ دامەزراندنی لێژنەی باڵای بەریتانی بۆ کارووباری خێڵەکی کوردی لە بەغدا. لە بەرواری ٣٠ ئۆکتۆبەری ١٩١٨، ئەو پێشـــنیارێکی بۆ نوســـینگەی دەرەوەی بەریتانیا کرد. کۆکس تەنانەت لەم ســنوورەش تێپەڕی و داوای دروســتکردنی دەوڵەتی کوردی لە باشوور و ڕۆژئاوا کرد. کوردەکان یەکگرتوو بوون، لەو کاتەدا، لەوە دەترسان کە بەهۆی ئەو تاوانانەی لە دژی ئەرمەنیەکان و ئاشـــووریەکان ئەنجامیان دابوو، ســـزا

بدرێن. هەرچۆنێک بێت، لێکترازان بە زوویی لە نێوان سەرکردە کوردەکان سەریهەڵدا. بەدرێژایی کۆتاییەکانی ١٩١٩ و زۆربەی ساڵەکانی دواتردا، هێزەکانی بەریتانی لە سنوورکانی باکووری میزۆپۆتامیا بەرپەرچ درانەوە. شۆڕش لە گشت شوێنەکان هەڵگیرسا. هەندێکیان لە لایەن تورکەکانەوە هاندران بۆ هەوڵدانی دەرکردنی هێزەکانی بەریتانی لە ناوچەی موسڵ. هەندێکی تریان بەشێوەیەکی ئاسایی کاردانەوەیان هەبوو کە هێزێکی تری بیانی نابێ دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت.(١٦)

پێشنیارەکانی کۆکس بەتەواوی لەگەڵ ئەو کردارانەدا یەک بوون کە بەریتانیا بەدەرکردنی چەند بڕیارێک کاریگەریەکەی جێهێشتبوو. کە هێشتا جەنگ بەردەوامی هەبوو، سێر مارک سایکسی بەریتانی و جۆرج پیکۆی فەرەنسی لە تشرینی دووەمی ١٩١٥ دەستیان کرد بە گفتوگۆی نهێنی. ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ، کە بە شێوەیەکی فەرمی پێی دەوترا ڕێککەوتننامەی بچوکی ئاسیا، لە ١٦ی ئایاری ١٩١٦ بڕیاری لە سەر درا. پەیمانەکە عوسمانیی ئاسیای بەسەر ناوچەی کاریگەری بەریتانیا و فەرەنسادا دابەش کرد. بەغدا و بەسرا درانە پاڵ بەریتانیا. سایکس-پیکۆ ویلایەتی موسڵیشی دایە پاڵ فەرەنسا.(١٧) کورد هیچ پاڵپشتێکیان نەبوو. بەریتانیا و فەرەنسا وەک نەتەوەیەکی کە شایانی چەوساندنەوە بێت لە لایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە، سەیری ئەوانیان دەکرد.

## چوارده خاڵەکە[1]

**بیرۆکە پێشـــکەوتوەکانی ودرۆ وڵســـنی ســـەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ حوکمی زاتی و بازاڕی ئازاد لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٨ لەکاتی ســـاڵانی جەنگی جیهانیی یەکەم کە بە چوارده خاڵەکە ناسراوە، دەرچوو. ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی**

[1] چوارده خاڵەکەی ولسن بریتیە لەو چوارده بنەمایەی کە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وودرۆ ولســـن کۆنگرێســـی پێ کۆکردەوە لە ٨ی ڕێبەندانی ســـاڵی ١٩١٨. ئەم خاڵانە بە وتەی ولســـن بۆ پاراستنی ئاشتی لە دنیای دوای شەڕی جیهانیی یەکەم دابین کرابوون. لە خاڵی ١٢یەمی بڕیارنامە ئاماژە بە سەربەخۆیی نەتەوەکانی ژێر دەستی عوسمانی کراوە کە کوردیش یەکێک بووە لەو نەتەوانە. دواتر ئەم مافە سەربەخۆییە بۆ کوردەکان لە پەیمانی سیڤەردا بەدی هات.

<u>کورت کراوەی چوارده خاڵەکە:</u>

١. وەستاندنی سیاسەتە شاراوەکان و بەستنی پەیمانی ئاشتی لە نێوان بەشداربووانی شەڕی جیهانیی یەکەم
٢. ئازادکردنی هاتوچۆ لە زەریاکاندا
٣. لابردنی بەربەستکاریە گومرگیەکان و ئازادکردنی بازرگانی
٤. کەمکردنەوەی ڕادەی چەکەکان
٥. کۆتایی هێنان بە شەڕ و پێکدادان لە سەر داگیرکراوەکان
٦. خاڵیکردنی خاکی ڕووسیا
٧. سەربەخۆیی بەلجیکا
٨. خاڵیکردنی فەڕەنسا و گەڕاندنەوەی ئەلزاس و لورن بە خاکەکەی
٩. دیاریکردنەوەی دووبارەی سنوورەکانی ئیتالیا
١٠. ئۆتۆنۆمی کەمینەکانی (ئەقەلییەت) ئیمپراتۆری نەمسا- مەجارستان
١١. خاڵیکردنی خاکی سربیا و مۆنتینیگرۆ و ڕۆمانیا و چارەسەرکردنی کێشەکانی بەلقان
١٢. سەربەخۆیی نەتەوەکانی ژێردەستی ئیمپراتۆریایی عوسمانی و نێونەتەوەیی کردنی دەردەنیل
١٣. سەربەخۆیی دووبارەی پۆڵەندا
١٤. پێکهێنانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

زۆر ورد بوو کە لە لایەن (ئێدوارد م. هاوس)ی ڕاوێژکاری (ســــەرۆک ولْســــن)ەوە بە هاوکاری ١٥٠ ڕاوێژکارەوە ئەنجامدرا. جیهانبینیە یەکسانخوازیەکەی ولْسن جێهێشتنێکی گەورەی ســـایکس-پیکۆ بوو. خاڵەکان بۆ گوێگرە جیاجیاکان ئاراســـتە کرابوون، بە حکومەتی ئەڵمانی و خەڵکەکەیشــەوە. ولْســن یەکەم ســەرۆکی وڵات بوو کە لە ڕێگای ڕادیۆوە پەیام بۆ ژمارەیەکە ئەوەندە گەورە لە خەڵک بدات. هەروەها وێنەی ئەو پەیامە چەندین سنووری دوژمنانی بڕی و گەیشتە شوێنی مەبەست. ولْسن داوای هاوکاری بە پشـــتگیریکردن لە باوەڕەکەی لە هاوپەیمانەکانی کرد، ئەمە ســـەرەڕای دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەکان. هەروەها دەبوایە هاوڵاتیانی وڵاتەکەشــی قایل بکات بە پێویســتی و گرنگی ڕۆڵی وڵاتەکەی لە مەسەلە جیهانیەکاندا.

لە کۆی چواردە خاڵەکەی ولْســن، هەشــتیان تایبەت بوون بە مەســەلەی ســنوور. پێنج لەو چواردە خاڵەش تایبەت بوون بە مافی مرۆڤ و پرەنسـیپەکانی دیموکراتی، بە مافی حوکمی زاتیشـــەوە.(١٨) بەگوێرەی خاڵی دوانزهەم: "بەشـــەکانی تورکیا لە ئیمپراتۆریای ئێسـتای عوسـمانی دەبێت سـەروەریەکەی بپارێزرێت، بەڵام نەتەوەکانی تر کە ئێستا لەژێر حوکمی تورکیادان، دەبێت بەتەواوی ئاساییشی ژیانیان بۆ دابین بکرێت و دەرفەتی پێشــکەوتنی ئۆتۆنۆمیان بۆ فەراهەم بکرێت.(١٩) خاڵی چواردەم پێشــنیاری درووسـتکردنی یەکێتی نەتەوەکانی کرد بۆ ئەوەی دڵنیابن کە "سـەربەخۆیی سـیاسـی و پەیوەستی سنووریی بۆ وڵاتە گەورە و بچوکەکان وەک یەک بپارێزرێت".(٢٠)(٢١)

لە ١١ شـــوباتی ١٩١٨دا، ولْســـن وتارێکی بۆ هەردوو مەجلیســـی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران بەیەکەوە پێشکەشکرد. "خەڵک و هەرێمەکان نابێت تەنیا گەمە پێکەر و کەلوپەلی گواستنەوە بن کە لە سیستەمێکی سالاریەوە بگوازرێنەوە بۆ سیستەمێکی هەمان شـــێوە لە یاریەکدا، تەنانەت یاری گەورەش، ئێســـتا بۆ هەتا هەتا گومانی لێ بکرێت."(٢٢) ئەو بەردەوام بوو: "ڕەنگە خەڵک تەنیا بۆ ویستی خۆیان کۆنترۆڵ و حوکم نەکرێن. 'دیاریکردنی چارەنووس' تەنیا دەســـتەواژەیەک نیە. ئەمە کردارێکی بە پەلەیە

که تیایدا ئەندامانی ئەم کۆبونەوەیە لە مەودوا فەرامۆشی دەکەن بە هۆی مەترسیەکەیانەوە". (٢٣) ولسن بەم شێوەیە دەستبەرداری سایکس-پیکۆ بوو، وە وتی: "هەر هەرێمێکی دروستبوو کە لەم جەنگەودا تێوەگلاوە، دەبێت لە بەرژەوەندی و بۆ بەرژەوەندی دانیشتوانەکەی دروست بکرێت، وە نەک وەک بە شێک لەو ڕێککەوتننامە و چارەسەرەی کە لەنێوان دەوڵەتە ڕکابەرەکانەوە واژوو کراوە." (٢٤) هەروەها بە زمانێکی هەڕەشە و بەڵێن پێدان بۆ ئەڵمانەکان بەم شێوەیە دوا:

بۆ ئەم جۆرە ڕێککەوتن و بەڵێننامانە ئێمە دەمانەوێت بۆیان خەبات بکەین و بەردەوام بین لەو خەباتە تاکو ئەو کاتەی بەدەستیان دەهێنین؛ بەڵام لەبەر ئەوەی دەمانەوێت ئەو مافە بەدەست بهێنرێت و ئارەزووی ئاشتیەکی دادپەروەر دەکەن، بێگومان ئەمە تەنیا بەوە دەستەبەر دەبێت کە بوەستین لە هاندانی شەڕ و شۆڕ، کە ئەم پرۆگرامە بە دڵنیاییەوە لادەبات. ئێمە چاومان لە گەورەیی ئەڵمانیا نیە، وە هیچ شتێکی لەم جۆرە لە بەرنامەکەدا نیە کە زیانی پێ بگەیەنێت. ئێمە ڕقمان لە دەستکەوت یان جیاکەرەوەی فێربوون یان کارکردنی هێمنانەی کۆمپانیاکانی نیە. ئێمە ئارەزووی ئەوە ناکەین کە زامداری بکەین یاخود بە هیچ جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەرییە شەرعی و هێزەکەی بلۆک بکەین. ئێمە نەدەمانەویت بە هێز لەگەلیدا بجەنگین نە بە هاوپەیمانەتیکردن لەگەڵ هێزەکانی تردا لە ڕێگای بازرگانیەوە، ئەگەر بیەوێت خۆی لەگەڵ ئێمە و وڵاتە ئاشتیخوازەکانی تری جیهاندا بگونجێێت بە پەیمانی دادپەروەری و یاسا و بازرگانیەکی دادپەروەرانە. ئێمە تەنیا دەمانەوێت بەوە قاییل بێت لە ناو گەلانی جیهاندا شوێنێکی یەکسانی هەبێت - جیهانی نوێ کە ئێستا ئێمەی تیایدا دەژین- لە جیاتی شوێنی خۆسەپاندن". (٢٥) چواردە خاڵەکەی ولسن بوو بە بنەمای خۆ بەدەستەوەدا و پەیمانی شەڕ ڕاگرتنی جەنگی جیهانیی یەکەم، وەک لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس لە ساڵی ١٩١٩ باسی لێوە کرا.

ئەم چواردە خاڵە بوون بە بنەمای خۆبەدەستەوەدان و پەیمانی ڕاگرتنی شەڕی جەنگی جیهانیی یەکەم، وەک لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس لەساڵی ١٩١٩دا باسی لێوەکرا.

چواردە خاڵەکەی ولسن هاوپەیمانانی تووشی سەرسوڕمانی کرد. هیچ جۆرە هەماهەنگی و ڕاوێژکاریی پێشوەختە نەبوو. وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، جۆرج

کلیمەنســـــیو، بە گاڵتەجارییەوە وەڵامی دایەوە، "تەنانەت خودای چاک تەنیا بە دە ڕاسپاردە خۆی قاییل کرد، وە نابێت هەوڵ بدەین خۆمان لە سەر ئەوان پێش خەین" (٢٦) لە کۆتاییدا فەرەنسا بەم دەرئەنجامە گەیشت کە پێشینەی کارەکانی دەکرێت لە ڕووی هاوکاریکردن لە گەل ئەمریکا پێش بخرێت وە لە ١ تشـــــرینی دووەمی ســـــاڵی ١٩١٨ چواردە خاڵەکەی پەسەند کرد.

هەروەها بەریتانیا وەڵامە سارد و سڕەکەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، لۆرد ئارثەر بەلفۆر،ی بە هەند وەرنەگرت وە لەوە دەترســـا کە پشـــتگیریە نمونەییەکەی ولْســـن بۆ مافی چارەی خۆنوسین ڕێگر بێت لە ئارەزووی پاوانخوازی و بەرژەوەندیە بازرگانیەکانی. هەروەها بەریتانیا دەیویســـــت چواردە خاڵەکە قەرەبووی وڵاتانی زیان لێ کەوتوش بداتەوە لە کاتی جەنگدا. بەریتانیا دواتر بە هەموو خاڵەکان قاییل دەبێت تەنها ئازادی دەریاکان نەبێت. ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، جۆنت ڤۆن هێرتلینگ، پێشوازی لە پێشنیارەکانی ولْسن کرد، بەڵام تەنیا تێبینی هەبوو لە سەر (ڕەیشتاگ). هەرچەندە، ڤۆلت هارتلینگ بە مەرج پشتگیری خۆی ڕاگەیاند، کە تیایدا سوربوو لە سەر ئەوەی خودی ئەڵمانیا لە بەلجیکا و الســـــاس-لۆرێین دەبێت گفتوگۆ بکرێن.(٢٧) بەلفۆر ئەم پشـــــتگیریەی ڤۆن هارتلینگی بۆ پێشنیارەکانی ولْسن ڕیسوا کرد.(٢٨) چواردە خاڵەکەی ولْسن بووە هۆی وەستاندنی جەنگ لە ڤیللا گیوستی نێوان ئیتاڵیا و ئیمپراتۆریای نەمسا-هەنگاریا لە ٣ تشرینی دووەمی ١٩١٨دا.(٢٩) تورکەکان سەرنجیان لە سەر بڕیاردانی چارەنوسی خۆیان بوو، نەوەک هی کەمایەتی و گرووپەکانی تر. بڕیاردانی چارەنووس بە واتای ســـەروەری بەسەر ئەو ناوچانەوە بوو کە لەکاتی جەنگدا داگیریان کردبوو.(٣٠)

ولْسن دەبوایە وتارێک بۆ هاوڵاتیانی وڵاتەکەی سەبارەت بە هیلاکی حکومەتەکەیان لە جەنگدا پێشـــکەش بکات. ئەم جەنگە (١٧٤ ,٣٢٠)هەزار قوربانی لێ کەوتەوە، کە لە نێوانیاندا (١١٦ ,٦٢٠)کوژراو هەبوون.(٣١) لە ڕووی ئابووریشـــــەوە، جەنگەکە ٣٢ ملیار دۆلاری تێچوو.(٣٢) بە گشـــتی، ژمارەی ســـەرجەم قوربانیەکان گەیشـــتە نۆ ملیۆن کەس.

حیزبی کۆماری خۆی له سەرەتادا لەگەڵ ئەم جەنگەدا نەبوو و وه پێی وابوو که دەبێت حکومەتەکەیان خۆی لەم کێشـەیه بە دوور گرتبایه. کۆماریەکان تێڕوانینەکای ولسن و ڕۆڵی ئەمریکایان تیادا شەرمەزار کرد.

له پشـت دەسـتکەوته بینراوەکانی، پێشـوازیەکی گەرمی لێ کرا له سـەر ئاسـتی جیهان بۆ ئەو هەوڵ و تەقەلایەی که کردی بۆ پرەنسـیپی عەدالەت بۆ هەموو خەڵک و نەتەوەیەک و مافی ژیانیان به یەکسانی پێدرا له ڕووی ئازادیی و سـەلامەتی یەکترەوە، جا چ بەهێز یاخود لاواز بن.(٣٣) لێژنەی نۆبل خەلاتی ئاشتی بۆ ساڵی ١٩١٩ به خشییه ئەم کەسایەتیە.

## کۆنفرانسی ئاشتی پاریس[1]

سەرکردەکانی جیهان بۆ دروستکردنی ئاشتی لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم کۆبونەوە و وە لە هەمان پرۆسەشدا دەبوایە نەخشەی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە بکێشنەوە. کۆنفرانسەکە لە شاری ڤێرسای (VERSAILLES[2]) لە دەرەوەی پاریس بەسترا. بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام بوو، واتە لە کانوونی دووەم تا تەمموزی ١٩١٩. سی وڵات تیایدا بەژداربوون، بەڵام گفتوگۆکان لە لایەن هەرچوار وڵاتی زلهێزەوە کۆنترۆڵ کرابوو، ئەو دەوڵەتانەش بریتیی بوون لە: بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. سەرۆک وەزیران دەیڤید لیۆد جۆرج نوێنەرایەتی بەریتانیای دەکرد لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی دیاری وڵات وەک، سیر ونستن چێرچل و ئابوورییناس

---

[1] کۆنگرەی ئاشتی پاریس: ئەم کۆنگرەیە دوای کۆتایی هاتن بە جەنگی یەکەمی جیهانی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لە (٦ی شوباتی ١٩١٩ز) بەسترا. ئامانجیش لە بەستنی ئەم کۆنگرەیە چەسپاندنی ئاشتی جیهانی بوو لە جیهان و ئاوڕدانەوە بوو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە تێکشکاوەکانی جەنگ لەو کۆنگرەیەشدا نوێنەری زۆربەی وڵاتانی جیهان و گەلانی بەشخوراو بەشداریان کرد. گەلی کوردیش بۆ ئەو کۆنگرەیە جەنراڵ شەریف پاشا بوە نوێنەری کە ڕاپۆرتێکی پێشکەش بە کۆنگرە کرد. هەروەها لە (٦ی شوباتی ١٩١٩ز) چاوی بە سەرۆکی کۆنگرە کلیمانسۆ سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا کەوت و لە سەر مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد بیروڕای ئاڵوگۆڕ کرد، بەڵام کۆنگرەکە بە هیچ شێوازێک ئاوڕی لە مافی گەلی کورد نەدایەوە. لە کاتێکدا مافی گەلانی وەک (ئەرمەن و عەرەب) لەبەر چاو گیرا، چونکە کورد لە جەنگەکەدا لە بەرەی دەوڵەتانی ناوەند بوو.

[2] پەیمانی ڤێرسای: ئەو پەیمانی ئاشتییە بوو کە لە ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٩ لە کۆشکی ڤێرسای لە پاریس لایەنەکانی شەڕی جیهانیی یەکەم واژۆیان کرد و کۆتاییان بە شەڕ هێنا، ئەگەرچی ئاگری شەڕ پێشتر لە ١١ی تشرینی دووهەمی ١٩١٨ کوژابووەوە. ئەم پەیمانە ڕێکەوتی ١٠ی کانوونی دووهەمی ١٩٢٠ خرایە قۆناغی جێبەجێبوونەوە. ئەم پەیمانە لە ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٩ لە کۆشکی ڤێرسای لە پاریس لایەنەکانی شەڕی جیهانیی یەکەم واژۆیان کرد و کۆتاییان بە شەڕ هێنا، ئەگەرچی ئاگری شەڕ پێشتر لە ١١ی تشرینی دووهەمی ١٩١٨ کوژابووەوە. ئەم پەیمانە ڕێکەوتی ١٠ی کانوونی دووهەمی ١٩٢٠ خرایە قۆناغی جێبەجێبوونەوە.

جۆن مەینارد کەینس. جۆرج کلێمێنسوا نوێنەرایەتی فەڕەنسای دەکرد، وە سەرۆک وەزیران ڤیتۆریۆ ئۆرلاندۆ نوێنەری ئیتاڵیا بوو. ڕوسیا بانگهێشتی کۆبونەوەکە کرابوو، بەڵام حکومەتی نوێکەی بەلشەڤیک ڕەتیکردەوە کە بەژدار بێت. هێزە گرنگە دۆڕاوەکانی- ئەڵمانیا، نەمسا، هەنگاریا، تورکیا و بولگاریا- بانگهێشت نەکرابوون. لەو کاتەدا دوو ئیدارەی تورکی هەبوون: سوڵتان لە ئەستەنبۆڵ و پەڕلەمانی نیشتیمانی لە ئەنقەرە، هیچیان تیادا نەبوون.

ولسن سەرۆکایەتی نوێنەرانی ئەمریکای دەکرد، بەڵام هەر لە دەسپێکی کۆبوونەوەکاندا نەخۆش کەوت. وەک خانەخوێ، وە بە نەخۆشکەوتنی ولسن، کلێمەنسوا ڕۆڵی سەرەکی بینی. ئەو خاوەن کەسیەتیەکی بەهێز بوو و خەڵک لێی دەترسان کە پێی وابوو بڕیاری دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسین زۆر کەمتر بایەخی هەیە بەبەراورد لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی وڵاتە زیان پێگەیشتوەکان و دادپەروەریی. فەڕەنسا وڵاتێکی کرداریی بوو، کەمتر گرنگی بە پرەنسیپی ئەخلاقی دەدا بەبەراورد لەگەڵ گێڕانەوەی زیانەکانی جەنگ. بەتایبەتی، کلێمێنسوا بەدوای دەستەبەری ئاساییش سنووردا دەگەڕا. وە هەروەها داوای کرد کە دەبێت ئەڵمانیا تاوانبار بکرێت و بەرپرسیاریەتی تەواو بگرێتە ئەستۆ لە بەرپاکردنی جەنگ و قەرەبووی سەرجەم وڵاتە زیانپێکەوتوانی هاوپەیمانان بداتەوە.

وڵاتانی پەرۆشی دەوڵەتبوون بانگهێشت کرابوون بۆ ئەوەی لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریس کەیسەکانیان پێشکەش بکەن. لۆرێنس یەکێک بوو ئەندامی نوێنەرانی وڵاتانی عەرەب. هۆ چی-مینە لە کۆنفرانسەکەدا داوای کرد کە سەربەخۆیی بدرێت بە ڤیێتنام. هەروەها کوردیش نوێنەری لەم کۆبوونەوەیەدا هەبوو. ئەوان لە دیاریکردنی سنووری سیاسی و کارگێڕی ناوچە کوردیەکان پێک نەهاتن. هەروەها کورد لە پەرۆشی دروستکردنی دەوڵەتیش کێشەیان تێکەوت. هەندێکیان داوای کوردستانی سەربەخۆیان کرد. ئەوانی تر شوێنێکیان لە ناو وڵاتی تورکیادا دەویست، کە وەک دولەتۆچکەیەکی

ئیمپراتۆریای عوســــمانی وێنا دەکرا. ئەوان وایان دەبینی کە لەناو تورکیابوون، بەهۆی ئەوەی زۆرینەی موسڵمانن، مافی هاولاتیبوونی یەکسانیان بۆ فەراهەم دەکات. گروپێکی تر جەختیان لە ســــەر ئەوە دەکردەوە کە پێویســــتە لە لایەن دەوڵەتانی گەورەوە بپارێزرێن، بەبێ گوێدانە دیاریکردنی سنوور. بەگشتی، کورد شکستیان هێنا بەڕوونی بیرۆکەیەکی نوێی هەبێــت بۆ داهــاتوویــان، وە ســــەرەڕای ئەمــانەش نەیتوانی ســــەرکردایەتیەکی باوەڕپێکراو لە کۆنگرەی ئاشــــتی پاریس ڕێکبخەن. ئاغا کوردەکان بەدوای بەرژەوەندی ناوخۆیی کەوتن لە جیاتی ئەوەی بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەکەیان لەبەر چاو بگرن.

شــەریف پاشــا لە جیاتی کوردانی ئەســتەمبوڵ بەژداری کردبوو. ئەو پێشــنیاری سنوورەکانی کوردستانی باکووری بەم شێوەیە کرد: "سنوورەکانی کوردستانی تورکی، لە ڕووی بۆچوونی مرۆڤزانییەوە، لە باکوور دەستپێدەکات لە زیڤەن، لە سەر سنووری قەوقاز، وە بەردەوام دەبێت بەرەوە ڕۆژئاوا بۆ ئەرزەڕوم و ئەرزینجان و کەما و ئاراپگیر و بەسنی و دیڤێجیک؛ لە باشوور لە سەر هێڵەکە بەردەوام دەبێت لە حەڕان، گردەکانی سینیژهەڕ، تەل عەسفەر، هەولێر، سلێمانی، ئاکک-ئەل-مان، سینە؛ لە ڕۆژئاواوە، ڕواندز باشــکالە، وەزیر کالە، بە واتایەکی تر ســنووری فارس بە درێژایی چیای ئارارات.(٣٤) هەندێک کورد سنووردانانەکەی شەریف پاشایان ڕەت کردەوە، داوی سنووری زیاتریان دەکرد. ئەمین عالی بەدرخان، نەخشــەیەکی بەدیلی پێشــنیار کرد کە شــاری وان و دەرچەی دەریایی تێدا بێت.(٣٥) جیاوازیەکان بووە هۆی گفتوگۆیەکی گەرم لە نێوان ســەربەخۆیی دژی ئۆتۆنۆمی. شــەریف پاشــا زۆر بە توندی پشــتگیری دروســتبوونی کوردســتانی تورکی کرد. دەســتەکەی بەدرخان داوای ســەربەخۆیی کرد. ئەم دەســتەیە دەست هەڵگرتنەکەی شەریف پاشا لە بەشێکی زۆری خاکی کوردستان مەحکوم کرد، داوای دەســتلەکارکێشــانەوە و دورخســتنەوەیی وەک ســەرۆکی پارتی تەعالی کۆماری کوردســــتانیان دەکرد. لە نێوان ئەو تورەییە زۆرەدا، شــــەریف پاشــــا دەســــتی

لەکارکێشایەوە. جێهێشتنەکەی مانای ئەوە بوو کە هیچ نوێنەرێکی کورد لە کۆنفرانسی ئاشـــتی پاریس بوونی نیە. ســـەید عبدولقادر بروســـکەیەکی نارد کە تیایدا مافی پرۆتەستۆکردنی هەر بڕیارێک کە کاریگەری لە سەر کورد هەبێت، بپارێزێت.

هەروەها پەیوەندیەکانی کوردی-ئەرمەنیش گرژیی تێکەوتبوو، بەتایبەتی بۆ ئەو ڕۆڵەی کوردەکـان گێڕایـان لە دژی دەرکردن و کوشـــتنی ئەرمەنەکـان. کورد داوای کۆنترۆڵکردنی دوو شـــاری دیرینی بنەڕەت ئەرمەنی کرد کە موش و ئـاگری بوون، لەوکـاتەی داوای ئەرمینیەکـانیـان پەســـەنـد کرد بۆ داواکردنی ویلایەتی ئەرزەڕوم و ساسون.(٣٦) سەرەرای جیاوازی زۆر لە نێوان کورد و ئەرمەن، توانیان بگەنە بڕیارێکی هاوبەش و بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد.

تورکەکان بە توندی لە پەرتبوونی سنووری عوسمانی بێزار بوون. چواردە خاڵەکە بوون بە بنەمای وەســـتاندنی ئەڵمانەکان و ناچاربوون خۆیان بە دەســـتەوە بدەن، بەو شێوەیەی کە لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس لە ساڵی ١٩١٩ گفتوگۆی لە بارەوە کرا،

"کۆمەڵگای بەرگریکردن لە مافەکانی ڕۆژئاوای ئانادۆڵ کۆبوونەوەیەکی دوو هەفتەیی لە شـــاری ئەرزەڕوم لە بەرواری ٢٣ تەمموزی ١٩١٩دا بەســـت. کۆمەڵگاکە بڕیارێکی دەرکرد کە پێداگریی لە سەر ئەوە دەکات کە شەش ویلایەتی ڕۆژئاوایی بەشی دانەبڕاوی ئیمپراتۆریای عوسمانین و دەبێت وەک پێکهاتەی بەشێک لە خاکی تورکیا بمێننەوە. ماددەی شـەش لە کۆبوونەوەکەدا ئەمەی ڕەت کردەوە: "دابەشـــکردنی خاک و لێک جیاکردنەوەی ئەو خەڵکەی لەناو ئەو ســـنوورەی کە بە هۆی وەســـتانی جەنگی جیهانییەوە کێشـــراوە لە بەرواری ٣٠ تشـــرینی یەکەمی ســـاڵی ١٩١٨دا و لە ڕۆژئاوای ئەنەدۆڵ، هەروەها لە هەرێمەکانی تریشدا، کە دانیشتوانەکەی لە زۆرینەی موسڵمان پێک هاتوون و بە شێوەیەکی فەرهەنگی و ئابووری پەیوەستە بە موسڵمانانەوە".(٣٧)

زۆربەی کوردەکان نەیاندەویســـت کوردســـتان بکەوێتە ناو ســـنووری تورکیا. لەو کاتەی حوکمی تورکەکان ڕە دەکرایەوە، کورد دابەشـبوونی کوردســـتانیشـیان بۆ بەرژەوەندی بەریتانیا و فەڕەنســـا ڕەت دەکردەوە و نەیاندەویســـت بکەونە ژێر کاریگەری ســـنووری

ئەوان. بەڵام پاش چوار ساڵی درێژ لە جەنگ، بەریتانیا توانای سەربازی و سەرچاوەیی و نیازی سیا سی لەدە ست دا بۆ درو ست کردنی کورد ستان وەک ناوچەیەکی یەکگرتوو لەژێر فەرمانڕەوایی خۆیدا. بەریتانیا تەنیا ویســــتی میزۆپۆتامیا بپاریزێت، کە دەکاتە عێراقی ئێســـتا. کورد هەڵبژاردەی باشـــیان لە پێش نەبوو. لە ســـیناریۆیەکدا، کورد دەبوون بە خاوەنی ئۆتۆنۆمی لەناو تورکیا. لەوەی تردا، کوردســــتان دابەش دەکرا لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنســـادا. هەروەها یەکگرتنی ســـنووره کوردیەکانیش خرایە پێش چاو. بە هەردوو ڕێگاکە، کوردەکان سەیری دابەشبوونێکیان دەکرد. بەریتانیا و فەڕەنسا بۆچونێکی ئەلتەرناتیڤیان بۆ سایکس-پیکۆ پێشکەش نەکرد.

گفتوگۆکانی پاریس هەروا و بەبێ پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوەکان ســـەریان هەڵنەدا. ئەم گفتوگۆیانە لە ئەرزی واقیعدا لەژێر کاریگەری چەندین ڕووداودا بوون، کە لە پشـــت کۆنترۆڵی نوێنەره کان بوون. هاوپەیما نان لە ١٦ ئازاری ١٩١٩دا، ئەســــتەمبۆڵ یان داگیرکرد. هێزەکانی ئیتاڵی لە ٢٨ی ئازاری ١٩١٩ گەیشـــتنە شـــاری ئەنتاڵیا. هێزە یۆنانیەکان لە ئایاری ١٩١٩ گەیشـــتنە ســـمیرنا، بۆ دەســـتپێکردنی جەنگی یۆنانی- تورکی (١٩١٩-١٩٢٢). ئەم هێرشانە بوونە هۆی جەنگی تورکیا بۆ سەربەخۆیی.

موســـتەفا کەمال ئەتاتورک[١]، دامەزرێنەر و یەکەم ســـەرۆکی کۆماری تورکیا، لە ســـاڵی ١٩١٩ بەیاننامەی (ســـیڤاس)ی دەرکرد.(٣٨) بەیاننامەی ســـیڤاس لێدوانێک بوو

---

[١] موســـتەفا کەمال ئەتاتورک: خۆی ئەفســـەرێکی ســـوپا بوو بە پلەی جەنەراڵ (فریق اول) لە ســـوپای عوســـمانیەکاندا، دامەزرێنەری کۆماری تورکیا و یەکەم ســـەرۆک کۆماری تورکیا یە لە ڕێکەوتی ١٩ ەی مەی ساڵی ١٨٨١ز لە تێسالۆنۆکی، (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) لە دایک بوو. لە ساڵی ١٩٣٨ لە (ئیستەنبول) کۆچی دوایی کردووە. لە ســـەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم دا ســـەرباز بووە لە لەشـــکری ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی وە دواتر بووەتە ســـەرلەشـــکر، دووایی هێرشـــی دەوڵەتان بۆ ســـەر ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی و شکستیان ئەتاتورک لە سوپای عوسمانی دەبێتەوە وە بەهۆی خێڵە کوردییەکان ڕزگار دەبێت. لە سەرەتای دەستهەڵاتی وەک سەرۆک کۆمار بەڵێنێکی زۆری بە کورد دا، بەڵام دواتر خاوەنی قسەی خۆی نەبوو و هیچ

دەربارەی پرەنســـیپە نەتەوەییەکان کە ئامانجی ڕاســـتەوخۆی لە ســـەر جوداخوازە کوردەکان بوو. پلانی یەکپارچەیی خاکی تورکیای دوپات دەکردەوە. 'سیڤاس' سیاسی کوردی و ناســـنامەی فەرهەنگی ســـنوردار کرد. کاتێک کوردەکان ویســـتیان حیزبی دیموکراتی کوردی دابمەزرێنن، ئەتـاتورک مـافی تۆمـارکردنی ڕەســـمی ڕەتکردەوە. کوردەکان دەســـتگیرکران و بە تۆمەتی چالاکی جوداخوازی لە ســـێدارەدران. لەکاتی بەرەنگاربوونەوەی کوردەکاندا، ئەتاتورک هەوڵیشـــی دەدا کە لە خشـــتەیان ببات بە بیانووی پشتگیریی موسڵمانان. ئەو زۆر بە لێزانانە کوشتنی کورد لە لایەن یۆنانیەکان لە ســـیمرنا و ململانێی نێوان کوردە موســـڵمان و ئەرمەنەکان لە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ بەیەکتر بەستەوە.

---

بەڵێنێکی جێبەجێ نەکرد. نازناوی ئەتاتورک بە تورکی واتە "باوکی تورکان"، لە ســـاڵی ١٩٣٤دا پێی بەخشـرا کاتێک یاســای نازناو کرا بە زۆر لە تورکیادا، وە کەس بۆی نیە ئەو نازناوە بەکار بهێنێت کە تەنها نازناوێکە ڕێگە پێنەدراوە بۆ کەسی تر.

## پەیمانی سیڤەر[1]

پەیمانی ڤێرسای لە ٢٨ی حوزەیران کۆتایی پێ هات و لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩بڵاوکرایەوە. ئەم پەیمانە دووبارە نەخشەی ئەوروپای دارشتەوە، ولاتانی وەک پۆلەندا، فینلەندا، نەمسا، هەنگاریا، چیکسلۆڤاکیا، یوگسلاڤیا، ئەستۆنیا، لاتڤیا و لیتوانیای دروست کرد. هەروەها توانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دابەش بکات بۆ چەند ناوچەیەکی ژێر کاریگەری وڵاتە زلهێزەکان، هەروەک لە ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆدا جێگیرکرابوو. ویلایەتەکانی بەغداد و بەسرا خرانە سەر بەریتانیا؛ بەریتانیا، ئوردن و فەلەستین و ئەوەی ئێستا پێی دەوترێت عێراق و کوێت، داگیر کرد. فەرەنسا وازی لە ویلایەتی موسڵ هێنا و دەستی بەسەر ئەوەی ئێستا پێی دەوترێت سوریا و لوبناندا گرت. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئینتیدابی پێشکەش بە کورد کرد، بەڵام ولسن بەرپرسیارەتیەکەی نەخستە ئەستۆی خۆی. ئەو نەیدەویست ئەمریکا ببێتە هێزێکی داگیرکەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. باسکردنی مەسەلەی کورد دواخرا بۆ گفتوگۆکانی داهاتوو لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسادا. یەکێتی نەتەوەکان وەک ڕێکخستنێکی گشتی ئاسایشی نێودەولەتی دەبینرا کە نیازی ڕێگریکردن بێت لە ڕوودانی جەنگ و مەسەلەی دادپەروەری نێودەوڵەتی چارەسەر بکات.

پەیمانەکە بەرهەمی کارەکانی دوریەوە و توانی ئەڵمانیا ملکەچ بکات و نەیهێشت سەرمایەی بنیاتنانەوەی وڵاتەکەی بگاتە شوێنی مەبەست. [ماددەی ٢٣١]، لە برگەی تاوانباریی جەنگ، ئەڵمانیای بە بەرپرسیاری جەنگی جیهانیی یەکەم ئەژمار کرد و

---

[1] پەیمانی سیڤەر (Sèvres): پەیمانێکی ئاشتی بوو لە نێوان دەوڵەتانی فەرەنسا، بەریتانیا، ئیتاڵیا و ژاپۆن و هاوپەیمانان لە کۆتاییی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ بەسترا. نوێنەری کورد شەریف پاشا بوو و بە گوێرەی ئەو پەیمانە بەریتانیا دەیویست بەشی کوردستانی باکوور لە تورکیا جیابکاتەوە و ولایەتی موسسەداملیشی بخاتە سەر و دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ بۆ کورد لەژێر سەرپەرشتیکردنی خۆیدا دابمەزرێنێت.

ناچار بە پرەنســـــیپەکانی قەرەبوکردنەوەی دەوڵەتە زیانلێکەوتوەکان کرد. ئەنجومەنی باڵای ســەرەکی هێزی هاوپەیمانان- بەریتانیا، فەرەنسـا و ئیتالیا- لە ئیتالیا لە نیسـانی ١٩٢٠ لە شـــاری ســـان ڕیمۆ کۆبونەوە. کۆنفرانســـی ســـان ڕیمۆ دەرفەتێک بوو بۆ بەدەســتهێنانی بۆچوونێکی یەکگرتوو لە ســەر ڕێکخســتنی ســنوورەکانی عوســمانی و مەرجەکانی ڕێککەوتنامەی ئاشتی لەگەڵ تورکیا. ئەتاتورک لە سەر ئەوە سوور بوو کە هاوپەیمانان تەنیا لەگەڵ ئەنقەرە گفتوگۆ دەکەن نەوەک سەلتەنەتی عوسمانی. لە ٢٣ی نیســـانی ١٩٢٠دا، ئەتاتورک عوســـمانیەکانی لابرد، ئەنقەرەی وەک پایتەختی نوێی دەوڵەتی تورکی ڕاگەیاند، وە ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیایە کۆکردەوە.(٣٩)

کورد دەیویســـت لە گفتوگۆکاندا دەنگی خۆی هەبێت. پارتی تەعالی کۆماریی کوردســـتان یاداشـــتنامەیەکیان بۆ نوێنەرانی کۆنفرانســـی ســـان ڕیمۆ نارد و داوای کوردســتانێکی ســەربەخۆیان کرد. لە هەوڵدانێکدا بۆ فراوانکردنی بەزۆری ســنوورەکانی ئەرمینیا، تیایدا نەخشــەی کوردســتانیشــی گرتەوە.(٤٠) هاپەیمانان ڕێککەوتن لە ســەر پرۆســەیەک بۆ باسـکردن لە ســەر مەســەلەی کورد. "لێژنەیەک لە لایەن حکومەتەکانی بەریتانیا، فەرەنســـا و ئیتالیادا دیاریکرا" دەســـەڵاتی پێدرا پەرە بە "پلانی ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی ســـنووری ناوچە زۆرینە نشـــینە کوردیەکان، ڕۆژئاوای فورات، باشـــووری سنوورەکانی ئەرمینیا، باکوری باکوری سنوری سووریا، میزۆپۆتامیا"، بدرێت. ئەوان لە ســـەر ئەوە ڕێککەوتن کە کورد دەبێت مافی ئەوەی پێبدرێت داوای ســـەربەخۆیی لە یەکێتی نەتەوەکان بکات لە ماوەی یەک ســـاڵ و ویلایەتی موســـڵ بە کوردســـتانەوە دەلکێنرێت لەکاتی ڕوودانی ســـەربەخۆییدا.(٤١) لە بەرواری ١١ ئایاری ١٩٢٠دا، ئەم پەیمانە ڕادەستی نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانیەکان کرا وەک شتێک کە بڕیاری لە سەر دراوە و دەبێت جێبەجێبکرێت.

بەشی یەکەمی پەیمانەکە ناوەڕۆکێکی زۆری لەخۆی گرتبوو. لە ماددەی ٦٢دا بەم شێوەیە باس دابەشبوونی سنوور کرابوو:

"لیژنەیەک لە  سێ ئەندام پێکدێت کە لە (٣) کە سایەتی (بەریتانی وفەرەنسا وئیتالیا)کە حکومەتی ئەو سـێ دەوڵەتە دیاری دەکەن ،مەڵبەندی لیژنەکەش شـاری (ئەسـتەمبۆل)دەبێت، ئەم لیژنەیەش پێویسـتە لەماوەی شـەش مانگدا کارەکانیان ئەنجام بدەن ،کارەکەشـیان ئامادەکردنی یاسـایەکە بە مافی فەرمانڕەوایی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردسـتان کە زۆرترینی دانیشـتوانی کوردن کەکەوتۆتە ڕۆژهەلاتی فورات وباشوری سنوری ئەرمینیا و باکوری سنوری سوریا و عێراق".(٤٢)

ئەم نەخشـەیە خەراپوت، دەرسـیم، هەکاری و سـیرتی لەناو نەخشـەی کوردسـتاندا دیاریکردبوو، وە دیاربەکریش وەک پایتەختی کوردسـتان. ناوچە کوردنشـینەکانی ڕۆژئاوای فورات، وەک ئادیامان، مالاتیا، ئەلبیسـتان، دارینده و دیڤریک، خرابوونە ژێر ناوچەی بەرژەوەندی فەڕەنسا".

لە [ماددەی ٦٣]دا هاتبوو: "دەوڵەتی عوسمانی پەیمان دەدات بەپێ ی بڕیارەکانی لیژنەی ناوبراو کەلەبەندی (٦٢)دا هاتووە دوو لیژنە ئامادەبکات و لەماوەی سـێ مانگدا دوای دەرچوونی ئەم بڕیارانە بڕیاری پێویست جێ بەجێ بکات. (٤٣)

[ماددەی ٦٤] زیاتر کاری لە سەر مەرجەکان کرد:

ئەگەر گەلی کورد لەو ناوچەیەی کە لەو ناوچەیەی بەندی (٦٢)دا هاتووە لەماوەی سـاڵێکدا ڕووی کردە کۆمەڵەی نەتەوەکـان و زۆرترینی دانیشـتوانی نـاوچەکە ئـارەزووی جیـابوونەوەیـان کرد لەتورکیا، وە ئەگەر کۆمەڵەی نەتەوەکان زانیان ئەم گەلە شـایانی ئەم سـەربەخۆییەن ئەوا کۆمەڵەی نەتەوەکان ئامۆژگاری تورکیا دەکات بۆ ئەم مەبەسـتە تورکیاش ئەم ئامۆژگاریانە جێ بەجێ بکـات، بەوەی وازدەهێنی لەهەموو مـافەکـانی خۆی لەو نـاوچـانەی کە ئەم پەیمـاننـامە دەیگرێتەوە، ئەگەر ئەم وازهێنانەش لەکاتی خۆیدا جێ بەجێ کرا ئەوا هێزە هاوپەیمانەکان هیچ کۆسـپێـک نـاخەنە بەردەم ئەو ڕێگـایەی کە دەبێتە هۆی یەکگرتنی ئەو دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆییەی لەگەڵ ئەو کوردانەی لە ویلایەتی موسڵیشدا دەژین. (٤٤)

مەسـەلە پڕ کێشـەکەی سـنووری ئەرمینیا لەگەڵ کوردسـتان دواخرا. هەروەها لێژنەی دیاریکردنی سنووریش پلانی دانا بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان کوردستان و فارس. لە کۆتاییدا، [ماددەی ٨٩] بەم شێوەیە مەرجی دانا:

"توركیا، ئەرمینیا و لایەنە بژداربوەکان ئەوە پە سەند دەکەن کە سنووری نێوان ئەرمینیا و تورکیا لە ویلایەتەکـانی ئەرزەروم، ترابزۆن، وان، و بتلیس لە لایەن ســـەرۆکی ویلایەت یەکگرتوەکـانی ئەمریکاوە ناوبژیوانی دەکرێن. ئەوان بڕیارەکەی و هەر ڕوبەرێک کە ئەو پێشـنیار بکات بۆ چونە ناو دەریاوە لە لایەن ئەرمینا و کشـــاندنەوەی هەر هێزێکی ســـەربازی لەو ســـنوورانەی کە ئەو دیاری دەکات، پەسەند دەکەن." (٤٥)

سیڤەر بە فەرمی کوردستانی وەک شوێنێکی فرەنەتەوە دیاریکرد. پەیمانەکە بڕگەیەکی تیادا بوو کە گەرەنتی پاراســـتنی ڕەگەز و کەمایەتیە ئایینیەکان، لەگەڵ ئاماژەدانی تایبەت بە ئاشووری و کلدانیەکان، جێگیر کردبوو. لەگەڵ ئەمەشدا سیڤەر پێناسەیەکی تایبەتی پێشـــکەش نەکرد ســـەبارەت بە مافی کەمینەکان لە ڕووی خۆبەڕێوەبردن، کۆنترۆڵی ســامانە ســروشــتیەکان، یان مافە فەرهەنگیەکانی وەک بەکارهێنانی زمانی کەمینەکان.(٤٦)

پەیمانی ســـیڤەر لە بەرواری ١٠ی ئابی ١٩٢٠ واژووکرا. بە شـــێوەیەکی فەرمی ئیمپراتۆریای عوسمانی سڕیەوە. سیڤەر پێویستی کرد کە تورکیا دەسبەرداری هەموو ئەو بانگەشــانە بێت کە پەیوەندیان هەبوو بە ســنووری ئاســیای عەرەبی و ئەفریقیای باکوور. یۆنان کۆنترۆلی ڕۆژهەلاتی ثراســـی، دوورگەکانی ئەگین، وە کە ناراوەکانی ڕۆژئاوای ئانادۆڵی پێدرا. وە ئەو پارچەیەی کە مایەوە بەر تورکیا کەوت.

## ڕەتکردنەوە

پەیمانی سـیڤەر لەگەڵ نوێنەرەکانی فەرید پاشـادا گفتوگۆی لە سـەر کرا، کە لە لایەن بەریتـانیـاوە لە ئـازاری ١٩١٩ وەک وەزیر دانرابوو. ئەتـاتورک گـاڵتەی پێـدەکرد و بە "کۆیلەی هاوپەیمانان، ڕەتکردنەوەی دەســـەڵاتەکەی بۆ گفتوگۆکردن لە جیاتی تورکیا" دادەنا. ســـیڤەر لە لایەن بریکارەکانی پاشـــاوە مۆرکرا، کە لەم کەســـایەتیانە پێک هاتبوون: ڕەشید خالسی وەزیر، هادی پاشای باڵیۆز ڕەزا تۆفیق و داماد فەرید پاشا. ئەتاتورک یەکسەر ڕەتیکردەوە و بەکاریهێنا بۆ جۆشدانی جەنگی سەربەخۆیی.

پەیمانی نیشتیمانی، هەروەها بە سوێندی نیشتیمانیش ناسرابوو لە بەرواری ٢٨ کانوونی دووەمی ١٩٢٠ لە دوایین دانیشــتنی پەرلەمانی عوســمانیدا ڕاگەیەنرا.(٤٧) ئەم بڕیارە تەواوکەری ڕاگەینراوەکانی کۆنگرەی ئەرزەڕوم و ســـیڤاس بوو، کە پێداگری لە سەر سەروەری خاکی تورکیا و مافی چارەی خۆنوسین دەکردەوە. داوای سەربەخۆیی لە دەوڵەتە زلهێزەکان و دەسـتبەسـەرداگرتنی ناوچە ناعەرەبیەکانی دەکرد. "ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانی، وە وڵاتانەی کە زۆرینەی عەرەبنشینن، بەگوێرەی ڕاگەیەنراوەکانی هێزە هاوپەیمانەکان یەک بگرنەوە و داوایان لێدەکرێت کە پەرە بە مافی حوکمی زاتی و تەشــکیلکردنی وڵاتێکی دابەشــنەکراو بدەن. تورکیا دەبێت قاییل بێت بە پاراستنی مافی سەروەریەکانیان و مەرجی سەرەکی بوونیان وە گەشەسەندنی هەموو دەوڵەتە سەربەخۆکان".

ئەم پەیمانە لە شـــەش خاڵ پێک هاتبوو. ماددەی یەکەم دەســـتبەرداربوونی بەریتانی بوو لە میزۆپۆتامیا و بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕێکخستنی دوای جەنگ کە لە لایەن هاوپەیمانانەوە پلانی بۆ دانرابوو. ماددەی دووەم دروســتبوونی دەوڵەتێکی ئەرمەنی لە ژێر دەســـەڵاتی ئەمریکیـدا لە بـاکووری ڕۆژهەڵاتی ئەنـادۆل ڕەتکردەوە. ماددەی ســـێیەم دەســـتبەرداری داوای یۆنانیەکان بوو. ماددەی چوارەم بەرەنگاری داواکاریەکانی بەریتانی بووەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەربەندی دەریایی. ماددەی پێنجەم

جەختی لە سەر مافی کەمینەکانی موسڵمانان دەکردەوە، شانبەشانی مافی مەسیحیەکان. خالّی شەشەم و کۆتایی داگیرکردنی بە هەموو شێوەکانیەوە ڕەتکردەوە. ئەتاتورک ڕایگەیاند: "ئەمە دەست و پەنجە ئاسنینەکانی ئێمەن کە سوێندی نیشتیمانی دەنوسنەوە کە تیایدا پرەنسیپی سەرەکی ئێمەیە بۆ سەربەخۆییەکەمان بۆ ناو لاپەڕەکانی مێژوو تۆمار دەکەن." (٤٨)

سوێندی نیشتیمانی کاردانەوەی ڕاستیەکانی گۆڕەپان بوو. هێزەکانی ئەتاتورک لە بەرەکانی جەنگدا سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا. ئەوان بەرپەرچی هێرشی یۆنانیەکانیان دایەوە لە ڕۆژئاوای ئانادۆڵ ڕۆژهەڵاتی ثرەیس، هاوڵاتیانی مەدەنییان قەتولوعام کرد و بایەخی (سمیرنا)یان نەهێشت. جەنەڕاڵ عیسمەت ئینونو دوایین سەرکەوتنەکانی بەسەر یۆنانیەکان لە کانوونی دووەمی ١٩٢١ ڕاگەیاند. هێزەکانی ئەتاتورک باندەکانی ئەرمینیایان کردە ئامانج، دووبارە شاری قارس و ناوچەکانی تری کەناراوەکانی باکوور دەریای ڕەش و ڕۆژئاوای دوور کە لە ساڵی ١٨٧٧ەوە لەدەست درابوون، گەڕێنرانەوە. ئەنقەرە و بەلشەڤیک لە سالی ١٩٢١ پەیمانێکی دۆستایەتیان مۆر کرد.

فەڕەنسا و بەریتانیا چیتر نەیانتوانی ئەجێندا نەتەوەییەکانی تورکیا و سەرکەوتنەکانی لە بەرەکانی جەنگدا فەرامۆش بکەن. ئەوان تەسلیمی دیفاکتۆ بوون. فەڕەنسا یان هێزێکی گەورە پێک دەهێنێت بۆ بەرگری لە سیلیسیا و هێشتنەوەی ئەو ناوچانەی سەر بەم شوێنەن، یاخود واز لە پەیمانی سیڤەر دەهێنێت و گفتوگۆ لە بارەی پەیمانێکی نوێوە دەکات کە داواکاریەکانی تورکیا فەراهەم بکات. نوێنەری بەریتانیا، سێر م. کێثەم نامەیەکی بۆ مارکێز کێرزنی کەدەلستۆن نووسی:

"پەیمانی سیڤەر چیتر کاری پێناکرێت لە ڕووی ژمارەیەکی زۆری سەربازیی و ئەو بارە قورسە داراییەی کە هەڵیگرتووە... فەڕەنسا دەبێت لە نێوان نەیاری بەردەوامیی لەگەڵ تورکیا- کە تیایدا باشتر دەبیت کێشەکانی بە یەکجاری بەشێوەی جەنگ کۆتایی پێبهێنێت- و بەردەوامی بدات

بەو پەیوەندەی دۆستایەتیەی پێشووی؛ کە لەم دۆخەدا مەسەلەی سنوور دەبێت گرنگی لاوەکی و کێشەی سوریاش هەر بوونی نامێنێت، هەڵبژێرێت." (٤٩)

هاوپەیمانان هەردوو حکومەتی عوسمانی و ئەنقەرەیان بانگهێشت کرد بۆ گفتوگۆکردن لە سەر پێداچونەوەی پەیمانی سیڤەر بۆ کۆنفرانسی لەندەن، کە لە ٢١ شووباتی ١٩٢١دا دەستی بە کارەکانی کرد. هەروەها نوێنەرێک لە یۆنانیشەوە بانگهێشت کرابوو. بەکر سامی کوندا، یەکەم وەزیری دەرەوی تورکیا، سەرۆکایەتی وەفدەکەی ئەنقەرەی دەکرد. بە ڕەتکردنەوەی بەژداربوونی نوێنەرانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵەوە، ئەو داوای کرد کە سەربەخۆیی تورکیا بەشێوەیەکەی فەرمی دانی پێدا بنرێت. بەکر سامی دەسبەرداری پەیمانی سیڤەر بوو، پرەنسیپەکانی پەیمانی نیشتیمانی دووپاتکردەوە. "دانیشتوانی کورد خاوەنی نوێنەرایەتی تەواون لە مەجلیسی باڵای نیشتیمانی. کورد هەمیشە ئەوەی وتووە کە ئەوان بەشێکی جیانەکراوەی تورکیان. ئەم دوو نەژادە (کورد و تورک) لە ڕووی هەستی هاوبەش و فەرهەنگی هاوبەش و ئایینی هاوبەش یەکگرتوو بوون." تەنیا "بەشێکی بچووک"ی کوردەکان داوای سەروەریی دەکەن، وە ئەم کەمینەیە "بە هیچ شێوەیەک نوێنەرایەتی دانیشتوانی کورد ناکات کە لە جیاتی ئەوان قسە بکەن." (٥٠)

لەهەمانکاتتدا نوێنەرانی فەڕەنسی گفتوگۆی نهێنیان لەگەڵ ئەنقەرەدا ئەنجام دەدا. گفتوگۆکان بە ڕێککەوتنی فرانکلین-باولیۆن لە ٢٠ تشرینی یەکەمی ١٩٢٠دا گەیشتنە ئەنجام، وە لە لایەنی ترەوە بە ڕێککەوتنی ئەنقەرە دەناسرێت. ئەم ڕێککەوتننامەیە سەرکەوتنێکی ماددی و ستراتیژی بوو بۆ ئەتاتورک. جگە بۆ سوریا، فەڕەنسا دەستبەجێ دەستی لە داواکاریەکانی بۆ خاکی عوسمانی هەڵگرت. تورکیا سیلیسیا و هەندێک بەشی تری باکووری سوریای چنگ کەوت، وەک نوسەیبین و جەزیرەی ئیبن عومەر. گفتوگۆ دوو لایەنەکان گەیشتنە لوتکەی شەرعیەت و دانپیانانی نێودەوڵەتی. (٥١)

دواتر، لە بەرواری ١٦ ئازاری ١٩٢١، پەیمانی مۆســـــکۆ مۆرکرا لە نێوان دەوڵەتی تورکیای ئەتاتورکی و ڕوســـیای بەلشـــەڤی. پەیمانەکە ســـنورەکانی تورکیا، جۆرجیا، ئەرمینیا و ئازەربایجانی دیاریکرد. ڕاســـپاردەکان لە ١٣ تشـــرینی یەکەمی ١٩٢١دا لە پەیمانی قارس دوپاتکرانەوە. ئەم پەیمانانە بانگەشـــەکانی تورکیای بەدرۆخســـتەوە کە گوایە ئەرمینیا بەدوای دروستکردنی "ئەرمینیای گەورە"دا وێڵە.

هێزەکانی تورکیا دووبارە بەدرێژایی سنووری میزۆپۆتامیا جێگیر کرانەوە، دوور لە شـەڕ لەگەڵ هێزەکانی فەڕەنسـا لە سـیسـیلیا و ڕوسـیا لە کەناراوەکانی دەریای ڕەش. لەســـــاڵی ١٩٢٢ەوە، بەریتانیا متمانەی بە ســـــیڤەر لەدەســـــت دەدا، وە دووبارە بە ڕاسپاردەکانی سەبارەت بە کورد چووەوە. مەلیک فەیسەلی یەکەمی هاشمی لەوە ترسا کە کوردەکانی عێراق پەیوەندی بکەن بە تورکیا و فارســـــەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی عێراق. هەروەها فەیســـەل دەیویســـت لە ئەنجومەنی عێراقیدا بە بە بەژداری پێکردنی کورد زۆرینەیەکی سـوننە لە ئەنجومەن پێک بهێنێت. کۆکس پێشـنیارەکانی فەیسـەڵی گەیاندە ونستۆن چەرچلی سکرتێری داگیرکاریی بەریتانی.(٥٢)

ئاشتی لەگەڵ تورکیا پێویستی بە بەخشینی کوردستانی باکوور بوو بۆ ئەنقەرە. بە ئەنجامدانی ئەم کارە بژاردەکانی بەریتانیا لە میزۆپۆتامیا تەســـــک دەبوونەوە. بەریتانیا نەیدەتوانی بە متمانەوە سـپۆنسـەری دەوڵەتێکی سـەربەخۆی قەوارەی کوردی لە کوردسـتانی باشـوور بکات، لەو بەشـەکانی تری کوردسـتان بۆ تورکیا واز لێبهێنێت. هەروەها لۆرد ئارثەر بەلفۆر پەرۆش بوو ســەبارەت بە نەبوونی یەکڕیزی و ڕێکخســتنی ســیاســی لە نێوان کوردەکاندا. بەگوێرەی وتەکانی بەلفۆر، "مەســەلەی داڕشــتنی ئەم ماددەیە [ماددەی ٦٤] پێشـــــتر لە لایەن نوێنەرانی تورکیاوە بەرزکراوەتەوە لە کاتی کۆنفرانســـــەکەدا، وە ڕێی تێدەچێت ئەم ماددەیە بگۆڕدرێت بە ڕێگایەک کە هەموو ناوهێنانەکانی داهاتووی دەوڵەتی سـەربەخۆی کوردسـتان لابدات وە بەم شـێوەیە مافی

کوردانی کوردســـتانی باشــوور(له ناو ســنووری میزۆپۆتامیا) بۆ بەژداری ئەو دەوڵەتە پەک بخرێت.(٥٣)

خەلیل بەدرخان ڕووی کردە پێرســـی کۆکس. ئەو داوای چەک و تفاقی کرد بۆ یاخیبونێکی چەکداری لە دەرســـیم، دیاربەکر، بتلیس و وان. بەدرخان بەم شـــێوەیە پشـــتگیری خۆی ڕاگەیاند: "ئێمە بە دڵ و بە ڕۆح پشـــتیوانی بەریتانیاین". "ئێمە دەسـەڵاتی بەریتانیمان دەوێت، وە ئەگەر بەریتانیا هاوکاریمان بکات ئێمە لە بەشـەکەی خۆماندا دەبینە بەربەســـت لە نێوان عێراقی بەریتانی و نەیارەکانی لە ڕوســـیا و تورکیادا".(٥٤) کۆکس پێشنیاری ئەوەی بۆ چەرچل کرد کە، لەکاتی شکستی گفتوگۆکان لەگەڵ تورکیادا، بەریتانیا ناچار دەبێت بە دوای ڕێگای تردا بگەڕێت بۆ پاراستنی بوونی ئێمە" پێشـــنیارەکانی کۆکس زۆر بە توندی ڕەت کرانەوە. خەزێنەی بەریتانیا بەهۆی جەنگەوە هیچی تیادا نەمابوو. هاوڵاتیانی بەریتانی لە ململانێ بێزارن و زۆر ڕقیان لە تەڵەیەکی ترە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

## پەیمانی لۆزان[١]

هێزەکانی بەرگریکردن لە مافەکانی کۆمیتە هێزی پشـــت پێبەســـتووی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکیا بوون. لە ســـاڵی ١٩٢٠-١٩٢١، دەســـەڵاتی لە ئەنادۆڵ و کوردســـتانی باکووری یەک خســـتەوە و بەهێزی کرد، وە بۆ گفتوگۆکردن ئامادەســـازی ڕەخســـاند. تا ئەو کاتە هات نوێنەران لە شاری لۆزانی سویسری کۆببنەوە، ئەتاتورک سەرکەوتوو بوو لە بچوککردنەوەی سەڵتەنەتی عوسمانی لە ئەستەنبۆڵ وە خۆیان تاکە نوێنەری تورکیا بوون لەم کۆبونەوەیەدا. هەروەها ئەتاتورک لە مەســـــەلەی (چاناک) لە ئەیلولی ١٩٢٢دا توانی کاریگەری پەیدا بکات لە ســـــەر بەریتانیا و فەرەنســـــادا. ئەتاتورک هەڕەشـــــەی هێرشکردنە سەر هێزەکانی بەریتانیا و فەرەنسای لە دەردەنیل و ئەو دەربەندەی زەریای مەرمەرە و ئەیگیان ی بە یەکەوە دەبەســـتەوە، کرد. هێزە ســـەربازیەکانی هەردوولا لە پێشـــڕەویکردنی دەریاییدا نەجولاًن. ســـەرۆک وەزیران، دەڤید لیۆد جۆرج، بە زەبوونی دەســـتی لەکارکێشـــایەوە و دەســـەڵاتی بەخشـــیە حکومەتی نوێ. ڕووداوەکەی چاناک ســـــنوورەکانی بەریتانیا و فەرەنســـــای دیاریکرد. هاوپەیمانان براوەی جەنگی جیهانیی یەکەم بوون. هەرچۆنێک بێت، فەرەنســا و بەریتانیا دەیانویســت خۆیان لە ململانێیەکی نوێ لەگەڵ تورکیـــادا بەدوور بگرن. ئەوان هەوڵیـــان نەدا کە پەیمـــانی ســـــیڤەر جێبەجێبکرێت و پێیەوە پابەند بن.

---

[١] پەیمانی لۆزان ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣ لە کۆنگرەیەک لە ناوچەی لۆزان لە ســویســرا بەســترا، مەبەســت لەم کۆنگرەیە باسکردنی کێشەکانی نێوان تورکیا و یۆنان و بەستنی ڕێکەوتنێکی نوێی ئاشتی بوو لەگەڵ تورکیای کەمالی بۆ ئەوەی پەیمانی لۆزان شــوێنی پەیمانی ســیڤەر بگرێتەوە، ئەو پەیمانەی کە نە تورکیای کەمالی و نە هاوپەیمانان ناوەڕۆکیان جێبەجێ کردبوو، لەم کۆنگرەیەدا گەلێک بابەتی تایبەت بە کێشـــــە ناوچەیی و سیاسیەکان و چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ و سیستمی تەنکە دەریاییەکان و کێشەی سیستمی ئیمتیازی بێگانە و کێشە ئابووری و داراییەکانی وەک قەرزی گشتی عوسمانی و پاراستنی بەرژەوەندی ئابووریی بێگانە خرانە بەر باس و گفتوگۆ. کۆنگرەی لۆزان کە پەیمانی لۆزانی لێ کەوتەوە، زەبرێکی کاریگەری لە مەســەلەی کورد و کێشە ڕەواکەی داو نەی هێشت ئاوات و داخوازییەکانی کورد بەپێی سیڤەر بێتە دی.

ئەنجومەنی باڵای نیشتیمانی تورکی بە سەرکردایەتی وەزیری دەرەوە، عیسمەت پاشا نوێنەریان نارده لۆزان. لۆرد کێرزن سەرۆکایەتی کۆنفرانسەکەی لە ئەستۆدا بوو. هەر لە سەرەتای کردنەوەی وتارەکەیدا ئاماژەی بە کۆنترۆڵکردنی بەریتانیا لە ویلایەتی موسڵ کرد. ئەم قسانەی کێرزن سەرەتای گرژی و ناخۆشیەکان بوون. کێرزن عیسمەت پاشا لە سەر مەسەلەی ڕۆژهەڵات ناکۆکیان تێکەوت. بە چارەسەرنەبوونی مەوقیفی بەریتانیا و تورکیا لە سەر سنوور، کۆنفرانسی لۆزان ئەوەی پەسەند کرد کە کۆمسیۆنێکی تایبەت دابمەزرێنن سەبارەت بە کێشەی سنوور.

دەستهەڵگرتن لە ویلایەتی موسڵ تەنیا سەرەتایەک نەبوو، کورد لە ناوچەکانی تردا دەتوانرا بە ئاسانی وازیان لێ بهێنرێت. کۆکس پێشنیاری کرد:

"لەوانەیە ئەوە گفتوگۆکان ئاسانتر بکات کە ئەگەر ئێمە پەیمانی سەرەتایی بە تورکیا بدەین کە لە دۆخێکی گۆڕاودا ئێمە وازمان لە بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد هێناوە، بەو بەڵێنەشەوە کە لە پەیمان سیڤەردا هەن، وە ئامانجمان بریتییە لە یەکگرتنەوە لە عێراق تا ئەو ئەندازەیەی بە شێوەیەکی کرداری بکرێت لەژێر کارگێڕی ئاسایی عێراق هەموو ناوچە کوردیەکان لە ئەنجامی گفتوگۆکاندا بخرێنە سەر ویلایەتی موسڵ." (٥٥)

تەنانەت بە نەرمی نواندنی بەریتانیا سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کورد، هەردوو لایەنەکە لە سەر مەسەلەی ویلایەتی موسڵ گەیشتبوونە بنبەست، بە چارەسەر نەبوونی ناکۆکیەکانیان، بەریتانیا پێشنیاری نێوانگیری لە لایەن یەکێتی نەتەوەکانەوە کرد. تورکیا دژی بەژداریکردنی یەکێتی نەتەوەکان بوو لە مەسەلەکەدا، لەوە دەترسا وەک پێویست سنووری پێنەبەخشرێت. تورکیا نەک تەنیا ئەندامی یەکێتی نەتەوەکان نەبوو، بەڵکو سێر ئێریک درومەند، دبلۆماسی بەریتانی سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەکان بوو. تورکیا ڕەتی کردەوە وەک هەیکەلێکی جیهانی نێوانگیری بکات، بەڵکو پێشنیاری وەرگرتنی بۆچوونی ناوچەکەی خستە بەردەم.

بەریتانیا لەگەڵ فەیسەڵ، ڕابەری شۆڕشی عەرەب لە ساڵی ١٩١٦، پیلانی داڕشت بۆ ئەوەی بەدرێژایی سنوور لەگەڵ تورکیا ڕاپەڕن. کێشەی ئاساییش سنورێک بۆ ڕقی کورد بۆ حکومکردنیان لە لایەن ئەنقەرەوە دەکێشێت. بێباکیەکەی ئەتاتورک لەڕاسپاردەکانی سیستەمی عەلمانی[1] زیانی لە بانگەشەکەی بۆ لایەنگیری ئیسلام لە دژی حوکمی بەریتانیادا. بە یاخیبوونی کورد، کێرزن ئاماژەی بە ناسەقامگیری کورد دا. سەرۆک وەزیرانی فەڕەنسای ئاگادارکردەوە کە نوێبوونەوەی نەیاریی لە عێراق زیانی بە خستنە مەترسی ڕێککەوتنەکان گەیاندووە لە نێوان تورکیا و فەڕەنسادا، ئەمە وێڕای زیانەکانی بۆ گفتوگۆکانی لۆزان. ڕەیمۆند هانی عیسمەت پاشایدا کە پێشنیارەکانی کێرزن پەسەند بکات، کە تیایدا پرۆسەی دیاریکردنی سنووری دەگرتەوە، دووپاتی هێڵی برۆکسلی دەکردەوە کە تیایدا ویلایەتی موسڵی لە سنووری تورکیا دابەش دەکرد. عیسمەت پاشا ڕەتی کردەوە دەست لە کوردستانی باشوور هەڵبگرێت، بەڵام قایل بوو کێشەی موسڵ لە لایەن یەکێتی نەتەوەکانەوە چارەسەر بکرێت.

دانیشتنی دووەمی کۆنگرەی لۆزان لە بەرواری ٢٤ تەممووزی ١٩٢٣دا کۆتایی هات. لۆزان بەرهەمی گفتووگۆی بەژداربوان بوو، بە پێچەوانەی سیڤەر کە سەپێنرابوو. تورکیا لە یەک لایەنەوە پەیمانی لۆزانی واژووکرد. لە لایەکی ترەوە لە لایەن بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا، یابان، یۆنان، شانشینی سربیا، کرواتیا و سلۆڤینیاوە واژووکرا. هاوپەیمانان تورکیایان لەناو سنوورەکانی ئێستایدا پەسەند کرد، وە وازیان لە بیرۆکەی دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمینیا هێنا. تورکیا داواکاریەکانی خۆی کشاندەوە بۆ ناوچەکانی عەرەبی پێشوو، بە لیبیا، سودان و میسرەوە. بەریتانیا قوبرسی پێبەخشرا.(٥٦) ئیتاڵیا موڵکی دوورگەکانی دۆکۆنێسی (DODACANESE) پێ بەخشرا.(٥٧) دەردەنیل کرا بە ناوچەیەکی ئازاد و کراوە بۆ چالاکی بازرگانی دەریایی.(٥٨) لۆزان مافی ئایین و

---

[1] وشەی عەلمانیەت یاخود سیکولاریزم لە زمانی کوردیدا وشەی 'زەرکەفتی' لە جیاتی بەکاردێت، بەڵام بەهۆی کەمی بەکارهێنانیەوە، من لە تەواوی ئەم پەرتوکەدا وشەی 'عەلمانیەت'م بەکارهێناوە. (وەرگێڕ)

کەمایەتیەکانی بە پیرۆز وەســــف کرد، کارگێڕی خۆجێی و پۆلیس ڕێکخران [ماددەی ١٣]؛ ئـازادی ئـایین [مـاددەی ٣٨]؛ بەکـارهێنـانی ئـازادی زمـان بۆ کەمە نەتەوەکـان [ماددەی ٣٩]؛ کۆنترۆڵکردنی پەروەردەی ناوخۆیی [ماددەی ٤٠]؛ مافی دامەزراندن لە کارە مەدەنیەکاندا [ماددەی ٤١]؛ یاسای عورفی [ماددەی ٤٢].

ئاماژەدان بە کورد و کوردســـتان لە پەیمانی لۆزاندا زۆر بە ئاشـــکرایی فەرامۆش کرا.(٥٩) هاوپەیمانان بڕیاریاندا پەرۆشـــی دروســـتبوونی دەوڵەتی کوردی بکەنە قوربانی ئەجێندای چەند لایەنێک. لە پەیمانی لۆزان بەدواوە، کێشــــەی کورد لە تورکیا، عێراق، سوریا و ئێراندا بوو بە کێشەی مافی کەمینەکان.(٦٠)

هەروەها لۆزان شـــکســـتی هێنا لە چارەســـەرکردنی پرســـی موســـڵ، وە بەهۆی دەرەبەگایەتیەوە بڕیاری کۆتاییان دواخســـــت. لۆزان ئەو مەرجەی دانا کە "ســــنووری تورکیا و عێراق لە ماوەی نۆ مانگدا بە شـــــێوەیەکی برایانە ڕێکخســـــتنەکان لە نێوان تورکیا و بەریتانیا کۆتاییان پێ بێت، لە کاتی نەگەیشـــــتنی هەردوو حکومەتەکە بە چارەســـەرێک، ناکۆکیەکە دەبردرێتە ئەنجومەنی یەکێتی نەتەوەکان.(٦١) لۆزان قەدەغەی کرد هیچ جۆرە ڕوبەڕوبونەوەیەکی ســـەربازیی لە ســـەر مەســـەلەی میزۆپۆتامیا لە نێوان تورکیا و بەریتانیادا ڕووبدات.

تورکیا لە بەرواری ٢٣ ی ئابی ١٩٢٣دا پەیمانی لۆزانی پەسەند کرد. لە ماوەی دە مانگی دواتریشـــدا لە لایەن یۆنان، یابان و بەریتانیاوە پەســـەند کرا. پەیمانی لۆزان لە ١٦ی تەممووزی ١٩٢٣دا چەســـپێنرا. ئاشـــتی گەڕێنرایەوە و پەیوەندیە دبلۆماســـیەکانی نێوان وڵاتە بەژداربووەکان دووبارە دەســـــتیان پێکردەوە. ئەتاتورک بە خۆشـــــحاڵیەوە ئەنجامەکانی ڕاگەیاند،: "ئەم پەیمانە بەڵگەنامەیەکە کە ڕایدەگەیەنێت هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکانی چەندین سەدە، وە باوەڕی جێبەجێکردنی پەیمانی سیڤەر بۆ تێکشکاندنی نەتەوەی تورک، بە هەدەر چوون و ســـوودیان نەبوو. ئەمە ســـەرکەوتنێکی دبلۆماســـی

نەبیستراوە لە مێژووی عوسمانیەکاندا!".(٦٢) عیسمەت پاشا دوای مردنی ئەتاتورک لە ساڵی ١٩٣٨ ناونیشانی سەرکردەی نەتەوەیی پێ بەخشرا".

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی سەربازیی لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا ڕووبەڕوی تورکیا نەبووەوە. ئەمریکا یەکێک نەبوو لە واژوکەرانی پەیمانی سیڤەر و لۆزان. لە بەرواری ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣دا، تورکیا و ئەمریکا ڕێککەوتنێکی دۆستانە و بازرگانییان لە لۆزان واژوو کرد. سەرەڕای ئەمەش، پەیوەندیە دبلۆماسیەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە تا ساڵی ١٩٢٧ دەستی پێ نەکرد. ئەرمەنە ئەمریکیەکان ڕەخنەیان لە پەیوەندی لەگەڵ تورکیادا گرت، ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی جینۆسایدی ئەرمەنەکان بوو.

شکستی لۆزان لە چارەسەرکردنی دۆخی موسڵ توندوتیژی بەدوای خۆیدا هێنا. بەریتانیا "سیاسەتی پێشڕەویی" پەیڕەو کرد، هێزی بەکارهێنا بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکە. بە سەربازگەکانیان ڕاگەیاند کە سنوورەکان بگرن تا ئەو کاتەی بارەکە بە تەواوی ئارام دەبێتەوە. تورکیا ویستی لە ئەرزی واقیعدا حەقیقەت دروست بکات. کورد لەوە دەگەڕا کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر بکات و وە کەیسی ئۆتۆنۆمی بەهێز بکات. دۆخی ئاساییش لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣ و ١٩٢٤دا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو نزمبوونەوە چوو، بەهۆی هێرشە تێکەڵەکانی کورد و تورکیاوە. لە حوزەیرانی ١٩٢٣دا، بڕیاری دۆخی مەسەلەی موسڵ بردرایە یەکێتی نەتەوەکان.

لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ڕاستیەکانی دۆخەکە و ئەو شتانەی کاریگەرییان لە سەر پەرۆشی سەربەخۆیی هاوڵاتیانەوە هەیە گەیشتە ناوچەکە. کۆمیتەکە ڕاسپێردرا کە بڕیار بدات ئایا دانیشتوان دەیانویست وەک بەشێک لە عێراق یان تورکیا بمێننەوە. کۆمیتەکە جەختی لە سەر چاودێری هەردوو کەمینەی کورد مەسیحی و یەزیدیە کوردەکان کردەوە. هەروەها جیاوازی لە نێوان کوردەکاندا هەبوو. ئەوانەی لە باکووری زاپدا

دەژیـان بە شـــــێوەیەکی فەرهەنگیی و زمـانەوانیی وەک کوردەکـانی تورکیـا وابوون، لەوکاتەی کوردەکان باشووری زاپ وەک کوردەکانی ئێران بوون.(٦٣)

لە ١٨ی کـانوونی یەکەمی ١٩٢٥دا، ویلایەتی موســـــڵ درایە بەریتــانیـا. بە هەڵپەسـاردنی چارەسـەری هێڵی برۆکسـل، ڕاپۆرتەکە داوای لە بەریتانیا کرد لە ماوەی شەش مانگدا ڕێککەوتنی دوولایانە مۆر بکەن و ڕێکبکەون، وە داگیرکاری خۆی لە سەر عێراق بۆ ماوەی ٢٥ ســاڵی تر درێژ بکاتەوە. لێژنەکە داوای کرد کە "بەرپرسـانی کورد ڕەچەڵەک دەبێت بۆ کارگێڕیی وڵاتەکەیان دابمەزرێن، دادگاکان بدرێنە دەســـــتیان، لە فێرگەکاندا کورد لایەنی کارگێڕی بەدەستەوە بێت و زمانی کوردی لە هەموو شوێنەکان بە زمانی فەرمی بناسرێ".(٦٤) تورکیا لە دژی ڕاسپاردەکانی کۆمیتەکە دەنگی هەڵبڕی، ئاماژەی بەوەدا کە دەبێت دادگای باڵای نێودەوڵەتی هەمیشــــەیی لە (HAGUE) لە حوزەیرانی ١٩٢٦ بڕیاریدا کە ئەو ڕاسپاردانەی پەیوەندیان بە تورکیا و بەریتانیاوە هەیە هەڵپەسێردرێن.(٦٥)

## سیاسەتی وزە

ڕووداوەکان بە دۆزینەوەی نەوت گۆڕانکارییان بەسەر هات. کۆمپانیای نەوتی تورکی لە ساڵی ١٩١٢ بە فەرمی تۆمارکرا و دامەزرا. سەعید حەلیم، وەزیری ئەعزەمی تورکیا، ڕێگای بە کۆمپانیای نەوتی تورکیدا کە لە ویلایەتی موسڵ و بەغدادا بەدوای نەوتدا بگەڕێت. ئەم کۆمپانیایە لە سەرەتادا بە سەرمایەی (١٦٠,٠٠٠) پاوەند دەستی بە کارەکانی کرد. وەبەرهێنەرە بەریتانیەکان لە (٥٠٪)ی پشکەکانی دەست بە سەردا گرت، لە (٢٥٪)ی لە بانقی (دیوتچە)ی ئەڵمانی خاوەنداریکرا، وە لە (٢٥٪)ی تریش لە لایەن ڕۆیاڵ دەچ شێل. تورکەکان خاوەنداریەتی کۆمپانیاکەیان بەدەست نەبوو. ئەمە تەنیا ناوێکی سنووری بوو کە بۆ کەمکردنەوەی هەستی تورکیا بۆ هەڵخەڵەتاندنیان درووست کرابوو.

لەساڵی ١٩٢٠دا، بەریتانیا و فەرەنسا لە سەر ئەوە ڕێککەوتن کە فەرەنسا بەردەوام دەبێت لە خاوەنداریکردنی بانقی (دیوچە). ودرۆ ولْسن ئەم ڕێککەوتنەی پەسەند نەکرد، وە داوای کرد "سیاسەتی کراوەیی" لە سەر مەسەلەی نەوت و دەرفەتە بازرگانیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیڕەو بکرێت. ولْسن بەدوای ئازادی یەکسانی سەرمایەگوزاریی و تەکنەلۆژیی و بەرژەوەندی بازرگانی ئەمریکادا دەگەڕا، هەروەک چۆن لە لایەن کۆمپانیای(New Jersey Standard Oil Company)یەوە دەخوازرا.

کێڵگەی نەوتی بابەگوڕگور لە باکووری کەرکوک لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٧دا دۆزرایەوە. ئەم کێڵگەیە بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ نەوت و غازی بە شێوەیەکی بەردەوام لێ هەڵدەقوڵا و دەتەقیەوە، وە کۆنترۆلیش نەدەکرا. کێڵگەی نەوتی کەرکوک سەد کیلۆمەتر دریژ و دوانزە کیلۆمەتر فراوانە، کە لە کەرکوک تا موسڵ درێژ دەبێتەوە، بەڕێژەیەکی خەملێنراوی زۆر گەورە لە نەوتی یەدەگ. بابەگوڕگوڕ لە زمانی کوردیدا بە واتای، "باوکی بلێسەکان" دێت. دۆزینەوی ئەم نەوتە سەرەتای دەستپێکردنی تراژیدیای هەڵخەڵەتاندنی کورد دیاریدەکات.

# سەرچاوەکان


1. BBC News, BBC. Web14 May 2014.
2. "Levy, Jew of the Ottoman Empire." *Levy, Jews of the Ottoman Empire*. N.P., n.d. Web. 13 May 2014.
3. "List of sultans of the Ottoman Empire." *Wikipedia*. Wikimedia Foundation, 28 May 2014. Web. 29 May 2014. http://en.wikipedia.org/wiki/List_of_sultans_of_the_Ottoman_Empire.
4. "The Gulhane Decree and the Beginning of the Tanzimat Reform Era in the Ottoman Empire, 18291." Sitemaker.umich.edu. Modern Middle East Sourcebook Project, 2004. Web 13 May 2014.
5. Lost Islamic History. The Decline of the Ottoman Empire: Part 3 Nationalism.
6. http://www.iranicaoline.org/articles/bedir-khan-badr-khan-d.
7. Nezam Kendal, in A People without a Country, pp. 20-21.
8. Ozolgu, Hakan. Kurdish Notables and the Ottoman Star: Evolving Identities, Competing Loyalities, and Shifting Boundaries. Feb 2004.p.75.
9. http://www.thesis.bilkent.edu.tr/0002450.pdf.
10. Enver Pasha, Talaat Pasha, and Djemal Pasha.
11. Interview with Dogu Ergil by the author, August 9, 2014.
12. "THE TRIPLE ALLIANCE. >> The Spectator Archive," *The Spectator Archive*. N.p., n.d. Web. 13 May 2014.
13. Kili 1982 : 84 86; Shaw and Shaw 1994: 356.
14. Andersen, Andrew and Georg Egge. "Armenia in the Aftermath of Mudros: Conflicting Claims and Strife with the Beighbors." *Http://www.conflicts.rem33.com/images/armenia/restoration%20and%20terr%20issue/T3.html.*N.p., n.d. Web.
15. Kili 1982: 5 8; Lewis 1968: 239 242; Shaw and Shaw 1977: 327-328.
16. The Kurdish Problem and the Mosul Boundary: 1918-1925, By Peter Sluglett. Except from *Britain in Iraq: 1914-1932* (London: Ithaca Press, 1976).pp. 116-125.

17. http://cnsnews.com/blog/patric-j-buchanan/unraveling-skyes-picot#sthash.ZulbBWJt.dpuf.
18. Us State Department. Office of the Historian. http://history.state.gov/mile-stones/.../fourteen-points (accessed 17 Feb 2014).
19. Ibid.
20. Ibid.
21. Ibid
22. President Woodrow Wilson's Address to Congress, Analyzing German and Austrian Peas Utterances (Delivered to a Joint Session of the US Congress, February 11, 1918).
23. Ibid.
24. Ibid.
25. Ibid.
26. ww1ha.org/france/clemenceau.htm (accessed 17 Feb. 2014).
27. Remarks by German Chancellor Count Hertling to the Reichstag (24 Jan. 1918 and 25 Feb. 1918).
28. Speech by Foreign Secretary Arthur Balfour to Parliament (27 February 1918).
29. *Source Records of the Great War, Vol. VI, ed.* Charles F. Horne*, National Alumni 1923.*
30. Keegan, John (1998). *The First World War* London: Random House (UK). ISBN 0-09-1801788.
31. www.pbs.org/greatwar/.../cassdeath_pop.html (accessed 17 Feb. 2014).
32. https://www.fas.org/sgp/crs.../RS22926.pdf (accessed 17 Feb. 2014).
33. US State Department. Office of the Historian. https:/history.state.gov/milestones/…/fourteen-points (accessed 17 Feb 2014).
34. "Map of Kurdistan in 1919 Paris Peace Conference. By Alan Rawand." *Web*. 14 May 2014.
35. Alan Abdulla. "Map of Kurdistan in 1919 Paris Peace conference." March 15, 2012. Ekurd.net www,ekurd,net/mismas/articles/misc2012/3/state5992.htm.

36. Ibid
37. Article 6. Translated by Shaw and Shaw, *History,* vol. ii, p. 345.
38. Harris, George S. *Studies in Atatürk's Turkey the American dimension.* Leiden: Brill, 2009. Print.
39. Davidson, "The Turkish Diplomacy to Lausanne," Pg. 182u.
40. (FO371/5068 E4396/11/44).
41. Karabell, Zachary. "San Remo Conference (1920)." *Encyclopedia.com.* High-Beam Research, 01 Jan. 2004. Web. 29 May 2014. <http://www.encyclopedia.com/doc/1G2-3424602380.html>.
42. "Section I, Articles 1 - 260." *World War I Document Archive.* N.p., n.d Web. 14 May 2014. <http://wwi.lib.byu/index.php/Section_I, Articles_1_-_260>.
43. Ibid.
44. Ibid.
45. Ibid.
46. Satalkar, Bhakti. "Teary of SÃ ¨vres," *Buzzel.* Buzzle.com, 7 Jan. 2011. Web. 19 Feb. 2014. <http://www.buzzle.com/articles/treaty-of-severs.html>.
47. Published on 12 Feb. 1920.
48. Butler, Daniel Allen. *Shadow of the sultan's realm the destruction of the Ottoman Empire and the creation of the modern Middle East.* Washington, D.C.: Potomac Books, 2011. Print.
49. (FO371/6343/E7957, Telegram from Sir M. Cheetham to the Marques Curzon of Keddleston, 11 July 1921).
50. Mesopotamian Intelligence Report, No. 4, December 31, 1920.
51. (FO371/7781, Cable from the Colonial Office to Foreign Office, March 1922)
52. The Kurdish Problem and the Mosul Boundary: 1918-1925, By Peter Sluglett. Excerpt from *Britain in Iraq: 1914-1932* (London: Ithaca Press, 1976).pp. 116-125.
53. (FO371/6346/E3042, The Under-Secretary of State, Foreign Affairs).
54. (FO371/6346/E12643, The Residency, Bagdad, 28 October 1921).
55. Azad Aslan. "Revision of the Treaty of Sevres and Incorporation of South Kurdistan into Iraq: History Revisited." The Kurdish Globe. 4

March 2010. kurdishglobe.net/article/4675CBA36FFCCAC84FA4D422721ED321/Revision…

56. Articles 15.
57. Article 20.
58. Article 23.
59. Azad Aslan. *The Kurdish Globe.* "Revision of the Treaty of Sevres and Incorporation of South Kurdistan into Iraq: History Revisited." 4 March 2010. Kurdishglobe.net/article/4675CBA36FFCCAC84FA4D422721ED321/Revision… (Accessed 17 Feb. 2014).
60. Ibid.
61. Article 23 [item 2].
62. M. Kemal Ataturk. The Greatest Speech of 1927. http://www.mfa.gov.tr/lausanne-peace-treaty.en.mfa.
63. Commission report, Pg. 57.
64. Commission report. Pg. 89-90.
65. The Kurdish Problem and the Mosul Boundary: 1918-1925, By Peter Sluglett. Excerpt from *Britain in Iraq: 1914-1932* (London: Ithaca Press, 1976). pp. 116-125.

# بەشی دووەم

## چەوساندنەوە و زۆرداریی

## (٢)

## کورد لە عێراق

لە نیســـانی ١٩٢٠دا، حکومەتی بەریتانیا لە کۆنگرەی ســـان ڕیمۆدا ئینتیدابی عێراقی وەرگرت.(١) ئەم ئینتیدابە بە نیازی ئەوە بوو ئاســـانکاری بکات بۆ ســـەربەخۆیی ئەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر دەســـەڵاتی پێشـــووی دەوڵەتی عوســـمانی ســـەرەڕای ئەمەش دانیشـتوانی ئەم ناوچانە بوونی بەریتانیایان وەک شـێوەیەکی تری ئیمپریالیزم دەبینی. ســـەرۆک خێڵەکان دژی یاســـای خاوەندارێتی زەوی وەســـتانەوە کە لە لایەن کارگێڕی بەریتانیاوە ســـەپێنرابوو. هەروەها خۆیان دزیەوە لە باجی ناشـــتنی مردوو لە شـــاری نەجەف.(٢) موجتەهیدی گەورەی کەربەلا، ئیمام شـیرازی، پێداگری کرد لە سـەر ئەوەی کە نابێت موسڵمانان لە لایەن ناموسڵمانانەوە حوکم بکرێت. ئەو فەتوایەکی دەرکرد کە دەقەکەی ئەمە بوو، "خزمەتکردن لە کارگێڕی بەریتانیادا کارێکی ناشەرعیە".(٣)

ئەو خێڵە میزۆپۆتامیایانەی کە شـانبەشـانی بەریتانیا لە دژی سـوپای عوسـمانی دەجەنگان داوای دەوڵەتی خۆیان دەکرد. ئەوان شـۆڕشـی گەورەی عێراقیان لە سـاڵی ١٩٢٠دا دەست پێکرد. نوێژی هەینی بوو بە خۆپیشاندانێک سەرتاسەری جەماوەری لە دژی ئیدارەی بەریتانیا. سـێر پێرسـی کۆکس لە لایەن سـەرۆک خێڵەکانەوە داواکاری پێشـکەشـکرد بۆ دروسـتکردنی کەیسـی سـەربەخۆیی. لە حوزەیرانی ١٩٢٠دا، کۆکس داواکاریەکانی ڕەتکردەوە وە بەم هۆیەشـەوە توندوتیژی سـەریهەڵدا.(٤) شـۆڕشـەکە لە شـاری موسـڵ سـەریهەڵدا، بەڵام هەر زوو سـەربازەکانی بەریتانیا توانیان لە ناوچەکانی ناوەڕاسـتی فورات ناڕەزاییەکان کپ بکەن. لە سـەرتاسـەری عێراق ئاژاوە سـەریهەڵدا. ونسـتن چەرچل فەرمانی بە هێزی ئاسـمانی پاشـاییدا پەیوەندی بە جەنگەوە بکەن و دۆخەکە ئارام بکەنەوە. یاخیبوان لە نەجەف و کەربەلادا لە تشـــرینی یەکەمی ١٩٢٠ خۆیان بە دەستەوەدا.

له کۆنفرانســـی قاهیرەی ئازاری ١٩٢١دا، فەیســـەلی کوڕی حوســـێن، له بنەماڵەی هاشمی وەک پاشای عێراق دەستنیشانکرا. به دامەزراندنی فەیسەڵ، حکومەتی بەریتانیا بڕیارێکی تەکنیکی دەرکرد که له ئیدارەی ڕۆژانەدا بکشێتەوە. فەیسەڵ بڕواپێکراو بوو. ئەو له نەســـلی پێغەمبەر موحەمەد بوو. بنەماڵەکەی بۆ نزیکەی زیاتر له هەزار ســـاڵه خاوەنی پێگەن له شاری مەککە. ئەو بەهۆی ڕۆڵە دیارەکەی شۆڕشی عەرەبی ١٩١٦ له دژی تورکەکان و هاوکاریه نزیکەکانی لەگەڵ "لۆرنســـــی عەرەبی"دا توانی متمانەیەکی باش بەدەســـــت بهێنێت. فەیســـــەل له بەرەکانی جەنگدا خۆی ســـــەلماند ئەمەش به ســـەرکردایەتیکردنی هێرشـــی دژی دیمەشـــق له تشـــرینی یەکەمی ١٩١٨ بوو. چەرچڵ و کۆکس نیازیان وابوو که فەیسەڵ بۆماوەیەکی کورت له سەر دەسەلات بهێڵنەوە. ئەوان پەرۆشی ئەوە بوون که خۆشەویستیەکەی بۆ عەرەب ببێتە هۆی ئاشتکردنەوەی هەردوو تایەفەی شیعە و سوننە. فەیسەل لایەنگیری دەوڵەتێکی عەرەبی بوو که سنوورەکانی عێراق و سوریا و فەلەستینی ئێستای له خۆی بگرێت. دوای دەستبەکاربوونی فەیسەڵ، شانشینی عێراق له ٢٣ی ئابی ١٩٢١دا دامەزرا.

*****

بەریتانیا مەحمود بەرزنجی-شـێخی قادریەی بنەماڵەی سـۆفی خێڵی بەرزنجی سـلێمانی-وەک پارێزگاری کوردســـتانی باشـــوور له ســـاڵی ١٩٢٠ دامەزراند.(٥) وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا وایدەبینی که ناوچە کوردیەکان له عێراق وەک بەربەســـــتێک دەبن له نێوان خێڵە عەرەبەکانی میزۆپۆتامیا و هێزەکانی ئەتاتورک، که خەریکی جەنگی ســەربەخۆیی بوون بۆ گێڕانەوەی کۆنترۆڵی تورکیا بەســەر زەویەکانی پێشـوتری دەوڵەتی عوسـمانی. چەرچڵ وا بیری کردەوە بەرزنجی بەگوێرەی داخوازیەکانی بەریتانیا دەجوڵێتەوە، بەڵام ئەو بەدوای ئەجێندای خۆی کەوت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. له ســـاڵی ١٩٢٠ له دژی بەریتانیا یاخی بوو. بەرزنجی له جەنگی ســـەر ڕێگای کەرکوک-سلێمانی بریندار بوو، دەستگیرکرا و پاشان حوکمی کوشتنی بۆ دەرکرد.

بەریتانیا مەحمود بەرزنجی لە هیندســـتان زیندانی کرد کە تا ســـاڵی ١٩٢٢ لەوێ مایەوە. بەرزنجی لە ســـــزای مەرگ بەخشـــــرا چونکە لەکاتی دەســـــتگیرکردنی چەند ئەفســـــەرێکی بەریتانی لە جەنگدا، بەزەیی پیا هاتبوونەوە و نەیکوشـــــتن. هەروەها بەریتانیەکانیش پێویســـــتیان بە بەرزنجی بوو. بەهەڵکشـــــانی هێزەکانی ئەتاتورک بۆ کوردســـتانی باشـــوور، کۆکس مشـــتومڕی ئازادکردنی بەرزنجی دەســـتپێکرد. بەرزنجی باشـــــترین گرەوی نەهێشـــــتنی پەلامارەکانی تورک و ســـــەقامگیری ناوچەکە بوو. لە کۆتاییدا، بەرزنجی لە تاراوگە هێنرایەوە بۆ سەرۆکایەتیکردنی حکومەتی کوردی.

بەیاننامەی ئەنگلۆ-عێراق لە ٢٠ی کانوونی دوەمی ١٩٢٢ ئیمزا کرا، وە لە ســـــاڵی ١٩٢٤دا پەســـــەند کرا. ئەم بەیاننامەیە ئەوەی دوپاتکردەوە کە بەریتانیا دەســـــەڵاتی تەواوی بەسەر سیاسەتی خەرجی دارایی و دەرەوەی عێراقدا هەیە. شا فەیسەڵ هەستی کرد بەو ڕاگەیەنراوە هەڵخەڵەتێنراوە و لەژێر کۆنترۆڵی بەریتانیادا گیری خواردووە، بۆیە هەڕەشـــەی ئەوەی کرد کە عێراق ئەو بەڵێننامەیە پەســـەند ناکات، بەڵام لە کۆتاییدا بە ناچاری ملی بۆ بەریتانیا کەچ کرد. فەیسەڵ بەوە قاییل بوو کە ڕێنماییەکانی سیاسەتی خەرجی دارایی جێبەجێ بکات تا عێراق هاوســـــەنگی خۆی بە پارەدان بە بەریتانیا دەگەڕێنێتەوە. هەروەها بەوەش قاییل بوو کە کارمەندانی بەریتانیا لە هەژدە بەشـــــی حکومەتدا وەک ڕاوێژکار کاربکەن.

ســـەرۆک وەزیرانی عێراق، عبدالمحســـن ســـەعدون، بەم شـــێوەیە وشـــیاریدا، "ئەم نەتەوەیە نـاژیـت تـا مـافی هەموو پێکهـاتەکـانی عێراق نەدات. دەبێـت فەرمـانبەر و بەڕێوەبەرانی وڵات لە ناو خۆیان هەڵبژێرن؛ زمانەکەیان دەبێت ببێتە زمانی فەرمییان و دەبێت منداڵەکانیان لە قوتابخانەدا زمانی دایک فێر بن. لە ســـــەرمان پێویســـــتە ڕەفتار لەگەڵ هەمو پێکهاتەکان، موســـــڵمان و ناموســـــڵمان، بەیەکســـــانی و دادپەروەرانە بکەین". (٦) بەیاننامەی ئەنگلۆ-عێراق وەک هەنگاوێک بۆ بەرەپێشـــــچوونی کەیســـــی ســـــەربەخۆیی کوردســـــتانی عێراق دەبینرا. بەڵام کۆکس ســـــەربەخۆبوونی کوردســـــتانی

پەیوەست کرد بە چەندین مەرجەوە لەوانە لێکنەترازانی کوردەکان و دیاریکردنی سنوور و دەســـتور، دیارترین مەرجەکانی بوون. ئەو قەناعەتی بەوە هاتبوو کە کورد ناتوانێت بگات بە ڕێککەوتنێکی نیشـتیمانی لە ســەر ئەم مەســەلە هەسـتیار و پڕ کێشــانە وە هەرگیز بەم شێوەیە سەربەخۆ نابێت.

بەگومانکردنی پەیوەســتی کۆکس بۆ ســەربەخۆیی کوردســتانی عێراق، بەرزنجی ڕۆڵێکی دوو لایەنەی گێڕا. ئەو وا خۆی نیشـــاندا کە داواکاری بەریتانیەکان جێبەجێ دەکات لە کاتێکدا بە نهێنی خۆی گەیاندبووە لای تورکەکان. مەحمود بەرزنجی یەکلایانە خۆی وەک شــای کوردســتان ڕاگەیاند. کاتێک کۆکس بەم دوو ڕووییەی زانی، یەکســەر بەیــاننــامەکەی ئەنگلۆ-عێراقی هەڵوەشــــانــدەوە. مەحمووود بەرزنجی ڕەتی کردەوە کورســیەکەی چۆڵ بکات وە جەنگێکی گەریلایی دەســت پێکرد. لە بەرواری ١٦ی ئابی ١٩٢٣، هێزە ئاســمانیەکانی پاشــایی بە هێرشــی بۆمبی کیمیایی وەڵامیان دایەوە. لە کۆتاییدا بەرزنجی شـــکا، وە لە ئایاری ١٩٣٢دا بۆ بیابانەکانی باشــووری عێراق نەفی کرا.(٧) بەم شێوەیە شانشینی کوردستانی عێراق تەمەنێکی کورتی هەبوو.

❊❊❊❊❊

پەیمـانی نوێی ئەنگلۆ-عێراقی لە حوزەیرانی ١٩٣٠دا مۆرکرا. ئەم پەیمـانە لە مـاوەی بیســـت و پێنج ســاڵدا ماوەکەی بەســەر دەچێت یاخود ئەو کاتەی عێراق ســەربەخۆ دەبێت، هەر کامێکیان پێشـــتر ڕوودات. عێراق لە ٣ی تشـــرینی یەکەمی ١٩٣٢دا سەربەخۆیی بەدەست هێنا. هێزی ئاسمانی شانشینی بەردەوام بوو لە سەر ئەرکەکانی لە مۆڵگەکانی لە شـــەیبە، نزیک بەســـرا و لە حەببانیە و نێوان ڕومادی و فەللوجە. بەریتانیا ویســـتی بوونی ســـەربازیی هەبێت بۆ پاراســـتنی بەرژەوەندیە نەوتیەکانی. بەریتانیا کانگای گەورەی نەوتی لە ســـاڵی ١٩٢٧دا دۆزیەوە، ئەو ســـاڵەی کە عێراق

دامەزرا. بەریتانیا دەسـەڵاتی تەواوی هەبوو بۆ پەرەپێدانی سـەرچاوەکانی وزە. پاشـان ڕازی بوو دوای بیست و پێنج ساڵ بڕە پارەیەکی کەم بە حکومەتی عێراق بدات.

لە باکووردا موسـڵ شـوێنی تەنگژەکان بوو. هەردوو حکومەتی تورکیا و عێراق داوای موسـڵ و ناوچەکانی نەینەوایان دەکرد. کورد، عەرەب و تورکمان هەمویان مافی مێژوویيان بۆ ناوچە دەوڵەمەند بە سامانی نەوت هەبوو. هەیکەلی ئەو ناوچەیە لە لایەن یەکێتی نەتەوەکانەوە یەکلایی دەکرایەوە، کە ئەو کات، دوای سـەربەخۆیی، عێراق تیادا ئەندام بوو. بە ڕازیبوونی پشتیوانی خستنەسەری موسڵ بە عێراقەوە، مەلیک فەیسەڵ بۆ ماوەی حەفتا و پێنج ساڵ دەستبەرداری نەوت بوو لە بەرژەوەندی کۆمپانیای نەوتی عێراقی. ئەم کۆمپانیایە کۆمەڵێک کۆمپانیای تێکەڵی بەریتانی، فەڕەنسـی و ئەمریکی بوون کە بەسەر کۆمپانیای نەوتی تورکیدا سەرکەوتن.(٨)

ڕاسـپاردەکانی مەلیک فەیسـەڵ بۆ یەکخسـتنی نەتەوەی عەرەب یارمەتیدەر بوو بۆ دروسـتکردنی بیری دابەشـبوونی شـیعە و سـوننە. لە سـاڵی ١٩٣٣دا، تیمەکانی عێراق لەژێر فەرمانڕەوایی عەرەبی هاشمی سوننی ئارامیان شلەژاو بوو و بەردەوامیش دۆخەکە بەرەو خەراپتر دەچوو. حکومەتی هاشـمی چەند دوژمنێکی چاوەڕوانکرا لە نەتەوە جیاجیاکان و گروپی تایەفەگەری کردە ئامانج لە سـاڵی ١٩٣٣دا، نزیکەی سـێ هەزار ئاشـووری لە کۆمەڵکوژی سـێمێل (Simele Massacre) کوژران. ڕاپەڕینێکی کوردی لە باکوور و شۆڕشێکی ئێزدیەکان لە چیاکانی شەنگال لە ساڵی ١٩٣٥دا دامرکێنرانەوە.(٩) هۆزە شیعەکان لە ناوچەی ناوەڕاستی فورات لە ساڵانی ١٩٣٥ و ١٩٣٦ کۆمەڵکوژییان لە دژی ئەنجام درا.

مەلیک فەیسەڵ لە ساڵی ١٩٣٣دا مرد. غازی، کوڕی مەلیک فەیسەل، کە کەسێکی بوو ئارەزووی لە ڕابواردن دەکرد، جێگای گرتەوە. غازی ویسـتی عێراق و کوەیت یەک بخاتەوە. لێکترازانی تایەفی و نەتەوەیی هەڕەشـە بوون لە سـەر ناسـەقامگیری عێراق.

بەکر ســـــادقی، جەنەڕاڵ و نەتەوە پەرســــتی عێراقی خەڵکی کەرکوک، کودەتایەکی سـەربازیی ئەنجامدا لە سـاڵی ١٩٣٦، بە پشـتگیری غازی، وە بوو بە سـەرۆک وەزیران. بەکر لە ســــەر باوەڕی کۆمەڵایەتی پەروەردە کرابوو، دەســــەڵاتی بەریتانیای ڕەت دەکردەوە. ئەو کورد بوو، بەڵام بیری نەتەوایەتی کوردیی لە مێشـــــکدا نەبوو، وە لایەنگیری یەکخسـتنەوەی عەرەبیش نەبوو.(١٠) سـەرەڕای هەوڵەکانی، بەکر سـادقیش لە سەقامگیرکردنی عێراق شکستی هێنا. ئەو لە بەرواری ١١ ئابی ١٩٣٧ لە شاری موسڵ کوژرا. ناســــەقامگیری وڵات بەرەو خەراپتر چوو کاتێک غازی لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبیلدا مرد و لە لایەن کوڕە بچوکەکەیەوە جێگای گیرایەوە، فەیسەڵی دووەم، لە ساڵی ١٩٣٩. دووەم کودەتای سەربازیی لە ساڵی ١٩٤١ هەوڵیدا 'عبدالاله'، مام و ڕاسپێردراو، لە سەر تەختی پا شایەتی فەیسەلی دووەم لە سەر دە سەڵات لابدات. بەریتانیا هێزێکی نارد بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بگەڕێنێتەوە.

لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، ژمارەیەکی زۆر لە عێراقیەکان پشـتگیری ئەڵمانیایان کرد وەک دەرفەتێک لە دژی داگیرکاری بەریتانیا. سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕە شید عالی گەیلانی لە ساڵی ١٩٤١دا دەسەڵاتی گرتە دەست. فەلەستین پارچە پارچە و لە ئاژاوەدا بوو. لەژێر فشـاری وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا ناچاربوو پەیوەندەیە دبلۆماسـیەکانی لەگەڵ ئەڵمانیادا بپچڕێنێت، بەڵام داواکاریەکانی بەریتانیای ڕەتکردەوە کە لە دژی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، کە هاوپەیمانی یەکتر بوون، جەنگ ڕابگەیەنێت.(١١) سیاسەتمەدارانی لایەنگیری بەریتانیا و سەرکردەی مەدەنی لە عێراق لە وڵات دەرکرد. هەروەها پەرەی بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ حکومەتی فاشـیسـتی ئیتاڵیادا بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش بکات بۆ پێشخستنی ئەجێندای نەتەوە پەرستی عەرەب. لە ١٧ی نیسانی ١٩٤١دا، ڕەشیدا عالی پێشـــنیاری ڕێککەوتنی بەرگریی دوو لایانەی لە نێوان عێراق و ئیتالیادا کرد. لە مانگی ئایاری هەمان ساڵدا، هێزەکانی بەریتانیا دووبارە عێراقیان داگیر کردەوە و 'عبدالاله'یان

هێنایەوە سـەر دەسـەڵات. هاتنەوە نوێیەکەی هێزەکانی بەریتانیا تورەییەکانی خەڵکی عێراقی زیاتر کرد. هەروەها بیری نەتەوەپەرستی کوردیشی قوڵتر کردەوە.

عێراق بوو بە مەیدانی ئۆپەراسـیۆنی سـەربازیی لە لایەن هاوپەیمانانەوە و خاڵی دەسـتپێکردنی هێرشـەکانی دژی ئیدارەی فەرەنسـی لە سـوریا. هێزەکانی بەریتانیا و سـۆڤیەت لە سـاڵی ١٩٤١دا ئێرانیان داگیر کرد، وە ڕێگر بوون لە چوونی ئەو وڵاتە بۆ لایەنگیریکردنی ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانیی دووەم. ئەو دوو دەوڵەتە وڵاتەکەیان بۆ دوو ناوچە دابەشـکرد، کورد لە ناوچەی سـۆڤیەت، کە سـەربەخۆییەکی دیفاکتۆیان هەبوو. مەلا موسـتەفا بارزانی و برا گەورەکەی، ئەحمەد بارزانی، ڕێبەری هۆزی بارزان، لە تشـرینی یەکەمی ١٩٤٥دا ڕایانکردە وڵاتی ئێران. موسـتەفا بارزانی و قازی موحەمەد هێزەکانیان تێکەڵ کرد، کە ئەمەی دواییان سـەرکردایەتی پارتی دیموکراتی (ئێران)ی دەکرد و کۆماری مەهابادی کوردیان دامەزراند.

موسـتەفا بارزانی[1] باوکی گەورەی هزری نەتەوەیی کوردییە.(١٢) ئەو سـەرۆک هۆزێکی کاریزمایی بوو کە هەموو ژیانی بۆ خزمەتی دۆزی کورد تەرخان کردووە. ئەو

---

[1] مستەفا شـێخ موحەمەدی بارزانی، ناسـراو بە مەلا مسـتەفا (١٩٠٣-١٩٧٩) شـۆڕشـگێڕ و سـیاسـەتوانێکی بەنـاوبـانگی کورد بوو. لە کۆمـاری مەهـابـاددا ڕۆڵی هەبوو و لە ١٩٤٦ەوە ڕێبەری پـارتی دیموکراتی کوردسـتان بوو. لە ١٩٦١دا شـۆڕشـی ئەیلوولی دژ بە حکومەتی ناوەندیی ئەو کاتەی عێراق دەسـتپێکرد. لە ١٩٧٥دا هێزەکانی تێکشـکا و لە ١٩٧٩دا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بە هۆی نەخۆشـینی شێرپەنجەوە لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا کۆتایی بە ژیانی هات. لە لایەن زۆر کورد و کوردستانییەوە، مەلا مستەفا بارزانی وەک باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد و کوردستان ناسراوە، لەبەر ئەو خەباتی دەوڵەمەند و تەرخانکردنی هەموو ژیانی بۆ ڕزگاری کورد و کوردسـتان، کە ڕەنگداوەی لە هەر چوار پارچەی کوردسـتان داوەتەوە و بە شداری زۆر شۆڕش دەکرد و وەک مرۆڤێک بۆ کورد ستان خەباتی دەکرد و نەک لە ڕوانگەی حزبییەوە یان پارچەیەکی کوردستان، بەڵکو بۆ گشت کوردستانی مەزن.

شێخ عەبدولسەلام باپیری مستەفا بارزانی لە ١٨٧٢ دا مردووە و کوڕەکەی بە ناوی شێخ موحەممەد بووە بە سـەرۆکی هۆزی بارزان. مسـتەفا بارزانی پێنجەمین و دوایین کوڕی شـێخ موحەممەد لە ڕێکەوتی ١٤ی

ئازاری ١٩٠٣دا لە گوندی بارزان لە دایک بووە. ســـالّی ١٩٠٤ باوکی مســـتەفا مردووە و برا گەورەکەی، عەبدولسەلام بووەتە سەرۆکی هۆز، بارزانی سێ ساڵ بووە هێزەکانی تورک پەلاماری خێلەکانی کوردیان داوە و عەبدولسـەلامی برای بەدیل دەگرن و مەلا مستەفا و دایکیشـی ڕەوانە دەکەن بۆ بەندیخانە ماوەی نۆ مانگ لەو بەندیخانەیە ژیان دەگوزەرێنن. بزوتنەوە شـــۆڕشـــگێڕایەکەی لە ١٩٤٣وە دەســـتپێدەکات، دوا بەدوای خۆبەدەستەوەدانی شێخ ئەحمەدی برای، ئەو سەر لەنوێ تێهەڵچووە، میری عێراق بڕیاری دوورخستنەوەی بۆ ئێران دا. لەشـوباتی سـالّی ١٩٤٥دا دێتە بەغدا میری بەداواکارییەکەی رازی دەبێت کە بگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆی و چەکەکان کۆبکاتەوە. بەڵام کەوتەســـەردان و گەڕان لەناو گوندەکان و هاندانی خەڵک بۆ شـــۆڕش نانەوە. لەشوباتی ١٩٤٥دا هێزێکی سوپاییان ناردە سەری، بۆ ناوچەی زێبار و بارزانیان سوتاند، ناچاریانکرد لەتشـرینی یەکەمی ئەو سـاڵەدا لەگەڵ شـێخ ئەحمەدی برای پەنا بەرنە بەر سـنووری ئێران، پاش تێکچوونی کۆمارەکە شـــێخ ئەحمەد دەگەڕێتەوە ئێراق. بەڵام مســـتەفا بەخۆی و دوو هەزار لایەنگرانی بەرەوو مەهاباد دەڕوات.

لە زســـتانی ١٩٤٦ لە کۆماری مهاباد دا مەلا مســـتەفا بارزانی ، هەمزە عەبدوڵڵا، میر حاج احمد، نوری ئەحمەد، مســـتەفا خوشـــناو، موحەممەد مەحموود قودســـی ، خەیروڵڵا عەبدولکەریم ، عیزەت عەبدولعەزیز ، پەیرەو و پرۆگرامی پارتیان دانا، بۆ هەمان مەبەسـت همزە عبدالله یان ناردە کوردسـتانی باشـوور کە سـێ ڕاسپاردەی پێ بوون:

١. دەستکاری لەو پەیرەو و پرۆگرامە نەکرێت کە لە مهاباد دارێژراوە.
٢. حزبە کوردستانیەکان بەگژ حکومەتی ناوەندیدا نەچن تا خۆیان جێگر دەکەن.
٣. شێخ لەتیف و کاکە زیاد بکرێنە جێگری یەکەم و دووەم.

بڕیاری سـێهەم بوو بە هۆی ناکۆکی و ئەم ناکۆکیەش بوو بە هۆی ئینشـقاق، بۆیە سـاڵح حید رو نافع یونس چوونە ناو شۆڕش، همزە عبداللەش لەگەڵ حزبی ڕزگاری کۆبووە و بڕیاریان دا بێنە ناو پارتی، ڕزگاری و شۆڕش سەرەتای ئاب کۆنگرەیان بەست و خۆیان هەڵوەشاندەوە.

لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە بەغدا بە ئامادەبوونی ٧٠ ئەندام کونگرەی یەکەم بەسـترا، مسـتەفا بارزانی کرا بە ســـەرۆکی حیزب لەو کۆنگرەیەدا، هەر لەســـاڵی ١٩٤٦ رووخانی کۆماری مهاباد کاریگەری نەرێنی لە ســـەر کوردســـتانی عێراق کرد بوو، بارزانی لە ١٣ی ئایاری ١٩٤٧ بەرەو یەکێتیی سـۆڤیەت کاروانەکەی بەڕێخسـت و لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧ گەیشتە سۆڤیەت ، دوایش لە ٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨ واتا دوای ١٢ ساڵ ژیان لە یەکێتیی سـۆڤیەتمەلا مسـتەفا گەڕایەوە باشـووری کوردسـتان ، ئینجا دوای ماوەیک بەسـەرپەرشـتی

---

مستەفا بارزانی کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسترا و دوبارە مەستەفا بارزانی کرایەوە بە سەرۆکی حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشوور تا کۆنگرەی پێنجەم دووبار ئەم هەڵبژێردرایەوە بە سەرۆک حیزب تا کۆنگرەی شەشەم لە ساڵی ١٩٦٤ بەسترا ، لە ئازار ١٩٦٣ بارزانی کونگرەیەکی نەتەوەیی لە کۆیە بەست، کە سەرکردایەتی حزب و بەرپرسانی پێشمەرگە و کەسایەتی کۆمەڵایەتی و عەشائری بەشداریان تێدا کردوو و بارزانی داوای حوکمی زاتی دەکرد و بۆ هەمان مەبەست وەفدێکی بە سەرۆکایەتی جەلال تالەبانی و ئەندامیەتی ساڵح یوسفی محمود محمد، حسین خانەقا، حمد محمد، حبیب محمد کریم، عەگید سدیق، شاخەوان نامق، بابەکر رەسول، مستەفا عزیز، کە بۆ وتوێژ چوونە بەغدا، پاشان حکومەتی لامەرکەزی لە جیاتی حوکمی زاتی ڕاگەیەندرا، وەفدی کوردیش بە هەلیکۆپتەر لە بەغداوە گوازرانەوە کەرکوک لەوێش گیران، دوایی لەساڵی ١٩٦٤ دوبارە کۆنگرە ئەنجام درا و بۆ جارێکی تریش مەلا مستەفا کرایەوە بە سەرۆک حیزب وە لەکۆنگرەی ساڵی ١٩٦٦یش واتە کۆنگرەی حەوتەم دووبارە بارزانی بووەوە سەرۆک حیزب دوایی لەساڵی ١٩٧٠ کۆنگرەی هەشتەم بەسترا و بارزانی بە کۆی دەنگ بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردراوە لە ٢٩ی ئەلیلولیش لە پلانێکدا بارزانی ڕزگاری بوو لە مەرگ کە بۆ تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی داڕێژرابوو لە جێگای ئەم حەمید بەرواری بریندار بوو، لە ئازاری ١٩٧٥ شۆڕش تووشی نسکۆ بوو بە هۆی ڕێکەوتنامەی جەزائیر لە نێوان شای ئێران و ڕژێمی بەعسی عێراقی بۆیە پارتی لەساڵی ١٩٦٧ کۆنگرەیەکی تری بەست کە کۆنگرەی ژمارە نۆیەم بوو لە بەرلین ساز کرا لەم کۆنگرەیە بڕیاری درێژە دان بە شۆڕش، ئینجا لەساڵی ١٩٧٩ کۆنگرەی نۆیەم بەسترا ئەندامانی پارتی لە ئەنجام دانی کۆنگرە دوودڵ بوون و بەهۆی مردنی مەلا مستەفا وە دوای ئەمەش لەهەمان ساڵ شۆڕشی ئیسلامی ئێران سەرکەوتنی بەدەست هێنا و ڕژێمی شایەتی ڕووخێنرا و ئەندامانی پارتی دوودڵ بوونەوە لە پشگیرکردنی ئەم شۆڕشە بەڵام دوای دوودڵ بوون لەم دوو خاڵە هەر کۆنگرەیان بەستا و مەسعود بارزانی کوڕی مەلا مستەفا بووە سەرۆکی حیزب.

لەکاتێکدا قازی محەمەد لەپازدەی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ دا دامەزراندنی فەرمانڕەویەکی نەتەوەیی کوردی بە یارمەتی یەکێتی سۆڤێت ڕاگەیاند، هاوسنوور بوو لەگەڵ فەرمانڕەوایی ئازربایجان، ئەوەی لە تەورێز پێکهاتبوو. کاتێ دەسەڵاتدارانی ئێران لە ١٩٤٦دا کۆماری مەهابادی لەناوبرد، مەلا مستەفا و جەنگاوەرانی پەنایان بردەبەر یەکێتیی سۆڤیت، دوازدە ساڵیان لەوێ بەسەربرد. لە سەرەتاوە مەلا مستەفا لەئازربایجان و ئۆزبکستان نیشتەجێ بوو، پاشان بۆ مۆسکۆ گواسترایەوە، زمانی روسی و هونەرەکانی سەربازیی و زانیاری ئابووریی خوێندووە، لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨دا گەڕایەوە عێراق. لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ئێراق سەروەری و ڕێز و نەوازشێکی زۆری لێنرا، بەڵام کە گەڕایەوەناوچەکەی خۆی لەئەیلوولی ١٩٦١ دا شۆڕشی دژی دەسەڵاتدارانی بەغدا راگەیاند، لە بەگژداچوونی دژی دەسەڵاتداران ئێراق هەتا ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام بوو.

له بەرواری ١٤ی ئازاری ١٩٠٣ له گوندی بارزان له دایک بووه. وەک منالێکی تەمەن سێ ساڵ، خۆی و دایکی له موسڵ له لایەن ئیدارەی عوسمانیەکانەوه زیندانی دەکرێن.(١٣) ئەو له تەمەنی شانزه ساڵیدا پەیوەندی به بزوتنەوەی چەکداریی کوردیەوه کردووه لەگەڵ هێزەکانی شێخ مەحمود بەرزنجیدا. له ساڵی ١٩٢٥دا، وەک نوێنەری هۆزی بارزان نێردارا بۆ سەردانیکردنی شێخ سەعیدی پیران له کوردستانی باکوور. ئەو فەرماندەیی پێشمەرگەکانی بارزانی دەکرد له ڕاپەڕنەکەی ١٩٣٢دا. تێکۆشانه درێژ و نەبەردەکەی بارزانی بۆ شوناسی نەتەوەی کورد تا ئەمڕۆش بۆ کورد سەرچاوەی شانازییه.

موستەفا بارزانی ڕووی کرده یەکێتی سۆڤیەت بۆ یارمەتیدانی کۆماری مەهابادی کوردیی. ئەو داوای له دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت کرد که تانک و چەکی قورسی پێ بدەن، بەڵام تەنیا چەند برنۆیەک و ئامێرێکی چاپکردنیان پێ بەخشی. مۆسکۆ خۆی له پاڕانەوەکانی کورد دوورەپەرێز گرت. یەکێتی سۆڤیەت پاڵەوانی مافەکانی کورد نەبوو. بەرژەوەندیه ڕاستەقینەکانی بریتی بوون له دەستخستنی نەوت له ئێران. تا ئەو ڕاددەی چالاکی جیابوەوەکانی له لایەن کورد و ئازەریەکان بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی قەلەمڕەوی خۆی بەسەر حکومەتی ئێراندا بەدەست بهێنێت. ئێران له ئایاری ١٩٤٥دا قاییل بوو بەوەی سووتەمەنی بداته یەکێتی سۆڤیەت. هێزەکانی ڕووسیا کشانەوه و کوردیان جێهێشت. کاتێک سوپای ئێران چووه ناو شاری تەبریز، ژمارەیەکی زۆر له سەرۆک خێڵەکان ڕوویان گۆڕی، وه کۆماره کوردیه لایەنگیرەکەی ڕوسیا هەرەسی هێنا. بارزانی

---

له ساڵی ١٩٧٦دا به مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی بەرەو واشنتۆنی پایتەختی وڵاته یەکگرتووەکان بەڕێکەوت و له ١ی ئازاری ١٩٧٩دا به هۆی شێرپەنجه لەوێ کۆتایی به ژیانی دێت. له ٥ی ئازاری ١٩٧٩دا تەرمەکەی لەسەر وەسیەتی خۆی له شاری شنۆ له ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەسپەرده کرا. له ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ پاش ئازادبوونی بەشێکی باشووری کوردستان لەگەڵ تەرمی ئیدریسی کوڕی به پێشوازی خەڵکەوه له گوندی بارزان نێژرایەوه.

و چوارســـەد لە باشــترین جەنگاوەرانی بەرەو یەکێتی ســۆڤیەت هەڵاتن و لەوێ ئاوارە بوون، وە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦، پارتی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند[١].

ســیاســەتەکانی جەنگی ســارد دەســتی بەســەر کێشــە ناوچەییەکاندا گرتبوو، بە کێشەی نەتەوەیی کوردیشەوە. بەریتانیا دووبارە کاریگەرییەکانی خۆی گەڕاندەوە بەهۆی پەیمانی ئەنگلۆ-عێراق لە ســـاڵی ١٩٤٨دا. ئەم پەیمانە بە پەیمانی ١٩٣٠دا چووەوە و کاتەکەی تا ســاڵی ١٩٧٣ درێژکردەوە. ئەمە بووە هۆی تووڕەبوونی نەتەوەپەرســتانی عەرەب و بەرپابوونی ڕاپەڕینی (الوثبە) لە ســاڵی ١٩٤٨. چەند ســاڵێک دواتر، ١٩٥٥، عێراق چووە ناو هاوپەیمانی بەریتانی و دواتر بە فەرمی ئەمریکا بە پەیوەندی کرد بە پەیمانی بەغدا لەگەڵ ئێران، تورکیا و پاکســـتان. چەند ســـاڵێک دواتر، میســـر نۆکەندی (ســوێس)ی خۆماڵی کرد. گرتنی نۆکەندی ســوێس گوتارێکی بەهێزی نەتەوە پەرســتی عەرەب و ڕەتکردنەوە کاریگەری ڕۆژئاوای بەســەر میســردا دەگەیاند. بەهۆی وابەســتەیی لەژێر پەیمانی بەغدا، عێراق ناچار بوو پەیوەندی بە بەریتانیا، فەڕەنســا و ئیســـرائیلەوە بکات کاتێک هێرشـــیان کردە ســـەر میســـر بۆ دووبارە کۆنترۆڵردنەوەی نۆکەندی ســـوێس. عێراقیەکان بەتوندی دژی ئەمە بوون. هەروەها ناڕەحەت بوون بە شەڕکردن لە جیاتی ئیسرائیل. سەرۆک وەزیرانی میسر، جەمال عبدالناسر، کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای یەکخســـتنی نەتەوەی عەرەب بوو، بووە هۆی دەنگدانەوە لەناو زۆرینەی عەرەبە عێراقیەکان.

دەزگای هەواڵگری ئەمریکا (CIA) ســـەرقاڵ بوو بە ئۆپەراســـیۆنێکی نهێنی لە ناوچەکەدا. لە ساڵی ١٩٥٣دا، پلانێکی داڕشت بۆ لە سەرکارلادانی سەرۆک وەزیرانی ئێران موحەمەد موســـەدەق، کە نەوتی ئێرانی خۆماڵی کردبوو. دەزگای هەواڵگری

[١] ژمارەی تەواوی یاوەرانی بارزانی نەمر بۆ ڕوســـیا بەپێی پەرتووکی 'بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد'، لە نووســـینی مەســـعود بارزانی، بریتی بوو لە (٥٠١) کەس. ڕەنگە ئەو ســـەرچاوەیەی کە نووســـەر زانیاریەکانی لێ وەرگرتووە هەڵە بێت. (وەرگێڕ)

بەریتانیا (MI6)یش لە پشت لابردنی موسەدەق بوو. خۆماڵیکردنی پیشەسازی نەوتی ئێران بۆ بەریتانیەکان کارەسات بوو، چونکە لەژێر کۆمپانیای ئەنگلۆ-ئێران نەوتدا پشکێکی نەگونجاوی پێدەبڕا. کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێرانی پێشنیارەکەی ئێرانی ڕەتکردەوە بۆ دابەشکردنی پەنجا بە پەنجای قازانج، کە لە پێکهاتنەکانی لەگەڵ (ئارامکۆ)ی سعودیدا خرابووە ڕوو.

دەزگاکانی هەواڵگری بەریتانیا و ئەمریکا لە بەرواری ١٤ حوزەیرانی ١٩٥٨ پیلانی کودەتایەکی تریان لە عێراق دارشت. شۆڕشی چواردەی حوزەیران لە لایەن جەنەڕاڵ عبدولکەریم قاسم و عقید عەبدولسەلام عارفەوە ڕابەرایەتی کرا. قاسم بوو بە تاکە سەرکردە و سەرۆک وەزیران.(١٤) عێراق بە سەرکردایەتی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نیشتیمانی و ئیشتراکی بەڕێوەدەبرا. مەبەست لە دروستکردنی ئەو لێژنەیە بریتی بوو لە کارکردن لە هاوکاریکردنی سەرۆکایەتی، بەڵام بێسەروبەریەکی زۆری تێکەوت. عێراق لە پێشبڕکێ کردن لە گرتنە دەستی دەسەڵات و دۆخەکە بەرەو ململانێیەکی توند هەنگاوینا.

ئەمریکا سەبارەت بە مەیلی قاسم بۆ شوعیەت نیگەران بوو. قاسم بە کشانەوەی لە پەیمانی بەغدادی ١٩٥٩ گەڕان بەدوای هاوپەیمانی کردن لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، نیگەرانیەکانی ئەمریکای دووپاتکردەوە. هەروەها قاسم قەدەغەکردنی لە سەر شوعیەت هەڵگرت، کە بەهێزترین حیزبی شوعی بوو لە جیهانی عەرەبیدا و لەساڵی سییەکان دامەزرا و تا شەستەکان بەردەوام بوو. قاسم ڕێککەوتنە دووقۆڵیەکەی لەگەڵ بەریتانیادا هەڵوەشاندەوە، ئەمەش بەدەرکردنی هێزەکانی بەریتانیا لە مۆڵگەی ئاسمانی حەببانیە لە ئەرزی واقیعدا سەلمێنرا. ئەو پشتگیری شۆڕشگێڕە جەزائیریەکانی لە دژی فەڕەنسا کرد. قاسم سەبارەت بە مەسەلەی کۆنترۆڵکردنی ئاوەڕۆی کەنداوی عەرەب لەگەڵ ئێراند جەنگا. ئەو ململانێی لەگەڵ عەرەبنشینانی ناوچەی خوزستانی ئێران کرد. ئەمریکا لەم

مەســـەلەیەدا پشـــتیوانی ئێرانی کرد چونکە گرنگترین هاوپەیمانی بوو لە ناوچەکەدا و ببوو بە قەڵایەک لە دژی ئایدۆلۆژیەتی شیوعی.

قاســم تەنیا بەمە نەوەســتا، بەڵکو لە دژی خودی عێراقیەکانیش وەســتایەوە. لە نێوان ســـاڵانی ١٩٥٨ و ١٩٦٢دا، بیســـت و نۆ جار هەوڵدرا کە کودەتا بەســـەر حکومەتەکەی قاسـمدا بکرێت. کودەتایەک لە ٧ تشـرینی یەکەم ی ١٩٥٩دا شـکسـتی هێنا. سـەدام حسـێن، پلاندارێژەرە لاوەکەی بەعس، لە وڵات ڕایکرد کاتێک میلیشـیای پشتیوانانی شیوعی قاسم تۆڵەسەندنەوەیان لە دژی هێزە چەکدارەکان دەست پێکرد. سەربازگەکان لە موسڵ بە ئەفسەرانی پشتیوانانی ناسر پڕکرابوونەوە، کە لە دژی قاسم یاخی ببوون. بارزانی و پێشـــمەرگەکانی بانگهێشـــتکران کە لە تاراوگە بگەڕێنەوە بۆ مەبەسـتی کپکردنەوەی یاخیبوانی بیرۆکەی یەک وڵاتیی عەرەبی. بارزانی بە بەڵێنەکانی ئۆتۆنۆمی هەڵخەڵەتێنرا؛ قـاســـم ڕایگەیـانـد کە "کورد یەکێکە لە دوو نەتەوەکـانی عێراق".(١٥)

بۆ ساڵی ١٩٦١، کوردەکانی عێراق شۆڕشیان بەتەواوی دەست پێکرد. موستەفا بارزانی پێگەی خۆی بەهێز کرد، هەردوو هۆزی لۆلان و هەرکی تووشی شکست کرد کە پشــتگیری قاســمیان دەکرد. بە بەکارهێنانی هونەری گەریلایی، هێزەکانی بارزانی، کە نزیکەی پانزە هەزار چەکدار بوون، هێزە چەکدارەکانی ســـوپای عێراقیان بەزاند و نزیکەی (١٥٠٠٠)میـل دووجـای خـاکی کوردســـتـانی عێراقی کۆنترۆڵ کرد. لەژێر سـەرکردایەتی موسـتەفا بارزانیدا، کوردسـتانی عێراق سـەربەخۆیی دیفاکتۆی بەدەسـت هێنا.(١٦) ســەرکەوتنە مەیدانیەکانی جەنگ هەروا بە ئاســانی دەرباز نەبوو. لە ســاڵی ١٩٦٣دا، قـاســـم فەرمـانی تەعریبکردنی کوردەکـانی کەرکوکی دەرکرد کە لە ســاڵی (١٩٢٠)ەکانەوە بەرەو ئەو شــارە کۆچیان کردبوو بۆ ئەوەی لە کێڵگە نەوتیەکان کاربکەن، شـانبەشـانی زۆرینەی تورکمانەکان جێگیربوون. دەیان هەزار کورد بەزۆری لە شـوێنەکانیان گواسـترانەوە و ماڵ و سـامانیان لە ئەنجامی پلانەکەی قاسـم بۆ ئەوەی

دیمۆگرافیای کەرکورک بە شێوەیەکی سیستەماتیک بگۆڕێت، زەوت کرا. کورد بۆ ئەوەی بەشەکانی خاکی باشووری کوردستان بێ هێز بکەن ڕاگوێزران، وە عەرەبە هەزارەکان لە باشـووری عێراقەوە هێنران و بەڵێنی ئەوەیان پێدرا خانووی بێ بەرامبەر و کارکردن لە کەرتی نەوتیان بۆ دابین بکرێت.

ململانێ لە کوردســـتانی عێراق بووە هۆی نائارامی لەناو هێزە چەکدارەکاندا، بە جولاندنی ئۆپۆزسـیۆن لە دژی قاسـم لە لایەن پارتی سـۆشـیالیسـتی ڕێنیسـانسـی عەرەبی (البعث). لە ساڵی ١٩٦٣دا، بەعسیەکان قاسمیان لە سەر دەسەڵات لادا وە زۆر بە شـێوەیەکی دڕندانە کەوتنە گیانی کورد و شـیوعیەکان. بۆ تشـرینی دووەمی ١٩٦٣، عبدالســلام عارف و دەســتە ســەربازیەکەی دووبارە کۆنترۆڵیان بەدەســت هێنایەوە و هاتنەوە سەر دەسەڵات.

لە ساڵی ١٩٦٦، عبدالسلام عارف بەهۆی تێکشکانی هەلیکۆپتەرەکەیەوە مرد و لە لایەن عبدالرحمن عارفی برایەوە دەســەڵاتەکەی گیرایە دەســت. عارف دژی موســتەفا بارزانی دەستی بە جەنگ کرد، بەڵام زۆر بە زەلیلی لە جەنگی چیای هەندرێن لە ئایاری ١٩٦٦دا شـــکســـتی هێنا. پێکدادانەکانی کورد-عێراق لە ســـاڵی ١٩٦١ەوە تا ١٩٧٠ بەردەوام بوو وە بە کۆتایی هاتنی ژیانی سەدان هەزار کەس کۆتایی هات. جەنگەکە لەو کاتە کۆتایی هات کە بارزانی بە مەنەفێســتۆی ئازار قاییل بوو، کە لە پازدە خاڵ پێک هـاتبوو بۆ ڕێککەوتن لە ســـەر ئۆتۆنۆمی[١]. ئەم ڕێککەوتننـامەیە وێنەی نـاوچەیەکی

---

[١] دەقی بەیاننامەکەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ لە نێوان کورد و بەغدا:

1. زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی ڕەسمی دەبێت لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن.
2. کوردەکان بەژداریەکی تەواوی حکومەت دەکەن، بە سوپاشەوە.
3. پەرە بە پەروەردە و فەرهەنگی کورد دەدرێت.
4. لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردە، گشت کارمەندانی کورد دەبن.
5. کوردەکان ئازادن لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایان.

ئۆتۆنۆمی کوردی لە باکووری عێراق کێشـــا . کورد نوێنەرایەتی ڕێژەیی لە دەســـتووری نیشــتیمانیدا هەبوو، وە عێراق دەبوایە کوردێک وەک جێگری ســەرۆک پەســەند بکات. هەروەها ڕێککەوتنەکە وەک یەکێک لە دوو نەتەوە دەستووریەکانی عێراق دانی بە کورد دانا .

عبدالرحمن عارف لە لایەن لیوا "ئەحمەد حەسەن بەکر"ەوە لە سەر دەسەڵات لادرا کە وەک سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی عێراق لە لایەن ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشەوە لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٨- هەڵبژێردرا. سەدام حسێنی برازای وەک جێگری سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕش دەستبەکار بوو. بە شێوەیەکی گشتی بەکر دەسەڵاتێکی ڕەمزیی هەبوو، سەدام لە پشت پەردەوە دەسەڵاتەکانی بەکار دەهێنا.

حکومەتی بەعس زۆر بە گەرموگوڕییەوە سیاسەتی سۆشیالیستیی جێبەجێ دەکرد دەســـەڵاتی گەلیی لەناو عەرەبەکاندا یەک دەخســـتەوە . لە ســـاڵی ١٩٧٢دا، کۆمپانیای نەوتی عێراق خۆماڵی کرا. بە بەرزبونەوەی نرخی دە بەرامبەر دوای جەنگی تشـــرینی یەکەمی ١٩٧٣ی عەرەب-ئیســرائیل، عێراق بە داهاتی نەوت بوژایەوە . حکوومەت زۆر بە قورســـی وەبەرهەێنانی لە ســـەر بەرنامەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی کرد. ئەولەویەت بە

6. بودجەیەکی پێویست بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان تەرخان دەکرێت.
7. موچەیەک بۆ خێزانی شەهیدان و هەژاران و ئاوارەکان تەرخان دەکرێت.
8. کورد و عەرەبەکان دەگەڕێندرێنەوە شوێنی نیشتەجێبوونی پێشووی خۆیان.
9. چاکسازی کشتوکاڵیی ئەنجام دەدرێت.
10. گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی کورد و عەرەب پێک دێت.
11. ئێزگەی ڕادیۆ و چەکە قورسەکان تەسلیمی دەوڵەت دەکرێن.
12. یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆک کۆماری ءێراق کورد دەبێت.
13. ئیدارەی وڵات بەشێوەیەک ڕێک دەخرێت کە لەگەڵ ئەم ڕێککەوتننامەیە بگونجێت.
14. بودجەی ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردە لە یەکەیەکی ئۆتۆنۆمیدا ڕێکدەخرێت.
15. گەلی کورد بە پێی ژمارەی دانیشتوان لە دەسەڵاتی یاسادانانیدا بەژدار دەبێت.

پیشەسازی ئاسن و ستیلی ناوخۆیی درابوو، ئەمە سەرەڕای بایەخدان بە ئاسانکاری پیشەسازی پترۆکیمیاوی. هەروەها حکومەت نەخۆشخانە و قوتابخانەی بنیادنا. خوێندەواری و پەروەردەی کچان لە پێشەنگی کارەکان بوون. هەر کە ئابووری عێراق بوژایەوە، ستانداردی ژیانی هاولاتیانیش پێشڤەچوونی بە خۆیەوە بینی.

ڕێککەوتنی ئۆتۆنۆمی تەنیا مانۆڕێکی تەکنیکی بوو لە لایەن بەغداوە. هەرگیز نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە. کاتێک بارزانی گەڕایەوە سەر داواکردنی سەربەخۆیی، ململانێی تووند لە بەهاری ١٩٧٤دا دەستی پێکردەوە. هێزە چەکدارەکانی عێراق لە لایەن تانک و فڕۆکە ڕوسیەکانەوە پاڵپشتی دەکران. گوندە کوردیەکان قەسف و بۆمباران کران. هەروەها کوردەکان بە بۆمبی فسفۆڕیی هێرشیان کرایە سەر، کە بە یەکەم بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی کوردەکان دادەنرێت.(١٧) موستەفا بارزانی بە لایەنی کەمەوە بوو بە ئامانجی دوازدە هەوڵی کووشتن لە لایەن دەزگا هەواڵگرییەکانی حکومەتەوە، کە پێی دەوترا مخابەرات. دوو لەم هەولانە خەریک بوو سەربگرن.(١٨)

جەلال تاڵەبانی لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی دامەزراند. (ی.ن.ک) سەرنجی ڕۆشنبیرانی سۆرانی-زمان و بەشە شارنشینەکانی باشووری کوردستانی ڕاکێشا، لەو کاتەی بارزانی لە لایەن کوردانی کرمانجی-زمان لە باکووری کوردستانی عێراق پشتگیری دەکرا. بارزانی و تاڵەبانی هەڵگری دوو جۆری جیاوازی بیری سوفیزم بوون. تاڵەبانی بەشێک بوو لە سۆفیگەریی قادریی، وەە بارزانی پەیڕەوانی سوفیگەری نەقشەبەندی بوون.

❊❊❊❊❊

موحەمەد ڕەزا پەهلەوی، شای ئێران، پشتیوانی ڕۆژئاوا و دژی شیوعیەت بوو، بە کۆلەکەی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دادەنرێت. موستەفا بارزانی لە لایەن شاوە پشتیوانی دەکرا، کە وەک ڕاگرتنی هاوسەنگیەک کوردی بەکارهێنا بۆ ململانێی

جیۆپۆلەتیکی ئێران لەگەڵ عێراق. بەهۆی کاریگەری مەترسیداری یەکێتی سۆڤیەت لە بەغدا، ئەمریکا هاوکاری شۆڕشەکەی بارزانی کرد. هاوکاریەکان لە ڕووی داراییەوە بوون. شای ئێران چەک و تفاقی سوک و دژە تانک و هاونی پێبەخشی. ئیسرائیل ئەرکی مەشقپێدانی چەکدارەکانی لە ئەستۆ گرت. بۆ ساڵی ١٩٧٥، پێشمەرگە لە زۆر لایەنەوە بەهێز بوو.(١٩) کوردەکانی عێراق وەک سەربازی یاریی شەترەنج لە جەنگی سارددا بەکار دەهێنران.

پێشمەرگە گیانی کوردەکانی دەپاراست. جگە لە دابینکردنی ئاساییش، ڕاگەیاندنی دامەزراند، کە ڕۆژنامە و ڕادیۆی لەخۆ گرتبوو. دبلۆماسیەتی گشتی دەگەیشتە هەموو لادێ کوردەکان، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی. ڕادیۆ بۆ بەرزبوونەوەی هەستی کوردایەتی مۆسیقا و هۆنراوەی بە گوێی بیسەرانیدا دەچرپاند. هەر گوندێک ئەنجومەنێکی نهێنیی هەبوو کە خۆراک، پەناگە و پۆشاکی بۆ پێشمەرگەکان دابین دەکرد- تەنانەت پێشمەرگە توانی گروپێکی ڕەسەنی مۆسیقا بە ناوی (کازان؟) دروست بکەن. ئەنجومەنەکان زۆر بەنزیکی لەگەڵ پێشمەرگەکان کاری دەکرد بۆ ئەوەی قوتابخانەکان ڕێک بخات و پەروەردەی کوردی دەربارەی مەسەلەی کورد پێشکەش بکات. نۆرینگەی تەندورستی بۆ پێشمەرگە بریندارەکان و هاوڵاتیانی مەدەنی دروستکران.

تەنیا جەخت لەسەر پێشمەرگە نەدەکرایەوە، بەڵکو ئەم بەرنامەیە ئافرەت و لاوانیشی کردبووە ئامانج. زۆرێک لە ئافرەتان پەیوەندیان بە شانە نهێنیەکانەوە کرد بۆ یارمەتیدانی بەرخودانەکە. ئەوان لەگەڵ برا و هاوسەر و کوڕەکانیان لە بەرەکانی جەنگدا بوون. ئەوانی تر لە نەخۆشخانەی مەیدانی یان پەیامبەری بەرەکانی جەنگدا خزمەتیان دەکرد. کۆمەڵگای مەدەنی کوردی هەوراز و نشێوی زۆری بڕیووە. گوندەکان خاپورکران، مەڕوماڵات کوژران و بیر و سەرچاوە ئاویەکان شێوێنران. هەموو دارستانەکان سوتێنران، قوتابخانە و زانکۆکان هێرشیان کرایە سەر. لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤ لە قەڵادزێ، شارێکە

دەکەوێتە ناوچەی پشدەر وە شکۆی شۆڕشی کوردیی بووە، بە ڕۆکێتی ناپاڵم بۆمباران کرا.

پشتگیریە سیاسیەکانی ئەمریکا زۆر گرنگتر بوون لەو شتمەکانەی بە کوردەکان بەخشیبوو. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، "موستەفا بارزانی دەیزانی کە ئێران بەجێ دەهێڵێت، بەڵام قەناعەتی بەوە هێناکە بەژداری ئەمریکا پاراستنێک بوو لە دژی پچڕاندنیان لە لایەن تەهرانەوە.(٢٠) هەرچۆنێک بێت، بارزانی زیاد لە پێویست هەڵسەنگاندنی بۆ ڕاسپاردەکانی ئەمریکا بۆ کورد کردبوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی پۆلێنکراوی لێژنەی هەواڵگری تایبەت،

"وەرگرانی چەک و پارەی ئەمریکا بریتی بوون لە شۆڕشگێڕانی چەند نەتەوەیەک کە دەجەنگان لە پێناو دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی لە وڵاتی سەر سنووری هاوپەیمانەکەمان (ئێران)... سەرۆک هێنری کسینجەر و سەرۆکی حکومەتی دەرەوەی (محەمەد ڕەزا پەهلەوی) هیواخوازبوون کە کڕیارەکانمان تووشی شکست بن. ئەوان لە جیاتی ئەمە پێیان باش بوو بە سادەیی شۆڕشگێڕان بەردەوام بن لە سەر ئاستی دوژمنارییان، سەرچاوەکانیان جیابکەنەوە لە وڵاتی دراوسێی هاوپەیمانەکەمان (عێراق)... تەنانەت لە چوارچێوەی کاری نهێنیشدا، لە لای خۆمانەوە جێگای گاڵتەجاڕیی بوو." (٢١)

لەو کاتەی هانی کوردەکانی دەدا بۆ یاخیبوون، واشنتۆن هانی هەردوو وڵاتی عێراق و ئێرانیشی دەدا بۆ ئەوەی جیاوازیەکانیان وەلا بنێن و بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێن. شا و سەدام لە پەراوێزی کۆبونەوەکانی ١٩٧٥ی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەی نەوت لە جەزائیر گفتوگۆیان کرد. هەردوو وڵات ڕێککەوتن لە سەر ئەوەی بەردەوامیی بە گفتوگۆکان بدەن لە سەر دیاریکردنی سنوور و مافە دەریاییەکان. ئەمریکا لە پشت پەردەوە کاری دەکرد لەگەڵ ئوردن و جەزائیر بۆ ئاسانکاریکردنی ڕێککەوتنەکە. ڕێککەوتنەکە لە ٥ ئازار کۆتایی بە کارەکانی هات و لە ١٣ی حوزەیراندا واژوو کرا. سەدام دەستی لە داواکەی هەڵگرت سەبارەت بە کێشەی سنوور بۆ ئەوەی لە دژی کورد

پشتگیری ئێران بەدەست بهێنێت. وەک بەشێک لە ڕێککەوتنەکە، شا قاییل بوو هەموو شـــێوەکانی هاوکاری بۆ مســـتەفا بارزانی ڕابگرێت و ســـنووری نێوان ئێران و عێراق دابخات.

بارزانی و پێشـــمەرگەکانی خرانە بارێکی ناخۆشـــەوە. ســـوپای عێراق هێرشـــی بەردەوامی ئەنجامدەدا، وە کوردســـتانی لە باشـــوور و ڕۆژئاواوە داخســـت.(٢٢) هەروەها تورکیاش ســـنووری خۆی داخســـت. بارزانی پەنای بردە بەر بەرپرســـانی ئەمریکا، بەڵام داواکەی ئاوڕی لێنەدرایەوە. ئەمریکا لەسەر داوای شا پشتیوانی کوردەکانی کرد، وە بە قسەی ئەویش پشتیوانیەکەی کشاندەوە. ناپاکی لێکراو لەلایەن واشنتۆن و فەرامۆشکراو لەلایەن تەهران، بارزانی بەبێ پاسەوانیی بەجێهێشترا. شۆڕشی کوردی ڕوخا. داگیرکاری عێراق ورەی بارزانی شـــکاند. هەروەها بووە هۆی چەوســـانەوەیەکی مەزن بۆ کۆمەڵگای کوردی. ژمارەیەکی زۆر گوند خاپور کران وە دەیان هەزار کوردی عێراقی بە ناچاری گوێزرانەوە.(٢٣)

موســـتەفا بارزانی بوو بە 'میوان'ی شـــا.(٢٤) ئەو لە خانوویەک کە ســـەر بە دەزگای هەواڵگری ئێران، ساواک، دەستبەسەرکرا. بارزانی تووشی شێرپەنجەی سییەکان بوو وە لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئەمریکاوە لە ســـاڵی ١٩٧٥ گواســـترایەوە بۆ نەخۆشـــخانەی تایبەتی 'مایۆ'. پزیشـــکە ئەمریکیەکان ئەوەیان دۆزیەوە کە شـــێرپەنجەکەی تەشـــەنەی کردووە و ناتوانرێت نەشـــــتەرگەری بۆ ئەنجامبدرێت. موســـــتەفا بارزانی لە بەرگەگرتن شکستی هێنا و لە ساڵی ١٩٧٩ کۆچی دوایی کرد. ئەو سەرەتا لە تەهراندا ناژرا، باڵام دواتر لە ســـاڵی ١٩٩٣دا پاشـــماوەکانی جەســـتەی گوازرانەوە زێدی باب و باپیرانی لە گوندی بارزان.

کوڕی موســـتەفا بارزانی، مەســـعود، لە هەمان ئەو ڕۆژەدا لە دایک بووە کە پارتی دیموکراتی کوردســـــتانی تیادا دامەزرابوو، لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦. مەســـــعود بارزانی بە

میرات دۆزی کوردی بۆ ماوەتەوە. ئەو وتی، "من لەژێر سـێبەری ئاڵای کوردستـاندا لەدایک بووم لە مەهاباد، وە ئامادەشـم لەژێر هەمان ئاڵادا خزمەت بکەم و بمرم".(٢٥) بەهۆی وەرگرتنی ئەو میراتە لەلایەن باوکیەوە، لەسـاڵی ١٩٧٩دا بوو بە سـکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان.

❊❊❊❊❊

چوارەم سەرۆکی عێراق، ئەحمەد بەکر حە سەن، گفتوگۆی لەگەڵ سوریادا دە ستپێکرد دەربارەی یەکگرتنی عێراق و سوریا. هەردوو وڵاتەکە لەژێر سەرکردایەتی بەعسدا بوون. سەرۆکی سوریا حافز ئەسەد دەبووە جێگری سەرۆک لە ئەنجامی ئەو یەکگرتنە. سەدام درکی بەوە کرد کە یەکگرتنی سوریا و عێراق دەسەڵاتەکەی لەناو دەبات. ئەو پشتگیری لە پارتی بەعس کۆکردەوە و بەکری ناچارکرد دەسـت لەکار بکێشـێتەوە. سـەرەڕای ئەوەی هیچ کاتێک خزمەتی سـەربازیی نەکردبوو، سـەدام لە بەرواری ١٦ حوزەیرانی ١٩٧٩دا بوو بە سـکرتێری گشـتی پارتی بەعسـی عێراق و سـەرۆک ئەرکانی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکی وڵات.(٢٦)

سەدام وایبینی کە ڕکابەرەکانی لەناو لەشکر و پارتەکەیدا خەریکن پیلانی لە دژی دادەڕێژن. یەکەم چالاکی بریتی بوو لە پاککردنەوەی ڕیخۆڵە بۆگەنەکانی ناو پارتی بەعس. لە چـالاکیەکی بەرنـامە بۆداڕێژراودا، لە کۆنگرەی پـارتی بەعس لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٧٩دا، لەو بۆنەیەدا بە دەنگی بەرز نـاوی نەیـارەکـانی خوێنرایەوە. ئەو کەسانە لە هۆڵی گشتی کۆبونەوەکە ڕاکێشرانە دەرەوە و دەسگیرکران. بۆ ئەوەی ببن بە پەنـد و ئـامۆژگـاری، هەنـدێکیـان هەر لەڕێگـای هێنـانە دەرەوەیـانـدا لە هۆڵەکە کوژران.(٢٧) ئەوانەی مانەوە زۆر ترسـان. سـەدام سـوپاسـی کردن بۆ ئامادەبوون و دڵسـۆزیی داهاتوویان. ئەو کەسـایەتیەکی وای دروسـتکرد کە لەمەودوا بپەرسـترێت،

وێنەیەکی وای بۆ ڕای گشـتی عێراقیەکان دروسـتکرد کە ئەو تاکە دەسـەڵاتداری عێراق دەبێت. سەدام عێراقی بەرەو کۆمارێکی پڕ لە ترس و تۆقاندن وەرگێڕا.

گەڕانەوەی ئایەتولا خومەینی[1] لە سـاڵی ١٩٧٩ بۆ ئێران بەرەنگاربوونەوەی ڕۆڵی سـەدام لە ناوچەکەدا دەگەیاند. شـیعە نوێنەرایەتی زۆرینەی دانیشـتوانی عێراق دەکەن، وە زۆرێک لە پیرۆزترین شوێنەکەکانی ئەم ڕێبازە لە عێراق بوون. مزگەوتی ئیمام عەلی گۆڕی حەزرەتی عەلی تیادایە، ئامۆزا و زاوای پێغەمبەر موحەمەد و چوارەم خەلیفەی موسڵمانان- مەزارگەی ئیمام حسێن دەکەوێتە کەربەلا، کە لە ساڵی ٦٨٠ی زایینیدا لە جەنگی کەربەلادا شـەهید بوو. ڕۆژی عاشـورا، کە ئاماژەیە بە سـاڵیادی مردنی حسـێن، لە لایەن حاجیانی شـیعەوە بە ڕێپێوانێکی درێژ بۆ مەزارگەکە بە خۆکوتان و خوێن لەخۆهێنان دەکرێتەوە. هەروەها مزگەوتەکانی کوفە و سـامەڕاش وەک دوو شـاری پیرۆزی شیعەکان ڕێزیان دەگیرێت.

ئایەتولا خومەینی داوای لە شـیعەکانی عێراق کرد لە دژی ڕژێمی عەلمانی سـەدام شۆڕش ئەنجام بدەن. سەدام گاڵتەی بە هەڕەشەکانی خومەینی کرد، سوور بوو لە سەر کەنداوی شـەت العرب، کە هۆکارە ڕواڵەتیەکەی جەنگی عێراق-ئێران بوو. لە بنچینەدا ململانێی نێوان سـەدام و خومەینی لە سـەر سـنوور بوو کە لە مەیدانی جەنگدا خۆی بینیەوە. هەردووکیان دەیانویست ئەوەی تر لە سەر دەسەڵات لابدات. پێداگریان دەکرد لە سـەر ڕاسـتی حوکمداریی و ئیسـلامیەتی خۆیان. عێراق و ئێران ناکۆکی لەمێژینەی

[1] ئایەتوڵڵا سـەید ڕووحوڵڵا موسـتەفەوی خومەینی (٢٤ی ئەیلوولی ١٩٠٢- ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٩) ناسـراو بە *ئیمام خومەینی* و *خومەینی*، پێشەوا، نووسەر، شاعر و مەرجەعی تەقلیدی شیعەی ئێرانییە کە لە شاری خومەین لە بەشی ناوەندی ئێران لە دایک بووە. خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩ پێشەوای جەماوەری ئێرانی بوو لە ڕووخانی ڕژێمی پاهڵەوی و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و دواتر بوو بە پێشەوای ئێران و تا ساڵی ١٩٨٩ هەر لەم پێگەیە مایەوە.

سنووریان هەبوو، کە تیایدا هەردوو سەرکردەکە ئەمەیان بەکاردەهێنا بۆ هاندانی بیری نەتەوایەتی.

عێراق لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠دا ئێرانی داگیرکرد. دەسەڵاتدارانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوودڵ بوون لە هەڵبژاردنی لایەنەکان. ڕۆناڵد ڕەیگان لە ساڵی ١٩٨١دا بوو بە سەرۆک و کەوتە ناو ئەم کێشەیەوە. ئەمریکا قەناعەتی هات کە ڕێگا بەو دوو دەوڵەتە بدات خوێنی یەکتر بڕێژن. کاتێک ئیسرائیل لە هێرشێکی ئاسمانیی لەناکاودا کورەی ئەتۆمی (Nuclear Reactor)[١] عێراقی تێک شکاند، ئەمریکا هێرشەکەی شەرمەزار کرد بە هۆکاری دەستدرێژیی کردنە سەر سەروەریی خاکی عێراق. لۆبیە بەهێزەکەی ئیسرائیل لە واشنتۆن پشتگیری چالاکیەکەی ئیسرائیلی کرد، ئیدارەی سەرۆک (ڕەیگان)یان ئاگادارکردەوە کە وریای سەدام بێت. بەڵام ئەم وریاییە بە هاوکاری کردنی ئێران لێک نەدرایەوە. ئەمریکا هێشتا لە ڕووداوەکانی ١٩٧٩ دەترسا، کاتێک

---

[١] لە کۆتایی حەفتاکاندا عێراق کورەیەکی ناوەکی لە وڵاتی فەڕەنسا کڕی. وە دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل درکی بەوە کرد کە نیازی سەرەکی ئەم کارە دروستکردنی چەکی ناوەکیە کە دەبووە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ئەو وڵاتە. فڕۆکەی (ف١٦ و ف١٥)ی ئەمریکی لە تەمموزی ١٩٨٠ بۆردومانی بنکەکەیان کرد، ئەم فڕۆکانە دەبوایە ئەمریکا بە وڵاتی ئێرانی بفرۆشێت، بەڵام بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامیەوە بە ئیسرائیل فرۆشران. تەنیا لە ماوەی دوو خولەکدا ئەو فڕۆکانە ١٦ موشەکیان بەردایە خواردەوە، ١٤ لەم موشەکانە زۆر بە وردی ئامانجەکەیان پێکا بەبێ ئەوەی باڵەخانەکە بروخێنێت. هێرشەکە ١١ کوژراوی لێ کەوتەوە کە لە نێوانیاندا کەسێکی بە ڕەگەز فەڕەنسی تیادا بوو، بە پێی پەرتوکێکی نوسەرێکی ئیسرائیلی، ئەم کەسە فەڕەنسیە بۆ بەرژەوەندی هەواڵگریی ئیسرائیل کاری دەکرد و ئامێری دۆزینەوەی ئەو چەکانەی لە ناو هەر یەکیاندا جێگیر کردبوو. بەڵام هۆکاری جێنەهێشتنی باڵەخانەکە پێش ئەوەی هێرشی بکرێتە سەر هێشتا شاراوە و ناڕوونە.

ڕادیکالەکانی ئێران باڵیۆزخانەی ئەمریکایان لە تەهران دەستبەسەردا گرت و بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ ئەمریکیەکانیان بە بارمتە گرت[١].

بۆ سالّی ١٩٨٢ ئێران توانی دووبارە ناوچە لەدەست چووەکانی بگەڕێنێتەوە. هەزاران گەنجی ئێرانی شەپۆلێکی مرۆڤیان پێک هێنا و بەناو کێڵگە مینرێژکراوەکانی سنووری ئێران-عێراقدا تێ دەپەڕین و دروشمی ئاینیان دەگوتەوە. سەدام چەکی کیمیایی لە دژی پاسدارانی ئێران بەکارهێنا. شارە عێراقی و ئێرانیەکان بۆمباران کران. کەشتی نەوتیی و بازرگانی لە کەنداوی فارس هێرشیان کرایە سەر بۆ بێبەشکردنی یەکتر لە بازرگانی. سەدام ئەو عێراقیانەی کردە ئامانج کە گومانی هاوسۆزییان لێ دەکرا لەگەڵ ئێران، بە بیانووی پرسیارکردن لە هەڵسووکەوتکردنی لە شەڕدا، سێ سەد ئەفسەری کووشت. بە کۆتایی هاتنی جەنگەکە لە ٢٠ ئابی ١٩٨٨، زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو کەس کوژران و(٧٥٠,٠٠٠) هەزار کەسیش بریندار بوون. لە کۆتاییدا، سەدام بانگەشەی سەرکەوتنی کرد، بەڵام هەموو ئەوەی ئەنجامیدا بە شکست بەدرۆخرایەوە. سنووری عێراق ئێران هەروەک خۆی مایەوە. هەردوو سەدام و خومەینی لە دەسەڵاتدا مانەوە.(٢٨)

عێراق بەهۆی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران، چەند دەستکەوتێکی دبلۆماسی دەستەبەرکرد. پەیوەندیەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتە عەرەبە سوننەکان-کوەیت، سعودیە و میسر- بەرەوپێش چوو. وڵاتە دەوڵەمەندەکانی کەنداو تەمویلی جەنگەکەیان کرد بە پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی و سەربازیی. فەرەنسا و یەکێتی سۆڤیەت چەکیان پێشکەش کرد. بەغدا و واشنتۆن پەیوەندیە دبۆماسیەکانیان گەڕاندەوە، لەو کاتەوە

[١] بۆ زانیاری و وردەکاری زیاتر بڕوانە پەرتووکی: (Guests of the Ayatollah: The Iran Hostage Crisis: The First Battle in America’s War with Militant Islam) نووسەر: مارک باودن. ٢٠٠٧. (وەرگێڕ)

پچڕابوو کە عێراق پرۆتەسـتۆی هاوکاری ئیسـرائیلی کرد لە جەنگی شـەش ڕۆژەی عەرەب-ئیسـرائیلدا. واشـنتۆن خۆراک و شـتمەکی پێشـکەش بە عێراق کرد. هەروەها کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان چەکی کیمیاویان بە عێراق فرۆشـت کە پاشـان لە دژی ئێران و کوردەکانی عێراق بەکاریهێنا. بەکورتی، سـەدام توانی سـەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە ترسان لە خومەینی بە سوودی خۆی کۆتایی پێ بهێنێت.

*****

لە ٢٠ی تەممووزی ١٩٨٧دا، ئەنجومەنی ئاسـاییشـی نەتەوەیەکگرتوەکان بڕیاری ٥٩٨ی تێپەڕانـد کە داوای کۆتـایی هێنـان بە جەنگی دەکرد. ئێران داواکەی کۆمەڵگـای نێودەوڵەتی فەرامۆش کرد. لە جیاتی ئاگربەست، لە بەهاری ١٩٨٨ هێرشی کردە سەر باکووری عێراق. سـەدام کوردەکانی بەوە تاوانبار کرد کە وەک سـتوونی پێنجەم پشـتگیریی ناڕەحەتیەکانی عێراق دەکەن. یەکسـەر دوای ئاگربەسـت لەگەڵ ئێران لە حوزەیرانی ١٩٨٨، عێراق هێرشەکانی بۆ سەر کورد چڕتر کردەوە. دوای جەنگی عێراق-ئێران ، سـەدام هەڵمەتێکی سـەربازیی دەسـتپێکرد بۆ قەلاچۆکردن و فەرحودکردنی ئەوەی کە ناونرابوو هەڵمەتی "ئەنفال". ئەو هەڵمەتە ناوەکەی لە سـورەتی ئەنفالی قورئانەوە وەرگیراوە. ئەنفال واتە، "تالان"ی (جەنگ).(٣٠) هەروەها ئەنفال بە جینۆسایدی کوردیش ناسراوە.

لە بەرواری ٢٩ی ئازاری ١٩٨٧، سـەدام، عەلی حەسـەن مەجید، ئامۆزاکەی، وەک سـکرتێری گشـتی پارتی بەعس لە ناوچەی باکوور دیاریکرد. مەجید ڕێنمایی وەرگرتبوو کە هەموو کارێکی پێویسـت بکات بۆ پاککردنەوەی ئەو بیسـت کیلۆمەترەی دەکەوتە سـەر سـنووری عێراق و ئێران کە دانیشـتوانەکەی کوردنشـین بوون.(٣١) هەڵمەتەکە هاوڵاتیانی مەدەنی لە بادینان کردە ئامانج، سـنووری چوار هەزار میلی چوارگۆشـەی لە چیاکانی زاگرۆسـدا، لەگەڵ تورکیا بەرەو باکوور و بۆ ڕوباری زاپی گەورە لە ڕۆژهەڵات.

هەڵمەتی ئەنفال ڕووداوێکی ئاسـایی نەبوو. چەند هێرشـێکی پلان بۆ داڕێژراو بوو لە دژی کورد بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەردەوامی هەبوو. کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کوشتنی بەکۆمەڵ ئەنجام بدەن بە بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی لە نێوان شـوباتی ١٩٨٧ و ئابی ١٩٨٨دا.

پرۆسـەی ئەنفال بە هەشـت قۆناغ ئەنجامدرا. حەوت قۆناغی یەکەمیان ئەو ناوچانەی لە لایەن یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بەدرێژایی سـنووری ئێران کرانە ئامانج. لە قۆناغی کۆتاییدا ناوچەی ژێر دەسـەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردسـتان لە ئەیلولی ١٩٨٨ کرایە ئامانج.(٣٢) مەجید لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧دا بڕیاری (ناوچە قەدەغەکراوەکان)ی دەرکرد. ئەو فەرمانیدا کە "هەموو کەسـێک کە لەو گوندانەدا دەسـتگیربکرێت، دەسـتبەسـەر دەکرێن و لە لایەن ئاسـاییشـەوە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، وە ئەوانەی لە نێوان تەمەنی ١٥ بۆ ٧٠ سـاڵیدا دەکوژرێن ئەگەر هاتوو هەر زانیاریەکی گرنگیان لێوە دەسـتەبەر بکرێت، کە لێیەوە بە پێی داواکراو ئاگادار بکرێینەوە"(٣٣) مەجید فەرمانێکی پاشـکۆیی دەرکرد لە بەرواری ٦ی ئەیلولی ١٩٨٧، تیایدا داوای کردبوو "گشـت خێزانەکان بۆ ئەو شـوێنانە ڕاگوێزرێن کە خزم و کەسـەکانیان لەوێدان...، جگە لە پیاوەکانیان، لە نێوان تەمەنی (١٢ بۆ ٥٠) کە دەبێت دەستبەسەر بکرێن [وە بکوژرێن]."(٣٤)

تا نزیکەی دوو سەد هەزار سەربازی عێراقی، بە ئەندامانی گاردی کۆماریشەوە، بە هاوکاریی هێزی ئاسـمانیی لە ناوچەکەدا بڵاوە یان پێکرا. هەلیکۆپتەر ناوچەکەی بۆردومان کرد و چەندین قوربانی بەدوای خۆیدا هێنا. هەروەها سـوپای عێراق هەماهەنگیەکی باشـی لەگەڵ میلیشـیای جاشـی کورد هەبوو. جاش لە زمانی کوردیدا واتە، "بێچوە گوێدرێژ(جاشـک)". جاش ماڵ و سـامانی میللەتیان تاڵانکرد و ئافرەتی کوردیان لاقە دەکرد.(٣٥) هەروەها مەجید بڕیارێکی دەرکرد کە تیایدا ئەو پیاوانەش

بکاتە ئامانج کە تەمەنیان بۆ جەنگ گونجاوە. ئەو گەنجانە ڕاپێچکران، کوژران وە پاشان خرانە گۆڕی بەکۆمەڵەوە.(٣٦)

مەجید بە "عەلی کیمیایی" ناســـراوبوو چونکە چەکی کیمیایی لە دژی هاوڵاتیانی مەدەنی بەکارهێنا. بەدناوترین ڕووداو لە ١٦ ئازاری ١٩٨٨دا لە هەڵەبجە ئەنجامدرا. تا (٥٠٠٠) کورد- زۆربەیان ژن و منداڵ- بەهۆی بۆمبارانی ئاســمانیی و بەکارهێنای گازی خەردەلەوە کوژران. ژمارەیەکی زۆر لە قوربانیانی ئەو چەکە کیمیاویە تا ئێســـتاشـــی لەگەڵدا بێت بە دەست کێشەی تەندروستی ئازاربەخشەوە دەناڵێنن. چەکی بایۆلۆژی و کیمیایی، پێست و چاو و سییەکانی سوتاند، وە بووە هۆی شێرپەنجە و کەموکورتی تێکشـــکاندنی دەماریی لە قوربانیەکاندا. نزیکەی (١٨٢,٠٠٠) کورد لە هەڵمەتی ئەنفالدا کوژران. نزیکەی (٤٥٠٠) گوند خاپور کران و بە لایەنی کەمەوە٣١ گوندی ئاشـــووری تێکدران.(٣٧) کورد لە سەرتاسەری جیهان ساڵانە بە غەمبارییی یادی کارەساتی هەڵەبجە دەکاتەوە.

*****

عێراق خاوەنی چوارەم گەورەترین ســوپای جیهان بوو، بەڵام خەرجی ســەربازیی بووە هۆی قەیرانێکی گەورەی دارایی. ئەو وڵاتە نزیکەی (٢٠٠)ملیار دۆلار قەرزاری دراوســـێ عەرەب و سـوننەکان بوو کە لە جەنگی دژ بە ئێران هاوکاریی ماددیان کردبوو. سـەدام هەڕەشـــەی لە قەرزدەرەکان کرد، بە کوەیتیشـــەوە. "عێراق هەرگیز ئەو ڕاســتیە لەیاد ناکات کە بڕینی گەردەن باشـترە لە بڕینی قوتی خەڵک و هۆیەکانی ژیان. ئەی خودای گەورە، تۆ شاهیدی کە ئێمە ئەوانمان ئاگادارکردۆتەوە."(٣٨)

سەدام خاوەن قسەی خۆی بوو، وە داوای کێڵگەی دەوڵەمەند بە نەوتی (ڕومەیلە)ی کرد کە بە ژێر زەوییدا لە نێوان ســـنووری عێراق و باکووری کوەیتدا دەڕۆیشـــت. بە ئامادەباشی سوپای عێراقی بۆ هێرشکردنە سەر کوەیت، سەرۆک بوش هێڵێکی لە سەر

لم کێشـا، وەک ئاماژەیەک بەوەی کە هێرشـکردنە سـەر کوەیت وەک هێرشـکردنە سـەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وایە. بوش لەوە ترســـا کە عێراق کوەیت و ســـعودیە داگیر بکات، وە بەم شـــێوەیە دەســـتی بەســـەر بەرهەمە نەوتیەکاندا دەگرت. ســـەدام ئاگادارکردنەوەکەی بوشـــــی فەرامۆش کرد. ئەو بانگەشـــــەی ئەوەی کرد کە کوەیت نۆزدەمین پارێزگای عێراقە، بەم شـــــێوەیە، لە بەرواری ٢ ئابی ١٩٩٠، عێراق کوەیتی داگیرکرد. هێزەکانی بەرگری کوەیت لە دووەم ڕۆژدا ڕووخان. بە کەمتر لە هەفتەیەک دوای ئەمە، عێراق کوەیتی بە سنووری خاکەکەیەوە لکاند.

بوش لە پەیامەکەیدا بەم جۆرە وشـــــیاریدا، "بەرگەی ئەم کارە ناگیرێت، ئەمە چەوســـــاندنەوەی کوەیتە". (٣٩) ئەمریکا ڕابەرایەتی ئیســـــلامێکی نێودەوڵەتی کرد بۆ ڕزگارکردنی کوەیت. هەڵمەتی کەمکردنەوەی قەلەمڕەوی هێزەکانی ســـوپای عێراق لە ١ کانوونی دووەمی ١٩٩١ دەستی پێکرد. لە ماوەی شەش هەفتەدا هێزەکانی هاوپەیمانان زیاتر لە جەنگی جیهانیی دووەم بۆمبیان بەردایە خوارەوە. کاتێک لە ٢٤ی شـــــوبات هێرشە زەمینیەکان دەستیان پێکرد، هێزەکانی عێراق زۆر بەخێرایی شکستیان پێهێنرا. بەهێزی پیادەی لاوازەوە، زرێ پۆشـــەکانی عێراق بەرەو باکوور ڕایانکرد و بەتەواوی لە سەر خاکی کوەیت وەدەرنران.

تیمی ئاساییشی نیشتیمانی بوش گفتوگۆیان سەبارەت بە کۆتایی جەنگ سازکرد. ســـەرۆکی لیژنەی دووقۆڵی، کۆلن پاوڵ، بەم شـــێوەیە پێناســـەی ئامانجەکان جەنگی ئەمریکای کرد: ئازادکردنی کوەیت و لەناوبردنی توانا بەرگرییەکانی ســـەدام. ســـکرتێری وەزارەتی بەرگریی، دیک چینی، لەبارەی چوونە ناو بەغداوە بەم جۆرە دوا:

"بیرۆکەی چوونە ناو بەغدا... یان هەوڵدان بۆ ڕوخانی ڕژێم شتێک نەبوو پێیەوە پەرۆش بم. من وا هەســتم کرد مەترســیەکی گەورەتر لێرەدا هەیە کە ئێوە بیری لێدەکەنەوە، عێراق شــوێنێکی زەحمەتە؛ ئەگەر بیرتان بێتەوە هەمووومان نیگەران بووین ســـــەبارەت بە ئەگەری پارچە پارچە بوونی عێراق، ئێرانیەکان دووبارە دەستیان بە ململانێ کردۆتەوە کە لە جەنگی خوێناوی هەشت

ساڵە لەگەڵ عێراق ڕەنگی دایەوە. ئێمە نیگەران بووین سەبارەت بە کورد لە باکوور. تورک زۆر نیگەران دەبێت هەرکاتێک ئێمە دەست بکەین بە قسەکردن لە سەر کوردستانێکی سەربەخۆ."

(٤٠)

چینی درێژەی پێدا،

"ئەگەر بتانەوێت بچنە ناو عێراق و هەوڵ بدەن سەدام لە سەر کار لابدەن، دەبێت سەرەتا بچنە بەغداد. هەرکاتێک بەغداتان گرت، ڕوون نیە کە چی لەگەڵدا دەکەن. ئاشکرا نیە چ حکومەتێک لەجیاتی ئەوەی ئێستا دادەنێین. ئایا ڕژێمێکی شیعی، سوننی یان کورد دەبێت؟ یاخود ئەوەی کە مەیلی بەعسیەکانیان هەیە، یان ئەوەی مەیلی ئیسلامی توندڕەوی هەیە؟ ئایا ئەو حکومەتەی لە لایەن سوپای ئەمریکاوە دادەنرێت، تا چەند متمانەی هەیە کاتێک دەسەڵات دەگرێتە دەست؟ ئایا سوپای ئەمریکا دەبێت چەند لەوێ بمێنێتەوە بۆ پاراستنی ئەو خەڵکەی بۆ ئەم حکومەتە کاردەکەن، وە چی ڕوودەدات کە ئێمە ئەوێ جێدەهێڵین؟" (٤١)

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە کاتژمێر ٨ی بەیانی لە بەرواری ٢٨ی شوباتی ١٩٩١ ئاگربەستی ڕاگەیاند.

*****

هەندێک لە بەرپرسانی ئیدارەی بوش بەهێشتنەوەی سەدام لە دەسەڵاتدا پەست بوون. بوش داوای لە عێراقیەکان کرد بۆ لە سەر کارلادانی سەدام. ئەو لە ڕێگای "دەنگی ئەمریکا" وە قسەی بۆ خەڵکی عێراق کرد لە بەرواری ١٥ی شوباتی ١٩٩١، وە هانیدان کە شۆڕش بکەن: "ڕێگایەکی تر هەیە بۆ وەستاندنی ئەم کوشتارە: وە ئەم ڕێگایەش بریتیە لە، هێزەکانی سەربازیی عێراق و خەڵکی ئەو وڵاتە کێشەکان بگرنە دەستی خۆیان و سەدامی دیکتاتۆر ناچار بکەن کە دەسەڵات چۆڵ بکات وە پاشان بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان جێبەجێ بکات و دووبارە پەیوەندی بە خێزانی نەتەوە ئاشتیخوازەکان بکاتەوە." (٤٢)

شـیعەکانی عێراق یەکەم لایەن بوون لە ٤ ئازاری ١٩٩٢ لە دژی سـەدام هەڵسـان. شـۆڕشـەکەیان پێی دەوترا (الأنتفاذة شـعبان). ڕۆژی دواتر ڕاپەڕینی نەتەوەیی کورد لە شارۆچکەی ڕانیەدا دەستی پێکرد. پێشمەرگە و سوپا هەڵاتوەکانی موسڵ و کەرکوکیان گرت. ئەوان هوتافی لایەنگیری دیموکراسـی و هێرشـکردنە سـەر بەغدایان دەوتەوە. مەرجەکانی ئاگربەسـت ڕێگای بە عێراق نەدا فڕۆکە بەکاربهێنێت، بەڵام بە هەلیکۆپتەر هێرشـی پێچەوانەیان ئەنجامدا. ترس بەهۆی بۆمبارانی ئاسـمانی و تۆپهاوێژیەوە بووە هۆی کۆڕەو و ئاوارەبوونی یەک ملیۆن و نیو کورد بەرەو تورکیا و ئێران. دەیان هەزار شـیعە لە باشـوردا کوژران. حکومەتی عێراق سـیسـتەمی ئاوەڕۆی زۆنگاوەکانی سـەر ڕووبـاری دیجلە و فوراتی گرتەوە. هێزە چەکـدارەکـانی ئەمریکـا فەرمـانیـان پێکرا ڕووبەڕووی هێرشە پێچەوانەکەی سەدام نەبنەوە. بەگوێرەی وتەکانی بریکاری وەزارەتی بەرگری، پۆڵ وۆلفۆتز، هێزەکانی ئەمریکا، "بە ڕاسـتەقینە و نیازێکی دیارەوە سـەیری هێرشەکانیان نەکرد". (٤٣)

ڕێبەری ڕۆحی ئێران فەرمانی بە ئێرانیەکان کرد کە ماڵەکانیان بۆ ئاوارە کوردەکان بکەنەوە، کە پەناگەیەکی ئارامیان پێدرا. هەرچۆنێک بێت، تورکیا سنوورەکانی داخست. ئەو وڵاتە لەوە ترسـا کە ملیۆنێک ئاوارەی کوردی کە بڕژێنە ناو سـنوورەکەیەوە دەبێتە هۆی ناسـەقامگیری و هاندانی کورد لە تورکیادا. سـەرۆک تورگوت ئۆزال سـتراتیژیەتی گەڕانەوەی پێباشـتر بوو لە نیشـتەجێکردنەوەیان. ئەو هانی ئەمریکا و بەریتانیایدا بۆ ئەوەی بارودۆخێک بۆ کوردانی حێراق بڕەخسـێنن بۆ ئەوەی بە سـەلامەتی بگەڕێنەوە سـەر ماڵ و گوندەکانیان. دوای هاندانی کورد بۆ ئەوەی ڕاپەڕن، بوش ناچار بوو کاردانەوەی هەبێت.

تورکیا ڕۆڵێکی جیانەکراوەی گێڕا لە چالاکیەکانی دابینکردنی شوێنی حەوانەوە، کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی جوڵاند بۆ ئەوەی خۆراک و پەناگە بۆ کوردەکان لە شـاخ ئامادە بکەن. بەڵام یەک ملیۆن کورد نەیاندەتوانی لە سـەر سـنووری عێراق و تورکیادا

بمێننەوە. ئەوان پێش گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و حالی خۆیان پێویستیان بە پاراستن بوو. ئەنجومەنی ئاســـاییشـــی نەتەوەیەکگرتوەکان "ئۆپەراســـیۆنی چاودێری باکوور" دەســـت پێکرد کە خۆی لە پاراســـتنی ئاوارەکان دەبینیەوە، ناوچەی دژە فڕینی هێڵی سی و شەشی ئاسمانی کوردستان عێراق و ژێر سی و دووی ناوچە شیعە نشینەکانی دروست کرد.

هەروەها لە بەرواری ١٧ی نیســـان، ســـوپای ئەمریکا ناوچەیەکی ســـەلامەتی بە ڕووبەری شەست میل لەناو خاکی عێراقدا دامەزراند. ئەوان کەمپ و ناوەندی هاوکارییان دروســتکرد بۆ دابەشــکردنی کەلوپەلی پێویســت، کە وەک ئامادەکاریەک بۆ گەڕانەوەیان خزمەت بکات. لە تشـــرینی یەکەمدا، عێراق ڕازی بوو هێزەکانی لە کوردســـتانی عێراق بکشێنێتەوە. هێڵی سەوز دامەزرا وەک سنورێکی ناوخۆیی بۆ کوردستانی عێراق. ئەم ســنووره لە ســلێمانی، هەولێر و دهۆک پێک هاتبوو. هەرچۆنێک بێت، شــاری کەرکوکی لێدەرکرا. ئیدارەی بوش ویستی کۆنترۆڵی کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوک نەکەوێتە دەست کورد، کە دەبووە وەسیلەیەک بۆ سەربەخۆیی.

هێزە چەکدارەکانی عێراق پاســـەوانییان لە ســـەر هێڵی ســـەوزدا ئەنجامدا. ئەوان ئابڵوقەیان بەســـــەر کوردەکاندا ســـــەپاند، ئەویش بە گرتنی ئەو ڕێگایانەی خۆراک و سوتەمەنی و کەلوپەلی گرنگی تر. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ستراتیژیەتی پەرەنەسەندنی هێزی لە عێراق پەیڕەو کرد. لەگەڵ ناوچەی دژە فڕیندا، ئەنجومەنی ئاسـاییشـی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێگایدا کە چەک بپشـــکێنرێن و ئابڵوقەی ئابووریی بخرێتە ســـەر عێراق. کورد دووجار تووشــی ئابڵووقەی ئابووریی بووەوە. عێراق بەربەســتی لە ســەر ســنووره نیوخۆییەکاندا دانابوو، وە ئابڵووقەکان ســـــنووی نێوان عێراق و تورکیایان داخســـــت. ســـــەدام وایزانی بارزانی و تاڵەبانی دەگەڕێنەوە ناو هەمان ئەو دۆخەی پێشـــــوو و پەیوەندی بە عێراق دەکەنەوە. ئەو قەناعەتی بۆ درووســـت بوو کە کوردســـتانی عێراق

ناتوانێت بەبێ بەغدا گوزەر بکات. هەروەها وابیریکردەوە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئێستا بایەخی بە عێراق لەدەست دەدات کە کوەیت ئازاد بووە و جەنگ کۆتایی هاتووە.

# سەرچاوەکان


1. “San Remo Resolution.” *Council on Foreign Relations.* Council on Foreign Relations, 25 Apr. 1920. Web. 15 May 2014. http://www.cfr.org/israel/san-remo-resolution/p15248>.
2. Litvak, Meir, and Ofra Bengio. *The Sunna and Shi’a in history: division and ecumenism in the Muslim Middle East.* New York, NY: Palgrave Macmillan, 2011. Print.
3. Tripp, Charles. A History of Iraq. Cambridge University Press, 2007, Pg. 41.
4. Vinogradov, Amal. “The 1920 Revolt in Iraq Reconsidered: The Role of Tribes in National Politics,” International Journal of Middle East Studies, Vol.3, No.2 (Apr., 1972): Pg. 135.
5. “Kurdsat English news.” *Kurdsat English news.* N.p., n.d. Web. 29 May 2014. <http://www.kurdsat.tv/news.php?id=16&type=biography>.
6. Yasin Aziz. Kurdistan Tribune. A Few Days Life of Revolution in Halabja: Introduction. November 4, 2013 http://kurdistantribune.com/2013/few-days-life-of-revolution-halabja-introdution/ (accessed April 25, 2014).
7. “British Use of Chemical Weapons in Iraq, Killing Kurds in the Old Days.” Americans Against World Empire, n.d. Web. 15 May 2014. <http://www.agianstbombing.org/chemical.
8. “Operation Desert Storm Timeline.” N.p., n.d. Web. 15 May 2014. <http://www.history-of-american-wars.com/operation-desert-storm-html>.
9. “Sinjar Mountains – InfoRapid Knowledge Portal.” *Sinjar Mountains – InfoRapid Knowledge Portal.* N.p., n.d. Web. 16 May 2014.
10. Natalia, Denise. *The Kurds and the State: Evolving National Identity in Iraq, Turkey, and Iran.* Syracuse, NY: Syracuse UP, 2005. Print.
11. “The Iraq Coup of 1941, The Mufti and the Farhud.” *The Iraq Coup of Rashid Ali in 1941, the Mufti Husseini and the Farhud (Farhoud).* N.p., n.d. Web. 16 May 2014.

12. Lawrence, Quil. *Invisible Nation: How the Kurds' Quest for Statehood is Shaping Iraq and the Middle East.* New York: Walker, 2008. Print.
13. Ibid.
14. Romero, Juan. *The Iraqi Revolution of 1958: A Revolutionary Quest for Unity and Security.* Lanham, MD: U of America, 2011. Print.
15. Ezgi, Doug. "A Comparative Case Study: Kurdish Secessionism in Iraq and Turkey." *Https://files.nyu.edu/de339/public/Ezgi%20Kurdish%20Case%20Study%20Chapter.pdf.* New York University, n.d. Web.
16. "The Kurdish Rebellion." *The Harvard Crimson.* William A. Nitze, October 3, 1962.
17. "Who Really Used Chemical Weapons?" *Who Really Used Chemical Weapons?* N.p., n.d. Web. 16 May 2014.
18. PBS. PBS, n.d. Web. 16 May 2014.
19. "JUNE 1994 VOLUME I: NUMBER 2." *The Last Year of Mustafa Barzani.* Web. 16 May 2014.
20. David Korn. "The Last Year of Mustafa Barzani." *The Middle East Quarterly.* June 1994. Vol. I: No. 2.
21. Published in *The village voice,* February 16, 1976.
22. David Korn. "The last Year of Mustafa Barzani." *The Middle East Quarterly.* June 1994. Vol. I: No. 2.
23. Darius Kadivar. Persian Realm. "Diplomatic History: Shah and Saddam Sign 1975 Algiers Agreement." January 3, 2009. http://iranian.com/mian/blog/darius-kadivar/diplomatic-history-shah-and-saddam-sign-1975-algiers-agreement.html (accessed April 28, 2014).
24. "JUNE 1994 • VOLUME I: *The Last Years of Mustafa Barzani.* Web 16 May 2014.
25. "Masoud Barzani." *Masoud Barzani.* N.p., n.d. Web. 1 May 2014. <http://www.kdp.se/mbhp.html>.
26. How Did Saddam Hussein Became President of Iraq?" *WikiAnswers.* Answers Corruption, n.d. Web. 29 May 2014. <http://wiki.answers.com/Q/How_did_Saddam_Hussein_became_president_of_Iraq>.

27. Ibid.
28. Roger Hardy. "The Iran-Iraq war: 25 years on." BBC. September 22, 2005. http://news.bbc.co.uk/2/hi/4260420.stm (accessed April 29, 2014).
29. "UN Security Council Resolution 598, Iran / Iraq." *Council on Foreign Relations.* Council on Foreign Relations, 20 July 1987. Web. 16 May 2014.
30. "8 Surah Al-Anfal (The Spoils of War)." *Translation of Surah Al-Anfal.* Web. 16 May 2014.
31. Tran, Mark. "Iraq Executes Chemical Ali." *The Guardian.* Guardian News and Media, 26 Jan. 2010. Web. 16 May 2014.
32. Cited in *Iraq's Crime of Genocide,* pp. 11.
33. Cited in *Iraq's Crime of Genocide,* pp. 11, 14.
34. Cited in *Iraq's Crime of Genocide,* p. 298.
35. "Researcher: Kurdish Women Are Victims of a Legacy of Violence." *Rudaw.* Web. 16 May 2014.
36. *'Iraq's crime of genocide' by Human Rights Watch 1994, p. 266 – 268*
37. Human Rights Watch. (1993) "Genocide in Iraq – The Anfal Campaign Against the Kurds.' http://www.hrw.org/legacy/english/docs/2006/08/14/iraq13979_txt.htm.
38. http://www.pbs.org/wgbh/pages/frontline/shows/longroad/etc/cron.html (accessed May 1, 2014)
39. "George Bush (Sr) Library." *Bush Library.* Web. 16 May 2014.
40. Ibid.
41. http://www.slate.com.articles/news_and_politics/chatterbox/2002/10/dick_cheney_dove.html (accessed by May 1, 2014).
42. "Articles: Rise Up and Die: Hillary Clinton on Aleppo in February." *Articles: Rise Up and Die: Hillary Clinton on Aleppo in February.* N.P., 10 Aug. 2012. Web. 16 May 2014.
43. "Chapter 13 Breaking Up Is Hard to Do: Nations, States, and Nations-States A. Logistics." *Religion/Language Summary -.* Web. 16 May 2014.

## (٣)

## کورد لە تورکیا

**دوای نائومێدیەکی زۆر بەهۆی ناپاکی کردن لە لۆزان، کوردەکان لە شـــوباتی ١٩٢٥دا شـۆڕشــی چەکدارییان چڕتر کردەوە. شــێخ ســەعیدی پیران[1] 'ئازادی' دامەزراند. واتە**

[1] شێخ سەعیدی پیران (١٨٦٥-٢٩)ی حوزەیرانی ١٩٢٥ لە ئامەد شۆڕشگێڕێکی کورد بوو، کە لە ١٩٢٥دا بە یارمەتی ژمارەیەکی زۆری پێشـــمەرگە دژ بە حکوومەتی کۆماری تورکیا شـــۆڕشـــی کرد و بۆ ماوەیەکی زۆر گەمارۆی شاری ئامەدیان دا، بەڵام هێزەکەیان تێکشکا و پاشان شێخ سەعید لە سێدارە درا.

شێخ سەعید ساڵی ١٨٦٥ لە ناوچەی پاڵوو لەدایکبووە. یەکێکە لە شێخە بەرزەکانی نەقشبەندی. لە پاش مردنی باپیرەی شــێخ عەلی، باوکی ناوچەی پاڵووی بەجێ هێشــتووە و ڕووی کردۆتە شــاری خنیس. شــێخ ســـەعید خوێندنی دینی لەو شـــارە تەواو کردوە، پایە و ڕێزی کۆمەڵایەتی شـــێخ و زیرەکی و لێهاتوویی و دەوڵەمەندی بۆتە هۆی سەرەکی بۆ ئەوەی کۆمەڵەی سەرخۆبوون پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و پتەو بە شێخ ســـەعیدەوە بکات لە کوتایی هاوینی ١٩٢٣ یوســـف زیبا کە ســـەرۆکێکی بزوتنەوەی کورد و جێگری کۆنی شـــاری بەتلیس بووە لە پەرلەمانی تورکیادا، چۆتە خنیس بۆ خزمەتی شـــێخ ســـەعید و ڕێکەوتوون لەســـەر ئەوەی بڕیاری هەڵگیرسـانی شـۆرشـێکی نوێ بدەن. لە زسـتانی ١٩٢٣ تا ١٩٢٤ سـەرۆک هوزەکان و ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەی سەرخۆبوون کۆبونەوەی فراوانیان لە ناوچەی پاڵوو بەست کە تیایدا باس لە فراوانکردن و خۆســـــازدان بوو بۆ چالاکی کردن لە پێناو بزوتنەوەی نهێنی و خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینی نوێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

ئەم کار و بڕیارەش تا ڕادەیەکی بەر فراوان بە یارمەتیی شـێخ مەحموودی حەفید و سـمکۆی شـکاک بوو، هەروەها بڕیار درا یاداشـــتێک دەربارەی پشـــتگیری نەتەوەی کورد بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصـب الأمم) بنێرن. خالید جەبری و یوســـف زیبا چالاکترین ئەندامانی کۆمەڵەی ســـەرخۆبون بوون کە هەموو بڕیارە گرنگەکانی کۆمەڵەیان دەگەیاندە دوورترین ناوچەکانی کوردســـتان و ئامادەییەکی هەمیشـــەییان لە نێوان ســـەرۆک هۆزەکاندا پەیدا کردبوو. هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ پارتی کۆماری پێشـــکەوتووی تورکیا پەیدا کردبوو کە لە تشـرینی دووەمی ١٩٢٥ دامەزرابوو، بەڵام بەهۆی خیانەتکاری سـەرۆکەکانی هۆزی خورمیک کە دەنگوباس و خوئامادەکردنی گەیاندە یاسـاوڵانی ڕژێمی تورکیا، بە بڕیاری مسـتەفا کەمال ئەتاتورک، یوسـف زیبا و خالید جەبری بەگ گیران و ڕەوانەی زیندانی بەتلیس کران، لە پاش گرتنی ئەم دوو ســـەرکردەیە

کۆمەڵە وەک پێویستیەکی گرنگ بە پەلە بریاریدا کە شێخ سەعیدی پیران هەڵبژێردرێت و بکرێت بە سەرۆکی کۆمەڵەی سەرخۆبوون.

شـیخ سـەعید لە پاش هەڵبژاردنی بە سـەرۆکی کۆمەڵە بڕیاری هەڵگیرسـانی بزوتنەوەی چەکدارانەی دا، بەڵام زیاتر دەیویست بڕیارەکە مۆرکی کوردستانی گەورەی پێوە دیاربێت لەبەر ئەوە عەلیڕەزای کوڕی ناردە شارەکانی ئامەد و حەڵەب بۆ زانینی بیروبۆچوونی سەرۆکەکانی کوردی سوریا و عیراق و ئێران بۆ زیاتر ڕێک کەوتن لەسەر کاتی گشتی ڕاپەڕینەکە.

لە پاش کوبونەوەیەکی گەورە لە شـاری حەڵەب، هەمووان گەیشـتنە ئەو باوەڕەی کە مافی نەتەوایەتی گەلی کورد بەبێ شوڕشێکی چەکدارانە مەحاڵە مسۆگەر بکرێت. پا شان، ڕۆژی ٢١ ئازاری ساڵی ١٩٢٥ دانرا بە یەکەم ڕۆژی هەڵگیرسـانی شـۆرش. لە نیوەی دوەمی مانگی یەکەمی سـاڵی ١٩٢٥ دا، شـێخ سـەعید گەشتێکی بەزۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا کرد، دەچووە هەر ناوچەیەک بە کومەڵ لایەنگر و دۆست ڕوویان تێ دەکرد. لە ٥ی شـوباتی ١٩٢٥ شـێخ سـەعید خانیی بەجێ هێشـت لەگەڵ سـەد سـوارە بەرەو گوندی پیران بەڕێ کەوتن بۆ ماڵی عەبدول ڕەحیمی برای. هەر لەو شـەودا مەفرەزەیەکی سـوپای تورک بە سەرۆکایەتی حوسنی ئەفەندی و موستەفا عالیم کە هاتبوون بۆ گرتنی چەند کەسێک لە گوندنشینەکان. شێخ سـەعید ڕازی نەبوو کە کەس بگیرێ. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە هەر دوولا سـەنگەر لەیەک بگرن. لەپاش شەڕوتەقە کردن چەندەها کەس لە مەفرەزەی دوژمن کوژران و ئەوانی تریش بە ئەسیری گیران.

ئەم ڕوداوە لەپڕە بووە هوی ڕێگرێکی سەرەکی ناوەخت لە کامل نەبوونی خۆ ئامادە کردنی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید. کاتێک شێخ تایەری برای شێخ سەعید ئەم هەواڵەی بیست، بێ وەستان و چاوەڕوانی لە ١٠ی شـوباتی ئەو سـاڵەدا کونترۆڵی شـارۆچکەی لیچەی کرد و دەسـتی بەسـەر گشـت پارە و نووسـین و نامە و تەلگرافی نهێنی ڕژێمدا گرت، لە ڕۆژی ١١ی شوباتدا، لەگەڵ دوو سەد هەزار سوارە چوونە خزمەت شێخ.

ئەم ڕووداو و هۆکارانە بوونە هۆی سـسـت بوونی هەندێ کاری شـۆرشـەکە کە ڕێگەیان لە دواخسـتنی شـۆرشـەکە گرت بۆیە شـێخ سـەعید بە ناچاری پێش وەخت بڕیاری دەسـتپێکردنی ڕاپەڕینەکەی دا، بەپێی ئامارێکی ئەو کاتە، ژمارەی پێشـمەرگە کوردەکان تەنیا لە چوار ویلایەتدا نزیکەی شـەش سـەد هەزار کەس بوون بەرامبەر ژمارەی هێزی تورکەکان کە لە سـەد هەزار کەمتر بوون. لەم ناوچانەدا نەتەوەی چەرکەس و عەرەب و ئەرمەنیشـی تێدابوو، ئەم کەمینە نەتەوانەش زۆر چەوسـاوە و زوڵم لێکراوی ژێر دەسـەڵاتی تورک بوون بۆیە زۆربەیان لە شۆڕشەکەدا بەشدار بوون و شێخ سەعید سەرۆکایەتی سوارە پێشمەرگەکانی حاجی حەسـەن و عەمەری خارۆ هۆزی مەسـتان و بۆتانی باشـوری چیای کوچەرانی دەکرد. هێزی سـاڵح بەگی خانی

هێزەکانی شـێخ شـەمسـەدینیش هاتنە ناوچەی مادن و شـێخ ئەیوبیش لەگەڵ هەزاران سـوارەی پێشـمەرگە چوونە ناو ڕیزەکانی شێخ عەبدول ڕەحیمی برای شێخ سەعید.

بەرەو ڕزگارکردنی شاری ئامەد ڕۆیشتن، شیخ سەعید لە سەرەتاوە هەستی کرد کە هێزەکانی لە توانایان نیە ئامەد ڕزگار بکەن بۆیە بیری لە ڕێگای تر کردەوە. بۆ ئەمەش کەوتبووە گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەتی تورک تا بواریکی لەبار بۆ ڕاپەڕینی کوردەکانی ناو شـــارەکە برەخســـێنێ. هەر چەندە بوار و ڕێگا نەبوو بۆ گەیاندنی هیچ جۆرە چەکێک بۆ خەڵکانی ناو شارەکە، گەمارۆدانی شارەکەش زۆری کێشا، سوپای دوژمنیش لەناو شـــارەکەدا ڕازی نەبوون کە دەســـتبەرداری بەرەنگاری و خۆڕاگرتن ببن، لە ســـەرەتای مانگی ئازارەوە پێشـمەرگە هێرشـی دەست پێکرد، بەڵام خۆڕاگری سـوپای تورک زۆری خایاند، لە دەرگای ماردینی شـارەوە کەرتێکی پێشـمەرگە و خەڵکی شـار یەکتریان گرتەوەو کەوتنە پەلامار بۆ سـەر سـوپای دوژمن، تورکەکان سـەنگەری پتەویان لێدابوو، لە هەمان کاتدا خاوەنی سـەدان چەکی نوێ بوون و توانای سـەرکەوتنیان زیاتر بوو، لە پاش شەڕێکی قورس و کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا، کەرتی هێرش بەری پێشمەرگە و خەلک ملیان دایە بەر پاشەکشەکردن و گەڕانەوە دواوە لە پاش دوو سێ هێرش پێشمەرگەکان کە تێدا سەرنەکەوتن، بە تەواوی بڕیاری وازهێنان لە گەمارۆی شارەکە درا.

ڕیزەکانی شـۆڕش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو شـپرزەیی و پەرش و بڵاوی دەچوو، بە تایبەتی کاتێک سـوپای دوژمن لە باکوور و باشورەوە بە هێزی زۆر هێرشیان هێنا و گەمارۆکەیان پێچەوانە کردەوە. لە کۆتایی مانگی نیسان بە هۆی خیانەتی سەرۆکی هۆزی جبرانان و قاسم بەگی جبرانەوە، شێخ سەعید، شێخ عەبدوڵا، عەلی غالب، ڕەشید ئاغا و ٢٦ شۆڕشگێڕی تر لە سەر پردی چەمی مۆراچ لە ناوچەی گەنج بەدیلی گیران. لەدوای دادگایکردنی شـێخ سـەعید و هاوڕێکانی لە کۆتایی مانگی ئایارەوە کە دەسـتی پێکرد و ماوەی یەک مانگی خایاند، جگە لە شێخ سەعید، ٤٧ تێکۆشەری کورد بڕیاری لە سێدارەدانی دەرکرا و لە دیاربەکر لە سێدارە دران.

شێخ سەعید بۆ دواجار لەژێر پەتی سێدارەدا فەرمووی :

"بەهیچ شـێوەیەک پەشـیمانی ئەو تێکوشـانە نیم .. لە پێناوی نیشـتمان و گەلەکەم گیانم بەخت ئەکەم. ئەوەندەمان بەسە کە نەوەکانی دوا ڕۆژمان لە بەرامبەر دوژمنانیاندا شەرمەزار و خەجاڵەت نین و .. شانازی بەمێژووی خویانەوە ئەکەن ... ئاواتە خوازم لەســـێدارەدانم هاندەرێک بێت بۆ بەهێز بوون و ســـوربونی نەوەکانی دوا ڕۆژی گەلەکەم لە پێناوی سـەربەخۆیی کوردسـتان .. بێگومانم ڕۆژێک دێت لەم شـوێنەدا و لە هەموو کوردستان دا ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان هەڵکریت".

کۆمەڵگایەکی سەربەخۆی کوردیی. ئەو سەرکردایەتی (١٥,٠٠٠) چەکداری کوردی کرد لە دژی (٥٢,٠٠٠) سـەربازی پڕچەکی تورکی. شـۆڕشـگێڕەکان لە سـەرەتادا بە ئۆپەراسـیۆنی (لێدە-ڕاکە) لە شـارەکانی دیاربەکر و ماردین، تا ئەو کاتەی فڕۆکە ئاسـمانیەکانی تورکیا بەژداری جەنگەکە بوون. شـۆڕشـگێڕەکان نەیانتوانی بەرگری لە سـیلڤان، خانی، پالو، پیران و لیجە بکەن. هێرشـەکان لە لایەن هێزە ئاسـمانیەکانی تورکیاوە بووە هۆی تێکدانی (٢٠٦) گوند و کوشـتنی (١٥,٢٠٠) هاوڵاتی، بە منالْ و ئافرەتیشەوە. لە ماوەی مانگێکدا، شۆڕشی ئازادی کپکرایەوە. شێخ سەعیدی پیران و سـی و شـەش لە هەڤاڵانی لە دەروازەی چیای دیاربەکر(Dag Kapi)دا لە بەرواری ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٢٥دا هەڵواسـران. (٧٥,٠٠٠) هاوڵاتی لایەنگیری تری شـێخ سـەعید دەسـتگیرکران.(١) نە تەرمە کوژراوەکان و نە کەلوپەلە تایبەتیەکانیان ڕادەسـتی بنەماڵەکانیان کرایەوە.(٢)

شێخ عبدالرحمن، برای شێخ سەعید، خەباتەکەی نوێ کردەوە. لە پاییزی ١٩٢٧دا هێرشـی کردە سـەر سـەربازگەکانی تورکیا، ناوچەکانی لیجە، بینگۆل و بایەزیدی گرت. شێخ عبدالرحمن کۆنترۆڵی ڕێگا شاخاویە دوورە دەستەکانی باشووری ئەرزەڕومی کرد. کاتێک فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا هێرشیان کردە سەر ناوچە کوردیەکان، شۆڕشگێڕان پەنایان بردە بەر سـەربازگە بەرزەکانی سـەر شـاخ. کوردەکان، کە لە لایەن سـەرباز و سیاسەتمەدار ئێحسان نوری پاشاوە سەرۆکایەتیان دەکرا، لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٧دا سـەربەخۆیی کوردسـتانیان ڕاگەیاند. ناویان نا کۆماری ئارارات. کورد توانی کۆنترۆڵی نـاوچەی ئـاگریی تـا حوزەیرانی ١٩٣٠بکـات. هەرچۆنێـک بێـت، ئەوان لە لایەن هێزێکی (٦٦,٠٠٠) سـەربازی و سـەد فڕۆکەیی لە ٢١ تەمموز لە 'زیلان' شـکسـتیان

پێهێنرا.(٣) شـۆڕشـی کوردی لە کانوونی یەکەمی هەمان سـاڵدا شـکێنرا، وە بۆ سـاڵی دواتر بە تەواوی بڵاوەی پێکرا.(٤)

موستەفا کەمال ئەتاتورک، کە ناوەکەی بە واتای (باوکی تورک) دێت، سـیاسـەتی "بەتورک کردن"ی لە دەسـتوردا چەسـپاند. ئەنقەرە ئەو باوەڕەی ئەتاتورکی بە شـێوەیەکی جوان پەیڕەو کرد، ناوینا 'کەمالیزم'. ئەتاتورک خۆی وەک نوێگەر دەبینی. ئەو بەدوای ئەوەدا دەگەڕا کە تورکیا وەک ئەوروپا لێبکات و بیخاتە سـەر یەک هێڵ لەگەڵ سـتانداردی ئەوروپا، عەلمانی، پیشـەسـازیی و پێشـکەوتوو. ئەو خەلافەتی تێک شکاند و پۆشاکی موسڵمانانی قەدەغە کرد. نووسینی لە ئەلفوبێی عەرەبیەوە گۆڕی بۆ لاتینی. شـکۆداریی "تورکبوون" جەوهەری کەمالیزم بوو. ئەتاتورک دەسـەڵاتی وڵاتی پێش خست.

شـوناسـی کوردی بۆ ئایدۆلۆژیای ئەتاتورک وەک بەرەنگاربوونەوە بوو. ئەتاتورک یاسـای سـەربازیی ڕاگەیاند، کارگێڕانی تورکی لە باشـووری ڕۆژهەڵات دامەزراند، زەوی بەسەر ئەو سەربازانەدا دابەشکرد کە خزمەتی سەربازییان کردووە. نیشتەجێکردنەوەی تورک لە باشـووری ڕۆژهەڵات بە واتای گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە و سـەپاندنی هاوڵاتیان ئەنجامدرا. مافە فەرهەنگیەکانی کورد قەدەغەکران لە ڕێگای دەرکردنێکی بڕیـارێکەوە کە قەدەغەی بەکـارهێنـانی زمـانی کوردی کرا لە فەرمـانگە فەرمیەکـانی حکومەتدا. خوێندن و پەروەردە لە فێرگەکاندا سـنووردارکردا بۆ منداڵانی کورد زمان. منـاڵە تـازە لەدایـک بووەکـان بۆیـان نەبوو نـاوی کوردیـان لێ بنرێـت. نـاوی دێهـاتە کوردیەکـان گۆڕدرا بۆ نـاوی تورکی. ڤیسـتیڤـاڵی فەرهەنگی وەک نەورۆز و گۆرانی ڕەسەنی کوردی قەدەغەکران.(٥)

ئەنجومەنی باڵای نیشـتیمانی تورکیا یاسـای دووبارە نیشـتەجێکردنەوەی لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٣٤ تێپەڕاند. ئەو پرۆژە یاسایە دەسەڵاتی بە دەسەڵاتدارانی خۆجێیدا بۆ

کۆکردنەوەی باج، دەســت بەســەرداگرتنی ســامان، وەگواســتنەوەی ئەو کوردانەی کە مەترسییان هەیە بۆ سـەر ئاسـاییشـی دەوڵەت.(٦) لە یەکی تشـرینی دووەمی ١٩٣٦دا، ئەتاتورک بۆ ئەنجومەنی باڵای نیشتیمانی وتارێکی پێشکەشکرد سەبارەت بە هەڕەشەی کوردەکان لە دەرسیم، وە داوای یاسایەکی قورس و ئیدارەیەکی تۆکمەی بۆ ئەو شارە کرد.(٧) وتەکانی بووە هۆی ئەوەی قۆناغی چەسپاندنی یاسای تونجەلی دەست پێبکات، کە تیایدا دەسەڵاتی بەخشیە حکومەت بۆ دامەزراندنی پۆستی سەربازیی لە کاهاموت، سین، قەرەئۆغلان، ئاموتکا، دانزیک و حەیدەران. ئەمە ڕێگای بە دادگا خۆجێیەکاندا بۆ ڕاگواستنی کوردەکان. ناوی دەرسیم بۆ تونجەلی گۆڕدرا.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، ئەنتۆنی ئیدن، لە ســاڵانی ســیەکاندا بە دژایەتیکردن بۆ دەمکوتکردنی دوژمن بە جێبەجێکردنی داواکاری ناســرابوو- تورکیای بەم شــێوەیە ئاگادار کردەوە:

"حکومەت هەوڵدەدات هاوڵاتیانی کورد بچەوســێنێتەوە بۆ گۆڕینی ناســنامەیان، وە بۆ ماوەی چەندین ســاڵە چاپەمەنی کوردی قەدەغە کردوە، ئەو کەســانە دەکوژێت کە بە کوردی دەدوێن، بە زۆرەملێ خەڵک لە ناوچە بەپیتەکانی کوردستان دەگوازێتەوە بۆ ناوچە بێ پیتەکانی ئەنادۆل کە تیـایـدا زۆریـان مردوون. زینـدانەکـان پڕن لە خەڵکی مەدەنی، ڕۆشــنبیران دەکوژێت، هەڵدەواسرێن یاخود بۆ ناوچە دوورە دەستەکان ئاوارە دەکرێن. سی ملیۆن کورد داوا دەکەن بە ئاشتی و ئازادی لە وڵاتی خۆیاندا بژین." (٨)

سەید ڕەزا، کەسایەتی دیاری عەلەوی و سەرکردەی خێڵی حەسەنان، شۆڕشی دەرسیمی دەســت پێکرد لە وەڵامی بەرنامەکەی "بەتورککردن"ی ئەتاتورکدا. حاکمی ســەربازیی نــاوچەی ئەرزەنجــان لە بەرواری ١٠ی تشــرینی یەکەمی ١٩٣٧دا بۆ گفتوگۆکردن بانگهێشتی سەید ڕەزای کرد. کاتێک سەید ڕەزا و وەفدەکەی گەیشتن، کەلەپچە کران و نێردرانە ناوەندی زیندانی ئالانا. ســەید ڕەزا، کوڕە شــانزە ســاڵانەکەی، وە هاوەڵانی لە ١٥ی تشرینی یەکەمدا لە سێدارە دران. سی ڕۆژ دوای کوشتنی سەید ڕەزا، ئەتاتورک

ئامادەی بۆنەیەکی کردنەوەی پەتبڕینی پردی 'سـیـنگەچ' لە پەرتەک بوو. لە تۆڵەی ناپاکی و کوشتنەکەی سەید ڕەزا، جەنگاوەرە کوردەکان پردەکەیان تەقاندەوە و زیانیان بە هێڵەکانی گواستنەوە گەیاند.

ئەتاتورک لە دژی کوردەکانی تونجەلی (دەرسیم) توندوتیژیەکانی چڕتر کردەوە. لە ماوەی زیاتر لە سـاڵێک ئەم هەڵمەتە بەردەوام بوو. ئەم هەڵمەتە لە لایەن هێزە پیادەکانی تورکیاوە لە سێ هێرش پێک هاتبوو، هێرشـە هەڕەمەکیەکان لە لایەن هێزە ئاسمانیەکانی تورکیاوە لە دژی گوندنشـینە کوردەکان، دوای ڕاماڵینی بۆ پاککردنەوەی تونجەلی لە شـۆڕشـگێڕان. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی فەرمی حکومەتی تورکیا، (١٦٠ ,١٣) کورد کوژران، وە ١١, ٨١٨ تریش لەکاتی شـۆڕشـی دەرسـیمدا نەفی کران.(٩) ژمارەی ڕاسـتەقەنە زۆر زیاتر بوو. نیکەی ٧٠, ٠٠٠ کەس کوژران.(١٠) چەندین وەحشـیگەریی فراوان ئەنجامدران، کە دەڵێن گوایە تەنانەت لە هێرشـەکانیدا بۆ سـەر گوندە کوردنشـینەکاندا، گازی ژەهراویش بەکار هاتووە.(١١) ئەشـکەنجەدانی کوردان لە هەموو شـوێنێک بڵاوبووەوە. ئافرەت و منداڵی کورد بردرانە ناو ئەشـکەوتەکان لەو کاتەی سـوپای دەوڵەت دەروازەکەی بە دیوار داخسـت و پاشـان ئاگریان تیادا کردەوە تا دەخنکان بەبێ ئەوەی کەس بیانبینێت. کاتێک هەوڵیاندەدا ڕابکەن، هێزەکانی تورکیا بە نیزە چاوەڕوانیان بوون بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانیان.(١٢) ئەتاتورک زۆر بە شانازییەوە دانی بەوەدانا کە فرمانی بە هێزەکانی تورکیا کردووە دانیشتوانە کوردەکانی دەرسیم قڕ بکەن.(١٣)

پارتی گەلی کۆماریی ئەتاتورک، جەهەپە، ڕێوشوێنی ئاساییشی دڕندانەیان گرتە بەر کە ئامانجیان سـەپاندنی دەسـەڵاتی گشـتی بوو لە دوای دەرسـیم. بوونی کورد لە تورکیا نکۆڵی لێکرا و ڕەتکرایەوە. ئەوان پێیان دەووترا " تورکە شـاخاویەکان". قەدەغەی زمانی کوردی، فەرهەنگ و ناوی شـوێنی جوگرافی بە تەواوی سـەپێنرا.

هەروەها جەهەپە پرۆژەیەکی پەسەند کرد بە ناوی "پێداچونەوەی مێژوویی".(١٤) کۆمەڵکوژی دەرسیمی لە مێژووی فەرمی وڵات دەرخست.(١٥)

لە ساڵی ٢٠١١دا، سەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە بانگەشەکردن بۆ پارتی داد و گەشەپێدان، ئاکەپە، لە دەرسیم وتارێکی بۆ ئامادەبوان پێشکەش کرد:

"ئەوە منم کە دەبێت داوای لێبوردن بکەم یان تۆ (سەرۆکی جەهەپە کەمال کلیچدارۆغلۆ)؟ ئەگەر هیچ داوای لێبوردنێک لەگۆڕێدا بێت لە جیاتی حکومەت وە ئەگەر ئەم جۆرە دەرفەتە هەبێت، من دەتوانم بیکەم، وە من داوای لێبوردن دەکەم. بەڵام ئەگەر کەسێک هەبێت لە جیاتی جەهەپە داوای لێبوردن بکات، ئەوە تۆی چونکە تۆ خەڵکی دەرسیمی. تۆ دەتووت شانازییە کە خەڵکی دەرسیم بیت، ئێستا، شانازیەکەت بپارێزە".(١٦) ئەردۆگان بەهۆی سیاسەتەوە هاندرا بوو نەوەک پەشیمانیی. وتارەکەی بریتیی بوو لە دانان بە کۆمەڵکوژی کوردەکان، بەڵام داوای لێبوردن نەبوو. ئەردۆگان یادەوەری دەرسیمی بەکارهێنا وەک هێرشێک لە دژی پارتی جەهەپەی ئەتاتورک و سیاسەتە عەلمانیەکەی.

❊❊❊❊❊

ئەتاتورک لە ساڵی ١٩٣٨دا مرد، تەنیا یەک ساڵ دوای قەسابخانەکەی دەرسیم. ئەندامانی سەرکردایەتی جەهەپە سوێندیان خوارد کە درێژە پێدەری ڕێبازی ئەتاتورک بن بە بەهێزکردنی بیری نەتەوەپەرستی تورکی و عەلمانیەت. لە کاتی جەنگی ساردا، سۆڤیەت و ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیستی وەک جێگرەوەی کەمالیزم دەرکەوتن. یانەکانی ئەندێشە، کۆمەڵەیەکی چەپگەری قوتابیان بوو، لە ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٥٦ لە زانکۆی ئەنقەرە دامەزرا و لە ساڵی ١٩٦٥دا بوو بە فیدراسیۆن.(١٧) یانەکانی ئەندێشە لەو کاتە دەرکەوت کە تورکیا بە شێوەیەکی بەرفراوان دەبوو بە کۆمەڵگەیەکی فرە بیرورِا. ڕۆشنبیرە چەپگەراکان، قوتابیان و بازرگانە یەکگرتووەکان داوای چاکسازیی و

پاکسازیی خاک، خۆماڵی کردنی پیشەسازیی، قەدەغەکردنی سەرمایە بیانییان کرد. جەهەپە و لایەنگرانی لەو کاتەدا زۆر بە توندی بەرگریان لەو چاکسازییە کرد.

هەروەها چەپەکان ناڕەزاییان دەربڕی لە پەیوەندییە ئابووریەکانی تورکیا- هەماهەنگیە ئەمنیەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ڕۆژئاوادا. لەساڵی ١٩٥٢دا، تورکیا پەیوەندی بە ناتۆوە کرد، وە لە ساڵی ١٩٥٥، بەژداری لە پەیمانی بەغدادا کرد.(١٨) دوای لە سەر کارلادانی مەلیک فەیسەڵی دووەم لە ساڵی ١٩٥٧، تورکیا وەک پردێکی گرنگی نێوان ناتۆ و سینتۆ (ڕێکخراوی پەیمانی ناوەندیی) دەرکەوت، کە ئەمەی دواییان جێگای پەیمانی بەغدای گرتەوە. سینتۆ قەڵایەک بوو دژی پارتی شیوعی عێراق، کە لە لایەن عەرەب و کرێکارە کوردەکانی کێڵگەی نەوتیەوە پشتگیری دەکرا. هەروەها سینتۆ ئامرازێک بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیری نەتەوەپەرستی کوردیی، کە لە ناوچەکەدا لە هەڵکشاندا بوو.(١٩)

دەسەڵاتدارانی ئەمنیی زۆر نیگەران بوون سەبارەت بە بیری توندڕەویی کە لە زانکۆکاندا وەک بەرەنگاربوونەوەیەکی حکومەت لێک درایەوە. توندوتیژیی ئاژاوی سیاسی بە بەردەوامی و بە شێوەیەکی توند لە پەرەسەندندا بوو. لە مانگی شوباتدا، ١١٧ قوتابی خۆپیشاندەر دادگایی کران و حوکم دران.(٢٠) لە ٢٨ نیسانی ١٩٦٠دا پۆلیس لە ئەستەمبوڵ تەقەی کرد. ئارتەشی سەربازیی لە ٢٧ ئایاردا کودەتایەکی پێکهێنا.(٢١) سەرۆک ئەرکانی سوپا جەمال گورسەل، سەرۆک جەلال بەیار و سەرۆک وەزیران عەدنان مەندەرەس و ئەندامانی تری کابینەکەی دەستگیرکرد. دەستووری نوێی تورکیا، کە لە بەرواری ٩ تەمموزی ١٩٦١ بە گشتپرسی پەسەند کرابوو، دووەم کۆماری دامەزراند [ماددەی ٢].(٢٢) دەسەڵاتی یاسایی وڵاتی پیرۆز کرد، وە ڕایگەیاند، "حکومەتی تورکیا لەیەکتر جیاناکرێتەوە و هەموو سنوور و خەڵکەکەی لە خۆ دەگرێت وە زمانی فەرمی دەوڵەت تەنیا تورکییە [ماددەی ٣].(٢٣) سەروەریی بە پێی یاسا دیاریکراوە لە نەتەوەکەیدا بەبێ مەرج. [ماددەی ٤]"(٢٤)

*****

**عبـدالله ئۆجەلان[1]، لایەنگیریی بزوتنەوەی چەپگەرایی، لە ٤ی نیســـــانی ١٩٤٨، لە دایکێکی تورک لە باشـووری ڕۆژهەڵاتی گوندی ئۆمەرلی لە دایک بوو.(٢٥) ئەو بڕوانامەی قوتابخانەی پیشـەیی لە ئەنقەرە بەدەسـت هێناوە، لە دیاربەکرد کارێکی دەسـت کەوت**

---

[1] عبدالله ئۆجەلان : لەدایکبووی ٤ی نیســــانی ١٩٤٨ لە دێی عەمەرای قەزای خەلفەتێی ســــەر بە شــــاری ئورفا (ڕحا) لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، سەرکردەی بزوتنەوەی ناسراو بە پارتی کرێکارانی کوردستانە و لە ناو کورددا بە «ئاپۆ» ناسـراوە کە ڕێکخراوەکەی لەلایەن یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا و ناتۆ و چەند وڵاتێکی تر لە لیســـتی ڕێکخراوە تیرۆریســـتییەکانە. لە کۆلێجی زانســـتی (زانســـتی ســـیاســـی) خوێندووە لە زانکۆی ئەنقەرە بەڵام خوێندنەکەی تەواو نەکردووە و گەڕاوەتەوە بۆ دیاربەکر. هەسـتی نیشـتمانی و کوردایەتی کاری تێ کردووە و بۆی تێکۆشاوە تا لە ساڵی١٩٧٨ پارتی کرێکارانی کوردستانی دامەزراندووە کە تاکوو ئێستاش ســـەرکردایەتی دەکـات، ئەم پـارتە لە ســـــاڵی ١٩٨٤ دەســـــتی کرد بە کرداری چەکـداری لە ناو تورکیا و ئێران و عێراق بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی.

زۆربەی وڵاتان و دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان بە پارتێکی تیرۆرســـتی دادەنێن وەکو پشـــتگیریەک بۆ وڵاتی تورکیا، ئەمە لە کاتێکدایە ئەم وڵاتە قەدەغەی کردووە لە خەڵکی کورد کە کۆرپەکانیان بە ناوی کوردی ناوبنێن یان تەنانەت بە کوردیش بدوێن، ئەمەش هەتا ئەم دواییە بەردەوام بوو دواتر لەلایەن دەســـــەڵاتدارە تورکیەکـــان رێگەدرا، ئەوە بوو لە ٢٠٠٩/٩/١١دا ئەنجومەنی خوێنـــدنی بـــاڵای تورکی ڕێگەی دا بە خوێندنی کوردی لە زانکۆ ڕەسمیەکانی تورکیا.

لە ساڵی ١٩٩٨ ئۆجەلان لە وڵاتی سوریا بوو، پاش ئەوەی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و سووریا تێکچوو، تورکیا هەڕەشەی لە سووریا کرد بەوەی کە پشتگیری لەم پارتە دەکات، بۆیە سوریا ئۆجەلانی ناچار کرد کە سووریا بەجێ بهێڵێت بێ ئەوەی بیداتە دەست دەسەڵاتدارانی تورکی. پاش ئەوە ئۆجەلان ڕوویکردە ڕووسیا، پاشـــــان ڕوویکردە چەند وڵاتێکی تر لەوانە ئیتالیا و یۆنان، لە ســــــاڵی ١٩٩٨ لەو کاتەی کە لە یۆنان بوو، حکومەتی تورکی داوای تەســـــلیمکردنی ئۆجەلانی کرد، لە ١٥ی شـــــوباتی ١٩٩٩ لە کینیا دەســـــتگیر کرا لە پرۆژەیەکی چەکداری هاوبەش لە نێوان دەزگای ســـــیخوڕی مەرکەزی ئەمەریکی، ســـــی ئای ئەی، و دەزگای سیخوڕی تورکی ئێم ئای تیو دەزگای سیخوڕی ئیسرائیلی مۆساد. پاشان لە ڕێگەی ئاسمانەوە گوازرایەوە بۆ تورکیا بۆ دادگایی کردنی. لە کاتی دەســـــتگیر کردنیەوە، ئۆجەلان خراوە زیندانێکی فەردی لە دوورگەی ئیمرالی لە دەریای مەڕمەڕە لە تورکیا، هەرچەند لە سەرەتادا حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر دا سەپێندرا، بەڵام دواتر بە مەرجەوە ئەم حوکمە گۆڕا بۆ تاهەتایی لە ئابی ٢٠٠٢دا.

وە پاشـان لە زانکۆی ئەسـتەمبوڵ، بەشـی یاسـا، ناوی تۆمارکرد. دوای سـاڵێک، خۆی گواستەوە بۆ زانکۆی ئەنقەرە بۆ خوێندنی زانستە سیاسیەکان. لە ناو حەرەمی زانکۆدا، ئۆجەلان پەیوەندی کرد بە فیدراسـیۆنی لاوانی شـۆڕشـگێڕی تورکی (تەڤ-گەنج)، کە تیایدا گفتوگۆی مارکسـی-لینینی لە نێوان قوتابیەکاندا دەکرا، وە لە کۆتاییدا ئەم پەیوەندیە بووە ئیلهامبەخشـی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردسـتان (پەکەکە).(٢٦) سـەرۆک ئەرکان، مەمدوح تاغماج، گروپی چەپگەرای توندڕەوی وەک (تەڤ-گەنج)ی قەدەغەکرد. ڕێگای شۆڕشگێڕیی (Devrimci Yol) و پارتی شۆڕشی جوتیار و کرێکارانی تورکیاش قەدەغەکران. بەبێ ئەوەی کەس ناچار بکەن، هێزەکانی چەکداریی تورکیا لە ساڵی ١٩٧١ کودەتایەکی نەرمیان ئەنجامدا-ناویاننا "دیموکراسیەتی ئاراستەکراو"

ئۆجەلان بوو بە هاوڕێی 'حەقی کارێر'، کە ڕابەری کاریزمای کوردی قوتابیان لە زانکۆی ئەنقەرە و دامەزرێنەری پارتی ئازادیی گەلیی تورکیا بوو. پاشـان بوو بە هاوژووری ئۆجەلان. پارتی ئازادی گەلیی تورکیا بەشێک بوو لە هاوپەیمانی چەپگەرایی کە بەرهەڵسـتی سـولەیمان دەمیرەل و پارتی دادی پارێزکاریەکەی بوو، کە لە سـاڵی ١٩٥٧ هاتە سـەر دەسـەڵات. پارتی داد بوو بە هاوپەیمانی پارتە نەتەوەییەکان، بەرەی نەتەوەیی، پـارتی ڕزگـارکەری نەتەوەیی، وە بزووتنەوەی ڕاسـتڕەوەی نەتەوەیی تورکەکانی ئەلپەرسـلان. یەکگرتنە کاتیەکە هاوپەیمانەتیەکی تەشـکیل کرد لەگەڵ ئاساییشی دەوڵەت، کە چەپگەراکانیان کردە ئامانج.

توندوتیژی سـیاسـی بڵاوبووەوە، کە بووە هۆی کوژرانی نزیکەی پێنج هەزار کەس لە نێوان سـاڵانی ١٩٧٦-١٩٨٠. زۆر کارەسـات ڕوویاندا، بە کۆمەڵکوژی ڕۆژی ئاداری ١٩٧٧یشـەوە. لە ١ ئایاری ١٩٧٧، پارتی کرێکارانی سۆشـیالیسـتی تورکیا لە مەیدانی تەقسـیم نیو ملیۆن هاوڵاتی کۆکردەوە. زرێپۆش و ئاوپرژێنەکان دەسـتیان بەسـەر مەیدانەکەدا گرت. فیشەک لە سەر هۆتێلی مەڕمەڕەوە تەقێنران. بەگوێرەی لێداوانەکانی

کۆنفیدراسـیۆنی یەکێتی بازرگانیی شـۆڕشـگێڕی، سـی و شـەش کەس لە ئەنجامی ئەو ئاژاوەیەدا کوژران.(٢٧)

بۆ ئەوەی ململانێکان تەنیا لە ناوەند نەبن، حەقی کاریر بۆ پشتگیری بەرەو شاری غازی عەنتاب گەشـتی کرد، کە شـارێکە دەکەوێتە باشـووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەوە کە زۆربەی دانیشـــــتوانەکەی کوردن. ئەو لەوێدا بە چاوەڕوان نەکراوی لە قاوەخانەیەکدا چاوی بە ئەندامانی بەرەیەکی تری کوردی کەوت بە ناوی 'ســــتێرکا ســــۆر'. ئەوان ســــەبارەت بە ئایدۆلۆژیا و هونەری بەرەنگاربوونەوە گفتوگۆیان کرد. حەقی لە بەرواری ١٨ی ئایاری ١٩٧٧دا کوژرا، دەڵێن گوایە لە لایەن ئەندامانی 'ســـتێرکا ســـۆر'ەوە.(٢٨) بەگوێرەی وتەکانی ئۆجەلان، "ئێمە درکمان بەوە کرد کە ڕووبەڕووی جەنگێک بوینەتەوە کە هەرگیز ئامادەســــــازیمان بۆی نەکردبوو کاتێک حەقی کوژرا. بارودۆخێک بوو کە هەموو زەوی و ئاســـمان کرانەوە بۆ ئەوەی مەرگمان بەســـەردا ببارێنن. بزوتنەوەکەمان دەکرا ئەو ڕۆژە کۆتایی بێت، دەبوایە بە شـــێوەیەکی بەرپرســـیارانە کار بکەین". ئەو بەردەوام بوو، " ئێمە نە چەکێکمـان هەبوو نە پـارە بۆ ئەوەی تۆڵە بکەینەوە. هیچ هێزێکمان لەبەردەستدا نەبوو بێجگە لە دڵە تەنیاکەمان..."(٢٩)

شـۆرشـگێڕانی سـیڤەرەک و هیلڤان بە دوای بەدوای کوشـتنی 'حەقی کاریر'ەوە چوون. سـیڤەرەک کۆمەڵگایەکی فرەنەتەوەیە لە پارێزگای ئورفا، دانیشـتوانی لە کورد، عەرەب و تورک پێـک دێـت. هەڵمەتی ســـیڤەرەک لە دژی دەرەبەگە خـاوەن زەویە کوردەکان ئاراســـتە کرا. ئەتاتورک بەدوای ئەوەدا دەگەڕا کە تورکیا لە پاشـــاگەردانیی دەرەبەگی بگۆڕێـت بۆ تورکیـایەکی مۆدێرن، عەلمـانی وە خـاوەن ســـەروەریی. بە شێوەیەکی گشتی تێکۆشانەکانی سەرکەوتوو بوون، جگە لە چەند ناوچەیەکی گوندنشین لە باشـــووری ڕۆژهەڵات، کە تیایدا دەرەبەگایەتی بە قوڵی ڕەگی دەکوتابوو. لەجیاتی ئەوەی دەرەبەگەکان لەناو ببات، ئەتاتورک هەوڵیدا بۆ لای خۆی ڕایانکێشێت. ئەندامانی هۆزی 'بوجاک' لە ماوەی ڕاپەڕینی ١٩٢٥دا شـانبەشـانی سـوپای تورک لە دژی شـێخ

سەعید جەنگان. سەدات بوجاک، زازا، سەرۆکی هۆزی بوجاک، ئەندامی پەرلەمانی وە پەیوەندیەکی نزیکی هەبوو لە دامەزراندنی ئاسایيشی تورکی. لە ساڵی ١٩٩٠دا، ئەو خاوەن دەسەڵاتی یەکەم بوو لە ناونوسینی ئەندامانی هۆزەکەی بۆ پاسەوانی گوندەکەی. سیستەمی پاسەوانی گوند تۆڕێکی میلیشیایی بوو لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەکرێ گیرابوون. ئەوان لە کاروباری ڕفاندن و ونکردن و کوشتنی کورداندا تێوەگلابوون.

خەلیل چاڤگون یەکێتی خوێندنی باڵای (ڕحا)ی دامەزراند. ئەو لە لایەن کوردەکانەوە خۆشەویست بوو چونکە لە دژی چەوسانەوەکانی دەرەبەگ دەوەستایەوە. خەلیل چاڤگون ڕێک دوای ساڵێک لە کوژرانی حەقی کوژرا، کاتێک پۆستەرێکی هەڵدەواسی بۆ بیرهێنانەوە و یادەوەری حەقی.(٣٠) کوشتنەکەی دەستپێشخەریەکانی بەرگریی سیڤەرەک و هیلڤانی دووبارە ڕۆشن کردەوە. دامەزرێنەرەکەی، محەمەد کارا سونگور، سەرکردایەتی بەرخودانەکەی کرد. ئەو لە گوندی حەسرەت لە چەولیک لە بنەماڵەیەکی هەژاری خاوەن دوانزە سەر خێزان لە دایک بوو. ئەو لقی چەولیکی "یەکێتی و هاوکاریی گشت مامۆستایان"ی دامەزراند. وەک خەبات لە دژی خێڵی بوجاک لە سیڤەرەک، بەرخودانی هیلڤان دەرەبەگایەتی کردە ئامانج، بەتایبەتی خێڵەکەی سولەیمان. بەرخودانی هیلڤان یەکەم شۆڕشی سەرکەوتوو بوو لە دژی ئەو دەرەبەگانەی کە جوتیارە کوردەکانیان دەچەوساندەوە و هاوکاری حکومەتی تورکیایان دەکرد لە دژی هاوڵاتیان کورد.(٣١)

لە بەرواری ٢٧-٢٨ تشرینی دووەمی ١٩٨٧دا، پارتی کرێکارانی کوردستان 'پەکەکە' لە گوندی 'فیس' لە شاری لیجە لە کۆنگرەیەکی کورداندا دامەزرا. لە بنەڕەتدا پێی دوترا 'یەکێتی دیموکراسی ئەنقەرەی خوێندنی باڵا'. وەک بزوتنەوەیەکی بەرخودانی چەکدار، ئیلهامی لە بەرخودانی هیلڤان وەرگرت. ئەندامانی دامەزرێنەری پەکەکە بە ئۆجەلانەوە کە بە (ئاپۆ) ناسرابوو، بریتی بوون لە: جەمیل بایک، حەقی کارێر، کەمال

پیر، محەمەد سـەڤگات، محەمەد کارسـۆنگور و کەسـیرە یەلدریم، کە دواتر ئۆجەلان دەیکـاتە هـاوسـەی خۆی. پەکەکە خـاوەنی عەقلیەتێکی سـەربەخۆ بوو. گروپە چەپگەراکانی تری بە "شـۆڤینیزمی کۆمەڵایەتی" تاوانبار کرد چونکە ئەگەریی دەوڵەتی کوردییان ڕەت دەکردەوە.(٣٢)

پەکەکە بەرهەمی لاوەکی شـۆڕشـگێڕیی چەپگەرایی بوو. کـاریگەر بوو بە ئایدۆلۆژیەی 'تەڤ-گەنج' و هەندێک گروپی تری سەرتاسەری جیهان کە دژی بزووتنەوەی داگیرکاریی بوون لە سـاڵانی حەفتاکاندا. ئایدۆلۆژیای پەکەکە تێکەڵەیەک بوو لە بیری توندڕەویی و نەتەوە پەرسـتی کوردی و مارکسـی-لینینی. ئەو بنەمایەی کە لە سـەری دامەزرا بریتی بوو لە ڕاگەیاندنی سـەربەخۆیی پەکەکە، بە خەباتی شـۆڕشـی پرۆلیتاری مارکسـی گەورە کاندا. ئەو دەسـتوورەی پەکەکەی وەک پێشـەنگی بزووتنەوەی سـۆشـیالیسـتی جیهانی دادەنا، کە تیایدا هێزە بنەڕەتیەکانی شـۆڕش دەبێت بە "هاوپەیمانیی جوتیار-کرێکار"،(٣٣) وە دەستورەکە بەکارهێنانی توندوتیژیی کوردی ڕەت کردەوە و داوای "کوردسـتانێکی یەکگرتوو و دیموکراسـی دەکرد".(٣٤) ئۆجەلان دامەزراندنی دەوڵەتی سـەربەخۆی کوردسـتانی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ وەک یەکەم هەنگاوی دروسـتکرنی کوردسـتانێکی یەکگرتووی سـەربەخۆی گەورە بینی، کە سـنوورەکەی لە ناوچە فراوانەکانی زاراوە جیاجیاکانی کوردیی وەک (زازا، کرمانجی، سـۆرانی) و موسـڵمانە مەزهەب جیاوازەکانی (سـوننی، شـافعی و عەلەوی) وە خەڵکانی وڵاتانی جیاواز لە (تورکیا، ئێران، عێراق و سـوریا) بگرێتەوە.(٣٥) ئۆجەلان و تاقمەکەی باوەڕیان وابوو کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سۆشـیالیسـتی-سـەربەخۆ تاکە ڕێگا بوو بۆ ئازادکردنی کورد لە زوڵم و ستەم. هەروەک کەمال پیر دەڵێت، " ئێمە هەموومان ژیانمان خۆش دەویسـت بە ئەندازەیەک گیانی بۆ فیدا بکەین. ژیان جوان بوو. بەڵام هەرچۆنێک بێت، ژیانێکی شەرەفمەندانە جوانترین ژیان بوو".(٣٦)

پەکەکە لە سەر خەباتەکەی بەردەوام بوو و لەدوای قەسابخانەکەی مەڕاش پشتگیری فراوانی بەدەست هێنا. لە شاری مەڕاش، ١١١ کوردی عەلەوی لە ماوەی هەفتەیەک لە خوێنڕێژیی لە نێوان ١٨-٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٨ کوژران. بە گوێرەی وتەکانی سەیحۆ دەمیر، کە لەو ڕۆژەدا لەوێ ئامادە بوو و گەواهیدەری ڕووداوەکە بوو:

"کۆمەڵکوژیەکە لە لایەن دەزگای هەواڵگری تورکیا (میت)، مەهەپە و ئیسلامیەکان بەیەکەوە ڕێکخرابوو... هەر کە گوێم لێبوو ئەو کۆمەڵکوژیە ڕوویداوە، بەرەو مەڕەش چووم. لە بەیانیەکەیدا چوومە نەخۆشخانەی گشتی حکومەت. لەوێدا چاوم کەوت بە پەرەستارێک کە پێشتر دەمناسی... کاتێک منی بینی، واقی وڕما: "سەیحۆ، لە کوێوە دێیت؟ لێرە هەموو کەسێک دەکوژن. بە لایەنی کەمەوە دە کەسی برین سووکیان لە خوارەوە بردووە و کوشتویانن". ئەم کارە لەژێر سەرپەرشتی دکتۆری نەخۆشخانەی حکومەتدا ئەنجام درا. هەموو کەسێک دەزانێت کە کۆمەڵکوژیەکی وا گەورە ناتوانرێت ئەنجام بدرێت بەبێ بەژداریی حکومەت؛ لە گەڕەکی (یورەک سەلیم) زگی ئافرەتێکی دوو گیانیان بە نێزە دری. کۆرپە هەشت مانگەکەیان دەرهێنا و هاواریان دەکرد 'الله الله' وە بە عامودێکی کارەباوە بە قولاپێک هەڵیانواسی. وێنەی ئەو وەحشیگەریە هەر ئەو ڕۆژە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بووەوە." (٣٧)

کۆمەڵکوژی مەڕاش ڕووداوێکی بێ پەیوەندی نەبوو. ئەم ڕووداوە بووە هۆی دەستپێکردنی هەڵمەتێکی سیستەم بۆ داڕێژراوی بەرەنگاربوونەوەی توند لە لایەن دەوڵەتەوە دژی کوردەکان. سەیحۆ دەمیر ئاماژە بەوەش دەدات کە، خەڵک هێرشی دەکرایە سەر بەهۆی عەلەوی بوونیانەوە، ئێستا دەرگای هاوڵاتیان نیشان دەکرێت، شوێنی کار و دوکانەکان تالان دەکرێن تەنیا بەهۆی کوردبوونیان، وە هەڵمەتی قەدەغەکردنی کڕینی کەلوپەل لە کورد دەستی پێکرد. (٣٨) بەهۆی کۆمەڵکوژی مەڕەش، پەکەکە خەڵکی ئەو ناوچانەی بۆ دۆزەکەی بانگ کرد. لە سەرەتادا، پەکەکە لە شەڕی شارەکاندا لە دژی ڕژێم و بنکە ئەمنیەکان دەستی کردەوە. ئۆجەلان سەربەرز بوو بە بەرگری کردن لە کورد، کە بە شەرەفەوە لە ناوچەکەدا لە دژی حکومەتی تورک هەڵسایەوە.

کاتێک پەکەکە دەرکەوت، لە سەرتاسەری وڵات توندوتیژی کوشندە زیادیان کرد، بە کوشتنەکەی سەرۆک وەزیرانی پێشوو (نیهاد ئەریم)ەوە لە لایەن 'دەڤ-سۆل'ەوە. هەروەها پەکەکە بەژداربوو لە چالاکیە توندەکانی، بەرپرسە باڵاکانی تورکیایان دەکردە ئامانج. لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠دا، کودەتایەکی تری سەربازیی ئەنجامدرا. یاسای بەسەربازیکردن ڕاگەیەنرا. سەرۆک وەزیران و وەزیرانی کابینە و سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن دەستگیرکران. بە دەیان هەزار چەپگەر و کورد قۆڵبەست کران. هەندێکیان شوێن بزر کران. وە بەشێکیان بەسزای قورس مەحکوم کران. جەنەڕاڵ 'کەنعان ئەڤرەم' خۆی وەک حەوتەمین سەرۆکی وڵات ڕاگەیاند و دەستورێکی نوێی ئامادە کرد. دەستووری ساڵی ١٩٨٢ مافی کوردەکانی زیاتر کەمکردەوە. ئەڤرەم و تاقمەکەی پەیڕەوی ڕێبازی ئەتاتورکیان کرد، زیاتر تورکبوونیان پیرۆز کرد. ئەو پەیامەی ئەتاتورک لە هەموو تورکیا دەنگی دایەوە:

"خۆش بە حالی ئەو کەسەی کە بڵێت من تورکم"[١] (٣٩)

*****

ئۆجەلان و کادیرەکانی پەکەکە لە ساڵی ١٩٨٠ بڕیارێکی ستراتیژیاندا بۆ جێهێشتنی خاکی تورکیا.(٤٠) ئەوان لە لایەن سەرۆکی سوریا حافز ئەسەد[٢] پێشوازییان لێکرا و بارەگای ڕێکخراوەکەیان گواستەوە بۆ سنووری دۆڵی (بەقعە)ی ژێر دەسەڵات یسوریا لە لوبنان. ئۆجەلان لە دەستپێکدا لە خانویەک لە دیمەشقدا دەژیا. فاروق الشرع، وەزیری دەرەووەی سوریا، پەکەکەی وەک"بزوتنەوەیەکی مقاومە" ناساند، نەوەک ڕێکخراوێکی

[1] " Ne mutlu Türküm diyene"

[٢] حافز ئەسەد: (٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ تاکوو ١٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٠ بەهۆی شێرپەنجەی خوێن)سەرۆکی پێشووی وولاتی سووریا بوو لە حیزبی سۆسیالیستی بەعس ماوەی سەرۆکایەتی ئەو لەنێوان ساڵانی ١٩٧٩ تاکوو ڕۆژی مردنی لەساڵی ٢٠٠٠ وە پێشتریش جەنەڕالی هێزی ئاسمانی سوریا بوو لەنێوان ساڵانی ١٩٥٥ تاکوو ١٩٧٢، لە دوای مردنی کوڕەکەی بەشار ئەسەد دەسەڵاتی گرت.

تیرۆریستی.(٤١) سوریا بە هاوسۆزیی بۆ کورد لە تورکیا پەرۆش نەبوو. ئەسەد وابیری کردەوە دەتوانێت کورد بەکاربهێنێت بۆ ناسەقامگیری سنووریی تورکیا-سوریا، وە لە ئەنجامدا شاری 'هاتای' دەگەڕێنێتەوە. هاتای-ئەسکەندەرون بەشێک بوو لە سنووری فەرەنسی سوری. دوای ئەوە سیاسەتمەدارانی تورکیا زۆرینەی کورسیەکانی هەڵبژاردنی ١٩٩٨ی ئەنجومەنی ناوخۆییان بەدەست هێنا، ئەوان بڕیارە چارەنوسسازەکەیان لە خەڵکی ئەو ناوچەیە وەرگرت و لە سوریا جیایانکردەوە و خستیانە سەر سنووری تورکیا.

پەکەکە ئەکادیمیای سەربازیی 'مەحسوم کۆرکماز'ی لە دۆڵی بەقعەدا دامەزراند، کە ئەوکات لەژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوی ئازادی فەلەستینیدا (PLO) بوو. ئەکادیمیاکە تایبەت بوو بە پێشکەشکردنی ڕێنمایی ئایدۆلۆژیی و مەشقی ئۆپەرسیۆنی گەریلایی. وانەبێژی تایبەت لە یەکێتی سۆڤیەت، بولگاریا، کوبا و ئێرانەوە دابینکران و هاتن. هەروەها مەحسوم کۆرکماز وەک بارەگایەک بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی جەنگی گەریلایی پەکەکە لە دژی تورکیا کاری دەکرد. ئۆپەراسیۆنەکانی سەر سنوورەکانی سوریا لە لایەن پەکەکەوە ستراتیژیەتی (هێرش بەرە- ڕاکە)یان لە دژی جەندرمەکانی تورکیا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە ئەنجامدا.

ئۆجەلان لایەنگیری بیری ئازادکردنی ئافرەت بوو لە کۆت و بەندی ئایینی. یەکەم کۆنگرەی پەکەکە لە ٢٢ تا ٢٧ ئەیلولی ١٩٨٠، ڕۆڵی سەرکردایەتی ئافرەتی لەو ڕێکخراودا پیرۆز کرد. ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەت لە کۆمیتەی ناوەندی خزمەتیان دەکرد. ئازادکردنی ئافرەت بوو بە ڕەمزی نمونەیی پەکەکە و خەباتکردن لەپێناو دادگەری کۆمەڵایەتی لە دژی کۆمەڵگای دەرەبەگیی کوردی. سەدان ئافرەت لە هێزی چەکداریدا ناونوسکران. زۆرینەی کارە خۆکوژیەکانی پەکەکە لە لایەن ئافرەتانەوە ئەنجامدران.(٤٢)

له بەرواری ٢٠-٢٥ی ئـابی ١٩٨٢دا، پەکەکە دووەم کۆنگرەی خۆی لە نزیـک سنووری ئوردن بەست. کۆنگرە بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخستنی سیاسی و سەربازیی دا و ئۆجەلان لە سـەرکردایەتیکردنی پارتەکە بەردەوام بوو. لەم کۆنگرەیەدا زۆر بڕیاری گرنـگ دەرکران بۆ گەڕانەوە بۆ کوردسـتـان، هەمـاهەنگیکردن لەگەڵ بزوتنەوەی چەپگەراکان و گرنگیی چالاکی سـیاسـیی. پەکەکە سـوێندی خوارد کە خەباتەکەی بۆ ڕزگارکردنی و ئازادکردنی کوردستان چڕ بکاتەوە. لە ساڵی ١٩٨٤دا، پەکەکە"هێزەکانی ئازادی گەل"ی دامەزراند. ئەو هێزە لە لایەن "سوپای ئازادی گەلی کوردستان" لە ساڵی ١٩٨٦ جێگای گیرایەوە، کە لە ساڵی ٢٠٠٠ بوو بە هێزەکانی پاراستنی گەل"هەپەگە"

هەروەها کۆنگرە داواشـی لە زیندانیانی سـیاسـی پەکەکە کرد کە بەردەوام بن لە سـەر ناڕەزایی دەربڕینەکانیان. زیندانە چاکسـازیەکانی تورکیا ببون بە شـوێنی پەروەردەکردنی ئایدۆلۆژیا و ڕادیکالیزم، بەتایبەتی دوای سـزا قورسـەکەی 'سـاکینە جانسز'، کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی ڕێکخستنەکە. شەهیدەکان ڕەمزی بەهێزیی و بەرخودان بوون. 'مەزلوم دۆغـان'، ئەنـدامی کۆمیتەی نـاوەنـدی پەکەکە، لە دژی ئەو ڕەفتارەی حکومەت بەرامبەر زیندانیانی دیاربەکر ئەنجامی دەدا، ناڕەزایی دەربڕی. لە ٢١ی ئازاری ١٩٨٢دا، نەورۆز-دۆغان سـێ مەشـخەڵی هەڵگیرسـاند و خەڵکی هاندا بۆ ئەوەی شـۆڕش بکەن، وە گەردنی خۆی بڕی و خۆی کردە قوربانیی. دواتر لە ١٧ی ئایار، زیندانیانی پەکەکە- فەرهات کورتای، ئەشرەف ئەنیک، مەحمود زەنگین و نەخمی ئۆنەر- خۆیان بەخت کرد و بوونە قوربانی بۆ شـەرمەزارکردنی دۆخی زیندانەکانی دیاربەکر. خەیری دارموش، کەمال پیر، عەلی چیچەک و عەکیف یەلماز گرەڤی برسـی بوونیان ڕاگەیاند و تا مانگی نۆ بەهۆی نەمانی بەرگری برسیەتی کۆچی دواییان کرد.

بەهۆی سـەرکەوتنە مەیدانیەکانی جەنگ و بەدەسـتهێنانی پەیوەندی گشـتی، پەکەکە بوو بە پارە کۆکەرەوەیەکی باش. لە سـاڵی ١٩٨٢دا، پەکەکە دبلۆماسـیەتی گشـتی نوێ کردەوە و کوردانی ئەوروپای کردە ئامانج بۆ پەیوەندی کردن بە هێزە

شـــــەڕڤـانەکـان. ڕێکخراوە فەرهەنگیەکـان، وەک کۆڕی هونەریی کوردی و هەنـدێـک ڕێکخســـــتنی تری پەکەکە، ئەرکی کۆکردنەوەی داهات و دەســـــتخســـــتنی لۆبی بۆ بەرژەوەندی کورد ڕاســـپێردران. "بەرەی ئازادی نیشـــتیمانی کوردســـتان" نووســـینگەی دبلۆماســــــییان لە چەندین وڵاتی ئەورووپی کردەوە لە دوای دامەزراندنی لە ٢١ی ئازاری ١٩٨٥. ئەو یەکێتیە فەرهەنگی و نـاوەنـدەکـانی زانیـاری بنچینەیی پـارەکۆکردنەوە و هەوڵەکانی بەسەربازیکردن لە ئەورووپا بوون. ئەورووپا سەلماندی کە خاکێکی بە پیتە بۆ پەکەکە.(٤٣) گەنجە کوردەکـان کلیلی دیمۆگرافیـای پەکەکە بوون. زۆریـان لە نـاوچە هەژارنشـــــینەکانی باکووری ئەورووپا و تورکیادا دەژیان، یان لە گوندەکانی باشـــــووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا. ئەوان ســـــەرمەســـــتی ئەو کچە گەڕیلایانە بوون کە چۆن لە دژی هێزەکانی تورکیا دەوەستنەوە و ئەوانیش بەژداری ئەو شەرەفە نەبن.

چاپکراو و ڕۆژنامەی کوردی بە شـێوویەکی بەرفراوان لە ســەرتاســەری ئەورووپادا بڵاوبوونەوە و بە ئا سانی دە ست دەکەوتن. یەکەمین تەلەڤزیۆنی نێودەوڵەتی ئا سمانیی کوردی (MED-TV) لە ئینگلتەرا و بەلجیکا ســــتۆدیۆ کانی کردەوە. بەرنامە کانی ئەم تەلەڤزیۆنە بۆ شــــەش زمان وەردەگێڕدران. لەســــاڵی ١٩٩٩دا، لە لایەن بەریتانیا و فەڕەنسـاوە قەدەغە کرا. هەردووکیان بانگەشـەی ئەوەیان دەکرد کە گوایە پەیوەندی بە پەکەکەوە هەیە و هۆکاری توندوتیژییە. (ROJ TV) وەک جێگرەوەی کەناڵەکە لە ســاڵی ٢٠٠٤ لە بەلجیکا دەســتبەکار بوو. ئەویش تووشــی بەرەنگاربوونەوە هات، بەتایبەتی لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی تورکیاوە، کە گوشــــاری دەخســــتە ســــەر دەســــەڵاتدارانی کۆپینهاگن.

ڕاگەیاندن هاوکار بوو لە کۆکردنەوەی پارە بۆ دۆزی کورد. پارە لە لایەن کوردەکانی ئەوروپاوە لە ڕێگای یەکێتیە فەرهەنگیە کان و ناوە ندە زانیاریە کانەوە، وەک یەکێتی خاوەن کارە کوردەکان، بزوتنەوەی کوردیی ئیســــلامی و مانگی ســــوری کوردیەوە، پێشــکەش دەکرا. هەروەها ئەم ڕێکخراوانە پارەیان بۆ پەکەکە کۆدەکردەوە و لە ڕێگای

دەزگا لاوەکیەکانی سویسرا، بەریتانیا، سوێد، بەلجیکا، دانیمارک و قوبرسەوە ئاسانکاری گواستنەوەی بۆ دەکرا. لە (دەڤ-گەنج)ەوە چەندین ڕێکخراوی گەنجان دەرکەوتن، وەک "بزوتنەوەی یەکێتی شۆڕشگێڕیی گەنجان' (HDG-H). لەساڵی ١٩٨٦دا، زیاتر لە دوو هەزار نوێنەری ئافرەت لە شاری 'کۆڵن'ی ئەڵمانیا کۆبونەوە بۆ دامەزراندنی "ڕێکخراوی ئافرەتانی نیشتیمانی کوردستان"، کە بوو بە بزوتنەوەی "ئازادی ئافرەتانی کوردستان" وە پاشان بوو بە "پارتی ئافرەتانی کرێکارانی کوردستان". وڵاتانی ئەوروپا سەبارەت بە چالاکیەکانی پەکەکە هەستیان بە ناڕەحەتی کرد لە سنوورەکانیاندا. لە بەرواری ٢٨ی شوباتی سەرۆک وەزیرانی سوید، ولۆف پاڵمە'[1] لەو کاتەی لە شەقامی (SVEAVAGEN) دەسوڕایەوە، لە ساڵی ١٩٨٦ کوژرا. بە پشت بەستن بەو زانیاریانەی لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە پێشکەشکران، بەرپرسانی سوید گومانیان لە پەکەکە بوو کە لە پشت کوشتنەکەوە بێت. بۆ ماوەیەک ئاڵۆزی و ناڕەحەتی لە نێوان پەکەکە و حکومەتە ئەوروپیەکان سەریهەڵدا، کە لە ئەنجامدا بووە هۆی تاوانبارکردنی پەکەکە لە شوباتی ١٩٨٨دا، پۆلیسی ئەڵمانیا ئۆپەراسیۆنکی هاوبەشی لە دژی پەکەکە ئەنجامدا. فەرماندەی باڵای پەکەکە، دوران کالکان و عەلی حەیدەر دەستگیرکران ولە سەر ئەو کەیسە دادگایی کران کە ناونرابوو بە "کەیسی دۆسلدۆرف". بۆ تشرینی دووەمی ١٩٩٣، ئەڵمانیا چالاکیەکانی پەکەکەی لە وڵاتەکەیدا قەدەغە کرد و سێ و چوار ناوەندی فەرهەنگی کوردیی داخست. ئەڵمانیا ئەو ڕێکخراوانەی بەوە تاوانبار کرد کە پارە بەزۆر لە کرێکارە کورد و تورکەکان دەستێنن. حکومەتی فەڕەنساش هەمان هەنگاوی گرتە بەر. پەڕلەمانی نیشتیمانی کوردستان لە لایەن هێزە

[1] ولۆف پاڵمە ١٩٢٧—١٩٨٦ (سیاسەتمەداری سۆسیال دیمۆکراتی سویدی، ساڵانی ٧٦-١٩٦٩ و پاشان لە ساڵی ١٩٨٢ ەوە هەتا ڕۆژی کوشتنی، سەرۆکوەزیران بوو. پاڵمە لە ستۆکهۆڵم، ساڵی ١٩٨٦، بە دەست کەسێکی هەتا ئێستا نەناس، کوژرا.

ئاســـاییشـــە نێوخۆییەکانی هۆڵەنداوە کرایە ئامانج، کە مەبەســـت لێی کەمکردنەوەی چالاکیە سیاسی و کۆمەکە داراییەکان بوو.

*****

بۆ کۆنگرەی سێیەمی پەکەکە لە ٢٥-٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ لە بەقعە، حکومەتی ئەمریکا خەمڵاندی کە پەکەکە خاوەنی (١٥,٠٠٠) هەزار گەریلا بوو. وە نزیکەی ســـێ بەشـــێکیان لە تورکیاوە وە ئەوەی تریش لە ئێران، ســـوریا و عێراقەوە هاتبوون. تا (٧٥,٠٠٠) گەریلای نهێنی و لابەلاش لە ناو ڕیزەکانی پەکەکەدا بوونیان هەبوو.(٤٤) کۆنگرێس پـاکیەتی ئـایـدۆلۆژیـاکەی دووپـاتکردەوە. بیری کوردســـتـانی گەورە بە بەردەوامبوونی ئەو ململانێیانە پەرەی دەسەند. هەروەها پەکەکە بەهۆی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دۆســـتی خەراپ و ڕژێمی تاوانبارەوە ناوبانگەکەی تا ڕاددەیەک لەکەدار بوو. سەرەڕای بوونی بارەگا لە سوریا، پەکەکە لە عێراق، ئێران و لیبیاشدا بارەگای هەبوو. سەدام حسێن لە جیاتی گۆڕینەوەی زانیاری لە سەر مەسعود بارزانی، پارتی دیموکراتی کوردســـتان، چەکی بە پەکەکە بەخشـــی. ئۆجەلان و موعەمەر قەزافی ســـەرۆکی لیبیا، پەیوەندیەکی شـــەخشـــی زۆر باشـیان هەبوو. قەزافی بەڵێنی هاوکاریی "دۆزی کورد"یدا. هەروەها نەتەوە پەرســـتانی یۆنانیش هاوکاری پەکەکەیان کرد بۆ لاوازکردنی تورکیا، ئەمەش بە ڕێگای پێدانی کادیرانی پەکەکە کە بە ئارەزووی خۆیان ئەســـینا وەک دەرچەیەک بەکاربهێنن بۆ پەڕینەوە. لەو کاتەی ســـیاســـەتمەدارانی یۆنان یارمەتیە فەرمیەکانیان وەســـتاند، ئەوان دانیان بەوەدانا کە پەیوەندی لە نێوان پەکەکە و هاوڵاتیانی تایبەتی یۆنانی هەیە. ئەم پەیوەندیانە هاوکاریکردن لەگەڵ ئەندامانی خانەنشینی سوپای چەکداریی یۆناندا، هەبوو.(٤٥)

لە ٦ی نیســـانی ١٩٨٠دا، پەکەکە ڕێککەوتننـامەیەکی هـاوکـاریی لەگەڵ هێزە نهێنیەکانی ئەرمینیادا واژووکرد بە مەبەســـتی ئازادکردنی ئەرمینیا.(٤٦) پەکەکە بە

هـاوبەشـــــی لەگەڵ هێزە نهێنیەکـانی ئەرمینیـا لە ١٠ی تشـــــرینی یەکەمی ١٩٨٠دا قونسـولْخانەی تورکیای لە سـتراسـبۆرگی فەڕەنسـا بۆمباران کرد. ڕێکخراوی ئازادیی فەڵەستین (PLO) لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٢دا شوێنی حەوانەوە و مەشقی سەربازیی بۆ پەکەکە دابین کرد. "باڵی سـوپای سـوری" هاوکاری پەکەکەی کرد بۆ پێکهێنانی خۆپیشاندان لە شاری بۆن و ئەندامانی ئەو ڕێکخستنە سەردانی بارەگاکانی پەکەکەیان لە تورکیا کرد.

هەندێک ڕاپۆرت سـەبارەت بە دەسـەڵاتی پێکهاتەی هەڕەمی دسـپلینی سـتالینی پەکەکە درەیان کرد. دەسەڵاتی ڕەها لەلای ئۆجەلان بوو کە توانی کەسایەتیەکی بەهێز دروسـت بکات، ئەو بە توندی دژی نەیارەکانی دەوەسـتایەوە بۆ دامرکاندنەوەی هەر هەوڵێک بۆ لاوازکردنی ئەو. ئۆجەلان، کە واتاکەی لە زمانی تورکیدا بە 'تۆڵەسێن'دێت، دەسەڵاتەکەی خۆی بەهێز کرد لە ڕێگای هەڵمەتێکی ئەشکەنجەدان و کوشتنی نزیکترین کادیران لە نێوان سـاڵانی ١٩٨٠-١٩٨٤... کەسـە لاوازەکان و ئەوانەی لە دژی ئۆجەلان کاریان دەکرد لە سـوید (١٩٨٤-١٩٨٥)، دانیمارک (١٩٨٥)، هۆڵەندا (١٩٨٧-١٩٨٩) وە ئەڵمانیا (١٩٨٦-١٩٨٨) دا کوژران.(٤٧) لە سـاڵی ١٩٨٦دا، تا شـەست ئەندامی پەکەکە کوژران، بە پێنج ئەندامی کۆمیتەی بنچینەیی ناوەندیشـەوە. مەحسـوم کۆرکماز، فەرماندەی باڵای سـەربازیی، لە ٢٨ی ئازاری ١٩٨٦ کوژرا. حسـێن یەلدریم، وتەبێژی پەکەکە لە برۆکسل، پەیوەندی لەگەڵ ئۆجەلان لە سالی ١٩٨٨دا پچڕاند. جیابوونەوە و لێکترازانی گەورە لەناو پەکەکەدا سـەریانهەڵدا، کە بووە هۆی چڕبوونەوەی دووبەرەکی توند لەناو ڕیزەکانی ڕیکخستنەکەدا.

ئۆجەلان داوای کرد کە کورد لە نێوان دڵسـۆزیی بۆ تورکیا و هاوکاری پەکەکە یەکێکیان هەڵبژێرێت. سـزای خێرا دڕندانە بەسـەر ئەو کەسـانەدا سـەپێنرا کە هاوکاریکردنیان ڕەت کردەوە. پەکەکە کەسـایەتیە دیارە کوردەکانی کردە ئامانج کە لایەنگیری دەزگـا تورکیەکـانیـان دەکرد، هەروەهـا ئەو کوردانەش کە لە دامەزراوە

حکومیەکان کاریان کرد، دوور نەبوون لە ئامانجەکانیان. لە نێوان ســـاڵانی ١٩٨٢ و ١٩٨٤دا، پەکەکە ٢١٧ مامۆستای ڕفاند یان کوشت. سەدان قوتابخانەی لادێی سوتاند، بە شێوەیەکی کاریگەرانە سیستەمی پەروەردەی داخست.(٤٨) نەخۆشخانەکان تووشی هێرش بوونەوە، دکتۆر و پەرســتار کوژران. لە حوزەیرانی ١٩٨٢دا، پەکەکە هاوڵاتیانی گوندی 'پینارجیک'ی کوشـــت بەهۆی هاوکاریکردنیان لەگەڵ ڕژێم. دوای دوو مانگ، بیســت و چوار ئەندامی بنەماڵەی 'کلیچکایا'ی کوشــت، کە لە نێوانیاندا چواردە مناڵ هەبوون. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥-١٩٩٩، تاقمە خۆکوژەکان بەرپرسیار بوون لە بیست و یەک هێرشــی خۆکوژی تیرۆریســتی. زۆربەی هەرە زۆری ئەم هێرشــانە لە لایەن کادرە ئافرەتەکانەوە ئەنجامدران.(٤٩)

دارایی پەکەکە لە ڕێگای "باجی شــۆڕشــگێڕیی"یەوە دابین دەکرا کە لە لایەن ئەو خاوەن کارە کوردانەی تورکیاوە دەدرا وە ناچار دەکران کە پارە بدەن ئەگەر نا تووشی سەرئەنجامی قورس دەبوونەوە. هەروەها پەکەکە پاراستنی بازرگانانی لە سەرتاسەری ئەوروپادا ڕێکخســـت. پەکەکە هێرشــــی کردە ســــەر دبلۆماتکارە تورکەکان و دەیان مەڵبەندی بازرگانی شــارەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا لە ســاڵی ١٩٩٣ و دووبارە لە بەهاری ١٩٩٥دا. پەکەکە پارەی ئۆپەراسیۆنەکانی بەهۆی بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر و قاچاغچیەتی چەک و پارە لە خەڵک ســــەندن، دابین دەکرد. داوای پارەی 'ڤیزا'ی لەو ســـەردانیکەرانە دەکرد کە دەهاتنە ئەوروپا.(٥٠) شــوێنە گەشــتیاری و میوانخانەکانیان بۆمباران دەکرد و گەشـــتیارە بیانیەکانیان دەڕفاند و لەبەرامبەردا داوای ســـەرانەیان دەکرد. لە ســـاڵی ١٩٩٨دا، حکومەتی بەریتانیا دوپاتیکردەوە کە پەکەکە بەرپرســـیار بووە لە (٤٠٪) هێرۆینی فرۆشـــراو لە ئەوروپادا.(٥١) لەوپەڕی بەهێزی خۆیدا، داهاتی ساڵانەی پەکەکە زیاتر بوو لە ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.(٥٢)

*****

تاکتیکەکانی پەکەکە لە وەڵامی زوڵمە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکانی مافی مرۆڤ بوون، وە پەرچەکردارێک بوون بۆ دڕندایەتی هێرشـەکانی تورک بۆ سـەر کورد. حکومەت چەندین پارێزگای باشـــووری ڕۆژهەڵاتی خســـتە ژێر باری بە ســـەربازیکردنی بەزۆرەوە، وە لە کۆتایی هەشـتاکاندا، باری نائاسـایی ڕاگەیاند، وە دەسـەڵاتەکای سـەربازیی و ئیداریی بەهێزکرد. تورکیا هەســتی کرد کە دەبێت [ماددەی ١٤]ی دەســتوور جێبەجێبکات بۆ لەناوبردنی ئەو چالاکیانەی هەڕەشـــە لە یەکپارچەیی خاکی وڵات دەکەن.(٥٣) هەروەها ئاماژەی بە [ماددەی ١٢٥]ی یاســای ســزادان "قانون العقوبات" کرد کە تیایدا هاتووە: "هەرکەسێک هەر کارێک ئەنجام بدات بە نیازی شکاندنی یەکێتی حکومەتی تورکیا بێت یان جیاکردنەوەی هەر بەشێکی سنوور، دەبێت بە مردن سزا بدرێت". [ماددەی ٨ ]لە یاسـای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، تیرۆریزم زۆر بە فراوانی پێناسـە دەکات کە بەکارهات بۆ تاوانبارکردنی هەر گفتوگۆیەکی ئازاد سەبارەت بە دۆزی کورد.(٥٤) بارەگاکانی سوپا، خاڵی پشـــکنینی پۆلیس و فڕۆکەخانە ســـەربازییەکان لە شـــاخەکانی شـــەمدینلیدا تا باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سێرت، نزیک سنووری سوریا، دامەزران. لە ساڵی ١٩٨٩دا چەندین ئۆپەراســـیۆنی ســـــەربازیی لە دژی پەکەکە ئەنجامدا. بە یارمەتی دەزگا هەواڵگریەکانی ئەمریکا، (٣٠٠,٠٠٠) ســــەربازی تورکی پەڕینەوە ناو خاکی عێراق بۆ هێرشـــکردنە ســـەر (١٠,٠٠٠) گەریلا لە ســـاڵی ١٩٩٢. چالاکیەکانی پەکەکە لە ســـاڵی ١٩٩٣دا گەیشتە لوتکە لەوکاتەی (٤١٩٨) بەرەنگاربوونەوە لە نێوان پەکەکە و هێزەکانی ئاسایشدا ڕوویاندا.(٥٥)

زیاتر لە (١,٥٠٠) کەســـی ســـەربە ئۆپۆزســـیۆنی کورد لە لایەن هێرشـــبەرانی نەناســـراوەوە لە نێوان ســـاڵانی ١٩٨٩-١٩٩٦دا کوژران. حکومەتی تورکیا ســـەد گومانلێکراوی هاوسـۆزیی پەکەکەیان کوشـت.(٥٦) ئەو هەڵمەت خۆسـەپێنەرەی تورکیا گرتنی بە کۆمەڵی و درێژکردنەوەی ماوەی زیندان و ئازادکردنیشی گرتەوە. نزیکەی ٥٠٠ کەس لە نێوان سـاڵانی ١٩٩١-١٩٩٧دا ون بوون. لە نێوان سـاڵانی ١٩٩٣-١٩٩٤، (٢٣٠)

کەســـی تر بێســـەروشـــوێن بوون. ژمارەیەکی زۆریان لە بەندیخانەکانی پۆلیس بەهۆی ئازارەوە گیانیان لە دەســـتدا.(٥٧) مافە فەرهەنگیەکانی کورد نکۆڵیان لێکرا.(٥٨) کاتێک هەزاران کەس بۆ ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٨٩ کۆبوونەوە، پۆلیس هێرشـی کردە سـەریان و ژمارەیەکی بەرچاوی کوشـــتن. هەمان شـــت لە نەورۆزی ١٩٩٢دا ڕوویدا کاتێک زیاتر لە ١٠٠ کەس لە شـــارەکانی جزیرە، شـــرناخ، نوســـەیبین کوژران.(٥٩) یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی، ئۆزگور گوندەم، لە ئایاری ١٩٩٢دا دەســـــتی بە بڵاوکردنەوە کرد. نووســـینگەکەی کەوتە بەر شـــاڵاوی هێرشـــکردن، وە ســـیانزە لە کارمەندانی کوژران. ڕۆژنامەکە ماوە ماوە دەوەستا و دووبارە دەستی بەچاپکردن دەکردەوە، ئەمەش بەهۆی دەســـــتگیرکردنی کارمەند و ڕێکارە یاســـــاییەکانی دەوڵەتی تورکەوە بوو کە دەبوونە کۆسپ لەبەردەم وەشانەکەیدا.

سیاسەتەکەی ڕاگواستنی حکومەت مەبەست لێی بڕینی ئەو هێڵە بوو کە لێیەوە هاوکاری بە پەکەکە دەگەیشـــت. لە ســـەرەتای نەوەتەکاندا، هێزەکانی ئاســـاییش لە نێوان (٢٠٠٠-٤٠٠٠) گوندیان سوتاند و سێ تاسێ ملیۆن و نیو کوردیشیان ڕاگواست. لە ئەنجامدا، شـــارەکانی وەک دیاربەکر، جزیرە، وە نوســـەیبین لە قەبارەدا زیاتر لە دوو ئەوەندە گەورە بوون. ڕێژەی بێکاریی لە دیاربەکر ئەوەندە بەرزبووەوە تا گەشتە (٪٧٠)؛ ڕێژەی هەژاریی بۆ (٪ ٣٩,٧) بەرزبوەو، وە زیاتر لە (١٠,٠٠٠) هەزار خانووی هەژاران لە شارەکەدا زیاتر زیاد بوو.(٦٠) سیاسەتی سوتاندنی شوێنە پێویستەکان بۆ ئەوەی دوژمن سودیان لێ وەرنەگرێت، سەرکەوتنێکی سەربازیی بوو، بەڵام شکستێکی تەکنیکی بوو. بێ بەش لە هاوکاریی لۆجیستی، پەکەکە ڕایکردە ناوچەکانی ئەو دیو سنوور لە عێراق بە ڕاوەدوونانی هێزەکانی تورکی.(٦١) خەڵکێکی زۆر بۆ وەڵامدانەوەی دڕندایەتی تورکیا هاوکاری پەکەکەیان کرد.(٦٢)

ســـیســـتەمی پاســـەوانی گوندەکان بووە هۆی هاندانی کورد لە دژی کورد.(٦٣) حکومەت شەش هەزار هاوڵاتی کوری دامەزراند و پڕچەکی کردن کە وەک نیمچە سەرباز

کاربکەن. بەگوێرەی وتەکانی دەســـەڵاتداران، ســـیســـتەمەکە ئامانجی یارمەتیدانی گوندنشـــینان بوو بۆ بەرگریی کردن لە خۆیان، بەڵام کاریگەریەکی پێچەوانەی هەبوو بە جەمســەرگرتنی کۆمەڵگاکان و کارکردن وەک هێزی هاوســەنگی بۆ ئۆپەراســیۆنەکانی پەکەکە.

تاقمە فەرمی و نیمچە لەشـــکرییەکان لایەنگیری (حکوومەتی قوڵ) بوون- ئەوان بوون بە ڕەگەزپەرســـتی لە ڕادە بەدەری بەرژەوەندیەکانی تاقمەکە بە ســـوپا، پۆلیس، حکومەتی بیرۆکرات و سیاسەتمەدارە گەندەڵەکان، ئەوانەی هاوکاریی پیاوانی مافیایان دەکرد.(٦٤) ئەوان لە تورکیا حکومەتی سێبەریان درووست کرد. دەستوور ئەنجومەنی ئاساییشی نیشتیمانی بەهێز کرد بۆ ئەوەی هەرچی ئامرازێک بەکاربهێنێت بۆ پاراستنی حکومەت، کە بە پیرۆز دادەنرا. لەجیاتی ئەوەی بەرژەوە ندیە کانی تاک بەرزبکەنەوە، 'حکومەتی قوڵ' سەرقاڵ بوو بە پاراستنی هێز و شکۆکەی. دڵنیابوون لە پاراستنی ئاســـاییشـــی دەوڵەت و بەردەوامی دامەزراوە فەرمیەکانی بیرۆکراتەکان زیاتر بایەخیان پێدرا.(٦٥) بەگوێرەی وتەکانی ســـولەیمان دەمیرەل، ســـەرۆکی پێشـــوو و حەوت جار ســەرۆک وەزیران، "پرەنسیپێکی گەوهەرییە کە تەنیا یەک حکومەت بوونی هەیە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا دوو حکوومەت بونیان هەیە".

لە ڕووی مێژووییەوە، لەشـــکری تورکیا پاســـەوانێکی چاونەترســـی عەلمانیەت، نەتەوەپەرستی و بە مۆدێرن کردن بووە. ئەفسەرەکان ئەرکی خۆیان تەنیا لە پاراستنی سنووری وڵات نەدەبینیەوە، بەڵکو پاراستنی ئاساییشی ناوخۆ و ئەو هەڕەشانەی کە دەکرانە ســـەری، وەک جوداخوازیی، تیرۆر و توندڕەوی ئایینی. کورد دژی ئەو خۆسەپاندنە باوکسالاریەی سوپا بوو، هەروەک لە بەیاننامەیەکدا لە لایەن دەستەی گشـــتی تورکیاوە بڵاوکرایەوە: "ئەگەر پێویســـت بە دیموکراســـی زیاتر بکات، ئیمە لە دەرەوە دەیهێنین".(٦٦) هەڕەشە، بە هەردوو جۆرەوە حەقیقی و بیرلێکراوە، بەکارهێنران بۆ بەردەوامیدان بە ڕۆڵی ســـوپا لە کێشـــە گشـــتیەکاندا وە بەهانەیان بۆ خەرجیە

زۆرەکانی دەهێنایەوە. لە جیاتی ئەوەی باری ئاسـاییش بەرەو باشـی بەرن، سـوپا بە دروسـتکردنی ڕووداو بۆ پەردە پۆشـکردنی تاوانبارکردنی یەکتر لە دژی کۆمەڵگای کوردی ناسرا بوو.

لە سـاڵی ١٩٩٦دا، ئۆتۆمبێلێک لە گوندی 'سـوسـورلوک' تێک شـکا. لەناو ئەو ئۆتۆمبیلەدا 'سـەدات بوجاک'ی تیادا بوو، جێگری بەرپرسـی پۆلیسـی ئەسـتەمبوڵ، وە بەرپرسێکی نەتەوە پەرستی"گورگی ڕە سا سی" بوو لە لیستی سوری ئەنتەرپول. ئەم ڕووداوە بوو بە هۆی تاوانبارکردنی زۆرێک لە خەڵکی بێ تاوان کە گوایە دەستیان تیادا هەبووە.

*****

دوای دوو سـاڵ لە مردنی ئۆزال لە نیسـانی ١٩٩٣دا، دادگای دەسـتووری بڕیاری قەدەغەکردنی پـارتی کرێکـارانی گەلی (HED)دەرکرد. هەر کە زانیـان قەدەغە کراوە، ئەندامانی ئەو پارتە دەسـتیان لەکارکێشـایەوە و پارتی دیموکرات (DEP)یان دامەزراند. پـارتی دیموکرات لە حوزەیرانی ١٩٩٤دا قەدەغەکرا. ئەنـدام پەڕلەمـانی کورد، مورات بۆزلاک، پارتی دیموکراتی نویی گەلی (HADEP) دامەزران. ئەو پارتە لە ٢٤ کانوونی یەکەمی ١٩٩٥دا بەژداری هەڵبژاردنە گشتیەکانی کرد، بەڵام شکستی هێنا لە تێپەڕاندنی بەربەسـتی لەسـەدا دە. جێگرەوەکەی، پارتی گەلی دیموکراتی (DEHAP)یش شـکسـتی هێنا لە بڕینی بەربەستەکە لە هەڵبژاردنە گشتیەکانی نیسانی ١٩٩٩دا، بەڵام لە (٣٧٪)ی ئەنجومەنە خۆجێیەکانی کۆنترۆڵ کرد.

کورد بەردەوام بوون لە هەوڵەکانیان بۆ بەژداریکردنیان لە سـیسـتەمی سـیاسـی، بەڵام هەوڵەکانیان بێ ئاکام بوون. یاسـای هەڵبژاردنەکانی تورکیا دەگۆڕدرا، ڕێگا لە کورد دەگیرا بگەنە ئەو ڕێژە پێویسـتەی کە نوێنەریان لە پەڕلەمان هەبێت. سـەرکردە کوردەکانیان بەدەست گرتن و کوشتن ئازاریان دەچەشت. دادگای دەستووری ئەو پارتە

سیا سیانەی قەدەغەدەکرد و تاوانباری دەکردن کە بە شێوەیەکی ئا شتیخوازانە خەبات بۆ بەرژەوەندی کورد دەکەن. بەنەبوونی نوێنەرایەتی ســیاســیی، کورد ناچار بوو پەنا بباتە بەر ئەنجومەنە خۆجێیەکانی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتەکانیان. بۆ داواکردنی مافە ســەرەتاییەکانیان، کورد بە دەســت تیکەڵکردن لەگەڵ گروپە تیرۆرســتیەکان لە ژێر یاسـای سـزادان و کردەوەی تیرۆریی تاوانبار دەکران. یاسـای زۆر توند بەکارهێنران بۆ ئەوەی سنوور بۆ ئازادی ڕادەربڕین و ئەنجومەن و یەکێتی دابنێن.

لە بەرواری ٨-٢٧ی کـانوونی دووەمی ١٩٩٣دا، پەکەکە پێنجەم کۆنگرەی خۆی بەســـت. نوێنەرانی ئەو کۆنگرەیە بەدوای ئەوەدا دەگەڕان کە وێنەی پەکەکە لەنـاو تورکیادا بگۆڕن بۆ وێنەیەکی میانڕەو. ڕادیکالیزم (توندڕەوی) گفتوگۆ ســـیاســـیەکانی لەگەڵ حکومەتـدا کەم کردەوە. هەروەهـا ئەو کردەوانە بەهـانەی بە تورکیـا دەدا بۆ چەوسـاندنەوەی کورد. ئاڵاکەی پەکەکە، کە ڕەمزی ناپەسـەندیی بوو بۆ کورد، گۆڕدرا. پەکەکە هیچ پۆســتێکی لە حکومەتدا نەبوو، بەڵام کۆنگرەی جنیفی واژوو کرد و خۆی پەیوەســت کرد بە ڕێککەوتنە جیهانیەکانی جەنگەوە. لە هەمووشــی گرنگتر، پەکەکە ئاگربەســتی یەکلایانەی لە ٢٠ ئازاری ١٩٩٣دا ڕاگەیاند. ڕاگەیاندنی ئاگربەســت بە مەبەسـتی ئەوە ئەنجامدرا کە ڕاسـپاردەکانی 'ئۆزال' بۆ مافی یەکسـانی و چاکسـازی سـیاسـی تاقی بکەنەوە. ئۆجەلان بەم شـێوەیە بابەتەکەی ڕوون کردەوە، "ئێمە هەرگیز چەکمان لە شـان نەکردەوە بۆ مەرامی کوشـتن. هەموو ئەو کارانەی ئەنجاممان داون بۆ ئەوە بووە ڕێگایەک بۆ میللەتەکەمان بکەینەوە بۆ ئەوەی بە ئازادی پێش بکەوێت، بەڵام هیچ جۆرە وە سیلەیەکی ترمان لەبەردە ستدا نەمابوو بۆ خەباتکردن و چە سپاندنی؛ هەر ئەمەش هۆکـار بوو کە چەکمـان هەڵگرت و هێنـاومـانە نـاو بەرخودانەکە تـا ئەم قۆناغە".(٦٧)

بۆ دڵنیاکردنەوەی کەشـوهەوایەکی ئارامتر و چەسـپاندنی ئاشـتی، ئۆجەلان داوای لە تورکیا کرد هەمان هەڵوێسـتی هەبێت و ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی بوەسـتێنێت.

ئەو ئاماژەی بە مافە فەرهەنگیەکانی کورد کرد، وەک مافی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی ئازاد، وە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پەروەردە و ڕاگەیاندندا. هەروەها داوای مافە سیاسیەکانیشی کرد، وەک ئازادی ڕادەربڕین و دامەزراوەکان، بەفەرمی ناساندنی شوناسی کورد لە دەستووردا، وە بە یاساییکردنی ڕێکخستنە کوردیەکان. ئۆجەلان داوای قەرەبووی بۆ ئەو کەسانە کرد کە لە گوندەکانیان دەرکرابوون و سەروماڵیان تالان کرابوو.(٦٨)

ئۆزال لە نیسانی ١٩٩٣دا بە هۆی وەستانی دڵیەوە گیانی لەدەستدا. سولەیمان دەمیرەل، جێگرەکەی، هەوڵیدا لە سەر هەمان ئەجێندای ئۆجەلان بەردەوام بێت. دەمیرەل بەرەنگاری دەولەتی قوڵ[1] نەبووەوە، بەڵام هێشتاش هەر لە لایەن ڕەگەزپەرستە توندڕەوەکانەوە تاوانبار کرا. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئاگربەستە یەک لایەنەکەی پەکەکەی ڕەتکردەوە. کە ئەگەرەکانی گفتوگۆ کاڵ بوونەوە کاتێک سی و سێ سەرباز لە سەر ڕێگای نێوان ئەلازغ و بینگۆلدا لە ٢٤ ئایاری ١٩٩٣دا کوژران. سەربازەکان چەکدار نەبوون، ئەوان ئەو کات خزمەتی سەربازییان تەواو کردبوو و لە ڕێگادا بوون بۆ ئەوەی بچنەوە نێو خێزانەکانیان.(٦٩) تورکیا دووبارە چارەسەری سەربازیی سەپاند.

*****

لە کاتی بەردەوام بوون لە سەر فشاری سەربازیی، تورکیا هەوڵیدا لە ڕێگای پێشکەوتنە ئابوورییەکانەوە نکۆڵی لە پەکەکە بکات. ئەنقەرە پێی باش بوو کە ئاسایشی کار و ئابووریی ئامانجی بەسوود لەناو چینی گەنجاندا دەپێکێت وە لە بیری توندڕەوەی دوریان دەخاتەوە. نیازی هەوڵەکانی حکومەت چاک بوون، بەڵام بە خەراپی خرانە بواری جێبەجیکردنەوە.

---

[1] دەوڵەتی قووڵ: دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتێکی تر. (وەرگێڕ)

له سەرەتای ساڵانی شەستەکاندا، تورکیا دەستی کرد بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی پێشخستنی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، پلانێکی وەبەرهێنانی گەورەی داڕشت بۆ بەیەکەوە بەستنی ئاوەکانی دیجلە و فورات بۆ گەشەکردنی ئابووریی ناوچەکە. حکومەت بیست و سێ بەنداوی دروست کرد، کە لەناویاندا بەنداوی ئەتاتورکی تیادا بوو کە (٢,٣) ملیار دۆلار خەرجی بوو وە نۆیەم گەورەترین بەنداوی جیهان بوو.(٧٠) پڕۆژەیەکی تۆڕی ئاودێریی دیزاین کرا بۆ دابین کردنی ئاو بۆ (١٠٧) ملیۆن هێکتار زەوی، یارمەتی ١٧ کارگەی هایدرۆلیکی و حەوت ئەوەندە بەرهەمی کشتوکاڵی زیاد دەکرد، هەروەها پلانی داڕشت بۆ ئەوەی داهاتی هەر تاکێک سێ ئەوەندە زیاد بکات و ژمارەیەکی یەکجار زۆری کاری نوێش دروست بکات. ڕێگایەکی گشتی شەش سایدی دروست کرد لە نێوان شارەکانی ئەدەنە، غازی عەنتاب و دیاربەکر. هەروەها پڕۆژەکە تەنیا بەمە نەوەستا، بەڵکو جەختی لە سەر پێشکەوتنی مرۆیی و خزمەتی کۆمەڵایەتیش کردەوە.

ئەم پڕۆژەیە بەهۆی خزم خزمانێ و لاوازی لە جێبەجێ کردندا شکستی هێنا. بەم شێوەیە دەیان ملیار دۆلار خەرج کرا، ئابووریی کورتی هێنا و کێشە بەردەوامەکانی ئاساییش زیانی بە پڕۆژەکە گەیاند. هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی لە بواری وەبەرهێناندا کەوتنە ژێر کاریگەریی بێ وێنەی ئەو ململانێیە و لە کۆتاییدا دۆخی ئابووریی لە داکشاندا بوو. ماڵداریی و چالاکی کشتوکاڵی تا ڕاددەیەک ئەستەم بوو لەژێر دۆخێکی وەهادا. مین و تەقەمەنی ڕووبەرێکی زۆر بە سوودی زەوی کە دەبوایە بۆ کشتوکاڵ بەکار بێت، سنووردار کرد. ئۆپەراسیۆنە ئەمنیەکانیش ساڵانە لە بودجەی گشتی هەشت ملیار دۆلاری ئەمریکی پێویست بوو. تورکیا کۆی گشتی تێچووی ململانێکەی بە ٢٠٠ ملیار دۆلار خەملاند.(٧١)

*****

لەو کاتەی پرۆژەی پەرەپێدانی ئەنادۆڵ ســــوریای بێبەش کرد لە ئاوی هەردوو ڕوباری دیجلە و فورات، گرژیی و ئاڵۆزیی لە نێوان تورکیا و سوریادا زیاد بوو. ئەسەد هاوکاری پەکەکەی کرد بۆ بەدەســــتهێنانی قەلەمڕەویی لە ســـەر بەڕێوەبردنی ئاوەکانی تورکیا. پەکەکە هێرشــەکانی چڕتر کردەوە کاتێک تورکیا کۆتایی هێنا بە بنیادنانی بەنداوەکانی ئەتاتورک و بیجەرجیک لە سەر ڕوباری فورات. ئەنقەرە بە هەڕەشەوە وەڵامی دیمەشقی دایەوە ئەگەر پەیوەندیەکانی لەگەڵ پەکەکەدا نەپچڕێنێت، ئەوا ئاوەکانی لە ســــوریا دەگرێتەوە. هەروەها ستافی دەسەڵاتی گشتی سەربازیی تورکیا هەڕەشەی هێرش کردنە سەر بارەگاکانی پەکەکەی لەناو خاکی سوریادا کرد.(٧٢)

ئەســـەد تەســـلیمی هەڕەشـــەکانی ئەنقەرە بوو وە لە تشـــرینی یەکەمی ١٩٩٨دا یاداشـــتنامەی 'ئەدەنە'ی مۆرکرد. یاداشـــتنامەکە داوای لە ســـوریا کرد پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بنا سێنێت و لە سەر سنوورەکانی دوری بخاتەوە. ئۆجەلان لە ٩ی تشـــرینی یەکەمی ١٩٩٨دا لە ســـوریا ڕایکرد. بەم شـــێوەیە گەشـــتە جیهانیەکەی ئۆجەلان دەستی پێکرد بۆ هەر یەک لە شارەکانی مۆسکۆ، ڕۆما، ئەمستەردام، ئەسینا و نایرۆبی، کە لە کۆتاییدا لەوێدا لە لایەن هێزە تایبەتیەکانی تورکیاوە بە هاوکاری دەزگای هەواڵگری ئەمریکا دەستگیرکرا.

لە ١٦ی شـوباتی ١٩٩٩دا، تەلەڤزیۆنی تورکی وێنەی ترسـناکترین و ویسـتراوترین هەڵاتووی پەخشـــــکرد. کورد باڵیۆزخانەکانیان بەردباران کرد، بارمتەی گرت، وە لە سـەرتاسـەی ئەوروپا بۆ ناڕەزایی دەربڕین ئاگریان لە جەستەیان خۆیان بەردەدا. ئەوان پشـــــتگیری خۆیان بۆ ئۆجەلان دەربڕی، ئەو کەســــــەی کە ڕێزیان دەگرت بە هۆی وەســــــتانەوەی بەرامبەر بە حکومەت و داواکردنی شــــــەرەف و مافی مرۆڤ بۆ کورد. کوردەکان بە شێلگیریەوە دەیانوت، "تۆ ناتوانی خۆری ئێمە ئاوا بکەی".

ئۆجەلان لە دەریـای مەڕمەڕەی دورگەی ئیمرالی بەنـد کرا. لە دەرکەوتنێکی زۆر سـەیری پەشـیمانبونەوەدا، ئۆجەلان کۆتایی هێنان بە خەباتی چەکداریی پەکەکە لە بەرامبەر ژیـانی خۆی پێشـکەش کرد. "هەڵبژاردەی دیموکراسـی تـاکە بەدیلی چارە سەرکردنی دۆزی کوردە. جیابوونەوە نە دەکرێت و نە پێویستیشە. ئێمە ئا شتی، گفتوگۆ و چالاکی ئازادیی سـیاسـیمان دەوێت لە ناو چوارچێوەی حکومەتێکی دیموکراسـیی تورکیدا".(٧٣) ئەو بەرگری لەخۆی کرد، "یەک دەرفەتم پێبدەن. لەماوەی سـێ مانگدا، هەر هەموو شـەڕڤانەکان لە شـاخەکان دەهێنمە خوارەوە".(٧٤) دادگای ئاساییشی تورکیا لە حوزەیرانی ١٩٩٩دا ئۆجەلانی بە ناپاکی بەرامبە وڵات تاوانبار کرد. بە هۆی قەدەغەی یەکێتی ئەوروپا لە سـزای مەرگ، حوکمی مردنەکەی بۆ ژیانی تا هەتایی لە زیندان گۆڕدرا.(٧٥)

## سەرچاوەکان

1. Boston Review | John Tirman: Ataturk's Children. www.photius.com/thus/ataturk.html.
2. *The Kurdistan Tribune.* When will the Turkish state give Kurds the secret grave of Sheikh Said? Solin Hacador. kurdistantribune.com/2013/when-will-turkish-state-give-kurds … (accessed March 4, 2014)
3. "Understanding The Kurdish Issue History Essay." *Understanding The Kurdish Issue History Essay.* Web. 19 May 2014.
4. www.kurdishglobe.net/article/91398636C6333262450ABB06EF93D/...
5. Boston Review | John Tirman: Ataturk's Children www.photius.com/thus/ataturk.html.
6. 'İskân Kanunu' Law No. 2510, 13 June 1934). Çağaptayö Soner (2002). "Reconfiguring the Turkish nation in the 1930s". Harvard. Retrieved 2010-08-02.
7. Hasretyan, M. A. (1995) Türkiye'de Kürt Sorunu (1918-1940), Berlin, Wêşanên, ënstîtuya Kurdî. I., p. 262.
8. "Kurdistan House." *Kuridistan House.* Web. 20 May 2014. www.kurdistan-hourse.org/?p=145.
9. "Resmi raporlarda Dersim katliamı: 13 bin kişi öldürülü", Radikal, Novermber 19, 2009. (Turkish).
10. (Geminnützig), Dersim-Gesellchaft Für Wiederaufbau, E.v., Holweider Str.40 51065 Köln. Tel.: 02216160611, and www.dersim-

Wiederaufbau.de. *To the attention of Press and Public "DERSDM 38 CONFERENCE"* (n.d.): n. page. Web.
11. Hüseyin Aygün. *Dersim 1938 ve zorunlu iskân: telgraflar, dilekçeler, mektuplar,* Dipnot Yayınları, 2009, ISBN 978-975-9051-75-4.
12. Martin van Bruinessen, *Kurdish ethno-nationalism versus nation-building states: collected articles,* Isis Press, 2000, ISBN 978-975-428-177-4, p. 116.
13. "Pamukoğlu: Dersim'in emrini Atatürk verdi", *Hürriyet,* August 19, 2010. (Turkish).
14. Mustafa AKYOL. *Evropeos.* How Turkey massacred The Kurds of Dersim. November 17, 2009. greekturkish.fr.yuku.com.
15. Ibid.
16. Yonca Poyraz DOĞAN. Today's Zaman. TPM Erdoğan apologizes over Dersim massacre on behalf of Turkish state. 23 November 2011.
17. Yılmaz, Kamil. *Disengagıng from Terrorism: Lessons from the Turkish Penitents.*
18. The Baghdad Pact included Britain, Iran, Iraq, and Pakistan.
19. "Country Studies." *Country Studies.* Web. 20 May 2014. countrystudies.us/turkey/15.htm.
20. Ibid.
21. Oron, Yitzhak, *Middle East Record.* Jerusalem: Published for Tel Aviv U the Reuven Shiloah Research Center by Israel Program for Scientific Translations, 1961.
22. "Turkish Constitution of 1921." *Turkish_Constitution.* Web. 19 May 2014.
23. Ibid.
24. Ibid.
25. Blood and Belief: The PKK and the Kurdish fight for Independence, by Aliza Marcus, p. 15, 2007.
26. (Yılmaz, Kamil, 30).
27. "Turkey: May Day Celebrated at Taksim Square, Istanbul for the First Time in 33 Years." *Frontlines of Revolutionary Struggle.* Web. 19 May 2014.

28. Joost Jongerden, PKK, CEU Political Science Journal. Vol. 3, No. 1 page 127-132.
29. “Mehmet karsungur - Halil Cavgun | Partiya Karkerên Kurdistan – PKK Offical Site.” *Mehmet Karasungur – Hilal Cavgun |Partiya Karkarên Kurdistan – PKK Official Site.* Web. 19 May 2014.
30. Ibid.
31. Ibid.
32. “European Journal of Turkish Studies.” *The Kurdistan Workers Party and a New Left in Turkey: Analysis of the Revolutionary Movement in Turkey through the PKK’s memorial Text on Haki Karer.* Web. 20 May 2014.
33. Eager, Paige Whaley. *From Freedom Fighters to Terrorists: Women and Political Violence.* Andershot, England: Ashgate, 2008.
34. Party program of the PKK adopted at the Fifth Victory Congress, January 1995.
35. Dogu Ergil. “Suicide Terrorism in Turkey.” *Civil Wars,* Vol. 3, No. 1 (Spring 2000). Pgs. 37-54.
36. Ibid.
37. www.bianet.org/... /103813-remembering-the-maras-massacre-in-1978 (accessed March 6, 2014).
38. Ibid.
39. The author first visited Diyarbakir in February 1992.
40. Tejel, Jordi, Emily Welle, and Jane Welle. *Syrias’s Kurds: History, Politics and Society.* London: Routledge, 2009. Print.
41. www.fas.org/irp/world/para/docs/docs/studies3.htm.
42. Suri, Sanjay (11 May 2005). “Torture and Oppression of Kurds in Syria”. *Antiwar.com.*
43. MAF – A Report on the PKK and Terrorism. www.fas.org/irp.world/para/docs/mfa-t-pkk.htm.
44. “MFA – I. Historical Background and Development.” *MFA – I. Historical Background and Development.* N.p., n.d. Web. 22 July 2014.
45. “MFA – III. International Sources of Support.” *MFA – III. International Sources of Support.* Web. 20 May 2014.
46. Ibid.

47. MYNET/Fact Sheet. September 6, 2005.
48. "Disarming, Demobilizing and Reintegrating the PKK by David L. Philips." *Today's Zaman, Your Gateway to Turkish Daily News.* Web. 20 May 2014.
49. State Security Court Indictment of Abdullah Ocalan. Pg. 58.
50. "Ocalan Conducted Ruthless Offensive." *By Amberin Zaman.* Special to The Washington Post. February 1999.
51. The Spectator. 28 November-5 December, 1998.
52. Michael Radu. "The Rise and Fall of the PKK." *Orbis,* Vol. 45, No. 1 (Winter 2001). Pg. 47.
53. "Republic of Turkey, Ministry of Foreign Affairs – Printer Friendly Version." *Republic of Turkey, Mister of Foreign Affairs – Printer Friendly Version.* Web. 20 May 2014.
54. Article 8 was adopted in 1991.

1. Ergil. "Suicide Terrorism in Turkey."
2. Stephen Kinzer. "The Big Change." *The New York Review of Books.* January 12, 2006.
3. Turkish Human Rights Association, *Annual Report 2004.*
4. Turkish Human Rights Association, *Annual Report 2004.*
5. "American Kurdish Information Network (AKIN)." *American Kurdish Information Network AKIN RSS.* Web. 20 May 2014.
6. Human Rights Watch. *World Report 2005.*
7. Diyarbakir Metropolitan Municipality. "Democratization in Turkey and the Kurdish Question." Report issued by Osman Baydemir, Mayor of Diyarbakir. September 1, 2005.
8. "Ocalan conducted Ruthless Offensive." *By Amberin Zaman.* Special to The Washington Post. February 1999.
9. "PKK Attacks on Civilian Targets Sign of Weakness, Experts Say." *Today's Zaman, Your Gateway to Turkish Daily News.* Web. 20 May 2014.
10. "Republic of Turkey, Ministry of Foreign Affairs – Printer Friendly Version." *Republic of Turkey, Ministry of Foreign Affairs – Printer Friendly Version.* Web. 20 May 2014.

11. "Telling The Truth for More Than 30 Years …" *Washington Report on Middle East Affairs.* Web. 20 May 2014.
12. Osman Baydamir, Mayor of Diyarbakir Metropolitan Municipality. "Democratization in Turkey and Kurdish Question." September 1, 2005.
13. Cited by Adem Uzun in "Living Freedom. Berghof Foundation. Transition Series No. 11.
14. www.serxwebun.org/arsiv/136/.
15. History of PKK in Turkey. Hürriyet Daily News. September 14, 2009. SEVİM SONGÜN.
16. Philips.
17. National Intelligence Organization. http://www.yesil.org.terror/pkkrakamlar.htm. April 9, 2005.
18. Picture Id: 478646." *478646. Member of the Kurdistan Workers Party, or PKK, Attend a Rally in Lebanon's Bekka Valley. The PKK Is a Marxist Organization Run by an Enigmatic Figure Named Abdullah Ocalan, Also Known as Apo, or Uncle Apo, Who Promises to Form an Independent Kurdistan in Thousands of Kurds in Turkey, Syria, and Lebanon. The PKK Runs the MaHsum Korkmz Academy in the Bekaa Valley, A Guerrilla Training Base Operated Under Syrian Protection. From the Mahsum Korkmaz Academy, the PKK Carries on a Guerrilla War against Turkey. Syria's Interest in Supporting the PKK Is Not One of Kindness towards a Minority Group That Is Repressed by the Turkish Government. In Fact, Syria Uses Its Kurdish Card as Leverage against Turkey's Control of Fresh Water from Such Rivers as the Euphrates That Flow from Turkey into Syria. The New Ataturk Dam Has Given Turkey Control of Euphrates.* N.P., n.d. Web. 30 May 2014. <http://www.natgeocreative.com/photography/478646>.
19. Abdullah Öcalan. *Declaration on the Democratic Solution of the Kurdish Question.* Published by the Kurdistan Information Centre, Mesopotamian Publishers, London. 1999). Pg. 85.
20. Metin Munir. "Kurdish leader gains support for deal that will end millitary struggle." *Financial Times.* June 3, 1999. Pg. 2.

21. Some Kurds believe that Öcalan is under the control of Trukish authorities, and that he is being manipulated to sustian the PKK to justify the state’s efforts to subvert reforms and democratization.

(٤)

## کورد لە سوریا

بەپێی ڕێککەوتننامەی (ســــایکس- پیکۆ)ی ١٩١٦، ئینتیدابی جەنگی جیهانیی یەکەمی فەرەنســا ســوریا و لوبنانی گرتەوە. ســنووری داگیرکاری بەریتانیا و فەرەنســا بە پێی هێڵێکی ڕاســـت لە ئوردنەوە تا ئێران دیاریکرا. دوای دۆزینەوەی نەوت لە موســـڵ لە ســاڵی بیســتەکانی ســەدەی بیســتەمدا، ســنورەکە کەمێک گۆڕانکاریی بەســەردا هات، فەرەنســا بۆ بەرژەوەندی بەریتانیا دەســتی لە بەشــێک لە ســنوور هەڵگرت. ســوریا گەورەترین وڵات بوو لە ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا.

فەرەنســا داگیرکاریەکەی بۆ شــەش قەوارەی جیاواز دابەشــکرد: لوبنانی گەورە، دیمەشـق، حەلەب، عەلەویەکان، جەبەل دروز و ســەنجەقی ئەســکەندەرون، کە ئێســتان ناوچەی 'هاتای'یە لە تورکیادا. دانیشـتوانی سـوریا نزیکەی سـێ چارەگی عەرەب بوون. ئەوەی تر لە کورد، ئەرمەنی، ئاشووری، یەزیدی، وە تورک پێک هاتبوون. لە نێوان ئەم نەتەوانەدا، کورد گەورەترین کەمە نەتەوە بوو لە ســـوریادا. کورد لە ناوچەیەکدا دەژین کە ئەوان پێی دەڵێن ڕۆژئاڤا. کوردستانی سوریا دەکەوێتە ناوچەکانی باکووری سوریا، وەک شـــارەکانی کۆبانێ، لە نزیک جەرابلوس، وە عەفرین، کە دەشـــتاییەکانی بەرەو سنووری تورکیا درێژدەبنەوە. کوردەکان زۆرینەی دانیشتوانی ئەم شارانە پێک دەهێنن،

ناوچەی جەزیرە، پارێزگای حەسـەکە، وە شـارەکانی قامیشـلی و حەسـەکە. هەروەها کورد لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سـوریاش بوونی هەیە.(١) لە ڕووی ئایینیەوە، زۆربەی کوردەکان موسڵمانی سوننی عەلمانین. کوردەکانی سوریا بە زمانی کرمانجی و عەرەبی دەدوێن.

کوردانی سـوریا بە چواردە خاڵەکەی 'ودرۆ وڵسـن' خۆشـحاڵ بوون کە بیری نەتەوایەتی لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم زیندوو کردەوە. لە سـاڵی ١٩٢٠دا، ئەوان جەزیرەیان وەک هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی لە سـوریا ڕاگەیاند. دانیشـتوانی کورد لە جەزیرە خەڵکی سوریا و تورکیان. ئەوان بە هەمان زاراوە دەدوێن و هاوبەشی هەمان ناسنامەی خێڵەکین. مێژوویەکی درێژی پەیوەندی بازرگانی و ئابووری پێکەوە دەیانبەسـتێتەوە. دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥دا، ژمارەیاکی زۆر لە کوردی تورکیا بۆ سـوریا کۆچیانکرد. ئەوان لە لایەن براکانیانەوە پێشـوازییان لێکرا، وە خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی سـوریادا گونجاند. هەروەها کوردەکان لە تورکیا بەرەو باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا هەڵاتن، بەتایبەتی بۆ شارەکانی حەلەب و دیمەشق. کاتێک 'سوڵتان ئەل ئەترەش'ی سـەرکردەی مەسـیحیەکانی دوورزی لە دژی ئیدارەی فەڕەنسا شـۆڕشـی عەرەبی دەسـت پێکرد، کوردەکان ڕەتیانکردەوە پەیوەندی پێوە بکەن. ئەوان لەوە دەترسان کە سەربەخۆیی سوریا حکومەتێکی نەتەوە پەرستی عەرەب دەهێنێتە سەر دەسەڵات کە دەبێتە هۆی گۆڕینی فەرمانبەرە سەر بە کەمینەکان بە عەرەبی دیمەشق، بەو واتایەی کە زیاتر بچوکیان دەکاتەوە. کوردەکان لە سوریا دەسەڵاتی فەڕەنسایان لە هی عەرەب پێ باشتر بوو.

کورد زۆر بە قوڵی بێزاری خۆی بەرامبەر بە تورکیـا دەربڕی بۆ نـاپـاکی کردن بەرامبەر بە شـێخ سـەعیدی پیران و زۆرداریی لە دۆزی کورد. لە ٥ی تشـرینی یەکەمی ١٩٢٧ لە بەیروت کورد یەکیگرت بۆ پێکهێنـانی "یەکێتی خوەیبوونی کوردی". لە زاراوەی کرمانجیدا 'خوەیبوون' بە واتای ئەو کەسـە دێت کە چارەنووسـی خۆی دیاری

دەکات.(٢) خوەیبوون بزوتنەوەیەکی نەتەوەپەرستی عەلمانی بوو کە ئامانجەکەی کوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆ بوو. ئەم بزوتنەوەیە لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە دامەزرا، وەک جەلادەت بەدرخانی[١] نووسەر و پرۆفیسۆر قەدری جان. خوەیبوون لە لایەن ئێحسان نووریەوە[٢] سەرۆکایەتی کرا، کە ئەندامی هۆزی جەلالی و سەرباز بوو لە

---

[١] میر جەلادەت بەدرخان (٢٦ی نیسانی ١٨٩٣-١٩٥١) سیاسەتمەدار، ڕۆژنامەڤان و زماناسی کورد بوو. میر جەلادەت کوڕی ئەمین عالی کوڕی بەدرخان پاشایە، ٢٦ی نیسانی ساڵی ١٨٩٧ لە ئەستەمبوڵ لەدایکبووە. هەر لە پایتەختی ئەوسای ئیمپراتۆریایی عوسمانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و فێرگەی بەرزی (یاسا)ی تەواو کرد. پاش سەرکەوتنی بزووتنەوەی کەمالیزم، ئەمین پاشا و سێ کوڕی ناچار بوون بچنە میسر و لەوێ نیشتەجێ ببن. جەلادەت و کامەران-ی برای چوونە ئەڵمانیا و ئەو ماوەی هەشت ساڵەی ئەوێی بەفێرۆ نەداو خۆی فێری زمانی ئەڵمانی کرد. جەلادەت خۆی گەیاندە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران و دوای شکستی شۆڕشەکە دیسانەوە تورکیای جێهێشتەوە. ڕۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٣٠ لە سوریا باوکی کۆچی دوایی کرد. جەلادەت هەر لەوێ سەرقاڵی دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بوو. لە ١٥ی ئایاردا گۆڤاری (هاوار)ی دەرکرد کە تا ٥ی تەممووزی ١٩٤٣ بەردەوام بوو. پێشتر گۆڤاری (ڕۆناهی)ی هەفتانەی دەردەکرد، جەلادەت بە تەنیا ئەم گۆڤارەی بەڕێوەدەبرد بەنووسین و پیت چنین و چاپ و بڵاوکردنەوەشی.

بەناوی (نهێنی) نووسینەکانی بڵاودەکردەوە. لە پێشەنگی ئەو کەسانەیە کە پیتی لاتینی-یان بۆ نووسینی کوردی بەکارهێنا، زمانەکانی فارسی، تورکی، عەرەبی، یۆنانی، ئەڵمانی، فەرەنسی، ئینگلیزی و رووسی زۆر بەباشی زانیوە.

کتێبێکی لەسەر ڕێزمانی کوردی نووسیوە کە تەنیا بەشێکی چاپکراوە و بەشەکانی دیکەی هێشتا هەر دەستنووسن. فەرهەنگێکی بەکوردی و یەکێکی دیکەی کوردی - فەرەنسی هەیە. ژمارەیەکی زۆری رووناکبیرانی کورد لە دەوری جەلادەت بەدرخان و گۆڤارەکانی کۆبیوونەوە. جەلادەت ئەمین عالی بەدرخان رۆژی ١٥ی تەممووزی ١٩٥١ لە شام کۆچی دوایی کرد.

[٢] ئێحسان نووری (١٨٩٢- ١٩٧٦)، کوڕی عەلی قولی پاشا، ڕابەری شۆڕشی ئاگری داغ، لە ساڵی ١٨٩٣ لە گەڕەکی (ئالی گوڵێ- عەلی قولی) شاری بەدلیس لەدایکبووە. پۆلەکانی خوێندنی سەرەتایی هەر لەم شارەدا تەواو کردووە، دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندنی بەرزی سەربازیی ڕوویکردوەتە شارەکانی ئەرزنجان و ئەستەنبوڵی ئەو کاتە و لە ساڵی ١٩١٠، دوای خوێندنی سەربازیی بۆ یەکەمجار لە ڕیزەکانی سوپای عوسمانی دا بوو بە ئەفسەر.

**سوپای دەوڵەتی عوسمانیدا.(٣) خوەیبوون هزری کوردەکانی لە سەرتاسەری کوردستانی ڕۆژئاوادا کەمەندێش کرد. وەک دەزگایەکی ڕۆشـــــنبیری بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی خزمەتی کرد. گۆڤاری فەرهەنگیی 'هاوار' لە ناوچەیەکی زۆر فراواندا دەخوێنرایەوە. لقەکانی لە باشـــوور و باکوور و ڕۆژئاوای کوردســـتاندا بیری نەتەوەیی و خود بەرگریی**

---

ئێحسان نووری پاشا، بە شداری زۆربەی ئەو شەڕانەی کردووە کە سوپای عوسمانی لە ئەلبانیا، وڵاتانی عەرەبی و گورجستان دژ بە سوپای ڕووسیا بەرپای کردوون، تەنانەت وەک ئەفسەرێک لە سوپای عوسمانلیدا ماوەی ٣٣ مانگ لە یەمەن ماوەتەوە و گەلێ کار و لێپرسراوێتی سەربازیی پێ سپێردراوە.

دوای ســاڵی ١٩٠٨ (واتە ئەو کاتەی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی، دەســەڵاتی تورکیایان کەوتەوە دەســت) ڕێگــا خۆش بوو بۆ پێکهێنــان و کردنەوەی گەلێــک ڕێکخراو. ئیحســــــان نووری پــاشـــــــاش وەکو کەســایەتیەکی کورد لەو دەمەدا پەیوەندی کرد بە کۆمەڵەی تەعالی کوردســتانەوە، کە هەر لەو کاتە بەدواوە دامەزرا.

لەو ماوەیەشــــەوە کە وڵاتانی هاوپەیمان لە ڕێکەوتننامەی ســـــێڤەری ١٠ی ئابی ١٩٢٠، بەڵێنیان دابوو قەڵەمڕەوێکی کوردی ســــەربەخۆ بەپێی بەندەکانی (٦٢-٦٣-٦٤) دابمەزرێت و دواتر لێی پەشــیمان بوونەوە، ئیحســان نوری پاشــا هەوڵیدا پەیوەندی بکات بەو شــۆڕش و ڕاپەڕینە کوردیانەی کە ســاڵانی دوای شــەڕی جیهانیی یەکەم و دوای بەجێنەهێنانی بەندەکانی سیڤەر لە ناوچەکانی کوردســتاندا سەریانهەڵدا، ناچار بوو، پەنا بباتە شـام و لەوێوە بۆ باشـووری کوردسـتان، ئەو دەمە کاروبار بەدەسـتی ئینگلیزەوە بوو نەیدەویست هاوکاری ســــوپای ئینگلیز بکات، بۆیە بە ناچارییەوە پەنای بردۆتە بەر ڕۆژهەڵاتی کوردســـــتان، بەڵام کاتێ شــۆڕشــی شــێخ ســەعید دەســتپێدەکاتەوە لەگەڵ چەند کەســایەتییەکی تر دەچنەوە تورکیا بە مەبەســتی پەیوەندی پێوەکردنی. دوای دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشە دووبارە دێنەوە باشووری کوردستان و دواتر دەچێتە لای سمایل خانی شکاک.

کاتێک کۆمەڵەی خۆیبوونی کورد لە لوبنان دامەزرا، ئیحســــــان نووری پاشــــا جارێکی دی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتانەوە دەگەڕێتەوە باکووری کوردســتان و لەگەڵ چەند ســوارەیەکی کورددا بەبڕیارێکی هەمەلایەنەی خۆیبوون ڕابەرایەتی شۆڕشی ئاگری داغ دەکات. پاش شکستهێنانی ئەو شۆڕشە ئیحسان نووری پاشا پەنا دەباتەوە بەر ئێران بۆ ماوەی ٤٦ ســــاڵ تا ڕۆژی کۆچکردنی لە ڕۆژی ٢٥ی مارتی ١٩٧٦ دا بە ئاوارەیی لەو وڵاتە دەمێنێتەوە.

لای خەڵکی خۆشەویست کرد. ئەمانە هەموویان بوون بەهۆی ڕاپەڕینی ئارارات لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠.

ئەندامانی کوردی ئەنجومەنی دەستووریی سوریا لە ساڵی ١٩٢٨دا، پێشنیاری ئۆتۆنۆمیان بۆ کورد کرد. هەرچۆنێک بێت، دەسەڵاتدارانی فەڕەنسا ڕەتیانکردەوە. بە گوێرەی ئیدارەی فەڕەنسیەکان، کوردەکان شایانی ئۆتۆنۆمی نەبوون چونکە ئەوان لەناو یەک سنووری یەکگرتووی چڕدا نین. سەرەڕای ئەوەش کە کورد وەک "دروزی و عەلەویەکان" کەمینەیەکی ئایینی نەبوون. کوردەکان بەدوای بنیادنانی هاوپەیمانەتیەکی پشتگیریی بۆ ئۆتۆنۆمی دەگەڕان کە سنوورەکەی بگاتە ئاشووریەکانی جەزیرە و مەسیحی و بەدەویەکان. کاتێک لە کانوونی یەکەمی ١٩٣١دا هەڵبژاردن ئەنجامدرا بۆ لێژنەی دەستووری، نوێنەرانی خوەییبوون لە جەزیرە و جەرابلوس و کورد داغ هەڵبژێردران. سەرکردەی کورد، عوسمان سەبری[١]، بەژداری هەڵبژاردنەکەی نەکرد. لە

---

[١] عوسمان سەبری لە ساڵی ١٩٠٥ ز دا لە گوندی نارنجیی سەر بە شاری مێردین لە باکووری کوردستان چاوی ژیانی هەڵێناوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ئامەد (دیاربەکر) و شارەکانی دیکەی باکووری کوردستان تەواو کردووە لە ساڵی ١٩٢٥ ز دا بە شداری لە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران کردووە، بەڵام چونکە لاوێکی تازە پێگەیشتوو بووە، بە بەر هەڵمەتی گرتن و کوشتن نەکەوتووە.

لەگەڵ لەسێدارەدانی شێخ سەعید و هەڤاڵانی هەستی نەتەوەیی پتر بە هێزبووە پتر کەوتووەتە چالاکی رامیاری و کە زانی لە تورکیا جێی نابێتەوە، خۆی و شەش لە براکانی ڕوو دەکەنە سووریا لە شاری دیمەشق نیشتەجێ دەبن.

سەیدا عوسمان سەبری لەگەڵ دەرچواندنی گۆڤاری هاوار لەلایەن میر جەلادەت بەدرخانەوە لە ( ١٥.١٩٣٢ ,٠٥ ز) دا لە دیمەشق بوەتە نووسەرێکی سەرەکی ئەو گۆڤارە و گەلێک وتاری بەنرخی لەسەر نوسینی کوردی بەلاتینی تێدا نووسیوە و کاتێکیش، کە میر جەلادەت گۆڤارێکی تریش بەناوی ڕوناهی (گۆڤار) هەر لە دیمەشق لەساڵی ١٩٤٢ ز دا دەرچوواند و تاکو ساڵی ١٩٤٥ بەردەوام بوو، لە دەرچوون، مامۆستا عوسمان سەبری وتار و شیعری پتەوی بەلاتینی تێدا بڵاوکردۆتەوە بەم جۆرە مامۆستای خەماڕەنگین یەکێک بووە لە نووسەرە ناودارەکانی کورد، کە پەرەیان بەنووسینی کوردی بە پیتی لاتینی

ســاڵی ۱۹۳۰دا، ئەو بە جوداخواز تاوانبار کرا وە بەرەو وڵاتی مەدەغەشــقەر نەفی کرا. خۆی و چەند چەکدارێکی تری کورد دەســـــتگیرکران و ســـــاڵانێکی زۆریان لە زینداندا بەسەر برد. ئەوان بوون بە سیمبولی بەرخودان لە دژی فەڕەنسا، وە پاشانیش عەرەب.

---

داوەو بنچینەی ئەلف و بێی کوردییان ئەو ئەبجەدییە داناوە. لە بواری خەباتی نەتەوایەتیشدا سەیدا عوسمان لەساڵی ۱۹۵۷ ز لەگەڵ خەباتگێڕی ناسراوی وەک نورەدین زازا و دەستەیەک لە نیشتمانپەروەرانی کورد پارتی دیموکراتی کوردیان لەسووریا دامەزراند و بەم کارە ڕامیارییەی میری سووریا پێ تەنگاو بوو و چەند جار ئەو تێکۆشەرانەی گرت و دەست بەسەریکردن. مامۆستا عوسمان لە ژیانی ڕامیاریدا ۱۸ جار گیراوە و ئەشکەنجە دراوە و لەوانە دووجار لە تورکیا دوو جار لە ئێراق و جارێک لە لوبنان و ۱۳ جاریش لە سـووریا گیراوە و لە ڕۆژی ۰۸.۱۹٦۰ ,۰۸ دا لەگەڵ نورەدین زازا و ڕەشـید حەمۆ لەسـەر خەباتی ڕامیاریان وەک سـەرکردەی پارتی فەرمانی لەســـێدارەدانیاندار، بەڵام نووســـەر و ڕووناکبیر کورد لە ئەوروپا و ئێراق و لوبنان یاداشـــت و پرۆتسۆیان پێشکەش بەجەمال عەبدولناسر کرد و داوای بەردانیان کردن و لە ئەنجامی ئەو داواکارییانە دوای ساڵێک بەندیی لە ڕۆژی ۰۸.۱۹٦۱ ,۰۸ دا ئازاد کران.

سەیدا عوسمان سەبری هەموو پارچەکانی کوردستان گەڕاوە، دوای هاتنی بۆ دیمەشق نیشتەجێ بوونی لەو شـــارەدا، لەســـاڵی ۱۹۳۰ ز دا پەیوەندی بەپارتی خۆیبوونەوە کردووە چالاکیەکی زۆری تێدا نواندووە و بەناوی ئەو پارتەوە ســـەردانی کوردســـتانی باشـــووری کردووە و خۆی گەیاندۆتە بارزان و لەوێ لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی کۆبۆتەوە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی خۆیبیون بە خەباتی کورد لە کوردستانی باشووردا و هەر بەناوی خۆیبوونیش ســەردانی کوردســتانی باشــووری کردووە و چەند تێکۆشــەری ئەوێی چاوپێکەوتووە و ئەم کەسایەتییە لە ژیاندا واتای ماندووبوونی نەزانیوە و تا دوا هەناسەی ژیانی هەر لە خەباتی بێ وچاندا بووە لە پێناوی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی کورددا.

زنجیرەیەک پەرتووکی بەنرخی بە زمانی کوردی و پیتی لاتینی بەچاپ گەیاند، کە ئەمانەی خوارەوە بەشـێکن لەو بەرهەمانەی:

- ئەلفبای کورد- لە ساڵی ۱۹۵۵ دا لە دیمەشق چاپی کردووە
- ئاپۆ
- دردێن مە
- باهۆز (دیوانی هۆنراوە) لەساڵی ۱۹٦۵ ز دا لە دیمەشق چاپکراوە
- (چار لە هەنگ) چوار قارەمان لەساڵی ۱۹۸٤ ز دا لە دیمەشق چاپکراوە

عوســـمان ســـەبری هەژدە جار دەســـتگیرکرا و دوانزە ســـاڵ تەمەنی لە زینداندا بەڕێ کرد.(٤) مردنەکەی لە ســاڵی ١٩٩٣دا، کۆســپێکی مەترســیداری دەروونی بۆ کوردەکانی ســـوریا خوڵقاند، هەروەک چۆن مردنەکەی بارزانیش لە ســـاڵی ١٩٧٩دا بۆ کوردەکانی عێراق کارەساتبار بوو.

بیری نەتەوەیی کورد و عەرەب لە یەک کاتدا دەرکەوت. ســـوریا و فەڕەنســـا لە ئەیلولی ١٩٣٦دا گفتوگۆیـــان لە بـــارەی ڕێککەوتنی ســـــەربەخۆیی کرد، بەڵام جێبەجێکردنەکەی بەهۆی ســـەرهەڵدانی جەنگی جیهانیی دووەمەوە دواکەوت. فەڕەنســـا لە ســـاڵی ١٩٤٠دا لە لایەن ئەڵمانیای نازییەوە داگیرکرا، وە ئینتیدابە ســـوریەکەی لە لایەن نـازیەکـانەوە ڕاگیرا، کە لە تەمموزی ١٩٤٠ تـا ئـابی ١٩٤٤ بەردەوام بوو. هێزە ســەربازیەکانی فەڕەنســا و بەریتانیا لە تەمموزی ســاڵی ١٩٤١دا هەڵمەتێکیان بۆ ســەر ســـوریا و لوبنان دەســـتپێکرد.(٥) کاتێک نوێنەری جەنەڕال' چارلس دی گۆل' گەیشـــتە دیمەشـق، پەیامەکەی بریتیی بوو لە" بۆ کۆتایی هێنان بە ڕژێمی داگیرکاریی، ئازادی و ســەربەخۆیی ئێوە ڕادەگەیەنم". لە ٢٧ی ئەیلولی ١٩٤١دا ســوریا وەک کۆماری عەرەبی سوری دانی پێدانرا.

خوەیبوون لە جەنگی جیهانیی دووەمدا زۆر چالاک بوو، بەڵام لە ســـــاڵی ١٩٤٦دا هەڵوەشـایەوە. دوو ئایدۆلۆژیا لەو کاتەدا بوونیان هەبوو: شـوعیەت و یەکێتی عەرەبی. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی خوەیبوون، کە لە ڕووی دادگەریی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بێ ڕکابەر بوو، پەیوەندیان بە پارتی شـــیوعیەوە کرد. هەرچەندە کورد نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بوو، پەیوەندی خێڵەکیی و برایەتیان لە ســـــنورەکانی نەتەوەیی تێپەڕاندبوو. نەتەوەپەرســـتی کوردی بەرەنگاوربوونەوە بۆ یەکێتی عەرەب (آمە عربیە واحدە). کورد لە لایەن ســـــەرۆکە گەورەکانی خێڵە عەرەبەکان بوون بە ئامانج. جەلادەت بەدرخان لە ســـاڵی ١٩٥١دا کوژرا. جەنەڕال تۆفیق نیزامەددین، کە کورد و ســـەرۆک ئەرکانی هێزە

چەکدارەکانی سوریا بوو، لە ساڵی ١٩٥٨دا لە پۆستەکەی دورخرایەوە. کوردەکان تریش لە هێزەکانی سوپا و پۆلیس پاککرانەوە.(٦)

سەرۆکی میسر، جەمال عبدالناسر، کۆماری عەرەبی یەکگرتووی لەگەڵ سوریا لە ساڵی ١٩٥٨دا دامەزراند. کۆماری عەرەبی یەکگرتوو پێشنیاری دروستبوونی دەوڵەتێکی عەرەبی سەرتاسەری دەکرد، کە میسر و سوریا لەگەڵ شانشینی یەمەن و سەرکردە عەرەبەکانی تر لە یەک بدات (ئەوانەی بیری ئوممەی عەرەبیان هەیە). بیری نەتەوایەتی عەرەب لە کاتی جەنگی 'سـوێس'ی ١٩٥٦ لە ترۆپکی خۆیدا بوو. کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە سەر باوەڕی "هەموو دانیشتوانی وڵاتە عەرەبیەکان عەرەبن" دامەزرابوو. نا عەرەبەکان دەبێت ببن بەعەرەب ئەگەر نا لەو وڵاتە دەردەچن".(٧)

❊❊❊❊❊

کورد ناڕازی بوو لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو. ئەوان هەوڵیاندا خۆیان ڕێکبخەن بۆ ئەوەی بەرەنگاری سالارگەرایی فەرهەنگی عەرەب ببنەوە. لەو کاتەدا جەلال تاڵەبانی لە دیمەشـق دەژیا. ئەو هاوکار بوو لە دووبارە بوژاندنەوەی بیری نەتەوەیی کوردی وە کوردانی سـوریا بە برا کوردەکانی کوردسـتانی عێراقەوە گرێ بدات. پارتی شـیوعی سوری وەک بەشێک لە خەباتە ئایدۆلۆژیایەکەی لەگەڵ ڕۆژئاوادا پێشوازی لە کورد کرد. لەگەڵ ئەوەشدا کورد نەیدەویست مەسەلەی مافەکانی کورد بۆ خەباتی مافی کرێکاران بخاتەوە ڕیزێکی گەورەترەوە.

پارتی دیموکراتی کوردی سوریا لە لایەن عوسمان سەبری و دەهام میرۆ لە ساڵی ١٩٥٦ دامەزرا. نورالدین زازا، کە ڕۆشنبیرێکی گەورەی کورد بوو، لە ساڵی ١٩٥٧ وەک یەکەم سـەرۆکی پارتەکە هەڵبژێردرا. پارتی دیموکراتی کوردی سـوریا "چەپگەر و نەتەوەپەرسـت"بوو، کە وەک بەدیلی پارتی شـیوعی بوو بۆ کورد.(٨) بە هاندانی جەلال تاڵەبانی، پارتەکە ناوی گۆڕی بۆ پارتی دیموکراتی کوردسـتانی سـوریا. بەکارهێنانی

زاراوەی "کوردســـــتان" عەرەبەکانی نیگەران کرد، کە گومانیان کرد ئەو پارتە دەیەوێت ســوریا دابەش بکات و کوردســتانی گەورە دابمەزرێنێت. پارتی دیموکراتی کوردســتانی ســوریا لە ســاڵی ١٩٦٠دا خرایە ژێر چاودێری حکومەتەوە. زیاتر لە پێنج هەزار ڕابەری پارتەکە قۆڵبەســتکران و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا. ژمارەیەکی زۆریان بە جوداخوازیی تاوانبارکران، کە ســزاکەی زیندانیی کردن یاخود کوشــتن بوو. کورد بە شــێوەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراو لە لایەن نوخبەی دەوڵەتە عەرەبیەکانەوە دەکوژران. ئەوان لە لایەن موخابەرات و دەزگا ئەمنیەکانی ســوریاوە دەســتنیشــان دەکران. لە شــاری عامودێ، شــارۆچکەیەکی تێکەڵە لە کورد و ئاشــووری لە پارێزگای حەســەکە، ١٥٢ قوتابخانەی منالان لە بەرواری ١٣ی تشــرینی دووەمی ١٩٦٠دا ســوتێنران. کوردەکان باوەڕیان وابوو کە ســـیخوڕ و بەکرێ گیراوانی عەرەب ئاگرەکەیان هەڵگیرســـاندوە بۆ ئەوەی گرژی و تەنگژە لە نێوان نەتەوەکانی شارەکەدا دروست بێت.(٩)

*****

کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە ململانێدا بوو. ســوریەکان ملکەچی میسـر بوون و بە کەم سەیرکردنەکەی ناسریان ڕەتکردەوە. ئەندامانی فەیلەقی ئەفسەرانی سوری کۆمیتەیەکی سەربازییان دامەزراند بۆ زیندووکردنەوەی پارتی بەعسی سوریا، کە لەکاتی یەگرتنەکەدا لێک هەڵوەشابوەوە. حافز ئەسەد و تاقمەکەی لە سوپادا لە ئەفسەرانی ئازادیی ناسر بێزاربوون- ئەوان شێوازی میسری چاکسازیی سنووریان ڕەت دەکرەوە، کە هەڕەشە بوو بۆ ســەر کەرتی کشــتوکاڵیی لە ســوریادا. بەدەویەکان لەژێر کۆنترۆڵی میســردا ناڕازیی نەبوون. کۆماری عەرەبی یەکگرتوو نەیتوانی هەموو لایەک بە یەکسانی قاییل بکات.

دوایین قۆناغی میسر ئەو کاتە دەستی پێکرد کە ناسر بەرهەمی خوری و بانقەکان و کۆمپانیاکانی دڵنیایی و پیشەســازییەکانی لە ســاڵی ١٩٦١دا خۆماڵی کرد. فەیلەقی ئەفســـەرانی ســـوریی خۆی لە یەکێتیەکە جیاکردەوە. ئەوان لە لایەن کوردەکانەوە

پشـــتگیرییان دەکرا. کورد پێی باشــتر بوو لە لایەن بەعســەوە بچەوســێنرێتەوە، بەڵام تەسلیمی بیری میسری- سوری نەبێت بۆ پێکهێنانی ئوممەی عەرەبی. یەکێتی سۆڤیەت بەر لە دروســتبوونی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو پشــتگیری بیری نەتەوەیی کوردی کرد، بەڵام مۆســـــکۆ ڕووی خۆی لە کورد وەرگێڕا و بوو بە هاوپەیمانی ناســــر، کە لە دژی ڕۆژئاوا دەوەستایەوە.(١٠)

بەبێ گوێدانە ناڕەزاییەکانی سـۆڤیەت، سـوریا بە شـێوەیەکی فەرمی لە ئەیلولی ١٩٦١دا لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو کشـــــایەوە. پشـــــێوی کۆمەڵایەتی و توندوتیژی دەســــتی پێکرد. بۆ گەڕاندنەوەی بارودۆخی ئاســــایی، بەعس لە ٨ ئازاری ١٩٦٣دا کودەتایەکی سەربازیی ئەنجامدا. هەرچەندە کورد هیچ نوێنەرێکی لە پرۆسەی سیاسیدا نەبوو. پارتی دیموکراتی کوردسـتان سـوریا (KDPS) لە کاری سـیاسـی قەدەغەکرا. بەم جۆرە دەنگی کوردی سوریا بێ بەشکرا لە دەوڵەتی ئینتیقالی.

دووبەرەکی کورد بووە هۆی بێ بەشـکردنی کورد لە دەنگدان. دووبەرەکی و 'حزب حزبانێ' دەردێکی کوشندەی درێژخایەن بوو. پارێزگای حەسەکە لە پێنج خێڵی کوردی پێکهاتبوو- دوکوریە، کیکێی، ڕەشوانیێ، میلیێ و ئەشچیتیێ. ململانێی نێوان ڕەشوان و میلی دەگەڕایەوە بۆ ســــەدەی شــــانزەم.(KDPS) جیهانێکی بچوکی دابەشـــبوونە ئـایـدۆلۆژی و خێڵەکیەکـان بوو، کە کـاریگەریەکەی وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سنووردار کرد.

هەروەهـا جیـاوازی تەکتیکی و ئـایـدۆلۆژیی گرنـگ (KDPS)ی دابەشـــکرد.(١١) بەسەرکردایەتیکردنی لە لایەن عوسمان سەبری و ڕۆشنبیرەکانی تر، پشتگیری خۆی لە شـیوعیە کۆنەکان و ڕۆشـنبیران و قوتابیان کشـاندەوە. بڕیارێکی سـتراتیژی دەرکرد بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ هێزە دیموکراتیەکان بەهیوای ئەوەی کە مافە نەتەوەییەکانی کورد بەرەو پێش ببـات. چەپگەرەکە جولانەوەیەکی مەزنی ئەنجـامـدا، لە ڕێگـای

کۆبونەوەی جەماوەرییەوە. ئەو پارتە خۆی دایە پاڵ موستەفا بارزانی، کە بۆ ئۆتۆنۆمی کورد لە عێراق و ئێران خەباتی دەکرد.

ڕاسترەوەکە لە لایەن نورەدین زازا و حەمید حاجی دەروێشەوە سەرکردایەتی دەکرا، کە لەوکاتەی زازا چووە زیندان، دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەو لە لایەن خانەدانەکانەوە پشتگیری دەکرا- بازرگانە شارنشینەکان، خاوەن زەویەکان، پیشەدارەکان و پیاوە ئایینیەکانەوە.(١٢) ڕاستڕەوەکە ڕەتی کردەوە بەژدار بێت لە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی فراوان، واتە زیاتر بە تەسکی بیری لە مافە فەرهەنگیەکانی کورد دەکردەوە. لەجیاتی ئەوەی لە سەر بنەڕەتی خاکەکەی بێتە دەنگ، پێی باشتر بوو لەگەڵ دیمەشقدا گفتوگۆ بکات.

لە ساڵی ١٩٧٠دا، موستەفا بارزانی ڕێبەرەکانی (KDPS)ی بانگهێشت کرد بۆ چاوپێکەوتن لە کوردستانی عێراق. ئەو لە هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوو بۆ پێکهێنانەوەی هەردولا. موستەفا بارزانی (پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا- سەرکردایەتی کارتی) دروست کرد، وەک لقێکی پارتی دیموکراتی کوردستان. پارتی دیموکراتی کوردستان سوریا- سەرکردایەتی کاتی، شکستی هێنا بۆ بەدەستهێنانی هێزی پشتیوانی و لە کۆتاییدا هێزی یەکگرتنەوەی هەردولایەنەکەی لەدەستدا.

****

دیمەشق سیاسەتەکانی جیاکاریی بەرامبەر کورد چڕتر کردەوە. هەزاران کورد لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ەوە بە نایاسایی لە تورکیاوە بەرەوە پارێزگای حەسەکە کۆچیان کرد.(١٣) هەروەها سەدان کوردی تریش بەرەوە شارەکانی جزیرە، قامیشلی و عامودێ لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤-١٩٦٢ کۆچیان کرد. کورد لەو شوێنانەی کە بوو بە زۆرینە زاراوەکەی دەستی بەسەر تەواوی ئەو ناوچەیەدا گرت.(١٤)

حکومەت لە ســاڵی ١٩٦٢دا ســەرژمێریەکی دانیشــتوانی ئەنجامدا. کورد دەبوایە بیسەلمێنێت ئەوان پێش ساڵی ١٩٤٥ لە سوریادا ژیاون ئەگەر نا مافی هاوڵاتیبوونی لە دەســـت دەدا. نزیکەی (١٢٠,٠٠٠) کورد لە جەزیرە بە دەرەکی ناویان تۆمارکرا و مافی هاوڵاتیبوونیان لێ سەنرایەوە. هەروەها سێ سەد هەزار کوردیش نکۆڵی لە مافی پێدانی کارتی نیشتیمانیان کرا.(١٥) ژمارەیەکی زۆر لە کورد لە سەرژمێری و شتی لەم بابەتانە تێنەدەگەیشتن، بۆیە بەژدارییان نەکرد. ئەوان لە لیستی "تۆمارنەکراوەکان" هەژمارکران، وە بەو کوردانەشەوە کە لە هێزە چەکدارەکاندا خزمەتیان دەکرد. سەرژمێریەکە کێشە و کەموکورتی گەلێ تیادا بوو. ئەندامانی یەک خێزان لە یەکتر جیاکردەوە، بە شـێوەیەکی جیاواز پۆلێنی کردن. هەندێک کورد لە هەمان خێزان بە هاوڵاتی ناســێنران، وە ئەوانی تر لە ڕیزی بیانیەکاندا هەژمارکران. لە چەندین شـــوێنی وەک جەرابلوس و کورد داغ، بۆماوەی چەندین ســـەدە کورد لەگەڵ عەرەبدا بەبێ کێشـــە لە یەک گەڕەکدا دەژیان. ئێستا، ئەوان لە سەر خاکی خۆیان بیانی بوون.

بەبێ دەوڵەتبوون و ناســـنامەی هاوڵاتیبوون، کورد لە خزمەتگوزاری ســـەرەتایی بێبەش کران و زۆر بە توندی بەرەو دواوە دەچونەوە. ئەوان نەیاندەتوانی ئاســاییشـــی فەرمانبەریی، هاوسەرگیریی و سەروماڵی خۆیان دابین بکەن. ئەوان ڕۆیشتنە قوتابخانە، زانکۆ و بڕوانامەی خوێندنیان لێ قەدەغە کرا. کوردە بیانە و تۆمارنەکراوەکان مافی دەنگدانیان لە هەڵبژاردنەکاندا نەبوو، مافیان نەبوو لە فەرمانگە حکومیەکان و لە کەرتی تایبەتدا کار بکەن. ئەوان ڕێگایان پێنەدرا لە نەخۆشـــخانەکانی حکومەت چارەســـەری پزیشـــکی وەربگرن. کوردی بێ دەوڵەت لە پاســـپۆرت و بەڵگەنامەی بڕواپێکراوی نێودەوڵەتی تر بێ بەش کران و نەیاندەتوانی ســـوریا جێ بهێڵن و لە وڵاتێکی تردا نیشـــتەجێ بن.(١٦) نکۆڵی کردن لە بوونی ئەوان ڕێگای بە حکومەتدا دەســـت بگرێت بەسەر سەروماڵ و سەرمایەی ئەوان کە بە دیاری دران بە دانیشتوانی عەرەب. هەڵمەتە بەدناوەکەی ڕاگەیاندن و وێنەی کوردی یەکســـان کرد بە "شـــەیتان"، ئەمەش بە

بەکارهێنانی دروشـــــمی وەک "عەرەبیزم بپارێزن لە جەزیرە" و "لەگەڵ هەرەشـــــەکانی کورددا بجەنگن".(١٧)

لە سـاڵی ١٩٦٣دا، سـوریا خرایە ژێر یاسـای باری نائاسـایی (حالە الطواری).(١٨) قەیدوبەندی زۆر توند خرایە ســـەر بەکارهێنانی زمانی کوردی. لەوکاتەی کوردەکان رێگایان پێدرابوو لە سەر شەقام بە کوردی بدوێن، بۆ ئەوان قەدەغە بوو زمانی کوردی لە رێکارە فەرمیەکاندا بەکاربهێنن. تەنانەت زمانی کوردی لە قوتابخانە تایبەتیەکانیشدا قەدەغە بوو. نەدەهێڵرا کوردەکان ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن. ناوی شــــەقامە کوردیەکان گۆڕدران، وە ناوی گوندە کوردیەکان بە عەرەبی کران. ڕاگەیاندن و پەرتووکی زمانی کوردی قەدەغەکران. یاســـــای کارکردن پەیڕەوکرا کە دەبوایە بە عەرەبی بدوێن ئەگەرنا مافی فەرمانبەرێتی لە دەزگاکانی حکومەتیان لێدەســــەنرێتەوە.(١٩) هێرشـــــی بەکۆمەڵ لە سەر فەرهەنگی کوردی هەوڵدانێک بوو بۆ لە ناوبرانی 'کورد-بوون'.

بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردیی موستەفا بارزانی حکومەتی سوریای وشیار کردەوە. ڕاپەڕینەکەی بارزانی لق و پۆ هاوێژ بوو بۆ ناوچەکانی دەوروبەریش. ســـــوریا هاوکاری ماددی پێشــکەش کرد بۆ هاوکاریکردنی جەنگی عێراق. شــەش هەزار ســەربازی بڵاوە پێکرد، زرێپۆش و فڕۆکەی جەنگی پێبەخشــــی.(٢٠) هێزەکانی ســــوریا بەژداربوون لە شەڕکردن و دۆزینەوەی پێشمەرگەکانی بارزانی. بەفەرامۆشکردنی سنووری نێوان سوریا و عێراق، ئەوان توانییان شـــاری زاخۆ داگیر بکەن، کە خاڵی ســـنووری نێوان عێراق و تورکیایە. هەڵمەتی ســـەپاندنی نیزامی ســـوریا لە جەزیرە، کە لە ســـنووری عێراقی جیادەکردەوە، ئامانجی ئەوە بوو کە شـــۆڕشـــگێڕەکانی کورد لە ســـوریا بڵاونەبنەوە. هەروەهـــا ڕێککەوتیش بوو لەگەڵ دۆزینەوەی کێڵگە نەوتیەکـانی قـامیشــــلی، کە شارۆچکەیەکە زۆربەی دانیشتوانی کوردن.

دیمەشق بڕیاریدا کەمەرەی عەرەب دابنێت وەک شورەیەکی پۆلایین لە جەزیرە. لە ساڵی ١٩٧٣دا بە تەواوی کەوتە کار، کەمەرەی عەرەب سێ سەد کیلۆمەتر درێژ و پانزە هەزار کیلۆمەتریش فراوان بوو. لە ڕۆژئاوای "ســـەرێ کانی" درێژدەبوەوە تا ســـنووری ســـوریا لەگەڵ عێراق لە ڕۆژهەڵات. ســـەرەڕای نەهێشـــتنی دزەکردنی پێشـــمەرگەکانی بـــارزانی، حکومەت دووبـــارە نـــاوچەکەی پڕ عەرەب کرد بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری ســـەرهاڵدانێکی کوردی. زیاتر لە (١٤٠,٠٠٠) کورد ڕاگوێزران و لە شـــوێنی ئەوان بەدەویەکان نیشـــتەجێکران. کورد بە شـــێوەیەکی زۆردارانە لە خاکی باب و باپیرانیان ڕیشەکێش و شاربەدەر کران بۆ شارۆچکە وێرانەکانی باشووری بیابانەکانی سوریا.

کورد زۆر لە یەکتر ترازابوون بۆ ئەوەی کاردانەوەیەکی ســیاســی یان شــۆڕشــێکی کاریگەر دەســت پێبکەنەوە. جەلال تاڵەبانی لە پارتی دیموکراتی کوردســتان جیابووە بۆ ئەوەی یەکێتی نیشـــتیمانی کوردســـتان لەســـاڵی ١٩٧٥ دابمەزرێنێت. هاوپەیمانی تاڵەبانی لە ســـوریا، دەروێش، ناوی پارتی دیموکراتی کوردســـتانی ســـوریای گۆڕی بۆ"پارتی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردی لە سوریا". پارتەکەی دەروێش دابەش بوو بۆ پارتی 'وەکەڤی' [یەکســـانی] و پارتی دیموکراتی نیشـــتیمانی کورد. ســـەلاحەددین بەدرەدین دووبەرەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی ڕەتکردەوە و 'پارتی یەکێتی گەل'ی دامەزراند. لە ســـــاڵی ١٩٨٠دا ناونرایەوە بە 'پارتی یەکێتی نەتەوەیی کوردی'، بەڵام دووبارە لە ســـــاڵی ١٩٩١دا توشـــــی لەت لەتبوون هات. کۆمەڵەیەک ناوی خۆیان نا 'وەکەڤی' وە ئەوەی تریش 'یەکێتی' کە لە ســاڵی ١٩٩٤دا پرشــکی هاوێشــت و بوو بە 'پـــارتی یەکێتی دیموکراتی کوردی'. بڵاوبوونەوەی ئەو هەموو پـــارتە کوردەی زۆر بەرهەمی پلورالیزمی کۆمەڵگـای کوردی نەبوو. ئەوە پێوانەیەکی دووبەرەکی بوو، لە لایەن دیمەشـــقەوە پلانڕێژ کرابوو بۆ ئەوەی کوردەکان بە دوور بگرێت لە ڕێکخســـتنی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز و کاریگەر.

❊❊❊❊❊

زاڵکردنی دەسـەڵات بەسـەر کورددا ڕێککەوت بوو لەگەڵ سـەرهەڵدانی پارتی بەعس لە سوریادا، کە بووە هۆی بەرجەستەکردنی شوڤێنیزمی عەرەبی. پارتی بەعس لە ساڵی ١٩٤٧ لە لایەن 'میشـێـل عەفلەق'ەوە دامەزرا. عەفلەق وانەبێژێکی سـوری و نەتەوەپەرستێکی توندڕەوی عەرەب بوو. ئەو لە زانکۆی 'سۆربۆن'ی فەڕەنسی لە نێوان ساڵانی ١٩٢٨-١٩٣٢ قوتابی بوو. ئەو بەهۆی ئاڵۆزی سـیاسـیەوە دورخرایە و چووە ئەڵمانیا، کە لەوێدا هەمان ئامانجی لەگەڵ پارتی نازیدا دۆزیەوە. عەفلەق لە ساڵی ١٩٤٠دا گەڕایەوە سـوریا و لە ساڵی ١٩٤٧ پارتی بەعسـی دامەزراند لە ژێر دروشـمی "یەکێتی، ئازادی، سـۆشـیالیزم". ئەو خەڵکی لە حەرەمەکانی زانکۆدا کۆدەکردەوە بۆ دەستخستنی پشتگیری بۆ بزوتنەوە تازەکەی.

پارتی بەعس بنکەکەی فراوانتر کرد لە دوای ئەوەی لەگەڵ پارتی سۆشـیالیستی عەرەبی لە ساڵی ١٩٥٣ یەکیانگرتەوە. بەعسـیەکان لە سـوپای سـوریا، بە سـەرۆکی داهاتووی سوریشەوە، حافز ئەسەد، کە دواتر بوو بە سەرۆکی ئەو وڵاتە تا ساڵی ٢٠٠٠، پلانیان داڕشت. دوای جیابوونەوەکەی بەعسیەکانی سوریا و عێراق، ئەسەد دەستی کرد بە دامەزراندنی بزوتنەوەی ڕاستڕەو و لە ساڵی ١٩٧٠دا وەک سەرۆک وەزیران دەسەڵاتی گرتە دەسـت. بەعسـیەت بوو بە ئایدۆلۆژیا. حکومەت، دەزگا هەواڵگریەکان، هێزە چەکدارەکان و یەکێتیە بازرگانیەکان کۆنترۆڵ کرد. لەو کاتەی بە ئاشـکرا عەلمانیەتی ڕادەگەیاند، لە دژی مەسیحیی و کەمە نەتەوایەتیەکانیش هەڵوێستی تووند بوو. پارتی بەعس هونەری وەحشـیگەرانەی جێبەجێ کرد بۆ دامرکاندنەوە و کپکردنی هەموو شێوازەکانی بەگژداچونەوە.

لە بەرواری ١٣ی ئازاری ١٩٧٣دا دەستووری سـوریا بڕیاری لە سـەر درا. چەندین بەشی (دژە-کورد)ی تیادا بوو. هەروەها لە سەرەتاکانیدا دەبینرا کە پشتگیری شۆڕشێک دەکات بە ئامانجی دامەزراندنی سـوریا وەک رابەری بزووتنەوەی یەکگرتنی عەرەبی کە تیایدا هاتبوو: "شـۆڕشـی عەرەبی بەشـێکی بنچینەیی بزوتنەوەیەکی ئازادی جیهانیی

گەورەیە بۆ ئازادی".(٢١) [ماددەی ٤] زمانی عەرەبی کردە زمانی فەرمی کۆماری عەرەبی سوری. [ماددەی ٨] پارتی بەعسی کرد بە پارتی سەرەکی لە کۆمەڵگا و دەوڵەتدا.(٢٢) ئەو پارتە ڕێگای نوێنەرایەتی "بەرەی پێشـــکەوتنخوازی نیشـــتیمانی" دەکرد وەک تاکە لایەنی ڕێگەپێدراو بۆ بەژداری پارتی ســیاســی، دەســبەجێ هەموو پارتەکانی تری بە دەرچوو لە یاسا دانا لە کاروباری سیاسی تەنیا بەعس و دۆستە هاوپەیمانەکانی نەبن. [ماددەی ٢١] بەم شـێوەی مەرجی دانا کە "ئامانجی سـیسـتەمی پەروەردە و فەرهەنگ دروستکردنی نەوەیەکی عەرەبی سۆشیالیستی نەتەوەپەرستە".(٢٣) لە کاتێکدا ماف و ئازادیەکانی هەر لایەن و ناوهێنانیان لە فەرهەنگی کۆمەڵگا سڕیەوە.(٢٤)

ئەسەد دەستی نەخستە ناو پارتە سیاسیە کوردەییەکان لە سوریا. کورد لاواز و لێکترازاو بوو، وە بەم شـێوەیەش هیچ مەترسـیەکی نەدەخسـتە سـەر دەسـەڵاتەکەی. ئەســــەد بەژیرانە بزووتنەوەی کوردیی لە عێراق و تورکیادا بەکارهێنا بۆ پاراســــتنی بەرژەوەندیە هەرێمیەکانی سـوریا. ڕێگای بە یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتاندا بۆئەوەی بارەگاکانی لە دیمەشـــقدا بکاتەوە لە ســـاڵی ١٩٧٥دا. هەروەها پارتی دیموکراتی کوردسـتانیش لە سـاڵی ١٩٧٩دا نووسـینگەیەکی کردەوە. ئەسـەد نوێنەرانی 'پارتی' و 'یەکێتی' کۆکردەوە کە لەچالاکیەکاناندا ڕەچاوی ئەوە بکەن و هاوکار بن لە دژی بەغدا. هەردووک پارتەکە ڕێگایان پێدرا کە نووسینگە لە قامیشلی بکەنەوە، بەدرێژایی ڕووباری دیجلە لە عێراقەوە تا باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا.

لە ساڵی ١٩٣٨ەوە پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و سوریا گرژییان بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی لەو کاتەی یەکێتی نەتەوەکان ڕێگای بە تورکیادا پارێزگای 'هاتای' بخاتە سەر سنووری خۆی، وە دووری خستەوە لە ئیدارەی فەڕەنسی-سووری. لەماوەی جەنگی ســاردا تورکیا و ســوریا نەیاری ئایدۆلۆژی یەکتر بوون. تورکیا وەک باڵی ڕۆژهەڵاتی ناتۆ ڕەفتاری دەکرد. ســوریا، نزیکترین هاوپەیمانی عەرەبی ڕوســیا، بە شــێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن سۆڤیەت بوو. لە ساڵی هەشتاکاندا سوریا ناڕەزایی دەربڕی کاتێک

تورکیا دەســــتی کرد بە پرۆژەی باشــــووری ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆل. بوارە فراوانەکانی بەنداوەکە، وێستگەی هایدرۆلیک، سیستەمی ئاودێریی دەستی بەسەر شەپۆلە ئاویەکان بۆ سوریادا گرت و کاریگەریەکی گەورەی ئابووریی بۆ سەر ئەو وڵاتە هەبوو. پشتگیریە بێدەنگەکەی ئەســەد بۆ پەکەکە گەورەترین جارسکەری پەیوەندی ســوریا-تورکیا بوو. ئەسەد لە سوریادا دەسەڵاتی بە پەکەکە دابوو. پەکەکە لە ئەیلولی ١٩٨٠دا بارەگاکانی گواســتەوە بۆ دۆڵی 'بەقعە'ی لوبنانی کە لە لایەن ســوریاوە کۆنترۆڵ کرابوو. حکومەت چــاوی لە چــالاکیەکــانی پەکەکە کوێر کرد، ئەمە بێجگە لە جموجۆڵە هەمەجۆرە بازرگانیەکانی ئەو ڕێکخراوە. قاچاغچیەتی تلیاک و چەک، کاری ســەرەکی ئەمان بوو بە هاوکاری دەسەڵاتدارانی سوریا. ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی پلەداری پەکەکە، نزیکەی زیاتر لە (٢٠٪)، کوردی سوریا بوون.

هەروەها ئەســەد کارەکتەرێکی ســەرەکی بوو لە ململانێی ئیسـرائیل-فەلەســتیندا. زیاتر لە چوارسەد هەزار ئاوارەی فەلەستینی دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ســاڵی ١٩٤٨، لە ســوریا نیشــتەجێ بوون. فەلەســتینیەکان وەک نەهامەتی (النکبە) ئاماژەیان بە دروستبوونی ئیسرائیل دەدا کە بە مانای "ڕۆژی کارەسات" دێت. کۆڕەوی فەڵەستینیەکان دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕوویدا. ڕێک لەو کاتەی عەرەبەکان لاواز و پارچە پارچە بوون بۆ ئەوەی ڕیوشـــوێنی کاریگەر بگرنە بەر بۆ وەڵامدانەوەی. سەرهەڵدانی نەتەوەپەرستی عەرەب و هاوکاری بۆ چەکدارە فەلەستینیەکان دەگەڕێتەوە بۆ دوای ســەرهەڵدانی "ڕۆژی کارەســات". (٢٦) ئەســەد ناچار بوو داوای لافی ڕوخاندنی ئیسـرائیل لێبدات. ئەو ڕق و دوژمنایەتی قوڵی بەرامبەر دەوڵەتی جولەکە و پشـتیوانی لە ڕۆژئاوا هەبوو، بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

ســـوریا بوو بە وڵاتی یەک-حیزب بە ســـەرۆکایەتیەکی باڵای بەهێزەوە. هەروەک ســەدام لە عێراق، ئەســەدیش کەســایەتیەکی پیرۆزی بۆ خۆی دروســت کرد. وێنە و پەیکەرەکانی لە ســەرتاســەری ســوریادا بڵاوبوونەوە. ئەســەد دەســەڵاتێکی ڕەها و بێ

بەزەبیانەی بەســـــەر هاوڵاتیانی وڵاتەکەیدا پەیڕەو کرد. توندوتیژی شـــــێوازێک بوو لە شـێوەکانی دەسـتبەسـەرداگرتنی کۆمەڵگا. هەروەها ڕێگایەکیش بوو بۆ نکۆڵی کردن لە کەرامەتی خەڵک و ملکەچی دەوڵەت بوون. لە نێوان ســاڵانی ١٩٧٣-١٩٩٧دا، ســوپای سوریا چوار ئەوەندەی قەبارەی خۆی گەورە بوو.(٢٧)

دوای ئەو هەوڵەی کە لە لایەن ئیخوانەکانەوە لە ســاڵی ١٩٨٠دا کرایە ســەری بۆ تیرۆرکردنی، ئەســـەد ئەندامیەتی لە ڕێکخراوی (ئیخوان موســلمین)ی بە ســزای مەرگ دیاری کردبوو. لە نێوان ســاڵانی ١٩٨٠-١٩٨١دا، بەســەدان زانای ئایینی و کەســایەتی دیاری عەرەبی سوننە لە 'حەما' کوژران، کە شارێکە دەکەوێتە ناوەڕاستی سوریاوە. لە تۆڵەسەندنەوەی ئەم کارەدا، ئیخوان پلەدارەکانی پۆلیس و دەسەڵاتدارانی کردە ئامانج. ئەوان ڕزگارکردنی شـــــاری 'حەما'یان ڕاگەیاند وە داوای ڕاپەڕینیان کرد لە عەرەبە سوننەکان دژی ئەسەد و عەلەوییە عەلمانیەکانی دەوروبەری.(٢٨) تەنیا لە سەدا بیستی دانیشتوان، عەلەویەکان، دەستیان بەسەر دەسەڵاتەکانی سیاسیی و سەربازییدا گرتبوو. کاتێک دانیشـتوانی 'حەما' لە شـوبات ١٩٨٢ شـۆڕشـیان بەرپاکرد، وەڵامەکەی سـوپای چەکداری ســـــوریا خێرا و یەکلاییکەرەوە بوو. دوای چەندین ڕۆژ لە هێرشـــــی تۆپ، تانکەکانی ســـــوری بەرەو 'حەما' جووڵەیان پێکرا. ئەو تانکانە هێزی پیادە و هێزی تـایبەتییـان لەگەڵـدا بوو کە مـاڵ بە مـاڵ دەگەڕان بۆ دۆزینەوە و گەڕان بەدوای یـاخیبوان.(٢٩) تـا چـل هەزار پیـاو، ئـافرەت و منـاڵ کوژران. کۆنترۆڵکردنی 'حەمـا' نیشانەی بەکارهێنانی نەشیاوی هێز بۆ کپکردنی دەنگی ناڕەزایی دەگەیاند.(٣٠)

قەسەبخانەکەی 'حەما' بەشێک بوو لە شێوازی دەسەڵات و حوکمداری ئەو وڵاتە. ئەسەد بەبەردەوامی توندوتیژی مومارەسە دەکرد بۆ کپکردنی ناڕەزایی. عەرەبی سوننە و کوردەکان گەورەترین بەربەســت بوون لەبەرامبەر حوکمە زۆرداریەکەی ئەســەد. لە ١٠ ئازاری ساڵی ١٩٨٠دا، هێزە چەکدارەکانی سوریا "جسر السخور"یان تۆپباران کرد، کە شارێکی کوردی بوو لە پارێزگای "ئیدلب"ی باکووری ڕۆژئاوای سوریا و ئەندامێکی زۆری

ئیخوان موســـــلمینی تیادا نیشـــــتەجێ بوو. دوای ئەوەی شـــــارۆچکەکە خاپور کرا، دانیشتوانەکەی کۆکرانەوە و هەر لەوێدا حەفتا کەسیان کوژران. لەو مانگەدا، چل کەسی تر لە "ســـەرمەدا" کوژران. گوندی "کیســـەفرە" هێرشـــی کرایە ســـەر کاتێک دانیشـــتوانە هەژارەکەی داوای ئاو و پێشـــخســـتنی خزمەتگوزارییان کرد. تا هەزار کەس کوژران بە بیانووی داواکردنی باشـکردنی گوزەرانیان لە زیندانی "پالمێرا" لە مانگی حوزەیراندا.(٣١) بۆ ئەو ڕژێمە هیچ ڕۆژێک پیرۆز و بایەخی نەبوو. لە "مەشریقە"دا، لە بەرەبەیانی جەژنی قوربانددا هەشـــتاوســـێ کەس کوژران. چل کەســـی تریش لە هەفتەبازاڕێکدا کوژران. لە "ڕەقا"دا، نەیارەکانی ڕژێم لەناو قوتابخانەیەکی دواناوەندیدا ســـــوتێنران لەو کاتەی ئەو قوتابخانەیە تەختی زەوکرا.(٣٢)

هەر کـۆڕ و کـۆبـونەوەیەکـی کـوردی بـۆ دەســـــەڵاتـدارانـی بەعـس وەک بەرەنگاربوونەوەیەکی گەورە ســـەیر دەکرا، وە پاشـانیش کپ دەکرایەوە. لە کۆمەڵکوژی بەناو "جرناک"دا، هەواڵگری ســەربازیی لە ســاڵی ١٩٨٠دا بیسـت و دوو گاردی کوشـت. فەرهەنگی کوردی نکۆڵی لێکرا و ڕەتکرایەوە. لە نەورۆزی ســاڵی ١٩٨٦دا هەزاران کورد بۆ ئاهەنگێڕانی ئەو جەژنە نەتەوەییە گردبوونەوە. ئافرەتە کوردەکان 'کەمەری لیرە'یان بەسـتبوو کە لە زێڕی بەیەکەوە بەسـتراوی شـێوە لیرەی تورکی پێک هاتبوو. بە پارچە کوتاڵی ئاڵواڵای نەخشێنراو سەر و پەرچەمیان پۆشیبوو. پۆلیس گەیشتە شوێنەکە و داوای کرد بڵاوە بکەن، بە بیـانووی ئەوەی کە جلوبەرگی کوردی قەدەغەیە. پۆلیس دەستی کرد بە تەقەکردن، وە کەسێکی کوشت. وە سێ کەسی تر لە کاتی ئاهەنگەکانی نەورۆزی هەمان ســــاڵدا کە 'عەفرین' کوژران. کوردەکان زۆر تورە بوون بەو ڕەفتارە داپلۆســــێنەرە لە ڕۆژێکی وەکو نەورۆزدا. لە کاتی ناشـــــتنی تەرمەکاندا، خەڵک ئەو دەرفەتەی قۆســـــتەوە بۆ ناڕەزایی دەربڕین. زیاتر لە چل هەزار کورد لە ڕۆژی دواتردا کۆبوونەوە بۆ پرســەکەیان لە دیمەشـق. خەڵکە تورەکە لە لایەن هێزەکانی ئاسـاییشـی سوریاوە دەورە درابوون.(٣٣)

لە ٢٢ و ٢٣ی ئـایـاری ١٩٩٠دا، هەڵبژاردنەکـان بۆ ئەنجومەنی نیشـــتیمـانی ئەنجامدران. ئەسەد ژمارەی کورسیەکانی لە ١٩٥ەوە بۆ ٢٥٠ کورسی بەرزکردەوە، بەو بیانوەی ئەنجومەنی نیشـــتیمانی ڕێگا بە کاندیدە ســـەربەخۆکانیش دەدات کە کاربکەن تەنانەت ئەگەر ئەندامی پارتی بەعسـیش نەبن. دووبارەی پێکهاتنەوەی ئەنجومەن وەک چاکسـازییەکی دیموکراسـی دەبینرا، بەڵام پەڕلەمان زیاتر وەک لایەنێکی ڕاوێژکاریی کار دەکرد نەک یاســـادانان. هیچ بەرپرســـیارەتیەکی چاودێریی بەســـەر جێبەجێ کردنەوە نەبوو.

هەڵبژاردنەکانی سوریا ملکەچ بوونێک بوو بۆ ئەو چاکسازیەکی کە لە سەرتاسەری جیهان بەڕێوە بوو. چاکســـــازیی بواری ئابووریی لە یەکێتی ســـۆڤیەتیش دەرکەوت. زۆردارەکانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاسـتی ئەوروپا لە لایەن هێزە دیموکراسـیەکانەوە تووشـی بەرەنگاربوونەوە هاتن، کە سەرکردایەتی گۆڕانکاری سیاسیی فراوانیان دەکرد. ئەسەد ئامادە بوو بۆ ئەنجامدانی چاکســـــازیی، بەڵام هەڵبژاردنەکان بێ کەڵک و پێکەنیناویی بوون. تەنیا تاکەکەســـــەکان، نەک پارتەکان، دەیانتوانی خۆیان بپاڵێون.(٣٤) نۆ هەزار کاندیدی ســـەربەخۆ هەبوون، هەموویان دەبوایە لە لایەن حکومەتەوە پەســـەند بکرێن. لیستی کاندیدە بەعسیەکان و هاوپەیمانە 'ناسریەکەی' دوو لە سەر سێی کورسیەکانی تێپەڕاند، کە دەسەڵاتداریی ئەسەدی مسۆگەر دەکرد.(٣٥)

شێخ، بازرگان، دەرەبەگ و خاوەن پیشەکان وەک کاندیدی سەربەخۆ هەڵبژێردران. هەروەها هەندێک کوردیش خۆیان پاڵاوت. هەرچەندە بەژداربوونەکەیان لە پەڕلەمان بیرکردنەوەی 'ئەســـەد'ی بەرامبەر دۆزی کورد نەگۆڕی. یاســـای باری نائاسـایی، کە لە ســـاڵی ١٩٦٣وە کاری پێدەکرا، بەکارهێنرا بۆ بەربەســـت خســـتنە بەردەم کوردەکان. [ماددەی ٣٠٧] لە یاسای سزادان ئەو کەسانەی تاوانبار دەکرد کە هانی تایەفەگەریی و ڕەگەزپەرسـتیی و ناکۆکی ئایینی دەدەن.(٣٦) [ماددەی ٢٦٧] بەم جۆرە بەربەسـتی بۆ کورد درووســـت کرد، "پچڕاندنی هەر بەشـێکی خاکی ســوریا و لکاندنی بە دەوڵەتێکی

ترەوە" دژ بە یاســــایە.(٣٧) [ماددەی ٣٣٦] قەدەغەی کرد "هەر گردبوونەوەیەک زیاتر بێت لە حەوت کەســــە بە ئـامـانجی نـاڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بە بڕیـارەکـانی دەســـەڵات".(٣٨) [ماددەی ٢٨٨] قەدەغەی پێکهێنانی "هەر ڕێکخراوێکی ســیاســی یان کۆمەڵایەتی بە سیفەتی نێودەڵەتی" کرد.(٣٩) توانای کورد بۆ ڕێکخستن و دەربڕینی هەر ناڕەزاییەک بە شێوەیەکی بنچینەیی قەدەغە کرا.(٤٠)

تا نزیکەی حەوت هەزار کورد لە نیوان ســاڵانی ١٩٨٠ و ٢٠٠٠دا ون بوون.(٤١) بە هەزاران کورد دەســتبەســەرکران و لە زیندانی حکومەتدا بەند کران. باوترین شــێوازی ئەشـــکەنجەدانی ئەم زیندانیانە بریتی بوو لە قامچی ژێر پێ، کە دەبوو هۆی ئازارێکی زۆر ناخۆش و شەلەلی. ژمارەیەکی زۆری کورد لە حەسەکە بەهۆی پاشماوەی فڕێدراوی چەکی نـاوەکیەوە تووشـــــی شـــێرپەنجە و پەتـای پەتـای لیکەڕژێنی بوون.هەروەک زیندانەکانی تورکیا، کە بوو بە یانەیەکی برایانەی پەکەکە، زیندانەکانی سوریاش بوو بە کوللەی ڕێنمایی ئایدۆلۆژی و چالاکی ســـیاســـی. کورد لە بارودۆخی زیندانەکان لە حەســەکە ناڕەزاییان دەربڕی. کاتیک لە ٢٣ی ئازاری ١٩٩٣دا هەواڵگری نهێنی ســوریا بەهۆی ناڕەزایی هێرشیان کردە سەر زیندان، حەفتاو دوو زیندانی سوتێنران. سەبارەت بە ڕزگاربووەکانی تریش، پێنجیان کوژران.(٤٢) لە شـــوێنەکانی تردا، کورد تووشـــــی هێرش، جیاکاریی، قەدەغەکردنی چالاکی ســیاســی، کۆمەڵایەتی، دەربڕینی فەرهەنگی بوونەوە. هەروەها حکومەت مافی زەویشــی قەدەغەکرد، لە کاردانەوەی وشـکەسـاڵیەکی توند لە ســەرەتای ســاڵی ١٩٩٥دا. بە ســەدان هەزار کەس بژێوی ژیانیان لەدەســتدا و ناچارکران ماڵەکانیان لە گوندەکاندا چۆڵ بکەن. ئەوان ناچاربوون لە شـارەکاندا بەدوای کوری کریکاریدا بگەڕێن، کە بووە هۆی هەست کردن بە سوکایەتیکردنی کوردی.(٤٣)

تورکیا داوای کرد کە ئەسەد ئۆجەلان ڕادەست بکات. ئەنقەرە بەوە هەڕەشەی کرد کە ئاوی ڕووباری فورات دەگرێتەوە، ئەم ئاوەش ســـەرچاوەیەکی ســـەرەکی کەرتی کشــتووکاڵی ســوریا بوو. ئەســەد ناپاکی لە ئۆجەلان کرد، کە بۆ ماوەی یانزە ســاڵ

پشـــــتگیری کرد، ئەمەش دوای واژووکردنی 'پەیمـــانی ئەدەنە' خرایە کە بواری جێبەجێکردنەوە. پەیمـــانەکە پەکەکەی بە ڕێکخراوێکی تیرۆریســــتی لە قەڵەمــدا، چالاکیەکانی قەدەغە کرد، وە داوای لە سوریا کرد کە لێشاوی پارە، چەک و پشتگیری بۆ ڕیکخراوەکە بوەســـتێنێت. ئۆجەلان لە ٩ی تشـــرینی یەکەمی ١٩٩٨دا، ســـوریای جێهێشـت. پەکەکە بارەگاکانی لە سـوریادا چۆڵ کرد، وە سـودی لە بۆشـایی دەسـەڵات وەرگرت دوای جەنگی کەنداوی ٢٠٠١، وە بارەگاکانی لە سوریاوە گواستەوە بۆ چیاکانی قەندیل لە کوردستانی عێراق.

*****

بە مردنی حافز ئەســـەد لە هاوینی ٢٠٠٠دا، بەشـــار ئەســـەدی[١] کوڕی جێگای گرتەوە. بەشــاری بژاردەی یەکەمی باوکی نەبوو. حافز ئەســەد 'باسـل ئەســەد'ی کوڕە گەورەی

---

[١] بەشـار ئەسـەد: لەدایکبووی ئەیلولی ١٩٦٥، سـەرۆک کۆماری ئێسـتای وڵاتی سـووریایە. بەشـار ئەسـەد لە سـاڵی ٢٠٠٠دا پاش مردنی باوکی، حافز ئەسـەد، ئەم پۆسـتەی وەرگرتووە. سـاڵی ١٩٧٠، حافز ئەسـەد کە لە کەمایەتیی عەلەوی بوو، کودەتای کرد و لە ساڵی ١٩٧١دا بوو بە سەرۆک کۆماری سووریا و تا ساڵی ٢٠٠٠ کە مرد، لەم پۆسـتەدا مایەوە، حافز ئەسـەد لە وەسـیەتنامەکەی خۆیدا کوڕە گەورەکەی دەسـتنیشـان کرد بۆ گرتنەوەی شـوێنی خۆی، بەڵام ئەو لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبێلدا لە سـاڵی ١٩٩٤ گیانی لەدەسـت دا. ئەوە بوو بەشاری کوڕی لە شوێنی خۆی دانا کە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٧دا، لەبەر ئەوەی تاکەکەس بوو بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کاندید کرابوو، جارێکی دیکە بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژێردراوە. هەڵبەتە، بەپێی دەستوری سوریا، پێویسـت بوو تەمەنی سـەرۆک، لە ٤٠ سـاڵ کەمتر نەبێت، بەڵام بەشـار، تەنها تەمەنی ٣٤ سـاڵ و ١٠ مانگ بوو، بۆیە ئەنجومەنی نوێنەرانی سـوریا ئەو خاڵەی لە دەسـتورەکە گۆڕی و کردی بە ٣٤ سـاڵ. وە بەمەش، بووە سەرۆکی سوریا.

بە شار ئە سەد، ئەو دەمەی لە بەریتانیا بوو، بەهۆی پیشەکەیەوە، شونا سی لەگەڵ پزیشک و پسپۆڕی بواری نەخۆشیەکانی دڵ، کرد بەناوی فواز ئەخرس، بەمەش، کچەکەی نا سی و لە ١٨ی دێسمبەری ٢٠٠٠ دا لەگەڵ ئەســـما ئەســـەد ی ســـوننە مەزهەب، بەڕەگەز عەرەبی شـــاری حمس، لەدایکبووی بەریتانیا، ژیانی هاوسەری پێک هێنا. هەنوکە کچ و کوڕێکی بەناوی زین و کەریم لێ هەن. بە شار ئە سەد، لە ٢٧ حوزەیرانی

خۆی بۆ درێژەدان بە ســـەرۆکایەتی ئامادەکردبوو. باســـل لە ســـاڵی ١٩٩٤دا بە هۆی سـوتانی ئۆتۆمبیلەکەیەوە گیانی لە دەسـتدا. بەشـار لە سـەرەتادا بە باش نەدەبینرا بۆ

---

٢٠٠٠ دا، کرا بە بەرپرس و ئاسایشی حیزبی بەعسی سوریا و لەتەموزی هەمان ساڵدا، بۆ سەرۆکی سوریا، لەلایەن هەمان حیزبەوە بەبەشداربوونی جەماوەرێکی زۆر، لەدیمەشق، هەڵبژێردرا. بەشار ئەسەد، بەهاتنی بۆ ســەر حوکوم، ویســتی کۆمەڵێک چاکســازی لەبەرێوەبردنی وڵاتدا بکات، ئەویش، بۆ باشــترکردنی ئابووریی خەڵک و وڵات. بەڵام نەیتوانی و ئەوەی بەناوی بەهاری دیمەشـــقەوە دەســـتپێکرد، بەنابوتکردنی خۆی و گۆشەگیرکردنی حکومەتەکەی کۆتایی پێهات. چونکە، ڕاستەوخۆ، ڕەفیق حەریری سەرۆکی لوبنانی کوشت و بەمەش، بەناچاری ئەو سوپایەی لە ساڵی ١٩٧٥ وە لە لوبنان بوو، دوا سەربازی، لە ٢٠٠٥ دا کشانەوە. لە بەرامبەریشدا، سزای ئابوریان بەسەردا سەپاند و وڵات توشی قەیرانی ئابوریی هات و بەتەواوی ژێرخانەکەی هەڵئاوسا.

بەشار ئەسەد، درێژەپێدەری سیاسەتەکانی باوکی بوو، بەتایبەت بە خەڵکی کوردی دانیشتووی وڵاتەکەی کە ژمارەیان بە نزیکەی یەک بۆ دوو ملیۆن مەزەندە دەکرێت و لە (١٠٪) ی کۆی دانیشـــتوانەکەی دەکات. لە باکور و ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژئاوای ئەو وڵاتەدا نیشـــتەجێن. هەڵبەتە، دەســـتوری ســـوریا، دانی نەناوە بە کوردەکاندا وەکو دانیشـــتوان و بەکۆچەریەکانی تورکیا، دەیانناســـێنێت. بێجگە لەمەش، یاســـای چاککردنی زەوی لەو وڵاتەدا، دژ بەکوردەکان پیادەکرد. لەیاساکەدا هاتووە" هیچ کوردێک، ناتوانێت ببێتە خاوەنی زەوی و خانوو و لەسەریان تاپۆ ناکرێت.

<u>کوشتنی کوردەکان</u>

1. بەفەرمانی ڕاستەوخۆی، بەشار ئەسەد، شێخ مەعشوق خەزنەوی، ڕابەری ئاینی و نەتەوەیی، کورد، لەساڵی ٢٠٠٤ دا فرێنراو پاش چەند ڕۆژێک تەرمەکەیان بەکوژراوی دۆزییەوە.
٢. بە فەرمانی ڕاستەوخۆی بەشار ئەسەد، ٥٧٣ سەربازی کورد، لەڕیزەکانی سوپای سوریادا، شوێنبزر کران و پاشان بەکوژراوی، بەهۆی فیشەکێکەوە کەبەسەریانەوە نابوون، تەرمەکانیان درانەوە دەستی کەس و کاریان.
٣. بە فەرمانی ڕاســتەوخۆی بەشــار ئەســەد، مەشــعەل تەمۆ، ســیاســەتمەدار و شــۆڕشــگێڕی کورد، لە قامیشلو، لەڕێکەوتی ١٠ی تەمموزی ٢٠١١ ، لەناو ماڵەکەی خۆیدا، تیرۆر کرا.
٤. بە فەرمانی بەشــار ئەســەد، دەیان خوێندکاری کورد، لەپاش ســاڵی ٢٠٠٦ەوە، خرانە بەندیخانە و هەندێکیان لە سێدارە دران و هەندێکیان تاکو ئێستاش لە زیندانان.

بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتە قورسەکەی سوریا. ئەو لە زانکۆی دیمەشقی پزیشکی دەیخوێند پێش ئەوەی بچێتە نەخۆشخانەی چاو لە لەندەن کە تیایدا زانستی پزیشکی چاویی خوێند. بەشار دوای مردنی باسل گەڕایەوە سوریا، وە پەیوەندی بە ئەکادیمیای سەربازیەوە کرد. وە بەردەوامیدا بە بەرپرسیاریەتی داگیرکردنی سوریا بۆ لوبنان. بەشار لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە کەسێکی شایان نەبوو وە ناڕەحەت بوو لە دەوروبەری ئەو هەموو ڕاوێژکارە سەربازیەی باوکی. تاکە ڕۆڵی پێشووی گشتی بریتی بوو لە سەرۆکی کۆمەڵگای کۆمپیوتەریی سوری.

بەشار ئەسەد هەر یەکسەر دوای بوون بە سەرۆک 'بەهاری دیمەشق'ی ڕاگەیاند. ئەو هەڵسا بە داخستنی زیندانی بەدناوی 'مەزە' [سجن المزة] وە زیندانیانی سیاسیی ئازاد کرد. ئەو لەبارەی دیموکراسیەوە بیری وابوو کە ڕێگایەکە بەرەو خۆشگوزەرانی سوریەکان. هەروەها بەشار زۆر نەرمی نواند بەرامبەر بە کورد. ئەو هەندێک فەرمانبەری ئاساییشی لە ناوچە کوردکان کشاندەوە. سەرەڕای ئەوەش چاوی بە کەسایەتیە دیارەکانی کورد کەوت، ڕێگای بە نوێنەرانی پارتی بەعسدا بۆ ئەوەی چاویان پێ بکەوێت.

بە دەستپێکردنی سەرۆکایەتی بەشار، هاوپەیمانی کوردی- کە پێک هاتبوو لە پارتی چەپ، ئازادی، پارتی یەکێتی دیموکراتی، وە پارتی پێشکەوتنخواز- لەگەڵ دیمەشق خۆیان گونجاند. لەبەرامبەر هاوکاریەکانی، حکومەت ڕێگای بە پارتی پێشکەوتنخواز بدات بۆ کردنەوەی دەزگایەکی فەرهەنگیی کە پێی دەوترا 'هۆڵی نورەدین زازا، کە وەک بارەگاکانی پارتی سیاسی دوو ئەوەندا گەورە بوو. بەرەی دیموکراتی کوردیی، کۆمەڵەیەکی تر کە پێکهاتبوون لە (KDPS)، وەکەڤی و پارتی دیموکراتی نەتەوەیی، جێگای خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسیدا کردەوە. سێیەمین بەش پێی دوترا 'لێژنەی هەماهەنگی' کە پێک هاتبوون لە بزوتنەوەی داهاتوو، یەکێتی، وە

لقێکی ئازادی. ئەم باڵە کەمتر متمانەی بە بەشـار هەبوو، داوای دانپیانانی دەسـتووریی بۆ کوردەکان وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی لە سوریادا دەکرد.

پارتی یەکێتی دیموکراتی [پەیەدە] لە سـاڵی ٢٠٠٣ لە لایەن کوردەکانی سـوریاوە دامەزرا، کە ئایدۆلۆژیای پەکەکە ڕێبازەکەی بوو. بە پێچەوانەی هەموو پارتە کوردیەکانی ترەوە، پەیەدە بنەماکەی لە سەر دەسەڵاتی شێوە هەرەمی نیە. سەرکردایەتیەکەی بە شـــێوەیەکی دیموکراســـی هەڵدەبژێردرێت، بە مەرجی ســـنوردارکردنی بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی مەکتەبی سـیاسـی پارتەکە. لە هەموو پێکهاتە سـیاسـیەکانی کورد لە ســـوریادا، حکومەت توندترین ڕێکاری بەرامبەر پەیەدە دەگرتە بەر. بەگوێرەی وتەکانی ســـەرکردایەتی پەیەدە، پەیەدە لە لایەن ئاســـاییشـــی ســـوریاوە کراوەتە ئامانج چونکە "ئێمە ئایدۆلۆژیەتی ئۆجەلانمان هەڵگرتوە".(٤٤) شـــــەڕڤانانی پەیەدە وێنەی ئۆجەلان و ئەستێرەی سوور نیشان دەدەن وەک بیرهێنانەوەیەکی بنچینەی مارکسیەت. دەستووری پەیەدە داوا دەکات "دان بنرێت بە مافە دەســتوریەکانی کورد و ئۆتۆنۆمی دیموکراســی بۆ ناوچە کوردیەکان"(٤٥)

پەیوەندیەکانی تورکیا-ســوریا دوای 'ڕێککەوتننامەی ئەدەنە' زۆر بەرەو پێشـــەوە چوو. ئەنقەرە 'پەیەدە'ی وەک درێژە پێدەرەی پەکەکە دەبینی و داوای کرد کە دیمەشق بەهەمانشـێوە ڕەفتاری لەگەڵدا بکات. ئەســەد فشـاری خسـتە سـەر پەیەدە. هەروەها دیمەشـــق کێشـــەی خســـتە بەردەم چالاکیەکانی (KCK) کۆما جڤاکێن کوردســـتانێ، ڕێکخراوێکی چەتر بوو بۆ پارتە لایەنگرەکانی پەکەکە، کە لە ســوریا و تورکیادا چالاکی ئەنجام دەدا. کەجەکە ئەندامیەتی لە تورکیا، ســـوریا و عێراقدا هەیە.(٤٦) پەیەدە بەســـەربەخۆ کاری دەکرد کاتێک بڕیارە هونەریە خۆجێیەکانی دەردەکرد. هەرچۆنێک بێت، بڕیارە چارەنوسـسـازەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ پەکەکە و کەجەکە دەدران. حافز ئەســـەد مەســـەلەی کوردی وەک قەڵایەک بەکاردەهێنا لە دژی تورکیا و عێراقدا.

بەپێچەوانەوە، بەشـــار ئەســـەد بە فەرمانی ئەنقەرە و بەغدا دەجوڵایەوە. کورد هیوای خواست کە بەشار زیاتر ملکەچی داواکانیان بن، بەڵام ئەوان زۆر نائومێد بوون.

*****

لە ١٥ی ئازاری ٢٠٠٤دا، یانەی تۆپی پێی قامیشـــلی لەناو یاریگای خۆی میوانداری 'دیر الزور' ی کرد.(٤٦) یاریگاکە پڕ بوو بە ها ندەری کورد. هەروەها ها ندەرانی عەرەبی ســـوننەی تیپی بەرامبەریش لە یاریگاکەدا ئامادە بوون. جەنگی عێراق تازە دەســـتی پێکردبوو و لە گەرمەی ڕووداوەکانیدا بوو. هاندەرانی عەرەبی یانەی بەرامبەر دروشـــمی پشـــتگیری ســـەدامیان دەوتەوە. کوردەکانیش دروشـــمی "بژی کوردســـتان" و خۆشـــەویســـتییان بۆ جۆرج دەبلیو بۆش ڕاگەیاند. توندوتیژی لەناو یاریگادا دەســـت پێکرد. پۆلیس گازی فرمێســـک ڕژێن و تۆپی ئاوپرژێنی بەکارهێنا بۆ ئارامکردنەوەی جەماوەر، وە گوللەی ئاگادارکردنەوەیان بە ئاســـماندا دەتەقاند. تەنانەت پێش ئەوەی یاریەکە دەست پێبکات، نۆ گەنجی کورد کوژران.(٤٨)

ڕۆژی دواتر، کورد بۆ ســـەرەخۆشـــیی کۆبونەوە. پۆلیســـی ســـوریا پرۆســـەی پرســـەکەیان بە نایاســـایی ســـەیرکرد و تەقەی لە ئامادەبوان کرد و لە ئەنجامدا هەشـت هاوڵاتی تر کوژران. ناڕەزاییەکان بڵاوەیان کرد بۆ جەزیرە، حەلەب و دیمەشـــق. ئەو ناڕەزاییە لە ســـەرتاســـەری ڕۆژاڤادا بێ وێنە بوو. ســـی و دوو کەس کوژران، ســـەدان کەسیش بریندار بوون، وە لەماوەی پێنج ڕۆژدا زیاتر لە دوو هەزار کەس دەستگیرکران کە کوردەکان ناویاننا "ڕاپەڕینی گەورە".(٤٩)

کورد لە عامودێ پەیکەری 'حافز ئەســـەد'یان شـــکاند و پۆســـتەری ئۆجەلانیان هەڵواسی وە هەروەها خۆپیشاندەران ئاڵای سوریایان لە باڵەخانەکانی حکومەتدا هێنایە خوارە، ســـوکایەتیان پێکرد و ســـوتاندیان، وە لە جێگایاندا ئاڵای کوردســـتانیان هەڵدا. ئەوان بانقی ناوەندیی و هۆڵی شاریان بەردباران کرد. دادگا، بنکەی پۆلیس، بارەگاکانی

حیزبی بەعســـیان ئاگر تێبەردا. بارەگای ســـەربازیی و ئۆتۆمبیلی پۆلیس ســـوتێنران. پۆلیس زۆر بە تونـدی بەرگریی لە کۆگـای هەلگرتنی پەینی کیمیـایی حکومەت کرد. شەڕی شەقام تا شەو بەردەوام بوو، وە لە ڕۆژی دواتردا بەرەو عەفرین پەرەی سەند.(٥٠)

هەموو ڕووداوەکان لە سـەر شـاشـەی 'ڕۆژ تیڤی' پەخشـکران، کە تۆڕێکی میدیایی کوردی بوو لە کۆپێنهاگن. ڕاپۆرتەکان پشـێویەکانی لە ئەوروپا و سـوریادا زیاتر کرد. هەروەها کوردەکانی عێراق و تورکیاش بۆ پشـتگیری خۆپیشـاندانیان سـاز کرد. تۆرە کۆمەڵایەتیەکانیش هۆکار بوون بۆ جوڵاندنی ســـەرتاســـەری بەکۆمەڵ. ئەم ڕاپەڕینە بۆ سویسرا و بەلجیکاش تەشەنەی کرد، کە تیایدا کوردەکا دەستیان بەسەر باڵیۆزخانەی سوریادا گرت. کورد هەوڵیاندا باڵیۆزخانەی سوریا لە لەندەن بەردباران بکەن، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی ئەو وڵاتەوە بەرپەرچ درانەوە. ئەوان لە سەر دیوارەکانی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا وێنەی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستانیان نەخشاند.(٥١)

هێزەکانی ئاساییش دەستیان بە تۆڵەسەندنەوە کرد. هێزێکی سەربازیی قورس لە جەزیرەدا بڵاوەیان پێکرا. سەرکردە سیاسیەکانی پەیەدە کرانە ئامانج. موخابەرات ئەو قوتابیە کوردانەی دەســتنیشــان کرد کە بەژداری خۆپیشــاندانەکانیان کرد، وە دواتر لە زانکۆ دەرکران. دوکانەکانی کورد تاڵانکران و ســـوتێنران. بەشـــار براکەی، مەلاس، وە وەزیری بەرگری ناردە قامیشـــــلی. هەرچۆنێک بێت، گفتوگۆکان بۆ دامرکاندنەوەی ئاڵۆزیەکە شکستیان هێنا.(٥٢)

ڕاپەڕینەکە ئۆپۆزسیۆنی سوری، عەرەبە سوننەکان، ئاشووریەکان، مەسیحیەکان و شێخە عەرەبەکان هاوسۆزیان لەگەڵ برا کوردەکان دەربڕی بەرامبەر ئەو ستەمەی لێیان کراوە. لە بەرواری ١٦ی ئازاری ٢٠٠٤، پارتە کوردیەکان و عەرەبەکان لە قامیشـــــلی ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشـیان واژوو کرد بۆ کۆتایی هێنان بە گرژی و ئاڵۆزیی. بەڵێننامەی

دیمەشـــــق ویســـــتی هاوکاریەکان لە نیوان نەیارانی ڕژێمی بەعس هەروەک پێشـــــوو بگەڕینێتەوە سەر ڕێچکەی خۆی.

## سەرچاوەکان


1. “The Rojava Report.” *The Rofava Report.* N.p., n.d. Web. 27 May 2014. <http://rojavareport.wordpress.com/>.
2. Cited by Jawad Mella. “The Colonial Policy of the Syrian Baath Party in Western Kurdistan.” Western Kurdistan Association. London 2006. Pg. 155.
3. Bletch Chirguh, *La Question Kurde: ses origines et ses causes,* Le Caire, Impimerie Pual Barbey, 1930, front cover, *IHSAN NOURI PACHA Généralissime des forces nationales Kurdes.*
4. 1066236, Charity Number:. *WESTERN KURDISTAN ASSOCIATION Komela Rojava Kurdistan* (n.d.): n. pag. Web.
5. Rogan, Eugene L. *The Arabs: A History.* New York: Basic, 2009. Print.
6. Jawad Mella. “The Colonial Policy of the Syrain Baath Party in Western Kurdistan.” Western Kurdistan Association. London 2006. Pg. 24.
7. Cited by Jawad Mella. “The Colonial Policy of the Syrian Baath Party in Western Kurdistan.” Western Kurdistan Association. London 2006. Pg. 27.
8. McMurray, David A., and Amanda Ufheil-Somers. *The Arab Revolts: Dispatches on Militant Democracy in the Middle East. Bloomington:* Indiana Univ, 2013. Print.
9. http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2013/04/kurdish-clashed-syria-pyd-kdp-pkk-ocalan-barzani.html##ixzz31tIZoaCd (Accessed May 16, 2014).

10. Ginat, Rami. *Syria and the Doctrine of Arab Neutralism: From Independence to Dependence.* Portland, Or.: Sussex Academic, 2005. Print.
11. "Kurds in Syria." *Kurds is Syria.* N.p., n.d. Web. 27 May 2014. <https://www.triposo.com/poi/T__059fa3ac4321>.
12. Romano, David. "Review: Syria's Kurds: History, Politics and Society." International Journal Middle East Studies 43.1 (2011): 183-85. Web.
13. Kurdish immigration was exacerbated by the influx of 400,000 Palestinians after Israel declared independence in 1948.
14. "Theme Showcase." *Theme Showcase.* N.p., n.d. Web. 27 May 2014. <http://theme.wordpress.com/credits/civiroglu.net/>.
15. *Syrian Arab Republic.* London: Board, 1975. Web.
16. Kurdwatch Is A Project Of The, European Center For Kurdish Studies, Emser Straße 26, and 12051 Berlin. *KURDWATCH • Report 5* (n.d.): n. Pag. Web.
17. Jordi Tejel, Pg. 52.
18. "World Directory of Minorities and Indigenous Peoples." *Minority Rights Group International: Syria: Kurds.* N.p., n.d. Web. 29 May 2014. <http://www.minorityrights.org/5270/syria/kurds.html#sthash.vWU4GrD7.dpuf>.
19. Ibid.
20. "Kurdistan at the Tri-Border Area Between Iraq, Syria, and Turkey." *Jerusalem Center For Public Affairs.* N.p., n.d. Web. 27 May 2014. <http://jcpa.org/article/the-futrure-of-kurdistan-between-turkey-the-iraq-war-and-the-syrain-revolt/>.
21. Robbers, Gerhard (2007). Encyclopedia of World Constitutions. Fact on File library of world history (in English). New York: Facts On File.
22. Ibid.
23. Ibid.
24. Ibid
25. Primoz Manfreda. "Turkish-Syrian Relations: From Confrontation to partnership and back." http://middleeast.about.com/od/syria/a/Turkish-Syrian-Relations-Overview.htm (Accessed May 16, 2014).

26. “May, 2010 – One Democratic State.” *May, 2010 – One Democratic State.* N.p., n.d. Web. 27 May 2014. <https://sites.google.com/site.onedemocrateicstatesite/archives/previous-headlines-from-this-site/may-2010>.
27. “Some Lessons in Barbarism.” *The Hindu.* N.p., n.d. Web. 29 May 2014. <http://www.thehindu.com/todays-papter/tp-opinion/some-lessons-in-barbarism/article2996424.ece>.
28. “1982 Syria Massacre Still Haunts Mideast.” *Newsmax.* N.p., n.d. Web. 29 May 2014. <http://www.newsmax.com/Newsfront/syria-hama-massacre-egypt/2011/02/02/id/384785#ixzz320vb1pFD>.
29. Rodrigues, Jason. “1982: Syria’s President Hafez Al-Assad Crushes Rebellion in Hama.” *Theguardian.com.* Guardian News and Media, 01 Aug. 2011. Web. 26 May 2014. <http://www.theguardian.com/theguardian/from-the-archive-blog/2011/aug/01/hama-syria-massacre-1982-archives>.
30. “Hama Rules – What Are Hama Rules? – Syrian Massacre of Muslim Brotherhood.” *About.com Middle East Issues.* N.p., n.d. Web. 27 May 2014. <http://middleeast.about.com/od/syria/f/hama-rules.htm>.
31. Reporter, Daily Mail. “Syrian Government Vows Bloody Relation against Town Where Police Were Killed.” *Mail Online.* Associated Newspapers, n.d. Web. 27 May 2014. <http://www.dailymail.co.uk/news/article-2000286/Syria-Government-vows-bloody-retaliation-Jisr-al-Shughour.html>.
32. “The Hama Massacre in Syria:.” *Politics RSS.* N.p., n.d. Web. 29 May 2014. <http://www.politics.ie/forum/foreign-affairs/28177-hama-massacre-syria.html>.
33. “World Directory of Minorities and Indigenous Peoples.” *Minority Rights Group International: Syria: Kurds.* N.p., n.d. Web. 29 May 2014. <http://www.minorityrights.org/5270/syria/kurds.html#sthash.vWU4GrD7.dpuf>.
34. “The World Factbook.” CIA -. N.p., n.d. Web. 27 May 2014. <http://www.emprendedor.com/factbook/fields/2101.html>.
35. “Syria’s Parliamentary Elections | Middle East Research and Information Project.” *Syria’s Parliamentary Elections | Middle East*

*Research and Information Project.* Np., n.d. Web. 29 May 2014. <http://www.merip.org/mer/mer174/syrais-parliamentary-elections>.

36. Syria *Group Denial R I G H T S* (n.d.): n. pag. Web. <http://www.hrw.org/sites/default/files/reprts/syria1109webwcover_0.pdf> Accessed May 17, 2014).
37. Ibid.
38. Ibid.
39. Ibid.
40. Ibid.
41. Cited by Jawad. "The Colonial Policy of the Syrian Baath Party in Western Kurdistan." Western Kurdistan Association. London 2006. Pg. 331.
42. Cited by Jawad Mella. "The Colonial Policy of the Syrian Baath Party in Western Kurdistan." Western Kurdistan Association. London 2006. Pg. 331.
43. http://www.minorityrights.org/5270/syria.kurds.html#sthash.vWU4GrD7.dpuf.
44. Human Rights Watch, *Group Denial: Repression of Kurdish Political and Cultural Rights in Syria* (New York, November 2009), p. 43.
45. "THE MAIN KURDISH POLITICAL PARTIES IN IRAN, IRAQ, SYRIA, AND TURKEY: A RESEARCH GUIDE." *GLORIA Center*. N.p., n.d. Web. 29 May 2014. <http://www.gloria-center.org/2013/08/the-main-kurdish-political-parties-in-iran-iraq-syria-and-turkey-a-research-guide/>.
46. Ibid.
47. "Syria Kurds Commemorate Kurdish Uprising of 2004 | ARA News." *ARA News.* N.p., n.d. Web. 27 May 2014. <http://aranews.net/2014/03/residents-of-syria-s-qamishli-commemorate-kurdish-uprising-of-2004/>.
48. Ibid
49. "The Evolution of Kurdish Politics in Syria | Middle East Research and Information Project." *The Evolution of Kurdish Politics in Syria | Middle East Research and Information Project.* N.p., n.d. Web. 29 May 2014.

<http://www.merip.org/mero/mero083111?ip_login_no_cache=80d496e766fff3bf997ff7cb2f9358e3>.

50. Kurdwatch Is Project Of The, European Center For Kurdish Studies, Emser Straße 26, and 12051 Berlin. *KURDWATCH • Report 4* (n.d.): n. pag. Web.
51. Jawad Mella. “The Colonial Policy of the Syrian Baath Party in Western Kurdistan.” Western Kurdistan Association. London 2006. Pg. 55.
52. “Clashes Break Out Between Kurdish Group In Syria – Al-Monitor: The Pulse of The Middle East.” *Al-Monitor.* N.p., n.d. Web. 29 May 2014. <http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2013/04/kurdish-clashes-syria-pyd-kdp-pkk-ocalan-barzani-html>.

## (٥)

## كورد لە ئێران

کوردســـتانی ئێران، کە بە کوردســـتانی ڕۆژهەڵاتیش ناســـراوە، لە ناوچە شـــاخاویە سەختەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی چیای ئارارات و چیاکانی زاگرۆس لە باکووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە درێژ دەبێتەوە. بەلایەنی کەمەوە دە ملیۆن کورد لە ئێراندا دەژین، کە ژمارەی دانیشـــتوانی کوردی عێراق و ســـوریا تێدەپەڕێنێت.(١) کوردەکانی ئێران بە ســـەر پارێزگاکانی کرمانشـــان، ئیلام، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ناوچەکانی خوزســـتان لە ســـەر سنووری ئێران لەگەڵ عێراق و تورکیادا بڵاوبونەتەوە. شاری مەهاباد پایتەختی سیاسیی کوردستانی ئێرانە، وە شـوێنی نەتەوەپەرستی کوردە، دەکەوێتە باشـووری دەریاچەی ورمێ لە دۆڵێکی تەســـکی (١, ٣٠٠) مەتریدا لە ئاســـتی ڕووی دەریاوە.(٢) نزیکەی دوو سەد هەزار کەس، زۆربەیان کورد، شاری مەهابادا دەژین.(٣)

هەروەها نەتەوەی تریش لەو ناوچانەدا دەژین. 'لوڕ' کەمینەی سەرەکین لە ناوچەی ئیلام، وە ئازەریش لە ناوچەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوایی. لە نێوان ٤٠-٥٠ لە ســـەدی دانیشـــتوانی فارس نین. نزیکەی دوو لە ســـەر ســـێی کورد ســـوننین، وە لە ( ٢٧٪) شـیعەن. زۆربەی کوردە شـیعەکان لە کرمانشـان، گەورەترین شـاری کوردی، وە ئیلامدا دەژین.(٤)

ناوچە کوردیەکان پڕن لە سەرچاوەی ئاو، کە بۆ سوود وەگرتن لێیان لە بەشەکانی تری ئێراندا بەکاردەهێنرێت. ناوچەکەی بە ســـــەرچاوەی نەوت دەوڵەمەندە.(٥) هەروەها سەرچاوی کانزایی وەک مس، کرۆم، ئاسن و خەڵوز تیایدا بوونی هەیە.(٦) کورد هەرگیز قەرەبوونەکراوتەوە بەرامبەر ئەو سـەرچاوانەی لێی بردراوە. سـەرەڕای ئەمەش ئەوان بە سیاسەتێک بچوککراونەتەوە کە بێ بەش کراوە لە بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکانی خۆیان بۆ ئەوەی پێویستیە نێوخۆییەکانی پێ پڕ بکاتەوە. چەوساندنەوەی ئابووریی لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەوی دەرکەوت وە دوای شۆڕشی ئێرانیش لە ساڵی ١٩٧٩ هەر بەردەوام بوو. لە ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩دا، دەســـتورێکی نوێ داڕێژرا. فرە ڕەنگی ئایینی و زمان دانیان پێدانرا، بەڵام فارسی و ئیسلامی شیعە بە زامن و ئاییني فەرمی مانەوە. لەو کاتەی [ماددەی ١٥]ی دەســـتووری ئێرانی بەڵێنی مافەکانی پێشـــکەوتن و فەرهەنگیی بۆ هەموو هاوڵاتیانی ئێرانیدا، ناوچە کوردیەکان وەبەرهێنانی تیادا قەدەغە کرا وە بەم شێوەیەش دواکەوتنی بەخۆیەوە بینی.

کورد خاوەنی فۆلکلۆر و مۆسـیقا و هۆنراوەی بەهێزە کە حکومەت هەوڵیدا زەوتی بکات. کورد ڕەتی کردەوە پەروەردەی فارسی وەربگرێت، کە دەبووە هۆی سنورردارکردنی ئاســتی خوێندن و زیادبوونی نەخوێندەواری.(٧) ســـەرکردەی ڕۆحی، ئایەتولا خامنەیی، چاودێری "هێزە چەکدارەکان و دامەزراندنی ئەنجومەنی بەرژەوەندیی، ســـــەرۆکایەتی دادوەریی و سـەرۆکەکانی ڕاگەیاندنی حکومەت" دەکات.(٨) دەسـەڵاتەکەی لە لایەن هیچ دەزگایەکەوە چاودێری نەدەکرا.

ڕووداوەکانی ناوچەکە خەباتی نەتەوەیی کوردی بۆ حوکمی زاتی جۆشـــــدار کرد، وەک شـۆڕشـەکەی پەکەکە لە تورکیا و ڕێککەوتنی بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنۆمی لە سـاڵی ١٩٧٤ بۆ کوردەکانی عێراق. وەک لە وڵاتەکانی تریشدا، ڕژێمی ئێران وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی ســــەیری پەرۆشـــیی نەتەوەیی کوردی دەکرد. کوردەکانی ئێران کرانە ئامانج. هەروەهـا ئەوان بوون بە زەرەرمەنـدی یەکەمی ململانێکـانی نـاوچەکە. نـاوچەکـانی

سـەرسـنوور لەکاتی جەنگی ئێران–عێراقدا بە هاوەن هێرشـیان دەکرایە سـەر. ململانێ توندەکـان بوونە هۆی کۆڕەوێکی گەورەی جوتیـار و مـاڵـدارەکـان لە نـاوەنـدە شـارنشـینەکاندا. بەهۆی نکۆڵی کردن لە پەیداکردنی بژێوی ژیان، زۆرێک لە کوردەکان بەناچاری دەستیان کرد بە کاری قاچاغچیەتی و مامەڵەی بازاڕی ڕەش.(٩)

کوردسـتـانی ئێران یەکێکە لە هەژارترین نـاوچەکـانی ئێران، وە لەژێر هێڵی هەژاریدایە. هەروەها لە ڕیزبەندی خوارەوە دێت لە پەرەپێدانی ئامانجەکانی وەک ڕێژەی داهات، خوێندەواریی و بێکاریی. بێکاری دەردێکی کوشـندەی ئەم بەشـەی کوردسـتانە کە نزیکەی لە (٥٠٪)پێـک هێنـاوە. نەبوونی دەرفەتی کـار وا لە گەنجەکـان دەکـات زەویەکانیان جێ بهێڵن و بەرەو ناوچە شـارنشـینەکان کۆچ بکەن.(١٠) کوردانی ئێران بۆ ماوەی چەندین سـاڵە بەدەسـت بچووکردنەوە و جیاکردنەوە و پێشـێلکاریی مافی دەستووریەوە دەناڵێنن.(١١)

*****

یەکەم دەسـتووری ئێران لە سـاڵی ١٩٠٦دا پەسـەندکرا. ئەو دەسـتوورە تایبەتمەندی دیموکراسـی وەک جیابوونەوەی هێزەکان و زۆرینەی دەسـەڵاتی تیادابوو. هەرچەندە جەختی لە سـەر یەکسـانی کردبووەوە، بەڵام دانی بە هەمەجۆریی یان پاراسـتنی مافی کەمینەکان نەنا.(١٢) لە وەڵامی پێشخستنی فارسەکان بە هاوڵاتی پلە یەک، بزوتنەوەی جوداخوازی کوردی لە ساڵی ١٩١٨دا دەستی پێکرد.

جەعفەر سـولتـان کۆنترۆلی نـاوچەی هەورامـانی بـاکووری هەڵەبجەی کرد و سـەربەخۆیی ڕاگەیاند. شـۆڕشـەکەی سـوڵتان سـەرکردەی خێڵەکی تریش تیایدا

بەژداربوون. سـمکۆ، ئاغای خێڵی شـکاک[1]، دەسـتی کرد بە کۆنترۆڵکردنی زەویەکانی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ. (١٣) حەمە ڕەشـید، یەکێکی تر لە سـەرکردەی خێڵەکی، بەژداری شـۆڕشـەکەی کرد. ڕەزا خان، کە دواتر دەبێتە یەکەم پاشـای پەهلەوی، لە سـاڵی ١٩٢٢دا هێرشـێکی هەڵگەڕاوەی ئەنجامدا و سـمکۆی تووشـی شـکسـت کرد. هەڵمەتەکە پێکهاتبوو لە شاربەدەرکردنی بەزۆر، دوورخستنەوە و دەستبەسەرداگرتنی خاکی کورد. دەوڵەتەکەی سـوڵتان تا سـاڵی ١٩٢٥ بوونی هەبوو. وە توانی تا سـاڵی ١٩٢٩ بەرگە بگرێت و دواتر تێکشـکێنرا ڕەزا شـا بە شـێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو ئاغا کوردەکانی دەسـتگیر کرد و لە وڵات دووری خسـتنەوە و دەسـتی بەسـەر خاکی کوردەکاندا گرت، وە لە سەرتاسەری کوردستانی ئێران سەربازگەی دروست کرد. دوای لە سـەر کارلادانی بنەماڵەی قاجاری، (١٤) ڕەزا شـا پەهلەوەی لە بەرواری ١٢ تشـرینی یەکەمی ١٩٢٥دا، وەک پاشای نوێی دەوڵەتی ئیمپریالی فارس دەسەڵاتی گرتە دەست.

---

[1] سـمکۆ ناوی ئیسـماعیلە و کوڕی محەمەد پاشـای کوڕی عەلی خانی کوڕی ئیسـماعیل ئاغای شـکاکە و بنەماڵەکەیان لە مێژەوە گەورە و دەسەڵاتداری خێڵی شکاک بوون. سمکۆ ساڵی ١٨٨٧ لەدایک بووە و پاش مردنی باوکی و جەعفەر ئاغای برای، سـەرکردایەتی شـکاکی گرتۆتە دەسـت و لەدوای شـەڕی جیهانی یەکەمەوە دەسـتی بە گرتنی ناوچەکانی قەراغی گۆلی ورمێ کردوە. هەرچەندە لە سـاڵانی شـەڕی یەکەمی جیهانیدا سمکۆ لە هیچ چالاکییەکی سیاسی بە شداری نەکردبوو، بەڵام هێزەکانی ڕووسیا گرتیان و دووریان خسـتەوە بۆ شـاری تفلیس و دواتر ئازادیان کرد بەو مەرجەی بۆ خۆی دابنیشـێ و هیچ هەڵوێسـتێک دژی ڕووسـەکان نەنوێنێت. کە شـەڕی یەکەم کۆتایی هات سـمکۆ وەک سـەرکردەیەکی سـیاسـی ناوی دەرکرد و لەپێناو دامەزراندنی ئیدارەیەکی کوردیدا سـاڵی ١٩١٩ شـۆڕشـی بەرپاکرد و گەلێ ناوچەی گرنگی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، سـاڵی ١٩٢١ لە ئەنجامی لەشـکرکێشـییەکی گەورەی هێزەکانی حکومەتی ئێراندا سـمکۆ ناچار بوو پاشەکشێ بکات و پەنا بەرێت بەتورکیا. ساڵی ١٩٢٤ بە بڕیارێکی لێبوردن گەڕایەوە ئێران و ساڵی ١٩٢٦ جارێکی تر شۆڕشی بەرپاکردەوە. بەڵام ئەمجارەشیان شۆڕشەکەی تێکشکاو ماوەیەک لە تورکیادا بە دەستبەسـەری مایەوە. پاش ئازادکردنی گەڕایەوە ئێران و سـاڵی ١٩٣٠ بە پیلانێکی کاربەدەستانی ئێران لە شاری شنۆ کوژرا، بەمەش شۆڕشەکەی شکاک کۆتایی هات کە یانزە ساڵ درێژەی کێشابوو.

ئەو هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ بەمۆدێرنکردن و نەتەوەیی کردنی ئێران لەو کاتەی کەمە نەتەوەکان و فرە ئایینی تا دەهات بەرەو کەمبوونەوە دەچوو.

هەرچەندە ئێران لە جەنگی جیهانیی دووەمدا بێ لایەنی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام هێزە هاوپەیمانەکان گومانیان لە شا کرد بە هاوکاریی کردنی نازییەکان و لە ساڵی ١٩٤١دا داگیرکرا. سوپای ئێران هەرزوو تێک شکا و ڕەزا شا پەهلەوی ناچارکرا واز لە دەسەڵات بهێنێت. کە بنەماکانی ئاساییشی دەوڵەت لێک هەڵوەشایەوە، کورد بەرپرسیاریەتی کارگێڕی خۆجێی لەئەستۆ گرت. پێشمەرگەی کوردی، هێرشیان کردە سەر کۆگاکانی چەک و پڕ چەک بوون، وە توانییان ئاساییشی خۆیان دابین بکەن. حەمە ڕەشید، ئاغایەکی خێڵەکی بەگزادەی بانەیی بوو، کۆنترۆڵی بانە-سەردەشت و مەریوانی لە ڕۆژئاوا کرد. حکومەت نەیتوانی بە شێوەیەکی کاریگەر بەرەنگاری ڕە شید بێتەوە، بۆیە کردیە 'قایمەقامێکی نیمچە فەرمی'، موچەی پێدا، وە ئەرکی پاراستنی هەرێمەکەی پێ سپارد. (١٥) هەروەها حکومەتی ئێرانی هاوکاری سەرکردەیەکی تری کوردی کرد بە ناوی 'مەحمود ئاغا'. هەردوو سەرکردەکە چاڵیان لە دژی یەکتر هەڵدەکەند بۆ گرتنە دەستی تەواوی دەسەڵات. مەحمود ئاغا لە لایەن ئێرانەوە کۆمەک دەکرا وە لەساڵی ١٩٤٥دا کۆنترۆڵی تەواوی ناوچە کوردیەکانی گرتە دەست. (١٦) بیرۆکەی جوداخوازی کوردیی لە سیاسەتی مەرکەزیدا هاندرا، ئەمەش لە ڕێگای نکۆڵیکردن لە مافە فەرهەنگیەکای کورد و ئازادی ڕادەربڕین پیشاندرا.

دوای جەنگی جیهانیی دووەم یەکێتی سۆڤیەت دەستی بەسەر لە ناوچە داگیرکراوەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێراندا گرت. بە جوڵانەوە لەژێر کاریگەری مۆسکۆ، 'پارتی دیموکراتی کوردستان-ئێران' هەماهەنگی کرد لەگەڵ موستەفا بارزانی بۆئەوەی کۆماری کوردی مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ دابمەزرێنن. کۆمارەکە لە لایەن قازی

موحەمەدەوە ڕابەرایەتی دەکرا[1]، ئەو کەسـایەتیەکی دیاری ئایینی و سـەرکردەیەکی سیاسـیی کورد بوو. موسـتەفا بارزانی سـەرکردایەتی سـەربازیی گرتە دەسـت. کۆماری

[1] قازی محەممەد، کوڕی قازی عەلی، لە بنەماڵەیەک کە ناوبانگی لە شـاری مەهاباد بۆ چوار سـەدە پێشـتر دەگەڕێتەوە. ئەوان نە تەنیا لەلای خەڵک، بەڵکو لە لایەن دە سەلاتداران و بەرپرسانی حکوومەتیش، جێگەی ڕێز و پێ زانین بوون. هەر بە بنە ماڵە زا نا و ئازادیخواز و نیشـتمانپەروەر بوون. لە شـەڕی یەکەمی جیهانیدا پیاوی وەک میرزا فەتاحی قازییان لە بەرەنگاریی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووسەکان لێ شەهید بوو، کوڕە لاوەکانیشـی (سـالار و محەممەد) بە دیل گیران و بۆ شـوێنە دوورەکانی رووسـیەی ئەو کات بەڕێ کران و تا شۆڕشی ئۆکتۆبر هەر لە دیلیدا بوون.

قازی عەلی باوکی، لە ١٩٣٠ لە مە ها باد ڕێکخراوێکی کوردی بە ناوی *بزووتنەوەی محەمەد* پ ێک هێ نا. ناوبراو لەگەڵ جووڵانەوەی شـێخ محەمەد خیابانی لە تەورێز پێوەندی هەبوو، تا سـاڵی ١٩٣٤یش کە کۆچی دوایی کرد لەسەر ئەو کارە بەردەوام بووە.

قازی عەلی، دوو کوڕی هەبووە، یەکیان ئەبوالقاسـم قازی (ناسـراو بە سـەدری قازی) بووە کە دوو دەورە لەلایەن خەڵکەوە کراوەتە نوێنەری پەرلەمـان و جێبڕوا و کـاریگەرێتی تـایبەتی هەبووە. دوای تەواوبوونی کاری پەرلەمان لەسـەر ڕاسـپاردەی باوکی، بۆ ڕاپەڕاندنی کارە سـیاسـییەکان و یارمەتیدانی خەڵک هەر لە تاران مابۆوە.

قازی محەممەدیش کە ساڵی ١٩٠٠ی زایینی لەو بنەماڵە دا لەدایک بووە. قازی محەممەد لە منداڵی و لاوی دا زۆر خولیـای زانسـت و فێر بوونی زمـانە بیـانیەکـان بووە و جگە لە عەرەبی و فـارسـی، لەگەڵ زمانی فەڕەنسـی و ئینگلیزی و تا ڕادەیەکیش ڕووسـی ئاشـنایەتی کردووە. قازی محەممەد زۆری حەز بە تێکەڵاوی دەگەڵ زانایانی زەمان، کەسـایەتیە گەورەکان، کوردانی نیشـتمانپەروەر و سـەرۆک عەشـیرەتەکان هەبووە.

قازی محەممەد کە بوو بە ئە ندامی کۆمەڵەی ژ.ک و ناوی نهێنی *بینایی* بۆ دانرا، هیوایەکی زیاتری بۆ بەرپرسـان و خەڵک پێک هێنا. لە ئاکامی تێگەیشـتنی بە وەخت و ئازایەتی سـیاسـی ئەو و بە قەناعەت گەیشـتنی بەرپرسـانی کۆمەڵەدا بوو کە ژ.ک بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردسـتان و وەک حیزبی دیموکرات و پێشکەوتوو دە ستی کرد بە تێکۆ شان و خەباتی سیا سی. قازی لەبەر ڕێزی تایبەتی کە بۆ (ژ.ک)ی هەبوو، بناغەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتیشـی هەر بە ٢٥ی گەلاوێژ، ڕۆژی دامەزرانی (ژ.ک) دانا و هەر بۆیەش سـەرنجی زۆربەی نزیک بە تەواوی بەرپرسـانی بۆ تێکۆشـان لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردسـتاندا ڕاکێشـا.

حیزب زۆر بە خێرایی پەلوپۆی سـەند و تێکۆشـانی لە هەموو ناوچەی ئازادی کوردسـتاندا پەرەی سـەند. قەیرانی بەزۆر لکاندنی کوردسـتان بە ئازەربایجانەوە چارەسـەر کرد و ناچاری کردن حیسـابی جیاواز بۆ کوردسـتان بکەن. لە یەکەم کۆنگرەدا، لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ بە بەشـداریی نوێنەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی و سەرۆک عەشیرەت و نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان پێکهاتنی یەکەم کۆماری کوردستان ڕاگەیێندرا.

لەماوەی دەسـەڵاتداری کۆماری کوردسـتان ئەوەی پێویسـت بوو زۆر بە ڕاشـکاوی بە شـای ئێران و قەوام سـەرۆک وەزیرانی کاتی ئێران ڕاگەیاندوە، قامکی لەسـەر لاوازییەکانیان بەرامبەر بە گەلی کورد داناوە. بە ئاشکرا پێی گوتون، ئێوە لە قسەکانی خۆتاندا دوودڵن و ناتانەوێ مەسەلەی کوردستان چارەسەر بکەن.

کاتێک پێشـەوا لەلایەن *قوام السـلطنە*وە بۆ تاران بانگهێشـت دەکرێ و لە ڕێکەوتی ٢٨ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦ دەچێتە تاران، لەلایەن ژمارەیەک لە وەزیران، نوێنەرانی پەرلەمان و نوێنەری کوردەکانی تاران و نوێنەری حیزبەکان و یەکێتی کرێکاران لە فرۆکەخانە پێشـوازی لێ دەکرێت. ڕۆژنامەی *ایران ما* هەر ئەوکات دەنووسێ:

ئێسـتا کە قازی محەممەد لە تارانە و ئازادیخوازان چاویان پێی کەوتوە، دەردەکەوێ کە بیر و ڕای ئەو جێگیرکردنی ئازادی و دیموکراسـی لە تەواوی ئێران دایە و مافی کۆمەڵایەتی و سـیاسـی و ئینسـانی بۆ نەتەوەی کوردیش لە گۆڕێ دایە. هەر کارێک بە سوودی دێموکراسی بێ لەلایەن پێشەوای کوردستانەوە بە دڵەوە پێشوازی لێ دەکرێ. هیوادارین جەنابی قەوام لەو سەفەرە مێژووییە کەڵک وەرگرێ.

دوای وتووێژی زۆر، تاران و کۆماری کوردستان بە خاڵێکی هاوبەش نەگەشتن و گرفتەکان چارەسەر نەکران. هەر بۆیە بەشوێن ماوەیەک هەڕەشە، و بە دوای وەرگرتنی هێندێ بەڵێن بۆ یارمەتیدان لە ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد لەلایەن بڕێک سـەرۆک عەشـیرەتەکان، تەنانەت چەند کەس لەوانەی لەگەڵ قازی سـەفەری باکۆیان کردبوو، تاران لە پێشدا هێرش دەکاتە تەورێز بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئازەربایجان و پاشـان هێرش دەکاتە سەر کوردستان.

ئەرتەشـی ئێران کە قورسـترین ئامێری شـەڕیان چەند تانکی کۆن بوو، سـاڵی (١٩٤٦ی زایینی) گەیشـتە دەوروبەری شـاری تەورێز و ڕۆژی ٢١بە هەڵاتنی سـەرۆکانی کۆمار بۆ سـۆڤیەت کۆماری ئازەربایجان ڕووخا و ئەرتەش شاری تەورێزی داگیر کرد. دوای ئەوە ئەرتەش لەوێرا بەرەو مەهاباد بەڕێ کەوت. لەو ئەو ناوچانەی دیکە لە باشـوری مەهابادا کە خۆیان بە بەشـی کۆمار دەزانی و دەسـەڵاتی تارانیان بە حکوومەتی ناوەندی نەدەزانی، واتە لە شـارەکانی سـنە، دیواندەرە، مەریوان هەتا نزیکی سـەقز، لە چەن مانگ پێش ئەوە، هێزیان ئامادە کردبوو؛ بەڵام دوای تەورێز ئەرتەش هێزی نوێی لە ڕێگای قەزوێن بۆ سـەقز نارد کە لە ٢٠ی سـەرماوەز

گەیشتنە سەقز و لە ڕێگەی بۆکان بە یارمەتی هێندێ لە کوردەکانی سەربە حکوومەتی شا، ڕێگەی مەهابادیان گرتە بەر. قازی وەک ســـەرۆک کۆمار دەســـتوور دەدات هەتا دەکرێ لە شـــەڕ خۆ بپارێزن چون ماڵوێرانی پێوەیە. ئەگەرچی لە پێناوی وڵات هەمووان تێدەکۆشـن بەڵام بە هۆی جووڵانەوەی سـەرنجڕاکێشـی هێزەکانی سۆڤیەت، زۆر بە خێرایی، لە ماوەی چەن ڕۆژ کوردستان داگیر دەکرێ. ئەگەر چی ئەو ڕەخنە لە قازی، وەک سەرۆک کۆمار و جێی متمانەی جەماوەر دەگیرێت کە بۆ ئەوندە پشتی بە یارمەتی سۆڤیەت بەستبوو کە بە دەســت کێشــانی لە پاڵپشــتی کۆمار ئاوەها بە خێرایی کۆمار تێدا چوو؛ بەڵام لەوەدەچێ گەورەترین هۆی ڕووخانی کۆمار یەک نەبوونی هەموو دەسـتەکان ببێت، تا ئەو ڕادەیە کە هێندێ هەتا سـۆڤیەت کوردسـتانی چۆڵ کرد، نامەیان نارد بۆ تاران کە وەرن، ئێســتە کاتی هێرشــە. بە ئاگادار بوون لە داهاتووی کۆمار مەلا مســـتەفا هەوڵی دا کە قازی لەگەڵ خۆی بباتە دەرەوە، بۆ پاراســتنی گیانی، بەڵام قازی بەوە ڕازی نەبوو، پێی وا بوو دەبێ لە ســـەر بەڵێنی خۆی بمێنێتەوە. قازی دەزانێ کە بە زوویی کۆمار دەڕووخێت؛ لە نێوان شەڕ یان خۆبەدەستەوە دان، وەک بەرپرسیارێکی گیانی خەڵک، بۆ بەرگری لە کوشتن و وێران کردن، وەک قارەمانێکی نەتەوەیی خۆ بەدەســـتەوە دەدات. هەڵبەت ســـەبارەت بەوە، ڕەخنەدەگرن کە ئایا ئەگەر قازی لەگەڵ مەلا مســـتەفا بڕۆشــتایە، دواتر نەیدەتوانی قازانجی زیاتر بێت بۆ گەلەکەی؟ بەڵام لە کاتی ماڵئاوایی لەگەڵ مەلا مستەفا، قازی ئاڵای کوردسـتان دەسـپێرێ بە مەلا مستەفا و وەک وەڵامی ئەو پرسـیارە دەڵێ: "من خۆم فیدای خەڵکی دەکەم و هیچ کات وەک پیشـــەوەری و ســـەرانی ئازەربایجان ناکەم تا وڵاتەکەم لە خوێن دا شەلاڵ بێو هەزاران کەس بە کوشت بچن".

ئەرتەش ڕۆژی ٢٩ی ســـەرماوەز دەگاتە مەهاباد وەک پایەتەختی کۆمار و وەک ئەو شـــارەی دەســـەڵاتی کۆماری تێدایە، کاتێ زیاتری بۆ دادەنێن. ئەگەرچی هەر لە پێشـــدا هەم قازی بۆخۆی و هەموان دەیانزانی سزای قازی و هەڵسووکەوتی حکوومەت لەگەڵ وی چۆن دەبێ، بەڵام دادگایەک ڕێک دەخرێت و تێیدا قازی و ئەندامانی کۆمار بە چەن تاوانی سەرەکی دادگایی دەکرێن.

ئەگەرچی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لەسەر پاڵپشتی سۆڤیەت دامەزرێندران، بەڵام کۆماری کوردستان ڕاستەقینە ئارەزووی جەماوەری کورد بوو. سۆڤیەت بۆ سوودی خۆی دەستی لە پاڵپشتی کێشاوە و دەسـەڵاتی تاران هەردوو کۆماری لاوازی مەهاباد و ئازەربایجانی خنکاند. درێژەی کۆماری مەهاباد ١١ مانگ بوو.

لەســـــاڵی ١٩٤٧زاییینی لیژنەی تـایبەت کە لە تـارانەوە هـاتبوون بە ســـــەرۆکـایەتی *ســـــەرهەنـگ ڕەزا* دەگەنە مەهاباد و دادگا ڕێکدەخەن. پرســـــیارەکانی دادگا ڕوون نەبوون. لەلایەن قازیەکانەوە (قازی

محەممەد، سەدر قازی، سەیف قازی) هەموو تاوانەکان ڕەتکرایەوە و داوای بەڵگەیان دەکرد. ئاشکرابوو کە ئەو دادگا هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نەبوو.

**تاوانەکانی قازی ئەمانە بوون:**

- گۆڕین و دەستکاری کردنی نەخشەی وڵاتی ئێران
- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و داگیر کردنی بەشێک لە خاکی ئێران بە ناوی کوردستان
- بازرگانی کردنی نەوت لەگەڵ سۆڤیەت بە بێ ئاگاداری و ڕەزامەندی دەوڵەتی ناوەندی
- ساز کردنی نەخشەی کوردستانی گەورە بە لکاندنی کوردستانی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا
- هێنانە ناوەی بێگانە و بەشێک لە خاکی ئێران خستنە ژێر دەستی (مەبەست مەلا مستەفا بارزانی)
- دانانی ئاڵای جیاواز بۆ کوردستان بە نیشانی چەکوچ و داس بە شێوەی ئاڵای سۆڤیەت
- لێدانی سکەی پووڵ بۆ کوردستان بە وێنەی ڕووپیەی ڕووسی

قازی هەموو ڕەت دەکاتەوە و لە وەڵام دا دەڵێ ئاڵام داناوە بەڵام نە وەک ئەوەی ئەوان دەڵێن وەک ئاڵای سۆڤیەت. سەبارەت بە مستەفا بارزانی، ئەو بۆ خۆی هاتووەتە مەهاباد و کەس نەیهێناوە، ئەو کوردە و کوردستانماڵی هەموو کوردێکە و هەر کوردێک بە ئارەزووی خۆی لە سەر هەر بستە خاکی کوردستاندا دەتوانێ بژی.

یەکێک لە تاوانەکانی سەرەکی سەدر قازی، جێگری سەرۆک کۆمار و برای قازی محەمەد نووسینی شیعرێکی گەرم بۆ بەخێرهاتن وتن بە مەلا مستەفا بارزانی بوو.

دادگاکە بە دانی بڕیار لە سێدارە دانی هەر سێ تاوانبارەکە کۆتایی هات. بەڵام ئەمە کۆتایی کارەکە نەبوو. قازیەکان لە بەندیخانە کران بۆ ماوەی سێ مانگ. دیسان بە هەمان شێوە دادگای پێداچوونەوە بەڕێوەچوو، ئەگەر چی هەموان لە سەر ئەو بڕوا بوون کە بە تاوانبار ناسینی قازی هەر لە پێشدا وەک ئامانجی دادگاکان لە تارانەوە نیشان کرابوو. پێشەوا و هاوڕێیانی ئەوەندەی لە ماوەی یازدە مانگی کۆماردا هەوڵیاندا، هەر ئەوەندەش لەو دادگا بوو، لە خۆبردوویی و ئازایەتییان لە خۆیان نیشان داوە.

لەگەڵ هەموو ئازاری دەروونی و ئەو ژیانە تاڵەی کە لە بەندیخانەی پادگانی مەهاباددا بۆیان پێک هاتبوو، نە تەنیا بڕوایان بە ئامانجەکانیان، لاواز نەببوو بەڵکو زۆر ئەرخەیانتر و بە ورەتر ببوون.

لە چاوپێکەوتنێکی نهێنیدا کە لەگەڵ یەک دوو مرۆڤی جێی باوەڕی خۆیان بوویانە، گوتوویانە:

"ئێمەیان فریودا، با نەتەوەی کورد فریو نەخوا و خەباتی خۆی بۆ ڕزگاری و سەربەستی درێژە بدات و چەک دانەنێ."

هەروەها گوتبوویان:

"کە زۆریان زەخت خستووینەتە سەر تا نامەیەک بۆ مەلا مستەفا بنووسین کە دەست هەڵبگرێ. بەڵام ئێمە نەتەنیا شتی وا نانووسین بەڵکوو پێمانوایە ئەوەی بۆی دەکرێ دەبێ دەگەڵ ئەو ناپیاوانە بیکا."

ئازایەتییان لە دادگاکاندا بە ڕادەیەک بووە کە ئەفسەرەکان سەریان سووڕماوە. لە ڕاستیدا ئەو دادگایە ئەمەریکا و ئینگلیزیشی لە پشت بوو. هەرچەند جگە لە کاربەدەستانی خۆیان کەسی نامۆی لێ نەبووە، بەڵام هەر لە ڕێگای ئەوانەوە زۆر شت بڵاو بۆتەوە کە پێویستە بیزانین.

پێشەوا هەر جارێک لەو دوو جارە کە بە ناو دادگایی کراوە زیاتر لە چوار کاتژمێر قسەی کردوە و بە وتەی سەروان شەریفی کە پارێزەری بووە : ئەوە قازی محەممەد بووە کە حکوومەتی دادگایی کردوە و لە هەموو بوارێکەوە هێناویەتە ژێر پرسیار.

ڕۆژنامەی 'ئازادی' کە لەو سەردەمدا لە بەغدا بە زمانی کوردی دەردەچوو، سەبارەت بە پشتگیریی ئەمەریکا و ئینگلیز لەو دادگاییە نوسیبووی :ئیستیعماری ئینگلیز و ئەمریکا لە وجوودی قازی محەممەد و هاوڕێکانیدا دوژمنی هەرە سەرسەختی خۆیان دەدی. هیوایان هەبوو بتوانن بە چۆکیان دابێنن و لە بەندیخانەش نوێنەرەکانیان چوون لەگەڵیان دوان تا بتوانن بۆ لای خۆیانیان ڕابکێشن، بەڵام هیچ کات سەرکەوتوو نەبوون.

دواتر ڕۆژنامەی ئازەربایجان لە باکۆ نوسیبووی قازی محەممەد بە نوێنەری ئەمەریکا (جورج ئالن)ی گوتبوو :*گەلی کورد چاوەڕوانی هیچ چاکەیەکی لە وڵاتانی ئیستیعماری نیە .*

نەجەفقولی پسیان وتەکانی پێشەوا لە دادگادا لە چەند ڕستەدا کورت دەکاتەوە و دەنووسێ: لە کاتی دادگاییدا قازی محەممەد پەلاماری دەبردە سەر سیاسەت و ئاکاری دەوڵەتی تاران و دەیگوت: "من لە قوژبنی گرتووخانەوە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی تاران و سەرۆکەکانی و دەڵێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە وڵاتتان لێ داگیرکردووین.

ڕۆژنامەنووسێکی دیکە بە ناوی *سلیمان.خ* لە نووسراوەکانیدا دەڵێ، قازی گوتی:

تەواوی ئەم بە سەرهات و ڕووداوانە ئاکامی سیا سەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە. ئەگەر دەوڵەت تەواوی کوردان بە خائین دەزانێ با دەست لەو مەڵبەندە هەڵبگرێ، ئەگەر بە نیشتمانپەروەریشیان دەزانێ با لێ بگەڕێ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست.

لە بەڵگە و ڕۆژنامەکانی یەکێتی سۆڤیەت زۆر شت لەم بابەتانە نووسراون. لە زمان ئەفسەرە ئێرانییکانەوە دەگێڕنەوە کە قازی لە وەڵامی ئەوەی کە کۆماری مەهاباد دەست نیشانی سۆڤیەت بووە وتوویەتی:

ئەو ڕووداوانە لە ئاکامی ئەوەی دابوون کە ئێوە خۆتان قانوونی بنەڕەتیتان لە ژێر پێ ناوە. ئێســـتاش من تەنیا خۆم دامەزرێنەری دێمۆکراسـیەت لە کوردسـتانم و هیچ هێزێکی بێگانە منی هان نەداوە. بێبەشـی کورد منی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانە هان داوە.

کاتێک سـەرۆکی دادگا بە خەیانەت تاوانباریان دەکا لە وەڵام دا دەڵێ :ئێرەماڵی منە، خاکی کوردسـتان خاکی باب و باپیر و ئەجدادی منە چۆن دەتوانم دە ستی لێ هەڵگرم. دادگایی یەکەم لە ١٩ی مانگی کانوونی دووەم دەســـتی پێکرد و چەند ڕۆژی خـایـانـد و حوکمی ئیعـدامی قـازییەکـانی دا. دادگـایی دووهەم لە ٢٨ی مارسی ١٩٤٧) واتە ٧ی خاکەلێوە دەستی پێکرد و ڕۆژی ٣٠یمارس کۆتایی پێهات.

لەبەرەبەیانی (٣٠ی مارســی ١٩٤٧) پێشــەوا قازی، حەمەحوســێن خانی ســەیف قازی (ئامۆزای پێشــەوا) و ئەبولقاسم سەدر قازی (برای پێشەوا) بە دوایی حوکم دران لە دوو دادگای نایاسایی و فەرمایشیدا بەدەستی دوژمنـانی گەلی کورد لە چوارچرای شـــــاری مەهـابـاد، واتە هەر لەو شــــوێنەی لە ٢٢ مـانگی کـانوونی یەکەمی ١٩٤٦کۆماری کوردستان لێی راگەیەندرابوو، لە سێدارە دران و شەهیدکران.

هەڵســــوکەوتی قـازی کـاتی لە ســــێدارەدران کە ڕۆژنـامەنووســــێکی دەربـاری شـــــا دەیـانگێڕێتەوە وەک چیرۆک و ئەفسانەی لێهاتووە. قازی لە پێشدا داوا دەکات کە تیربارانی بکەن چونکە لە سێدارەدان ئایینی نیە، بەڵام ڕێگەی پێ نـادەن. پـاشــــان وەســــیەت نـامەیەک دەنووســــێت کە جێگەی ســــەرنجە لە باری کۆمەڵایەتیەوە و لە باری سیا سیەوە. قازی ئەو مردنەی بە سەرکەوتن دەزانی و هەر بۆیە بە ٧ هەنگاو ڕێگەی بۆ لای سێدارەکە پێوا. لە پای سێدارە ڕێگەی نەدا چاوی ببەستن و دەڵێت:

"حەز دەکەم لە ئاخرین چرکەی ژیانیشم دا بە سەربەرزی و چاوی کراوەوە لە نیشتمانی خۆشەویستم بڕوانم."

ڕوو لە خوێنمژانی گەل دەڵێ: ئێوە قازی محەممەدێک دەکوژن، بەڵام بزانن لە هەر تنوکە خوێنێکی من، قازی محەممەدێکی دیکە شین دەبێتەوە. داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لەپێناو ڕزگاریی کوردستان دا پەک نەخات، باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشـی تاران مەکەن. بژی کورد و کوردسـتان. تەرمی ئەو شـەهیدانە هەر ئەو ڕۆژە لەســــەر شــــان و پیلی خەڵکی بە شــــەرەفی مەهاباد لە گۆڕســــتانی مەلا جامی بە خاکی نیشتمانەکەیان سپێردران. شوێنی گۆڕەکەیان ئێستاش لە ژێر چاودێریدایە.

مەهاباد ناوچەیەکی بچووکی ســـەربەخۆی، کە ئێســـتا ناوچەی ڕۆژئاوای ئازەربایجانە، دەگرتەوە. زۆرینەی دانیشــتوانی کورد دەکەوتنە دەرەوی ئەو ناوچەیەی لە ژێر ناوچەی قەلەمڕەوی ئەنگلۆ-ئەمریکیدا بوو. ڕۆژئاوا وەک دەوڵەتۆچکەیەکی ســـۆڤیەت ســـەیری کۆماری کوردستانی کرد. حکومەتی ناوەندی ئێرانی، کە لە لایەن ئەمریکا و بەریتانیاوە پشــتگیری کرابوو، کۆماری مەهابادی داگیر کرد کاتێک هێزەکانی ســۆڤیەت لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ لە ئێران کشانەوە. قازی محەمەد لەسێدارە درا، وە زیاتر لە هەزار کورد لە ساڵی ١٩٤٧دا کوژران. کۆماری مەهاباد کەمتر لە ساڵێک تەمەنی بوو.

*****

ژمـــارەیەکی زۆر لە لایەنە کوردیەکـــان بەژدارییـــان کرد لە بزوتنەوەی کوردی بۆ دەوڵەتبوون. کۆمەڵەی ژێکاف- ڕێکخراوێکی نهێنی بوو کە لە ١٤ کەســـی ناوچەکە پێکهاتبوو.... هەموو ئەندامانی ســـوێندیان خوارد هەرگیز خیانەت لە نەتەوەی کورد نەکەن و کـاربکەن بۆ حوکمی زاتی.(١٧) ئەو کۆمەڵەیە قـازی محەمەدی هێنـایە نـاو ڕێکخراوەکەی، کە دواتر پەیوەنـدیەکەی پچڕانـد و کۆمەڵەیەکی هـاوتـای پێکهێنـا. کۆمەڵەی ژێکاف، هەروەها بە ڕێکخراوی شــۆڕشــگێڕیی ڕەنجدەرانی کوردســـتانی ئێران ناسرابوو، لە لایەن نوێنەرانی ئێران، عێراق و تورکیا لەکاتی کۆنفرانسێک لەساڵی ١٩٤٤ لە 'دالانپور'، ئەو شــوێنەی هاوســنووری هەرســێ دەوڵەتەکەیە دامەزرا. ئەو کۆمەڵەیە دواتر دەبێتە 'پارتی دیموکراتی کوردســـتانی-ئێران'. وە کۆمەڵەی زەحمەتکێشـــانی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٢دا دامەزرا. کۆمەڵەکە لە سەر ڕێبازی شوعیەت بوو وە بوو بە لقی کوردی پارتی شیوعی ئێران لە ساڵانی هەشتاکاندا. باوەڕی بە شۆڕشی پرۆلیتاری هەبوو، کە ئامانجیان نەهێشتنی دەرەبەگایەتی و پیاوە گەورەکانی ڕژێمی پەهلەوی بوو.

پارتی دیموکراتی کوردســتانی-ئێران، لە ســاڵی ١٩٤٥ وەک لقێکی کۆمەڵەی ژێکاف دەرکەوت.(١٨) (KDPI) دەبێتە لقێکی سیاسی سۆشیال، چالاکیەکانی تەرخانکرد و مافی

چارەی خۆنوســـــین بۆ کورد و خە باتکردن لە دژی ئیمپریالیزم. بە نەرمتر بوون لە کۆمەڵە، (KDPI) خواستی کە " ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتی"دا بێت. لە کۆتایی ســــالآنی چل و ســــەرەتای پەنجاکاندا، (KDPI) هەمان ئامانجی هاوبەش کۆیدەکردەوە لە گەل پارتی [تودە]ی شــــیوعی لە بەرەنگاربوونەوەی دەســــەڵاتی شـــا پەهلەویدا. (١٩) (KDPI) چەندین زنجیرەی نهێنی راپەڕینی خێڵەکی لە ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ دارشتن، کە لە لایەن حکومەتەوە دامرکێنرانەوە.

کۆمەڵە و (KDPI) لە ڕووی ئایدۆلۆژی و ســــیاســــیەوە لە بەربەرەکانێدا بوون. کۆمەڵە، (KDPI) ڕە تدەکردەوە بەهۆی نەرمی نواندن و بورژوازیەکەیەوە. کۆمەڵە ناوی لە (KDPI) نابوو "دوژمنی شــۆڕش"، وە ڕەخنەی لێدەگرت بە جێگری پارتی (تودە) و پەیوەندیە نزیکەکانی لەگەڵ ســۆڤیەت تاوانباری دەکرد، کە خۆی باوەڕی وابوو ناپاکی لەگەڵ ئەندێشــــەی ســــۆشــــیالیزمدا کردووە. ناکۆکیەکانی نێوان کۆمەڵە و (KDPI) توندوتیژی لێکەوتەوە، بە پێکداداني بەردەوامیان لە ســالآنی هەشــتاکاندا. ســەرەڕای جیاوازی هونەریی و ئایدۆلۆژیی، کۆمەڵە و (KDPI) هەمان هەڵوێســـــتی هاوبەشــــی متمانەنەبونیان بە ئیسلامی توندڕەو هەبوو.

بنەماڵەی پەهلەوی وەک دەســتووری پاشــایەتی دەســتووری لە ئێران لە نێوان ســالآنی ١٩٢٥-١٩٧٩ حوکمی کرد. (٢٠) کوردەکان پشــتگیری شــۆڕشــی ئێران و گرتنە دەســـــتی دەســــەڵات لە لایەن ئایەتولا روحولا خومەینی کرد. لە جیاتی پشـــــتگیری لەناوچوونی پاشــایەتی و دروســتبوونی دەولەتێکی ئیســلامی، بەڵێن بە کورد درا کە حکومەتە خۆجییەکان و سەرچاوە سروشتیەکان و بڕیارە ئابووریەکان بدرێنەوە دە ست کورد. ئەوان گەرەنتیان وەرگرت کە لە پەروەردەدا هەردوو زمانی کوردی و فارســــی بەکاربێن. هەروەها بەڵێنیشــیان پێدرا کە رۆڵیان هەبێت لە نووســینەوەی رەشــنووســی دە ستوری نوێ. بەڵێنەکان هەرگیز نەخرانە بواری جێبەجێکردنەوە. کاتێک خومەینی لە بەڵێنەکانی دواکەوت، ئەندامانی (KDPI) جەختیان لە ســـەر ئەوە کردەوە کە حکومەتی

ناوەندی ئۆتۆنۆمی بدات بە کورد پێش ئەوەی ئەوان بڕیاری پاشـــەکشــە بدەن. ئەوان دروشمی "نا بۆ گشتپرسی، دەستپێکردنی مافی چارەی خۆنوسین"یان دەوتەوە.(٢١)

کورد پشـــتگیری عەزەت حســـێن، پیاوێکی ئایینی خەڵکی مەهاباد بوو کە حکومەتێکی عەلمانی دەویســـت، کرد. خومەینی پشـــتگیری ڕابەرێکی بەدیلی کرد، ئەحمەد موفتیزادەی خەڵکی ســـنە. بەپێچەوانەی حوســـەینی، موفتیزادەش، کوردی سـوننە، پشـتگیری دروسـتبوونی کۆمارێکی ئیسـلامی کرد. دواتر، زۆرینەی کوردەکان هەســتیان کرد ناپاکیان لە بەرامبەر کراوە لە لایەن خومەینیەوە. هاوپەیمانی عەلمانی، ئـایینی، پیـاوانی ئـایینە جوداکـان، چەپگەر، دیموکرات و گروپە کەمە نەتەوەکـان جیابوونەوە، کە بینیان خومەینی دەسەڵاتی ئایینی لە دەستوردا جێگیر دەکات.

(KDPI) هەوڵیدا خومەینی ئارام بکاتەوە بە جەختکردنە سەر موسلمانیەتی کورد و وازهێنان لە داواکردنی سـەربەخۆیی. هەرچەندە خومەینی گومانی لە دڵسـۆزیی کورد هەبوو چونکە زۆرینەیان ســوننە مەزهەبن. بەرخوازی بزوتنەوەی ســیاســی یەکگرتنی کوردانیش گومانی کەوتە ســـەر ســـەبارەت بە جولانەوەی کوردان لە جیاتی هێزە گەورەکان.

خومەینی لە حوزەیراندا مەجلیسێکی پێکهێنا لە پسپۆڕ و شارەزایانی نووسینەوەی دەســتوور. ئەو مەجلیســە لە حەفتا و ســێ کەس پێکهاتبوو، لەناویاندا پەنجاوپێنج کەســـایەتی ئایینی تیادابوو، نزیکەی هەموویان ئەندامی پارتی کۆماری ئیســـلامی خومەینی بوون. کورد لە بەژداریکردنی نووســـینەوەی دەســـتوردا بێبەشـــکرا.

تەنانەت (دکتۆر عبدوڕەحمان قاســملۆ)ش[1]، نوێنەری هەڵبژێردراوی کوردســتانی ئێران، بێبەشکرا لە کورسیەکی ناو ئەم کۆبونەوەیە.

---

[1] عەبدولرەحمان قاســملوو لە ڕێکەوتی ٢٢ی کانوونی یەکەمی ســاڵی ١٩٣٠ زایینیدا لە شــاری ورمێ لە بنەماڵەیەکی خاوەن موڵک و دەســت ڕۆیشــتوودا لە دایکبووە. خوێندنی ســەرەتایی و ناوەندی، پێشــان لە ورمێو دوایە لە تاران تەواوکرد.

هێشتا زۆر منداڵ بوو کە لەگەڵ مەسەلە سیاسیەکان ئاشنا بووو بیر و باوەڕی ئازادیخوازانە لە مێشکیدا جوولا. بۆ خۆی لەم بارەیەوە لە کتێب" چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا پاش باسی سەفەری ٣٠ کەس لە کوردەکان بۆ باکۆ لە سەر بانگهێشتنی سۆڤیەت، دەنووسێ: "هەر چەند ئەو کاتە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو، بەڵام وەک زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی ڕاکێشا بووم."

باوکم یەکێک لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو. زۆر باشم لە بیرە کە لە باکۆ هاتەوە چەندین تاقەندی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تاپڕێکی باشـیشـی پێ بوو. وادیارە سـۆڤیەتییەکان قەند و تفەنگ و شـتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی هەیئەت. قەند بە تایبەتی زۆر بە نرخ بوو، چونکە ئەو کاتە لەئێران زۆر کەم و گران بوو. من ئەو کارەم زۆر پێ ســەیر بوو، چونکە لە ماڵی ئێمە براکانم و ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، باســی ئەوەیان دەکرد کە باوکم لەگەڵ چەند کەســی دیکە چوون بۆ باکۆ حەق و ئازادیی کوردان داوا بکەن. بۆیە ڕاست و ڕەوان لە باوکمم پرسی: ئەدی مافی کوردان چی لێ هات؟

عەبدولرەحمان قاسملوو تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە دامەزراندنی دیموکرات لە شاری ورمێ دەست پێکرد. ساڵی ١٩٤٧ کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕووخا. بە دوای ئەو دا ئەویش بۆ خوێندن چووە بۆ درێژە پێدانی خوێندن چوو بۆ پاریس پایتەختی فەرەنســا. گەیشــتنی بە پاریس هاوکات بوو لەگەڵ تەقە کردن لە شــا لە زانکۆی تاران کە بوو بە هۆی لە نێو چوونی ئازادییە دێموکراتییەکان لە ســەرانســەری ئێراندا. بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوەیەکی بەرینی خوێندکارە ئێرانیەکان لە پاریس پێک هات کە لەوێ دا قاســملووو بە درێژی لە دژی شــا و ڕژێمەکەی قســەی کرد لە ئاکام دا خوێندکاران پەیامێکی ناڕەزاییان بۆ محەممەد ڕەزا پەهلەوی نارد. ئەم کارە بوو بە هۆی فشــاری باڵیۆزخانەی ئێران لە پاریس، تەنانەت حکوومەتی فەرەنســا بۆ ســەر قاســملوو. ســەرئەنجام ناچار بوو پاریس بە جێ بهێڵی و وەک یەکەم بوورســیەی ئێرانیی "یەکێتی نێونەتەوەیی خوێندکاران" چوو بۆ پڕاگ پایتەختی چێکۆسـلۆڤاکیا. هەر لەو ماوەیەدا کە لە فەرەنســا بوو، بە هاوکاریی چەند خوێندکاری دیکەی کورد "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا"یان دامەزراند.

لەو ماوەیەدا کە لە پڕاگ خەریکی خوێندن بوو لە تێکۆشانی یەکێتی نێونەتەوەیی خوێندکارانیشدا بەشدار بوو. پاشان بە نوێنەرایەتیی خوێندکارانی ئێران لە دووەم کۆبوونەوەی ئەم ڕێکخراوەدا کە لە شاری پڕاگ گیرا، بەشـــدار بوو. هەر لەو ماوەیەدا وەک نوێنەری ئێران لە زۆر کۆبوونەوە و *کۆنفرانســـی فیدراســـیۆنی جیهانیی لاوان* دا لە شاری بوداپێست پایتەختی مەجارستان بەشدار بوو.

ســـاڵی ١٩٦٢ قاســـملوو لە زانکۆی پڕاگ دکتۆرای زانســـتی ئابووریی وەرگرت و هەتا ســـاڵی (١٩٧٠) لە زانستگەی پڕاگ وانەی ئابووریی سەرمایەداری و ئابووریی سۆسیالیستی و تیۆری هەڵدانی ئابووریی گوتەوە. لەو ماوەیەدا دکتۆر قاســـــملوو چەندین کتێب و نامیلکەی لە ســــەر گیرو گرفتە ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سـیاسـییەکان نووسـی کە لە هەموویان بە ناوبانگتر کتێبی کوردسـتان و کورد. ئەم کتێبە لە جێدا بە زمانی چیکی نووسراوە، تا ئێستا بە زمانەکانی :ئینگلیزی سلۆڤاکی، پۆڵەندی، عەرەبی و کوردی و فارسی و هیندی و چەند بەشیش بە فەڕەنسی چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

قا سملوو زمانەکانی کوردی، فار سی، تورکی،عەرەبی، فەڕەن سی، ڕوو سی بە با شی دەزانی و بە زۆر زمانی دیکەش وەک ئەڵمانی و زمانەکانی *سلاڤ* تا ڕادەیەک ئاشنا بوو.

پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازار و ڕێککەوتنی نێوان ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لە باشـــووری کوردســـتان و دەوڵەتی ئەو وڵاتە ئیمکانی تێکۆشـــانی ســـیاســـی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان زیاتر بوو. لەو کاتەدا *دکتۆر قاســـملوو* لە ئەورووپا گەڕایەوە و بە هاوکاریی چەند کەس لە یارانی نیزیکی ئەرکی زیندوو کردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی بەئەســـتۆ گرت. لە کۆنفرانســـی ســـێهەمی حیزبدا کە مانگی جۆزەردانی ســـاڵی ١٩٧١ گیرا، دکتۆر قاســـملووو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشـــان بە ســـکرتێری گشـــتیی حیزبی دیموکراتی کوردســـتانی ئێران هەڵبژێردراو لەو کاتەوە لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبی دا وەک سکرتێری گشتی هەڵ بژێرایەوە. بەم جۆرە بۆ ماوەی هەژدە ساڵ وەک ڕێبەرێکی کارزان و شارەزا لە پلەی یەکەمی مە سئوولییەتدا کاروباری حیزبی دیموکراتی کورد ستانی ئێرانی لە یەکێک لە سەختترین قۆناخەکانی خەباتی ئەم حیزبەدا بەڕێوەبرد.

دکتور قاسـملوو ڕۆژی١٣ی تەممووزی ١٩٨٩ لە کاتێک دا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسـەری ئاشـتیخوازانەی کێشـــەی کورد لە ئێران دا لەگەڵ چەند نوێنەری حکوومەتی کۆماری ئیســـلامی ئێران لە ڤیینا لە ســـەر مێزی وتوویژ دانیشـــتبوو لەگەڵ عبدالله قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئەورووپا بە دەسـتی نوێنەرانی کۆماری ئیسـلامی ئێران بۆ وتوویژی ئاشـتی، شـەهید کرا. هەر لەو تیرۆرە دا دکتور فازل ڕەسوڵ، هاوڵاتی باشووری کوردستان شەهید بوو.

دەستوور لە ٢-٣ کانوونی یەکەمی ١٩٧٩دا لە لایەن دەنگدەرانەوە لە گشتپرسییێکدا پەسەندکرا.(٢٢) دەستووری نوێ بنەماکانی (ویلایة الفقه) پاراست و پیرۆزی کرد، کە رۆڵی سەرکردایەتی حکومەت و بەرپرسانی دەوڵەتی لە بەرژەوەندی پیاوانی ئایینیدا زامن کرد. خومەینی وەک سەرکردەی رۆحی کۆماری ئیسلامی ئێران پێگەی خۆی

---

لە سەردەمی حکوومەتی میللی دکتۆر محەممەد موسەددیقدا عەبدولڕەحمان قاسملوو پاش ئەوەی لە زانکۆی پڕاگ بڕوانامەی زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەرگرت گەڕایەوە ئێران. ئەو کاتە لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی توودەی ئێراندا یەکێتی تەشکیلاتی هەبوو. قاسملوو پاش شەش مانگ تێکۆشان لە تاران هاتەوە مەهاباد و لەوێ بەرپرسایەتی کاری حیزبی دیموکراتی گرتە ئەستۆ.

پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٩٥٣ ناچار بوو بە تەواوی خۆی بشارێتەوە و بە نهێنی لە تاران و لە کوردستان خەریکی کاری حیزبی بێ. لەو ماوەیەدا عەبدولڕەحمان قاسملوو سەرپەرستی رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی بە ئەستۆوە بوو کە تەنیا پێنج ژمارەی بە نهێنی لێ دەرچوو. هەر لەو ماوەیەش دا بوو کە کۆمیتەیەکی سەرانسەری بۆ کاروباری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بەرپرسایەتی ئەو پێکهات.

عەبدولڕەحمان قاسملوو پاش پێنج ساڵ تێکۆشانی سیاسی لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان، جارێکی دیکە چووەوە چێکۆسلۆڤاکیا، ساڵی ١٩٥٨ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلوول و بووژانەوەی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان قاسملوو لەگەڵ چەند ئەندامی بەرپرسی دیکەی حیزبی هەوڵیان دا لە رێگای عێراقەوە رێکخراوەکانی حیزبی زیندوو بکەنەوە. بەڵام بە هۆی کارشکێنی هێندێک لە بەرێوەبەرانی ئەو کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان (باشوور) لەو کارەدا سەرنەکەوتن. ساڵی ١٩٦٠ عەبدولڕەحمان قاسملوو بە دەستووری دەوڵەتی عێراق لەو وڵاتە دەرکراو گەڕایەوە بۆ پڕاگ

لە١٣ی تەمموزی ١٩٨٩، یەکێک لەساماناکترین رووداوەکانی مێژووی کورد لە ڤیینا پایتەختی نەمسا دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ عەبدوڵڵا قادری ئازەر و فازیل ڕەسوڵ مەحموود لە سەر مێزی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێرۆر کران. دکتور قاسملوو لە کاتێکدا تیرۆر کرا کە بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی ئاشتییانە بۆ مەسەلەی کورد لە ئێران و بۆ وەدەستهێنانی مافە سیاسی و ئینسانییەکانی گەلی کورد چووبووە ئەم دیدارە. سەرەڕای بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکانی کاتی تیرۆری کە دەوڵەتی نەمسا رێگای بە پۆلیس و دەزگای قەزایی خۆی نەدا لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکان بە ئەنجام بگەیەنن؛ لە ئاکامدا ئەم تاوانە کەم وێنەیە کە لە نێو دڵی وڵاتێکی دیموکراتیکی ئەورووپا دا ئەنجام درابوو بێ سزا مایەوە و دۆخە یاساییەکەی هیچ کات چارە نەکرا.

بەهێزکرد. سەرەڕای سوپای گاردی شۆڕسی ئێرانی، خومەینی دەستیشی گرت بەسەر ئەنجومەنی شـۆڕش، بەرگریکارانی شـۆڕش، وە کۆمیتەی شـۆڕشـی نێوخۆیی. دۆسـتە مەلاکانی خومەینی دەستیان بەسەر هەموو جومگەکانی دەوڵەتدا گرت.

دەسـتوور پێشـەنگیی شـیعەگەریی چەسـپاند، لەو کاتەی داواکاریە هەرێمیەکانی کوردی بۆ ئۆتۆنۆمی پشتگوێ خست. [ماددەی ١٥] لە دەستووردا ڕوونی دەکاتەوە کە، " زمانی فەرمی گفتوگۆ و نوسـین..... بریتیە لە زمانی فارسـی {و} ... بەکارهێنانی زمانی هەرێمیی و خێڵەکی و هۆیەکانی پەیوەندی جەماوەری، هەروەها بۆ فێرکردنی وێژەکەیان لە فێرگەکاندا، لە پاڵ فارسیدا ڕێگای پێدراوە".(٢٣) بەگوێرەی [ماددەی ١٦]، لەبەر ئەوەی زمانی قورئان و نووسینی ئیسلامی...عەرەبیە، پێویستە لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت، لە قۆناغەکانی سـەرەتاییەوە تا کۆتا قۆناغی خوێندنی ئامادەیی." هیچ ئاماژەیەک بە زمانی کەمینەکان نەدرابوو، بە کوردیشـەوە. لە کاتی وتاریکی خومەینیدا لە کانوونی دووەمی ١٩٧٩دا، ئەو چەمکی مافی کەمینەکانی ڕەتکردەوە. وە جەختی لە سـەر ئەوە کردەوە کە مافی کەمە نەتەوەکان پێچەوانەیە لەگەڵ ڕێبازی ئیسـلام. مافە فەرهەنگیەکانی کورد قەدەغە کران. خومەینی هێزە دەرەکیەکانی بەوە تۆمەتبار کرد کە نەتەوە پەرسـتی لەنـاو کەمینەکـانـدا دەجولێنن بۆ ئەوەی یەکێتی خـاکی ئێران و پێکەوەژیان فراوانی کۆمەڵگای موسوڵمانان بشێوێنن.

کورد ڕەتی کردەوە بەژداری لە گشـتپرسـی ١٩٨٠دا بکات، کە تیایدا دەنگ بە دروسـتبوونی کۆماری ئیسـلامی ئێران درا. بەهۆی دوور خسـتنەوەیان لە پرۆسـەی ڕەشـنووسـی دەسـتووری نوێی ئێراندا، کورد بایکۆتی دەنگدان بە دەسـتوری کرد. بایکۆتەکەیان لە لایەن مەلا شیعەکانەوە بە خیانەت لە ئەنجومەنی سەروەری وڵات و بە سوک سەیرکردنی زیادبوونی دەسەڵاتی خومەینی سەیرکرا.

له ناوەڕاستی ئازاری ١٩٧٩دا کورد چەکی هەڵگرت. دوو سەد هەزار گاردی کۆماری ئیسلامی ئێران لە مانگی ئابدا هێرشیان کردە سەر شارەکانی پاوە، سنە و سەقز. دوای مانگێک، مەهاباد و سەردەشتیش کەوتن. پێشمەرگە کوردەکان لەو شارانە کشانەوە بۆ دانانی بارەگاکانیان لە گوند و شاخەکانی دەوروبەردا. پارتی دیموکراتی کوردستان-ئێران وەفدێکی ناردە تاران بۆ ئەوەی پێشنیاری ئاگربەست و پلانێکی پێنج خاڵی بکەن. پێشنیارەکان لە لایەن نوێنەرانی خومەینیەوە ڕەتکرانەوە، کە سوور بوون لە سەر ئەوەی پێشمەرگە وەک مەرجی پێشوەختە بۆ گفتوگۆ چەک دابنێت.(٢٤) خومەینی لە بەرواری ١٩ ئابی ١٩٧٩دا جەنگی پیرۆزی لە دژی کورد ڕاگەیاند. ئەو بەم شێوەیە ئاماژەی بە کورد دا، "وەچەی شەیتان" و " دوژمنی خودا". بۆ ساڵی ١٩٨٢، نزیکەی دە هەزار کورد کوژران وە دوو سەد هەزاری تریش لە (ولایة الفقە) ڕاگوێزران.(٢٥) بە هەزاران کەس دوای دادگاییەکی کەم لە سێدارەدران. بۆ ساڵی ١٩٨٣، حکومەتی ئێران دەسەڵاتی خۆی بەسەر کوردستانی ئێراندا دوپاتکردەوە.

*****

جەنگی عێراق-ئێران، کە تیایدا لە ساڵی ١٩٨٠-١٩٨٨ بەردەوام بوو، هاوکات بوو لەگەڵ ململانێکانی خومەینی لەگەڵ کورد. بەغدا و تەهران نیگەرانیەکی هاوبەشیان هەبوو. هەردووکیان گومانیان کرد کە کورد هەوڵیدەدا بە لاوازکردنی حکومەتەکانی ناوەندی ئەو دوو وڵاتە و ئامادە بوون بۆ ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی. [کوردستانی گەورە] بۆ هەردوو ڕژێمەکە هەڕەشە بوو.

لەماوەی هەڵمەتی بەدناوی ئەنفالی سەدام، عێراق بەدرێژایی سنووری عێراق-ئێران پشتێنەیەکی ئەمنی دروستکرد. شوێنە سەخت و دوورە دەستەکان قەڵای کۆمەڵە و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو. کوردەکان ئەو شورە سەخت و دوورە نێودەولەتیانەی عێراق و ئێرانی لە یەکتر جیادەکردەوە و بەتەواوی پشتگوێ خست.(٢٦)

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی کوردەکانی هەڵەبجە هاوتا بوو لەگەڵ بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی لە لایەن عێراقەوە لە دژی هێزەکانی ئێران لە شوێنەکانی تر بەدرێژایی سنووری ئێران-عێراق و لەکاتی جیاوازدا لە ماوەی جەنگ. هەرچۆنێک بێت، هێرشەکەی سەر هەڵەبجە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق- ئێران هات. ئەمە خزمەتی هیچ مەبەستێکی ستراتیژی نەکرد. هێرشی چەکە کیمیاییەکان زیاتر کوردی کردە ئامانج، نەوەک تەنیا مانورێکی سەربازیی بێت لە دژی ئێران.

دوای گەیشتن بە ئاشتی لەگەڵ بەغدا لە ساڵی ١٩٨٨، ئێران دەرگای گفتوگۆی لەگەڵ کوردەکانی ئێران کردەوە. گفتوگۆکان لە سەر بنەمای نیازپاکی ئەنجام نەدران. لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٨٩دا، سەرکردەی دورە وڵات، قاسملۆ، لە لایەن بەکرێگیراوانی ئێرانەوە لە ڤییێنا تیرۆر کرا.(٢٧) کوشتنەکە لەکاتی پشودانێک ڕوویدا لەکاتی گفتوگۆکرن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێرانیدا. جێگری قاسملۆ، سادق شەرەفکەندی[١]، لەکاتی

---

[١] سادق شەرەفکەندی ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٣٨ی زایینی لە گوندی ترغە بۆکان لە دایک بوو. لە تەمەنی منداڵیدا باوکی لەدەستدا و سەرپەرستییەکەی، کەوتە سەرشانی برا گەورەکەی، شاعیری گەورەی کوردستان مامۆستا هەژار. سەردەمی منداڵی محەممەد سادق، هاوکات بوو لەگەڵ پەرەستاندنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران و دامەزراندنی کۆماری کوردستان. پاش چەند ساڵ مالیان بە یەکجاری دیتە شاری بۆکان. خوێندنی سەرەتایی لە بۆکان و ناوەندی و دواناوەندی لە تەورێز تەواو کرد و ساڵی ١٩٥٩ لە *دانشسەرای عالی‌ی* تاران بەکالۆریۆسی لە کیمیا وەرگرت. شایانی سەرنجە کە لە هەموو پلەکانی خوێندندا یان خاوەنی پلەی یەکەم یان یەکێک لە باشترین قوتابیان و خوێندکاران بوو.

هەر لەو ساڵەدا بوو بە مامۆستای وانەی کیمیا و هەتا ساڵی ١٩٦٥ لە شارەی ورمێ بە ئەرکی مامۆستایەتییەوە خەریک بوو. لەو ماوەیەدا وەک مامۆستایەکی شارەزا ناوی دەرکردبوو. سەرەنجام ساواک، لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستای دیکەی هاوبیر و هاوکاری بۆ شارەکانی ئەراک و کەرەج و چەند شاری دیکەی دوورخستنەوە.

محەممەد سادق شەرەفکەندی ساڵی ١٩٧٠ بۆ زانستگای *'تربیت معلم'* دەگوازرێتەوە وەک یارمەتیدەری بەشی کیمیا کاری پێ ئەسپێردرا. پاش نیشاندانی لێوەشاوەییەکی تەواو لەو ئەرکەدا، ساڵی ١٩٧٢ بە کەڵک وەرگرتن لە بوورسی وەزارەتی علووم چوو بۆ فەڕانسا و پاش چوار ساڵ مانەوە لەو وڵاتە توانی دکتورای کیمیای شیکاریی لە زانستگای ژمارە ٦ی پاریس وەربگرێ. دکتور سادق شەرفکەندی ساڵی ١٩٧٦ گەڕایەوە تاران و وەک *وانەبێژی دیاری* کیمیا لە زانکۆی *'تربیت معلم'* درێژەی بە کاری مامۆستایەتی دا کە لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکەشدا بە تەواوی سەرکەوتوو بوو. هەربۆیە بوو بە خۆشەویستی مامۆستایان و خوێندکارانی ئەو زانستگایە و وەک مامۆستایەکی دڵسوز و لە هەمان کاتیشدا خەباتگێڕ ناوی دەرکرد.

شەرەفکەندی لەساڵی ١٩٧٣ کاتێک لە پاریس دەورەی دکتۆرای دەدیت، لە ڕێگای عەبدولڕەحمان قاسملوو لەگەڵ بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا بوو و داوای ئەندامیەتی ئەو حیزبەی کرد. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران بوو بە پەیوەندی نێوان دکتۆر قاسملوو و ئەندامانی کۆنی ڕێبەرایەتی حیزب. دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیی ئێران و دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکرات، ساڵی ١٩٧٩ بوو بە ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی.

لە شوباتی ١٩٨٠ لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتی کومیتەی حیزب لە تارانی پێ سپێردرا. سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن ڕێبەرایەتی حیزبەوە بۆ کاری تەواو وەخت بانگ کرایەوە کوردستان. لە پلینومی کومیتەی ناوەندی لە هاوینی ١٩٨٠دا بە ئەندامی نووسینگەی سیاسی هەڵبژێردرا. لە کۆنگرەکانی پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەم و نۆهەمی حیزبدا هەموو جارێ بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و لە کومیتەی ناوەندیشدا هەموو جارێ بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراوەتەوە.

سادق شەرفکەندی ماوەی بوونی لە ڕێبەرایەتی حیزبدا زۆرتر بەرپرسایەتی بەشی تەبلیغات ڕادیۆ و چاپەمەنی لە سەرشان بوو. لە ساڵی ١٣٦٥ەوە هەتا کاتی تیرۆری قاسملوو ئەرکی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی بە ئەستۆوە بوو. شەرفکەندی لە یەکەم پلینومی دوای تیرۆری قاسملوودا بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە سکرتێری گشتی حیزب هەڵبژێردرا و لە کۆنگرەی نۆهەمی حیزبیشەوە تا کاتی تیرۆری، ئەرکی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بەڕێوەدەبرد.

لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٩٢دا لە چێشتخانەی میکۆنوس لە شاری بەرلین کاتێ بەشداری کۆبوونەوەیەکی سەرانی گرووپەکانی دژ بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران کردبوو، تیرۆر کرا. هێندێ پلاندانانی ئەو تیرۆرە ئەخەنە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی، بەڵام تا ئێستا لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بە درۆخراوەتەوە. دواتر دادگایەک لە شاری بەرلین دوای شیکردنەوەی ڕووداوەکانی کارەساتی میکۆنوس، نێردراوەکانی کۆماری

ئامادەبوون لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی سۆشیالیست لە ساڵی ١٩٩٢دا لە بەرلین، بەدەستی سیخورەکانی ئێرانەوە کوژرا. (٢٨) هەروەها سەرکردەی باڵای 'کۆمەڵە'ش، لە "لارناکا'ی قوبرس کوژرا. هەڵمەتی کوشتنی سیاسیی لە نەوەدەکاندا چڕتر بووەوە، لەگەڵ ئەو سەرکردە کوردانەی لە ڕۆژئاوای ئێران بوون. لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٦دا، مەلا موحەمەد ڕەبیعی، پیاوێکی ئایینی دیاری سوننی و ئیمامی مزگەوتی شافعی لە کرمانشان، کوژرا. (٢٩) سێ ڕۆژ ئاژاوە و ناکۆکی توند سەریهەڵدا.

کوشتنی سیاسیی هانی'کۆمەڵە'یدا بۆ بەردەوامبوون لە سەر هەڵمەتە گەریللایەکەی دژی ڕژێمی ئێران. کۆمەڵە لە دوو لایەنەوە لە کوردستانی عێراق چالاکیەکانی ئەنجامدەدا. کۆمیتەی جێبەجێکاری کۆمەڵە، ناوەندی ڕێکخستنی نهێنی، وە ناوەندی تەندروستی کە بنکەکەی لە سلێمانی بوو. (٣٠) سەرکردەکانی کۆمەڵە لەژێر هەڕەشەی بەردەوامدا بوون، لە هەر شوێنێکی کوردستانی عێراق یان هەر شوێنێکی دونیادا کە ئەوان بۆی دەچوون، مەترسی کوشتنی سیاسیان لە سەر بوو. ئەفسەر و پلەدارەکانی کۆمەڵە لە لایەن (موجاهیدین ئەلخەلق)ەوە بوونە ئامانج، کە بەدوای ئەوەوە بوو ڕژێمی ئێران بڕوخێنێت لەو کاتەی وەک بەرگریکارێک لە سەدام کاری دەکرد. لەژێر فشاری هەموو لایەکدا، کۆمەڵە و پارتی دیموکراتی کوردستان-ئێران ئاگربەستیان ڕاگەیاند. لەوکاتەوە، کورد جەختی لە سەر بەژداری سیاسی و دیموکراتی کردەوە وەک کاریگەرترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. (٣١)

---

ئیسلامی بە تاوانبار ناسی بۆ ئەنجامی ئەو تیرۆرە. عەلی خامنەیی ، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی (سەرۆک کۆماری کات) و عەلی فەلاحیان (وەزیری ئیتلاعاتی کات)ی بۆ دادگا بانگێشت کران. بە پاڵپشتیی پۆلیسی ئەڵمانیا کەسێک وێرای بێتە دادگاکە و شەهادەت بدات لەسەر ئەو ڕووداوە. لە دادگاکەدا گوتی کە ئەندامی وەزارەتی ئیتلاعات بووە و سیستەمی پلان دانانی تیرۆرەکان بە باشی دەناسێ. بەو بەڵگانە دادگاکە کاربەدەستانی کاتی کۆماری ئیسلامی بە تاوانبار زانی لە ئەنجامی ئەو کردەوە تیرۆریستیەدا.

*****

محەمەد خاتەمی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ساڵی ١٩٩٧ زۆر بەجوانی سەبارەت بە مـافە فەرهەنگیەکـانی کورد دوا. بـانگەوازە سـیحریەکەی بووە هۆی بردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دەنگی کورد. دوای بردنەوەی پۆسـتی سـەرۆکایەتی، ئەو(عبدالله ڕەمەزانزادە)ی وەک یەکەم پارێزگاری ناوچەی کوردسـتانی ئێران دامەزراند. کورد پۆسـتی ڕاوێژکاری باڵای لە کابینەکەیدا پێ بەخشـرا. کوردەکانی مەجلیسـی پەڕلەمانتارانی کوردیان لە ناوچەکانی کوردسـتانی ئێران و کرمانشـان پێکهێنا. گفتوگۆ سەبارەت بە ڕێنماییەکانی زمانی کوردی و چاکسازیی مەنهەج لە زانکۆی سنە دەستیان پێکرد. هەروەهـا کورد ڕێگـای پێـدرا کە ڕێکخراوی مەدەنی دابمەزرێنێت، کە تیـایـدا یەکێتی مـافی مرۆڤی کوردی دامەزرا بۆ چـاودێریکردنی بـارودۆخ و پـارێزگـاریکردن لەجیاتی دۆزی کوردی.

بەژداریکردنەکەیان ڕەمزی و هەڵخەڵەتێنەر بوو. هێزی ڕاسـتەقینە لە دەسـتی سـەرکردەی ڕۆحیـدا بوو، کە ڕقێکی قوڵی دژی کورد هەبوو. کوردەکـانی ئێران بۆ بەدەسـتهێنـانی مـافەکـانیـان لە ئێران خەبـاتیـان کرد، داوای کۆمـارێکی دیموکراتی فیدراڵیان دەکرد. هەرچۆنێک بێت، خەبات بۆ مافی کورد بەزۆری ئینتیقالی بوو. بەزۆری کوردەکانی ئێران و تورکیا خزمایەتیەکی نزیک لە نێوانیاندا هەیە لە ڕووی ئایدۆلۆژیی و برایەتیەوە. کاتێک ئۆجەلان لە شوباتی ١٩٩٩دا دەستگیرکرا، دەیان هەزار کوردی ئێران ڕژانە سەر شەقامەکانی مەهاباد، سنە، ورمی. حکومەتی ئێرانی دەسەڵاتی خۆی زاڵکرد و بە لایەنی کەمەوە بیست هاوڵاتی کوشت.

کوردەکان زیاتر تورە بوون بە کوشتنی 'شوانە قادری'[1]، چالاکوان لە تەممووزی ۱۹۹۹دا. ئەو لەگەڵ دوو لە بەرگریکاری کوردی مافی مرۆڤدا کوژران. دوای ئەشەنجەدانی

---

[1] شوانە قادری سەیید کەمال ئاسفەرام رۆژی ۱۹۸۰/٦/۲۹ لە بنەماڵەیەکی کاسبکار لە شاری مەهاباد لەدایک بووە. باوکی سەیید قادر کوری سەیید عەلی خەڵکی گوندی ماوەڵە سەر بەئاواییکامەمە لە نزیک مەهاباد. لە کاتی ڕاپەڕینی دژی رژێمی پاشایەتیی ئێران هاتونەتە شاری مەهاباد. بەهۆیی نالەباری ژیانی بنەماڵە، تەنیا ٦ ساڵی لە تەمەنی لاوی دا، توانی بچێتە قوتابخانە. دوایی دەستی کرد بە کاری کرێکاری و پاش چەند ساڵ بوو بە وەستا کاری بەنایی و گەچکاری.

شوانە هەستی کرد دۆخی نالەباری سیاسی وکۆمەڵایەتی کوردستان و بەشداری لەهەموو ڕاپەرینەکانی ئەو چەند ساڵانەی ڕابردوو داکردوە. لە ساڵی ۱۹۹۹ دوای گیرانی عەبدوڵا ئوجەلان لەو راپەرینەدا، ناوبانگی ئازایەتی دەرکرد و زۆر چالاکانە و بێ وچان لە هەموو نارەزایەتیەکانی شاری مەهاباد بەشداری هەبوو. ئەگەر ئاگادار کراباوە کە کەسێک تاوانی لێ دەکرێت، لایەنگری لێ دەکرد و بەتایبەت ئەگەر هێزی ئینتیزامی و کاربەدەستانی حکومەتی، سوکایەتیان بە کچان و ژنان کردبایە، ئاگری قین و تورەیی بلێسەیی دەگرت و نەیدەتوانی بەهیچ شێوەیەک چاوپۆشی بکات. هەر بۆیە ترسی خسبۆوە ناو هێزی ئینتیزامی و شاری مەهاباد.

کاتێک کە حوکمی فیدرالیزم لە کورد ستان بە رە سمی راگەیاندرا و دواتر خەڵکی شاری مەهاباد بە ئاڵای کورد ستانەوە چوونە سەر گۆرستانی قازیەکان و کاتێک کە جەلال تاڵەبانی کرا بە سەرۆک کۆماری عێراق و مەسعود بارزانی بوو بە سەرۆکی کوردستان، شوانە لە هەموو ئەو خۆپیشاندانانەدا، لەگەڵ خەڵکی شاری مەهاباد، پێشەنگ و ئازایەتیی بەرچاوی بووە. شوانە لە زۆربەیی چالاکیەکانی شاردا بەهەڵگرتنی ئاڵای کوردستان، هەستی کوردانە و نەتەوایەتی خەڵکی زۆرتر بەرز راگرتووە. لە کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێران شوانە وەک زۆربەی خەڵکی کوردستان نەتەنیا بەشداری نەکردووە، خەڵکیشی هان داوە کە بەشدار نەبن.

کاتژمێر ۲۰:۳۰ رۆژی شەممە ۱۸ پووشپەڕ ۲۰۰۵ شوانەی ۲۹ ساڵە لە پشت شەقامی حەمەپان لە گەڕەکی شیلانی شاری مەهاباد، دەکەوێتە بۆسەوکەمین و بەر دە ستریژی کۆمەڵێکی زۆر لەهێزی پا سدار و ئینتیزامی و بەتوندی بریندار دەبێت و بە زیندویی هەر لەو شوێنە گوللەباران دەکرێت و دواتر بۆ ترساندنی خەڵکی گەرەکەکانی شاری مەهاباد تەرمەکەیی بەدوایی ئۆتۆمبیل دا رای دەکێشن. کە فەرمانداری حکومەت و شورایی شاری مەهابادیش ئەو تاوانە مەحکووم دەکەن و ٢٥ کەس لە هاورێکانی بەتوندی بریندار دەبن.

'قادری'، هێزەکانی ئارتەشـــی ئێران تەرمەکەیان بەدوای پیکابێکدا بەســـتەوە و بە شەقامەکانی مەهاباد دا ڕایانکێشا. وێنە خوێناویەکانی 'قادری' و لەش تێکشکانەکەی لە (ڕۆژ تیڤی) و ڕاگەیاندنی کوردیدا بڵاوکرایەوە.(٣٢)

بەم شێوەیە خەباتی چەکداری پارتی دیموکراتی کورد ستان-ئێران لە کۆتاییەکانی ١٩٩٦دا کۆتـایی هـات، وە هەرزوو (پژاک) وەک پێشـــڕەوەی خەبـاتی چەکداریی بۆ مافەکانی کوردســـتانی ئێران دەرکەوت. پژاک بەدەســـتگیرکردنی ئۆجەلان لە ســـاڵی ١٩٩٩دا و داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە لە ســـاڵی ٢٠٠٣دا گڕوتینێکی نوێی پێبەخشرا. بە بوونی بارەگا لە ڕۆژئاوای ئێران لە سەر سنووری تورکیا و ئێران، پژاک لایەنگیری پەکەکەی دەکرد. ئەوان هاوبەش بوون لە ئایدۆلۆژیەت، ســـەرکردایەتی، وە لۆجیســـتی. هەردووکیان ئەندامی کۆما جڤاکێن کوردســـتانێ بوون، کە دامەزراوەیەکە کاردەکات بۆ بەرژەوەندی بزووتنەوەی یەکێتی کوردی، بە کوردەکانی تورکیا،ســـوریا،

---

هێزە ئینتیزامیەکان تەرمەکەی شوانە بۆ شاری ورمێ دەبەن. بنەماڵە و دۆستانی شوانە خۆیان دەگەیەنە ورمێ و دوایی هەوڵ و چالاکیەکی بێ وچان ڕۆژی دواتر تەرمەکەی بەرەو شـــاری مە ها باد دەگەرێتەوە. کاتژمێری ٢٤ رۆژی ١٩ی پووشـــپەڕ لەکاتێک دا کە هەزاران کەس لە خەڵکی شـــاری مە ها باد رژاونەتە شەقامەکان، پێشوازی لە تەرمی شوانە دەکەن و لە کاتژمێری ٣ی بەرەبەیانی لە گۆرستانی شار ئەسپەردەی خاک دەکرێ. پیشـەوایی ئایینی و ئیمام جومعەیی گەرەکی شـیلان وپشـت تەپ رایگەیاند: "سـەیید کەماڵ کوڕی زارا شـــەهیدە. ئەوە تاوانێکی گەورەی دژی ئینســـانییەت و نائیســـلامیە کە لەبەر هەڵکردنی ئالای کوردستان گوللەباران کراوە و چۆتە ڕیزی هەموو شەهیدانی کوردستان".

لەمەراسیمی پرسە و سەرەخۆشی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شاری مەهاباد و ناوچە و شارەکانی تر بەشداریان کرد. لە هەشتەمین ڕۆژی خۆپێشاندانەکانی مەهاباد ئاغایی سەمەدی فەرمانداری مەهاباد ڕایگەیاند کە خەڵک دەبێت ئارام ببنەوە و دەسـت هەڵگرن بۆ ئەوە ڕووداوەکانی ساڵەکانی سـەردەمی مەهاباد دوپات نەبێتەوە کە لەو سالانەدا بە کۆمەڵ خەباتگێران و شۆرشگێرانی شار گوللەباران کران.

عێراق و ئێرانەوە. بەگوێرەی وتەکانی عوســـمان ئۆجەلان، برای عبدالله ئۆجەلان، هێزەکانی پەکەکە لە ئێران ژمارەیان (١,٥٠٠) کەسە.(٣٣)

یاسای کارگێڕی ئینتیقالی لە عێراق لە ٨ی ئازاری ٢٠٠٤دا پەسەندکرا، ئەو یاسایە ئیلهامی بەخشیە کوردەکانی ئێران کە ئەگەری بەڕێوەبردنی خۆی زیاتر بکات. ئەوانیش دەوڵەتێکی فیدراڵیان دەویست- یان سەربەخۆ. هێزە ئەمنیەکانی ئێران زاڵبوون بەسەر چالاکیەکانی پژاکدا. لە ٤ی ئابی ٢٠٠٥دا هەلیکۆپتەرە شـــەڕکەرەکانی ڕژێم هێرشـــیان کردە ســەر خۆپیشــاندەرانی ســەقز. هێرشــەکە بووە هۆی کوشــتنی ســیانزە هاوڵاتی و بریندابوونی زیاتر لە دوو سەد کەسی تر.(٣٤)

ململانێکان بە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ی مەحمود ئەحمەد نەژاد وەک یەکەم ســـەرۆکی ئێران، زیندوو بوونەوە. زیادبونی گرژیەکانی کوردســـتانی عێراق هاوکات بوو لەگەڵ خەباتی پەکەکە لە تورکیا و پێشکەوتنەکانی کوردستانی عێراق. بزوتنەوەی لایەنگیری دیموکراتی کوردی دەســتورێکی هەرێمییان دانا. دەڵێن گوایە ئەمریکا دەســتی نهێنی هەبووە لە پشت سەرجەم پێشهاتەکاندا.

## سەرچاوەکان

1. “Unrepresented Nation and People Organization.” *UNPO: Iranian Kurdistan.* N.p., n.d. Web. 23 June 2014. <http://www.unpo.org/members/7882#sthash.sABMMHIq.dpuf>.
2. Laizer, S. J. Maryers, Traitors, and Patriots: Kurdistan after the Gulf War. London: Zed, 1996. Print.
3. “Census of the Islamic Republic of Iran, 1385 (2006)” (Excel). Islamic Republic of Iran.
4. UNPO.
5. Gunter, Michael M. *Historical Dictionary of the Kurds.* Lanham, MD: Scarecrow, 2004. Print.
6. Gunter, Michael M. *Historical Dictionary of the Kurds.* Lanham, MD: Scarecrow, 2004. Print.
7. UNPO.
8. Ibid.
9. Yildiz, Kerim, and Tanyel B. Tayşiç. *The Kurds in Iran: The Past, Present and Future.* London: Pluto, 2007. Print.
10. “Iranina Kurdistan: A Simmering Cauldron.” *International Relations And Security Network.* N.p., n.d. Web. 27 June 2014. <http://www.isn.ethz.ch/Digital-Library/Articles/Detail/?ots591=4888caa0-b3db-1461-98b9-e20e7b9c13d4&Ing=en&id=53697>.
11. Ibid.
12. “Iran’s 1906 Constitution.” *Foundation for Iranian Studies.* N.p., n.d. Web. 27 June 2014. <http://fis-iran.org/en/resources/legaldoc/iranconstitution>.
13. Sami Moubayed, Sami. “Roots of Kurdish Struggle Run Deep.” *Asia Times online.* N.p., 3 Nov. 2007. Web. 27 June 2014. <http://www.atimes.com/atimes/Middle_East/IK03Ak01.html>.
14. Yildiz, Kerim, and Tanyel B. Tayşiç. *The Kurds in Iran: The Past, Present and Future.* London: Pluto, 2007. Print.

15. Jwaideh, Wadie. *The Kurdish National Movement: Its Origins and Development.* Syracuse, NY: Syracuse UP, 2006. Print.
16. Ibid.
17. “Mahabad – the First Independence Kurdish Republic – The Kurdistan Tribune.” *The Kurdistan Tribune.* N.p., n.d. Web. 16 June 2014. <http://kurdistantribune.com/2011/mahabad-first-independent-kurdish-republic/>.
18. “22. Iran/Kurds (1943-present).” *Political Science.* N.p., n.d. Web. 16 June 2014. <http://uca.edu/pliticalscience/dadm-project/middle-eastnorth-africapersian-gulf-region/irankurds-1943-present/>.
19. “About the Middle East Report | Middle East Research and Information Project.” About the Middle East Report | Middle East Research and Information Project. N.p., n.d. Web. 15 June 2014. <http://www.merip.org/mer/mer141/major-kurdish-organizations-iran%20%28>.
20. Brief History of the Kurdish Struggle.” Brief History of the Kurdish Struggle. N.p., n.d. Web. 15 June 2014. <http://www.mtholoyoke.edu/~jlshupe/histroy.html>.
21. Entessar, Nader. Kurdish Politics in the Middle East. Lanham: Lexington, 2010. 42.
22. *Iran: Country Study Guide.* Washington, D.C.: International Business Publications, USA, 2006. Print.
23. “Iran Chamber Society: The Constitution of Islamic Republic of Iran.” *Iran Chamber Society: The Constitution of Islamic Republic of Iran.* N.p., n.d. Web. 16 June 2014. <http://www.iranchamber.com/government/laws/constitution_ch11.php>.
24. Ibid, 42-43.
25. Kreyenbroek, Pholip G., and Stefan Sperl. *The Kurds: A Contemporary Overview.* London: Routledge, 1992. Print.

26. Atroushi, Alex. “A Glance at the Position of the Town of Halabja.” *Kdp.se.* N.p., 11 Mar. 1994. Web. 16 June 2014. <http://www.kdp.se/halabja.html>.
27. “PDKI – The Life & Death of Dr. A. R. Ghassemlou.” *PDKI – The Life & Death of Dr. A. R. Ghassemlou.* N.p., n.d. Web. 23 July 2014. <http://www.pdk-iran.org/english/doc/kasemlu.htm>.
28. Kinzer, Stephen. “Iran Kurdish Leader Among 4 Killed in Berlin.” *The New York Times.* The New York Times, 18 Sept. 1992. Web. 23 July 2014. <http://www.nytimes.com/1992/09/19/world/iran-kurdish-leader-among-4-killed-in-berlin-html>.
29. Russell, Jesse, *Iranian Kurdistan.* S.1.: Book On Demand, 2013. Web.
30. Research Directorate, Immigration and Refugee Board, Canada. 1 May 1998. (Accessed June 9, 2014).
31. “Komala Party.” Komala Party. N.p., n.d. Web. 15 June 2014. <http://komalainternational.org/komala-party>.
32. Fathi, Nazila. “Unrest in Iran’s Kurdish Region Has Left 17 Dead; Hundreds Have Been Wounded.” *The New York Times.* The New York Times, 13 Aug. 2005. Web. 10 June 2014. <http://www.nytimes.com/2005/08/14/international.middleeast/14kurds.html?_r=0>.
33. GlobalSecurty.org (accessed June 10. 2014).
34. As reported by Radio Sedaye Iran and National Iranian TV (NITV).

# بەشی سێیەم

# بەرەوپێشچونی دۆزی کورد

(٦)

## حوکمی زاتی له عێراق

کوردســــتانی عێراق لەکۆتایی جەنگی کەنداودا بەهۆی دەســــەڵاتداریە خۆســــەپێنەرە وەحشــیگەریەکەی ســەدام وێران ببوو. ســوپای عێراق بوو بە بەڵایەکی گەورە، لە ئابی ١٩٩٢، پێش کشانەوەی لە هێڵی سەوز لە باشووری هێڵی هاوتەریبی سی و شەشدا. کوردستانی عێراق لە دوای جەنگی کەنداو لە دوو ڕووەوە توشی ئابلۆقەیەکی هەناسەبڕ هات. حکومەتی عێراق، کوردســتانی لە هێڵی ســەوزدا گەمارۆ دابوو. وە ســزای نەتەوە یەکگرتوەکانیش بەســەر هەموو عێراقدا ســەپێنرابوو، بە کوردســتانیشــەوە. پێشــمەرگە ئاسایش و باری گشتی دەپاراست، بەڵام کوردستان ڕووبەڕووی بۆشاییەکی کارگێڕیی بووەوە. گەمارۆی خۆراک، ســوتەمەنی و کارەبای عێراق بارقورســیەکی زۆری خســتە سەرشانی دەسەڵاتدارانی کورد. تاکە دەروازەی پەیوەندییان بە جیهانی دەرەوەدا بریتی بوو لە دەروازەی خاپور کە عێراق و تورکیای بەیەکەوە دەبەستەوە. ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر بەکەلوپەلی قاچاغەوە بە دەیان میل لە هەردوو لای خاپوردا ڕیزیان بەستبوو.

بەرەی کوردســــتانی عێراق لە پارتی و یەکێتی و شــــەش لایەنی تر پێک هات. ئامانجی سەرەکی ئەوە بوو کە پێداویستیە سەرەتاییەکانی هاوڵاتیان دابین بکات. کورد لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢دا، بۆ یەکەمجار چونە ســەر ســندوقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان (پەرلەمان). ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی لە نێوان هەردوو پارتەکەدا تا ڕاددەیەک یەکســان بوو. پارتی (٪٤٥) و یەکێتیش لە (٪٤٤)ی دەنگەکانیان بەدەست هێنا. تەنیا پارتی و یەکێتی زیاتر لە (٪٧٠) دەنگەکانیان بەدەســت هێنا کە ئەو ڕێژەیە بەس بوو بۆ هەر لایەک بتوانێت کورســی لە ئەنجومەنی یاســادانان بەدەســت بهێنێت. پارتی و یەکێتی حکومەتێک هاوبەشــیان پێکهێنا، نیوەی کورســیەکان بۆ هەر لایەک تەرخانکرا. بە پیشــاندانی پابەندبوون بە دەســەڵاتی یاســاوە، حکومەتی شــەراکەت لە ســەر شــاشــەی تەلەڤزیۆن ڕاگەیەنرا بە

دانیشـــتنی دادوەرێک لە نێوان مەســـعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێکارە یاساییەکانی پێکهێنانی حکومەتەکە.

ســـــەرڕای ئەو ئەزموونە تاڵەی هەردوولا لە عێراق، زۆربەی کوردەکان وایانزانی مافەکانیان لە ڕێگای دروســـتبوونی کۆمارێکی فیدراڵ دەســـتەبەر دەبێت. ئەنجومەنی نیشـتیمانی کوردســتان ڕازی بوو پابەندی هەموو یاســاکانی عێراق بێت، جگە لەوانەی پێچەوانەی ســتانداردی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤن. ســەرەڕای ئاســاییبوونی دۆخی ژیان، کورد هەسـتێکی هەڵەی ئەمنیان هەبوو. ئەوان توانیان کاروباری ناوخۆی خۆیان بەڕیوە بەرن، لە کاتێکدا هێزە چەکدارەکانی عێراق لە ســەر ڕێگاکاندا خاڵی پشــکنینی دادەنا، لەگەڵ ئەوەشــدا، کوردەکانی عێراق زۆربەی دەرفەتەکانیان قۆســتەوە بۆ حوکمی زاتی. کورد زۆر پیشــکەوتن لە ڕووی شــووناســی نەتەوەییەوە. ئەوانەی دوای ســاڵی ١٩٩٢ لەدایک بوون، هیچ ئەزموونی ئیدارەی عێراقییان نەبینی. ئاڵای کوردســـــتان بە هەمان بەرزی ئاڵای عێراق دەلەرێتەوە. ئاهەنگی نەورۆز بە ئازادی یادی دەکرایەوە. گەنجەکان بە کوردی دەدوێن، نەوەک عەرەبی. زانکۆی کوردی دروســــتکران، ڕێنمــایی و خوێندنەکەیان بە کوردی پێشــکەش دەکرد. کوردســـتانی عێراق لە رووی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی تەلەڤزیۆنیەوە زۆر پیشـکەوت. پەیکەری مەلا موسـتەفا بارزانی و پاڵەوانانی تری کورد دروستکران، کە جێگای وێنەکانی سەدامیان گرتەوە.

هەروەها دەســـەڵاتدارانی کورد شـــەرعیەتی نێودەوڵەتییان بەدەســت هێنا. کاتێک مەسـعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی یەکەم گەشـتی هاوبەشـیان بۆ واشـنتۆن لە سـاڵی ١٩٩٠ئەنجامدا، بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە قاوەخانەیەکی بێ سەروبەردا چاویان بە هەردوو کەســـایەتیەکە کەوت. لە دوای جەنگی کەنداو هەردووکیان بەفەرمی پیشوازییان لێکرا. حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسینگەی پەیوەندی لە واشنتۆن و پایتەختی تری ڕۆژئاوا کردەوە. ئەمڕۆ، بارزانی و تاڵەبانی وەک ســـــەرۆکی وڵاتان پێشوازیان لێدەکرێت، لە سەر فەرشی سوور کە تەنیا بۆ سەرۆکی وڵاتان دادەنریت.

*****

کوردستانی عێراق مافی سیاسی و فەرهەنگی بەدەستهێنا، بەڵام ئابوورییەکی ناجێگیری هەبوو. ئەم بارە نالەبارەی ئابووریی بەهۆی ئاڵۆزی نێوان پارتی و یەکێتیەوە بوو. شــەڕی براکوژی لە ســاڵی ١٩٩٤دا لە نێوان پارتی و یەکێتی ســەریهەڵدا، کە بوە هۆی نەمانی ڕێککەوتنە هاوبەشــەکەی هەردوولا لە ڕووی دابەشــکردنی دەســەڵاتدا. داهاتی نەوت، کۆکردنەوەی باج و ململانێی سنوور، خاڵی سەرەکی ناکۆکیەکان بوون. زیاتر لە دوو هەزار کورد کوژران پێش ئەوەی پارتی و یەکێتی لە کۆتایی ١٩٩٤ ئاگربەســـــت ڕابگەیەنن.(١) وەک قوربانی دەســـتی ســـەدام، کوردانی عێراق نیازپاکیەکی باشـــیان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەدەســـت هێنابوو. دۆســـتانی کوردســـتانی عێراق زۆر بێ ئومێد بوون لەوەی کە کورد لە ســـــەر چەند جیاوازیەک و بەرژەوەندیەکی تاکلایانە دەجەنگن. هەروەها ململانێ ناوخۆییەکانی کورد بووە هۆی کردنەوەی دەرگا بەڕووی کارەکتەری بیانی بۆ پێشـــــخســـــتنی ئەجێنداکانیان بە بەکارهێنانی کورد. تورکیا، عێراق و ئێران هەموویان هەوڵیاندا بۆ ئەوەی سوود لەم ململانێیە وەرگرن و ڕووداوەکانی لە سەر بنیاد بنێن.

هێزە چەکدارەکانی تورک لە ســـەر ســـنووری کوردســـتانی عێراق بنکە و بارەگای هەمیشــــەییان دامەزراند. کاتێک پەکەکە بەرەو قەندیل جوڵا، گوندە بچووکەکەیان گواســـــتەوە بۆ شـــــارۆچکەیەکی بچووک کە تەنیا کارەبای مۆلیدە، بیری ئاو، وە نەخۆشـــخانەی گەڕۆکی تیادابوو. هەروەها پەکەکە درێژەی بەتۆڕی کەمپەکانی ســـەر ســـنووردا بۆ ئەوەی وەک هێرشـــبردن بۆ ئۆپەراســـیۆنەکانی [لێدە و ڕاکە] بەدرێژایی سنووری تورکیا بەکاربهێنن. مەسعود بارزانی پشتی بە تورکیا بەست بۆ ئەوەی نەوت بەقاچاغ ئاودیو بکەن و لەبەرامبەردا پێداویســـتی هاوڵاتیان دابین بکەن. لەژێر فشـــاری ئەنقەرە، پێشـــمەرگەکانی پارتی لەگەڵ هێزەکانی تورکیادا بەژداربوون بۆ هێرشـــکردنە

سەر قەندیل لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٣دا. ژمارەیەکی زۆر لە شەڕڤانانی پەکەکە کوژران و بەدیل گیران، سێ هەزار پێشمەرگەی پارتیش کوژران.

ئێران کوردەکانی عێراقی بەکارهێنا بۆ ئاڵۆزکردنی سەقامگیریی بەغداد. کورد لەگەڵ کۆمەڵەیەکی ئایدۆلۆژیا جیاوازی ناو سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٩٥دا پلانێکیان دارِشت بۆ کوشتنی سەدام، دوای ئەوەی هەواڵگری ئەمریکا لە چەندین هەوڵدا شکستی خوارد و سەرکەوتوو نەبوو لە ساڵانی نەوەدەکاندا. 'رۆبەرت بایری' دەزگای هەواڵگری ئەمریکی تێگەیشت کە پیلانەکە چارەسەر کراوە و لێی پاشگەز بوونەوە. بەڵام کەس ئەمەی بە یەکێتی نەوت، کە توانی کەتیبەیەکی سوپای عیراق تێک بشکێنێت و پێنج هەزار زیندانی بگرێت پێش ئەوەی بزانێت کە ئۆپەراسیۆنەکە ئەنجام نادرێت.

عێراق سوودی لە ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی بینی بۆ ئەوەی ئیدارەکەی لە سەر کوردستانی عێراق بچەسپێنێت. کاتێک ئاگربەستی نێوان پارتی و یەکێتی لە ناوەڕاستی ١٩٩٦دا فەشەلی هێنا، تاڵەبانی چووە ناو هاوپەیمانیەتی کردن لەگەڵ ئێراندا. لە ٢٨ی تەممووزی ١٩٩٦دا، هێزەکانی ئێران هێرشیان کردە سەر پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەناو خاکی کوردستانی عێراقدا. بە درک کردن بەوەی هێرشەکە چاوەروانکراوە، یەکێتی دانیشتوانی عەنکاوەی ئاگادارکردەوە هێرشێکی وا لە ئارادایە، کە ناوچەیەکی مەسیحی نشینە و چەندین فەرمانبەری نەتەوە یەکگرتوەکان لەوێدا نیشتەجێن. لە ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی سەربازیی لەگەڵ ئێران و یەکێتیدا، بارزانی بۆ پشتگیری پەنای بردە بەر بەغدا.

سەدام سێ هەزار سەربازی لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا ناردە هەولێر. هێزەکانی عێراق حەوت سەد ئەندامی یەکێتییان گرت و کوشت. بارەگای سەلاحەددینی سەر بە ناوەندی هەواڵگری ئەمریکای مەجلیسی نیشتیمانی عێراقی، کە لە لایەن ئەحمەد چەلەبیەوە سەرۆکایەتی دەکرا، داگیرکرا. ئەندامانی مەجلیس بەدیل گیران و کوژران. فڕۆکەکانی

گواستنەوەی سوپای ئەمریکا کشانەوەی لەناکاوی حەوت سەد ئەندامی مەجلیسی نیشتیمانی عێراقی و شەش هەزار کوردی عێراقی بۆ دوورگەی 'گوام' ئەنجامدا.

لە وەڵامی هێرشەکانی سەدامدا، سەرۆک 'بیل کلینتۆن' ئۆپەراسیۆنەکانی بیابانی دەستپێکرد. کلینتۆن موشەکی 'کروز'ی لە دژی سیستەمی بەرگری ئاسمانی عێراق بەکارهێنا، فڕۆکە بارهەڵگرەکانی گواستەوە بۆ کەنداوی فارس، وە باشووری زۆنی دژە فڕینی باکووری بۆ هێڵی سی و سێ درێژکردەوە. لە هەمانکاتدا، پێکدادان لە نێوان پارتی و یەکێتیدا چڕتر بووەوە. پارتی لە ٩ی ئەیلولی ١٩٩٦دا هەولێر و سلێمانی گرت. یەکێتی پاش چەند هەفتەیەک، بە هاوکاری ئێران، هێرشێکی پێچەوانەی ئەنجامدا و دووبارە سلێمانی گرتەوە.

لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨، ڕێککەوتننامەی ئاشتی واشنتۆن لە نێوان پارتی و یەکێتیدا واژووکرا. ڕێککەوتننامەکە کۆتایی بە جەنگ هێنا، کوردستانی عێراقی لە نێوان پارتی لە باکووری ڕۆژئاوا و یەکێتی لە لە باشووری ڕۆژهەڵات دابەشکرد. ڕێککەوتننامەی واشنتۆن داهاتی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا دابەشکرد. بەروارێک بۆ هەڵبژاردن بۆ ساڵی دواتر دیاریکرا. بەگوێرەی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێککەوتننامەکە داوای لە هەردوولا کرد ڕێگا بە هێزەکانی عێراق نەدەن بێنە ناو خاکی کوردستان و شوێنی حەوانەوە بۆ چەکدارانی پەکەکە دابین نەکەن. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزیکرد لە دژی هەر هێرشێکی لەناکاوی هێزە چەکدارەکانی عێراق. وەزیری دەرەوە، مادلین ئۆلبرایت، وتی: "ڕۆحی نوێبوونەوەی پێکهاتنەوەی بارزانی و تاڵەبانیدا، لە کۆبوونە، هاوبەش و لێدوانی هاوبەشی ئەمڕۆدا، ئەرکەکەی بۆ ئەمریکا و لایەنەکانی تریش ئاسانتر دەکات بۆ یارمەتیدانی هاوڵاتیەکانیان".(٢)

ڕێککەوتننامەی واشـــنتۆن بەرنامەی نەوت بە خۆراکی بەتەواوی گەڕاندەوە. بڕیاری (٩٨٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، لە ١٤ی نیسانی ١٩٩٥ پەسەندکرا، مافی بە نەتەوە یەکگرتوەکاندا ئیدارەی فرۆشتنی نەوتی عێراق بکات[١]. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (٪١٣)ی لە داهاتی گشتی عێراق بۆ دیاریکرا. بەرنامەکە دەسکەوتێکی چاوەڕواننەکرا بوو. حکومەتی هەرێم لە نێوان سالانی ١٩٩٧-٢٠٠١دا لە ڕێگای بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک (٦ ,٤) ملیار دۆلاری وەرگرت.(٣)

پەلامارەکەی هێزە چەکدارەکانی عێراق بۆ ناو کوردستان وەک بیرهێنانەوەیەکی ئاشتییە بێ هێزەکەی عێراق خزمەتی کرد. بە کاتێکی کەم بۆ خۆ ئامادەکردن، سەدام توانی لە چەند لایەکەوە سەرکەوێت بەسەر کوردەکانی باکوور و شیعەکانی باشووردا. عێراق هاوکاریەکانی لەگەڵ کۆمسیۆنی تایبەتی کاری داماڵینی چەکی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕاگرت و هەڕەشەی ئەوەی دەکرد هەموو هاوکاریەکانی لەگەڵ پشکنەرانی چەکی نەتەوە یەکگرتوەکان کۆتایی پێ بهێنێت. عێراق داواکاریەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان یرەتکردەوە بۆ پشکنینی وەرزیی بەگوێرەی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان. بە بەرەنگاربوونەوە و هەڕەشەکانی سەدام، سەرۆک 'بیل کلینتۆن' لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨دا بڕیاری ڕزگارکردنی عێراق و ڕوخاندنی ڕژێمی سەدامی واژوو کرد، ئەمەش بە هاوکاری سەربازیی ئەمریکا بۆ پارتی و یەکێتی و لایەنە

---

[١] بڕیارنامەی ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ڕێکەوتی ١٤ی نیسانی ١٩٩٥دا پەسەندکرا، بەڵگەیەکی نێونەتەوەییە لەمەڕ عێراق. ئەم بڕیارنامەیە لە دوای کۆبوونەوەی ژمارەی ٣،٥١٩ەم، بە ١٥ دەنگی لەگەڵ، هیچ دژ و هیچ بێلایەن پەسەندکرا. ئەم بڕیارە ڕێخۆشکەر بوو بۆ فرۆشتنی نەوتی عێراق بۆ گۆڕینەوەی بە یارمەتی مرۆیی بۆ خەڵکی عێراق کە دواتر بە بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراک ناسرا.

ئۆپۆزسیۆنەکانی تری عێراق.(٤) دەسەڵاتدارانی ئەمریکا دەستیان کرد بە بیرکردنەوە لە پشت تێکردن و ڕوخاندنی گۆڕینی ڕژێم.

*****

لە وەڵامی هێرشە تیرۆریستیەکانی یانزەی ئەیلولی ٢٠٠١دا، سەرۆک بوش یاسای دژە تیرۆری پەسەند کرد، کە جەختی لە سەر هێرشکردنە سەر دوژمنان دەکردەوە پێش ئەوەی ئەوان بتوانن هێرش بکەنە سەر ئەمریکا. بوش باوەڕی وابوو کە ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام و گواستنەوەی عێراق بۆ مۆدێلێکی دیموکراسی لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا، بەعسیەکانی سوریاش لاواز دەکات، فشار دەخاتە سەر مەلاکانی ئێران، ئاساییشی ئیسرائیل زیاتر دەکات، وە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی وزەی ئەمریکا دەکات. کوردەکانی عێراق لەگەڵ ئەم بۆچونەدا هاوبەش بوون و شانبەشان لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکادا کاریان کرد بۆ گۆڕینی ڕژێم.(٥)

ئەمریکا لە ١٩ی ئازاری ٢٠٠٣دا، ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراقی دەست پێکرد. سوپای ئەمریکا بیابانەکانیان بڕی، هێزەکانی سەدامیان تێک شکاند وە چوونە ناو شاری بەغدا.(٦) بەئامادەبوونی چەند هاوڵاتیەکی کەمی عێراقی، لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣دا، پەیکەری سەدامیان لە مەیدانی فیردەوس هێنایە خوارەوە. سوپای ئەمریکا هیچ ڕێنماییەکیان نەبوو بۆ قۆناغی چوارەمی ئۆپەرا سیۆنی سەقامگیرکردنی دۆخەکە. ئەوان کشانەوە کاتێک ڕوخانی ڕژێم بووە هۆی تالان و ناکۆکی. لەجیاتی سوپاسگوزاریی بۆ ئازادکردنی عێراق، 'داگیرکردن'ەکەیان بووە هۆی لەدەستدانی پشتگیری لە لایەن عێراقیەکانەوە. کێشەی زۆر چاوەڕێ دەکران لە حکومەتی داهاتووی ئەو وڵاتە. بەڵام ئاگادارکردنەوەکان لە لایەن پلاندارەکانەوە فەرامۆش کران کە بەڵێنیان دابوو ئەرکێکی ئاسان دەبێت وە خەرجی جەنگی عێراق بەزوویی بە فرۆشتنی نەوت قەرەبوودەکرێتەوە.

باڵیۆز 'پۆڵ بریمەر'[١] وەک حاکمی مەدەنی دە سەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان دیاریکرا. ئەو وەک جێگری پاشا حوکمی دەکرد.(٧) عەرەبە سوننەکان توڕەبوون کاتێک بریمەر لە ١٦ی ئایاری ٢٠٠٣دا بڕیاری هەڵوەشانەوەی پارتی بەعسی دەرکرد.(٨) لە یەک شەودا، (١٢٠,٠٠٠) عێراقی لە کارەکانیان دوورخرانەوە. سەرکردایەتی بەعس بەبێ گفتوگۆ بەرپرسیار بوون لە دڕندەیی و جینۆساید، بەڵام هەموو ئەندامانی پارتەکە تاوانباری جەنگ نەبوون. ژمارەیەکی زۆر لە عێراقیەکان پەیوەندیان بەو پارتەوە کردبوو چونکە هیچ بژاردەیەکی تریان نەبوو. ئەندامبوون مەرجێکی سەرەکی بوو بۆ دەرفەتی خوێندن و کارکردن. بڕیاری دووەم بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی قەوارەکان، هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق و دەزگای هەواڵگری نهێنی (مخابرات): بریمەر لە ٢٣ی ئایاردا هێزە چەکدارەکانی عێراقی هەڵوەشاندەوە، وە ڕەتی کردەوە موچەی خانەنشینانی سەربازیش بدات. بڕیاری هەڵوە شانەوەی سوپا بووە هۆی بەدوژمنکردنی چوار سەد هەزار عێراقی و خێزانەکانیان لە دژی ئەمریکا. هەروەها ئەو دامەزراوانەشی هەڵوەشاندەوە کە ڕۆڵی بەرچاویان دەگێڕا لە ناسەقامگیرکردنی ئاساییش لەماوەی گواستنەوەی حکومەت لە دوای سەدام.

هەروەها پلانەکەی بریمەر بۆ ڕادەستکردنی بەرپرسیاریەتی حوکمڕانی بۆ عێراقیەکان بەتەواوی شکستی هێنا لە دروستکردنی کاریگەرییە چاوەڕوانکراوەکە. ئەو ئەنجومەنی حوکمڕانی دامەزرا ند، کە زۆرینەی لەو کەسانە پێکهاتبوو کە لە لایەن سەدامەوە نەفی کرابوون. عێراقیەکان ڕەتیان کردەوە ببن بە داردەستی ئەمریکا. بریمەر داوای لە عێراقیەکان کرد کە لەگەڵ پارێزەرانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمرریکا کاربکەن و پەرە بە دەستووری عێراقی بدەن. هەرچۆنێک بێت، عێراقیەکان سووربوون لە سەر

[١] پۆل بریمەر لەدایکبووی ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٤١، کەسایەتی سیاسی و دیپلۆماتکاری ئەمریکییە ، لەدوای ڕوخانی ڕژیمی بەعس لە عێراق پۆل بریمەر لەماوەی ٢١ی ئایاری ٢٠٠٣ تاکوو ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ حاکمی مەدەنی عێراق بووە.

ئەوەی کە ناکرێت دەســـــتوور تەنیا لە لایەن لایەنێکی بەدیموکراســــی هەڵبژێردراو بنوســـرێتەوە. هەروەها برێمەر وازی لە پلانەکانی هێنا بۆ بۆ ئەنجامدانی ســـەرژمێریەک یاخود دروســـتکردنی زۆنی دەنگدان. عێراقیەکان پێشـــنیاری لیژنەکەیان ڕەتکردەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ.(٩)

کورد ڕۆڵێکی کارای لە نووســـینی یاســـای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواســـــتنەوە[قانون الدولة للفترة الأنتقالية]، (TAL) گێڕا، کە لە ٨ی ئازاری ٢٠٠٤دا پەسەند کرا. ئەم یاسایە وەک دەستووری کاتیی عێراقی کاری پێدەکرا، کە پێداگری لە سەر دیموکراسی، فیدراڵی و مافنامەی نەتەوەدا دەگرت.

بەگوێرەی دیباچەی یاســـــاکە، "خەڵکی عێراق، خەبات دەکات بۆ گێڕانەوەی ئازادیەکەی، کە دەســـــەڵاتەکانیان لە لایەن ڕژێمی زۆرداری پێشـــــووەوە زەوت کرابوو، توندوتیژیی و دەسەڵاتی زۆرەملێ بەهەموو شێوازێک ڕەتدەکاتەوە، وە بەتایبەتی کاتێک وەک ئامرازێکی حوکمڕانی بەکاردەهێنرێن، وە ئەوەی یەکلای کردۆتەوە کە لەمەوەدوا لەژێر سـایەی حوکمی یاسـادا بە هاوڵاتی سـەربەسـت دەمێننەوە". ئەو یاسـایە هەردوو زمـانی کوردی و عەرەبی کردە زمـانی فەرمی عێراق هەروەک لە لایەن کوردەکـانەوە داواکرابوو، یاساکە ئاماژەی بەوەدا کە، "سیستەمی فیدراڵی لە سەر بنەمای جوگرافیا و حەقیقەتی مێژوویی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بنیاد دەنرێت، نەوەک بنەڕەت، نەژاد، لایەنی نەتەوەیی، نەتەوەیەتی یان دانپیانان".(١٠)

یاسای کارگێڕی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوەدا، باسی لە ناوچە کێشە لە سەرە ناوخۆییەکانیش کرد. [ماددەی ٥٨]، بڕگەی [آ و ب] ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە حکومەت 'بەزوویی کار لە ســەر گرتنەبەری ڕێوشـوێنی پێویسـت دەکات بۆ چارەسـەرکردنی ئەو نـادادپەروەریەی لە لایەن ڕژێمی پێشـــــووەوە ئەنجامـدراوە لە گۆڕینی تـایبەتمەنـدی دیموگرافیـای چەنـد نـاوچەیەکی دیـاریکراو، بە کەرکوکیشـــــەوە"- بەتـایبەتی، بە

پێشکەشکردنی 'پێشنیار بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی دەربارەی چارەسەرکردنی گۆڕانکاری نادادپەروەرانە' لە چوارچێوەی کارگیرپیەکاندا. بەگوێرەی بڕگەی [ج]،

"بڕیاری هەمیشـــەیی ناوچە ناکۆکی لە ســـەرەکان، بە کەرکوکەوە، دوادەخریت تا دوای گرتنەبەری هەموو ڕێ و شـــوێنەکان کۆتاییان دێت، واتە دوای ســـــەرژمێریەکی شەفاف و دادپەروەرانە کە ئەنجام دەدرێت و دەستووری هەمیشەیی دەنگی لە سەردرا. ئەو بڕیارە دەبێت یەک بگرێتەوە لەگەڵ پرەنســـیپەکانی دادپەروەری، کە ئارەزووی خەڵکی ئەو ناوچانە لەبەرچاو بگیرێت."

هەروەها دواکاتیش دیاریکرا بۆ ڕەشـنووس و دەسـتووری هەمیشـەیی. لە [ماددەی ٢]ی ئەو یاسایەدا، داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیستیمانی لە بەرواری ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ کرابوو. ئەنجومەنی نیشـتیمانی ڕەشـنووسـێکی هەمیشـەیی دەسـتوور ئامادە دەکات لە ١٥ی ئابدا، وە دەنگدەرە عێراقیەکان لە گشـتپرسـیەکدا بۆ پەسـەندکردنی ئەو دەسـتوورە دەنگدەدەن [ماددەی ٦١]. دەسـتووری هەمیشـەیی لە لایەن زۆرینەی دەنگدەرانەوە پەسـەند دەکرێت. دوو لە سـەر سـێی دەنگی (نەخێر) لە سێ پارێزگادا مافی بەکارهێنانی ڤیتۆیان هەیە. زۆرینەی هەرە زۆری سێ پارێزگا مافی ڤیتۆی بە کورددا بەسـەر دەسـتووری هەمیشـەییدا. ئەوان زۆرینەیەکی ڕێکخراو بوون لە پـارێزگـاکـانی دهۆک، هەولێر و ســـلێمـانی. هەروەهـا بوو بە قەڵایەکیش بۆ عەرەبە ســـوننەکان، کە لە پارێزگاکانی موســـڵ، ئەنبار و ســـەلاحەددین الدیندا زۆرینەی دانیشتوانیان پێکهێنابوو.

یاســای کارگێڕی دەوڵەت لە قۆناگی گواســتنەوەی دەســەڵاتدا بە شـێوەیەکی بێ هاوتا، وەک حکومەتێکی شــەرعی بۆ کورد، دانی بە حکومەتی هەرێمی کوردســتاندا نا، وە لەناو دەســتووری نوێی حکومەتی فیدرالیدا حکومەت هەرێمی کوردســتان مافەکانی چەسپێنران. یاساکە ئاشکرای کرد کە سەرچاوە سروشتیەکانی عێراق موڵکی خەڵکی

عێراقە وە پێشکەوتنە داهاتووەکانی سەرچاوە سروشتی، بەتایبەتی نەوت، پێویستی بە ڕاوێژ هەیە لە نێوان حکومەتی ناوەندی و پارێزگا خۆجێیەکاندا. ئەم یاسـایە ئەو پرەنسـیپانەی چەسـپاند کە ئەو داهاتەی لە بەکارهێنای سـەرچاوە سـروشـتیەکانەوە بەکاردێت پێویسـتە دابەش بکرێتەوە بەسـەر ناوچەکاندا لە سـەر بنەمای ژمارەی دانیشـتوان و قەرەبووی ئەو ناوچانەش بکرێتەوە کە لە لایەن ڕژێمی پێشـووەوە بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە لەو داهاتانە دابڕێنرابوون و بێبەشکرابوون.(١١)

عێراقیەکانی تر گازاندەی ئەوەیان کرد کە پرۆسەی نووسینەوەی یاسای کارگێڕیی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵاتدا، شەفاف نەبووە. ئەوان گلەیی ئەوەیان کرد کە لە بەرژەوەندی کورددا بووە. ئایەتولا سـیسـتانی[1]، گەورە پیاوی ئایینی شـیعی لە عێراقدا، لەوە دەترسـا کە دوو لە سـەر سـێی دابەشـکردنەکە لە [ماددەی ٦١]دا مافی ڤیتۆی بە کورد و عەرەبە سـوننەکان داوە. هەروەها سـیسـتانی دەیویسـت شـەریعەتی

---

[1]سـەیـد عەلی حوسـەینی سـیسـتانی (١٩٣٠..-) یەکێکە لە ڕابەری گەورە مەرجەعیەکـانی ئاینی شیعە لە عێراق و لە جیهان دا ، دانیشتووی شاری نەجەفە ، سەرکردایەتی مەرجەعیەی زانستی ئاینی حەوزەی نەجەفی گرتە بەر دوای مردنی سەید ئەبولقاسمی خوئی.

پۆڵ برێمەر لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی دا بە ناوی "ساڵەکەم لە عێراق"دا دەڵێت سیستانی لە عێراق "زۆر یارمەتی هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیای دەدا" وە هەروەها دەڵێت کە سیستانی نەیدەویست بە شێوەیەکی ئا شکرا هەڵسوکەوت لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بکات، بەڵام بە شێوەیەکی بەردەوام نامەی نهێنی بۆم دەنووسـی دەربارەی بارودۆخی عێراق. پۆل برێمەر: سـیسـتانی ڕوژێکیان نامەیەکی بو ناردم و وتی نەبوونی چاوپێکەوتن لە نێوانماندا لە بەر ڕق لێ بوونەوە نییە بەڵکو لە بەر ئەوەیە کە ئەم شـێوەیە نهێنیە باشـترە بۆ بە دەسـت هێنانی ئامانجە هاوبەشـەکانمان، وە هەرەوەها وتی لەوانەیە پشـتیوانەکانی لە دەسـت بدات ئەگەر بێتوو بە شـێوەیەکی ئاشـکرا هەڵسـوکەوت لەگەڵ ئەمەریکادا بکات، وە دەڵێت لە ماوەی چوار مانگ زیاتر لە ٣٠ نامەی زۆر گرنگی بو ناردم وە هەروەها سـەید سـیسـتانی فەتوای ئەوەی دا کە نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕێگا لە هێزەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بگیرێت "بە بیانووی ئەوەی کە ئەم کارە بە زیانە."

ئیسـلامی بە شـێوەیەکی لەو یاسـایەدا جێگیر بکرێت. هەرچەندە ئەم یاسـایە ئایینی ئیسـلامی وەکو ئایینی فەرمی عێراق جێگیر کرد، بەڵام ئیسـلامی بە "سـەرچاوەیەک"ی یاسادانان پێناسەکرد نەوەک تاکە بنەمای یاسا. کوردەکانی عێراق ئارامگربوون لەماوەی ئەو کاتەی کە بەدوای ڕوخانی سـەدامدا هات. ئەوان دەرفەتی دە سـاڵ پێشـتریان بەبەراورد لەگەڵ پێشـکەوتنەکانی تری عێراق، دامەزراوەی دیموکراتی و کۆمەڵگای مەدەنی هەبوو. ئاساییشی نێودەوڵەتی پێشکەوتنەکانی کوردستانی عێراقیان پەسەند بوو. کورد قەرزاری ئەو دەرفەتە بوون کە لە لایەن ئەمریکا و بەریتانیاوەوە بۆیان ڕەخسـێنرابوو، کە تیایدا "ئۆپەراسـیۆنەکانی چاودێری باکوور"، ناوچەی دژەفڕین لە سـاڵی ١٩٩٧دا هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی کورد لەو ماوەیەدا خۆی پێ بگەیەنێت. کوردەکان نەرمیان نواند کاتێک پۆل برێمەر داوای هاوکاری عیراقێکی دیموکراتی و یەکگرتووی لێکردن. هەرچۆنێک بێت، هێڵە سـوورەکان دواتر لە گفتوگۆکانی داهاتوودا لە سەر دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بە ڕوونی دەرکەوتن.

*****

زۆرینەی ڕەهای کورد خەون بە سـەربەخۆییەوە دەبینن. سـەرباری هەموو ئەو قسـانەی لەبارەی "برایانی عیراق"ەوە دەگوترێت، کورد متمانەی بە بەغدا نیە. بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی ناپاکی و زۆرداریەکەیان، کورد فێربوو لە پێشـهاتەکاندا نەرمی بنوێنێت. دامەزراندنی عێراقێکی فیدراڵی، کۆماری و دیموکراتی، عەقلانەترین ڕێگا بوو بۆ پاراستن و بەرەوپێشـبردنی مافەکانیان. لە تەمموزی ٢٠٠٣دا، کۆمەڵێک ڕۆشـنبیر لە سـلێمانی دەسـتیانکرد بە بە دامەزراندنی بزوتنەوەی چاکسـازیی کوردسـتان. ئەوم بزوتنەوەیە بە چەندین شـاری کوردسـتاندا بڵاوبووەوە، هەروەها چووە کەرکوک و موسـڵیش. نوێنەرەکانی دادخواستێکیان پێشـکەش کرد بۆ داواکردنی مافەکانیان بۆ گشـتگیریەکی فەرمی لە سـەر پێگەی سـیاسـی داهاتوویان.(١٢) دادخواسـتەکە (١, ٧٣٢, ٥٣٢) واژووی

کۆکردەوە. لە ٢٢ی کـانوونی یەکەمی ٢٠٠٤دا پێشـــــکەش بە نووســـــینگەی نەتەوە یەکگرتوەکانی هاوکاریی هەڵبژاردن کرا.(١٣)

گشـتپرسـیەکی نافەرمی لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا بۆ سـەربەخۆیی ڕێکخرا. دەنگدەرەکان دوو بژاردەیان لەبەردەم بوو:

1. مانەوە وەک بەشێک لە عێراق.
2. سەربەخۆیی

نزیکەی (١, ٩٩٨, ٠٦١) هـاوڵاتی بەژدارییـان کرد، کە تیـایـدا لە نـاوچە کوردیـاکـانی باکووری عێراق، بە کەرکوک، خانەقین و ناوچە کوردیەکانی پاریزگای موســـڵیشـــەوە، بەڵام ئەو کوردانەی نەگرتەوە کە لە بە غدا و پارێزگا کانی تری عەرەبنشـــین بوون، تەنیا (٥٦٠ ,١٩) هاوڵاتی دانگیا ندا بۆ ئەوی کوردســـتان وەک بەشـــێک لە عێراق بمێنێتەوە. گشتپرسی لە سەرەبەری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و هەڵبژاردنەکانی یاســادانانی کوردســتانی عیراق لە ٣١ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا ئەنجامدرا. مەبەسـت لە هەڵبژاردنە کانی کوردســـتان بریتی بوو لە چارەســـەرکردنی ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی. هەرچۆنێـک بێـت، ئەنجـامەکە گرژیەکـانی ئـاڵۆزتر کرد. یەکێتی زۆرینەی دەنگەکانی تاکەکەســی بەدەســتهێنا، بەڵام پارتی زۆرینەی کورســیەکانی ئەنجومەنی بردەوە. پارتی چل و ســێ کورســی و یەکێتی ســی و هەشــت کورســیان بردەوە. کورسـیەکانی تریش بەسـەر یەکگرتووی ئیسـلامی کوردسـتان و پارتی شـیوعی و چەند پارتێکی کەمینەی تردا دابەش کران. مە سعود بارزانی لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی گرنگ لە ســەر ناڕەزاییەکانی یەکێتی لە ســەرۆکایەتیکردنی هەرێمی کوردســتاندا بەردەوام بوو.

**نێچیرڤان بارزانی[١]، برازاکەی، دەبێت بە سەرۆک وەزیران. ناڕەزاییەکان لە سەر پۆستە وەزاریەکان بەردەوام بوون.(١٤)**

[١] نێچیرڤان بارزانی (لەدایکبووی ٢١ی ئەیلوولی ١٩٦٦، بارزان ) کەسایەتی سیاسیی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستـــانە لە ئێســـتادا ســـەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان و جێگری ســـەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە .نێچیرڤان بارزانی کوڕی ئیدریس بارزانی و نەوەی مەلا مستەفا بارزانی یە.

کاتێک لە ساڵی ١٩٧٥، عێراق و ئێران لە جەزائیر لە دژی شۆڕشی کوردستان (شۆڕشی ئەیلول)، ڕێککەوتن و مەلا مستەفای بارزانی خەباتی چەکداری ڕاوەستاند، ئەو دەمە نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ بنەماڵەکەی ئاوارەی ئێران بوون و لەوێ لە زانکۆی تاران، زانستە سیا سیەکانی خوێند. ئیدریس بارزانی باوکی نێچیرڤان بارزانی، ئەندامی مەکتەبی ســـیاســـیی پارتی دیموکراتی کوردســـتان بوو و ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە ناو تەڤگەری ڕزگاریخوازی کوردستاندا هەبوو، هەر لە منالّیەوە لە ناو ڕیزەکانی شۆڕشدا بوو و لەتەک پێشمەرگەکان ببوو. کاتێک ئیدریس بارزانی کۆچی دوایی کرد، نێچیرڤان بارزانی ناچار بوو بنەماڵەکەی بەجێ بهێڵێت و بە شداری لە شـــۆڕش و بەرخودانی چەکداری بکات. نێچیرڤان بارزانی زوو لە ناو ڕیزەکانی پێشـــمەرگە و شـــۆڕشـــدا پێشـــکەوت و بەرپرســـیاریەتی پێدرا، لە ســـاڵی ١٩٨٩ بوو بە ئەندامی مەکتەبی ســـیاســـیی پارتی دیموکراتی کوردســـتان. لە ســـاڵی ١٩٩٦ بووە جێگری ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان. لە ســـاڵی ١٩٩٩ بووە ســـــەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـــتان (کابینەی چوار). لە ٧ی ئایاری ٢٠٠٦ بووە ســــەرۆک-وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان (کابینەی یەکگرتنەوە) ئەمەش دوای دابەشـــبوونی حکوومەتی هەرێم بۆ دوو ئیدارە.

نێچیرڤـان بـارزانی زۆرترین مـاوە ســـــەرۆک حکومەت یـان ســـــەرۆک وەزیرانی حکومەتەکـانی هەرێمی کوردسـتان لەسـەرەتادا لە سـاڵی ١٩٩٦ بووە جێگری سـەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان ئینجا لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ تاکو ١٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ ســـــەرۆک وەزیرانی حکومەتی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردســـــتان بووە. لە ٧ی ئایاری ٢٠٠٦ بووە ســـــەرۆک-وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردســـــتان (کابینەی یەکگرتنەوە) ئەمەش دوای دابەشـــبوونی حکوومەتی هەرێم بۆ دوو ئیدارە ، نێچیرڤان لەســـاڵی ٢٠٠٦ تاکوو ٢٠٠٩ ســـەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان بوو کە بە حکوومەتی یەگرتنەوە دەناسـرێت. لەسـاڵی ٢٠٠٩ ســـــەرۆک وەزیران دەدرێتە یەکێتی نیشـــتمانیی کوردســـــتان ئەمە بەپێی ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتیی بوو لە ئەنجامدا بەرهەم ساڵح دەبێتە سەرۆک وەزیران ئینجا لە شوباتی ٢٠١٢ ئەو پۆستە دووبارە دەدرێتەوە پارتی دیموکراتی کوردســتان و دووبارە نێچیرڤان بارزانی دەکرێتەوە ســەرۆک وەزیران ئەمەش تاکو ئەیلوولی ٢٠١٣

عێراقیەکان بۆ (٢٧٥) ئەندامی ئەنجومەنی نیشـــتیمانی دەنگیاندا، کە لە لایەن یا سای کارگێڕی دەوڵەت لەماوەی گواستنەوەی دەسەڵاتدا دروستکرابوو، لەگەڵ هەژدە ئەنجومەنی پـارێزگـاریی.(١٥) هـاوپەیمـانی یەکگرتووی عێراق، لە (٪٤٨)ی دەنگەکـانی بەدەست هێنا. هاوپەیمانی نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان، بە دوو پارتە سەرەکیەکە و نۆ پارتی بچوکی کوردی ترەوە، لە (٪٢٦)ی دەنگەکانیان بەدەســـت هێنا.(١٦) کورد بەژمارەیەکی زۆرەوە دەنگیاندا؛ ئەوان زۆر پەرۆش بوون بۆ پیشـاندانی هێزی دەنگدان. لیســتەکەی 'ئەیاد عەلاوی' ســەرۆک وەزیرانی کاتیی لە (٪١٤)ی دەنگەکانی بردەوە.(١٧) زۆرینەکی بەرچاوی سـوننە یان بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کرد یاخود زۆر ترسـابوون لە هەڵبژاردن، هەڕەشەی شەرعیەتبوونی هەڵبژاردنیان دەکرد. پۆستە سەرکردایەتیەکان لە نێوان شــیعە، ســوننە و کورددا دابەشــکران. 'ئیبراهیم جەعفەری' لە پارتی 'دەعوە'ی شــیعە بوو بە ســەرۆک وەزیران. 'حاجم ئەلحســنی' بەە بە ســەرۆکی پەرلەمان. کورد پۆســتی گرنگیان لە حکومەتی عێراقدا دەســتەبەر کرد. جەلال تاڵەبانی بوو بە یەکەم ســــەرۆکی کوردی عێراق. هۆشــــیار زێباری[1] بەردەوام بوو لە کارکردن وەک وەزیری دەرەوە. بەرهەم ساڵح[2] بوو بە جێگری سەرۆک وەزیران، وە شەش کوردی تریش پۆستە گرنگەکانی تری کابینەکەیان وەرگرت.

---

بەردەوام بوو. لە هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی ٢٠١٣ دووبارە پارتی دیموکراتی کوردســتان هەڵبژاردنەکانی بردەو و نێچیرڤان بارزانیش بۆ جارێکی دی کرایەوە سەرۆککوەزیران.

[1] هۆشـیار زێباری لەدایکبووی ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٣ ، سـیاســەتمەداری کورد و عێراقییە. لەوەتەی ٨ی ئەیلوولی ٢٠١٤ بووەتە وەزیری دارایی عێراق پێشــــتریش لە هەردوو خولی هەڵبژاردندا ٢٠٠٦ و ٢٠١٠ بووەتە وەزیری دەرەوەی عێراق، لەساڵی ١٩٧٦ بڕوانامەی زانستە سیاسییەکانی لە ئەردەن لە عەممان وەرگرتووە وە هەڵگری بڕوانامەی ما ستەر لە کۆمەڵنا سی ، هۆ شیاری زێباری ئەندامی لێژنەی ناوەندی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

[2] بەرهەم ئەحمەد سـاڵح لە سـاڵی ١٩٦٠ لە سـلێمانی، لە باشـووری کوردسـتان لەدایکبووە. سـەرۆک وەزیرانی کابینەی شــەشــەم حکومەتی هەرێمی کوردســتان بوو لەســاڵانی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٢. لە ســاڵی ١٩٧٩ دا دووجار

لەلایەن ڕژێمی بەعســـــەوە دەســــگیرکراوە بە تۆمەتی پەیوەندیکردن بەڕیزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردســــتـانەوە. مـاوەی ٤٣ رۆژ لە زینـدانەکـانی ئـاســــایش (ئەمن) لە (هەیئەی تەحقیقی خـاســــە) لە کەرکوک دەســــگیرکراوە، و بە چەندین شــــێواز ئەشــــکەنجە دراوە. دوای ئازادکردنی لە زیندان خوێندنی ئامادەیی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە و پلەی یەکەمی لە سەر ئاستی کوردستان و پلەی سێیەمی لە سەر ئاسـتی عێراق بەدەسـتهێناوە دوای ئەوەی کە لە تاقیکردنەوەکاندا (٪٥ ,٩٦) ی وەرگرتووە. پاشـان بە هۆی چاودێری ئەمنییەوە عێراقی جێهێشـــــتووە و ڕوویکردۆتە بەریتانیا. خوێندنی زانکۆی تەواوکردووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆســــی لە ئەندازیاریی شــــارســــتانی و تەلارســــازی ســــاڵی ١٩٨٣ لە زانکۆی کاردیف لە بەریتانیا، بەدەســــتهێنا. خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری ئامار و پراکتیزەی کۆمپیوتەر لە ئەندازیاریی گشــــتیدا لە ســــاڵی ١٩٨٧ لە زانکۆی لیڤەربول لە بەریتانیا .وەک ئەندازیاری راوێژکار لە کۆمپانیایەکی ئەورووپای کاری کردووە.

- لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی کردووە بە ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە.
- لە سـەرەتای هەشـتاکانەوە بۆتە ئەندام لە ڕێکخسـتنەکانی ئەورووپای یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، و بۆتە بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا.
- لە یەکەمین کۆنگرەی ئاشــکرای یەکێتیی نیشــتمانیی لە باشــووری کوردســتانی ئازاد کراو، ســاڵی ١٩٩٢، بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوەو ئەرکی بەڕێوەبردنی مەکتەبی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای پێ سپێردراوە.
- تۆڕی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی فراوان کردووە لەگەڵ ناوەندەکانی بڕیار لە واشنتۆن.
- ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسییە لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- نوێنەری یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم بووە لەدوای یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە کوردســــتان لە ساڵی١٩٩٢دا، بۆتە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەمریکا-واشنتۆن.
- پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردســــتانی فراوان کردووە لەگەڵ ناوەندەکانی بڕیار لە واشــــنتۆن، و بەشداریکردووە لە چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و کۆنگرەکانی بەر لە رووخانی ڕژێمی بەعس.
- ســــەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردســــتان (ســــلێمانی) بووە، لە ماوەی نێوان کانونی دووەمی ٢٠٠١ و ناوەڕاستی ٢٠٠٤ لە سەر داخوازی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ لەلایەن سەرکردایەتی کوردستانەوە کاندید کراوە بۆ سەرۆکایەتی لیستی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.
- کابینەکەی پێکهاتبوو لە ١٩ وەزارەت.

ئەنجامدانی هەڵبژاردن خۆی لە خۆیدا دەسکەوت بوو. چەکدارەکان هەڕەشیان کرد کە "شـــەقامەکان بە خوێن دەشـــۆن".(١٨) پارتی ئیســـلامی عێراق و یەکێتی زانایانی موســـڵمان ڕەتیانکردەوە کاندید پێشـــکەش بکەن. بەهۆی نیگەرانی ئەمنیەوە، حەوت هەزار بەربژێر تا چەند ڕۆژێک پێش هەڵبژاردنەکان ناسـنامەکانی خۆیان ئاشـکرا نەکرد. ســـــنوورەکـانی عێراق داخران، وە نـاوچەی دژە فڕین جێبەجێ کرا. هـاتنە نـاوەوەی ئۆتۆمبیل بۆناو شـــاری بەغدا قەدەغە کرا. زیاتر لە پانزە هەزار ســـەربازی ئەمریکی بۆ پاراســـتنی بنکەکانی دەنگدان بڵاوەیان پێکرا. ســـەرەڕای گرتنەبەری ڕێوشـــوێنی ئەمنی توند، بەهۆی چەند هێرشێکەوە لە ڕۆژی هەڵبژاردندا چل و چوار عێراقی کوژران.

بوش ڕایگەیاند، "تیرۆریســـتەکان و ئەوانەی لە زۆرداریەکانی ســـەدام ســـودیان وەردەگرت دەزانن کە هەڵبژاردنی ئـازاد بۆچونە بەتـاڵەکـانیـان بۆ داهـاتووی عێراق دەردەخات. هەر بۆیە دەســـت لە هیچ ناپارێزن بۆ نەهیشـــتن یان پەکخســـتنی ئەم

---

- لە مانگی ٩ی ٢٠١١ نامەی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستی سەرۆکی حکومەت پێشکەش بە سەرۆکی هەرێم کردووە.
- لە ٢ی شوباتی ٢٠١٢ نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە پەسەند کرا.

لە دوای رووخانی رژێمی ســـســـەدامســـەدامی لە بەغداد، بووە بە جێگری ســـەرۆک وەزیرانی حکومەتی کاتیی عێراق لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤ .لە ساڵی ٢٠٠٥ بووە بە وەزیری پلاندانان لە حکومەتی ئینتیقالی عێراق . دواتر لەســـــاڵی ٢٠٠٦ تاکوو ٢٠٠٩ جێگری ســــەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەڵبژێدراوی عێراق)حکومەتی نوری مالکی بووە، هاوکات سەرۆکایەتی لیژنەی ئابووری پێسپێردراوە.

بە نوێنەرایەتی حکومەتی عێراق، پرۆژەی پەیمـاننـامەی نێودەوڵەتی لەگەڵ عێراق بە هـاوبەشـــــی لەگەڵ رێکخراوی نێودەوڵەتی دەســـت پێکردووە. پەیماننامەی نێودەوڵەتی بەڵگەنامەیەکە بۆ دەســـتەیەک ئیلتزامی هاوبەش لە نێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری کردنی بەغداد لە پابەندبوون بە ئیلتزامەکانی لە بـونـیـــادنـــانـی عـیـراقـێـکـی دیـمـوکـراتـی فـیـدرالـی گەشــــەکردوو، کە لەگەڵ خـۆی و دەوروبەرە هەرێمایەتییەکەی (ئیقلیمییەکەی) و نێودەوڵەتییەکەیدا بە ئاشتی وهێمنی بژی.

هەڵبژاردنە- هەر کە هیوا و ئـــازادی بڵاوبووەوە، تیرۆر و ڕق دەپوکێنەوە.(١٩) لە چوارچێوەی توندوتیژی توندی تایەفەگەری و خۆێنڕێژیدا، ئەنجومەنی نیشتیمانی لێژنەی ڕەشنووسی دەستوریی دیاریکرد بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور بۆ عێراقی نوێ. حکومەتی ئینتیقالی عێراق لە ٣ی ئایاری ٢٠٠٥دا دروســتکرا، وە لە لایەن یەکەمین حکومەتی هەمیشەیی لە ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٦دا جێگای گیرایەوە.

*****

ڕەشــنووســـی دەســـتووری هەمیشـــەیی عێراق ژمارەیەکی زۆر لە برگەی یاســـاییەکانی حکومەتی عێراقی لە قۆناغی گواســـتنەوەدا لەخۆ گرتبوو. دەســـتوری عێراق بەروونی لێکجیاکردنەوەی ســتوونی دەســەڵاتەکانی نێوان ســەرۆکایەتی، پەرلەمان و یاســادانانی دیاری کرد، لە کاتێکدا خزمەتەکانی ســەربازیی و ئاســاییش درانە دەســتی دەســەڵاتی مەدەنی-هەروەها هاوبەشیکردنی دەسەڵاتەکانی ئاسۆیی لە نێوان حکومەتی ناوەندی و هەژدە پارێزگاکەی عێراقی گرتەوە. حکومەتی فیدراڵی دەســـــەڵاتێکی تایبەتی پێدرا لەمەڕ سیاسەتەکانی دەرەوە، بەرگری نیشتیمانی، و سیاسەتی دارایی. کۆنترۆڵکردنی گومرگ، وزەی کارەبا، سیاسەتەکانی ژینگە، تەندورستی و پەروەردە لەگەڵ دەسەڵاتە هەرێمایەتیەکاندا بەشــکران. هەموو ئەو دەســـەڵاتانەی کە بە شــێوەیەکی تایبەتی بە حکومەتی ناوەندی نەدرابوون، لە لایەن هەرێمەکانەوە پارێزگاریان لێ دەکرا؛ پێشەنگیی درا بە یاســـــای هەرێمایەتی لەوکاتەی کێشـــــە بکەوێتە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا. دەستوورەکە لە ڕووی مافە فەرهەنگیەکانەوە بەهێز بوو، هانی بەکارهێنانی زمانی نێوخۆیی لە پەروەردە و کارگێڕیدا دەدا. هەرچۆنێک بێت، کۆمیتەی نووسینەوەی ڕەشنووس گەیشتە بنبەست و کێشەیەکی گەورە لە تەواوکردنی کارەکانیدا بەرەنگاری لێژنەکە بووەوە. ململانێ لە ســەر ڕۆڵی ئیســلام و جیاوازی تایەفەگەری هەڕەشــە بوون بۆ سەر پەکخستنی پرۆسەکە. بۆ ڕازیکردنی داخوازیەکانی هاوڵاتیانی عێراق، نووسەرانی ڕەشنووسەکە گۆرانکاریان لە دەستورەکەدا کرد لە چەند لایەنێکی وەک ناوچە ناکۆکی

له سەرە نێوخۆییەکان، کۆنترۆڵی کەرتی وزە و ڕێوشوێنەکانی هەموارکردنی دەستوور له داهاتوودا. وەک هەمیشە، دەسەڵاتدارانی ئەمریکا داوایان له کورد کرد که هەڵوێستەکانی خۆی بگۆڕێت و ئەوانی تر قاییل بکات.

کورد دەیویست لێژنەکە دوایین ڕەشنووسی دەستوور دەرخات، که دەنگی بەڵێ یان نەخێر وەرگرێت. هەرچۆنێک بێت، دەسەڵاتدارانی ئەمریکا دەیانویست دڵنیابن که عەرەبە سوننەکان خاوەنداریەتی دەستوورەکه دەکەن. لێژنەکه له کۆتاییدا بە چارەسەرێک گەیشت؛ یەکەمین پەرلەمان هەڵبژێردارا دوای ئەوەی دەستوور پەسەندکرا لیژنەیەکی پێداچوننەوەی دەستوور پێک دێت بۆئەوەی هەموارکردنەوە ڕەچاو بکات. لەکاتی ڕوودانی هەر گۆڕانکاریەک، گشتپرسیێکی تر پێویست دەکات.

کورد بەوە قاییل بوو که ئەو سەرچاوە وزەییانەی ئێستا هەن موڵکی هەموو عێراقیەکان بن. هەرچۆنێک بێت، ئەوان ویستیان کۆنترۆڵی دۆزینەوە و بەرهەمی داهاتووی نەوت و گازی سروشتی کوردستان بکەن. عێراقیەکانی تر داخوازیەکانی کوردیان بۆ سیاسەتەکانی وزە بۆ داهاتوو ڕەتکردەوە. لەجیاتی ئەوەی کێشەکه چارەسەر بکات، دەستوور ناڕوونیەکی سەیری پێوە دیار بوو. [ماددەی ١٠٩] دەڵێت:

"دەسەڵاتی فیدراڵی یەکێتی و یەکپارچەیی و سەربەخۆیی و سەروەری یاسای دیموکراسیخوازانەی فیدراڵی عێراق دەپارێزێت."

سەبارەت بە دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی وزە له داهاتودا، "حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ بەرهەمهێنانی حکومەتەکانی هەرێمیی و پارێزگاریدا بەیەکەوە سیاسەتی ستراتیژی دادەڕێژن بۆ گەشەپێدانی سامانی نەوت و گاز بەشێوەیەک که بەرزترین سوود بۆ عیراقیەکان دەستەبەر بکات..." (٢٠)

بۆ گەلی کورد، کەرکوک وەک شاری قودسە و شارێکی سەرەکییە بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی. هیچ سیاسەتمەدارێکی کورد سازش و گفتوگۆ له سەر کوردستانیبوونی

کەرکوک ناکات. عێراقیەکانی تر خۆیان دەدزیەوە بە خستنەسەری کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان. هەروەها عەرەب و تورکمانەکانیش ناڕازیی بوون. وە سامانی نەوتی کەرکوک بۆ کوردستانی عێراق دەبووە بنچینەیەکی ئابووریی بەرەو سەربەخۆیی.(٢١) لێژنەکە [ماددەی ١٤٠]ی پەسەند کرد کە تیایدا هاتووە:

"یەکەم: دەسەلاتی راپەراندن هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی [ماددەی ٥٨] لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە بە هەموو بڕگەکانیەوە.'

دووەم: ئەو بەرپرسیارەتیەی لە سەر شانی دەسەلاتی راپەڕاندنە لە حکوەتی ئینتیقالیدا کە لە [ماددەی ٥٨] لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەودا ئاماژەی پێکراوە، بەردەوام دەبێت دەکەوێتە ئەستۆی دەسەلاتی راپەراندنی هەڵبژێردرا و بەگوێرەی ئەم دەستووره بۆ ئەوەی بەتەواوی جێبەجێ بکرێت (ئاساییکردنەوەی سەرژمێری، لە کۆتاییدا ئەنجامدانی راپرسی لە کەرکوک و ناوچەکانی تر کە ناکۆکیان لە سەره بۆ دیاریکردنی ویستی هاولاتیان) لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە مانگی ٢٠٠٧/١٢ تێپەڕ نەکات." (٢٢)

وە بەپێی [ماددەی ٥٨] درێژدەکرێتەوە سەبارەت بە ئا ساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک و ناوچە کێشە لە سەرەکان ، ئەمەش بە ئەنجامدانی سەرژمێریەک و گشتپرسیێک دەبێت کە هاولاتیانی شارەکە خۆیان ئەو بڕیارە بدەن.

ناکۆکی سیا سی زیاتر بوو لەو کاتەی عێراقیەکان خەریکی گفتوگۆ بوون لە سەر بابەتی دەستوور. بەبێ بەژداری عەرەبە سوننەکان، هیچ جۆرە رێککەوتنێک لەئارادا نەدەبوو وە بەبێ دەستورێک، هیچ جۆرە دەرچونێکی ستراتیژی بۆ داگیرکاری ئەمریکیەکان نەبوو. ئەگەر پرۆسەی نووسینەوەی دە ستوور شکستی بهێنیایە، عێراق تووشی کێشەی قوڵتر دەبووەوە. گشتپرسی لە سەر دەستووری عێراق لە ١٥ی تشرینی

یەکەمی ۲۰۰۷دا ئەنجامدرا. (۹، ۷) ملیۆن هاوڵاتی یاخود (٪٦٣)ی دەنگدەران ناویان تۆمارکرد، وە دەنگیاندا.(۲۳) لە (٪۷۸) پشتگیری دەستووریان کرد وە ئەوانی تریش لە دژی بوون. دەستوورەکە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا پشتگیریەکی باشی لێکرا.(۲٤) هەرچۆنک بێت، زیاتر لە دوو لە سەر سێی دەنگدەرانی ئەنبار و سەلاحەددین ڕەتیانکردەوە. وە هەروەها، لە (٪٥٥)ی دەنگدەرانی پارێزگای موسڵ بە 'نەخێر' دەنگیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ژمارەیە بەشی ئەوەی نەکرد بەربەستی دوو لە سەر سێی دەنگی پارێزگاکان تێ پەڕێنێت بۆ ڕەتکردنەوەی دەستوورەکە.

تا ئێستا دەستووری عێراق لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیموکراسیترین دەستوورە. هەنگاوێکی گەورە بووە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی یاسا. بوش وتی، "عێراقیەکان پێشکەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنن لە بنیادنانی دیموکراسی، بە هەموو ستاندەرد و مێژوویەکی ڕابردەوەوە، عێراق پشکەوتنی سیاسی سەرسورهێنەری دەست بەدەستهێناوە، لە زوڵم و زۆرداریەوە بەرەو ئازادی هەڵبژاردنی نیشتیمانی بۆ بڕیاردانی دەستورێک لە دوو ساڵ و نیودا."(۲٥) بوش ستایشی ڕۆڵی عێراقیەکانی کرد لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور و چارەسەرکردنی جیاوازیەکانیانن بە ڕێگای گفتوگۆ نەوەک بەرەنگاریی جەنگ و بازوو.

*****

لە هەمانکاتدا، کوردەکانی عێراق خەریکی نووسینەوەی دەستوورێک بوون بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی هەرێمی کوردستان. ئەوان لێژنەیەکیان سازکرد بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، ئەم لێژنەیە لە پرۆسەیەکی شەفافدا ڕەشنووسێکیان بۆ ڕای گشتی ئامادەکرد.

دەستووری کوردی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بە ناوچەیەکی فیدرالی ناو خاکی عێراق پێناسە کرد. ئەم دەستوورە سنووری هەرێمی

کوردســـتانی چەســـپاند، وە باســـی لە کێشـــەی ناکۆکی لە ســـەرەکانی ناوخۆ کرد. [ماددەی٢] لە دەستووری هەرێم لە سێ بەش پێک هاتووە:

"یەکەم: کوردســــتان-عێراق قەوارەیەکی جوگرافیی مێژووییە، پێکدێت لە پارێزگای دهۆک بە سنووری کارگێڕی ئێستاوەی و لە پارێزگاکانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ و شـێخان و سـنجار و تلکێف و قەرەقۆش و ناحیەکانی زوممار و بەعشـیقە و ئاسـکی کەلەک لە پارێزگای نەینەوا و هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە. ئەمانەش بە ســـنووری کارگێڕیی پێش ســالّی ١٩٦٨یانەوە. دووەم: ســنوورە ســیاســیەکانی هەرێمی کوردســتان-عێراق، بەپشت بەستن بە جێبەجێکردنی [ماددەی ١٤٠]ی دەستووری فیدرالّیەوە، دیاری دەکرێن. سێیەم: نابێت هەرێمێکی نوێ لە نێو سنووری هەرێمی کوردستان دابمەزرێنرێت." (٢٦)

دەســـــتووری کوردی کوردســــتانی عێراقی لە دەولّەتی عێراق جیادەکردەوە بە دامەزراندنی، ســەرۆکایەتی، هێزە چەکدارەکان، یاســاکانی هاولاتیبوون [ماددەی ٦]. وە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی خۆویستانە چووەتە ناو یەکێتی فیدرالّی وە، وەک لایەنێکی یەکسان، مافی ئەوەی هەیە لە عێراق جیابێتەوە ئەگەر مەرجەکانی پێشێل کران:

"گەلی کوردســـتان-عێراق مافی دیاریکردنی چارەنووســـی خۆی هەیە و بەویســـتی ئازادانەی خۆی ئەوەی هەڵبژاردووە کە کوردستان هەرێمێکی فیدرالّی بێ لە چوارچێوەی عێراقدا مادام عێراق پابەند بێت بە ســـــیســـــتەمی فیدرالّی، دیموکراتی، پەرلەمانی، فرەلایەنی و مافەکانی تاک و کۆی مرۆڤەوە، بەو جۆرەی کە لە دەقی دەســــتووری فیدرالّیدا هاتووە." [ماددەی ٧]

ئەم دەســتوورە ئالایەکی بۆ کوردســتانی عێراق دیاری کرد کە لە تەنیشــت ئالای کۆماری عیراق هەلبکرێت. وە هەروەها ســـرودی نیشـــتیمانی و پشـــوە فەرهەنگی و نەتەوەییەکانیشـــی دیاریکرد [ماددەی ١٢]. بەرپرســـیاریەتی پاراســـتنی بە پێشـــمەرگە

بەخشـــــی [ماددەی ١٣]. هەروەها بنچینەی ئابووریی دەوڵەتیشـــــی چەســــپاند بە گەشەپێدانی سەرچاوکانی وزە لە دوای ١٦ی ئابی ٢٠٠٥:

"هەرێمی کوردستان، بەپێی برگەی (پێنجەم) لە [ماددەی ١٢١]ی دەستووری فیدراڵی، هێزێکی پێشمەرگەی بەرگریکاری هەیە بۆ پاسەوانی هەرێم، کە پێکهاتە و ئەرکەکانی بە یاســایەک رێکدەخرێن و نابێت میلیشــیای چەکدار لە دەرەوەی چوارچێوەی یاســا پێک بهێنرێن."

ئەگەر کەمێک قوڵتر سەیر بکەین، [ماددەی ١١٣]ش دەڵێت:

"یەکەم: هەموو ســــاڵێکی دارایی یاســــای بودجەی هەرێم دادەنرێت و داهاتوو خەرجیە خەملێنراوەکانی لەخۆ دەگرێت.

دووەم: سێ مانگ پێش تەواوبوونی ساڵی دارایی، پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی دارایی دەدرێتە پەرلەمانی کوردستان-عێراق.

ســــێیەم: ئەگەر لەبەر هەر هۆیەک، ئامادەکردن، یان پێشــــکەش کردنی بودجە کەوتە دوای دەستپێکی ساڵی دارایی حکومەتی هەرێمەوە، ئەوا بۆ هەر مانگێک کە بودجەکەی دواکەوتووە رێژەی (١٢/١)ی ئەو پشــــتەوانیەی کە بۆ ســــاڵی دارایی ڕابردوو بڕیاری لە سەر درابوو خەرج دەکرێت." (٢٧)

بەغدا بەواتـای جیـابوونەوە ســــەیری دەســــتووری کوردســــتـانی کرد. وەک بەڵگەنامەیەکی هاوتەریب بۆ دەســــتووری عێراق، نەخشــــە ڕێگایەکی بۆ ســــەربەخۆیی کوردســــتان پیشــکەشــکرد. پەســــەندکردنی دەســــتووری کوردی هەڵپەســێردرا، بەڵام هەڵنەوەشــایەوە. کوردەکانی عێراق هەمیشــە دەتوانن دەســتووری کوردســتان گەشــە پێبدەنەوە ئەگەر عێراق لە ململانێ و ناکۆکیە تایەفەگەریەکان برۆخێت.

❊❊❊❊❊

ناڕەزایی خەڵکی عێراق یەکســـــەر دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە (٢٠٠٣)، سـەریهەڵدایەوە. یاخیبوان هێزە ئەمریکی و ئاسـاییشـی عێراقیان کردە ئامانج کە تیایدا وەک هاوبەشـی تاوانی داگیرکردن سـەیردەکران. عەرەبە سـوننەکان گلەییان لە ئەمریکا کرد بۆ دەستدرێژی کردنە سەر و داگیرکردنی عێراق. ئەوان لە گواستنەوەی دەسەڵات لە لایەن واشـنتۆنەوە بۆ بەرژەوەندی حکومەتی شـیعە پەسـت بوون. بۆ سـاڵی ٢٠٠٧، یاخیبووە عەرەبە ســـــوننەکان بەدزیەوە پەیوەندیان بە چەکدارە بیانی و پێکهاتەکانی 'القاعیدە'ەوە کرد. ڕق و کینەیان بۆ ئەمریکا تەنیا بەهۆی ڕق ئەســـــتوریەکەیانەوە بوو بەرامبەر بە شیعە.

مزگەوتی 'العســکری' لە شــاری ســامەڕا لە ســالی ٩٤٤ بنیادنرابوو و یەکێکە لە پیرۆزترین شــوێنەکەنی شــیعەی ئیســلام. لە ٢٢ی شــوباتی ٢٠٠٦دا، گومەزە زێڕینە جوانەکەی تەقێنرایەوە. یەکســەر دوای تەقینەوەکەی ســامەڕا، هێرش کرایە ســەر ســێ مزگەوتی سوننەکان.(٢٨) لە ماوەی یەک مانگدا، جەستەی شەش سەد عەرەبی سوننە لە شــەقامەکانی بەغدادا دۆزرانەوە.(٢٩) عێراقیەکان بوون بە تاقمی تایەفەگەری توندڕەو چونکە هێزەکانی ئەمریکا و عێراق نەیانتوانی ئاسـاییشـیان بۆ دابین بکەن. لە شـوباتی ٢٠٠٦دا، هەواڵگریی ئەمریکا ئەم دۆخەی بە "جەنگی نێوخۆیی" ناوزەد کرد.(٣٠) ئەگەری ئەو عێراقەی کە دەتوانێت حوکم بکات، بەرگری بکات و بەردەوامی بە گەشـــەســـەندن بدات زۆر بەرەو دواوە هەنگاوی هەڵگرت.

نـاڕەزاییە نێوخۆییەکـانی ئەمریکـا بۆ جەنگی عێراق تـا دەهـات زیـاتر دەبوون. هەڵبژاردنەکانی ســـاڵی ٢٠٠٦، وەک گشـــتپرســـی بوو ســـەبارەت بە جەنگ. بۆ دەســتبەرداربوون لە ســیاســەتەکانی بوش، دەنگدەران دەســەڵاتەکەیان لە ئەنجومەنی پیران و نوێنەروانەوە بەخشـــیە پارتی دیموکرات. کاتێک ســـەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی نوێنەران، نانسی پیلوسی، سەردانی سەربازە برینداەرکانی جەنگی عێراقی کرد لە ناوەندی پزیشــکی هێزە دەریاییەکانی (Bethesda)، ئەو خۆی حاڵەتەکەی بینی

و هەستی جولآند، بۆیە سوێندی خوارد ئەو جەنگە کۆتایی پێ بهێنێت.(٣١) بەگوێرەی وتەکانی 'پیلوسی'، "گەورەترین کێشەی ئەخلاقی کە لە ماوەی سێ تا سێ ساڵ و نیوی ڕابردوو تووشی وڵاتەکەمان بۆتەوە، جەنگی عێراقە." (٣٢)

ئیدارەی بوش زیاتر لە سەر ستراتیژیەتی جەنگەکەی توندتر بوو. بوش لە وتارێکیدا لە ١٠ی کانوونی دووەمدا ڕایگەیاند کە ژمارەی سەربازەکانی زیاد دەکات، " ئەمریکا ستراتیژیەکانی دەگۆڕێت بۆ یارمەتیدانی عێراقیەکان بۆ ئەوەی هەڵمەتێک ئەنجام بدەن بۆ نەهێشتنی ململانێی تایەفەگەری و گەڕانەوەی ئاسایش بۆ شاری بەغدا. ئەم کارە پێویستی بە بەکارهێنانی زیادکردنی هێزی ئەمریکی هەیە. بۆیە من بڕیاری ناردنی زیاتر لە (٢٠,٠٠٠) سەربازی زیادەی دیکەم بۆ عێراق داوە. زۆربەی هەرە زۆریان- پێنج فرقە- لە شاری بەغدادا جێگیر دەکرێن." (٣٣) هەروەها بوش سەردانی سوپای ئەمریکای بۆ شوێنە جیاجیاکان زیاتر کرد، بەنیشتەجێ کردنی پێنج هەزار هێزەی مارینز لە پارێزگای ئەنبار. بەم شێوەیە زیادکردنی فرقەی سەربازیی لە شوباتی ٢٠٠٧دا دەستی پێکرد، کە ژمارەیان دەگەیشتە پانزە بۆ بیست فرقە.

زیاتر لە ژمارەکان، ئەو زیادکردنە ڕێگایەکی نوێی پەیرەو کرد. بەشێوەیەک دیزاینکرابوو کە یارمەتی عێراقیەکان بدات بە شێوەیەکی دەستەجەمعی خۆیان بپارێزن، لە توندڕەوەکان دوور بکەونەوە و بۆشاییەک دروست بکەن بۆ پرۆسەی سیاسی نوێ. وە هەروەها جەختیشی لە سەر کوشتنی یاخیبوان، ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەکەیان کرایەوە نەک تەنیا بە جەنگ، بەڵکو ڕاکێشانی دڵ و عەقڵی ئەوان بە شێوەیەکی نەرم یەکێک بوو لە پلانەکانی نەهێشتنی توندوتیژیی. ئەم ستراتیژیەتە ڕۆڵی ئۆپەراسیۆنەکانی هێرشبردنی کەمکردەوە. لە جیاتی ئەمە سوپای ئەمریکا بەدوای پاراستن هاوڵاتیە نێوخۆییەکان و ڕێگەگرتن لە قوربانیانی مەدەنیدا دەگەڕا. ستراتیژیەتی نوێی هێرشی پێچەوانە بۆسەر یاخیبوان جەختی لە سەر هەماهەنگیکردن لەگەڵ عێراقیەکان کردەوە بۆ یارمەتیدانیان لە پاککردنەوە و دابینکردنی ئاسایشی

گەڕەکەکانی بەغدا، دروستکردنی دۆخێکی گونجاو بۆ بنیادنانەوە، بوژانەوەی ئابووری و بەژداری سـیاسـیی. هێزەکانی ئەمریکا وازی لە ئۆپەراسـیۆنی توندوتیژی "گەڕان و پشـکنینی یاخیبوان و چەکەکانیان" هێنا. بنکەکانی ئاسـاییشـی هاوبەش لەگەڵ هێزە عێراقیەکـانـدا کـاریـانکرد بۆ بنیـادنـانی پەیوەنـدی لەگەڵ کۆمەڵگـای عێراقیەکـانـدا. سـەرنجدان لە سـەر پاراسـتن و بنیادنانی پەیوەندی لەگەڵ عێراقیەکاندا بووە هۆی کۆکردنەوە و بەدەسـتهێنانی زانیاری هەواڵگری ورد، کە بووە هۆی دەسـتنیشـانکردنی ئامانج و ئۆپەراسیۆنی سەربازیی ستراتیژیی زیاتر.

"ڕۆڵەکانی عێراق" لە لایەن سـەرۆک خێڵە عەرەبە سـوننەکانەوە پێکهێنرا بۆ رووبەڕووبونەوەی قـاعیـدە و تونـدڕەوە سـوننەکـان. هەروەهـا بزووتنەوەکە بە "وشـیاربوونەوەی ئەنبار"یش ناسـرابوو. لەو کاتەی ئەمریکا پارە و چەکی بەخشـی، نەوەکانی عێراق، نە لەجیاتی ئەمریکا و نە لەجیاتی هێزەکانی عێراق شـەڕیان کرد. ئەوان بەرگرییان لە خۆیان کرد دژی قاعیدە میلیشـیا شـیعەکان. جەنەڕاڵ 'دەیڤید پـاتریۆس'، فەرمـانـدەی هێزە نێونەتەوەییەکـان لە عێراق، هەڵسـا بە پەیڕەوکردنی سـتراتیژیەتی کەمکردنەوەی توندوتیژی تایەفەگەریی و هێرش کردن لە دژی هێزەکانی ئەمریکا. ئەو لە ١٠ی ئەیلولی ٢٠٠٧دا بە کۆنگرێسـی ئەمریکای ڕاگەیاند: "ئامانجەکانی سـەربازیی هێرشـکردن، بە شـێوەیەکی بەرچاو، کاریگەری هەیە." پاتریۆس هەنگاوە فراوانەکانی لە دژی قاعیدە و میلیشـیا توندرەوەکانی شـیعە ئاشـکرا کرد.(٣٤) ئەو متمانەی بەو شـەپۆلە سـتراتیژیانە هەبوو بۆ کەمکردنەوەی هەردوو ژمارەی کوشـتنی هاوڵاتیانی مەدەنی عێراق و هێزەکانی ئەمریکا.

کاریگەریی لایەنە باشەکانی ئەو ستراتیژیەتە شایانی گفتوگۆ لە سەر کردنە. ئەو ستراتیژیەتە نەیتوانی ڕاگواستن بنبڕ بکات. لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦دا، کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ئاوارەکان و حکومەتی عێراق خەمڵاندیان کە لەکاتی بۆمبارانی سـامەراوە لە مانگی شـوباتدا زیاتر لە (٣٠,٠٠٠) عێراقی ڕاگوێزراون. لەو

کاتەدا، کۆی گشـتی ئاوارە عێراقیەکان بریتی بوو لە (١, ٦) ملیۆن هاوڵاتی. ڕاگواسـتن هەر بەردەوام بوو. بۆ ساڵی ٢٠٠٨، کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنـابەران (UNHCR) خەملاّنـدی کە (٤, ٧) ملیۆن هـاوڵاتی ڕاگوێزراون، واتە نزیکەی لە (١٦٪)ی کۆی گشتی دانیشتوانی عێراق.(٣٥)

پاتریۆس بانگەشــەی ئەوەی کرد کە ئەو ســتراتیژییە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی قوربانیانی عێراق بووە. کۆمســیۆنێکی ســەربازیی ســەربەخۆ کە لە لایەن جەنەڕاڵ 'جەیمس ل. جۆنز'ەوە ســەرکردایەتی دەکرا پێشــنیاری کرد کە کەمبوونەوەی ڕووداوە توندڕەویەکان ڕەنگە بەهۆی ئەوە بێت چونکە ناوچەکان لە شــیعە و ســوننە بەتاڵ ببوون. لە ئابی ٢٠٠٧دا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پەنابەران و ڕێکخراوی مانگی سـوری عێراقی ڕایانگەیاند کە عێراقیەکان ناوچە ململانێکانی تایەفەگەری چۆڵ دەکەن.(٣٧)

هەروەها پاتریۆس پێداگری کرد لە ســەر ئەوەی کە ئەم ســتراتیژیە ژمارەی هێرشەکانی لە دژی هێزەکانی هاوپەیمانان لە پارێزگای ئەنبار کەمکردۆتەوە. هەرچۆنێک بێت، ئەو سـتراتیژیەتە لەگەڵ هێرشـی کەمتردا ئەرکیشـی کەم بووەوە. ئەمە تەنیا لە ئەنجامی جیابوونەوە و دوولەتبوون لە نێوان گروپە یاخیبووە نیسـتیمانیەکان و قاعیدە لە عێراق بوو. بەرەی ویفـاقی عێراقی، کە لە ســوننەی عەرەب پێکهـاتبوو، لە ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧دا بایکۆتەکەی لە پەرلەمانی عێراقدا کۆتایی پێهێنا. دوای دوو مانگ، پەڕلەمانی عێراق، یاســای ڕێگەپێدانی گەڕانەوەی ئەندامانی پارتی بەعس بۆ ناو ژیانی ئاســایی پەســەند کرد. پاتریۆس گەواهی ئەوەیدا کە ســتراتیژیەکە توندڕەوی شیعەکانی ناچار بە کەمکردنەوە کرد. لە ڕاستیدا ئەمە لە ئەنجامی دوولەتبوونی میانڕە و توندڕەوەکانی ناو ســوپای 'موقتەدا ســەدر المهدی' بوو. هەروەها فرقەی 'بەدر'، میلیشـیای ڕکابەری شـیعە، هێزی بەدەسـت هێنا، ئۆپەراسـیۆنەکانی سـوپای 'مەهدی' کەمکردەوە. حەجاجە شــیعەکان لە ٢٨ی ئاب ٢٠٠٧دا لە کەربەلا ســەربڕدران، ئەمە دەســتبەجێ وای لە ســەدر کرد بۆ ماوەی شــەش مانگ ئاگربەسـت ڕابگەیەنێت. ئەم

ڕووداوە هاوکات بوو لەگەڵ ستراتیژیەکە، ئەمە وای کرد کە نەتوانرێت متمانەی تەواو بە ســـــتراتیژیەتەکەش بکرێت. شـــیعەکان زۆر بە شـــێوەیەکی چالاک بەژداربوون لە ســـیاســـەتەکانی عێراق. ئەوان ڕێگای بەرەو پێشـــڤەچوونی ئەجێندای شـــیعەیان لە حوکمڕانیدا دەدۆزیەوە، نەوەک هەروا بە ئاسانی بەهۆی توندوتیژیەوە.

ســتراتیژیەتەکە پێویســتە وەک خۆی ســەیر بکرێت. پاتریۆس ســتراتیژیەتی نوێی دژە هێرش و هێنانی ســـەربازی زیاتر بۆ عێراق کردە مۆدێلی ئەزموونەکەی لە موســـڵ، کە تیایدا فەرمانی کرد بە (١٠١)ەمین بارهەڵگری گواســـــتنەوەی ئاســـــمانی و هێزە هاوپەیمانەکان لە نیســـانی ٢٠٠٣وە تا شـــوباتی ٢٠٠٤ لەوێ بمێننەوە. پاتریۆس بەهۆی دەســـتکەوتەکانیەوە لە موســـڵ بوو بە کەســـێکی دیاری بەژداربوو لە پرۆســـەی بەناو ئازادکردنی عێراقدا. شـــیکردنەوە و داتا زانســـتیەکان چیرۆکی ســـەرکەوتنەکانی ئەویان بەیان دەکرد؛ یاخیبوەکان کوژران، پۆلیس مەشـقی پێکرایەوە و ڕێگاوبان نۆژەنکرانەوە، وە ملیۆنان دۆلار دابەشـــکرا بۆ پەرەپێدانی پرۆژە نێوخۆییەکان. هەرچۆنێک بێت، دەستکەوتەکانی- بەتایبەتی لە موسڵ- بەکەم سەیر ناکرێن.

جەنەڕاڵ 'محەمەد خەیری ئەلبەحراوی'، ئەفســەری پێشــووی هێزە تایبەتیەکان، لە لایەن پاتریۆســـــەوە وەک بەڕێوەبەری گشـــتی پۆلیس دیاریکرا. لەماوەی دەســـــت بەکاربوونیـدا ٤٢ ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی چەک بۆ پۆلیس ون بوو. نزیکەی (١٩٠,٠٠٠) کلاشـــینکۆف (AK-47) وە دەمانچە دیارنەمان و بردران.(٣٨) دوو مانگ دوای ئەمە پاتریۆس موسڵی جێهێشت، غەیدە سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنێکی کرد لە دژی یاخیبوانی موســـڵ. نزیکەی لە (٨٪) ی (٤,٠٠٠) پۆلیســـی شـــار ڕیزەکانیان جێهێشـــت. یاخیبوان دەستیان گرت بەسەر لاسیلکی، کەلوپەلی ڕاگەیاندن، جلی پۆلیس و پەنجا ئۆتۆمبیلی پۆلیس. لە ١١ی تشـــرینی دووەمی ٢٠١٤دا، موســـــڵ لە لایەن یاخیبوانەوە داگیرکرا. بەگوێرەی وتەکانی جەنەڕال 'کارتەر هام'، کە جیگای پاتریۆســـی گرتەوە لەو شـــارەدا، هێزەکانی پۆلیس بەتەواوی لە لایەن یاخیبوانەوە کۆنترۆڵ کرابوون. جەنەڕال 'ســـتانلی

مک کریستال'، بەرپرسی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە عێراق، ئاماژەی بەوەدا کە موسـڵ مۆڵگەی سـەرەکی قاعیدەیە لە میزۆپۆتامیا و سـەرکردە بەدناوەکەی 'ئەبو مسسەدامعب الزرقاوی' کە (التوحید و والجهاد) ی دامەزراند.

لەو کاتەی خەریکی لەدەسـتدانی موسـڵ بوون، پاتریۆس دڵی کوردەکانیشـی ڕەنجاند، لەجیاتی ئەوەی هاوکاریی ئەمنی بکات، بەزۆری پێشـمەرگەی ناچار کرد چەک دابنێن و لە موسـڵ دەریکردن. پاتریۆس سـەرەڕای فرە نەتەوەیی موسـڵ کە لە کورد، تورکمان و عەرەب پێکدێت، عەرەبە سـوننەکانی هەڵبژارد. پاتریۆس فێری وانەیەک بوو کە "زۆر خۆنەدانە پاڵ لەگەڵ یەک نەتەوە، پارتی سـیاسـی، خێڵ، گروپی ئایینی یان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی" سیاسەتێکی دروستە لە عێراقدا.(٣٩)

سـوپای عێراق توانابیان نەبوو وە لە هەمانکاتیشـدا گەندەڵ بوون. بڕی (٢ ,١) ملیار دۆلار کە بۆ کڕینی چەک و تفاق تەرخانکرابوو، دزرا. هەروەک لە موسڵ، پاتریۆس عەرەبە سوننەکانی هەڵبژارد. کارەکەی لەگەڵ سوپای عێراقدا کوردەکانی بێزار کردبوو، کە هەسـتیان دەکرد ئەو هەموو مەشـق و کەلوپەلەی لە لایەن ئەمریکاوە پێیان دەبەخشـرێت، ڕۆژێک دێت لە دژی خۆیان بەکاردەهێنرێتەوە، یان لە ململانێی تایەفەگەریدا بەکاردەهێنرێن.(٤٠)

*****

[ماددەی ١٤٠]ی دەستووری عێراق لە بەرواری (١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧)ریفراندۆمی بۆ دۆخی کەرکوک دیاریکردبوو. دوا مۆڵەتەکە تێپەڕی، کە بووە هۆی جێهێشـتنی کاریگەری لە سەر هەندێک مەسەلەی گرنگی وەک، خاوەندارێتی سەرچاوەی سروشتی، کۆنترۆڵی داهاتی نەوت، ڕۆڵی پێشـمەرگە و بارودۆخی ناوچە ناکۆکی لە سـەرەکان. بەغدا داواکەی کوردی ڕەتکردەوە بۆ ناوچەکانی کفری، خانەقین، بەدرە لە پارێزگای

واســـت، شـــێخان، حەمدانیە، تل کیف، تەلەئفەر، ســـنجار لە پاریزگای موســـڵ. لەو هەموانە، خانەقینی دەوڵەمەند بە نەوت مەترسیدارترین شوێن بوو.

لە ساڵی ٢٠٠٦دا، ئەنجومەنی شاری خانەقین ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە کە داوای جیابوونەوەی لە پارێزگای دیالە دەکرد. زەرقاوی خەلافەتی لە دیالەدا ڕاگەیاند. لە ســـــاڵی ٢٠٠٧دا، دیالە بوو بە مەیدانی جەنگ لە نێوان قاعیدە و هێزە چەکدارەکانی ڕۆڵەکانی عێراق، وە میلیشـــیا شـــیعەکان. زەرقاوی هەوڵیدا ململانی لە نێوان کورد و هێزە چەکدارەکانی عێراق دروســت بکات. ژمارەیەک تەقینەوە، بە کاری خۆکوژیشــەوە، لە چیشتخانەیەکی نزیک کەرکوک، کە لە لایەن بەرپرسە کورد و عەرەبەکانەوە سەردنی دەکرا، ڕوویدا.(٤١)

لە نیسانی ٢٠٠٨دا، سەرۆک وەزیران نوری مالیکی[١] لیوای پێنجی سوپای عێراقی ڕەوانەی خانەقین کرد. ئەوان بەبێ ئاگاداری پێشوەختە گەیشتن و فەرمانیان بە فرقەی ٣٤ی پێشـــمەرگە کرد شـــوێنەکە چۆڵ بکەن. کێشـــە لە نێوانیاندا ڕوویدا، بەڵام هیچ فیشـــەکێک نەتەقێنرا. لە تەمموزدا، ســـوپای عێراق ئۆپەراســـیۆنێکی لە دژی قاعیدە دەستپێکرد بەناوی "موژدەی سەرکەوتن" کوردەکان سووربوون لە سەر ئەوەی کە ئەو ئۆپەراسیۆنە بەشێکە لە پلاننی بەعەرەبکردنی شارەکە و هیچ پێکهاتەیەکی قاعیدە لە خانەقیندا بوونی نیە و دەیانویســت لە ســەر ئەرزی واقیع بیســەلمێنن کە ئەو شــارە بەعەرەب بکەن و داواکاریەکانی کورد لە ڕێگای ســـوپای عێراقەوە بچوک بکەنەوە.

[١] نووری کەمال محەممەد حەســـەن ئەلمالیکی لە ڕۆژی ٢٠ی حوزیرانی ســـاڵی ١٩٥٠ لە پارێزگای کەربەلا لە عێراق لە خێزانێکی سیاسی لە دایک بووە، باپیرە گەورەی لە سەردەمی مەلیک فەیسەڵ وەزیری پەروەردە بووە، سیاسەتوانی شیعی مالیکی سکرتێری گشتی پارتی دەعوەی ئیسلامی عێراقی بووە. مالیکی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆســـە لە زانکۆی بەغدا و ماســـتەریشـــی وەرگرتووە لە زمانی عەرەبی لە زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر، لەساڵی ١٩٧٩ دوای هاتنی سەدام حوسێن مالیکی سزای لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت و دەچێتە وڵاتی سووریا دوایی لە ساڵی ١٩٨٢ سووریا جێ دەهێڵێت و دەچێتە ئێران ئینجا بەهۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە دووبارە دەگەڕێتەوە سووریا.

بەگوێرەی وتەکانی مەسعود بارزانی، "سەیرە کە سوپای عێراق هەوڵدەدات هێز بنێرێتە ئەو ناوچەیە بە بەهانەی شـــەڕی تیرۆریزم وە هەوڵیان نەداوە پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردســتانەوە بکەن بۆ هاوکاریکردنیان." (٤٢) لە مانگی ئابدا، خانەقین لە لایەن یەکەمین لیوای سوپای عێراقەوە داگیرکرا. ئاساییشی عێراق هەوڵیدا نووسینگەی پارتە سیاسیە کوردیەکان دابخات، کە لە لایەن پێشمەرگەوە بەرگرییان لێدەکرا. شەڕ دەستی پێکرد کاتێک پۆلیسی عێراقی ئەفسەرێکی هەواڵگری کوردی دەستگیر کرد.

مالیکی ئەو شـــەڕەی لەگەڵ کوردەکان هەڵبژارد بۆ بەدەســـتهێنانی پشـــتیوانی پێشـــوەختە بوو بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکانی ســـاڵی دواتر. ئەو ڕێگا ململانێکاریە تەنیا هاوپەیمانێتی نێوان کورد و شیعەی نەخستە مەترسیەوە، بەڵکو ململانیی چەکداریشی خستە مەترسیەوە لە نێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێمی کوردستان. جەنەڕاڵ 'ڕەیمۆند ئۆدێرنۆ' ســـــتراتیژیەتێکی پەســـــەند کرد بۆ ئاســـــانکردنی پەیوەندی و ڕێگرتن لە ڕووبەڕووبونەوە. خاڵی پشـــکنین لە لایەن کورد، عیراقی و هێزە ئەمریکیەکانەوە لە پارێزگای موسڵ و دیالە دروست کران.

ئۆدێرنۆ پەلەی بوو لە هـــاوکـــاریکردنی عێراقیەکـــان بۆ چـــارەســـــەرکردنی جیاوازیەکانیان. بوش کشـــانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە کۆتاییەکانی ســـاڵی ٢٠١١دا ڕاگەیاند. هەر زوو دوای گرتنە دەســـتی ســـەرۆکایەتی، باراک ئۆباما، ئاســـتی ســـوپای ئەمریکای لە زیاتر لە (١٦٠,٠٠٠) لەکاتی ســـــتراتیژیەتی زیادکردنی هێز بۆ (١٣٠,٠٠٠) سەرباز کەمکردەوە. وەک بەربژێرێک، ئۆباما دژی پلانی زیادکردنی سەرباز وەستایەوە و بەڵێنیدا کۆتایی بە پلانی کشـــانەوەکەی بوش بهێنێت. ئەو تەنانەت ئامادە بوو واز لە پلانی هێزەکـــانی 'بەجێمـــاو' لە عێراق بهێنێـــت ئەگەر دۆخی 'پەیمـــانی هێزەکـــان'، پارێزبەندی و پشتەوانە بۆ کارمەندە ئەمریکیەکانی شەڕی عێراق نەگرێتەوە.

*****

مالیکی، له پارتی دەعوە، له ســاڵی ٢٠٠٦دا بووە ســەرۆک وەزیران. ســەرکەوتنەکەی مالیکی له لایەن دەزگای هەواڵگری ئەمریکاوە هاندرا و قاســم ســولەیمانی، فەرماندە هێزەکـانی قودســـی ئێرانیەوە، پشـــتگیری کرد. ســـولەیمـانی بوو بە ڕێکخەری ڕێککەوتننامەی نێوان شـیعە و ســەرکردە کوردەکان کە ڕێگایان بە مالیکیدا کابینەی حکومەت پێک بهێنێت.(٤٣) هەرچۆنێک بێت، ئەو وەک ســەرکردەیەکی لاواز هاتە ســەر دەسەڵات، بەهێزشکردنە سەر سوپای مەهدی لە بەسرا و بەغدادا نەژادە شۆڤینیەکەی دوپـاتکردەوە. هەروەهـا بەرەنگـاری یـاخیبوەکـانی ئەنبـار و کوردەکـانی خـانەقینیش بووەوە. هەر زوو دوای هاتنە ســەر دەســەڵاتی مالیکی، کوژرانی زەرقاوی ڕاگەیەنرا.(٤٤) مالیکی وتی، "زەرقاوی کۆتایی هات. هەر کاتێک زەرقاویەک دەرکەوێت ئێمە دەیکوژین. ئێمە بەردەوام دەبین لە بەرەنگاربوونەوەی هەر کەسـێک کە لە ســەر ڕێگای ئەو بێت". مالیکی لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانددا سەرۆکایەتی بەسەر لەسێدارەدانی سەدامدا کرد. بایکۆتە یەکسـاڵیەکەی عەرەبە سـوننەکان لە پەرلەماندا لە سـاڵی ٢٠٠٨ کۆتایی هات. مالیکی ئاگربەستی لەگەڵ سوپای سەدر مەهدی ڕاگەیاند و دەسەڵاتی بەسەر لایەنەکانی تری شیعەدا بەهێزتر کرد.

مالیکی و جۆرج دەبلیو بوش هەفتانە لەرێگای ڤیدیۆکۆنفڕانسەوە قسەیان دەکرد. لە هەمانکاتدا، مالیکی شـــەقامی عەرەبیی هاندا بە ڕەخنە گرتن لە هێزەکانی ئەمریکا بۆ کوشتنی هاوڵاتیانی مەدەنی عێراق و ناڕەزایی نواندن بەرامبەر مافی هاونیشتیمانیان. ڕەخنەکانی لە کردەوەکانی ئیســـرائیل لە لوبنان و پەیوەندیە چاکەکانی لەگەڵ ئێران، لە واشـــنتۆن پێشـــوازی لێنەکرا. هەروەها ئەو هێزە نادەســـتووریەی مالیکی لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردندا نیگەرانیەکی سەرەکی بوو بۆ ئیدارەی ئۆباما. مالیکی بە فەرماندەی هێزە گشـتیەکان دەسـتنیشـانکرا. ئەو فیرقەی بەغدادی دروسـت کرد کە ڕاسـتەوخۆ ســەر بەو بوو، وە دەســەڵاتی گشـتیشـی زیاد کرد. ئۆباما وریای مەیلی دیکتاتۆریەتی مالیکی و ڕەخنەکانی مەحکومکردنی ئەمریکا بوو. بەگوێرەی وتەکانی

هۆشیار زێباری، لەو کاتەی ئۆباما سەرۆکایەتی گرتۆتە دەست، مالیکی و ئۆباما تەنیا یەک دوو جار چاویان بەیەک کەوتووە.(٤٥)

مالیکی لە ٢٢ی تەممووزی ٢٠٠٩دا، سەردانێکی فەرمی بۆ کۆشکی سپی ئەنجامدا. لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە، ئەوە یەکەم سەردانی مالیکی بوو بۆ واشنتۆن. ئۆباما وتی، "ئێمە بەردەوام دەبین لە پێشکەشکردنی مەشق و هاوکاریی بۆ هێزە ئەمنیەکانی عێراق کە بە توانان و هەڵگری بیری تایەفەگەری نین. ئێمە بەردەوام دەبین لە ستراتیژیەتی خۆمان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە هەموو فیرقە جەنگیەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ئابی ساڵی داهاتوو لە عێراقدا بکشێنینەوە، وە بەڵێنەکەمان جێبەجێ دەکەین بۆ کشانەوەی هەموو سوپای وڵاتەکەمان لە عێراق لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا." ئۆباما لە سەر ستراتیژیەتی دەرچوون لە عێراق پابەند بوو. "بەم دواییانە، هەنگاوێکی گرنگمان نا بە ڕادەستکردنەوەی کۆنترۆڵی هەموو شار و شارۆچکەکانی عێراق بۆ هێزە ئەمنیەکانی عێراق. ئەم گواستنەوەیە بەشێک بوو لە پەیمانە ئەمنیەکەمان، وە ئاماژەیەکی دروست دەنێرێت کە ئێمە ڕاسپاردەکانی خۆمان لەگەڵ سەروەریی عیراقدا دەپارێزین. هەروەک پێشتر وتم، ئێمە هیچ بنکەیەکمان لە عێراق نامێنێت، وە هیچ داوای ناوچەیەک یان سەرچاوەکانی عێراق ناکەین."(٤٦) جۆ بایدنی جێگری سەرۆک پەیامێکی گرنگی نارد. ئەو وشیاریدا کە ڕاسپاردەکانی ئەمریکا کۆتاییان دێت ئەگەر وڵاتەکە بکەوێتە نێو ململانێی نەتەوەیی و توندوتیژیی تایەفەگەرییەوە.

بەرواری ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ دیاریکرا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نیشتیمانی عێراق. هەرچۆنێک بێت، دواتر هەڵبژاردنەکان بەهۆی ئەوەی دادگای باڵا یاسای هەڵبژاردنی بە نادەستووری دانا، دواخرا. بڕیارەکە بۆ عەرەب و تورکمانەکان سەرکەوتن بوو، کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد لیستی دەنگدەرانی پارێزگای کەرکوک لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گۆڕانکاری تێداکراوە.

بەڕێوەبەرایەتی دەستەی هەڵبژاردن پلانی دانا بۆ ئەوەی لیستی دەنگدەرانی ساڵی ٢٠٠٤ بەکاربهێنێت. حکومەتی هەرێم ناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر ئەم بڕیارە. دیموگرافیای کەرکوک لەو کاتەوە گۆڕاوە کە کوردەکان گەڕانەوە سەر زێدی خۆیان. ئەنجومەنی سیاسی بۆ ئاساییشی نیشتیمانی پێشنیاری یەکخستنەوەی هەردوو لیستی ساڵەکانی ٢٠٠٤-٢٠٠٩ کرد. حکومەتی هەرێم ئەم بژاردەشی ڕەتکردەوە. نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق چارەسەرێکی کاتی خستەڕوو، ئەویش بەکارهێنانی لیستی دەنگدەرانی ساڵی ٢٠٠٩ بە پلانی پێداچوونەوە لە داهاتوودا. ئەندام پەرلەمانە کوردەکان هۆڵی کۆبونەوکەیان بە ناڕەزاییەوە جێهێشت. دوای بێنەوبەردەیەکی زۆر، عەرەبەکان ڕازی بوون لیستی دەنگدەرانی ٢٠٠٩ بەکاربێت بە مەرجی پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ دەنگی گومانلێکرا و ساختە.

هەروەها کورد ناڕەزایی دەربڕی لە سەر ڕێکخستنە نوێکان بۆ نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی. قەبارەی ئەنجومەنی نیشتیمانی لە ٢٧٥ کورسی بۆ ٣٢٥ کورسی زیادی کرد، بەڵام کورد تەنیا سێ کورسی زیادەی وەرگرت سەرەڕای فراوانبوونی ئەنجومەنەکە. بارزانی داوای کورسی زیاتری کرد و هەڕەشەی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی کرد. هاوپەیمانی کوردستانی بەیەک لیستی کوردی بەژداربوو، بە بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە کە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو چارەگی کورسیەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی لە ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩ بەدەستهێنا. گۆران لە لایەن نەوشیروان موستەفاوە[١] دامەزرێنرا، کە

---

[١] نەوشیروان مستەفا ئەمین: ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕانە و جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بوو و دروستکەری باڵی ڕیفۆرم بوو لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دوای ئەوەی نەیتوانی ڕیفۆرم لەنێو یەکێتیدا بکات لە ساڵی ٢٠٠٦ وازی لە کاری حیزبیی هێنا و دەستی کرد بە کاری ڕاگەیاندن وەک دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ماڵپەڕی سبەی، کەی ئێن ئێن، ڕادیۆی دەنگی گۆڕان و سەنتەرێکی ڕاپرسی. لە ساڵی ٢٠٠٩ دا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نەوشیروان مستەفا لەگەڵ هەڤاڵەکانی بە لیستێکی نوێ و بەناوی لیستی گۆڕانەوە دەستیان کردەوە بە کاری سیاسی.

نەوشیروان مستەفا لە ساڵی ١٩٤٤ لە گەڕەکی سەرشەقام (بەرخانەقا)ی شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی ناسراو و ڕۆشنبیری ئەو شارە لە دایکبووە. نەوشیروان مستەفا وەک هاوڕێ نزیکەکانی دەگێڕنەوە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە کاروچالاکی سیاسی کردووە، یەکەم وێستگەی ژیانی سیاسیشی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە. قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، پاشان لە ساڵی ١٩٦٧ کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە لە ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان چالاکانە کاری کردووە. لە ساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٦٤ بۆتە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. هەر لەو ماوەیەدا بۆتە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان .لە ساڵی ١٩٦٧ بۆتە ئەندامی لقی سلێمانیی پارتی دیموکراتی کوردستان.

نەوشیروان مستەفا کە ئێستا خاوەنی کۆمپانیای وشەیە و پێشتر جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بوو، لە ساڵی ١٩٨١ خێزانی پێکەوە ناوە، خێزانەکەی خوشکەزای ڕەفعەتی مەلای هاوڕێی دێرینی شاخ و شاریەتی. بەپێی قسەی ڕەفعەتی مەلا کە هاوڕێیەکی نزیکی نەوشیروان مستەفایە و ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە دەیناسێت" بنەماڵەی نەوشیروان مستەفا بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری سلێمانی بوون و باوکی پیاوێکی ڕۆشنبیر بووە، خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورە بووە لە ماڵەکەیدا". بە بڕوای ئەو هاوڕێ دێرین و نزیکەی نەوشیروان مستەفا هەر ئەمەش کاریگەری لەسەر ژیانی نەوشیروان مستەفا داناوە بەتایبەت لە رووی رۆشنبیری و سیاسییەوە، ڕەفعەتی مەلا دەڵێت: "بۆیە کاک نەوشیروان، هەر لە منالییەوە سوودی لەو کتێبخانەیەی باوکی وەرگرتووە ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر ڕۆشنبیری ئەو."

ئەو گەنجانەی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی کە دیارترینیان بریتی بوون لە (نەوشیروان مستەفا، ڕەفعەتی مەلا، شازاد سائیب و سمکۆ فەتحولا)، وەک چەند گەنجێکی چالاک و هەڵسوڕاو لە شەستەکاندا زیاتر سۆزیان بۆ باڵی مەکتەبی سیاسی هەبووە. دروستبوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بە بڕوای ڕەفعەتی مەلا، ڕەگوڕیشەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ناو گۆڤاری ڕزگاری کە لە ساڵی ١٩٦٩ دا دەرچووە و نەوشیروان مستەفا خاوەنی ئیمتیازی ئەو گۆڤارە مانگانەیە بووە. لەبارەی ئەم گۆڤارەوە کە ١٣ ژمارەی لەماوەی زیاتر لە ساڵێکدا لێدەرچووە. بەپێی وتەی هەندێ هاوڕێی نەوشیروان مستەفا گۆڤارەکە بە گۆڤاری ماوییەکان ناسرا بوو، رەفعەتی مەلا دەڵێ "دیارە ئێمە بازنەیەکی ڕۆشنبیریمان هەبوو لە شاری سلێمانی، کە زۆرجار لە بارەگای گۆڤاری ڕزگاری کۆدەبووینەوە. کە لەلایەن ئەو گەنجە شۆڕشگێڕانەی ئەو سەردەمەوە ئەم حەلەقانە دروستکرابوون و کاک نەوشیروان دەوری سەرەکی هەبووە تێیدا، کە لەو گەنجانەی ئەو سەردەمە

---

کاک نەوشـــیروان بوو، مەحموودی مەلا عزەت بوو، فوادی مەلا مەحموود بوو، ســـمکۆ فەتحوڵڵا بوو، من و حەمە چاوشـــین و کۆمەڵێک گەنجی تر بووین کە مام جەلال دەهات محازەراتی دەداینێ. لەو موحازەتانەدا زیاتر وەک باو بوو کتێبەکانی ماومان دیراســـە دەکرد". ڕەفعەتی مەلا لە درێژەی قســـەکانیدا دەڵێت "ئەم حەلەقە ڕۆشنبیریانە لە کۆتایدا بووە بنەمایەک بۆ دروستبوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان."

بەپێی وتەی ڕەفعەت پاش بەیانی ئازار ئەوان هەموو دوور دەخرێنەوە لە ســـلێمانی بۆ خوارووی عێراق و پاشان لە بەغدا یەک دەگرنەوە. ئیدی لەو سەردەمەدا نەوشیروان مستەفا بەرەو نەمسا بە مەبەستی خوێندن و دوورکەوتنەوە لە هەڕەشەکانی ئەو سەردەمەی حکومەتی عێراقی بە ڕێدەکەوێت کە لەو سەردەمەدا لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە سـزای لە سـێدارەدانی بۆ دەرچووە. لە نەمسـا پاش تەواوکردنی ماجسـتێر سـەرقاڵی خوێندنی دکتۆرا دەبێت لە بواری یاســـا نێودەوڵەتییەکاندا، بەڵام بۆ دامەزراندی یەکێتی نیشـــتمانی واز لە خوێندنەکەی دێنێت و دەگەڕێتەوە کوردســـتان. لێرە بەدواوە ئیدی نەوشـیروان مسـتەفا وەک سـەرکردەیەکی دیار بە تەواوی دەردەکەوێت کە هەم سکرتێری کۆمەڵە و هەم جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردســـتان دەبێت. بە بارەکەی تریشـــیدا ژیانی پێشـــمەرگایەتی و خەباتی چەکداری نەوشـــیروان مســـتەفا بەمجۆرە بە تەواوەتی دەست پێدەکات. نەوشـیروان مسـتەفا لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەران کە لە سـاڵی ١٩٧٢ بە تەواوی ئیعلانی دامەزراندنی دەکرێ بە وتەی هاوڕێکانی لەو ماوەیەی لە نەمســـــاش بووە دانەبڕاوە و پەیوەندی هەبووە. بە وتەی ڕەفعەتی مەلا دروســـــت بوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەران پاش ئەوە دێت کە باڵی مەکتەبی سـیاسـی دەگەڕێتەوە نێو پارتی ئیتر ئەو برادەرانە بڕیاریاندا تەنزیمێکی مارکسـی-لینینی دروسـت بکەن ئەوە بوو کۆمەڵەیان دروست کرد. پاش گەڕانەوەی لە نەمسـا و دەسـتپێکردنەوەی شـۆڕشـی چەکداری نەوشـــیروان مســـتەفا دەبێتە ســـکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەران، کە وەک باڵێک لە ناو باڵەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە تازە دامەزراوە کاردەکات. جگە لە خەباتی چەکداری و پێشمەرگایەتی نەوشیروان مســـتەفا لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەو کاتە کە گۆڤاری کۆمەڵە دەرچووە، زۆربەی نووســـینەکانی خۆی لەوێ بڵاودەکردەوە.

نەوشیروان مستەفا ئەو کتێبانەی بە درێژایی تەمەنی کە نووسیونی بریتی بوون لە نووسینەوەی مێژوو و یادەوەرییەکان، لەمبارەیەوە حەمە تۆفیق پێی وایە هۆکاری دەستبردنی نەوشیروان مستەفا بۆ نووسینەوەی مێژوو و یادەوەرییەکانی زیاتر پەیوەندی بە حەزی خۆیەوە هەبووە نەک شـتێکی تر، ئەو دەڵێ "نەوشـیروان زۆر حەزی لە مێژووە، بۆیە زیاتر لەو بوارە نووســـیویەتی". لەمبارەیەوە چەندین کتێبی هەیە لەوانە (کورد و عەجەم، حکوومەتی کوردستان، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ژیانی بە تەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی لە ١٩٢٦-١٩٨٣. نەوشیروان مستەفا زیاتر حەزی لە گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییەکانە، بە تایبەت حەزی لە لاوک و حەیرانە ناو بە ناو خۆشـــی لەبەر خۆیەوە

ئەندامی پێشـووی مەکتەبی سـیاسـی یەکێتی و جێگری جەلال تاڵەبانی بوو بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ١٩٧٦ەوە. نەوشێروان کارکردنی ناوخۆیی نێوان پارتی و یەکێتی بە باشی دەزانی. ئەو تۆمەتی گەندەڵی، خزم خزمانی و ناسیاویی، خستە پاڵ هەردوو پارتەکە و بەم هۆیەشەوە توانی کاریگەریی خۆی لە سەر چینێکی باشی کۆمەڵگادا دابنێت.

گرژیی و ئاڵۆزیی لە سـەرلەبەری نزیکبوونەوەی هەڵبژاردن زیادی کرد لەو کاتەی بە سـەدان بەربژێر بەتۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ پارتی بەعس لەخۆپالاوتن بێبەشـکران. لەجیاتی ئەوەی خزمەت بەچارەسـەری ململانێکان بکات، هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ بە قوڵی بووە هۆی ناکۆکی، عێراق تووشی چەندین شەپۆلی توندوتیژی پێش هەڵبژاردن بووەوە.

لە کۆتاییدا هەڵبژاردنی نیشتیمانی لە ٧ی ئازاری ٢٠١٠دا ئەنجامدرا. ئەیاد عەلاوی، لە لیستی العراقیە، نەوەد و یەک کورسی بەدەست هێنا. هاوپەیمانی حکومەتی یاسای مالیکی لە پلەی دووەم هات بە بردنەوەی هەشتا و نۆ کورسی. هاوپەیمانی نیشتیمانی

---

دەیڵێت. ڕەفعەتی مەلاش جەخت لەوە دەکاتەوە کە کاک نەوشـیروان زۆر موهتەم نییە بۆ خواردن، بەتایبەت لە هاویندا زیاتر حەزی لە تەماتە و خەیارە قاژی دەکات و دەیخوات. لەلای خۆیەوە حەمە تۆفیق ڕەحیم کە جگە لەوەی کە ئێسـتا ئەندامی ئەنجومەنی کۆمپانیای وشـەیە، بە وتەی خۆی زیاتر لە ١١ سـاڵ پێشمەرگایەتیشی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا بەسەر بردووە، لە ساڵی ١٩٧٩ تاوەکو ١٩٩١. ئەویش جەخت لەوە دەکاتەوە کە نەوشیروان زۆر موهتەم نییە بە خواردن، نەوشیروان مستەفا وەک هاوڕێکانی باسی دەکەن کەسێکی سادەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زوو توڕە دەبێت. حەمە تۆفیق ڕەحیم لەمبارەیەوە دەڵێ "کەسێکی زۆر سادەیە بەڵام کەمێک توڕەیە". سەبارەت بەوەی کە بە چ شتێک یان لە چ حاڵەتێکدا توڕە دەبێت، عەلی کەریمی کە یەکێکی ترە لە هاوڕێکانی کە لە سـەردەمی شـاخ ناسـیویەتی دەڵێت "جاری وا هەیە بە هەموو شتێک توڕە دەبێ و جاری واش هەیە بە هیچ شتێک توڕە نابێ". یەکێک لە هیوایەتەکانی نەوشیروان مستەفا وەک هاوڕێکانی باسـی دەکەن، جگە لە نووسـینەوەی مێژوو، ژیانکردنە لەگەڵ بەخێوکردنی مریشـک و کەو و ئاژەڵە کێوییەکانی وەک ئاسک و چەند ئاژەڵێکی تر.

عێراقی، کە لە پارتە شیعە ئیسلامیەکان و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق پێکهاتبوو، حەفتا کورسی بەدەست هێنا. هاوپەیمانی کوردستان لە پلەی چوارەم هات بە بەدەستهێنانی ٤٣ کورسی.

پارتەکان لە سەر سەرکردایەتی و پۆستەکانی کابینە لە حکومەتی هاوپەیمانیدا ململانێیان کرد. ژمارەی کورسیەکانیان بوو بە ١٥٩ کورسی. هەرچۆنێک بێت، ئەوان چوار کورسیان کەم بوو بۆ پێکهێنانی حکومەت. کورد هەمیشە ڕۆڵێکی کاریگەری لە سیاسەتی عێراقی دوای سەدام گێڕاوە. کوتلەکەیان زۆر گرنگ بوو بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە.

پەرلەمانی نوێ لە ١٤ی حوزەیراندا کۆبووەوە. هاوپەیمانی نیشتیمای عێراق، عادل عبدالمهدی، کردە بەربژێر بۆ سەرۆک وەزیران، بەڵام مالیکی هیچ نیازێکی کشانەوەی لە سەرۆکایەتی نەبوو. کوتلەی کوردستان بەبێ بزوتنەوەی گۆڕان بەژداری زنجیرەی کۆبوونەوەیەکی لە بەغدا و هەولێر کرد. مەسعود بارزانی دەسپێشخەری کرد بۆ یارمەتیدانی عەرەبە شیعە و سوننەکان بۆ زاڵبوون بەسەر جیاوازیەکانیان لە پێکهێنانی حکومەتدا.(٤٧) پرۆسەکەی بارزانی لە ڕێککەوتنی هەولێری ١١ی تشرینی دووەم ٢٠١١ گەیشتە لوتکە بەسەیرکردنی پرەنسیپەکانی هاوبەشی دەسەڵات لە پەیمانی 'تائیف ١٩٨٠' کە کۆتایی بە جەنگی ناوخۆی لوبنان هێنا، سەرۆکایەتی عێراق ۆ کورد تەرخانکرا، پۆستی سەرۆک وەزیران بە شیعە درا، وە سوننەکانیش وەک سەرۆکی پەرلەمان خزمەت دەکەن.

عەلاوی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی ڕێککەوتننامەی هەولێری ڕەتکردەوە، وەک جێبەجێ کردنی [ماددەی ١٤٠]، پاراستنی سەرۆکایەتی بۆ کوردێک، وە بەکارهێنانی پارەی حکومەتی ناوەند بۆ پێشمەرگە. کاتێک مالیکی هەر نۆزدە پرەنسیپەکانی پەسەند کرد، کوتلەی کوردستانی پشتگیریەکانی ئیسلامی حکومەتی یاسای بەلاوە نا.

به ئاشتکردنەوەی هاوپەیمانی نیشتیمانی، هەماهەنگیەکانی کورد-شیعە لە سیاسەتی عێراق گەڕایەوە.(٤٨) دوای نۆ مانگ لە بنبەست، مالیکی لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ بوو بە سەرۆک وەزیران. هەروەها بەوەکالەت وەزیری ناوخۆ، بەرگریی و ئاسایيشی نیشتیمانی پێدرا. 'العراقیە' زۆربەی کورسیەکانی بردەوە، بەڵام عەلاوی کۆنترۆڵی دەزگای نوێی هەواڵگریی پێدرا، واتە ئەنجومەنی نیشتیمانی بۆ سیاسەتە باڵاکان. ئیدارەی ئۆباما هەناسەی حەسانەوەی هەڵکێشا. دەستبەسەرداگرتنەوەی دووەمی مالیکی نیشانەی باشی سەقامگیری بەدواوە بوو، کە زۆر گرنگ بوو و لەگەڵ خۆئامادەکردنی سوپای ئەمریکا بۆ کشانەوە لە ساڵی داهاتوودا بوو.

❊❊❊❊❊

ڕێککەوتنی نێوان ئەمریکا و کۆماری عێراق لە سەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە خاکی عێراقدا و ڕێکخستنی چالاکیەکان لە ماوەی بوونی کاتی ئەوان لە عێراق لە لایەن بوش و مالیکیدا لە چوارەم دوا سەردانی بۆ بەغدا لە ٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨دا واژووکرا. ئەو پەیمانە چەندین مانگ ناڕەحەتی بەدوای خۆیدا هێنا. گفتوگۆکانی سسەدامەدر خرانە بەرچاو، هەروەها سیستانیش نیگەران بوو، کە دژی ئەو پەیمانە بوو بە هۆکاری پێشێلکردنی سەروەریەکانی عێراق.

ئەم ڕێککەوتنە بوو بەهۆی کشانەوەی قۆناغ بە قۆناغی هێزەکانی ئەمریکا، کە بە کشانەوە لە شارەکانی عێراق لە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٩دا دەستی پێکرد. قەدەغەی گرتنی عێراقیەکانی کرد لە لایەن سوپای ئەمریکاوە بۆ ماوەی زیاتر لە بیست و چوار کاتژمێر بەبێ هیچ تۆمەتێکی تاوانباریی. پەیمانەکە پێویستی کرد گەرەنتی چوونە ناو هەموو ماڵێکی عێراقی لە لایەن کارمەندانی ئەمریکاوە. هەندێک لە بەڵێندەرە ئەمریکیەکان دەبێت بدرێنە دادگای تاوانەکانی عێراقی؛ ئەوانی تر لە کەیسی تایبەتیدا دەپارێزرێن و بەرگریان لێ دەکرێت. بوش لە ئاهەنگی واژووکردنی ڕێککوتنەکە بەم

شێوەیە دوا، "ڕێككەوتنی ئەمنی دەلالەت لە بوون، چالاكیەكان و كشانەوەمان لە عێراق دەكات. دوو ســاڵ بەر لە ئێســتا، ئەم ڕۆژە شــتێكی ناكردە بوو- بەڵام ســەركەوتنی ســــتراتیژیەتی زیادكردنی هێز لە لایەن ئەمریكا و ئازایەتی خەڵكی عێراقی بوون بە مەرجی فەراهەمبوونی ئەم دوو ڕێككەوتنە كە گفتوگۆیان لە سەر بكرێت و پاشانیش لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند بكرێت." (٤٩)

ئیدارەی ئۆباما بەدوای درێژكردنەوەی ڕێككەوتننامەكەوە بووە، كاتی كشــانەوەی كۆتایی ســـوپای ئەمریكا لە ٣١ی كانوونی یەكەمی ٢٠١١ نزیك دەبووەوە. وەزیری بەرگریی 'ڕۆبەرت گەیتس' دەیویســت هیزێكی بەجێماو بەكاربێت لە ئۆپەراســیۆنەكانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و مەشــقی بەردەوام بەهێزە چەكدارەكانی عێراق بدات. گەیتس چاوەڕوانی دەكرد، "ڕەنگە چەندین هەزار هێزی ئەمریكا بێت" دەكرد لە هێزەكانی بەجێماودا. بەڵام گفتوگۆكانی درێژكردنەوەی پەیمانەكە لە ئەنجامی كێشەی "پارێزبەندی و پشتەوانە" بۆ سوپای ئەمریكا و بەڵێندەرە سەربازییەكان شكستیان هێنا.(٥٠) ئیدارەی ئۆباما وازی لە گفتوگۆ هێنا؛ ئۆباما بەڵێنەكەی بردە سەر بەكشانەوەی تەواو و كۆتایی هێنان بە بەژداری سەربازیی ئەمریكا لە عێراق.

ئاهەنگی تەواوبوونی كاری ئاڵای ئەمریكا لە عێراق لە ١٦ی كانوونی یەكەمی ٢٠١١دا ئەنجامدرا. بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی لە ساڵی ٢٠١٢دا، ئۆباما ویســتی ئەمریكیەكان ببینن كە هێزەكانیان بۆ جەژنی كرێســمس دەگەڕێنەوە وڵات. شــەقامی گشــتی ئەمریكا پێشــوازیەكی گەرمی لە خزمەتی پیاو و ئافرەتە ئەمریكیەكان كرد بەگەڕانەوەیان ئاهەنگیان ســازكرد.(٥١) ئەمریكا ماندوو بوو لەو شــەڕەی عێراق كە ببووە هۆی تێچوونی (٢,٢) ترلیۆن دۆلار، وە بەگوێرەی وەزارەتی بەرگریی ئەمریكا (٤٤٨٦) سەربازیی ئەمریكی گیانیان سپارد. كشانەوە بۆشایەكی دەسەڵاتی لە عێراق دروســت كرد. هەروەها قەلەمڕەوی ئەمریكای ســنووردار كرد لە بەرەوپێشــبردنی ڕووداوەكان.(٥٢)

*****

عێراق هەر زوو تووشی ململانێ و ئاژاوە بوو. مالیکی بەسەدان ئەندامی پێشووی شیعە و سونەی پارتی بەعس لە خزمەتی ئاسایشی عێراق لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ دوورخستەوە و ڕیزەکانی پاک کردەوە. عەرەبە سوننەکان مومارەسەی [ماددەی ١١٩]ی دەستووری عێراقییان کرد کە داوای دروستکردنی هەرێمی فیدراڵی نیمچە ئۆتۆنۆمی پارێزگای سەلاحەددین الدین لە ٢٧ی تشرینی یەکەم و پارێزگای دیالە لە ١٢ی کانوونی یەکەم دەکرد. شیعەکانی هەردوو پارێزگاکە بەتوندی نارەزاییان دەربڕی و دژی وەستانەوە. لە هەوڵدانێکدا بۆ پەکخستنی پلانی ئەنجامدانی گشتپرسی، هێزەکانی ئەمنی مالیکی سەرکردەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی سەلاحەددین الدین و دیالەیان هەراسان کردبوو.(٥٣)

پێکهاتەکانی سەرەکی هاوبەشی-دەسەلات لە ڕێککەوتنەکەی هەولێر پرس و ڕاوێژیان پێنەکرا. جێگری سەرۆک 'تارق هاشمی'، سوننە، ڕوونی کردەوە، "خەڵک لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوورداوای فیدرالیزم دەکەن" چونکە ناخوازن نادادپەروەری، گەندەڵی و ئیدارەی خەراپتر لە حکومەتی ناوەندی قبوڵ بکەن."(٥٤) مالیکی تاوانبارکرا بە پێشیلکردنی دەستوور و گلدانەوەی دەسەلات لە لقەکانی تری حکومەت. ئەو هێزەکانی ئەمنی هێنایە ژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی خۆی، لەجیاتی ئەوەی پۆستە ئەمنیەکان بدات بە لایەنەکانی تر.(٥٥) حکومەت هەڵمەتی سیستەماتیکی دەستپێکرد بۆ بچوککردنەوەی کەسایەتیە دیارەکانی سوننە. هێزەکانی عێراق و دەبابەکان لە ناوچەی سەوز 'گرین زۆن' دەورەیان لە ماڵی 'هاشمی'دا. دوو پاسەوان لێیاندرا، وە ٥٣ لە فەرمانبەرانی ها شمی دە ستگیرکران. وەزارەتی ناوخۆ دانپیانانەکانی پا سەوانی ها شمی لە سەر تەلەڤزیۆن پەخش کرد و بڵاوی کردەوە گوایە کە جێگری سەرۆک ئۆپەراسیۆنەکانی کوشتنی خەڵک بەتۆمەتی سیاسی (فرقە الموت) و چالاکی تری

تیرۆریستی ئەنجامدەدا. هاشمی ڕایکردە سلێمانی، لەوێدا لە لایەن تاڵەبانیەوە پێشوازی کرا، وە لەوێدا شوێنی حەوانەوەی بۆ دابینکرا.(٥٦)

لە [ماددەی ٧٨][١] دەستووری عێراقیدا ڕێگا بە سەرۆک وەزیران دەدات بۆ لە سەر کارلادانی وەزیرەکان بە ڕەزامەندی پەرلەمان، مالیکی بەدوای دەنگی متمانە وەرگرتنەوە لە جێگری ســـەرۆک وەزیران (ســـوننە) ســـاڵح موتلەق دەگەڕا، کە لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی تەلەڤزیۆنی (ســی ئێن ئێن)دا بە دیکتاتۆر ناویهێنا. موتلەق وتی ئەو لە لایەن مالیکیەوە هەڕەشـــەی لێکراوە، "ئێمە بۆ تۆ، و هەموو ئەو کەســانەی پشــتت دەگرن دێین و دەتانگەیەنینە ســزای خۆتان".(٥٧) کورد بایکۆتی ئەو تاوانبارکردنە دژی موتلەق کرد، بەمەش ڕێگای گرت کە زۆرینەی پەرلەمان ئامادە بێت. فەرمانی گرتنی وەزیری دارایی (ســوننە)، رافع عیســاوی، دەرچوو. بەڵام هەرگیز جێبەجێ نەکرا، دوای ئەوەی دانیشــتوانی فەللوجە، شــارۆچکەی عیســاوی، هەڕەشــەی توندوتیژییان کرد.(٥٨) هێزە ئەمنیەکان هەزاران کەســی بەبێ خســتنەپاڵی تاوان دەســتگیرکرد. خەڵکی تووڕە ئاڵای ڕەشــی جیهادیان بەرزکردەوە. ئەندامێکی ســوننی پەرلەمان، ئەحمەد العوانی، بە مالیکی وت، "ئەندامی پارت کە بووە بە بەڕێوەبەر".(٥٩) (ئەمە ئاماژە بوو بۆ ئەوەی لە حوکمڕانیکردندا ســاوایە و بەدەســەڵات خۆی هەڵدەکێشــیت). ئەو مالیکی بە داردەســتی ئێران تاوانبار کرد، وە بە ســەفەوی ناوی هێنا. 'عەلوانی' لە ســەر لێدوانەکانی بەردەوام بوو، "قاعیدە هەموو کاتێک لێرە بوو، خۆیان شـــاردۆتەوە، وە ئێســـتاش کۆنترۆڵی فەللوجە دەکەن".(٦٠)

---

[١] "سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لێپرسراوی ڕاستەوخۆی پیادەکردنی سیاسەتی گشتی وڵات و سەرکردەی گشــتی هێزە چەکدارەکانە و ئەنجوومەنی وەزیران بەڕێوە دەبات و ســەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی دەکات. مافی لەکارخســـتنی وەزیرەکانی هەیە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران." ماددەی [٧٨]ی دەســـتووری عێراق. (وەرگێڕ)

لەبەهاری ٢٠١٢دا، کوتلەی کوردســـتانی و هاوپەیمانی نیشـــتیمانی ســـســـەدامەدر پێشنیاری دەنگدانی پەرلەمانیان بۆ سەندنەوەی متمانە لە مالیکی کرد.(٦١) لە تەمموزی ٢٠١٢دا، وەزارەتی بەرگریی فەرمـانـدەیی ئۆپەراســـیۆنەکـانی دیجلەی ڕاگەیـانـد بۆ دەستەبەرکردنی لەشکر و پۆلیس لە دیالە، تآمیم و سەلاحەددین. مەسعود بارزانی لەم کار زۆر پەست بوو، ئەو جولانەوەکەی مالیکی بەستەوە بە مەسەلەی خانەقینی ٢٠١٠ و عەلی کیمیاوی لە فەرماندەیی باکوور لە ســـالانی هەشـــتاکاندا. ئەمریکا و تورکیا پشـتیوانی دەسـتپێشـخەریەکەی بارزانیان کرد بۆ گرێدانی کۆنفرانسـێکی نیشـتیمانی بۆ ئەوەی بە ئاشتیانە ناکۆکیەکان چارەسەر بکەن.

بارزانی و تاڵەبانی لە ئازاری ٢٠١٢دا کێشـــەکانیان تاوتوێ کرد، نێچیرڤان بارزانی بەهۆی ئەو کەسـایەتیە بەهێزەی بۆ ســـەرکردایەتی و ڕێزەی کە هەیبوو، وەک ســـەرۆک وەزیران دەستبەکاربوو. نێچیرڤان پێشوتر لە دوو کابینەی یەک لەدوای یەکدا لە ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٩ وەک ســـــەرۆک وەزیران کـاری کردبوو. پەیوەنـدیەکـانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردســـــتان و تورکیا گەرمبوونەوە. نێچیرڤان بارزانی توانی پەیوەندیەکانی هەرێم و تورکیا لە نزمترین ئاستەوە لە ٢٠٠٣دا بگەڕێنێتەوە دۆخێکی ئاسایی.

ئەردۆگان لە حوزەیرانی ٢٠٠٣دا ســـەردانی کۆشـــکی ســـپی کرد. ئەو ڕەخنەی لە فەشـــــەلی ئەمریکا گرت بۆ قەڵاچۆکردنی چەکدارانی پەکەکە و ئەمریکای هاندا کە ڕێوشـــوێنی پێویســـت بگرێتە بەر بۆ "لەناوبردنی درکە ســـەرەکیەکە".(٦٢) تورکیا زۆر بەتوندی لە دژی [ماددەی ١٤٠]وەســـتایەوە، کە داوای گشـــتپرســـی لە بەرواری ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧بۆ دۆخی کەرکوک دەکرد. تورکیا گشـــتپرســـیی کەرکوکی وەک هەنگاوێک بۆ بەرەوپێش بردن بۆ بەدەوڵەتبوونی کوردســـــتانی عێراق بینی. ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان لەوبەری سنوور بەسۆزەوە سەیری برا کوردەکانی باکووری عێراقیان دەکرد. کوردەکانی تورکیا و وڵاتانی تر ئەوەیان دەویســـــت کە کوردەکان هەیان بوو و

ئێستاش هەر هەیانە.[1] لە هاوینی ٢٠٠٧دا، زیاتر لە (١٥٠,٠٠٠) سەربازی تورکی لە سەر ســـنووری عیراق بڵاوەیان پێکرا، هەڕەشـــەی ئەنجامدانی ئۆپەرســـیۆنی پەڕینەوە لە

[1] سەرۆک بارزانی لە بەرواری ٦ نیسانی ٢٠٠٧دا لە دیمانەیەکی کەناڵی تەلەڤزیۆنی "العربیە"دا بەم شێوەیە لەسـەر هەڕەشـەکانی تورکیا هاتە دەنگ. بارزانی وتی: 'سـەربەخۆیی مافێکی بنچینەی خەڵکی کوردسـتانە، بەڵام بەبێ پەنابردنە بەر توندوتیژی، من لەگەڵ بەکارهێنانی توندوتیژی نیم. "پێشـکەشـکارەکە لێی پرسـی" بەڵام ڕەنگە لایەنەکانی تر لەگەڵ توندوتیژیدا بن". بارزانی وەڵامی دایەوە، :لەم دۆخەدا، بەرگری لەخۆکردن مافێکی شـــەرعیە بۆ ئێمە. من هانی گفتوگۆ، دامەزراندنی پەیوەندی و ڕونکردنەوەی دۆزەکە بۆ ئەوانی تر دەدەم. من لایەنگری ئەم ڕێگایەم، ڕێگای ئاشـتی و دیموکراتی لە ڕێگای توندوتیژیەوە فەراهەم نابێت، بەڵام ئەگەر هێرشمان کرایە سەر، بە دڵنیاییەوە بەرگری لەخۆمان دەکەین". دواتر پێشکەشکارەکە لێی پرسی کە ئایا دوای ١٥ بۆ ١٧ سـاڵ لە ئارامی و سـەقامگیری کوردسـتان، کوردەکان توانایان هەیە بجەنگن؟ بارزانی وەڵامی دایەوە، "برای بەڕێزم (پێشکەشکار)، کورد هەرگیز پەنای نەبردۆتە بەر جەنگ، بەڵکو جەنگی بەسەردا سـەپێنراوە. کورد بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ بژاردەی جەنگدا نەبووە. ئەوان تەنیا بەرگریان کردوە. وە من باوەڕم وایە کورد بەردەوام دەبێت لە بەرگری لەخۆ کردن بەڵام بیرکردنەوە لە هێرشـبردن و بەردەوامیدان بە شەڕکردن؟ ئەمە کار و سروشتی کورد نیە."

دواتر پێشـکەشـکارەکە پرسـی، جەنابی بارزانی بە ڕوونی پێمان بڵێ، ئێسـتا ئەو جیلەی کە ئێسـتا هەیە جیلێکی پۆشتە و بە بەردەوامی جلوبەرگی فەرمی دەپۆشن، ئایا ئەم جلانەیان دادەنێن و دووبارە دەجەنگن؟ بـارزانی وەڵامی دایەوە، "بێگومـان ژمـارەیەکی زۆر لەو گەنجـانە جلوبەرگی ئەوروپی، (بەپێکەنینەوە) یـان جلوبەرگی 'ئەفەندی' دەپۆشـن. بێگومان ئەگەر وڵاتەکەیان توشـی هەر دوژمنداریەک هاتەوە، ئەوان دەبنەوە بە جەنگاوەری بەتوانا و بەهێز. من ناڵێم هەموویان، بەڵام دڵنیام ژمارەیەکی بەرچاویان ئامادەن.

پێشکەشکارەکە دواتر پرسی: "ئێوە هەر باسی دەوڵەتی کوردستان دەکەن و دەڵێن دانی پیانانرێت، بەڵام من ئەوە چەند جارێکە بێمە کوردسـتان، دەوڵەتێکی سـەربەخۆ دەبینم. ئێوە تەنیا ڕاگەیاندنتان ماوە. ئێوە پەرلەمان و حکومەت و سـەرۆکی هەرێمتان هەیە- کە جەنابتانن- پێشـمەرگە و سـوپا و پۆلیسـتان هەیە. خاوەنی زمان و فەرهەنگ و شـوناسـی خۆتان هەیە...... هتد، ئایا ئەمە تەنیا مانۆرێکی سیاسیە بۆ ئەوەی دراوسێکانتان سەغلەت نەکەن یاخو ئەمە چۆنە؟

بارزانی: براکەم، با لەگەڵتا ڕاشـکاو بم، دوای ڕوخانی ڕژێمی سـســەدامســەدام، ئێمەی کورد یەکێتی خاکی عێراقمان پاراست. وە تا ئەمڕۆش ئێمە هۆکارین بۆ مانەوەی ئەم یەکێتیە. ئێمە ئەوپەڕی توانای خۆما خستە گەڕ بۆ ئەوەی ئەزموونی خۆمـان لسـەر عێراق پـارچەکـانی تری عێراقـدا بڵاوبکەینەوە. بەڵام برادەرانی ناوچەکانی تر، کە بەداخەوە دەیڵێم، سـوودیان لەو ئەزموونە وەرنەگرت. ئێمە ڕۆشـنبیریەتی لێبووردەیمان

پەرەوردە کرد. وە ئەوان ڕۆشنبیریەتی تۆڵەسەندنەوەیان لە نێو خۆیاندا پەروەردە کرد. هەندێک لە سوننەکان دەستوەدانی ئێرانیەکان ڕەتدەکەنەوە، بەڵام پەنا دەبەنە بەر تورکیا. وە داوای دەکەن لەشکری تورکیا دەست بخاتە نیو کێشەکان. من پێم وایە ئەم جۆرە مرۆڤانە یاری بە ئاگر دەکەن. هەندێک سوننە هەن دژی ئێرانن، بەڵام تورکیا قەبول دەکەن، ئایا چ جیاوازیەکی هەیە؟..........

پێشکەشکار: وە کوردەکان لەچی دەترسێن؟

بارزانی (بەپێکەنینیکی واتادارەوە) : لە هەموو شتێک.

(هەردووکیان بە توندی پێدەکەنن)

پێشکەشکار: ئایا گەورەترین ترسی کورد لە ئێستادا چیە؟

بارزانی: گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت بۆ سەر دەسەڵات

پێشکەشکار: چۆن دەکرێت بگەڕێتەوە؟

بارزانی: پەنا بەخودا، ئێمە ڕێگا نادەین بگەڕێتەوە. بەڵام تۆ پرسـیاری گەورەترین مەترسـیت کرد بۆ کوردەکان. بۆیە منیش وتم گەڕانەوی دیکتاتۆریەت.

پێشکەشکار (بۆ دەرهێنانی قسە لە بارزانی): ئایا کورد لە تورکیا ناترسێت؟

بارزانی (بە کورتی) نەخێر.

پێشـکەشـکار: چۆن دەکرێت؟ کەرکوک دراوەتە پاڵ ئێوە، وە تورکەکان بەتەواوی ناڕازین. وە هەمیشـە لە وتارەکانیاندا ئەوە دوپاتدەکەنەوە کە ئێمە ڕێگا بە کورد نادەین کەرکوک بخەنە سەر کوردستان.

بارزانی: وە لەبەرامبەردا، ئێمە دەڵێن کە لێناگەڕیین تورکەکان دەست لە مەسەلەی کەرکوک لە وەربدەن.

پێشکەشکار: چۆن ڕێگایان لێدەگریت؟

بارزانی: ئەوان چۆن ڕێگا بە ئێمە نادەن؟

پێشکەشکار: ئەوان هێزە سەربازییان هەیە...

بارزانی: من لە هێزە لەشکرییان ناترسم و هێزی سەربازییان چەندە بەهێز بێت ناگاتە هی سەدام.

پێشکەشکار: بەڵام هێزێکی دبلۆماسی بەهێزیشیان هەیە

بارزانی: من نە لە هێزی سـەربازیی و نە لە هێزی دبلۆماسـییان دەترسـم. چونکە ئەوان دەسـت وەردەدەنە کێشەیەک کە هیچ پەیوەندی بە ئەوانەوە نیە.کێشەیەکی ناوخۆیی وڵاتێکی تر. کەرکوک شاریکی عێراقیە بە ناسـنامەی کوردی. لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە سـەلمێنراوە و دوپاتکراوەتەوە کە کەرکوک بەشـێکە لە کوردستانی عێراق، کە کوردستانی عێراقیش بەشێکە لە عێراق. بۆیە کەرکوک شارێکی عێراقیە بە ناسنامەی کوردی. وە تورکیا هیچ مافێکی ئەوەی نیە دەسـت وەربداتە ئەو مەسـەلەیەوە. ئەگەر تورکیا ڕێگە بەخۆی بدات دەستوەربداتە مەسەلەی کەرکوک، وە ئێمەش دەست وەردەدەینە مەسەلەی دیاربەکر و شارەکانی تری تورکیا.

پێشکەشکار: ئەمە هەڕەشەیە؟

بارزانی" نەخێر، بەڵکو ئەمە وەڵامی پرسیارەکەتە کە ئەگەر تورکیا دەستی خستە ناو مەسەلەکە. بە چ مافێک تورکیا ڕێگا بەخۆی دەدات دەستوەربداتە مەسەلەی کورکوک؟

پێشکەشکار: بەهۆکاری هەبوونی تورکمان لە کەرکوک.

بارزانی: سی ملیۆن کورد لە تورکیادا بوونی هەیە.

پێشکەشکار: ئێوە دەستوەرنادەنە کێشەی کوردەکان لەوێ؟

بارزانی: نەخێر. بەڵام ئەگەر ئەوان ڕێگا بەخۆیان بدەن دەست وەردەنە ناو مەسەلەی کەرکوک بەهۆی چەند هەزار تورکمانەوە، ئێمەس لەبەر خاتری سی ملیۆن کورد لە تورکیا دەست دەخەینە مەسەلەکەوە.

پێشکەشکار: ئایا بڕوات وایە مەسەلەکە بەم ڕادەیە دەگات؟

بارزانی: هیوادارم بەم ئاستە نەگات، بەڵام ئەگەر تورکەکان سوور بن لەسەر دەستوەردانی لە مەسەلەی کەرکوک، من ئامادەم سەرجەم بەرپرسیارەتی و ئەنجامەکان لە ئەستۆ بگرم. وە من ڕێگا نادەم پلانەکانیان لە کەرکوک جێبەجێ بکەن.

پێشکەشکار: باوکی مەسعود، کوڕی مەسعود بارزانی، ئەم متمانەیەت، کە هەمیشە لە تۆدا دەیبینم، ئایا لە ئەنجامی هاوپەیمانیەتەکەتانە لەگەڵ ئەمریکیەکان یان...؟ (پرسیارەکەی تەواو نەکرد)

بارزانی: سوێند بەخوا، متمانەم بە ئیمان بەخودا و ڕەوایەتی دۆزی کورد هەیە و پشتگیری سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق، چونکە ئەمە دەستوەردانە لە مەسەلەی ناوخۆیی عێراق.

پێشکەشکار: بەڵام کوردەکان هەمیشە قوربانی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکانن. ئەی چی ئەگەر ئەمریکیەکان هاوپەیمانەتیەکیان لەگەڵ تورکیاد پێک هێنا، دەسبەرداری کورد بوون، وە ڕێگای بە تورکەکاندا کە سەقامگیری و خەونەکانتان لەناوبەرن؟

بارزانی: دۆزی کورد لەم قۆناغەدا دەرباز بووە. وە دەربازبووە لەم جۆرە پیلانانە. ئەگەر بۆمان نووسرابێت کە بەبێ ئازادی و سەقامگیریی بژین، سوێند بەخودا، ڕێگا بە ئەوانی تر نادەین بە ئازادی و ئارامی بژین.

پێشکەشکار: هیوادارم نەگات بەم ئاستە،

بارزانی: منیش هیوادارم نەگات بەم ئاستە. من دژی ئەمەم. بەڵام ئێمە ئامادەین بەرگری لە ئازادی و دۆزەکەمان بکەین تا دوایین سنوور.

پێشکەشکار: ئێوە بەم سێ نەتەوانەوە دەورە دراون- عەرەب، فارس، وە تورک- وە ئەمڕۆ لە دۆخی کشانەوەی ئەمریکادا، لە حاڵەتی دۆڕاندنی کۆماریەکان لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکانی ئەمریکا وە دیموکراتەکانیش بیانەوێت هێزەکانیان بکشێننەوە، چۆن دەتوانن بەردەوام بن، لە کاتێکدا ئێوە بەم سێ نەتەوەوە دەورە دراین؟

سنووریان دەکرد بۆ شکاندنی هاوکاریەکانی پەکەکە. هەروەها مەبەستی ئەوەش بوو کە ئاماژەیەک بنێرێت بۆ پیشاندانی نیگەرانیەکانی تورکیا بەرامبەر کەرکوک.(٦٣) ئەردۆگان ئەم داوایەی پێشکەش بە ئیدارەی بوش کرد، " ئێمە ناتوانین بەتەنیا ئەم کارە بکەین، هەموو وڵاتان دەبێت هاوکار بن". مەسعود بارزانی حەزی لە شەڕکردن نەبوو لەگەڵ پەکەکە. لەساڵی ١٩٩٣ەوە، کوردەکانی عێراق بە ناسەرکەوتوویی لە سێ بۆنەدا بە شێوەیەکی سەربازیی بەرەنگاری پەکەکە بوونەوە، کە دوانیان بە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ سوپای تورکیا بوو.

دوای ئەوەی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٧، یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستانی لە پەرلەمان تێپەڕاند، تورکیا دەستی کرد بە پێداچوونەوە بە پەیوەندیەکانی

---

بارزانی (با متمانەیەکی زۆرەوە): ئێمە ئەوکات مردن هەڵدەبژێرین وە سەر بۆ هیچ کەسێک دانانوێنین. ئەمە بڕیاری ئێمەیە.

پێشکەشکار: تێچوەکەی هەرچیەکیش بێت؟

بارزانی (نەیهێشت پێشکەشکارەکە بەتەواوی بدوێت): تێچوەکەی هەرچیەک بێت. ئێمە ناکرێت ڕێگا بە هیچ یەکێک لەو وڵاتانە بدەین بێت و چارەنوسمان بۆ دیاری بکات. ئەو وڵاتانەی کوردستانیان دابەشکرد.... بێگومان ئێمەی گەلی کورد هەرگیز بژاردەمان پێنەدراوە لە نێوان سەربەخۆیی و بوون بە بەشێک لەم وڵات و ئەم وڵات. ئەم دابەشکردنە بەسەرماندا سەپێنرا بەبێ ویستی خۆمان. وە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان دابەشکرد هاوپەیمانیان بەست، پیلانیان گێڕا، وە هەماهەنگیان کرد لە دژی دۆزی کورد. هەریەکەیان لەلایەن خۆیەوە هەوڵیدا کە مومارەسەی سیاسەتی بەعەرەبکردن، بەتورک کردن و بە فارسکردن ئەنجام بدات. وە شکستیان هێنا لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان. ئەگەر ئەم سیاسەتانە ....... سەرکەوتوبوانە، سەد ساڵ پێش ئێستا سەرکەوتوو دەبوون. مانەوەی دۆزی کورد تا ئیستا وەک بەربەستێک لەبەردەم ئەو وڵاتانەدە سەلمێنەری زیندوویەتی دۆزەکەیە. وە سیاسەتەکانی ڕابردوو شکستخواردوون بۆیە دەبێت بەدوای چارەسەری نوێدا بگەڕێن، چارەسەری دیموکراسی لە ڕێگای ئاشتیەوە. من دووبارە دەیڵێمەوە کە مافێکی شەرعی و یاسایی نەتەوەی کوردە دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت. بەڵام دژی پەنابردنە بەر توندوتیژیم بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. (وەرگێڕ)

بۆبینینی دیدارەکە بڕوانە ئەم ژێدەرە؛

(https://www.youtube.com/watch?v=urt٦S٢R٢uvi.)

لەگەڵ کوردستانی عێراقدا. ئەنقەرە دەسپێشخەری کرد لە گفتوگۆکردن لەگەڵ هەولێر سەبارەت بە هەماهەنگی وزە. یەدەگی عێراق بە (١٤٣) ملیار بەرمیل نەوت وە دەکرێت بۆ (٢٠٠) ملیاریش بەرزبێتەوە، دەخەمڵێنرێت. لە ئێستادا عێراق پێنجەم گەورە وەبەرهێنەری نەوتە لە سەرتاسەری جیهاند.(٦٤) یەدەگی غازی سروشتی بە (١٢٧) ترلیۆن پێ چوارگۆشە دەخەملێنرێت، کە بە دوانزەمین وڵاتی جیهان دادەنریت.(٦٥) کوردستانی عێراق لە ئێستادا خاوەنی (١٢) ملیار بەرمیل نەوت و (٢٢) ترلیۆن پێ غازی سروشتیە، وە چاوەڕواندەکرێت ڕێژەکە بەرزتر بێتەوە. سەرەڕای ئەمەش، ئەم بڕە نەوتی ناوچەکانی کەرکوکیشی تیادا نیە، کە ناکۆکی لە سەرە لە نێوان کوردستان و بەغدادا. یەدەگی نەوتی هەشت ناوچەی باکوور کە تیایدا کورد خاوەنی هەموو یان بەشێکی بریتیە لە (٪ ٢٢,٥) گشتی نەوتی عێراق.(٦٦) گەورەترین یەدەگی زانراو دەکەوێتە کێڵگەی 'شێخان' بە (٣,٣) ترلیۆن بەرمیل و بەردەڕەش بە (١,٢) ترلیۆن بەرمیل. کێڵگە غازیەکانی 'خورمور و چەمچەماڵ بەیەکەوە خاوەنی (١٥) ترلیۆن پێی چوارگۆشەن. تەقتەق و تەوکەش دوو لە نوێترین کێڵگەن کە دێنە سەر هێڵ.(٦٧)

بەغدا بەردەوام ئەوەی دووپاتدەکردەوە کە هەر ڕێککەوتنێکی دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە واژووکرابێت، ئەو نادەستووریە و کاری پێناکرێت. بەغدا داوای کرد کە هەرێم دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت هەڵبواسێت تا ئەوکاتەی یاسای هایدرۆکاربۆن و هاوبەشی لە داهات پەسەند دەکرێت. بەربەستەکانی بەغدا نەیانتوانی ڕێ لە ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم، بگرێت لە چوونە ناو ڕێککەوتنی دۆزینەوە و بەرهەمهێنان لەگەڵ تورکیا، ئەوروپیەکان، کەنەدا، ئەمریکا، چین، هیند، ڕوسیا، ئیمارات و کۆمپانیای تردا، بە کۆمپانیای زەبەلاحی وەک ئیکسۆن مۆبیل، شیڤرۆن، گازپرۆم و تۆتالی فەڕەنسیشەوە.

کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی، یەکەم کۆمپانیای نێودەوڵەتی بۆ هەڵکەندنی بیری نەوت لە کوردســـتانی عێراق، وە گەنەل ئێنێرجی ئەنگلۆ-تورکی، دوو لە ســـەرەکیترین کۆمپانیا بوون لە کێڵگەی تەوکە کە بڕەکەی بە (٧٧١) ملیۆن بەرمیل دەخەملێنرا، وە تەقتەق بە بڕی (٦٤٧) ملیۆن بەرمیل.(٦٨) بەغدا لە واشـنتۆن شـکایەتی کرد سـەبارەت بە گرێبەسـتەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردسـتان. ئیدارەی ئۆباما لایەنگیری نوری مالیکی کرد، ئەمە بووە هۆی نەمانی ئارەزووی ئیکسۆن مۆبیل لە گرێبەستکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان. هەرچۆنێک بێت، ئەو هەوڵانەی دران بۆ هێنانەوەی، بەڵام هەموویان فەرامۆش کران. واشنتۆن وشیاریدا کە فرۆشتنی نەوت سەربەخۆیی کوردستان بەهێزتر دەکات. هەروەها گرێبەستەکان ڕێککەوتن و نەخشە سیاسیەکانیشی خستە مەترسیەوە. زیاتر لە (٪٦٠)ی یەدەگی نەوتی عێراق دەکەوێتە باشـووری عێراقەوە. ئەگەر بەسـرا و پارێزگاکانی تری باشـــوور کاریان بۆ ئۆتۆنۆمی کردبوایە، ئەوا حکومەتی ناوەندی زۆر لاواز دەبوو.

حکومەتی هەرێم لە ســاڵی ٢٠١٣دا دروســتکردنی هێڵێکی بۆڕی نوێی تەواو کرد. بەشی یەکەمی لە لە هێڵی بۆڕیەکی بیست و پێنج دایەمیتەری پێکهاتبوو لە تەقتەقەوە بۆ خۆرماڵە، بەتوانای گواســـتنەوەی دوو ســـەد هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤دا، بە کوالێتیەکی بەرز، نەوتی خـاوی قورس لە کێڵگەی تەوکە بە هێڵەکانی بۆڕی نوێدا نێردرا بۆ کۆگاکانی بەندەری دەریای ناوەڕاســـتی جەیهان لە تورکیا.(٦٩) هەروەها تورکیاش کاری بنیادنانی هێڵی بۆڕی بە بەهای چەندین ملیار دۆلاری نەوت و غاز کرد کە کوردســـتان بە بازاڕەکانی جیهان ببەســـتێتەوە. لەوپەڕی توانـای خۆیـدا، بۆڕیە نەوتیەکـان دوو ملیۆن بەرمیـل نەوت لە ڕۆژێکـدا دەگوازنەوە و بەلایەنی کەمەوە دە ملیار مەتر چوارگۆشـــەی غازی ســـروشـــتیش لە ســـاڵێکدا دەگوازرێتەوە.

نەوت لە یەکەم هێڵی بۆڕییەوە لە بەندەری جەیهان گلدرایەوە. فرۆشتنی ئەو نەوتە هەڵپەسـێردرا بۆ ئەوەی هەولێر و بەغدا لە بارەی جیاوازییەکەدنیانەوە گفتوگۆ پێک بهێنن.(٧٠) حکومەتی هەرێم پێشوازی لە چاودێرێکی سەربەخۆی پێوانە کردنی ئەو نەوتە کرد، لەگەڵ بەژداربوونی چەند وردبینێکی دارایی عێراقی. ئاشـتی هەورامی بەڵێنیدا لە (٨٣٪) ی بنێرێت بۆ حکومەتی ناوەندی. بەغدا خۆی دزیەوە، بەبیانووی ئەوەی رێکخسـتنەکە نایاسـاییە.(٧١) وەزیری نەوتی عێراق، عبدولکرەیم لوەیبی، هەرێمی بە فرۆشتنی نەوتی قاچاغی عێراقی تاوانبارکرد، وە هەڕەشەی گرتنەبەری هەنگاوی یاسایی لە دژی کوردسـتان و تورکیا کرد. بەغدا تۆڵەی کردەوە. لە (١٧٪)ەکەی بودجەی سـاڵانەی هەرێمی کوردسـتانی بلۆک کرد. عێراق هەڕەشـەی کرد کە ئەو کۆمپانیایانەی کار لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا دەکەن دەخرێنە لیستی ڕەشەوە وە ڕێگا نادرێت لە عێراق کاربکەن، وە دوو هێڵی ئاسـمانی قەدەغەکرد لە نێوان ئەوروپا و هەولێردا. نێچیرڤان بارزانی بەم جۆرە بۆچوونی خۆی دەربڕی، "ئێمە بۆ گفتوگۆ چووینە بەغدا، بەڵام ئەوان ئێمەیان تووشـی سـەرسـوڕمان کرد بە بڕینی بودجەی کوردسـتان. ئێمە دەتوانین موچەکانمان دابین بکەین بەبێ بەغدا، وە تا ئێسـتاش ئەو کارەمان ئەنجامداوە."(٧٢) مەسعود بارزانی ئەم کارەی بەغدای بە "ڕاگەیاندنی جەنگ لە دژی خەڵکی کوردستان" ناوبرد.(٧٣)

لە ٢ی ئایاری ٢٠١٤دا، فرۆشـتنی نەوتی خەزنکراوەی کوردسـتان لە بەندەری جەیهان بەبێ ڕەزامەندی بەغدا دەسـتکرا بە فرۆشـتنی. بەگوێرەی وتەکانی نێچیرڤان بارزانی، "ئەو نەوتەی دەینێرینە دەرەوە بە نرخێکی جیهانیی دەیفرۆشین. ئەگەر تورکیا بیەوێت بیکڕێت، ئەوا پێی دەفرۆشین، ئەگەر نا دەیفرۆشینە وڵاتانی تر". دوو ڕۆژ دوای کۆتایی هێنان بە گرێبەسـتەکە لەگەڵ تورکیا، ئاشـتی هەورامی گرێبەسـتێکی لەگەڵ تەهراندا واژوو کرد بۆ دروسـتکردنی دوو هێڵی بۆڕی لە نێوان کوردسـتانی عێراق و

ئێراندا. حکومەتی هەرێم ڕازی بوو نەوتی خاو بنێرێتە ئێران، بەگۆڕینەوە بە سێ تا چوار ملیۆن لیتر نەوتی پاڵێورا و غازی سروشتی.(٧٤)

تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون بە دۆستی ستراتیژیی. کۆمپانیاکانی تورکیا بەبڕی ١٣ ملیار کەلوپەلیان بە بەکارهێنەرانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٣دا فرۆشت. کۆمپانیاکانی ئاوەدانکردنەوەی تورکیا گرێبەستی زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلاریان واژوو کرد. دامەزراوەی وزە لە فراوانبووندا بوو. سەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣دا بارزانی بانگهێشتی دیاربەکر کرد. ئەردۆگان سەردانەکەی بارزانی بە "مێژوویی" وەسف کرد بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان.(٧٥) هەردوولا شانبەشانی یەکتر وەستان بۆ گفتوگۆکردنی ئاشتی لە کوردستاندا.

# سەرچاوەکان


1. N.p., n.d. Web. 29 May 2014. <https://wwwfas.org/irp/news/1998/09/98091707_nlt.html>.
2. Ibid.
3. Ibid.
4. http://www.gpo.gov/fdsys/pkg/PLAW-105pub1338/pdfPLAW-105pub1338.pdf (Accessed May 13, 2014).
5. This section draws on “Losing Iraq: Inside the Post-War Reconstruction Fiasco.” Westview Press, 2005.
6. Graham, Bob. “SADDAM’S RING OF FIRE.” – *The Mail on Sunday (London, England).* N.p., 23 Mar. 2003. Web.22 May 2014.
7. Sissons, Miranda, and Bdulrazzaq Al-Saiedi. “A Bitter Legacy: Lessons of De-Baathifiction in Iraq.” *http://ictij.org.* Ictj, Mar. 2013. Web. 22 May 2014. <http://ictj.org/sites/default/filesICTJ-Report-Iraq-De-Baathification-2013-ENG.pdf>.
8. Ibid.
9. “Coalition Provisional Authority.” *Iraq’s Transitional Administrative Law (‘Provisional Constitution’) of March 8, 2004.* N.p., n.d. Web. 22 May 2014. <http://www.cenur.org/2004/iraq_tal.htm>.
10. Ibid.
11. Ibid
12. “Google Translate Google + 1 Button Twitter Button Facebook Button Cable Reference Id: #06KIRKUK124.” “All of Them, Those in Power, and Those Who Want the Power, Would Pamper Us, If We Agreed to Overlook Their Crookedness by Wilfully Restricting Our Activities.” – “Refus Global”, Paul-Émile Borduas.” *Cable Reference Id: #06KIRKUK124.* N.p., n.d. Web. 26 May 2014. <http://www.cablegatesearch.net/cable.php?id=06KIRKUK124>.
13. Ibid.
14. Press Release, Kurdistan Referendum Movement – International Committee. London, 8 February 2005.

http://www.aliraqi.org/forums/showthread.php?t=100978 (accessed May 6, 2014).

15. *COUNTRY OF ORIGIN INFORMATION REPORT IRAQ* (n.d.): n. pag. Home Office, Apr. 2006. Web. 22 May 2014. <http://www.justice.gov/eoir/v11/country/uk_cntry_assess/2006/iraq0406.pdf>.
16. *Ibid.*
17. Ibid
18. "Iraq Update January 28 & 29." *The agonist.* N.p., n.d. Web. 22 May 2014. <http://agonist.org/963-905/>.
19. http://www.cnn.com/2005/WORLD/meast/01/29/iraq.main/index.html?eref=sitesearch.
20. Recep Tayyip Erdogan at the Council on Foreign Relations.
21. "U.S. Energy Information Administration – EIA – Independence Statistics and Analysis." *Iraq.* N.p., n.d. Web. 26 May 2014. <http://www.eai.gov/countries/cab.cfm?fips=IZ>.
22. "U.S. Energy Information Administration – EIA – Independence Statistics and Analysis." *Iraq.* N.p., n.d. Web. 26 May 2014. <http://www.eai.gov/countries/cab.cfm?fips=IZ>.
23. 2006 Revenue Watch Institute.
24. "U.S. Energy Information Administration – EIA – Independence Statistics and Analysis." *Iraq.* N.p., n.d. Web. 26 May 2014. <http://www.eai.gov/countries/cab.cfm?fips=IZ>.
25. http://www.insightturkey.com/north-iraqs-oil-chessboard-energy-politics-and-power/posts/282.
26. "Kurdistan." *Genelenergy.* N.p., n.d. Web. 10 May 2014. <http://www.genelenergy.com/.../kurdistan-region-of-iraq.aspx.>.
27. Humeyra Pamuk and Orhan Coskun. "Turkey, Iraqi Kurdistan clinch major energy pipeline deals." Reuters. November 6, 2013.
28. http:uk.reuters.com/article/2013/11/06/uk-turkey-iraq-kurdistan-idUKBRE9A50HN20131106.
29. Turkish Daily News. "Kurdish Oil export to world 'starts in May,' Arbil and Ankara declare." May 4, 2014. http://www.hurriyetdailynews.com/kurdish-oil-export-to-world-

starts-in-may-arbil-and-ankara-declare-aspx?pageID=238&nID=65715&NewsCatID=348 (accessed May 4, 2014).

30. UPI. Iraq: 'This is war,' say Kurds in oil fight with Baghdad Feb. 28, 2014. http://www.upi.com/Business_News/Energy-Resources/2014/02/28/Iraq-This-is-war-say-Kurds-in-oil-fight-with-Baghdad-/UPI-71281393609878/#ixzz30hkbkvEa (accessed May 4, 2014).
31. "Iran, Iraqi Kurdistan Sign Energy Deal." *Iran, Iraqi Kurdistan Sign Energy Deal.* N.p., n.d. Web. 26 May 2014. <http://www.exasb.com/en/news/27268>.
32. "President Barzani on Historic Visit to Diyarbakir." *President Barzani on Historic Visit to Diyarbakir.* N.p., n.d. Web. 26 May 2014. <http://www.krp.org/english/articledisplay.aspx?id=8gFTSPTTKp8=>.

(٧)

## پرۆسەی ئاشتی ئیمرالّی[١]

**پارتی داد و گەشەپێدان، ئاکەپە، لە (٣٤,٢٨٪)ی لە دەنگەکانی هەڵبژاردنی نیشتیمانی تشـــرینی دووەمی ٢٠٠٢دا بەدەســـتهێنا، واتە دوو لە ســـەر ســـێی کورســـیەکانی**

---

[١] ئیمرالی ، دوورگەیەکی بچووکە کەوتۆتە خواروی دەریـای مەڕمەڕە بەرامبەر لێوارەکـانی بورســـا لە رۆئاوای تورکیا .نا سراوە بە زیندانەکەی کە لە بەرزترین شوێنی دوورگەکە بنیاتنراوە و ٢١٧ مەتر بەرزترە لە ئاســـتی دەریا. دەوڵەت دووشـــت ناهێلێت بکرێت لە ئیمرالی فڕین بەســـەر ئەم دوورگەیەو ماســـیگرتن لە کەنارەکانیدا.

مێژووی ئاوەدانی لەم دوورگەیە بۆ رۆژگاری رۆمانەکان دەگەرێتەوە سترابۆ و پلینی کە دوو ناسراوی ئەو سان بە دوورگەی بەســـبیکوس Besbicus :نـاوی دەبەن .دواتر بە کـالۆلیمنوس Kalolimnos نـاونراوە کە وشـەیەکی یۆنانیە. لە رۆژگاری شـەڕی ئیمپراتۆریی بیزانتس و عوسـمانییەکان دوورگەکە بە کۆشـشـی یەکەم ئەدمیرالی دەریاوانی عوسمانی بە ناوی ئەمیر عەلی (ئەمیر ئالی) داگیرکراوە بۆ پاراستنی رێرەوی دەریاوانی شاری بورسا کە ئەوسا پێتەختی عوسمانیەکان بوو بەر لە داگیرکردنی قوستەنتینیەی پێتەختی دەوڵەتی رۆم کە دواتر بە ئەستەمبوڵ ناسرا. وادەزانرێت کە ناوی ئیمیرالی هەر لە ناوی ئەمیرعەلی وەرگیرابێت. دوورگەکە تا دوایین رۆژگاری عوسمانیەکان ئاوەدانی لێ بووە و لە سێ گوندی یۆنانی پێکهاتبوو بە بەرهەمهێنانی ترێی نایاب و ئاوریشـم و ماسـی دەناسـرا. کیمۆن فرایار (Kimon Friar) کە ئەکادیمیەکی ناسـراوی وەرگێرانی ئەدەبیاتی یۆنانیە بۆ زمانی ئینگلیزی، دانیشـــتووی ئەم دوورگەیە بووەو کۆچی کردووە بۆ ئەمریکا. لە جەنگی ئەتاتورک دژ بە یۆنانیەکان ١٩١٩-١٩٢٢ و پاش رێککەوتنی نێوان هەردوو لایەنی شەرکەڕ و ئالوگۆڕی دانیشـــتووان دوورگەکە لە یۆنانی چۆلکراو دواتر لە ١٩٣٥ کرا بە بەندیخانەیەکی ترســـناک. بنکەیەکی ســـەربازیشـــی لەســـەر بناتنرا. لە دوای گیران و حوکمدرانی رێبەری پارتی کرێکارانی کوردســـتان عەبدوڵلا ئۆجەلان و زیندانیکردنی لەم دوورگەیە ساڵی ٢٠٠٩ ئیمرالّی بە شوورەیەکی ئەولەهی توند تەنرا.

**دیارترین گیراوانی ئیمرالی**

بیلی هایس، نووســـەری ئەمریکایی و خاوەنی رۆمانی شـــەمەندەفەری خێرای نیوەشـــەو Midnight: Expressکە کراوەتە فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنی.

- عەبدوڵلا ئۆجەلان رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان.

پەرلەمانیی.(١) (AK) لە زمانی تورکیدا بە واتای 'سپی' دێت. ئاکەپە لە سەر بەرنامەی گۆڕانکاریی و پاککردنەوەی حکومەت دەستی بە بەڕێوەبردنی وڵات کرد. سەرکەوتنە گەورەکەی بووە هۆی لەدایکبوونی سیاسەتێکی نوێ لە تورکیادا.(٢) ئاکەپە لە ساڵی ٢٠٠١دا، وەک پارتێکی میانڕەوی پارێزکاری کۆمەڵایەتی دامەزرا کە دواتر لە لایەن دادگای دەستووری تورکیاوە بەهۆی سەرپێچیکردن لە پرەنسیپەکانی عەلمانیەوە قەدەغەکرا. دامەزرێنەرانی ئاکەپە بریتی بوون لە عبدالله گولەن، وتەبێژی پێشووی پەرلەمان و سیاسەتوان، بولەنت ئارینج، وە سەرۆکی شارەوانی ئەنقەرە، مەلیح گۆکچەک، کەسایەتی دیاری ناو پارتی فەزیلەت بوون کە ئاکەپەیان دامەزراند.(٣) دامەزرێنەرانی تر بریتی بوون لە جەمیل چیچەک سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتار عبدولقادر ئاکسو، لە پارتی نیشتیمانیی دایکی تورگوت ئۆزال. ڕەجەب تەیب ئەردۆگان[١] هێزی کاریزمایی بوو لە پشت ئاکەپەدا.

---

هەروەها سێ پیاوی دەوڵەت لە کودەتای ساڵی ١٩٦١ لەم دوورگەیە لە سێدارەدران:

- عەدنان مەندەرس سەرۆک وەزیرانی تورکیا
- فەتین روشدی زۆرلو وەزیری دەرەوەی تورکیا
- حەسەن پۆلاتکان وەزیری دارایی

[١] ڕەجەب تەییب ئەردۆغان: سەرۆک کۆماری تورکیایە، پێشتریش سەرۆک وەزیرانی تورکیا بوو، و سەرۆکی پارتی دادوگەشەپێدانە کە زۆرترین کورسیەکانی پەرلەمانی تورکی گرتووە، و بە یەکێک لە گرنگترین بەرپرسەکانی جیهانی ئیسلامی دادەنرێت. ئەردۆغان لە دایکبووە لە ٢٦ی شوباتی ١٩٥٤ لە ئەستەنبوڵ، لە خێزانێکی بە نەژاد جۆرجی، منالی بەسەر بردووە لە ڕیزە لەسەر دەریای ڕەش، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبوڵ لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا، پەروەردە بووە لە خێزانێکی هەژاردا، خوێندویەتی لە خوێندنگاکانی (ئیمام خەتیب)ی ئاینی، و پاشان کۆلێژی ئابوری و کاری خوێندوە لە زانکۆی مەرمەرە. لە ساڵی ١٩٩٨ ئەردۆغان تۆمەتبار کرا بەوەی کە هانی ڕکەبەری ئاینی ئەدات کە ئەمەش بووە هۆی بەندکردنی و قەدەغەی ئیشکردنی

ئەردۆگان لە گەڕەکێکی هەژارنشـینی ناوچەیەکی ئەسـتەمبۆڵ بەناوی قاسـم پاشـا لەدایک بووە. ئەردۆگان لە قوتابخانەی ئیمام خەتیب خوێندویەتی، کە وانەی ئەندێشەی ئیسـلامیان پێشـکەش دەکرد. ڕۆڵەکەی لە سـیاسـەتدا ئەوکاتە دەسـتی پێکرد کە کۆمەڵەی گەنجانی ئیسـلامی دامەزراند. لەکاتی هەڵمەتە سـەرکەوتووەکەی ١٩٩٤ی شارەوانی ئەستەمبوڵ، ئەردۆگان ڕایگەیاند ئەو خزمەتکاری یا سای شەریعەتە.(٤) وەک سەرۆکی شارەوانی ئەستەمبول، ئەردۆگان بۆ لێهاتووی لە کاروباری کارگێڕیدا پەسن دەکرا، بەڵام مەیلی ئیسـلامیەکەشـی ڕوون بوو. ئەو پۆسـتەکەی بەکارهێنا بۆ قەدەغەکردنی مەی لە چێستخانەکان، وە لەوەش دەترسا کە ئەو تووشی پرەنسیپەکانی عەلمانی دەبێتەوە. خێزانەکەی وەک سیمبولێکی عەقیدەی ئیسلامی حیجابی دەپۆشی. لە سـەردەمی ئەتاتورکەوە، تورکیا بەو پەڕی ئیمانیەوە کۆمەڵگایەکی عەلمانی بوو، وە حیجابی قەدەغە کردبوو.(٥)

---

لە کـاروبـاری حوکمەتـدا لەوانەش ڕێگرتن لێی بۆ خۆپـاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنی داهـاتوو، ئەمەش بە هۆی بەکارهێنانی پارچە شیعرێکی تورکی ئاینی لە یەکێک لە وتارەکانیدا لە بەردەم جەماوەردا.

بەڵام ئەم بابەتە نەبوو بە ڕێگر لەبەردەم بەردەوام بوونی ئەردۆغان لە ڕێگە سـیاسـیەکەیدا، بەڵکو ئەو کێشـەیە ئاگاداری کردەوە کە بەردەوام بوون لەسـەر ئەمە کە لەوەئەچێت بێ بەشـی بکات لە ڕێگەی سـیایی وەک بەسەر مامۆستاکەی (نەجمەدین ئەربەکان)دا هات، لەبەر ئەوە فرسەتی ڕاگرتنی حزبی فەزیڵەی قۆستەوە تا لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامەکانی ئەو پارتە لەوانە عەبدوڵڵا گول جیاببنەوە و پارتی داد و گەشـەپێدانیان دامەزراند لە سـاڵی ٢٠٠١دا، لە سـەرەتاوە ئەردۆغان ئەیەوێت ئەو لێکچوونە لە خۆیان دوور بخاتەوە کە پەیوەندیان بەردەوام بێت لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ئەربەکان و ڕێڕەوە ئیسـلامیەکەی کە بوو بووە هۆی تورەکردنی دام ودەزگا عیلمانیەکان چەن جارێک، ڕایگەیاند پارتی داد و گەشەپێدان ڕژێمی کۆماری ئەپارێزێت و دژایەتی هێزە سەربازیە تورکیەکان ناکات، و وتی؛ سیاسەتێکی ڕوون و چالاک پەیرەو ئەکەین لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجەی ئەتاتورک کێشـاویەتی بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشـکەوتوو و شـارسـتانی لە چوارچێوەی بنەما ئیسلامیەکان کە لە (٩٩٪) دانیشتوانی تورکیا باوەڕیان پێیەتی.

له ساڵی ١٩٩٩دا، ئەردۆگان بۆماوەی دە مانگ زیندانی کرا، بەتۆمەتی هاندانی ڕق و کینە بەپشت بەستن بە جیاوازیی ئاییینیەوە.(٦) ئەردۆگان بەهۆی هۆنراوەیەکەوە درایە دادگا کە لە خۆپیشاندانێکی سیاسیدا لە شاری سیرت خوێندیەوە:

منارەی مزگەوتەکانمان خەنجەرەکانمانن،

گومەزی مزگەوتەکانمان کلاوی (ئاسنی) بەرگریمانن،

مزگەوتەکانمان سەربازگەکانمانن،...

سەرچاوەکەشم ئیسلامە.

دوای هاتنە دەرەوەی لە زیندان، ئەردۆگان بەخۆیدا چووەوە. هەرچەندە ئەردۆگان موسڵمانێکی ئیماندار بوو، بەڵام پەرەی بە ویستە سیاسیەکانیدا، ئەمەش بە خۆ دوورخستنەوە لە ئیسلامی توندڕەو، مەحکومکردنی گەندەڵی و ملکەچی دەسەڵاتی میانڕەویی دیموکراتی. ئەو بە شێوەیەکی (زارەکی) وازی لە ئایدۆلۆژیای ئیسلامی هێنا، وە پەیڕەوی پارێزکاری کۆمەڵایەتی کرد.(٧)

عەلمانیەکان گومانیان لە دڵسۆزی ئەردۆگان هەبوو. داواکاری گشتی تورکیا داوای لە دادگای دەستووریی کرد کە ئاکەپە دابخات تەنیا دە ڕۆژ پێش هەڵبژاردنە نیشتیمانیەکان ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢، داوا یاساییەکە جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە ئەردۆگان دەبێت دووربخرێتەوە لە گرتنە دەستی سەرۆکایەتی هەڵبژێردراو بە پشت بەستن بە باوەڕبوون بۆ هاندنی خەڵکی بە ئیسلام دژی حکومەت.(٨) ئەردۆگان ڕوونی کردەوە کە ئەو پابەندە بە حکومڕانیەکی عەلمانی. ئەو بانگەشەی ئەوەی کرد کە، "ئێمە پارتێکی ئیسلامی نین، ئێمەش ناودانەپاڵی وەک موسڵمان-دیموکرات ڕەتدەکەینەوە."(٩) نوخبەی تورکیا باوەڕی وابوو کە ئەردۆگان ئەجێندایەکی نهێنی هەیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی.(١٠)

ئەردۆگان وتی، "دیموکراسی وەک ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی گشتی وایە، کاتێک دەگەیتە دوایین ویستگەی شوێنی وەستانەکە، دەبێت دابەزی". دوای سەرکەوتنە بەرچاوەکانی ئاکەپە، ئەردۆگان لە سەر دەسەڵات لاچوو، وە رێگای بە 'عبدالله گول'دا بۆ ماوەی چوار مانگ ببێتە سەرۆک وەزیران.(١١) ئەردۆگان بەردەوام بوو لە سەر خۆپەیوەستکردن بە ناوەندەوە، بەپشتگیری کردنی داوای تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا. سەرۆک وەزیرانی یۆنان یەکەم کەسی دەرەوەی تورکیا بوو لەو ئاستە بەرزەوە پیرۆزبایی لە ئەردۆگان بکات. لە ماوەی چەند رۆژێکی سەرکەوتنە بەرچاوەکەی ئاکەپەدا، ئەردۆگان سەردانی یۆنانی کرد بۆ ئانجامدانی یەکەم سەردانی فەرمی بۆ دەرەوە. لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ ئەسینا، ئەردۆگان داواکەی تورکیای دوپاتکردەوە بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا و پابەندبوون بە پلانی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە درێژخایەنەکەی نێوان یۆنان و تورکیا سەبارەت بە قوبرس.

هەروەها ئەردۆگان پەیامێکی نارد بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی ترس و دلەڕاوکێکانی واشنتۆن سەبارەت بە ئەجێندای ئیسلامیەکەی کەمبکاتەوە. جێگری وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە، مارک گرۆسمان، وتی، "خەڵکی تورکیا مافی هەیە بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی خۆیان هەڵبژێرن، وە ئێمە بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی کارکردنین لەگەڵ حکومەتی نوێی ئەنقەرەدا.(١٢)

*****

ئەردۆگان لە ١١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢دا بۆ دیداری لەگەڵ سەرۆک بوش بەڕێ کەوت. دیدارەکەی کۆشکی سپی ئەوەی سەلماند کە ئەردۆگان، ئەو کات هیچ پۆستێکیشی نەبوو، یەکێک بوو لە سەرکردەی ناکۆکی لە سەرەکانی پارتی حکومڕانی تورکیا. ئیدارەی بوش بە پەرۆش بوون بۆ دابینکردنی پشتگیری تورکیا بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکەی بۆ لە سەر کارلادانی سەدام. هەروەها بوش ویستی پشتگیری تورکیا بەدەست

بهێنێـت بۆ جەنگە جیهـانیەکەی دژی تیرۆر. ئیـدارەی بوش تورکیـای وەک ڕاگرتنی هاوســـەنگی لە دژی توندڕەوی ئیســـلامی بینی. بوش پێشـــوازی لە تورکیا کرد لە بەژداربوونی لە جەنگی دژە تیرۆردا، بەڵام ئەمە چاوەڕوانیکردن بوو لە دروســـت بوونی ئیسلامی میانڕەو لە تورکیا.

تورکیا لە ئەفغانستان سەلماندی کە هاوپەیمانێکی دڵسۆز و ڕاستگۆیە. [ماددەی ٥]ی دەسـتووری باکووری ئەتڵەسـی (ناتۆ) ڕوونی دەکاتەوە کە هێرشـێکی چەکداریی لە دژی یەکێک لە ئەندامانی ناتۆ بەهێرشـــکردن بۆ ســـەر هەموو وڵاتانی ئەندام لێک دەدرێتەوە. دوای هێرشەکانی یانزەی ئەیلول تورکیا ئاسمانی خۆی کردەوە بۆ فرۆکەکان لە پشـتگیری کردنی ئۆپەراسـیۆنەکانی هاوپەیمانان، وە ڕێگای بە بەکارهێنانی بنکەی 'ئەنجەرلیک'دا وەک بنکەیەکی زەمینی بەکاربێت. هەروەها تورکیا فەرمانی 'هێزەکانی پشتیوانی ئاساییشی نێودەوڵەتی لە ئەفغانستان جێبەجێ کرد.(١٣)

لە کاتی پشـتیوانیکردن لە ئۆپەراسـیۆنەکان لە ئەفغانســتان، ئەردۆگان زۆر بە توندی دژی پلانەکانی ئەمریکا ناڕەزایی دەربڕی بۆ هێرشـــکردنە ســـەر عێراق. ئەو وشـیاری ناسـەقامگیری، شـەپۆلی ئاوارەیی وە لێکترازانی عێراقیدا. ئەو لەوە ترسـا کە کوردەکانی تورکیا داوای هەمان ئەو ئازادییە بکەن کە لە کوردســـتانی عێراقدا دێتە ئاراوە. هەروەها ئەردۆگان نیگەران بوو سـەبارەت بە کاریگەری جەنگ لە سـەر ئابووری تورکیادا. ئەو دژی جەنگ بوو، وە وشـیاریدا کە لە سـەرکارلادانی سـەدام دەسـەڵاتی ڕژێمێکی شـــیعە دەهێنێتە کایەوە بە پەیوەندیەکی بەهێز لەگەڵ ئێراندا. ئیدارەی بوش نیگەرانیەکانی تورکیای لەبەرچاو گرت، بەڵێنی عێراقێکی یەکگرتووی ســـنوور ئارامیدا. گەرەنتیدا کە ســـەرچاوەکانی وزەی کەرکوک لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیدا دەمێننەوە. وە هەروەهـا بەڵێنی هەڵوێســـتی یەکســـانی لەگەڵ هەموو پێکهـاتە ســـەرەکیەکانی نەتەوەییدا، بە برا نەتەوەییەکانی ئەردۆگانیەشـــەوە، تورکمانەکان دا.

سەرەڕای ئەو دڵنیایی کردنەوانە، ئەردۆگان سوور بوو کە هیچ بڕیارێک ناتوانێت بدرێت بە بەژداری تورکیا بەبێ ڕەزامەندی پەڕلەمانی ئەو وڵاتە.

لە ١ی ئازاری ٢٠٠٣دا، ئەنجومەنی باڵای نیشـتیمانی تورکیا ڕەتی کردەوە ڕێگا بە سـوپا بدات لە تورکیاوە بگەڕێنەوە بۆ ناو خاکی عێراق. ئاکەپە دوو لە سـەر سـێی کورسـیەکانی پەڕلەمانی هەبوو، بەڵام بە جیاوازی سـێ دەنگ داواکەی شـکسـتی هێنا. تورکەکان دژی داگیرکردنی عێراق بوون. ئەوان باوەڕیان وابوو کە دۆخی گشـتی تورکیا نەیتوانی بگاتە ڕەزامەندیەکی گشـتی و بڕیارێک دەربکات بۆ ڕێگەدان بە لەشـکری ئەمریکا کە تورکیا وەک دەرچەیەک بۆ عێراق بەکاربهێنێت، کە تیایدا ناڕەزایی خۆی ئاشـکراکرد. نوێنەرانی کورد لە ئەنجوومەنی باڵای تورکیاد لە دژی چالاکی سـەربازیی بوون. ئەوان لەوە دەترسـان سـوپای تورکیاش لە شـەڕەکەوە تێوەگلێت، بەمەش لە بەرژەوەندیەکانی کوردانی عێراق کەمدەبێتەوە و فشـار دەخاتە سـەر دژە-ئەمریکایی لە تورکیا. ژمارەیەکی زۆر لە تورکەکان باوەڕیان وابوو کە ئەمریکا ئەجێندایەکی نهێنی هەیە بۆ دروستکردنی کوردستانی گەورە. بەگوێرەی وتەکانی کاربەدەستانی تورکیا، تا سـێ هەزار ئەندامی پەکەکە لە شـەسـت و پێنج مۆڵگەی کوردسـتانی عێراق لە بارەگاکانیان لە چیاکانی قەندیل ئۆپەراسـیۆنیان ئەنجامدا، کە تەنیا پەنجا کیلۆمەتر لە سـنووری تورکیاوە دوورە.(١٤) ئەردۆگان پێداگری لە سـەر ئەوە کرد کە "هیچ وڵاتێک ناتوانێت بەرگەی بوونی ڕێکخراوێکی تیرۆریسـتی بگرێت لەو دیو سـنوورەکەیەوە کە هەڕەشە بخاتە سەر سەقامگیریی و ئارامی سنوورەکەی".(١٥)

ئەمریکا هەوڵێکی نوێی دەسـتپێکرد بۆ بەدەسـت هێنانی دەنگێکی نوێ لە ئەنجومەنی باڵای نیشـتیمانی تورکیادا. ئەردۆگان جەختی لە سـەر ئەوە کردەوە کە ئاکەپە تەنیا دەتوانێت ئەوە لەبەر چاو بگرێت کە خۆی وەک سەرۆک وەزیران سوێندی یاسـای بخوات. هەفتەیەک کەمتر دوای ئەوەی لە شـاری سـیرت هەڵبژاردنە نا سەرەکیەکانی (فرعی) بردەوە، پەڕلەمان یاسای هەموارکردنەوەی دەستووری تێپەڕاند

که ڕێگای به ئەردۆگاندا جێگای عبدالله گول بگرێتەوە وەک ســــەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران. ئەو لە بەرواری ١٤ی ئازاری ٢٠٠٣دا سوێندی یاسایی خوارد. ئەمریکا چەندین ئۆپەراســــیۆنی گەورەی جەنگیی لە دژی عێراق لە ١٩ی ئـازاردا، لە کـاتی نەورۆزدا، ئەنجامدا. لە کۆتاییدا ئەنجومەنی باڵای نیشـــتیمانی تورکیا دەنگیدا بۆ ڕێگاپێدانی بەکارهێنانی ئاسمانی تورکیا لە لایەن فڕۆکەکانی ئەمریکاوە. تەنانەت دوای دەنگدانیش، ستافی گشتی تورکیا هەوڵیدا مەرجێک زیادبکات بە داواکردنی گەرەنتیەکی نووسراو کە سـوپای تورکیا ڕێگای پێبدرێت باکووری عێراق داگیربکات. کاربەدەسـتانی ئەمریکا لەم مەرجە تووڕەبوون. جەنگی عێراق دەســتی پێکرد، بە چاوەڕوانکردنی چوارەمین فرقەی پیادە کە لە سەر دەریا بوون بۆ هاتنە ناو خاکی عێراق لە وڵاتی تورکیاوە.

کاربەدەســتانی ئەمریکا نیگەرانبوون لەوەی کە تورکیا ســەربەخۆ ڕەفتار دەکات و نیــازی داگیرکردنی عێراقیــان هەیە. گرتنی کوردســــتــانی عێراق کۆنترۆڵی کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوکی دەخســتە ژێر دەســەڵاتی تورکیا وە لەهەمانکاتدا هەســتی قوڵی بەدەوڵەتبوونی کوردی لاواز دەکرد. سـوپای تورکیا تورکمانەکانی عێراقی دەپاراسـت . بۆ ڕێگەگرتن لە کارە یەکلایەنەکانی تورکیا، ئیدارەی بوش بەڵێنیدا کە ســوپای تورکیا دەتوانن بیست کیلۆمەتر لە ناوچەی پاراستن دروستبکەن بەدرێژایی سنوورەکەی لەناو خاکی کوردســتانی عێراقدا. هەروەها گەرەنتی ڕۆڵێکی باشــی بە تورکیا بەخشــی لە یەکلاییکردنەوەی حکومڕانی داهاتووی عێراق.

"پرۆســەی ئەنقەرە"، کە گفتوگۆی نێوان تورکیا، ئەمریکا و نوێنەرانی کوردەکانی عێراق بوو، بەچەندین ڕووداوی چاوەڕواننەکراو دەورە درا. ســــوپای ئەمریکا بە ناو بیابانەکانی بەســـــەدامرەدا هاتن، گاردی کۆمارییان تێکشــکاند کە بەرگری لە بەغدا دەکرد و پایتەختی عێراقیان داگیرکرد. فرقەی چواری پیادە هەرگیز نەگەیشــــتنە ناو جەنگەکە. نائامادەیی بەرەی باکوور ئەمریکای ناچارکرد کە هەموو ســەرنجەکانی بخاتە سەر ئۆپەراسیۆنەکان لە باشوور، بەدرێژبوونەوەی هێڵەکانی نەوت کە ئەمەش هێزەکانی

ئەمریکای زیاتر دەکردە ئامانجی هێرشــەکان. لەجیاتی هێزی هاوبەشــی ئەمریکا-تورکیا لە باکوور، هێزە تایبەتیەکانی تورکیا بەدزیەوە چوونە ناو خاکی کوردســـتانی عێراق بۆ کەمکردنەوە و لاوازکردنی هەر جولانەوەیەکی کورد بەرەو ســــەربەخۆیی. ئەوان پیلانی کوشـــــتنی پارێزگاری کەرکوکیان، کە کورد بوو، دارِشـــــت بۆ ئەوەی لە لایەن جێگرە تورکمـانەکەیەوە جێگـای بگیرێتەوە. هێزە تـایبەتیەکـانی تورکیـا دەســــتگیرکران و نێردرانەوە بۆ تورکیا. حکومەت هۆکاری دەســتگیرکردنەکەیانی ڕوون نەکردەوە، نەوەک هەســــتەکانی زەلیلبوون و دژە-ئەمریکیی چڕتر بێتەوە. پاراســـتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن ئەمریکاوە گومانەکانی بوونی ئەجێندایەکی شاراوە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی زیاتر کرد، کە تیایدا بەدەســــتگیرکردن و مامەڵەی ڕەزیلکردنی هێزە تایبەتیەکانی تورکیا زیاتر کرد.

*****

'لووتکەی کۆپنهـاگن'ی یەکێتی ئەوروپـا لە بەرواری ١٣کـانوونی یەکەمی ٢٠٠٢دا کۆبوونەوەیەکی سـازکرد. کۆبوونەوەکە تەنیا چل و هەشـت کاتژمێر دوای سـەردانەکەی ئەردۆگان بۆ واشــنتۆن دەســتی پێکرد. واشــنتۆن زۆر بە توندی پشــتگیری داواکەی تورکیای کرد بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپاوە. لە لوتکەی کۆپنهاگندا، یەکێتی ئەوروپا بارودۆخی سیا سی و ئابووریی خراپە بەر باس کە هەر ئەندامێکی چاوەڕوانکراو دەبوایە قاییلی بکات پێش ئەوەی هیچ گفتوگۆیەکی فەرمی بۆ هاتنە ناوەوەی دەســــتپێبکات. هەندێک مەرج هەیە کە بە 'بنەماکانی کۆپنهاگن' ناســـــراوە، دەبێت جێبەجێ بکرێن لە لایەن ئەو وڵاتە ئەوروپیەی مەبەستیەتی بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپا، لەوانە: چاکسـازی ئابووریی و بوونی دامەزراوەی جێگیر کە دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، وە حوکمی یاسا فەراهەم بکات. ئەردۆگان زۆر بە توندی پشـتگیری لە چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا کرد، وە بانگەشــەی ئەوەی کرد کە، "تورکیا گەیشــتن بە یەکێتی ئەوروپا فراوانتر دەکات و

پیشـــانی دەدات کە بەیەکەوە ژیانی بنەڕەتی لە نێوان شـــارســـتانیەتەکاندا شـــتێکی کردەیە". (١٦)

بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجی ئەندامیەتی یەکێتی ئەوروپا، ئەردۆگان زۆر بە چالاکانە دەستی کرد بە چاکسـازیەکانی دەسـتووریی و تەشـریعی کە سـیسـتەمی سـیاسـی و تەنگوچەڵەمەکـانی ســــەر ئـازادی ڕۆژنـامەگەریی، ڕێکخراوەیی و دەربڕینی ڕای ئـازاد لابەرێت و بیانکاتە کارە لەپێشینەکانی حکومەتەکەی. حکومەت سزای مەرگی لابرد، بە یاسای سزاداندا چووەوە، مافەکانی ئافرەتی بەهێز کرد، لەمپەرەکانی سەر بەکارهێنانی زمانی کەمینەکانی و پەخشـــی کەمکردەوە، پشـــکنینی هەڕەمەکی بەبێ بڕیاری دادگا کۆتایی پێهێنا، وە سیاسەتی ئەشکەنجەنەدانی پەیڕەو کرد. ڕێوشوێنی هەڵوەشاندنەوەی دادگای ئەمنی دەوڵەتی گرتەبەر و یاساکەی پەسەند کرد، پەرەوپێشبردنی سەربەخۆیی دادگەریی، وە چاکســـــازیکردن لە ســــیســـــتەمی زیندان بوون بە لایەنێکی تر لە چاکسازیەکانی. هەیکەلی یاسای دژە تیرۆر، یاسای سزادان، یاسای تاوانباریی و ڕێکارە ئیداریەکانی هەموارکردەوە کردەوە. تورکیا پرۆتۆکۆلەکانی ژمارە (١٣ و ٦)ی کۆنگرەی ئەوروپی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤی واژوو و پەسەند کرد.

هەروەها ئاکەپە هەنگاوی کرداریی نا بۆ نەهێشـــتنی ملکەچ بوونی دەســـەڵاتی مەدەنی لەژێر لەشکری بەهێزی تورکیادا. لە ئایاری ٢٠٠٤دا، هەموارکردنێکی دەستووریی کۆتایی بە حســـابەکانی تایبەتی دەرەوەی بودجەی گشـــتی هێنا کە بەکاردەهات بۆ دابینکردنی پارە بۆ پرۆژەی لابەلای ســـەربە فەرماندەییەکانی ســـەربازیی. دادگا ســـەربازیەکان ڕێگایان لێگیرا کە هاوڵاتیانی مەدەنی لەکاتی ئاشـــتیدا دادگایی بکات. ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی بە پێدانی زۆرینەی کورسیەکان بە هاونیشتیمانیانی مەدەنی فراوانتر کرا. هەروەها دەسەڵاتە تایبەتیەکانی ئەنجومەنی ئاساییشی نیشتیمانی کەمکرانەوە، بۆ نموونە، نەیهێشـــت چیتر لێکۆڵینەوە بە ئارەزووی خۆیان لێکۆڵینەوە لەگەڵ هاونیشتیمانیانی مەدەنی بکات. ڕێوشوێنی پێویست گیرایە بەر بۆ قەدەغەکردنی

ســوپا لە پێکهێنانی کۆبوونەوە و ئەنجامدانی ئامانجەکانیان. ئەنجومەنی ئاســاییشــی نیشــتیمانی بوو بە لایەنێکی ڕاوێژکاریی لەژێر دەســەڵاتی حکومەتی هەڵبژێردراودا. ئەم چاکسازییانە هاوکاربوون بۆ پاراستنی ئەردۆگان لە هێرشی دەوڵەتی قوڵ[1].

چەند یاسایەکی نوێ پەسەندکران کە ڕێگای دەدا [٤٥] خولەک لە هەر هەفتەیەک لە تەلەڤزیۆنی (TRT6) تەرخانبکرێت بۆ پەخشــکردن بە زمانی کوردی کە تەلەڤزیۆنێکی ســـەر بە حکومەت بوو.(١٧) زمانی کوردی لە قوتابخانە تایبەتیەکاندا ڕێگای پێدرا. یاســای گەڕانەوە "گەڕانەوە بۆ وڵات" لە ئابی ٢٠٠٣دا پەســـەندکرا. هەروەها هانی ئەو کەسانەیدا کە چەکیان داناوە بگەڕێنەوە وڵات. بەرنامەیەکی "گەڕانەوە بۆ لادێ" پەیمانی لە ســـەر درا کە ئەو دەرفەتەی پێ بەخشــین دووبارە ماڵ، کێڵگەی کشــتوکاڵیەکان، مەڕوماڵاتیان ســـەر لەنوێ پێک بهێننەوە. لە حوزەیرانی ٢٠٠٤دا، داواکاریەکی دادگا فەرمانی ئازادکردنی 'لەیلا زانا'[2] و ســـێ ئەندام پەڕلەمانی تری دەرکرد کە بۆ ماوەی

---

[1] لە شەوی پانزە لەسەر شانزەی تەمموزی ٢٠١٦دا، هەوڵی کودەتایەکی سەربازیی لەلایەن سوپای تورکیاوە کرایە سەر ناوەندە گرنگەکانی دەزگاکانی دەوڵەت لە هەردوو شارەکانی ئەنقەرە و ئەستەمبوڵدا، بەڵام هەرزوو ئەردۆغان لە گرتەیەکدا بەبەکارهێنانی سمارتفۆن توانی سەرجەم هەوادارانی پارتەکەی و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تر بهێنێتە سەر شەقام لە دژی کودەتاچیەکان. وە لەماوەی تەنیا سێ کاتژمێردا کودەتاکە شکستی هێنا و زیاتر لە ٢٥٠ کوژراو و دوو هەزار بریندار لێکەوتەوە. بەپێی هەندێک سەرچاوە ئەمە تەنیا سیناریۆیەک بووە بۆ ئەوەی ئەردۆغان دەسەڵاتەکەی خۆی بەهێزتر بکات بۆ دەرکردنی کەسانی گومانلێکراو لە ڕیزەکانی سوپادا. ئاک پارتی سەرجەم تۆمەتەکانی دایە پاڵ زانا و بیرمەندی ئیسلامی فەتحوللا گولەن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، وە لە ئەنجامدا حکومەت هەڵسا بە داخستنی هەزار قوتابخانەی سەربە 'بزووتنەوەی خزمەت'ی سەر بە گولەن. وە تا بە چاپگەیاندنی ئەم پەرتووکەش پاکسازیی لەناو حکومەتدا بەردەوامە (وەرگێڕ)

[2] لەیلا زانا: ڕۆژی ٣ ئایاری ســاڵی ١٩٦١ لە شــارۆچکەی ســیلوانی (فارقین) ســەر بە شــاری دیاربەکر لە دایکبووە و ســـاڵی ١٩٩١ بوو بە یەکەمین ژنی کورد کە توانی ببێتە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا. لەیلا زانا، ساڵی ١٩٩١ لە مەڕاسـمی سـوێند خواردن پەرلەمانی تورکیا، لە لەگەڵ شـەش پەرلەمانتاری دیکەی کورد بە کوردی ســوێندیان خوارد. لەو مەراســمە کە لەیلا زانا ڕەنگەکانی ئاڵای کوردســتانی لە نێوچاوان و پرچی بەســتبوو، بوو بە ســـمبوولێکی کورد. پاش ئەم مەڕاســـمە، پەرلەمانتارانی کورد لەیلا زانا، ئۆرهان

دۆغان، سەلیم سـاداک و خەتیب دیجلە بە پانزدە سـاڵ زیندانیکردن حوکمدران، دوو پەرلەمانتارەکەی‌تر زوبێر ئایدار و یەشار کایاش ڕایانکرد .

لەسـالّی ۲۰۰۱ دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا دەنگی بە هەڵوەشـاندنەوەی سـزای زیندانیکردنی چوار پەرلەمانتارە کوردەی‌دا بەڵام تورکیا دەنگی ئەم دادگایەی بە فەرمی نەناساند. پاشان لە سـاڵی ۲۰۰٤ پاش تێپەڕبوونی دە ساڵ لە حوکمی ئەم چوار تێکۆشەرە کوردە، بەهۆی فشارەکانی یەکێتیی ئەوروپا، تورکیا ئەم پەرلەمانتارانەی ئازاد کرد. لەیلا زانا بە هۆی هەوڵ و ماندوبوونەکانی لە پێناو چەسـپاندنی دیموکراسـی لە تورکیا و دەستەبەرکردنی مافی کوردان تا ئیستا، زیاتر لە ٦ خەڵاتی گرنگی جیهانی بە دەست هێناوە.

- سـاڵی ۱۹۹٥ لەلایەن یەکێتی ئەورووپاوە خەڵاتی سـاخارۆفی پێبەخشـرا بەڵام بە هۆی زیندانیبوونی تا سـاڵی ۲۰۰٤ نەیتوانی ئەو خەڵاتە وەربگرێت.
- خەڵاتی دەزگای رافتۆی نەرویجی بۆ ئاشـتی لە سـاڵی ۱۹۹٤ وەرگرتووە. سـاڵی ۱۹۹٦ خەڵاتی ڤاڵدۆسـتی ئیتاڵی بۆ مافی مرۆڤی وەرگرت.
- ساڵی ۱۹۹٦ خەڵاتی ئاخنی ئەلمانی بۆ ئازادی رادەربڕین پێبەخشراو.
- لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۹٥ تا ۱۹۹۸ کاندیدکرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نوبێل.
- لە شاری رۆمای ئیتاڵی رەگەزنامەی فەخری ئەو وڵاتەی پێبەخشرا.
- ساڵی ۲۰۰۸ خەڵاتی خوان ماریا باندریسی ئیسپانی بەخشرایە لەیلا زانا.

لەیلا زانا ئێسـتا وەک کەسـایەتیەکی سـەربەخۆ پشـتگیری پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP دەکات و هەوڵەکانی خستووەتە گەڕ بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد لە تورکیا و بۆ ئەو مەبەستەش چەند جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و لە گەڵ سەرکردایەتی کورد کۆبووەتەوە.

لەیلا زانا کاتێک لە تەمەنی ١٤ سـاڵی دابوو لەگەڵ مەهدی زانا کە قایم مەقامی دیاربەکر بوو ژیانی هاوبەشـی پێک هێنا تا ئەو کاتە کە کودەتای چەکداری لە تورکیا ڕووی دا و لەیلا زاناش بوو بە زیندانی سیاسی. لەیلا زانا لە ساڵی ۱۹۹۱ی زایینی وەک یەکەم ژنی کرد بوو کە توانی کورسی لە پارلەمانی تورکیا بە دەسـت بهێنێت. لەیلا زانا لە کاتێک دا کە لە تورکیا دا قسـە کردن بە زمانی کوردی نایاسـایی بوو، بە زمانی کوردی قسـەی کرد و ئەمە بوو بە هۆکار تا هات و هاوارێکی زۆری لە سـەر سـاز بێت. زمانی کوردی تەنانەت لە کاتی قسە کردنی تایبەتیش دا بۆ دەیان ساڵ نایاسیی بوو. تەنیا لەم ساڵەدا لە ساڵی ۱۹۹۱ی زایینی دا، زمانی کوردی و بەکار هێنانی بوو بە یاسایی، بەڵام سەرەڕای ئەمەش لە شوێنە گشتییەکان هەر نایاسـایی بوو . لە لەیلا زانا لە کۆتایی قسـەکانی دا بە زمانی کوردی وتی: من شـانازی ئەوەم هەیە کە بۆ

پاراستنی تەواوەتی سنووری تورکیا و پاراستنی سەربەخۆیی وڵات و یەکگرتوویی خەڵک و سەروەری تەواوی خەڵک سوێند دەخۆم کە وەفادار بم بە یاسای بنەڕەتی و برایەتی و یەکسانی نەتەوەی تورک و کورد. تەنیا ئەم بەشـەی کۆتایی بە زمانی کوردی بوو کە وتی: من ئەم سـوێندە بۆ برایەتی گەلی کورد و تورک دەخۆم. سەرەڕای ئەوە کە لەیلا زانا مافی پارلەمەنتاری وەک بەرگری هەبوو، بەڵام حیزبەکەی نایا سایی ڕاگەیەندرا و ئا سایە شی خۆ شی کەوتە بەر مەترسیەوە. لەیلا زانا لە سالّی ١٩٩٤ی زایینی دەگەڵ چوار نوێنەری دیکەی حیزبەکەی کە بریتی بوون لە هاتیپ دیجلە، سەلیم ساداک و ئۆرهان دۆغان بە تۆمەتی خەیانەت بە نیشتمان و ئەندام بوونیان لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەستبەسەر کرا. ئەم تۆمەتانەی کە لە سەر لەیلا زانا هەبوو لە کاتی دادگا-کردنی دا نەهاتنە بەرباس و لەیلا زانا پێوەندی خۆی دەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردسـتان ڕەت کردەوە بەڵام بڕیاری دادوەر بە پێی بڕوا بە شـایەت کە لە ژێر ئەشـکەنجە شـایەتی دابوو درا و لەیلا زانا و ئەوانی دیکە بۆ ١٥ ساڵ زیندان مەحکوم کران. لە کاتێک دا کە بڕیار درا، لەیلا زانا وتی: ئەمە پیلانە. ڕوون ئاشـکرایە کە من چیم. من هیچکام لەم تاوانانە قەبوڵ ناکەم. وە ئەگەر ئەمانە ڕاسـت بوایە من بەرپرسـیاری هەموویانم وە ئە ستۆ دەگرت، هەرچەند بە نرخی ژیانم تەواو دەبوو. من بەرگریم لە دیموکرا سی، مافی مرۆڤ و برایەتیم لە نێوان خەڵـک کردۆ و بەردەوام هەوڵی بۆ دەدەم تـا ئەو کـاتەی کە زینـدوو بم. ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ئەمنسـتی لەیلا زانای بە زیندانی ویژدان ناسـاند. ئەو لە سـاڵی ١٩٩٤ی زایینی خەڵاتی ڕافتۆی پێ بەخ شرا و لە ساڵی ١٩٩٥ی زایینی دا خەڵاتی ساخارۆفی لە لایان پارلەمانی ئەورووپا پێ درا. لەیلا زانا هەروەها خەڵاتی بروونۆ کرێسکای پێ بەخشرا. لەیلا زانا لە ساڵی ١٩٩٨ی زایینی بڕیاری زۆرتری لە سەر درا بە هۆی ئەوە نامەیەکی نووســـیبوو کە بۆچوونی جیاخوازی تێدا بوو و لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی کوردی دا بڵاو ببۆوە. هاوکات کە لە زیندان دابوو، پەرتووکێکی بڵاو کردەوە لە ژێر ناوی نووسین لە زیندان را. بە پێی داواکاری بەردەوامی تورکیا بۆ بە ئەندام-بوونی لە یەکێتی ئەورووپا دا، یەکێتی ئەورووپا بەردەوام بۆ ئازادی لەیلا زانا لە سـەر بنەمای مافی مرۆڤ هەڵوێسـتیان دەربڕی و بۆ ڕوونتر-کردنی هەڵوێسـتی خۆیان، خەڵاتی ساخارۆفیان لە ساڵی ١٩٩٥ی زایینی بە لەیلا بەخشی. لە ساڵی ٢٠٠١ی زایینی دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا پـاش لێکۆڵینەوەی خۆی بڕیـاری دژ بە حکومەتی تورکیـا دا، هەر چەنـد تورکیـا ئەم بڕیـارەی بە فەرمی نەناسی. لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی بە پێی یاسای نوێ دەبا پێداچوونەوە بە سەر بڕیاری دادگای تورکیا کرابا. لە سـاڵی ٢٠٠٢ی زایینی خاویەر کۆرکویرا، فیلم-سـازی ئیسـپانی فیلمێکی لە ژێر ناوی گەڕانەوە لە جیهاندا سـازکرد و کێشـەی لەیلا زانای خسـتە بەر لێکدانەوە. لە نیسـانی سـاڵی ٢٠٠٤ی زایینی لە دادگایەک دا کە تاوانباران بەشـــداری نەبوون، تۆمەتەکان و حوکمەکان دووپات بوونەوە. لە مانگی ژوئەنی ســـاڵی ٢٠٠٤ی زایینی، پاش داوای دادوەری باڵا بۆ پێداچوونەوەی بڕیاری دادگا، حوکمی ئازاد کردنی لەیلا زانا و ئەوانیتر درا. لە کانوونی دووەمی ســـاڵی ٢٠٠٥ی زایینی، دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا بڕی ٩٠٠٠ یۆرۆی بە لەیلا و هاوڕێیانی بەخشـــی کە لە لایەن وڵاتی تورکیا دەبوایە درابا، بە هۆی ئەوە کە تورکیا مافی ئازادی دەربڕینی

لێ پێشێل کردبوون. پاشان لەیلا زانا و ئەوانیتر ڕێکخراوی نوێ خۆیان لە ژێر ناوی بزوتنەوەی دێموکراتیکی کۆمەڵگە ڕاگەیاند. لە ١٧ی ئەوتی ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی، پارتی ئەنجومەنی دێموکراتیک (دەتەپە) بە تێکەڵ-بوونی حیزبی دیموکراتیکی گەل و دەتەهە دامەزرا. لە ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی را لەیلا زانا وەک چالاکوانی مافی مرۆڤ لە تورکیا لە حیزبی نوێ دا دەستی بە کار کرد کە لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی دامەزرابوو. لەیلا زانا وەک فکرەیەک بۆ نوێ-کردنەوەی ڕێکخستنی تورکیا، پێشنیاری ئەوەی دا کە تورکیا لە دابەشکردنی پارێزگاکان دا لە شێوەی فێدراڵی کەڵک وەربگرێ و یەکێک لە پارێزگاکان ناوی کوردستان بێ، کە ئەمە باسێکی هاڵۆزی لێ ساز بوو. لەیلا زانا لە آپریلی ساڵی ٢٠٠٨ بۆ ماوەی دوو ساڵ زیندان لە لایان حکومەتی تورکیا مەحکوم کرا بە تۆمەتی ئەوە کە چەمکی تێرۆریزمی بڵاو کردۆتەوە بە وتنی ئەمە کە: کوردەکان سێ سەرۆکیان هەیە، مەسعود بارزانی، جەلال تاڵەبانی و عەبدۆللا ئۆجەلان. مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە لە عێراق دا، جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری کوردە لە عێراق و عەبدۆللا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکەە لە تورکیایە کە زیندانیە. لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨ی زایینی حوکمی ١٠ ساڵ زیندان بۆ لەیلا زانا لە لایان دادگای تورکیاوە بڕاوە. دادگا بڕیاری دا کە لەیلا زانا یاساکانی تورکیای پێشێل کردۆ و هەیئەتی کەیفەری تورکیا لە ٩ وتار لە سەر ئەم بڕیارە دوا. کۆمیسیۆنی یەکگرتوویی تورکیا-ئەوروپا و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ چالاکی ڕامیاری، دژایەتی خۆیان بە توندی لە بەرانبەر حوکمی دە ساڵ زیندانی لەیلا زانای دەربڕی. لەیلا زانا ئەم وتارەی لە EUTCC پێشکەش کرد: پەروەندەی من دژایەتی دەگەڵ ئازادی بیر و ڕایە و ئەمە دەسەلمینێت کە هەڕەشە لە سەر هەر کوردێک لە تورکیا دا هەیە. بڕیاری دادگا شێوەیەکی دیکەیە لە سەرکوت-کردن- دەم-بەستن و تەنبێ-کردنی کوردەکان. فکری زاڵ بە سەر وڵاتی تورکیایە کە لە ڕێگەی نادێموکراتیک و سەرکوتکرانە و بڕیاری نا-عادڵانە بە واتای ڕێگا چارە بۆ ئاشتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی کەڵک وەردەگرێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، خەڵک بۆ مافەکانی پێناسە-کراوی خۆیان، بەردەوام تا هەر چەند کە کات بخایەنێت، خەبات دەکەن. لە ڕێکەوتی ٢٨ی ژانویەی ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی، لە دادگای باڵای چوارەمی جەنایاتی دیاربەکر، لەیلا زانا بۆ ماوەی ١٥ مانگ بڕیاری زیندانی لە سەر درا بە هۆی ئەم وتارەی کە لە زانکۆی لەندەن پێشکەشی کردبوو. لە دێسەمبری ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی، دەتەپە بە تاوانی پێوەندی دەگەڵ پەکەکەە نایاسایی ڕاگەیاندرا و و لەیلا زانا و ئەحمەد تورک و ئایسەل توغلوک و نورەددین دەمیرتاش و سەلیم ساداک و ٣٠ سیاسەتوانی دیکەی کورد بۆ ماوەی ٥ ساڵان مافی چالاکی سیاسیان لێ وەرگیرا. لە ٧ی ئاپریلی ٢٠١٠ی زایینی، دادگای تورکیا لەیلا زانای بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی فکری تێرۆریستی بۆ ماوەی ٣ ساڵ حوکمی زیندان داوە. بەڵام لە دواییدا بە هۆی پشتیوانی نەتەوەی کرد و پێداچوونەوەی حوکمی دادگا، لەیلا ئەو سێ ساڵەی لە سەر لاچوو. حەوتوویەک پێش لەیلا زانا لە دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی کورد لە هەولێر بەشداری کرد. ٢٤ی مەی ٢٠١٢ی زایینی لەیلا زانا لەلایەن لقی پێنجی دادگای سزای باڵای دیاربەکر بە تۆمەتی پاڵپشتی لە پ.ک.ک بە ١٠ ساڵ زیندان حوکم دراوە (پ.ک.ک)

زیاتر له ده ساڵ بوو زیندانی کرابوون. ئەم چاکسازییانە کاریگەری ئەرێنیان لە سەر کورد هەبوو بۆ فراوانکردنی پشتگیری ناوخۆیی لە نێوان کوردەکان وە پەیامێکیش بێت لە خزمەتی پایتەختەکانی ئەوروپا، جێبەجێ کران.

ئەردۆگان درکی بەوە کرد کە مەسەلەی پەکەکە ناتوانرێت تەنیا لە ڕێگای لەشکرییەوە چارەسەر بکرێت. لە کاتی سەردانیکردنی بۆ دیاربەکر لە ئابی ٢٠٠٥دا، وتی: "نەتەوەیەکی گەورە و بەهێز متمانەی بەوە هەیە ڕووبەڕووی خۆی بێتەوە، دان بە هەڵە و تاوانەکانی پێشوویدا بنێت، وە بە متمانەوە بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێت... ئامادە بێت ڕاوێژ لەگەڵ هەموو لایەنێکدا بکات... تورکیا لەو خاڵەی پێی گەیشتووە ناگەڕێتە دواوە. ئێمە لەو پرۆسە بەدیموکراتیکردنەی دەستمان پێکردووە ناگەڕێینە دواوە".(١٨) هەروەها زیاتر وتی، "کوردبوون شوناسێکی لاوەکی (دووەمیی) تورکیایە، ئێمە نابێت شوناسی لاوەکی تێکەڵ بەو تورکیایەی لە سەرەوە باسمان کرد بکەین". دادوەرەکان فەرمانیان پێکرا کە هەندێک ئەندامی پەکەکە ئازاد بکەن وە سزای ئەوانی تریش سووک بکەن. ڕاگەیاندنەکانی تورکیا ڕێگاکانی ئەردۆگانیان بە 'وریایی و پارێزبەندی سنووردار' وەسف کرد، کە ئامانجی 'سارێژکردنی برینەکانی بیست ساڵ لە کۆسپی دەروونیی' بوو.(١٩) پەکەکە هیوای خواست ئەو ئازادکردنە نیشانەی ئامادەیی ئاکەپە بێت بۆ گفتوگۆکردن لە سەر پارێزبەندی، کە ڕێگا بە پەکەکە بدات 'لە چیاکان بێنە خوارەوە بەبێ ئەوەی زەبوون بن یاخود لە ڕێزیان کەم بێتەوە'.(٢٠)

---

پارتێکی کوردییە کە خەبات بۆ عەداڵەت و مافی مرۆڤی کورد دەکا، لە کاتێکدا حکومەتی تورکیا بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناو دەبا). ئەمە ڕاستی ڕەوشی کوردانە. کاتێک کە سیاسەتوانانی کورد سەبارەت بە مافی خۆیان قسە دەکەن، حکومەتەکانی عێراق، تورکیا، سوریا و عێراق هەوڵ دەدەن تا بە تۆمەتی ساختە و ناڕاست، ماف و هێزیان پێشێل بکەن.

ســـــەرەڕای پرۆســـــەکەی لە تورکیادا، یەکێتی ئەورووپا بڕیاری دەســـــتپێکردنی گفتوگۆکانی ئەندامیەتی لە لوتکەی کۆپنهاگن دواخست. سەرۆک وەزیرانی لۆکسەمبۆرگ، ژان کلۆد یانکەر، برینەکانی زیاتر قوڵکرد کاتێک وتی، "وڵاتێک کە تیایدا هێشـــــتا موماره سەکردنی ئەشکەنجە ئاسایی بێت، ناتوانێت ببێت بە خاوەنی کورسیەک لە سەر مێزی یەکێتی ئەورووپا".(٢١) ڕەخنە تەنزئامێزەکانی بڕوای بە ژمارەیەکی زۆری تورک هێنا کە یەکێتی ئەورووپا ئەرکەکانی قورســـــتر دەکات. ئەوان هەســـــتیان بەوە کرد کە ئەورووپیەکان تورکیایان نەدەویست وەک ئەندامێکی موسڵمان لە یانەی مەسیحیەکەیاندا.

*****

لە کۆتاییدا یەکێتی ئەورووپا لە ساڵی ٢٠٠٥دا دەستی کرد بە گفتوگۆکردنی بەئەندامبوون لەگەڵ تورکیـــادا. ئەنـــدامبوون لە یەکێتی ئەورووپـــا بە بەرەنگـــاربوونەوەیەکی قورس دەمێنێتەوە. شـــەســـت هەزار یاســـا و ڕێســـا بۆ کاندیدبوون هەن، وە هیچ زەمانەتێکی ئەندامبوونیش نیە، تەنانەت ئەگەر تورکیا پێشـــــکەوتنی یەکلایکەرەوەش ئەنجام بدات. ڕەتکردنەوەی تورکیـــا بە ئەنجـــامـــدانی ڕێککەوتنێکی یەکێتی گومرگ لەگەڵ قوبرس، ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، کێشەکانی ئەندامبوونی خەراپتر کرد. هەروەها ئەو ڕاستیەش دەبێت لەبەرچاو بگیرێت کە ئەندامبوونی یەکێتی ئەورووپا پێویستی بە ڕەزامەندی هەموو وڵاتانی ئەندام هەیە، هەندێک لەو ئەندامانە گشتپرسی ئەنجام دەدەن بۆ بڕیاردان.

ئەنجومەنی ئەورووپی پێشکەوتنەکان ڕاپۆرتی ساڵانە لە سەر بەکاندیدبوونی تورکیا ئامادە دەکات. لە ئابی ٢٠٠٥دا، ئەردۆگان سەردانی دیاربەکری کرد. ئەو وتی، "کێشەی کورد، کێشـــەی منە. بە قوڵکردنەوەی دیموکراســـی چارەســـەر دەبێت".(٢٢) لە ٢٠٠٥دا، ئەنجومەنەکە ڕەخنەی لە پێشکەوتنە بێ ئەنجامەکان گرت لە سەر مەسەلەی کورد. بڕی کاتی تەرخانکراوی پەخشی تەلەڤزیۆنی کوردی سنووردار بوو. هەرچەندە زمانی کوردی لە قوتابخانە تایبەتیەکاندا ڕێگای پێدرابوو، بەڵام ژمارەیەکی کەمی قوتابیان دەیانتوانی

کرێی خوێندنەکە بدەن. هەروەها تورکیا شـکسـتی هێنا لە چاکسـازی کردن لە یاسـای قەدەغەکردنی ئازادیی ڕادەربڕیندا. سـەرەڕای ئەمەش، یاسـای هەواڵی (دەنگوباس) پەسـند کرد کە ئازادیەکانی ڕادەربڕینی سـنووردار کرد. بەپەسـەندکردنی لە تشـرینی یەکەمی ٢٠٠٥دا، یاسـای سـزادانی[ ماددەی ١٥٠]ی سـزای سـەرزەنشـتیکردنی دامەزراوەکانی حکومەتی جێبەجێکرد. لە سـاڵی ٢٠٠٥دا، ڕۆماننوسـی تورکی، ئۆرهان پاموک[١]، وتی: "سی هەزار کورد و ملیۆنێک ئەرمەنی لە سەر ئەم خاکە کوژراون، بەڵام هیچ کەس ناوێرێت باسـی بکات".(٢٣) ئەو لەژێر [ماددەی ٣٠١]ی یاسـای سـزادان بە سەرزەنشتیکردنی دامەزراوەکانی حکومەت تاوانبارکرا.(٢٤)

دۆخی ئاسـاییش وەک کێشـەیەک مایەوە. دیاربەکر، باتمان، شـرناخ، ماردین، سـێرت، هەکاری، بینگۆل و تونجەلی پێیان دەوترا "پارێزگاکانی نائارام". ئەو ناوچانە لەژێر یاسـایەکی تایبەتی کارگێڕییەوە حوکمدەکران کە دەسـەڵاتێکی لەڕادەبەدەری بەهێزە چەکدارەکاندابوو، ڕێگای بە چەکدارەکان دەدا خەڵک بچەوسـێننەوە و هیچ لێپێچینەوەیەکیشیان لەگەڵدا نەدەکرا. سیستەمی پاسەوانی لادێ وەک خۆی مایەوە.(٢٥) مەسەلەی 'شەمدینلی' لە ڕووداوی 'سوسورلوک' دەنگی دایەوە، بە تیشک خستنە سەر نەبوونی بەرپرسیاریەتی بۆ کارمەندانی ئاساییش.

---

[١] ئۆرهان پاموک: لە ٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٢ لە ئەستەنبوڵ لەدایک بووەو تا ئەمڕۆش هەر لەو شارە و لەو خانووەش دەژی کە تێیدا هاتۆتە دنیاوە. ئەو لەناو خێزانێکی دەوڵەمەند و گەلێ خوێندەوار و ڕۆشنبیردا گەورە بووە، بەڵام باوکی هەر زوو ماڵ و سامانی خۆی لە دەست داوە. ناوبراو لە شاری ئەستەمبووڵ بەشی ئەندازیاری و ڕۆژنامەوانی تەواو کردووە. ماوەیەکیش ویسـتوویەتی ببێ بە هونەرمەند، ناوبراو ڕۆمانووس و سـیناریۆنووسـێکی ناسـراوی تورکە، لەسـاڵی ٢٠٠٦ خەڵاتی خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەب پێیبەخشـرا ، ناوبراو لەساڵی ١٩٧٩ تائێستا لەبواری ئەدەبی کاردەکات، بەرهەمەکانی ئەو زیاتر لە ٦٠ زمان هەیە لەنێوانیان زمانی کوردیش هەیە لە وەرگێڕانەکانی بەکر شوانی، لەبە شێ لە بەرهەمەکانی با سی کۆمەڵکوژی ئەرمەن و کوردی کردووە لەلایەن عوسـمانیەکان بەو هۆیەشـەوە چووەتە دادگا، بەڵام بەهۆی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لە دادگاییکردنی بەخشرا.

له تشرینی دووەمی ٢٠٠٥دا، بۆمبێک لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلێکی 'دۆغان'ی سپیەوە فڕێدرا، وە بووە هۆی کوشتنی خاوەنی کتێبفرۆشی "هیوا" لە شەمدینلی، پارێزگای هەکاری. خەڵک بەدوای ئۆتۆمبیلەکە کەوتن و بۆمب هاوێژەکەیان دەستگیرکرد، کە دەرکەوت کارمەندی ئاساییشە. لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا، کە موڵکی جەندرمەکان بوو، ئەوان باجی ناسنامەیەکیان دۆزیەوە کە هی وەزارەتی کاروباری ناوخۆ بوو، سەرەڕای دۆزینەوە ژمارەیەکی زۆر لە چەکی کلاشینکۆف وە لیستێکێ تری هەموو ئەو ناوانەی لە داهاتودا دەکرانە ئامانج. بۆمبەکە یەکێک بوو لە بیست ڕووداو کە لە هەکاری ڕوویاندا. هەموویان وا ڕێکخرابوون کە بەکارەکانی پەکەکەی تیرۆریستی بچن. لێژنەیەکی پەڕلەمانیی بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە پێک هات، بەڵام بە لایەنی کەمەوە ئەندامێک لەو لێژنەیە هەڕەشەی کوشتنی لێکرا. نیگەرانیەکان دەربارەی دەستوەردانەکانی سوپا دەرکەوت کاتێک ئاشکرا بوو کە جەنەڕاڵ 'یاشار بویوکانیت' بەرتیلی بە دەستەی دادگەرییی داوە بۆ سەلماندنی بێ تاوانی ئەنجامدەری بۆمبەکەی شەمدینلی. بە زیاتر سەلماندنی ڕووداوەکە لە دژی حکومەت و ڕۆڵی حکومەت لە مەسەلەی حوکمی یاسادا، داواکاری گشتی لە پۆستەکەی دوورخرایەوە، وە بڕوانامەکەی بۆ موماره سەکردنی کاری یا سایی پوچەڵ کرایەوە.

سەرەڕای ئامانجە بەرزەکانی بەرنامەی "گەڕانەوە بۆ لادێ"، پێشکەوتنی زۆر سنووردار ڕوویاندا لە لێکدانەوەی شەڕڤانانی پێشوو و گەڕانەوەی گەڕانەوەی هاوڵاتیانی ڕاگوێزراو بۆ ماڵەکانیان. تەنیا (١, ٨٧٣) کەس لە شەش مانگی سەرەتای بەرنامەکەدا دووبارە گەڕانەوە، بەشێکی هۆکارەکەی ئەوە بوو کە بەرنامەکە شکستی هێنا لە فەراهەمکردنی دۆخێکی گونجاو بۆ گەڕانەوە.(٢٦) خزمەتگوزاری سەرەتایی، وەک، کارەبا، تەلەفۆن، تەندورستی و پەروەردە بە کەموکورتی مانەوە. تەنیا (٥, ٢٣٩) هاوڵاتی لە کۆی (١٠٤, ٧٣٤) کەس قەرەبوو دەیگرتنەوە، لەو ژمارەیە تەنیا (١, ١٩٠) کەس بەبڕێک پارە قەرەبووکرانەوە.(٢٧)

ئەوروپییەکان وشـــــیاریاندا کە ئەندامیەتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا واتە 'کۆتایی ئەوروپا'. لە ٢٨ی ئایاری ٢٠٠٥دا، دەنگدەرە فەڕەنســـیەکان تێپەڕاندنی دەســـتووری ئەوروپایان ڕەتکردەوە. تەنیا دوای ســـێ ڕۆژ، هۆڵەندیەکانیش هەمان کاریان ئەنجامدا. گشـتپرسـی فەڕەنسـی و هۆڵەندیەکان، کە دەسـتووریان ڕەتکردەوە، بەشـێکی لە دژی کاردانەوەکانی کاندیدبوونی تورکیا بوون. بۆ ڕزگارکردنی ئەگەرەکانی تورک، ئەنگێلا مێرکل، ڕاویژکاری ئەڵمانی، ســـەرۆکی فەڕەنســـا ، نیکۆلاس ســـارکۆزی، داوای "هاوبەشـــییەکی تایبەت"یان کرد کە ئەندامیەتی تەواو لەخۆ نەگرێت. ئەردۆگان زۆر تووڕە بوو وە داوای مامەڵەیەکی یەکسانی کرد.(٢٨)

سەرەڕای شۆڤینیزمی ئەوروپا بەرامبەر بە تورکیا، لە ساڵی ٢٠٠٥ لە (٧٧,٤٪)ی خەڵکی تورکیا لە وەرگرتنی بیروڕای چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا بە 'بەڵێ' دەنگیاندا. هەروەها کوردیش وایان بە باش زانی بە شێک بوون لە ئەوروپا باشترە لە کورستانێکی گەورەی نا ڕوون. لە (٨٣,٣٪) کوردەکان کاتێک پرســـیاری ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپایان ئاراستەکرا، بە ئەرێنی وەڵامیان دایەوە.(٢٩) زۆرینەی ڕەهای هاوڵاتیان تورکیا هێشـتا باوەڕیان بە کاریگەری گواسـتنەوەی تورکیا بۆ یەکێتی ئەوروپا هەیە کە ژیانیان خۆشتر دەکات و ئازادی سیاسیش بەرفراوانتر دەکات.(٣٠)

*****

گرتن و بەندکردنی عبدالله ئۆجەلان دەرفەتێکی نوێ و بێ وێنەی خولْقاند. لە کۆنگرەی شەشەمی پارتەکەیدا، کە تەنیا چەند ڕۆژێک دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان ئەنجامدرا، پەکەکە ئاگربەستی یەکلایانەی ڕاگەیاند و پلانی داڕشت بۆ ئەوەی هێزەکانی لە تورکیادا بکشـێنێتەوە. ئەو پارتە وازی لە داواکەی هێنا لە پێناو کوردسـتانێکی سـەربەخۆ، لە جیاتی ئەم ئامانجە خەباتی کرد بۆ مافە فەرهەنگی و ســـیاســـیەکان بۆ کورد لە تورکیادا.(٣١)

تورکیا یەکێک بوو لە یەکەمین ئەو وڵاتانەی کە دوای هێرشـــەکانی یانزەی ئەیلول هاوخەمی خۆی بۆ ئەمریکیەکان نارد. بە ئاڵوگۆڕکردن بۆ یارمەتیەکانی لەگەڵ هێزەکانی یارمەتیدانی ئاســـــاییشــــی نێودەوڵەتی و پشـــتگیری لەگەڵ جەنگی دژە تیرۆری جیهانیی (Global war on terror) جۆرج بوشدا، تورکیا داوای لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کرد کە پەکەکە لە لیســـتی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی بخاتە ناو لیســـتی ڕێکخراوە تیرۆرســـتیەکانی جیهان. ئەمریکا قاییل بوو کە پەکەکە بخاتە ناو لیســـتی ڕەشـــی تیرۆرەوە. هەر لەدوای ئەم، کەنەدا و بەریتانیاش پەکەکەیان لەناو لیســـتی تیرۆردا پۆلێن کرد. دواتر لە ئایاری ٢٠٠٢دا، یەکێتی ئەوروپاش خســـتیە ناو هەمان لیســـتەوە. لە کاتی هەمان بەهاری ئەو ســـاڵدا، پەکەکە بە شـــێوەیەکی فەرمی ڕێکخراوەکەی هەڵوەشـاندەوە و بوو بە 'کۆنگرەی ئازادی و دیموکراتی کوردستان'. ئەم پارتەش هەڵوەشایەوە دوای ئەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەمیشی خستە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریســـتیەکانەوە. دوای ســـاڵێک، لەژێر ناوێکی نوێ دامەزرایەوە، کۆنگرە گەلی کوردســتان ، کە ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا ئەویشــیان بە هەمان ئاراســتەدا برد. پۆلیســی ئەنتەرپول نیشــانەی ســوری خســتە ســەر(١٣٤) ســەرکردەی پەکەکە، ئازادی جوڵانەوەکانیان زیاتر بەرتەســـک کردەوە. کۆکردنەوەی پارە بۆ پەکەکە بەرەبەرە لاواز بوو لەو کاتەی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان بوونیان نەما.(٣٢)

تەنانەت دوای دەســـتگیرکردنی، ئۆجەلان هەر بە ڕێبەر و ســـەرۆکی ڕێکخراوەکە مایەوە. ئەو کەســـــایەتیەکی بەهێزی هەبوو، لە ڕێگای پارێزەر و میدیا ئەوروپیەکانەوە لەناو زیندانەوە ڕێنماییەکانی دەردەکرد و دەیناردن. هەرچۆنێک بێت، ئەو پارتە تووشی لێکترازان بوو و لایەنی تر لەناو پەکەکە دەرکەوتن. پارتی دیموکراتی گەلان (DTP) لە ســاڵی ٢٠٠٥دا دامەزرا کە وەک درێژکراوەیەکی پەکەکە بوو. نوێنەرانی ئەنجومەنی باڵای نیشــتیمانی و کەســایەتیە باڵاکانی 'دەتەپە' پەیڕەوی ڕێنماییەکانی پەکەکەیان کرد. بە هاوسەرۆکایەتی 'ئەحمەد تورک' و 'ئایسەل توگلوک'، دەتەپە لەو ساڵەدا کۆنترۆڵی (٦٩)

حکومەتی شـــــارەوانیان لە هەڵبژاردنە ناوخۆیەکاندا بەدەســـــت هێنا. لقەکەی پارتی 'کەجەکە' وەک ڕێخراوێکی چەتر دامەزرا بە مەبەســــتی چالاکی ئازادکردن. هەروە ها ئەویش وەســـیلەیەک بوو بۆ بەرەوپێشـــبردنی ئەجێندای ئۆجەلان. لە وەڵامی داواکەی ئەردۆگاندا کە ئەندام پەرلەمانانی 'دەتەپە' دەســـبەرداری پەکەکە بن، ئەندامێک ڕوونی کردەوە کە نە ئەو و نە هیچ لە هاوڕێ پەرلە مانتارە کانی پشـــتگیری تو ندوتیژییان نەکردووە، بەڵام "هەموو کوردێک ئەندامێک لە بنەماڵەکەی لەگەڵ پەکەکە تێوەگلاوە. چۆن بتوانم منالّی خۆم مەحکوم بکەم؟".(٣٣)

پەیڕەوانی پەکەکە دەستیان بەسەر کوردانی دەرەوەی وڵاتدا گرتبوو. کوردەکانی ئەوروپا سور بوون لە سەر ئەوەی توندوتیژی تاکە وەڵامی چەوساندنەوەکانە لە لایەن حکومەتی تورکیاوە. کوردانی دەرەوە پەیوەندیان لەگەڵ شـەڕڤانانی پەکەکە لە قەندیل بەهێز بوو وە بەیەکەوە گرێدرابوون. بـاڵی قەنـدیـل بـاش پڕچەک بوو وە لە لایەن 'عوســمان ئۆجەلان' و 'مورات قەرەیەلان'ەوە[١] بەڕێوە دەبرا. فەرماندە مەیدانیەکانیان بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە شـۆڕشـەکاندا بەژداربوون و دەسـتێکی باڵایان تیادا هەبوو.(٣٤) بەگوێرەی وتەکـانی قەرەیەلان، "بەکـارهێنـانی چەک ئەرکەکەی خۆی بەجێ هێنـا لە ساڵانی نەوەدەکان بە داننانی بە دۆزی کورد لە ئەجێندای تورکیادا". بەهۆی توڕەبوونی

---

[١] موراد قەرەیلان: لە ساڵی ١٩٥٤ لە شارۆچکەی بێرەجووگی سەر بە شاری ئورفا لە باکوری کورد ستان لە دایک بووە. دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکە بەشـــی میکانیک. لە ســـاڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانیپارتی کرێکارانی کوردستان کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ تورکیا بە جێدەهێڵێت و تاوەکو ساڵی ١٩٩٢ لە سوریا کاری ڕێکخســـتنی پارتەکەی بەڕێوەدەبات. لە ســـاڵی ١٩٩٢ دێتە شـــاخ و وەک فەرماندەیەکی کاریگەری گەڕیلا دەردەکەوێت. دوای دە ستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پەکەکەە بۆ ماوەی ساڵێک دەبێتە بەرپرسی ئەم پارتە لە ئەوروپا، دواتر جارێکی تر دەگەڕێتەوە شـــاخەکانی کوردســـتان. دوای دامەزراندنی کۆنگرەی گەل لە ساڵی ٢٠٠٠ و دواتریش دامەزراندنی کەجەکە کۆما جڤاکێن کوردستان لەلایەن پەکەکەەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ بوو بە سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کورد ستان و پەکەکەە وە لە ١٠ی تەممووزی ٢٠١٣ لەم پۆستە یانی لە سەرۆکی کونسەی کەجەکە لاکەوت لە ئەنجامی هەڵژاردنەکانی کۆنگرەی گەل کەلەجێگای ئەو جەمیل بایک و بەسێ هۆزان کرانە هاوسەرۆکی کەجەکە.

لەوەی کە حکومەت وەڵامی پێشـــــنیارەکەیان ناداتەوە، پەکەکە لە حوزەیرانی ٢٠٠٤دا کۆتایی بە ئاگربەستە یەکلایەنەکەی خۆی هێنا.

*****

زۆربەی کوردەکان ئاماژەیان بەوەدا کە دەوڵەتێکی کوردییان ناوێت. زۆرینەی ڕەهای کورد لە تورکیا باوەڕیان وایە کە دەتوانن ئامانجەکانیان لە ڕێگای ژیانی ئاشـــتیانە لەگەڵ تورک و پرۆســـەی ســـیاســـیدا بەرەوە پێش بەرن. کورد هەرگیز بە جەنگ دەستبەسەردا نەگیرابوون، بۆیە ئەوان چارەسەریان لە ڕێگای چاکسازی حکومەت پێ باشـــتر بوو لە جیابوونەوە لە کۆماری تورکیا. کورد لە ڕووی مێژووییەوە لەگەڵ هاوڵاتیانی تورکدا هاوبەش بوون لەکاتی حوکمڕانی ســـەلجوقیەکان، عوســـمانیەکان و ماوەی حوکمڕانی کۆمارییدا. سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و زۆرداریە، زۆربەیان بەژداربوون لە کارکردن بۆ چاکسازی لە ناوخۆی سیستەمی دەوڵەتدا. ئەحمەد تورک وتی، "هەموو کوردێک پێگە و مافی چارەی خۆنوسینی دەوێت. ئەمە واتای ئەوەیە شتی جیاواز بۆ کوردی جیاوازی دەگەیاند. هەموو کوردێک خەون بە ســـەربەخۆییەوە دەبینێت، بەڵام دەبێت ئەگەرەکان لە پێش چاومان بگرین". (٣٥) پارتی 'کەجەکە' پێشنیاری، "ئۆتۆنۆمی دیموکراســـی" کرد کە تیایدا ئەحمەد تورک وەک ســـتراتیژیەتێک بۆ بڕیاری ململانێ پێناسە بکات. لە ڕاستیدا پێناسەکەی کەجەکە بۆ "ئۆتۆنۆمی دیموکراسی" بریتی بوو لە شوێنگرەوەیەک بۆ دەوڵەتبوون. پەندێکی تورکی هەیە کە دەڵێت، "مردنیان پیشان بدە، بۆ ئەوەی خەڵک پێشوازی لە نەخۆشی مەلاریا بکات". (٣٦)

پێشـــنیاری ئۆتۆنۆمی دیموکراســـی بووە هۆی درەوشـــانەوەی گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان کوردەکان لە سەر ئەوەی کە چ سیستەمیکی حوکمڕانی دەتوانیت بە باشترین شێوە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی کورد بکات. کورد، تورکیا وەک دەوڵەتێکی یەک پارچە ڕەت دەکاتەوە. دەوڵەتی یەکپارچە بەڕێوە دەبردرێت، حکومەتی ناوەندی، کە

مومارەســـــەی دواین دەســـــەڵات دەکات. یەکە نەتەوە لاوەکیەکان لەوانەیە بوونیان لە حکومەتی یەکپارچەدا هەبێت، بەڵام تەنیا ئەو دەســـــەڵاتانەیان هەیە کە لە لایەن حکومەتی ناوەندیەوە بۆیان دیاریکراوە. لە دەوڵەتی یەکپارچەدا، نەتەوە لاوەکیەکان دروست دەکرێن و دەڕوخێنرێن، وە ڕەنگە دەسەڵاتەکەیان یەکلایانە لە لایەن حکومەتی ناوەندیەوە فراوان بکرێت و تەســـــک بکرێتەوە. دەوڵەتی یەکپارچە دەتوانێت لە ڕێگای گواســـتنەوەوە دەســـەڵات بدات بە حکومەتە خۆجێیەکان. حکومەتی ناوەندی دەتوانێت هەمان ئەو دەســـــەڵاتە بە حکومەتە خۆجێیەکانی داوە بگەڕێنێتەوە، ئەمەش لە ڕێگای پوچەڵ کردنەوە و هەمووارکردنەوەی دەسەڵاتەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

لە ســــیســـــتەمی فیدراڵیدا، حکومەتی ناوەندی دەســـــەڵاتی ســـــەرەکی هەیە، بەرپرسیاریەتی بەرگریی، سیاسەتی دەرەوە، وە مەسەلە داراییەکان دەخاتە ئەستۆی خۆی. لە دەوڵەتە فیدڕاڵیەکاند، ســـــەروەری وڵات لە نێوان حکومەتی ناوەندی و یەکە نەتەوە لاوەکیەکاندا هاوبەشـــە. فیدرالیزم نامەرکەزیەتە، واتە بەشـــەکانی تریش (وەک کوردستانی عێراق) لە هەر ئاستێکدا بن دەتوانن دەسەڵاتی یەکلاییکەرەوەیان هەبێت و لە ناوچە جیاوازەکاندا خۆیان حوکمی زاتیان هەبێت. هاوڵاتیان لە حکومەتی ناوەندی نەتەوە لاوەکیەکاندا مافیان پارێزراوە. حکومەتی ناوەندی ناتوانێت بەتاک لایانە بە ئارەزووی خۆی دەســـــتووری وڵات بگۆڕێت. فیدرالیزم دەکرێت هاوســـــەنگ نەبێت. فیدرالیزمی هاوسەنگ دەسەڵاتی یەکسان بە هەموو یەکە نەتەوە لاوەکیەکان دەدات. لە ڕێککەوتنی ناهاوسەنگدا، ناوچەکان چوونیەک نین لە دەسەڵات و پێگەیاندا.

ئۆتۆنۆمی ســــیســـــتەمێکی کاریگەرە بۆ پاراســـــتن و پەرەپێدانی مافی کۆمەڵە بچووکەکان، دەســـــەڵات لە ناوچەکانی حوکمڕانی، ئابووریی و فەرهەنگی دەگوازرێتەوە. ئۆتۆنۆمی دیموکراتی لە دەسەڵاتی جێبەجێکاری، یاسادانان، دەسەڵاتە جۆجێیەکان، وە ئیداریەکانی دادگەریی، بە پۆلیسی ناوخۆییشەوە کە خەڵکی هەمان کۆمەڵگا کاری تیادا دەکەن. هاوبەشـــــی لە دەســـــەڵاتی ئابووریدا ئەمانە دەگرێتەوە، داهات، بازرگانی،

دامەزراندنی فەرمانبەر، بەکرێ گرتنی دەستی کاری پێویست، وە خاوەنداریەتی زەوی. ئۆتۆنۆمی فەرهەنگی و بە شێوەیەکی ئاسایی بەکارهێنانی زمانی کەمینەکان و کۆنترۆڵی پەروەردەی ناوخۆ دەگرێتەوە. هەروەها ئۆتۆنۆمی فەرهەنگی پێک دێت لە مافە فەرهەنگیەکانی وەک ئاهەنگی نەورۆز و ڤیستیڤاله فەرهەنگیەکانی تر.

جەمشید فرات، خاوەن کارێکی دیاربەکر و دامەزرێنەری کۆمەڵەیەکی ئۆپۆزسیۆن، بۆچوونێکی جێگرەوەی خستەڕوو. ئەو جەختی لە سەر سەربەخۆیی بۆ کوردستانی باکوور لە کاتی توندوتیژی سیاسی ڕەتدەکردەوە مەگەر لە حاڵەتی بەرگری لەخۆکردن نەبێت. ئەو کوردستانێکی گەورەی لە خەیاڵدا بوو کە هەموو ئەو سنوورانەی کە کوردی تیادا دەژین لە تورکیا، عێراق، ئێران و سوریا. بەگوێرەی باوەڕی فرات، "پەکەکە پڕۆژەی دەوڵەتێک بوو". ئەو پێی وایە کە ڕێکخراوەکە لە لایەن 'دەوڵەتی قوڵ'ەوە پاش کودەتا سەربازیەکەی ساڵی ١٩٨٠ دروستکرابوو بۆ دژایەتی کردنی چەپگەراکان و بۆ ئەوەی دەستبگرن بەسەر بزووتنەوەی نیشتیمانی ڕۆشنبیری کوردی. "پێش پەکەکە، نەتەوەی کورد بزووتنەوەیەکی بەهێز بوو و داوای سنووری دەکرد. پەکەکە هاوکاری حکومەتی قوڵی کرد بۆ کوشتنی نەتەوە پەرستە ڕاستەقینەکانی کورد".(٣٧)

کادیرەکانی پەکەکە وەک فۆرمێکی بەرگریی لەخۆکردن بەرگرییان لە خەباتەکەیان کرد بۆ ئازادی نەتەوەیی لە ساڵی نەوەدەکان. بەڵێشاو گەنجان پەیوەندیان بە ڕێکخراوەکەوە دەکرد چونکە لە دژی زۆرداریەکانی دەوڵەت وەستا و سەرچاوەی شکۆ بوو بۆ مەزلومیەتی کورد. یەک ساڵ دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەستە یەکلایانەکەی ساڵی ١٩٩٩، 'سوپای ئازادی گەلی کوردستان' ناونرا بە 'هێزەکانی بەرگری گەل'. وە خەباتی چەکداریی لە ڕێگای بەرگری لەخۆکردن بەردەوامی پێدا. بە پەست بوون لە نەبوونی نیازی حکومەت بۆ گفتوگۆکردن و بەردەوامی داخستنی پارتی سیاسی کوردی، پەکەکە دەستی لە ئاگربەستەکەی هەڵگرت و بەردەوامیدا بە بەرگری لەخۆکردنی چالاک.(٣٨)

هێزە چەکدارە تورکیەکان بە چڕکردنەوەی هێرشـــی ســـەربازیی وەڵامیان دایەوە. پەکەکە بەزنجییرەیەک هێرش بەســـەر هێزەکانی ئاســـاییش و دروشـــمەکانی ڕژێم ڕووبەڕووی بەرەنگاریەکە بووەوە. ســـەرەڕای خەباتی چەکداریی کوردەکان لە ڕێگای ســـندوقەکانی دەنگدانیشـــەوە بەدوای ئامانجەکەیاندا خەباتیان دەکرد، ئەمەش بە جولانەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧ی ناوخۆیی و پەڕلەمانی نیشتیمانیدا ئەنجامدرا.

*****

لە ٢٤ی نیســـانی ٢٠٠٧دا، ئەردۆگان ڕایگەیاند کە ئاکەپە عبدالله گولی وەک ســـەرۆک پاڵاوتووە. بەدژایەتیکردنی بوونە سەرۆکی کەسایەتیەکی ئیسلامی، نوخبەی عەلمانیەکان لە دژی پاڵاوتنی 'گول' دەســـتیان بە جموجۆڵ کرد. لە مانگەکانی نیســـان و ئایاردا، ملیۆنان کەس لە ئیزمیر و ئەســـتەمبول لە دژی 'گول' خۆپیشـــاندانیان ئەنجامدا. پارتەکانی (مەهەپە و جەهەپە) دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی بەرەنگاربوونەوەی یاسایی. ســـوپا لە ســـەر پێگەی ئەلیکترۆنی خۆی ئاگادارکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە، کە ئاکەپە ناوینا کودەتای ئەلیکترۆنی (E-COUP).(٣٩) ئەردۆگان پاڵاوتنی 'گول'ی هەڵپەسارد و لە ٢٢ی تەمموزی ٢٠٠٧دا داوای هەڵبژاردنی پێشوەختەی کرد.

ئاکەپە لە (٪٤٦,٦)ی دەنگەکانی بردەوە، کە زیادکردنی بەرچاوی کورســـیەکانی بوو لەوکاتەی پارتەکەی دامەزراند.(٤٠) لە ٥٥٠ کورســـی دەســـتی بەســـەر ٣٤١ کورســـی پەڕلەماندا گرت. دوای ئەوەی پشتگیری لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بەدەستهێنا، ئاکەپە بوو بە پادشـــای گۆڕەپانی ســـیاســـی. بەربژێرەکانی 'دەتەپە' لە هەڵبژاردنە گشـــتیەکاندا وەک بەربژێری ســـەربەخۆ لە هەوڵدانێکدا بۆ بڕینی بەربەســـتی لە (٪١٠) بەژداریان کرد. ئەم تەکنیکە ڕێگای بە 'دەتەپە'دا کە ٢٢ کورســـی لە پەڕلەمان بباتەوە. هەرچۆنێک بێت، دەنگەکان لە ڕێژەی چاوەڕوانکراو کەمتر بوو. ئاکەپە لە ناوچەی کوردنشـــینی 'بینگول' توانی لە (٪٧١)ی دەنگەکان بباتەوە.(٤١) 'دەتەپە' بە هەڵە وتاری

بۆ دەنگدەران بە زاراوەی کرمانجیدا لە جیاتی زاراوەی زازایی، کە لەو شــوێنە قســەی پێدەکرا. هەمان کرداری لە بتلیس ئەنجامدا. ئاکەپە بەهۆی بنیادنانی ئەو هەموو ڕێگاوبان و خزمەتی کۆمەڵایەتی جیاجیاوە، لەو ناوچانەدا پاداشــتی درایەوە. کورد متمانەیان بە ئاکەپە کرد بۆ چاکســازییەکانی لە دەســەڵاتی دادوەری کە توانی مافی گەورەی فەرهەنگی بۆ کورد فەراهەم بکات بە پەخشــکردنی ڕاگەندن بە زمانی کوردی وڕێنماییەکانی پەروەردەشەوە.

کوردەکان هەســتیان بە ســاردبونەوەیەکی زۆر کرد بەرامبەر پەکەکە. ڕەخنە بەردەوامەکانی بەرامبەر حکومەتی تورکیا بۆ کوردەکانی باکوور وەک هیچ گوێی بۆ نەدەگیرا. ژمارەیەکی زۆر لە کورد دوای بیســت ســاڵ لە ململانێی توندوتیژیی ماندوو و بێزاربوون، وە هەســتیان کرد ئاکەپە جێگرەوەیەکی باشــترە. بەگوێرەی وتەکانی پەرلەمانتارێکی 'دەتەپە'، "بە دەنگدانیان لە بەرژەوەندی (ئاکەپە و دەتەپە)، هەردوو میللەتی کورد و تورک ئەوەیان نیشــاندا کە ئەوان دژی لەشــکرەکانیانن.(٤٢) هۆکارێکی تری ئەوە بوو کە یاسای داخستنی پارتەکان کە ئامانجیان داخستنی پارتی کوردی بوو ترســێکی تری خســتە دڵی کوردەکانەوە. کورد لەوە دەترســا کە 'دەتەپە'ش قەدەغە بکرێت وە نەیاندەویست دەنگەکانیان بەفیڕۆ بدەن. سەرەڕای ئەو هۆکارانەی باسکران، سەرکەوتنی 'ئاکەپە' لە ئەنجامی کارکردن و سیاسەتەکانیەوە بوو. ئەم پارتە یارمەتی تورکیایدا لە ڕزگاربوون لە پاشــەکشــەی ئابووریی و دابەزینی بەهای دراوی وڵات. پرۆژەکە گشتگیربوو و چەندین کوردی لە کارە حکومیەکاندا دامەزراند.

ئەردۆگان لە باڵکۆنی بارەگاکانی 'ئاکەپە' لە شــەوی هەڵبژاردندا وتاری بۆ هەوادارانی پارتەکەدا، خۆی بە پاڵەوانی هەموو تورکەکان و موســڵمانانی ســەرتاســەری جیهان نیشــاندا. "ســەرایڤۆ بەقەد ئەســتەمبۆل بردیەوە. بەیروت بەقەد ئیزمیر بردیەوە. دیمەشــق بەقەد ئەنقەرە بردیەوە. رام الله، نابلس، جەنین، کەناراوەکانی ڕۆژئاوا و قودس بەقەد دیاربەکر بردیانەوە."(٤٣) بەو هــانــدانە زۆرەی لە لایەن هەوادارانیەوە،

ئەردۆگان هەوڵیدا دووبارە مانای عەلمانیەت پێناسە بکاتەوە. لە سەردانێکیدا بۆ قاهیرە دوای دوو مانگ، ئەردۆگان وتی کە عەلمانیەت پێویستی بەوە نیە ئایین ڕەتبکاتەوە.(٤٤)

پاڵاوتنی 'گول' نوێکرایەوە. ئەو لە کۆتاییدا لە بەرواری ٢٨ی ئابی ٢٠٠٧دا وەک سەرۆک هەڵبژێردراله خولی سێیەمدا بە بەدەستهێنانی ٣٣٩ دەنگ لە کۆی ٥٣٠ کورسی پەرلەمانی. لە وتاری دەســـتبەکاربوونەکەی لە پەرلەمان 'گول' وتی، "تورکیا وڵاتێکی دیموکراســـی عەلمانیە. ئەمانە بەها بنچینەییەکانی کۆمارەکەمانن، وە من ئەم بەهایانە بەهێز دەکەم و بەرگریان لێ دەکەم". هەوڵدانەکەی ئەردۆگان بۆ دووبارە پێناســەکردنی عەلمانیەت، لەو کاتەی خۆی وەک ڕێبەری کۆمەڵگای موســـڵمانی فراوان دادەمەزراند، زۆر جێگــای جــاڕس بوو بۆ نوخبەی عەلمــانی و هێزە چەکــدارەکــانی تورکیــا. بەرزبوونەوەکەی 'گول' بۆ ســـەرۆکایەتی، نووســـینگەکەی جارانی موســـتەفا کەمال ئەتاتورک، قیزەوەن بوو. محەمەد عەلی بیراند، کە ســتوون نوســێکی تورک بوو، بڵاوی کردەوە کە "پۆشــینی ســەرپۆش (حیجاب)ی خانمی یەکەمی وڵات، تابویەکی لە تورکیا کۆتا پێهێنا".(٤٦)

لە سەرکردنی سەرپۆش یەکێک بوو لە تاوانەکان لە تورکیادا. ئەو قەدەغەکردنە لە لایەن ئەتاتورکەوە ناســێنرا و بەعەلمانیکردنی تورکیا لە ســاڵی ١٩٢٤دا لە دەســتوور جێگیرکرا. ئەم یاســایە لە ســەر ئەو ئافرەتانەدا پەیڕەودەکرا کە لە کارە گشــتیەکاندا دەردەکەوتن، بە پەرلەمانتار، پارێزەر، مامۆستاشەوە. ئاکەپە سوور بوو لە سەر ئەوەی کە قەدەغەکردنەکە جیاکردنەوەیە، وە وا لە ئافرەتە پارێزکارەکان دەکات نەتوانن لە کەرتی گشــتیدا کار بکەن. ســەرۆک 'ئەحمەد نەجدەت ســەزەر' لە ئاهەنگی ســاڵیادی سەربەخۆیی تورکیا لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦دا هاتنە ژوورەوەی هاوسەرە پۆشتەکانی ئەنـدام پەرلەمــانەکــانی ئــاکەپەی ڕەتکردەوە. ئەو ڕوونی کردەوە کە بونی ئەوان بە ســەرپۆشــەوە لە بۆنەیەکی وا گەورەدا ســازشــکردنە لە ســەر پرەنســیپە عەلمانیەکانی ئەتاتورک.(٤٧) جەنەڕاڵ 'یاشـــار بویوکانیت' و هەندێک جەنەڕاڵە باڵاکانی تر ســـوێند

خوارنەکەی 'عبدالله گول'یان لە ئاهەنگەکەدا بایکۆت کرد. هەروەها ئەوان ئەو دابونەریتە کۆنەیان پێشـێل کرد بە دەرچوون لە پێشـوازی کردن یەکەم لە 'عبدالله گول'. ئەو لە پێگەی ئەلیکترۆنی وشـیاریدا کە "پلانی نهێنی هەن ئامانجیان هەڵوەشـاندنەوەی پێشـکەوتنە هاوچەرخەکان و ڕوخانی کۆماری عەلمانی و شـکاندنی پێکهاتەیکانی دیموکراسـییە". (٤٨) بویو کاذیت زیاتر لە دوو هەفتە چاوەڕوان بوو پێش ئەوەی لە کۆتاییدا پیرۆزبایی لە هەڵبژاردنەکەی 'گول' بکات.

ئەردۆگان بەڵێنەکەی بردە سـەر کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردن دابووی بۆ هەڵگرتنی قەدەغەی سـەرپۆش لە دامەزراوە گشـتیەکاندا. ئەنجومەنی باڵای نیشـتیمانی تورکیا لە ٧ی شوباتی ٢٠٠٨دا هەمواركردنی یاساکەی پەسەند کرد، ئەمەش ڕێگای بە ئافرەتاندا سەرپۆش لە زانکۆکانی تورکیادا لە سەر بکەن.

مەهەپە پەیوەندی بە 'ئاکەپە'وە کرد لە سپۆنسەرکردنی داواکە، کە تیایدا بە ٤٠٨ دەنگ بەرامبەر ١٠٧ دەنگ تێپەڕێنرا. ئەمە بووە هۆی ئەوەی دادگای دەسـتووریی ناچار بە پێداچوونەوەی دەستووری بکات و قەدەغەی سەرپۆش هەڵبگرێت. لە یەکی نیسانی ٢٠٠٨دا، دادگای دەستووریی قاییل بوو بە هەڵگرتنی کەیسی داخستنی ئاکەپە. ئاکەپە بەوە تاوانبارکرابوو کە پرەنسیپەکانی عەلمانی پێشێل کردووە بە ڕێگادان بە ئافرەت لە زانکۆ و شـوێنە گشـتیەکاندا بە لە سـەرکردنی سـەرپۆش. کەیسـەکە حەفتا و یەک بەرپرسـی باڵای ئاکەپەی قەدەغەکردبوو بە بەژداریکردن لە چالاکی سـیاسـی بۆ ماوەی پێنج سـاڵ، بە ئەردۆگان و گولیشـەوە. بەپێی [ماددەی ٦٩]ی دەسـتوور، ئەگەر حەوت لە یـانزە ئەنـدامی دادگـای دەسـتووریی فەرمـانیـان دەرکرد کە ئـاکەپە پێشـێلی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەتی کردووە، ئەوا دەتوانرێت ئاکەپە لە هەموو هاوکاریە داراییەکانی بێ بەش بکرێت. (٤٩)

مەسەلەی سەرپۆش بووە هۆی نیگەرانی لە دژی ئاکەپە. بەهەزاران کەس لەبەردەم پەرلەماندا خۆپیشاندانیان ئەنجامدا بۆ شەرمەزارکردنی هەموارکردنی دەستوور. بۆردی پەروەردەیی دەوڵەت سوێندی خوارد کە دژی جێبەجێکردنەکە بوەستێت. لە ٥ی ئایاری ٢٠٠٨دا، دادگای دەستووریی هەموارکردنەوەکەی بەهۆی پێشێل کردنی دەستوورەوە ڕەتکردەوە. بڕیارەکەی بابەتی سکاڵاکردن نەبوو.(٥٠) کەیسی داخستن شکستی هێنا، بەڵام زۆر بە سەختی. تەنیا شەش دادوەر لە بەرژەوەندی داخستنی ئاکەپە بڕیاریاندا. بڕیاردانەکەیان بووە هۆی وەستانی پارەدارکردنی پارتەکە لە لایەن حکومەتەوە.(٥١) ئەردۆگان ئەو فەرمانانەی ناوبرد بە "هەنگاوێک لە دژی ویست و ئیرادەی گەل". وەکو پێشبینیەک بۆ ململانێی داهاتوو لە سەر ئەم بڕیارە، ئەردۆگان وشیاریدا، ئەو نادادپەروەریەی لە دژی ویستی گەل ئەنجامدراوە مایەی قبولکردن نیە. پێگەی دەسەڵاتی دادگەریی، کە دەسەڵاتەکەی بەکاردەهێنێت بە بەناوی خەڵکەوە، ناتوانێت لە دژی ئیرادەی نەتەوە کاربکات. ویستی نەتەوەیی ناکرێت فەرامۆش بکرێت. ئەوانەی کە دادگاییکردنی داخستنی ئاکەپە دەسەپێنن دەبێت تووشی شەرمەزاری بن.(٥٢)

کورد نائومێد بوو لەوەی کە ئاکەپە بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی بەکاردەهێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سەرپۆش، لەجیاتی ئەوەی جەخت لە سەر مافەکانی کورد بکاتەوە. ئەوان بە توندی ناڕەزاییان لە دووڕوویی ئاکەپە دەربڕی. ئاکەپە زۆر بە توندی ڕەخنەی گرت کاتێک دادگای دەستووریی پرسیاری لە شەرعیەتبوونی کرد. هەرچەندە ئاکەپە بێدەنگ بوو کاتێک 'عبدالرحمن یالچین کایا'، سەرۆکی دەستەی جێبەجێکاری دادگای باڵای سکاڵاکردن، لە ١٦ی تشرینی دووەمی ئاکەپەی تاوانبار کرد بووو بوونی پەیوەندی لەگەڵ 'دەتەپە، پەکەکە، وە ٢١٩ ئەندامی گەورەی پارتەکەی لە چالاکی سیاسی قەدەغە کرد.(٥٣)

*****

هەرچەندە سەرکەوتنە گەورەکانی هەڵبژاردنی ئاکەپە بە پشتگیریی کوردەکان ئامانجەکەی پێکا، بەڵام ئەو پارتە هەر بەردەوام بوو لە سەر سیاسەتی چەوساندنەوەی کورد. پەکەکە بەردەوام بوو لە سەر توندوتیژیە کاریگەرەکەی بۆ ئەوەی گرنگی خۆی لە مەیدانی سیاسەتدا دووپاتبکاتەوە. لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧دا، پەکەکە کەمینێکی دانا و سێزدە لە نوخبەی کۆماندۆی تایبەتی لە شرناخ کووشت. لە وەڵامدا، هێرشێکی چڕی ئاسمانیی کردە سەر قەندیل. دوای شرناخ، ئەردۆگان هەنگاوێکی گورز هەژێنی بەرامبەر پەکەکە گرتەبەر، لەگەڵ ئەمریکا ڕێککەوتن کە ڤیدیۆی ڕاستەوخۆی فڕۆکە درۆنە (DRONE) بێ فڕۆکەوانە ئەمریکیەکان و سەتەلایەتیان پێبدات کە بتوانن هەموو جوڵانەوەکان بەدریژایی سنووری نێوان ئێران و عێراق ببینن. هەروەها تورکیا پەرەی بە هەماهەنگیەکانیدا لەگەڵ سوریا و ئێران، ئەمەش بە هێرشی دوو لایانە بۆ سەر هێزەکانی 'پژاک'، کە ڕێکخراوێکی سەر بە پەکەکەیە لە کوردستانی ئێراندا. ئەردۆگان بەم شێوەیە وتارێکی بۆ ئەنجوومەنی باڵای نیشتیمانی تورکی پێشکەش کرد، "هێزە ئەمنیەکانمان هەمو کارێکی پێویست دەکەن بەبێ گوێدانە هەرچیەک کە تەنانەت ئافرەت و منداڵیش تێوەگلابن". هەروەها ئەو لە بەرامبەر مەسەلەی کورددا بێ بەزەیی بوو. "هیچ دۆزێکی کورد لە ئارادا نیە ئەگەر ئێوە خۆتان بیری لێنەکەنەوە".

*****

ئەردۆگان خەریکی دانانی پلانێک بوو بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد. لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٩دا، کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی بیست و چوار کاتژمێری کورردی (TRT6) کردەوە. پەخشکردنەکە هیچ ژێرنووسێکی نەبوو. بەرپرسانی (TRT) ئاماژەیان بەوەدا کە هیچ جۆرە سانسۆرێک لە سەر ئەم کەناڵە نابێت یان کاتێکی سنووردار بۆ هەواڵەکان. بە نکۆڵیکردنی تورکیا لە زمان و شوناسی کوردی بۆ ماوی چەندین ساڵ، لێدوانەکانی سەرۆک وەزیران کاریگەریەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو لە سەر سایکۆلۆژیەتی تورکەکان. عبدالله گول لە کاتی دیمانەیەکدا لە ١١ی ئازاری ٢٠٠٩، بەڵێنیدا کە شتی باش

ئەنجامدەدات، پەکەکە لە ١٣ی نیســـــانی ٢٠٠٩دا بە ڕاگەیاندنی ئاگربەســـــت وەڵامی دایەوە.(٥٤)

حکومەت لە ١٥ی ئابی ٢٠٠٩دا، دەســــتپێشـــــخەری دیموکراســــی ڕاگەیاند. دەستپێشخەری دیموکراسی وەک کرانەوەی کورد بۆ پڕۆژەی برایەتی و یەکگرتن دەستی پێکرد. وەزیری ناوخۆ ، بەشیر ئاتای، ڕایگەیاند کە ئەو دەستپێشخەریە نیازی کۆتایی هێنان بە تیرۆریزم بە ڕێگای دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەستی پێکرد. بەگوێرەی وتەکانی ئەردۆگان، " ئێمە بڕیاری بازنەیی لە ماوەیەکی کورتخایەندا دەدەین. ، یاسا لە ماوەیەکی مام ناوەندی تێدەپەڕێنن وە هەموارکردنە دەستووریەکان لە ماوەی درێژخایەن ئەنجامدەدەین و هەموو هەنگاوە پێویستەکان دەگرینە بەر. بەپێی وتارەکەی ئەردۆگان لە ساڵی ٢٠٠٥ لە دیاربەکر، ڕێگای بەرەو ئاشتی لە نەخشە ڕێگایەکی پەنجا لاپەڕەییدا وەســــف کرابوو کە تیایدا مافەکانی زمان، پەروەردە و ڕاگەیاندنی لەخۆ گرتبوو. هەروەها بەڵگەنامەکە باســــی لە بەژداری ســــیاســــی، دادگەری تاوانباریی و لێبووردنی گشـــــتی باس دەکرد. نامیلکەکەی ئاکەپە ڕوونی دەکاتەوە: "ئێمە نیازێکی ئازاییانە و یەکلاییکەرەوە دەخەینەڕوو بۆ کۆتاییهێنان بە مشتومڕ، کوشتن و ئازارە بێ کۆتاکان. ئێمە ئارەزوومانە و لە دڵەوە ئەم کارە ئەنجامدەدەین... ئێمە دەمانەوێت... کۆتایی بە کوشـــــتنی هاوڵاتیانی گەنج بهێنین... بۆ ئەوەی دڵنیابین کە ئەو کوڕانەی دەیاننێرینە خزمەتی ســــــەربازیی لە تابوتی مەرگدا نەگەڕێنرێنەوە... ئێمە دەمانەوێت هەموو هاوڵاتیەک... وەک هاوڵاتی پلەیەک هەســــــت بکات و بۆ دەوڵەتەکەمان کار بکات." (٥٥)

ئاکەپە سوودی لە ئاشتی بۆ هەردولا خستەڕوو. هەروەها نامیلکەکە باسی خەرجیە ئـــابووریەکـــانی ململانێکەی کرد و بەلایەنی کەمەوە بە (٣٠٠) ملیـــار دۆلار خەملێنرا. پاشەکشەی ئابووری جیهانی ساڵی ٢٠٠٨ کاریگەریەکی گەورەی لە سەر وڵاتانی ئەندامی ئابووریی (G20) هەبوو. هەروەها چارەســــــەرکردنی مەســــــەلەی پەکەکە دەبووە هۆی

درووســــتبوونی بارودۆخێک بۆ فراوانکردنی هاوکارییە ئابوورییەکان لەگەڵ عێراق لە بوارەکانی ئاسایش، وزە و ئابووریدا.(٥٦)

*****

دەســتپێشــخەری دیموکراســی دەبووە هۆی دووبارە بوژانەوەی خواســتی تورکیا بۆ پەیوەندیکردن بە یەکێتی ئەورووپاوە. لە شـوباتی ٢٠٠٨دا، یەکێتی ئەورووپا ڕایگەیاند کە تورکیا دەبێت هەرچی زووە پەرە بە نەهێشتنی جیاوازی لە وڵاتەکەیدا بدات، بەتایبەتی ئەو بارودۆخەی لە باشووری خۆرهەلاتی وڵاتەکەیدا هەیە، بەشێوەیەک گەشە بە لایەنی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و دەرفەتە فەرهەنگیەکان بۆ هەموو هاوڵاتیانی تورکیا بدات، بەوانەشەوە کە نەژادیان کوردە.

لەگەڵ ئەمانەشــدا، دەســتپێشــخەری دیموکراســی بەچەند هۆکاریکی ســیاســی ناوخۆییشـــەوە بەســـترابووەوە. لە ٢٩ ئازاری ٢٠٠٩دا، وەک هێزێکی کاریگەر خۆی سەلماند.(٥٧) 'دەتەپە' خاوەنی بیست و دوو کورسی بوو لە ئەنجومەنی باڵای نیشتیمانی تورکیدا. پشـــتگیری ئاکەپە لە هەڵبژاردنە گشـــتیەکانی ٢٠٠٧دا پوکایەوە. لە (٣٩٪)ی دەنگەکانی بەدەســـت هێنا، لە (٣٪)کەمتر لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ٢٠٠٤. جەهەپە، کە (٣٣٪)ی دەنگەکانی بەدەســتهێنابوو، وە جەهەپە بە لە (١٦٪) لە دژی چاکســازیە دەســتووریەکان وەســتایەوە، ئاماژەیان بەوەدا کە ئامانجی ســەرەکی لەو چاکســازییەدا بەشـــکردنی تورکیایە. هەروەها ســوپاش لە دژی چاکســـازییەکان بوو. لە ٢٥ی ئابی ٢٠٠٩دا، ستافی گشتی تورکیا ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و پێداگری کرد لە سەر ئەوەی کە ئەمە دیموکراتی کەمکردنەوە و پوکاندنەوەی پەکەکە نەبووە، وە هیچ خزمەتیشی بە یەکپارچەیی خاکی تورکیاوە وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو نەکردەوە. ئاکەپە وەک پارتی زۆرینە مایەوە، بەڵام ئەردۆگان پێویســـتی بە پشـــتگیری 'دەتەپە' بوو بۆ چاکســـازی دەستووریی.

ئۆجەلان لە ئابی ٢٠٠٩دا نەخشـە ڕێگاکەی بۆ پرۆسـەی ئاشـتی خسـتەڕوو، کە بۆ ڕای گشتی نەخرایەڕوو تا ساڵی دواتر. ئەو پرۆسەیەکی سێ قۆناغی هێنابووە بەرچاو: ئاگربەست، چاکسازی دەستووریی، وە ئاساییکردنەوەی بارودۆخ. لە کۆتایی پرۆسەکەدا، پەکەکە بەیاسایی دەکرێت و بۆ پارتێکی سیاسی دەگوازرێتەوە. ئەندامەکانی لێبووردنی گشتی بێ مەرج وەردەگرن.(٥٨)

حکومەت بە پشـــتبەســـتن بە[ ماددەی ٢٢١]ی یاســـای ســـزادانی تورکی لێکۆڵینەوەیەکی زانسـتی ڕێکخسـت، یاسـای پەشـیمانبوونەوەی چالاک. ئەمە ڕێگای بە گەڕانەوەی سی و چوار کوردی کوردستانی عێراقدا لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩. ئەو کۆمەڵەیە هەشت ئەندامی پەکەکە و بیست و شەش کوردی کەمپی مەخموری تیادابوو، کە مەخموور ببووە جێگای حەوانەوە بۆ هاوســـۆزانی پەکەکە. ئەو کۆمەڵەیە لە ٢٥ی ئابی ٢٠٠٩دا پەڕینەوە ناو خاکی تورکیا. لەجیاتی پرۆســـەیەکی دوورە پەرێز و نهێنی، ئەندامانی پەکەکە بە بەرگی جەنگەوە گەیشتنە جێ. ئەوان لە لایەن هەزاران پشتیوانی کورد لە سنووری خابوور پێشوازیەکی پاڵەوانانەیان لێکرا کە ئەو کۆبوونەوە جەماوەریە لە لایەن 'دەتپە'وە ڕێکخرابوو. ئەم ڕووداوە بووە هۆی دروسـتکردنی قورسـی و کێشـە لە مەســـەلەی لێبووردنی گشـــتیدا. هەروەها ژمارەیەکی زۆری تورکەکانیش لە دژی کرانەوەی دیموکراسیدا تووڕەکرد.(٥٩)

بەکورتی پاکێجی ئەردۆگان بەم شێوەیە بوو:

"ئێمە هەنگاوێکی بوێرانە کۆتایی دەگرینە بەر بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکی، کوشـتن و ئازار. ئێمە دەمانەوێت و لە دڵەوە دەخوازین... ئێمە دەمانەوێت... کۆتایی بە کەشـــتنی هاوڵاتیانی گەنج بهێنین... بۆ ئەوەی دڵیابین کە ئەو کوڕانەی ئێمە دەیاننێرینە خزمەتی ســـەربازیی بە تین و خرۆشـــەوە لە دارەبەســـتێکدا نەگەڕێنەوە ماڵ... ئەو دایکانە نەگرین... ئێمە دەمانەوێت هەموو هاوڵاتیەک... هەس بکات کە دەرەجە یەکە لەم وڵاتە و لە پێنا وڵاتی ئێمەدا تێبکۆشێت."(٦٠)

ژمارەیەک هۆکار دەستپێشخەریەکەی دیموکراسییان لە سەر ڕێڕەوی خۆی لادا. دادگای دەسـتووریی لە ١١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩دا پارتی 'دەتەپە'ی قەدەغەکرد. بڕیارەکەی ئاماژە بوو بۆ ئەوی کە 'دەتەپە' "ناوەندێکی چالاکیەکان لە دژی یەکێتی دەوڵەت و نەتەوە" بوو. ئەندامانی ئەو پارتە لە پەیوەندی و هاوخەمیدا بوون لەگەڵ پەکەکە.(٦١) ئەوان پشـتگیری هێرشـە چەکداریەکانی پەکەکەیان دەکرد. هاوسـەرۆکەکانی دەتەپە، ئەحمەد تورک و ئایسەل توگلوک، لە لێبووردنی گشتی پەرلەمانی بێبەشکران. هەروەها، سـی و شـەش ئەندامی تری 'دەتەپە' بۆماوەی پێنج سـاڵ لە چالاکی سـیاسـی دوورخرانەوە. لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩دا، شـارەوانیە کوردەکان قۆڵبەسـتکران و لەبەردەم کامێرادا ڕیزکران. زیاتر لە سێ هەزار ئەندامی کەجەکە دەستگیرکران و تاوانی تیرۆریان درایە پاڵ.(٦٢)

هەرکە دەسـتپێشـخەری دیموکراسـی گەیشـتە بنبەسـت، چاکسـازی دەسـتووریش سـسـت و لاواز بوو. ئاکەپە زۆرینەی ڕەهای بەدەسـت نەما بۆ ئەوەی گۆڕانکاریە دەسـتووریەکان پەسـەند بکات. داوای دەنگدانێکی دەکرد، ٣٣٦ دەنگ لەکۆی ٥٥٠ کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا. ئەو ئەنجامە بەس نەبوو بۆ پەسەندکردنی چاکسازیی، بەڵام بەشی ئەوەی دەکرد داوای گشتپرسی پێ بکرێت. لە (٥٨٪)ی دەنگدەران لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ دا چاکسـازیی پەسـەند کرد. چاکسـازییەکان ڕوویان لە بناغەی دادگای دەستووریی بوو، ڕێگای بە تاکەکەسدا بۆ ئەوەی لە دادگای دەستووریی داوای مافی خۆی بکات، وە نووسینگەیەکی سکاڵاکردنی دروست کرد، دەسەڵاتی بە دادگای مەدەنیدا کە ئەندامانی سوپا تاوانبار بکەن، وە دادوەر و جێبەجێکاری بۆردی باڵایان لە حەوت ئەندامەوە بۆ بیسـت و دوو ئەندام زیاد کرد. سـەرنجی گشـتپرسـی لە سـەر دەسـەڵاتی دادگەریی بوو، کە چاودێری هەڵەکانی حکومەت بوو و زۆربەی کردارە نا یاساییەکانی پشتگوێ دەخست. ئەردۆگان چاکسازیی لە دەسەڵاتی دادگەریدا ئەنجامدا، وە دواتر کۆنترۆڵی کرد. هەروەها چاکسـازییەکان مافەکانی ئافرەت و کرێکار و یاسـای

تـــایبەتی پـەرەپێـدا. کورد بـایکۆتی دەنگـدانی کرد. هیچ یەکێـک لەو گۆڕانکـارییە دەستووریانە بە شێوەیەکی تایبەت خزمەتی بە نیگەرانیەکانی کورد نەدەکرد.

*****

لە ســـــەرەتای ٢٠١٠ەوە، ڕێگا بە ئۆجەلان درا چاوی بە پارێزەرەکانی بکەوێت. ئەم پارێزەرانە بە هەلیکۆپتەری ســــەربازیی بەرەو ئیمرالی دەگوازرانەوە. هەروەها ئەو لە لایەن پەرلەمانتارانی "پارتی ئاشـتی و دیموکراتی'، بەدەپە،شـەوە سـەردانی دەکرا، کە جێگای 'دەتەپە'ەی گرتەوە. نوێنەرانی ئاژانسـی هەواڵگری نیشـتیمانی تورکیا (MIT) و پەکەکە لە ئۆســـڵۆی پایتەختی نەرویج کۆبوونەوەی نهێنیان ئەنجام دەدا. پرۆســـەکەی ئۆسلۆ لە لایەن وڵاتی نەرویجەوە ئاسانکاری بۆ کرا، وە بە هەماهەنگی لەگەڵ شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا کارەکان بەڕێوە دەچوون. یەکەمین پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدارانی تورکیا و پەکەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦، دوا بەدوای چاوپێکەوتنە ناڕاستەوخۆکان بۆ دۆزینەوەی پرۆتۆکۆلی گفتوگۆکـانی داهـاتوو. یەکەم دیـداری دووقۆڵی لە کۆتـایی ساڵی ٢٠٠٨ ئەنجامدرا. نوێنەرایەتی تورکیا لە لایەن 'ئێمرێ تانەر' سەرکردایەتی دەکرا، کە دواتر بوو بە سەرۆکی ئاژانسی هەواڵگریی نیشتیمانی تورکیا. ئەو لە نیسانی ٢٠١٠ لە لایەن 'هاکان فیدان'ەوە جێگای گیرایەوە، کە بە هاوڕێیەتی جێگری بریکاری وەزارەت 'تافەت گونەش'ەوە ســـەردانەکانی ئەنجام دەدا. پەکەکە لە لایەن ئەم کەســـایەتیانەوە نوێنەرایەتی دەکرا؛ ســـــابیت ئۆک، ئەندامی پلەباڵای پەکەکە؛ موســـــتەفا کاراســــو، فەرماندەی سـەربازیی و ئەندامی پێشـووی ئەنجومەنی سـەرۆکایەتی پەکەکە؛ وە زوبەیر ئایدار، کە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کەجەکەی دەکرد لە برۆکسل. پێشکەوتنی بەرچاو لە میانی پێنج کۆبوونەوەدا بەدەست هاتن.

پرۆســـــەکەی ئۆســــلۆ دەبوایە بەنهێنی بێت. هەرچۆنێک بێت، تۆمارە دەنگیەکی پەنجا خولەکی لە کۆبونەوەکەوە درەی کرد بۆ 'ئاژانســــــی دیجلە بۆ دەنگوباس' وە لە

١٢ی ئایلولی ٢٠١١دا بڵاوکرایەوە.(٦٣) ئەردۆگان پەکەکەی تاوانبار کرد بەدزە کردنی تۆمارە دەنگیەکە. "ئەگەر ئاژانسی هەواڵگریی گفتوگۆی نهێنی لەگەڵ پەکەکەدا ئەنجام بدایە، شتێکی دروست نەبوو ئەو قسانە وەک بەڵگەنامە دزە بکەن". دزەکردنی ناوەڕۆکی پرۆسەی ئۆسلۆ ڕەنگە نیازی گواستنەوەی گفتوگۆکان بووبێت بۆ ئیمراڵی، لەژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئۆجەلان. ئەمە بووە هۆی ناچارکردنی حکومەت بۆ ئاسانکاری گفتوگۆکان.

پرۆسەی ئۆسلۆ نەخشەڕێگایەکی دروستکراو بوو بۆ ڕێکخستنی ئەجێندای گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لە نێوان حکومەتی تورکیا و ئۆجەلاندا. زوبەیر ئایدار، داوای گفتوگۆی ڕاستەوخۆی کرد لە لەگەڵ ئۆجەلان. "ئەو سەرۆکی بزوتنەوەکەمانە و گرنگترین کەسە بۆ گفتوگۆکردن. دەرگای زیندانی ئیمرالی دەبێت بکرێتەوە. ناکرێت حکومەت گفتوگۆ لەگەڵ ئێمەدا بکات و ئۆجەلانیش لە زینداندا بهێڵرێتەوە.(٦٤) مورات قەرەیالان، ڕوونی کردەوە کە کۆبوونەوەکان لە ئۆسلۆ و ئیمرالی بەشێوازێکی تەواوکاریی پەرەیان پێدرا.(٦٥) ئەویش داوای ئازادکردنی ئۆجەلانی کرد. بە یاساییکردنی پەکەکە و ڕێگا پێدانی کە وەک پارتێکی سیاسی کاربکات، ڕێگای بە ڕێبەرەکانی دەدا-ئۆجەلان، قەرەیالان، جەمیل بایک- کە بە ئازادانە بەژداری لە سیاسەتدا بکەن.

هەرچۆنێک بێت، ئەردۆگان وشیار بوو لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئۆجەلان و بەدەپە، کە لە هەڵبژاردنە گشتیەکانی ١٢ی حوزەیرانی ٢٠١٢دا، سی کورسی بەدەست هێنابوو. چەند وێنەیەک دەرکەوتن کە ئەندامانی 'بەدەپە'ی لە ناوچە دوورە دەستەکانی شەمدینلی دەردەخست باوەش و دەستلەملانێ لەگەڵ چەکدارانی پەکەکەدا دەکەن. ئەردۆگان پرسی، " بۆچی ئێمە گفتوگۆ لەگەڵ کەسانێک بکەین کە پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ ڕێکخراوێکی تیرۆریستیدا هەیە؟ دایکی ئەو سەربازانەی لە لایەن پەکەکەوە کوژراون چی ئەنجامدەدەن لە بەرامبەرم کاتێک من لە سەر هەمان مێز دانیشتووم لەگەڵ ئەو کەسانەدا؟ ببورن، بەڵام فرمێسکەکانی چاوی شەهیداکانمان زۆر بە

نرخترن". (٦٦) ئەردۆگان داوای لە پەکەکە کرد کە ئاگربەســـت ڕابگەیەنێت. "ســـەرەتا، ڕێکخراوە تیرۆرستیەکە پێویستە چەک دابنێت. تا ئەو کاتەی ئەم کارە نەکەن، نە ئەم پرۆسەیە پیشدەکەوێت وە نە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان کۆتاییان دێت." (٦٧)

ئۆپۆزســـیۆن ڕەخنەی لە حکومەت گرت بە تاوانی "فێڵ کردن لە میللەت" وە گفتوگۆکانی لەگەڵ پەکەکە شـــەرمەزار و مەحکوم کرد. داواکاری گشـــتی حکومەت دۆســـیەیەکی لێکۆڵینەوەی کردەوە، وە داوای لە هاکان فیدان کرد بێتە بەردەم دادگا. ئەردۆگان دژی ئەم کارە وەستایەوە، "درۆیەکی ئاشکرایە کە سەرکردایەتی (MIT) هیچ بەڵێنێکیان لە ئۆسلۆ بە پەکەکە دابێت. هیچ جۆرە تۆمارێکی نوسراو نیە بۆ سەلماندنی ئەمە. ئەوان تەنیا بەشێوەی زارەکی سەبارەت بە کێشەکان قسەیان کردووە". ئەردۆگان بەرپرسیاریەتی تەواوی خستە ئەستۆی خۆی، "من تاکە کەسم کە سەرانی دەزگای هەواڵگریم ناردۆتە ئیمرالی و ئۆسلۆ. بۆچی؟ جەنگێک لە دژی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بوونی هەیە. ئێمە دەبێت لەو جەنگەدا سەرکەوتوو بین". بەگوێرەی وتەکانی ئەردۆگان، "داواکاری گشتی هەوڵیدا بۆ ئەوەی هێڵەکە ببەزێنێت، وە ویستی دەست لە کاروباری جێبەجێ کردنەوە هەڵبوقورتێنێت... ئەگەر ئەوان بۆ لێپرسینەوە بانگی 'فیدان' بکەن، ئەوە بانگهێشتکردنی منە". (٦٨)

پرۆسەی ئیمرالی جەمسەری گرت. لە بەرواری ٢٧ی حوزەیرانی٢٠١١دا، حکومەت پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئۆجەلاندا هەڵپەسارد وە سەردانەکانی پارێزەر و ئەندامانی 'بەدەپە'ی بلۆک کرد. هەروەها پرۆسەی ئۆسلۆش هەڵپەسێردرا. دەستگیرکردنی تا سێ هەزار ئەندامی کەجەکە بە تاوانی تیرۆر و بابەتی لەم جۆرە، کە چەندین چالاکوانی بەدەپەی تیادا بوو، متمانەی گفتوگۆی کەم کردەوە. ئەندامانی کەجەکە لەژێر ڕۆشنایی [ماددەی ٣١٤]ی یاسای سزادانی تورکیادا بە ئەندامبوون لە ڕێکخراوێکی نایاساییدا تاوانبارکران. 'مورات قەرەیەلان' ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە، "ئۆپەراسیۆنەکانی کەجەکە هۆکاری سەرەکی بوون کە گفتوگۆکان بەبێ ئەنجامێکی ئەرێنی کۆتاییان هات". (٦٩)

ڕووداوی 'ئولودەر'ی[1] ٢٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠١١، کە تیایدا سی و چوار گوندنشین لە هێرشێکی ئاسمانیدا کوژران بە بیانونی تێکەڵکردنیان لەگەڵ چەکدارانی پەکەکە، زیاتر متمانەکەی لاواز کرد.

*****

ئەردۆگان فەرماندە سەربازییەکانی بە نەخشەی کودەتایەک لە ڕێگای پیلانێکی نهێنی کە پێی دەوترا 'ئەرگەنەکۆن'، تاوانبار کرد. لێکۆلینەوەکە ئەفسەرە خانەنشینەکان و چالاکیەکان، نوخبەی عەلمانی، وە هاوپەیمانەکانیان لە دەسەڵاتی دادوەریدا، کردە ئامانج. نەخشەدارێژەرانی 'ئەرگەنەکۆن' گوایە هەوڵیاندەدا حکومەت لە سەر دەسەڵات لابەرن لە ڕێگای زنجیرەیەک کوشتن و تەقینەوە بۆ زیادکردنی نائارامی و پاشان وەک بەهانەیەک بۆ تێکدانی باری وڵات، ئەردۆگان لە سەر حوکم لابەرن.

لێکۆلینەوەی 'ئەرگەنەکۆن' لە حوزەیرانی ٢٠٠٧دا دەستی پێکرد، کاتێک دوو ئەفسەری پۆلیسی خانەنشینکراو بە ماددەی تەقینەوەوە دۆزرانەوە. (Hard Drive) ی کۆمپیوتەرەکانیان بە چەندین وردەکاری پیلانگێڕی لە دژی ئیسلامیزم و ئاکەپە تیادا بوو. لە ساڵی ٢٠٠٩دا، پۆلیس نەخشەیەکی سەربازیی بانگەشەکراوی ئاشکرا کرد بۆ لەناوبردنی ئاکەپە و فتح الله گولەن[2]، کە بانگخوازێکی موسڵمانە و پشتگیری

---

[1] ڕووداوەکەی گوندی 'ڕۆبۆسکێ' کە بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی بەرچاوی کۆڵبەرانی کوردی باکوور. (وەرگێڕ)

[2] محەمەد فەتحوڵڵا گولەن : ڕۆشنبیرێکی ئیسلامی و بانگەوازکارێکی تورکە، فەتحوڵڵا گولەن لە دایکبووە لە ٢٧ی نیسانی ١٩٤١ لە گوندێکی سەر بە پارێزگای ئەرزڕوم .لە ساڵی ١٩٤١دا وەک موختاری گوندەکەیان هەڵدەبژێردرێت، ئەوکات بەناوی "محمدفتح الله "ەوە ناوی تۆمار دەکات. بەم پێیەش لە سەرچاوە فەرمیەکاندا بە٢٧ی نیسانی ١٩٤١ تۆمارکراوە.

فەتحوڵڵا گولەن بە تایبەت لە دواســـی ســاڵی ١٩٩٠ هەســتا بە دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی پێشــڕەو لە گفتوگۆ و لێک تێگەیشتن لە نێوان ئایینەکاندابە میانڕەوی و دوور لە تورەبوون و گرژی، و ئەم بزوتنەوەیە لە تورکیادا ناوبانگی دەرکرد، پاشان لە دەرەوەی تورکیا . بۆ زیاتر سەلماندن و بڵاوکردنەوەی ئاشتی لە ئیسلامدا لەســەرداوای پاپا فەتحوڵلا گولەن گەیشــتە ڤاتیکان و لەگەڵ پاپادا کۆبووەوە. ئەم بزوتنەوەیە بە پێویســتی ئەزانێت بە ڕووی هەموو جیهاندا بکرێتەوە و چەندین بواری هاریکاری هەبێت لە نێوان ئیســـلام و ئایینەکانی تردا. ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو وتەی "بەدیعوزەمان سەعیدی نورسی"ە کەدەڵێت لە ئاخیرزەماندا نەک تەنها موسوڵمانان، بەڵکو دەبێت ئیسلام و هەموو ئاینەکانی تر دژی بێ دینی یەک بگرن.

فەتحولا گولەن تۆمەتبار ئەکرێت لەلایەن زۆرێک لە نەیارانەوە بە شـێوازی شـاراوەی کار کردن بە جۆرێک هەندێ ئەڵێن "کۆمەڵگاکەی گولەن وەک خێو وان، لەهەموو جێگایەک هەن و نیشن. مایەی ترسن بۆ کۆمەڵگا چونکە ئەوان کۆنترۆڵی پۆلیسیان کردوە ."لایەنگرانی گولەنیش بە شێوازێکی بەربڵاو دژی ئەم جۆرە تۆمەتانە ڕا ئەوەســـــتن. بۆ نمونە ئەم ماڵپەڕە تایبەتە بەم جۆرە کارانە و وەڵامی ئەم تۆمەتانە ئەداتەوە.. فەتحولا گولەن هەروەها تۆمەتبارە لەلایەن نەیاران و ڕەخنەگرانەوە بە ئەنجامدانی کاری ســــیخوڕی لەگەڵ دەزگا سیخوڕیەکاندا وەک سی ئای ئەی .ئەم تۆمەتە لەلایەن سەرۆکی پێشوی دەزگای سیخوڕی تورکیا (MIT) خۆیەوە خراوەتە ڕوو کە گوایە لە ســـاڵەکانی ٩٠دا لە قرغزیســـتان جێگای هەندێ ســـیخوڕی ســـی ئای ئەی کردۆتەوە لە قوتابخانەکانیدا. وە هەروەها لە لایەکی ترەوە تۆمەتبارە بە هاوکاری کردنی دەزگای سیخوڕی تورکیا خۆشی .

فەتحولا گولەن بە ئاشــکرا دژی پارتی کرێکارانی تورکیایە و دەزگای زەمان و دەزگاکانی تری هەمیشـــە پەکەکەە بە "تیرۆریســـت" ناو ئەبەن. لە کاتی دوا دانیشـــتنەکانی ئۆجەلان و تورکیا لە ٢٠١٣، گولەن ڕێکەوتنەکەی بە "پەیماننامەی حودەیبیە" شـــوبهاند، ئەمانیش وەڵام ئەدەنەوە کە گوایە مەبەســـتیان ئەوە نەبوە پەکەکەە بە کافرەکانی قورەیش بشوبهێنن

لەگەڵ ئەوەی ئامانجی بزووتنەوەی گولەن وەک لە پێناســی خۆیاندا کراوە کە دوورن لە ســیاســەت، بەڵام لە دوایین ڕووبەڕووبوونەوەکانیدا بزووتنەوەکە کەوتە بەر لێکۆڵینەوە و ئۆپراسـیۆنەکانی دژ بەگەندەڵی لەتورکیا. حکوومەتی تورکیا بەســـەرکردایەتی ئاکپارتی چەندین خوێندنگای و زانکۆی تایبەتی ســـەر بە بزووتنەوەکەی گولەی داخست. وە حکوومەتی ئەردۆغان ئەو ئۆپراسیۆنانەی ئەنجامدا بەبیانووی بوونی ئەجێندای سیاسیی لەپشــت کارەکانی کۆمەڵەی خزمەت و هەروەها ســیخوورپیکردن بەســەر تورکیاوە. ئەم پرۆســەی حکوومەتی تورکیا بەتەواوی ئەو دۆستایەتییەی پێشووی ئەردۆغان و گویلەنی لەناوبرد. لەبەرامبەردا، گویلەن لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی وال ستریت جۆرنالدا لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤ وتبووی "تورکەکان...هەست بەنیگەرانی دەکەن کە دوو ساڵە سیستەمی دیموکراسی وڵاتەکە گەڕاوەتەوە دواوە"

ئەردۆگانی دەکرد. سەرۆک ئەرکانی گشتی 'ئیلکەر باسبەگ' و ئەفسەرانی تری چالاک لەو تاوانەدا تێوەگلابوون. ئەردۆگان ئەو لێکۆلینەوەی وەک سەرکەوتنێک بۆ دیموکراسی مەدەنی بەســەر هێزە نەژادپەرســتەکان لێکدایەوە. هەرچۆنێک بێت، بۆ ســاڵی ٢٠١١ لێکۆڵینەوەی 'ئەرگەنەکۆن' بووە هۆی سزادانی ئەو کەسانەی گومانی ناپاکییان لێدەکرا بەرامبەر میریی وە بووە هۆی لەناوبردنی ڕکابەرە ســـیاســـیەکانی و بێدەنگ کردنی ڕەخنەکانی سەر حکومەت.

لە ژێر ڕۆشـنایی [ماددەی ٢٨٨]دا ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەنووس دەسـتگیرکران، کە بوونە هۆی ڕێگاگرتن لە کاریگەری دانان لە سەر بڕیاری دادگا، ئەمە بەسبوو بۆ ئەوەی نەتوانن ڕاپۆرتی لێکۆلینەوەکان بۆ ڕای گشـتی بگوازنەوە.(٧٠) ترس و خود-چاودێری لە وڵاتدا بڵاوبووەوە. لە ســاڵی ٢٠١١دا، لە تورەییدا ســەرجەم ســتافی گشــتی تورکی دەستیان لەکارکێشایەوە. بۆ ساڵی ٢٠١٢، بە هەزاران کەس لەژێر لێکۆڵینەوەدا بوون و سەدانی تریش دەسبەسەر بوون.

ئەردۆگان دەسـتی بە دەسـەڵاتەوە توند کرد.(٧١) ئەو پشـتگیری ڕای گشـتی ڕۆژ لەداوی ڕۆژ زیاتر دەبوو. لە ســـاڵی ٢٠٠٢دا، لە (٢٤, ٢٨٪) ٢ لە ســـاڵی ٢٠٠٧دا لە (٤٦, ٥٨٪)، وە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١١١دا لە (٤٩, ٩٠٪)ی دەنگەکانی بەدەســـت هێنا.(٧٢) ســەرەڕای هەڵکشــانی دەنگەکان، کورســیەکانی ئاکەپە لە پەرلەمان لە هەر سـەرکەوتنێکی هەڵبژاردندا بەرەو خوارەوە چوو-٣٦٣ کورسـی لە سـاڵی ٢٠٠٢، بۆ ٣٤٧ کورســی لە ســاڵی ٢٠٠٧، وە ٣٢٦ کورســی لە ٢٠١١. دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١١، ململانێی تونـدوتیژی لەگەڵ پەکەکەدا چڕتر بوونەوە. لەســـاڵی ١٩٩٩، لە کـاتی دەستگیرکردنی ڕێبەری پەکەکە، ئۆجەلان، توندوتیژییەکان تووندتر بوونەوە.

ئاکەپە لەکاتی ئەنجامدانی ململانێکاندا توشـــی چەندین لەمپەر بووەوە، دەیتوانی فشارەکانی سەر پەکەکە چڕ بکاتەوە، وە بە ڕێگای سەربازیی کێشەکە چارەسەر بکات.

بەڵام جێگرەوەی ئەمەش حکومەتێکی بەهێز لەژێر کۆنترۆڵی ئـاکەپە دەیتوانی بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەرێک بدۆزێتەوە. لەژێر فشاری دادگای دادی ئەوروپیدا، دادگا تیرۆری کەســی و تایبەتی هەڵوەشــاندەوە کە بەکاردەهات بۆ دادگاییکردنی ئەندامانی کەجەکە. ئەو کەیسـانە دەبردرانە دادگای تاوانە قورسـەکان کە تیایدا کاری زیاتریان دەویست، بەڵام زیاتر لەگەڵ ستانداردی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ دەگونجا. دادگای تایبەت وەک بەشـێک لە هەڵمەتی ئەنجومەن هەڵوەشـایەوە لە دژی داواکاری گشـتی و دەسـەڵاتی دادوەری بە لێکۆڵینەوە لەو گەندەڵیانەوەی لە لایەن ئەردۆگان، بنەماڵەکەی و کەسانی دەوروبەری ئەنجام درابوون. چاکسازی دادگەریی مەبەستی ئەوە بوو لە دژی حکومەت کارێک بکات، نەوەک پێگیری کردن بە دەسەڵاتی یاساوە.

بەگوێرەی وتەکانی 'ئەحمەد تورک'، "هەرگیز ناتوانین متمانە بە حکومەت بکەین. ئەردۆگان لەبارەی ئاشـتیەوە دەدوێت، لە کاتێکدا بە پەکەکە دەڵێت تیرۆریسـت". گفتوگۆکان نیازیان چەکدانانی پەکەکە و هێنانە خوارەوەی چەکداران لە شـاخ بوو. ئەوان نیازیان لە گفتوگۆکان دەربارەی ماف و حکومەتە خۆجێیەکان نەبوو.

لە حوزەیرانی ٢٠١٤دا، ئاکەپە 'پاکێجی دیموکراسی' پەسەند کرد. یاساکە بەنیازی بەردەوامیـدان بە گفتوگۆکـان لەگەڵ پەکەکە بوو، بە قەدەغەکردنی جێبەجێکردنی هەندێک لە چالاکیاکانی دەزگای هەواڵگریی تورکیا. وشـەی 'کورد' یان 'کوردی' لە هیچ لە شـەش بەشـەکەدا نەهاتبوو، ئەمەش نیگەرانیەکانی سـەر دڵسـۆزیی ئەردۆگانی زیاتر کرد. بەگوێرەی وتەی ڕێبەرێکی کەجەکە، "زۆر پاکێجی دیموکراسی بوونیان هەیە، بەڵام زۆر کەم دیموکراسی دەبینرێت".(٧٣)

# سەرچاوەکان


1. N.p., n.d. Web. 29 May 2014. <https://wwwfas.org/irp/news/1998/09/98091707_nlt.html>.
2. Ibid.
3. Ibid.
4. http://www.gpo.gov/fdsys/pkg/PLAW-105pub1338/pdfPLAW-105pub1338.pdf (Accessed May 13, 2014).
5. This section draws on “Losing Iraq: Inside the Post-War Reconstruction Fiasco.” Westview Press, 2005.
6. Graham, Bob. “SADDAM’S RING OF FIRE.” – *The Mail on Sunday (London, England).* N.p., 23 Mar. 2003. Web.22 May 2014.
7. Sissons, Miranda, and Bdulrazzaq Al-Saiedi. “A Bitter Legacy: Lessons of De-Baathifiction in Iraq.” *http://ictij.org.* Ictj, Mar. 2013. Web. 22 May 2014. <http://ictj.org/sites/default/filesICTJ-Report-Iraq-De-Baathification-2013-ENG.pdf>.
8. Ibid.
9. “Coalition Provisional Authority.” *Iraq’s Transitional Administrative Law (‘Provisional Constitution’) of March 8, 2004.* N.p., n.d. Web. 22 May 2014. <http://www.cenur.org/2004/iraq_tal.htm>.
10. Ibid.
11. Ibid
12. “Google Translate Google + 1 Button Twitter Button Facebook Button Cable Reference Id: #06KIRKUK124.” “All of Them, Those in Power, and Those Who Want the Power, Would Pamper Us, If We Agreed to Overlook Their Crookedness by Wilfully Restricting Our Activities.” – “Refus Global”, Paul-Émile Borduas.” *Cable Reference Id: #06KIRKUK124.* N.p., n.d. Web. 26 May 2014. <http://www.cablegatesearch.net/cable.php?id=06KIRKUK124>.
13. Ibid.
14. Press Release, Kurdistan Referendum Movement – International Committee. London, 8 February 2005.

http://www.aliraqi.org/forums/showthread.php?t=100978 (accessed May 6, 2014).
15. *COUNTRY OF ORIGIN INFORMATION REPORT IRAQ* (n.d.): n. pag. Home Office, Apr. 2006. Web. 22 May 2014. <http://www.justice.gov/eoir/v11/country/uk_cntry_assess/2006/iraq0406.pdf>.
16. *Ibid.*
17. Ibid
18. "Iraq Update January 28 & 29." *The agonist.* N.p., n.d. Web. 22 May 2014. <http://agonist.org/963-905/>.
19. http://www.cnn.com/2005/WORLD/meast/01/29/iraq.main/index.html?eref=sitesearch.
20. Recep Tayyip Erdogan at the Council on Foreign Relations.
21. "U.S. Energy Information Administration – EIA – Independence Statistics and Analysis." *Iraq.* N.p., n.d. Web. 26 May 2014. <http://www.eai.gov/countries/cab.cfm?fips=IZ>.
22. "U.S. Energy Information Administration – EIA – Independence Statistics and Analysis." *Iraq.* N.p., n.d. Web. 26 May 2014. <http://www.eai.gov/countries/cab.cfm?fips=IZ>.
23. 2006 Revenue Watch Institute.
24. "U.S. Energy Information Administration – EIA – Independence Statistics and Analysis." *Iraq.* N.p., n.d. Web. 26 May 2014. <http://www.eai.gov/countries/cab.cfm?fips=IZ>.
25. http://www.insightturkey.com/north-iraqs-oil-chessboard-energy-politics-and-power/posts/282.
26. "Kurdistan." *Genelenergy.* N.p., n.d. Web. 10 May 2014. <http://www.genelenergy.com/.../kurdistan-region-of-iraq.aspx.>.
27. Humeyra Pamuk and Orhan Coskun. "Turkey, Iraqi Kurdistan clinch major energy pipeline deals." Reuters. November 6, 2013.
28. http:uk.reuters.com/article/2013/11/06/uk-turkey-iraq-kurdistan-idUKBRE9A50HN20131106.
29. Turkish Daily News. "Kurdish Oil export to world 'starts in May,' Arbil and Ankara declare." May 4, 2014. http://www.hurriyetdailynews.com/kurdish-oil-export-to-world-

starts-in-may-arbil-and-ankara-declare-aspx?pageID=238&nID=65715&NewsCatID=348 (accessed May 4, 2014).
30. UPI. Iraq: 'This is war,' say Kurds in oil fight with Baghdad Feb. 28, 2014. http://www.upi.com/Business_News/Energy-Resources/2014/02/28/Iraq-This-is-war-say-Kurds-in-oil-fight-with-Baghdad-/UPI-71281393609878/#ixzz30hkbkvEa (accessed May 4, 2014).
31. "Iran, Iraqi Kurdistan Sign Energy Deal." *Iran, Iraqi Kurdistan Sign Energy Deal.* N.p., n.d. Web. 26 May 2014. <http://www.exasb.com/en/news/27268>.
32. "President Barzani on Historic Visit to Diyarbakir." *President Barzani on Historic Visit to Diyarbakir.* N.p., n.d. Web. 26 May 2014. <http://www.krp.org/english/articledisplay.aspx?id=8gFTSPTTKp8=>.

(٨)

## سەرهەڵدانەوەی سوریا

لە ١٦ی تشــرینی یەکەم ی ٢٠٠٥دا، بەیاننامەی دیمەشــق لە لایەن کورد، ئاشــووری، مەســـــیحی، عەرەب و شـــێخە خێڵەکیەکانەوە واژووکرا.(١) هاوکاریی لە نێوان لایەنە ئۆپۆزســـیۆنەکان، کە لە دژی حکومەتی 'بەشـــار ئەســـەد' وەســـتابوون، بە هۆی ڕاپەڕینەکەی قامیشـــلۆ لە ســـاڵی ٢٠٠٤دا جۆش و خرۆشـــی زیاتری وەرگرت.(٢) بەیاننامەکەی دیمەشـق شـتێکی مێژوویی بوو کە تیایدا ئەو هەموو نەتەوانە بەژداربوون بۆ داواکردنی کۆتـایی هێنـان بە تونـدوتیژی لە لایەن ڕژێمەکەی ئەســـەدەوە. لەو بەیاننامەیەدا هاتبوو، "گواسـتنەوەیەکی ئاشـتیانە و لە سـەرخۆی بەرەو دیموکراسـی و مافی یەکســـانی هەموو هاوڵاتیان لە ســـوریایەکی عەلمانی و پڕ ســـەروەریدا" ئەنجام بـدرێـت.(٣) کورد مـافی هـاوڵاتیبوون، پوچەڵکردنەوەی بـاری لەنـاکـاو وە چەنـد چاکســـازییەکی تر لە بەکارهێنانی زمانی کوردی و مافی ئازادی کۆبوونەوەیان، لە داواکاریە سەرەکیەکانیان بوون. هەندێک لە پارتە کوردیەکان ڕەتیان کردەوە بەیاننامەی دیمەشق واژوو بکەن چونکە سەرجەم مافەکانی دابین نەکردبوو. ئەوان داوای دانپیانانی دەستووریان دەکرد وەک گەورەترین کەمە نەتەوە لە سوریادا.

بۆ هاوســۆزیی دەربڕین و پەیوەندیکردن بە براکانیانەوە، دەنگی ناڕەزایی کورد لە هەولێر و دیاربەکر بەرزبووەوە و خەڵک ڕژانە سەر شەقام. ڕاپەڕینەکە یەک هەفتە دوای پەسـەندکردنی یاسـای کارگێڕی کاتی گواسـتنەوە (TAL) لە لایەن عێراقیەکانەوە لە ٨ی ئازاری ٢٠٠٤دا، سەریهەڵدا. وەکو دە ستوورێکی کاتی بۆ عێراق، ئەم یا سایە ئاماژەیەک بوو بۆ بەرەوپێشـچوونی دۆزی کورد؛ لە گشـت شـوێنەکاندا ئیلهامی بە کورد بەخشـی. کاتێک یاســای کارگێڕی کاتی گواســتنەوە (TAL) ڕاگەیەنرا، کورد لە ســوریا و هەموو ناوچەکەدا ئاهەنگی شـــادییان گێڕا.(٤) کوردانی ســـوریا دەیانویســـت هەمان شـــت

بەدەسـتبهێنن کە براکانیان لە کوردسـتانی عێراقدا بەدەسـتیان هێنابوو. ئەم نائارامییە بووە هۆی بەرەنگاربوونەوەیەکی مەترسـیدار بۆ دیمەشـق. ئەسـەد فەرمانیدا کە هێزی زیاتر لە ناوچە کوردیەکاندا بڵاوبکرێنەوە و لەو پەڕی ئامادەباشیدا بن.

ڕژێم هەوڵیدا ئۆپۆزسـیۆن نەفەس بڕ بکات بەکردنە ئامانجی ڕێبەرەکانیان. شـێخ مەعشـوق الخزناوی، کەسـایەتی دیاری سـوفی ئایینی و ڕەخنەگری لێهاتوو لە جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینیەکانی ڕژێم، لە بەرواری ١٠ ئایاری ٢٠٠٥دا ون بوو.(٥) ونبوونەکەی لە لایەن کوڕەکەیەوە، شێخ مراد خەزناوی، چاوەڕوانکراو بوو: "هەواڵگری سوریا ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتبوو ئەو... دەبێت بوەسـتێنرێت. ئەوان وتیان کە شـۆڕشـێک دەسـتپێدەکات".(٦) کاتێک لاشـەی 'خەزناوی' بۆ خانەوادەکەی گەڕێنرایەوە، پاشـماوەی وەحشـیگەریی و دڕندەیی ئەوان لە سـەر جەسـتەی بەڕوونی دەبینرا. کوڕی 'خەزناوی' داوای لێکۆڵینەوەیەکی کرد، بەڵام هەر ئەوکات دە ستگیرکرا. لە وەڵامدا، دە هەزار کورد بۆ ناڕەزایی دەربڕین و خۆپیشاندان ڕژانە سەر شەقامەکانی قامیشلی. پۆلیس بە لێدان وەڵامی خۆپیشـاندەرە ئاشـتیخوازەکانی دایەوە. دوکان و شـوێنە بازرگانیەکانی کوردان کرانە ئامانج وە سـوتێنران. سـەپاندنی توندوتیژی بوو بە یاسـای ڕۆژانە. کاتێک کورد خۆپیشـاندانی لە دیمەشـق ئەنجامدا بۆ شـەرمەزارکردنی دەسـتبەسـەرداگرتنی بەڵگەنامەکانی ناسـنامەی کورد لە لایەن ڕژێمەوە لە سـاڵی ٢٠٠٦دا، ئەوان لێیاندرا و بڵاوەیان پێکرا.

کۆنفرانسـێک بۆ کوردانی سـوریا لە ١٣ی ئازاری ٢٠٠٦ لە واشـنتۆن ئەنجامدرا.(٧) بەژداربووەکان بەیاننامەیەکی سـیانزە خاڵییان دەرکرد، لە سـەرووی هەموویانەوە خەباتکردن بوو بۆ مافی کورد لە سـوریا. هەروەها لە سـەر ئەو ڕێککەوتن هەوڵەکانیان لە دەزگایەکدا کۆبکەنەوە بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەتر کە لە ڕێکخراوە ناحکومیە کوردیەکان (NGO)، پارتی سـیاسـی، وە چالاکوانە سـەربەخۆکان پێک بێت. هەندێک لە لایەنە کوردیەکان کاریان لە سەر مەسەلە فەرهەنگیەکان دەکرد، وەک ئازادکردنی زمانی

کوردی لە پەروەردە و بە یاســــاییکردنی بۆنەی نەتەوەییەکانی وەک نەورۆز. ئەوانی تر زیاتر جەختیان لە سەر مافە سیاسیەکان دەکردەوە. ئەوان داوای دانپیانانی کورد وەک کەمینەیەک لە سوریا دەکرد، بێگومان ئەمەش سەرەڕای مافە فەرهەنگی و سیاسیەکان. ســـەرەڕای جیاوازیەکانیان، ســـەرجەم کوردەکان لە یەک ئامانجی ســـەرەکیدا هاوبەش بوون: مافی سیاسی و فەرهەنگی هاوڵاتیبوون.

دیمەشــــق هەوڵیدا لێکترازانی کورد بەکاربهێنێت و کۆبوونەوەکەی دواتر کە پلانی بۆ دانرابوو لە برۆکســـل لە مانگی ئایاردا تێک بدات. جێگری ســـەرۆکی ســـوریا، نەجاح العتار، ئەوەی بە کورد ڕاگەیاند کە ڕژێمی ســــــوریا زیاتر میانڕەوە لە وانەی کە لە کۆنفرانســـی واشـــنتۆندا بەژداربوون. ئەم پەیوەندیە لە مێژوودا شـــتێکی بێ وێنە بوو. هەروەها هەوڵێکی فێڵبازانە بوو بۆ وازهێنانی کورد لە بەژداریکردن لە کۆنفرانســــــی برۆکســـلدا. لەکاتی هەوڵدان بۆ گومانکردن لە هاوکاریەکانی کورد، ڕژێم فشـــارەکانی بۆ ســـەر کورد زیاتر دەکرد بە زیندانی کردنی ســـەرکردە دیارەکانی.(٨) بەســـەرکردایەتی دکتۆر شـــێرکۆ عەباس، ئەنجومەنی نیشـــتیمانی کوردســـتانی ســـوریا دامەزرێنرا لە کۆنفرانســـی برۆکســـــل بۆ بەرزکردنەوەی وشـــیاریی نێودەوڵەتی ســـە بارەت بە چەرمەســــەریەکانی کورد لە ســـــوریادا. عەباس و ئەندامانی کۆمیتەی جێبەجێکاری ئەنجومەن لەگەڵ بەرپرســـانی ئەمریکا، ئەندامانی کۆنگرێس، بڕیار بەدەســـتەکان لە ســـەردانێکدا بۆ واشـــنتۆن لە ئایاری ٢٠٠٦دا گفتوگۆیان کرد. عەباس پشـــتگیری لە ئەجێندای دیموکراســی بۆ ســـوریا کرد. ئەو پێشـــوازی لە دەوڵەتێکی فیدڕاڵ کرد، کە تیایدا هاوشێوە مۆدێلی دەسەلاتی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق بێت. سەرەڕای داواکردنی مافەکانی تاک، ئەو چەند ڕێوشـوێنێکی پێشـنیار کرد بۆ پاراسـتن و پەرەپێدانی مافی کەمینەکان لە سوریادا.(٩)

ئەنجومەنەکە لە واشنتۆن گوێگری باشی دۆزیەوە کە بە بۆچوونی ئەوان قاییل بن. پرۆژەی سەدەی نوێی ئەمریکا (New American Century) لە لایەن پارێزکارە نوێیەکانە

و (Neo-Conservatives) له نەوەدەکان دامەزرابوو. ئەو لایەنە نەخشەی لە ناوبردنی پارتە بەعسیەکانی عێراق و سوریا، نەهێشتنی سەدام لە سەر دەسەڵات و لادانی ڕژێمەکەی ئەسەد کردبووە ئامانج. هەرچەندە عێراق و سوریا دوو دەوڵەتی جیابوون، بەڵام هەردووکیان هاوبەش بوون لە ئایدۆلۆژیای بەعسی. کۆنسێرڤاتیزمی نوێ وەک فۆرمیکی فاشستی لە بیری هەڵاوێردنی عەرەب سەیری بەعسیزمی دەکرد. ئەوان باوەڕیان وابوو کە گۆڕینی ڕژێم لە عێراق و سوریادا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی دیموکراسی و لایەنگیری ڕۆژئاوا لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*****

ئەسەد ڕێکارە یاسایی و شەرعیەکانی گرتەبەر بۆ ئەوەی فشار لە سەر کوردەکان دروست بکات، کە ئارەزوکەنیان هەڕەش بوون بۆ سەر دەسبەسەردا گرتنی تەواوی دە سەڵات. بڕیاری ژمارە [٤٩] لە بەرواری ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨دا پە سەند کرد. ئەم بڕیارە داوای ڕەزامەندی حکومەتی دەکرد لە فرۆشتن و تاپۆکردنی زەوی لە ناوچە سنووریەکانی سوریادا. بە سەرکردایەتی کردنی سەندیکای بازرگانی لە لایەن 'موحەمەد تالب هیلال'ەوە، ئەو کوردانەی لە سەر سنووری عێراق و تورکیادا دەژیان ئامانجی سەرەکی بوون. بڕیارە ژمارە [٤٩] شێوازێک بوو لە سڕینەوەی کەمە نەتەوەکان، کە بە شێوەیەکی کاریگەرانە دانیشتوانی سەر سنوورەکانی لەماڵەکانیان دەردەکرد. ئەمە کێشەکەی بۆ کوردەکان ئاڵۆزتر کرد کە پێشتر لێیان قەدەغە کرابوو موڵکەکانیان بگوازنەوە یاخود بەجێی بهێڵن بۆ میراتگرەکانیان. هەروەها کاریگەری ماددیشی هەبوو بە نکۆڵیکردن لە بژێوی کوردە جوتیار و ماڵدارەکان.(١٠) بڕیاری ژمارە [٤٩] لە کاتی وشکەساڵیدا دەرچوو، ژمارەیەکی زۆری کوردی ناچار کرد کێڵگە و لادێکانیان، خاکی باب و باپیرانیان جێبهێڵن بۆ گەڕان بەدوای کار لە دیمەشق.

تالب هیلال پێی دەوترا 'خاوەن عەقلی بەعەرەبکردن' لە ســــاڵی ١٩٦٣دا، ئەو پەرتوکێکی بەچاپ گەیاند لەژێر ناونیشــــانی "لێکۆلینەوەیەک لە ناوچەکانی جەزیرە لە ڕووی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە". (١١) پەرتووکەی هیچ نەبوو جگە لە پیلانێکی ئەمنی بۆ بچووککردنەوە و لەناوبردنی کوردەکانی ســـوریا.[١] پێشـــنیازی قەدەغەکردنی

---

[١] سیاسەتی تەعریب کردن لەکوردستانی ڕۆژئاڤا، سیاسەتێکی کۆنە، لەگەڵ ئەوەی کە سوریا سەربەخۆیی بەدەستهێنا لەساڵی ١٩٤٦و حکومەت کەوتە دەست حکومەتێکی عەرەبی لەسوریاو فەرەنسییەکان وڵاتەکەیان بەجێهێشت، ئەم سیاسەتە دەستی پێکرد، ئەنجامی ئەم سیاسەتە ئەوە بوو کە لەوکاتەدا ئەفسەرێکی سوری بەناوی محەمەد تالب هیلال پێشـنیازی دروسـتکردنی پشـتێنەیەکی عەرەبی کرد و لەناو پێشـنیازەکەشـیدا دەرکردنی کورد و نیشـــتەجێکردنی عەرەب بوو لە شـــوێنیان لەناوچە کوردســـتانییەکان، ئەو ســـیاســـەتە لەسەردەمی حکومەتی نیشتمانیی سوریادا دەستپێکرد و لەکاتی حوکمڕانی قەومییەکاندا، توندتربوو، لەگەڵ هاتنەســەر کاری حزبی بەعســیشــدا ئەو ســیاســەتە بوو بەبەشــێک لەســیاســەتی بێبەشــکردنی گەلی کورد لەمافەکانی لەخاکی خۆی و بڕیاردان لەچارەنووســی خۆی، ئەو ســیاســەتەش درێژەی کێشــا بە بێبەریکردنی هەزاران کورد لەناسنامە، نیشاندانی ئەوەی هەر کوردێک لەسوریا دەژین، ئەوە لەو کوردانەن کە لەسەردەمی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیراندا رایانکردووە. لەکاتێکدا ئەو بەشە لەخاکی کوردستان، لەگەڵ کوردستانی عیراق و تورکیا پێشـــتر بەشـــێک بوون لەدەوڵەتی عوســـمانلی، بەڵام بەشـــێکی دانەبڕاو نەبوون لەخاکی کوردستان.

دوازدە خاڵە پیشنیارکراوەکەی تالب هیلال ئەمانەی خوارەوە بوون:

1. ڕاگواستنی کوردەکان لە خاکی خۆیان و گواستنەویان بۆ ناوەڕاستی وڵات.
2. قەدەغەکردنی پەروەردە.
3. ڕادەستکردنی ئەو کوردانەی لەلایەن تورکیاوە داواکرابوون بۆ حکومەتی تورکیا.
4. قەدەغەکردنی ئەگەری دامەزراندن لە دەزگاکانی حکومەتدا.
5. هەڵمەتی بانگەشەی دژە-کورد.
6. دەرکردنی زانا ئایینیە کوردەکان و هێنانی عەرەب لە جیاتی ئەوان.
7. پەیڕەوکردنی سیاسەتی' پەرتکە و زاڵبە' لە دژی کورد.
8. داگیرکردنی خاکی کوردەکان لەلایەن عەرەبەکانەوە.
9. بەسەربازیکردنی 'باکووری پشتێنەی عەرەب' و دەرکردنی کورد لەو ناوچانەدا.

پەروەردە و کاری بۆ کوردەکان کرد. تا عەرەبەکان لە هاولاتیبوون بێبەشـــکران و قســـەکەرە ناعەرەبەکان مافی دەنگدان و پۆســـتی حکومیان لێ قەدەغە دەکرێت.(١٢) کوردە 'داواکراوەکان' ڕادەســـتی تورکیا دەکرێن. ئەو کاریگەرییەکی بەهێزی لە ســـەر سەرۆکی سوریا، حافز ئەسەد، هەبوو. لە ساڵی ١٩٧٦ ئیلهامی بە حافز ئەسەد بەخشی بۆ دامەزراندنی پشـــتێنەی عەرەب، کە خاکی باب و باپیرانی هاولاتیانی کوردی لە ســـەندنەوە. هەروەها ئەســـەد قەدەغەکردنێکی زۆر توندی لە ســـەر بەکارهێنانی زمان و دەربڕینی کوردیدا چەسپاند.(١٣)

تالب هیلال دانەری بیرۆکەی هەڵمەتی پروپاگەندەی نەژادپەرستی دژە-کوردی بوو. وەک بەرپرسی ئاسایشی ناوخۆ لە حەسەکە، ئەو بەم شێوەیە وەسفی کوردی کرد، "کوردی زمانێکی لێڵە و تێنەگەیشـــتراوە کە بەکاردیت بۆ شـــاردنەوەی خیانەت و نەخشەی جوداخوازەکان".(١٤) ئەو نوسی، "دەنگی زەنگەکانی جەزیرە و وشیارکردنەوەیە و بانگێکە بۆ ویژدانی عەرەب بۆ پاراســـتنی ئەم ئایینە، بۆ ئەوەی پاکی بکاتەوە لە هەموو پیســـی و خڵتەی مێژوو. بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە، دەتوانرێت داهات و سـامانێکی باشـمان بۆ دابین بکات، شـانبەشـانی ناوچە عەرەبیەکانی تر. دۆزی کورد، ئێســـتا کە کوردەکان خۆیان ڕێک دەخەنەوە، پەتایەکی خەراپە کە لەناو بەشـــێک لە جەســـتەی نەتەوەیی عەرەب گەشـــەی کردووە. تاکە چارەســـەر کە ئێمە بتوانین بە شێوەیەکی باش ئەم پەتایە لەناو بەرین بریتییە لە بنبڕکردنی".(١٦)

هەر زوو دوای پەسەندکردنی بڕیاری ژمارە [٤٩]، دەستی کرد بە بەش بەشکردنی و دووبەرەکی خســـتنە ناو ســـیاســـەتی کوردی. ئەو هیوای خواســـت گەشـــە بە لایەنە

---

10. دروستکردنی 'کیڵگەی بەکۆمەل بۆ دانیشتوانە تازەکانی عەرەب لەو ناوچانەدا.
11. قەدەغەکردنی مافی دەنگدان یان گرتنە دەســـتی هەر پۆســـتێکی حکومەت لەلایەن ئەو کەســـانەی کە هیچ زانیاریەکیان نیە سەبارەت بە عەرەب.
12. نکۆڵیکردن لە هاولاتیبوون بۆ هەر ناعەرەبێک کە دەیەویت لەو ناوچەیەدا بژیت.

کوردیەکانی لایەنگیری ڕژێم بدات لە بەرامبەردا مافی هاوڵاتیبوونیان پێ بدات. پلانی کۆبوونەوەیەک لە نێوان ئەســـــەد و ســــــەرۆک هۆزە کوردیەکـان دانرا، بەڵام دواتر هەڵوەشایەوە.(١٧) لەجیاتی ڕاستەوخۆ بەژداریکردن، ئەسەد پشتی بە 'عیسام بەغدی، بەســت، پارلەمانتاری پێشــوو، وەک کەســایەتیەکی متمانە پێکراو. لە ســاڵی ٢٠٠٩دا، بەغدی پەیوەندی بە 'عبدالحکیم بەشــار' کرد، ســکرتێری بەرەی دیموکراتی کوردی، کە نوێنەرایەتی هاوپەیمانێتیەکی نۆ پارتی چەپگەرای کوردی ســــــوریی دەکرد. بەغدی ئەگەری گفتوگۆکانی نێوان بەرەی دیموکراتی کوردی دیمەشـــــقی خســــتە بەرچاو. ئەو بەدوای بۆچونی بەرەی دیموکراتی کوردی لە سەر یەکگرتوویی خاکی سوریا، بەردەوامی ڕژێمی ئەسەد و بەیاننامە دیمەشقدا دەگەڕا. هەروەها زانیاری دەویست لەمەڕ پەیوەندی نێوان پارتە کوردیەکان لە سوریا و هاوشانەکانیان لە عێراق و تورکیادا.(١٨)

ســوریا پەناگەی هاوســۆزانی ســەدام و ئەو بەعســیە عێراقیانەی لە ســاڵی ٢٠٠٣دا هەڵاتبوون، بوو. ئەوان دووبارە لە سەر خاکی سوریا یەکیان گرتەوە و پاشان دەستیان کرد بە یاخیبوون بە پارە، چەک و شــەڕکەر لە ســوریاوە بەرەوە عێراق. لە بەرامبەردا، ناســەقامگیری عێراق بەرەو ســوریا بڵاوەی کرد. تەنگژەکانی نێوان گروپە کەمینەکان و تایەفەگەراکانی خەراپتر کرد. ئێران ڕۆڵێکی دوو لایەنانەی گێڕا، خۆی لەگەڵ ئەســەد و عەرەبە ســوننەکان لێکدا بۆ پشــتگیری عێراقیەکان لە بەردەوامبوون لە خەباتیان دژی داگیرکاریی ئەریکا لە عێراق. هێزەکانی 'قودس'ی ئێرانی سەرنجیان لە سەر بەرژەوەندی سەرەکی تەهران بوو: پاراستنی ڕێڕەوێک بەناو 'هیلالی شیعی' لە بەسراوە بۆ تەهران، دیمەشق و بەیروت. ئەو ڕێڕەوە دەروازەیەکی گرنگ بوو بۆ ناردنی چەک بۆ حزب الله و گروپەکانی تری دژە خۆرائاوایی و زایۆنیستی.

بە ئیلهام وەرگرتن لە شۆڕشەکانی تونس و میسر، لە بەرواری ٤ی شوباتی ٢٠١١ ســوریا 'ڕۆژی تورەیی' ڕاگەیاند. ڕووداوەکانی 'دەرعا' پروشــکێک بوو کە ئاگری ناڕەزایی بڵاوکردەوە، وە بووە هۆی هەڵگیرســـانی ئاگرێکی گەورەی ســـەرتاســـەری.(١٩) لە یەکی

ئازاری ۲۰۱۱دا، بەلایەنی کەمەوە پانزە گەنج بە تاوانی دروســـتکردنی دروشـــمی دژە-حکومەت لە سـەر دیواری قوتابخانەکانیان دەسگیرکران. دوای بڵاوبوونەوەی ئاژاوەکە، وەڵامە توندەکەی حکومەت دەیان کوژراوی لێکەوتەوە. شـــتێکی نەبیســـتراو بوو بۆ خەڵکی سوریا لایەنێک هەبێت و دژی ڕژێم بووەستێتەوە. ڕووداوەکان لە 'دەرعا' دیواری ترسی هاولاتیانی ڕوخاند، ئیلهامی بە سوریەکان بەخشی بۆ وەستانەوە لە دژی ستەم و زۆرداریی ڕژێم.(۲۰)

ئەسەد لە ۳۰ی ئازاری ۲۰۱۱دا وتارێکی بۆ چل و پێنج خولەکی بۆ خەڵکی سوریا پێشکەش کرد. لەگەڵ سەرهەڵدانی توندوتیژی کوشندە لە سەرتاسەری وڵات، ئەو بە ناڕاســتەوخۆ دانی بە هەڵەکانیدا نا و باســی چاکســازیی کرد. دوای چەند هەفتەیەک، ئەســەد هەنگاوی جیاکردنەوە و قاییلکردنی ڕکابەرەکانی نا، وە جەختی لە ســەر کورد کردەوە. ئەســەد باســی لە مەســەلەی هاوڵاتیبوونی کوردەکانی کرد. لە ۷ی نیســانی ۲۰۱۱دا، بەڵێنیدا کە مافی هاوڵاتیبوونی ســـوریی بدا بە نزیکەی (۲۲۵, ۰۰۰) کورد.(۲۱) کورد لەم هەنگاوە دوو دڵ بوون. ئەســـەد لە ئایاری ۲۰۱۱دا هەمان بەڵێنی دابوو، بەڵام نەیخســـتە بواری جێبەجێ کردنەوە. زۆربەی ئەو کوردانەی کە بەر ئەو بڕیارە کەوتن لە بنەڕەتدا خەڵکی حەســەکە بوون، بە هاوڵاتی بیانی لەقەلەم درابوون و ماڵ و هاوڵاتیبوونیان لە ساڵی ۱۹٦۲دا لێ سەنرابووەوە. بڕیارەکەی نیسانی ۲۰۱۱ باسی چارەنووســی (۷٥, ۰۰۰) کوردی تری تۆمارنەکراوی نەکرد کە هەموو بارە یاســاییەکانیان بە بڕیارەکەی ۱۹٦۲ لێ زەوتکرابوو. لە کۆتاییدا، تەنیا نزیکەی (٦, ۰۰۰) کورد لەلایەن دەوڵەت لە سوریا کارتی ناسنامەیان پێ بەخشرا.(۲۲)

هێمنکردنەوەی کورد بەشـــێک بوو لە هەوڵێکی فراوانتر بۆ کپکردنەوەی ئەو یاخیبوانەی سەرتاسەری وڵاتی گرتبووەوە. لە ۲۰ی نیساندا، ئەسەد باری نائاسایی چل و هەشت ساڵەی هەڵگرت و دادگای باڵای ئاساییشی وڵاتی هەڵوەشاندەوە. ئەو ڕوونی کردەوە، "مافی خۆپیشـــاندانی ئاشـــتیانە وەک یەکێک لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ لە

دەســــتووری ســــوریادا چەســــپاوە".(٢٣) ئەو دامەزراندنی پارتی نوێی ئازاد کرد. بۆ پشـــتگیری وەرگرتن لەناو عەلەویەکانی داڕێژەری دەســـتوور، ئەســـەد بەرزکردنەوەی موچەی فەرمانبەرانی میریی ڕاگەیاند. بەڵام دانپیانانەکانی ئەم بڕیارە درەنگ کەوتە بواری پراکتیکیەوە. گروپە ئۆپۆزســیۆنەکانی ســوریا، لە ٢ی تشــرینی یەکەمی ٢٠١١دا ئەنجومەنی نیشتیمانی سوریایان دامەزراند. ئەو ئەنجومەنە گۆڕینی ڕژێمی دوپاتکردەوە بۆ نیزامێکی دیموکراسی لەو وڵاتەدا.

*****

دوای گرتنەدەســـتی دەســـەڵات لە لایەن 'ئاکەپە' لە ٢٠٠٢دا، ســـەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و ئەسەد پەیوەندی تاکەکەسی بەهێزیان بنیادنا. دبلۆماسیەتی ئابووریی تورکیا لە یەک ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە ســـوریا پێکهاتبوو. وەزیری دەرەوەی تورکیا پێشـــنیاری ڕێککەوتنی بازرگانی ئازادی کرد کە پەیوەندیە بازرگانیە دوو قۆڵیەکانی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە دەگەیشـــتە پێنج ملیار دۆلار.(٢٤) شـــاری غازی عەنتاب بوو بە وێســـتگەی ســـەرەکی ســـوورییەکان بۆ کڕینی کەلوپەلی بەکارهێنان. ئەردۆگان و ئەســـەد ناکۆکیەکانی سنووریان لە سەر پارێزگای 'هاتای' تورکیا و ئەسکەندەریە لە سوریا، کە مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ ســاڵی ١٩٣٨، چڕتر بووەوە کاتێک ســوریا لە ســاڵی ١٩٤٦ ســـەربەخۆیی بەدەســـتهێنا، گفتوگۆ کرد.(٢٥) وەک ڕێکارێکی پێشـــکەوتنی پەیوەندی دۆســـتانەی هەردوو وڵات.(٢٦) ئەســـەد لە ســـاڵی ٢٠٠٤دا ســـەردانی تورکیای کرد. ئەوە یەکەم جار بوو لە ماوەی ٦٨ ساڵدا سەرۆکی حکومەتی سوریا سەردانی ئەنقەرە بکات. ئەسەد دووبارە لە ساڵی ٢٠٠٧ سەردانی ئەنقەرەی کرد و بەڵێنیدا کە فشارەکانی سەر پەکەکە چڕتر بکاتەوە. نزیکەی دوو ســەد کوردی ســوری لە قامیشــلی خۆپیشــاندانیان ئەنجامدا، بەڵام هێزە ئەمنیەکانی حکومەت بە بەکارهێنانی گازی فرمێسک ڕژێن بڵاوەی بە خۆپیشاندەران کرد. لەم ڕووداوەدا کەسێک کوژرا و چواری تریش بە سەختی بریندار بوون.(٢٧)

له ئازاری ٢٠٠٨دا، هێزەکانی ئاســـاییش تەقەیان له ئاهەنگێڕه کوردەکانی نەورۆز کرد و ســـێ هاوڵاتیان کووشـــت. له ٧ی تشـــرینی یەکەمی ٢٠١١دا، مەشـــعەل تەمۆ، ســـــەرۆکی پارتی بزووتنەوەی داهاتووی کورد، له لایەن بەکرێگیراوێکی دەمامکدار له باڵەخانەکەیدا کوژرا. هێزه ئەمنیەکانی ســوریا بەبێ جیاوازی دەســتڕێژی گوللەی کردە سەر پەنجا هەزار کورد که له ڕۆژی دواتردا بەژداری مەڕاسیمی بەخاکسپاردنی ببوون. پێنج کەس کوژران و کۆمەڵێکیش بریندار بوون. کوڕەکەی، فارس تەمۆ، کوردەکانی هاندا که ڕاپەڕن، "کوشتنی باوکم دوایین بزمار بوو له دارە مەیتی ڕژێمی درا. ئەوان به کوشتنی باوکم هەڵەیەکی گەورەیان کرد".(٢٨)

به چالاکبوونی تەواوی یاخیبوانی ســـوریا، ئەردۆگان و ئەســـەد ســـەبارەت به گفتوگۆکانی زیادبوونی گرژی و ئاڵۆزیەکانی ســەر ســنووری تورکیا دووبارە چاویان به یەکتر کەوت. ئەردۆگان هانی بەشار ئەسەدیدا که له هاوپەیمانیەتی حکومڕانیدا بەژداری به ئیخوان موسلمین بکات. له ژێر دروشمی "به دیموکراتیکردن"، موسڵمانه سوننەکانی سوریا دەکرێت نەیاریەکەی چەندین ساڵ کۆتایی پێ بهێنن. به لام ئەمه هەنگاوێک بوو که ئەســەد نەیدەویســت پەنای بۆ بەرێت. ســوننەکان نوێنەرایەتی زۆرینەی دانیشــتوانی سوریا دەکەن، واته نزیکەی له (٨٠٪)ی کۆی گشتی دانیشوان پێک دەهێنن. به پێدانی نوێنەرایەتی له حکومەتدا بەســەر دەســەڵاته عەلەویەکەی ئەســەد زاڵ دەبوو. ســەرەڕای هەڵوێسته نەگۆڕەکانی ئەسەد، ئەردۆگان پشتگیری له پیاوەکەی کرد. ئەو سوربوو که ئەسەد، "دۆستێکی چاکی خۆمه".(٢٩) دوو سەرکردەکه پەرەیان به پەیوەندیه کەسایەتیه دۆســـتانەکەیاندا. ئەحمەد داودئۆغلۆ، دواتر بوو به وەزیری دەرەوە، دوای هاتنه ســـەر دەســـەڵاتی ئاکەپه له ســـاڵی ٢٠٠٢دا زیاتر له چوار جار ســـەردانی دیمەشـــقی کرد. پەیوەندیەکانی ســـوری-تورکی بۆ وڵاتی تورکیا له ســـیاســـەتی "بێ کێشـــەیی لەگەڵ دراوســـێکانیدا" گرنگ بوو. ئەنقەره هیوای وابوو ببێت به یاریکەرێکی هەرێمی و دەڵالی ئاشـتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت. کۆتایی هاتن به شـەڕی سـوریا دەرگایەکی گرنگی ڕێگای

بازرگانی بەڕووی تورکیادا دەکردەوە. داودئۆغلۆ پێنج جار هاوکار بوو لە هەماهەنگی کردن لە نێوان پەیوەندیەکانی سـوریا و ئیسـرائیلدا. هەرچەندە سـەرکەوتوو نەبوو لە ڕێکخستنی دیدارە دووقۆڵیەکان، بەڵام پێشڤەچوونی گرنگ بەدەست هاتن سەبارەت بە کێشـەی سـنووریی و سـەرچاوەکاندا وەک کێشـەی بەرزاییەکانی جۆلان و کردنەوەی ڕێڕەوی ئاو. نێوانگیریی تورکیا لەو کاتە تێکچوو کە توندوتیژی لە نێوان ئیسـرائیل و غەزە لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨دا سەریان هەڵدا.(٣٠)

ئەردۆگان بەهۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە سەرزەنشتی ئەسەدی کرد، بەڵام بە ئاشکرایی پرسیاری لە شەرعیەتی دەسەڵاتەکەی نەکرد. ئەو هەڵوێستەکەی توندتر بوو لەمەڕ حوسـنی موبارەک، کە زۆر بە توندی شـەرمەزاری کرد بەهۆی سـەپاندنی دەسـەڵاتەکەی لە دژی ئیخوان موسـلمینی میسـر. لەو کاتەی ئەردۆگان داوای دەستلەکارکێشانەوەی موبارەکی کرد، هەڵوێستێکی نەرمتری بەرامبەر ئەسەد گرتەبەر، بەئاشکرا داوای چاکسازی لێکرد. ئەردۆگان دووپاتیکردەوە کە، "ئێمە گفتوگۆی درێژمان ئەنجامدا بۆ هەڵگرتنی باری نائاسایی و ئازادکردنی زیندانیە سیاسیەکان. ئێمە باسمان لەو مەسەلانە کرد و... گۆڕینی سیستەمی هەڵبژاردن، ڕێگا بە پارتە سیاسیەکان بدات. هەرچۆنێک بێت، ئەو لە گرتنە بەری ئەو هەنگاواندا دواکەوت.(٣١)

سـەرباری دڵنیایی تایبەت، ئەسـەد هێرشـەکانی لە دژی زۆرینەی سـوننەی سـوریا بەردەوامی پێدا. ئەردۆگان زۆر بە قورسـی باجی پەیوەندیە شـەخسـیەکەیدا لەگەڵ ئەسـەد. ئەو هەسـتی بە ناپاکی، شـەرمەزاریی و توڕەییەکی زۆر کرد لە بەرامبەر هەڵوێسـتە نەگۆڕەکانی ئەسـەد. ئەردۆگان بڕیاریدا هەڵوێسـتەکەی بگۆڕێت و بە توندی هاتە دەنگ کاتێک بۆچوونی گشـتی نێودەوڵەتی لە دژی سـوریا وەسـتایەوە. یەکێتی عەرەب، ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، وە ڕێکخراوی کۆنفرانسـی ئیسـلامی سـەرکۆنەی سـوریا یان کرد. ئەردۆغان بوو بە یەکێک لە ڕەخنەگرە هەرە توندەکان لەبەرامبەر سیاسەتەکانی ئەسەد. لەوکاتەی ئەنقەرە ئابلۆقەی ئابووریی دوولایانەی لە دژی سوریا

له ٣٠ی تشرینی دووەم چەسپاند، ئەردۆگان ڕەخنەی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان گرت لە گرتنەبەری ڕێو شوێنی دەستە جەمعی. ئەو ڕێکخراوەکەی تاوانبار کرد بە شـــکســـتهێنانی لە پاراســـتنی هاولاتیانی مەدەنی. هەروەها زۆر بە توندی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی شەرمەزارکرد بۆ ئارەزوو نەکردنیان لە سەپاندنی بڕیاری بەشی حەوتەم لەژێر چەتری دەســتووری نەتەوە یەکگرتوەکاندا، کە ڕێگا بە بەکارهێنانی هێز بدات بۆ ناردنی هاوکاری مرۆیی و وەسـتاندنی کوشـت و کوشـتار. ئەسـەد بەردەوام بوو لە سـەر تەکتیکی ئابڵوقەکەی بۆ ئەوەی سـوریەکان ناچار بە خۆبەدەسـتەوەدان بکات. ئەم ئۆپەراسیۆنە پێی دەوترا، " کڕنۆش بەرە یان لە برسان بمرە".(٣٢)

دۆستانی سوریا بریتی بوون لەو هاوپەیمان و وولاتانەی هەڵگری هەمان هزر بوون و بەرژەوەندیان هەبوو بۆ کارکردن لە سەر نەمانی ئەسەد. لە کۆنفراذسی ئەستەمبۆل لە ١ی نیســانی ٢٠١٢، هاوپەیمانی نیشــتیمانی ســوریا وەک نوێنەری شــەرعی خەڵکی سوریا ناساند. عبدالباسەx سەیدا، کورد نەژارد، وەک سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتیمانی سوریا هەڵبژێردرا. تورکیا بوو بە تەوەر و خاکی پەیوەندی ئۆپۆزسیۆن لە دژی سوریا. هاوپەیمانی نیشـتیمانی سـوریا بارەگاکەی لە ئەسـتەمبۆل و ناوەندی هەماهەنگیشـی لە شـاری غازی عەنتاب دامەزراند. سـەرکردایەتی سـوپای ئازادی سـوریا لە سـەر سـنوور بارەگاکەی کردەوە. پشـتگیری تورکیا بۆ ئۆپۆزسـیۆنی سـوریا ڕاگەیاندنێکی شـەڕێکی واقیعی دەگەیاند.

لە کانوونی دووەمی ٢٠١٢دا کۆنفرانسـێکی ئاشـتی بەسـترا. ئەم کۆنفرانسـە ناونرا 'جنێف یەک'. نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان، کۆفی ئەنان، داوای کرد ڕێگا بۆ یارمەتیە مرۆییەکان بکرێتەوە، وە دەست بکرێت بە گفتوگۆیەکی سیاسی بۆ دەربازبوون لە کێشــەکان. هەرچۆنێک بێت، دیمەشــق پلانی ئاشــتی کۆفی ئەنانی ڕەتکردەوە، وە ئەنان لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەستی لەکارکێشایەوە. 'لەخزەر براهیمی' جێگای گرتەوە، ئەو بەڕەگەز جەزائیری و وەزیرێکی پێشــووی جەزائیر بوو، ســـەرەڕای ئەمەش کەســـێکی

خاوەن ئەزموون بوو لە گفتوگۆ و کۆبوونەوە پڕ کێشـــەکاندا. ناوبانگەکەی بەهۆی پەیمانی " ×ائف "ەوە بوو کە بووە هۆکاری کۆتایی هێنان بە جەنگی ناوخۆیی لوبنان. ئەو لەوە تێگەیشــت کە بڕیاری جەنگی ناوخۆ پێویســت بەکۆتایی هێنان بە عەلەویەتی سـیاسـی، وە کۆتایی دەسـەڵاتداریەتی ئەسـەد هەیە. لە دایک بونەوەی کۆماریکی نوێ دەسـەڵات بە زۆرینەی سـوننە دەدات و دەبێتە پاڵپشـتێک بۆ مافی کەمە نەتەوەکان، هاوشـــێوەی ڕێککەوتنەکان لە پەیمانی تائفدا.(٣٣) وەک ئەنان، هەوڵەکانی براهیمی لە لایەن ڕوســیا و چینەوە تەگەرەی تێکەوت لە ســەر ئەنجومەنی ئاســاییشــی نەتەوە یەکگرتوەکان. وە بە هەمانشــێوەی ئەنان، براهیمی ڕەتیکردەوە ڕاســپاردەکەی نوێ بکاتەوە. ئەویش لە ساڵی ٢٠١٤دا دەستی لەکار کێشایەوە.

کارێکی قورس بوو بۆ ئەوەی بتوانی بەردەوام بیت لە ســەر پشــتگیریکردنی شـۆڕشـگێڕانی سـوریا. ڤیدیۆیەکی جیهادیەک، بەناوی 'ئەبو سـاکار'، بڵاوبووەوە کە سـەربازێکی سـوری دەکوشـت، ئەو دڵی سـەربازە سـوریەکەی لە جەسـتەی دەرهێنا و خواردی، وە پاشـــان وتی: "ســـوێند بە خودا، دڵ و جەرگی ئێوە دەخۆین".(٣٤) ئەم دیمەنە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڵاوبووەوە، وە زیاتر بووە هۆی ترســـان لە پڕچەککردنی شۆڕشگێڕان. وڵاتانی ڕۆژئاوا زۆر تووڕە بوون کاتێک ئەو جیهادیانەی لە لایەن تورکیاوە پشـتگیری دەکران بینی. ئەوان شـەش ئەرمەنی نەژادیان لە گوندی 'قەسـاب'دا لە ٢١ ئازاری ٢٠١٤دا کوشـت. وەزیری دەرەوەی سـوریا، ولید المعلم، داودئۆغلۆی تاوانبارکرد بە پشتگیری کردن لە گروپە تیرۆرستیەکان.(٣٥) ئۆغلۆ نکۆڵی لە پەیوەندی هەبوون بە بزوتنەوەی جیهادیی موسڵمانەوە کرد. شەڕکەرە سوریەکان- ڕژێمی ئەسەد، هاوکارانی ئێرانی ئەسـەد، حزب الله، القاعیدە، وە ئەندامانی تری بزوتنەوەی توندڕەوی چەکدارانی ســوننە- لە ڕق و قین بەرامبەر ئەمریکادا هاوبەشـــبوون. ڕێک وەک ڕۆنالد ڕەیگان کە ڕەتی کردەوە لایەنگیری یەک لا بکات لە جەنگی عێراق-ئێراندا، پێدەچوو ئۆباماش بەوە قاییل بووبێت کە دوژمنانی ئەمریکا ئەم جەنگە بکەن. ســـالارگەرایی جیهادیەکان لە

ئەنجامی شـــکســـتی ڕۆژئاواوە بوو کە پشـــتگیری کردنی ســـوپای ئازادی لە ســـەرەتای جەنگی ناوخۆی سوریا، کاتێک ڕژێمی ئەسەد لە هەموو کاتێک زیاتر لاوازتر بوو.

لە هەمانکاتدا دۆخی مرۆیی بەردەوام لە داکشـــــاندا بوو. بۆ یەکی ئەیلولی ٢٠١٤، ڕوانگەی ســـوریی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ململانێکاندا (١٩٠, ٠٠٠) کوژراوی تۆمار کردبوو. کۆمســــــیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئاوارەکان (UNHCR) خەمڵاندی کە نۆ ملیۆن هاوڵاتی ســوری ڕاگوێزراون. لوبنان زۆرترین ڕێژەی ئاوارەی وەرگرت، وە پاشــان تورکیا لە ڕیزبەندی دووەم بوو. تا یەکی ئەیلول، (UNHCR) ئاماژەی بەوە کرد کە (٨١٥, ٠٠٠) ئاوارەی ســـوری لە کەمپەکانی تورکیادا نیشـــتەجێن.(٣٦) وە ملیۆنێک هاوڵاتی تریش بە شـــارەکانی تری هەمان وڵاتدا بڵاوبوونەتەوە. ســـنوورەکانی پەڕینەوە لە نێوان تورکیا و ڕۆژاڤادا، سـنووری کوردسـتانی سـوریا، داخرابوون کە ڕێگای هەناردەی هاوکاری مرۆیی داخستبوو وە کوردانی سوریاش بەم هۆیەوە نەیاندەتوانی دەرچن.

تا دەهات تورکیا زیاتر ڕادەکێشـــــرایە ناو مەســــــەلەکەوە. لە حوزەیرانی ٢٠١٢دا، سوریا فڕۆکەیەکی جەنگی (PHANTOM-RF-4E) تورکی خستە خوارەوە کە ئاسمانی ئەو وڵاتەی لە نزیک شاری کەناراو دەریای 'لاتاکیا' بەزاندبوو. لە وەڵامدا، داوای کۆبوونەوەی بە پەلەی لە ناتۆ کرد. لەو کاتەی ناتۆ هاوخەمی لەگەڵ تورکیادا دەربڕی، ڕەتی کردەوە بڕیاری بەشی پێنجەم پەسەند بکات بۆ دروستکردنی هاوپەیمانەتیەک بۆ بەژداری کردن لەگەڵ تورکیا لە ڕووداوەکانی جەنگ لەگەڵ سوریادا.(٣٧) بە هاندانی وەڵامە ساردەکەی ناتۆ، سوریا شارۆچکەی سنووریی 'ئەکچاکال' ی تورکیای بۆردومان کرد، کە بووە هۆی کوژرانی پێنج کەسە لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٢دا.(٣٨) تورکیا بە تۆپی سنوور بڕ هێرشی کردە سەر بنکەکانی سوریا. ئەنجومەنی باڵای نیشتیمانی تورکیا بڕیارێکی تێپەڕاند کە ڕێگای بە حکومەت دەدا ســـوپای وڵاتەکەی لە ســـــەر ســـــنوور بڵاوبینەوە. لە ئایاری ٢٠١٣دا، 'ڕەیهانلی'، شارۆچکەیەکە دەکەوێتە پاریزگای هاتای، ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو شـــــارەکەی هەژاند کە بوو هۆی کوشـــــتنی ٥٣ کەس و برینداربوونی ١٤٠ هاوڵاتی تر.

تورکیا له ئەیلولی ٢٠١٣دا، هەلیکۆپتەرێکی ســـــوری لەناو ئاســـــمانی تورکیادا هێنایه خوارەوە، وە فڕۆکەیەکی جەنگی (MIG-23) سوری له ئاسمانی هاتای له ئازاری ٢٠١٤دا خسته خوارەوە.(٣٩)

ســـــەرەڕای ئەم ڕووداوانه، تورکیا بوو به لایەنێکی ڕاســـــتەوخۆ بۆ ململانێکان له ڕێگای پشـــتگیریەکانی بۆ گروپه چەکداره ســـوننەکان له ســـوریادا. به بچوکبوونەوەی بەردەوامی ســـــوپای ســـــوریای ئازاد، تورکیا گوایه چەک، تەقەمەنی، پاره و هاوکاری لۆجیســـــتی به ســـــوننه توندڕەوە کان دەدات.(٤٠) تورکیا به ڕواڵەت بوو به کەناری دابینکەری چەک و تفـاق بۆ گروپه لایەنگرەکـانی 'قـاعیـده'، به 'بەرەی نوســـــره' بەداعشــیشــەوە، ئەمه ســەرەڕای گروپه ســەلەفیەکانی وەک 'ئەحرار الشــام'. جەنگیز جا ندار، ڕۆژنامەنووســـــی به ناوبانگی تورک، ئا ماژەی بەوەدا که دەزگای هەواڵگری تورکیا (MIT) یارمەتی دەوڵەتی ئیســـــلامی له عێراق و ســـــوریا داوە، ســـــەرەڕای هاوکاریکردنی گروپه جیهادیەکانی تر.(٤١) له تشرینی دووەمی ١٠١٣دا، بەرەی ئیسلامی وەک ڕێکخراوێکی چەتر دامەزرا. لەوکاتەدا، نزیکەی ٧٠٠ بۆ ١٥٠٠ جیهادی له ســـــوریادا چالاک بوون. بۆ جنێڤ دوو، که له کانوونی دووەمی ٢٠١٣دا کۆبونەوەکه پێک هات، زیاتر له ٥,٠٠٠ شـــــەڕکەری 'نوســـــره' له گۆڕەپانی جەنگدا ئامادەییان هەبوو. ئەوان پێکهاتبوون له زیاتر له (١,٠٠٠) جیهادیی خەڵکی وڵاتانی ئەوروپی که لێهاتووبوون بۆ ئەنجامدانی چالاکی تیرۆریســتی له وڵاتەکانیاندا. بەگوێرەی وتەکانی باڵیۆز ڕۆبەرت س. فۆرد، باڵیۆزی پێشـــــووی ئەمریکا له ســـــوریادا، هونەری دڕندایەتی داعش ســـــەرنجی جیهادیه ئەوروپیەکانی ڕاکێشا بۆ ناو ڕیزەکانی.

ئەگەرەکانی گفتوگۆی سیاسی تا دەهات دوورتر دەبوونەوە. ئەسەد وەک ڕێگایەک بۆ ئارامکردنەوە و قاییلکردنی ئۆپۆزسیۆن و ڕەخنەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، به زار پشتگیری نیشاندەدا. له ٢٦ی شوباتی ٢٠١٢دا، دەنگدەران گۆڕانکاریەکانی دەستووریان له گشـتپرسـیەکدا پەسـەند کرد.(٤٢) ئەو گشـتپرسـیه تەنیا لەو ناوچانەدا ئەنجامدرا که

لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی سوریادا بوون. ئەو دانپیانانە دەستکردانە نەیانتوانی ئۆپۆزسیۆن قایبل بکەن لە وازهێنان لە داواکردنی دەستلەکارکێشانەوەی ئەسەد. ئەوان زۆر بە توندی هەموو چارەسەرێکی سیاسیان ڕەتکردەوە کە ببێتە هۆی مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا. لە سەرەتای ٢٠١٣دا، ئەسەد ڕەخنەگرتنی لە ئۆپۆزسیۆن زیاتر کرد، وە بە 'تیرۆریست' ناوی هێنان.

هاوپەیمانی نیشتیمانی سوری وەک حکومەتێکی بنکەفراوان لە تاراوگەدا سەیر دەکرا، کە دوای ڕوخانی ئەسەد سوریا بەڕێوە دەبات. بەڵام ململانێی ناوخۆیی دەسەڵات لە بایەخی هاوپەیمانی نیشتیمانی سوری کەمکردەوە. سوپای سوریای ئازادیش بەهۆی دەرکەوتنی وەک گروپێکی توندڕەو، لاواز بوو. هەروەها هاوپەیمانی نیشتیمانی شکستی هێنا لە جێبەجێ کردنی داواکاری کەمینەکانی سوریا. نوێنەرایەتی کوردی لە 'کۆنفرانسی نیشتیمانی ڕزگاربوونی سوریەکان'ی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان لە تەممووزی ٢٠١١دا کشایەوە چونکە هاوپەیمانەتیەکە داواکاریەکانی لە بەیانی فەرمی خۆی پشتگوێ خستبوو. ئەمانە پێکهاتبوون لە دانپیانانە دەستووریەکانی کورد وەک دووەم گەورەترین نەتەوەی سوریا و لامەرکەزی، ڕێگا بە حوکمی زاتی فراوان لە لایەن کوردەوە بدات.(٤٣)

ژمارەیەکی زۆری سوریەکان هاوپەیمانی نیشتیمانی سوریا تا دەهات بە ناپێویست دەزانی. ئەندامەکانی دەچوونە کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکان و لە هۆتێلی پێنج ئەستێرەدا دەمانەوە لەو کاتەی خەڵکی ئاسایی سوری لەو وڵاتەدا بەهۆی بارودۆخی خەراپەوە دەیاننالاند. هاوپەیمانەتیەکە هەندێک هەنگاوی گرتەبەر بۆ ئەوەی زیاتر گشتگیر بێت، ئەمەش بە دروستکردنی هاوپەیمانەتی نیشتیمانی بۆ هێزەکانی شۆڕشی سوریا و ئۆپۆزسیۆن لە کۆبوونەوەیەک لە دەوحەی پایتەختی قەتەر لە تشرینی دووەمی ٢٠١٢دا. موستەفا سەباغ بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا. ساڵح موسلم موحەمەد، سەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی، پەیەدە، بوو بە بریکاری گشتی هەماهەنگی هاوپەیمانی نیشتیمانی.

*****

ساڵح موسلم دەرچووی زانکۆی تەکنیکی ئەستەمبوڵە لە بەشی ئەندازیاری، ساڵی ١٩٧٧، وە بە تورکیەکی پاراو دەدوێت.(٤٤) لە کاتی کارکردنی لە سعودیە، لە لایەن لایەنگرانی پەکەکەوە پەیوەندی پێوە کرا و بوو بە چالاکوانێکی سیاسی چەپگەر. ئەو کاتێک پەکەکە بارەگاکانی گواستەوە بۆ 'بەقعە' لە ساڵی ١٩٨٠، زیاتر لە کاری سیاسەتی کورد تێوەگلا. لەوکاتەدا، کوردانی سوریا نوێنەرایەتی لە (٢٠٪) بیستی بەرپرسە باڵاکانی ناو پەکەکەیان دەکرد. حافز ئەسەد، کوردەکانی سوریای هاندا کە پەیوەندی بە پەکەکەوە بکەن وەک بەشێک لە ململانێی جیۆپۆلەتیکی فراوان لە نێوان سوریا و تورکیادا، وە چاوپۆشی نەکەن لە سیاسەتە چەوسێنەرەوەکانی ناوخۆیی ئەسەد لە سوریادا.

لەژێر فشاری جەنگ لە لایەن تورکیاوە، ئەسەد بەناچاری لە ساڵی ١٩٨٨دا بەیاننامەی 'ئەدەنە'ی مۆرکرد و پەکەکەی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناساند کە بووە هۆی ئەوەی ئۆجەلان بچێتە تاراوگە. هەر لە هەمان ساڵدا، مەروان زورکی، هاوپەیمانی دیموکراتی نیشتیمانی دامەزراند کە وەک ڕێکخراوێکی سیاسی کوردی لە سوریا بە پەیوەندی نزیکی بە ئایدۆلۆژیای پەکەکە دەستی بە کارەکانی کرد. زورکی و ئەندامانی هاوپەیمانی دیموکراتی نیشتیمانی لە لایەن ڕژێمی ئەسەدەوە دەستبەسەر کران. لە ساڵی ٢٠٠٤دا، ساڵح موسلم وەک ئەندامێکی کۆمیتەی جێبەجێکار کاری کرد تا دەستگیرکردنەکەی و دەستبەسەرداگرتنی بە درێژایی ساڵی ٢٠٠٤. دووبارە لە ساڵی ٢٠٠٦دا، دە ستگیرکرایەوە و بۆ ماوەی دوو مانگ لە بەندیخانە مایەوە. لە ساڵی ٢٠٠٩دا خێزانەکەی بۆ ماوەی نۆ مانگ دەستگیرکرا و پاشان ئازادکرا. ئەو لە بەهاری ٢٠٠٩دا وەک سەرۆکی پەیەدە هەڵبژێردرا. یەکینەکانی پاراستنی گەلی پەیەدە (واتە یەپەگە) میلیشیایەکی چەکدار و کاریگەری جەنگ بوو بۆ بەرگریکردن لە هاونیشتیمانیانی کورد لە سوریادا.

هیچ جۆرە خۆشـویسـتنێک لە نێوان ئەسـەد و کوردەکانی سـوریا لە ئارادا نەبوو، بەڵام حکومەت هەوڵیدا بچوکترین دەرفەت بقۆزێتەوە بۆ دەســــتخســــتنی جۆرێک لە هاوسـۆزیی. هەروەها عەرەبی سـوننی و جیهادیەکانیش بۆ کورد هەڕەشـەی مەترسـیدار بوون. هەر کە هێزەکانی چەکداریی سوریا کشانەوە و سەرنجەکەیان خستە سەر چەک و تفاقی سەربازیی لە بەشەکانی تری وڵاتدا، پەیەدە بۆشاییەکەی پڕکردەوە. دیمەشق هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ ڕکابەریکردنی دەسـتگرتن بەسـەر سـنوورەکاندا، ئەمە بووە هۆی بانگەشـەی ئەوەی کە پەیەدە دەسـتی لەگەڵ ڕژێمدا هەیە و هاوکاری یەکترن. شـانزە پارتی کوردی لە سـوریادا بوونیان هەیە، بە لقێکی پارتەکەی مەسـعود بارزانیشـەوە. لەوانەیە پەیەدە لە ڕووی ئۆپەراسیۆنیەوە لە پەکەکەوە سەربەخۆ بێت، بەڵام لە هەمان دۆز و ئایدۆلۆژیادا هاوبەش بوون. پەکەکە ڕێکخراوێکی لایەنگیری یەکگرتنی کوردە کە ئیلهام و هاوکاریی بە پەیەدە دەدات.

سـوپای سـوریای ئازاد لە تەممووزی ٢٠١١دا شـەڕی لەگەڵ پەیەدەدا بەرپا کرد. هەروەها بەرەی نوسـرە'ش لە سـەرەتای ٢٠١٢دا ڕووبەڕووی یەپەگە بووەوە لەو جەنگەی بۆ کۆنترۆڵکردنی شـارۆچکەی سـنووریی 'سـەرێکانیێ' و شـارۆچکەی تر لە ڕۆژهەڵاتی حەسـەکە. سـەرێکانیێ زۆرینەی دانیسـتوانی کورد بوون، بەڵام لە دانیشـتوانی عەرەب، ئاشووری، ئەرمەنی، چیچیانی و سریانیش پێکهاتبوو. هەروەها لە ڕووی نەخشەییشەوە شـارێکی دابەشـکراو بوو بە 'جەیلان پینار'ی تورکیەوە لە ڕێگای پەڕینەوەی سـنوورەوە بەسترابووەوە. هەروەها 'بەرەی نوسرە' و یەپەگە لە سەر 'تەل ئەبیەx'یش جەنگان، لە سەر سنووری ئاکچەکەلی تورکیا، کە لەژێر دەستی شۆڕشگێڕان ئازاد کرابوو. یەپەگە شـــاری 'کۆبانێ'، عامودێ، وە عەفرینی لە ١٩ و ٢٠ی تەممووزدا گرت. لەماوەی یەک هەفتەدا، یەپەگە شـــارە کوردنشـــینەکانی دێریکا حەمکۆ (المالکیە)، ســـەرێ کانیێ، دەربیســـی، گرگی لەگی ڕزگارکرد. شـەڕی توند لە نێوان بەرەی نوسـرە و یەپەگەدا لە سەر سنووری 'سەرێکانێی' لە ١٧ی تەممووزی ٢٠١٣دا سەریهەڵدا.(٤٥) بۆ ساڵی ٢٠١٤،

حەسـەکە و قامیشـلی تاکە دوو شـاری کوردنشـین بوون کە لەژێر دەسـتی حکومەتدا مابوونەوە.

هەروەها شـەڕوپێکدادانی توند لە سـەر سـنووری عێراق-سوریادا سـەریان هەڵدا. جیهـادیەکـان پلانێکی کۆنترۆڵکردنی خـاکیـان لە هەردوو لاوە پەیرەو کرد، وە کاریگەریەکانی خۆی لە سـنورێکی فراوانتر بڵاوکردەوە، پاشـان دەوڵەتێکی ئیسـلامی گوێزەرەوەیان (ئینتیقالی) دامەزراند. لە شـوباتی ٢٠١٣دا، بەرەی نوسـرە بەنداوی 'تەبقە'ی لە سەر ڕووباری فوراتدا گرت، کە گەورەترین وێستگەی هایدرۆئەلیکترۆنی بوو لە سوریادا. داعش کۆنترۆڵی 'رەقە'ی کرد، وە بەنیازی دروستکردنی خەلافەت بوو لە سـەرتاسـەری سـوریا و عێراقدا.(٤٦) سـەرۆکەکەی، ئەبوبەکر بەغدادی[١]، ڕێنمایی بە چەکدارانی داعشـدا بۆ ئەوەی 'دیر الزور'، وەک دەرچەی سـەرەکی لە نێوان عێراق و سوریادا دروست بکەن. داعش هاوکاریەکانی لەگەڵ نوسرەدا ڕاگرت بە بیانووی ئەوەی کە ئەو ڕێکخراوە زیاد لە پێویسـت میانڕەوە. لەڕاسـتیدا ژمارەیەکی کەم لە چەکدارانی داعش خەڵکی سوریا بوون. زۆربەیان بیانی وڵاتانی سعودیە، تونس، تورکیا و ئەورووپا بوون. یەپەگە زۆر بە شێوەیەکی کاریگەرانە شەڕی لە دژی نوسرە، داعش و چەکدارانی دەوڵەتی ئیسـلامی لە سـوریا و عێراق کرد. لە تشـرینی یەکەمی ٢٠١٣دا، سـنووری 'باروبیە'ی گرت کە سـنووری عێراق و سـوریا لەیەکتر جیادەکاتەوە. هەرچۆنێک بێت، بە تەنیا هەموو ئەو چالاکیانەی ئەنجام نەدەدا. شـایەت حاڵەکان ئاماژەیان بەوەدا کە هەردوو فڕۆکەی سـوری و تۆپەکانی سـوپای عێراق بۆمبارانی شـوێنەکانیان کردوو بۆ پشتگیری کردنی ئۆپەراسیۆنە مەیدانیەکانی یەپەگە.(٤٧)

---

[١] ئەبووبەکر بەغدادی : ناوی تەواوی ئیبراهیم عەواد ئیبراهیم عەلی سـامەڕایی لە دایکبووی ١٩٧١، سـامەڕا. لە دوای گرتنی شـاری موسـڵ خۆی وەکو خەلیفەی دەوڵەتی ئیسـلامی لە عێراق و شـام ڕاگەیاند. ئەبووبەکر بەغدادی سـەرکردەی ڕێکخراوێکە کە هۆی کوژرانی چەندین هەزار کەسـە. ئەمریکا بۆ کوشـتن یان گرتنی ئەو ١٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی خەڵاتی بڕیوە

بەریەککەوتنی ئایدۆلۆژیی پێناسـەی پەیەدە و توندڕەوە ئیسـلامیەکانی دەکرد. جیهادیەکان کوردیان وەک هەڵگەڕاوە لە ئایین (المرتد) و داردەسـتی ڕۆژئاوا سـەیر دەکرد. لە ئابی ٢٠١٣دا، داعش فەتوایەکی دەرکرد بۆ کوشـتنی ژن، منداڵ و پیاوی کورد. لە ٧ی ئابی ٢٠١٣دا، تا دە هەزار کوردی سـوری ڕایانکردە سـەر ئەو پردە سـەرئاوکەوتووە تازەیەی پیشـخابوور بۆ پەڕینەوە بەرەو کوردسـتانی عێراق.(٤٨) دوای یەک سـاڵ داعش فەتواکەی دەرکردەوە: "بۆ هەموو چەکدارانی داعش، ئەم ناوچانە (کوردسـتانی سـوریا) پاک بکەنەوە لە خاچ پەرسـت و کوردە ناپاکەکان و هەموو چەکدارانی پارتی کرێکارانی (کافرستان) وە ئالآی دەوڵەتی ئیسلامی بەرزبکەنەوە".(٤٩) 'کافر' زاراوەیەکی عەرەبیە بە مانای 'بێ باوەڕ' دێت.

هەروەها هەوڵ و تێکۆشـانی جیهادیەکان بۆ سـەرچاوەکانی وزە لە دژی پەیەدە دەسـتیان پێکرد. کوردەکان کۆنترۆڵی سـنوور و ڕێگا بازرگانیەکانی نێوان سـوریا و تورکیا یان کردبوو. ئەم ڕێگا پەڕینەوانە بۆ داعش زۆر سـتراتیژی بوون بۆ هاتن و دەرچوونی شـتمەک و چەکدارەکانیان. سـاڵح موسـلم ڕایگەیاند: "ئێمە زۆر بەڕوونی تێبینی پەیوەنـدی نێوان گروپە چەکـداریە ئـایینیەکـان و حکومەتی تورکیـامـان کردووە".(٥٠) هەروەها وتی: "ئەوان هێزێکی زۆر دڕندەن کە دەیانەوێت مرۆڤایەتی بەرەو چاخی بەردین بگەڕێننەوە".(٥١)

ناوچە کوردنشینەکان دەوڵەمەندترن بە بەراورد لەگەڵ گوندە وشک و بێ پیتەکانی سوریا. پەیەدە کۆنترۆڵی ناوچەی نەوتی 'ڕمێلان'ی کرد. جیهادیەکان لە لایەن سپۆنسەر و ئیمارەتی دەوڵەمەندەوە تەمویل دەکران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا وێڵ بوون بەدوای کۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتیەکانی ڕۆژاڤا بۆ ئەوەی شـەڕە درێژەکەیان بە داهاتەکەی بەردەوام بکەن. داعش قازانجی ماوە کورتی لە فرۆشـتنی نەوت بە حکومەتی ئەسـەد وەرگرت. لە بەرامبەردا، لە هێرشی ئاسمانی ڕژێم هەڵوێردرا و کارەبای بۆ دابینکرا. لەو کاتەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مشتومڕیان ئەنجامدەدا بۆ پشتگیری کردنی ئۆپۆزسیۆن،

شـــــارەزایان ئاماژەیان بە دەرکەوتنی جیهادیەکان لە مەیدانی جەنگدا کە دەبوونە هۆی کوشت و کوشتاری زیاتر.(٥٢)

هەروەها تورکیاش چاوی لە کێڵگەی نەوتی 'حەسەکە' بوو، وەک دابینکەری وزەی ناوخۆی وڵاتەکەی. کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی (ROYAL DUTCH SHELL) و(SUNCOR) یارمەتیان پێشکەشکرد بۆ پێشخستنی کێڵگە نەوتیە سوریەکان. کۆمپانیای 'شێل' لە ســـاڵی ١٩٨٥ەوە بەژداری کەرتی نەوتی ســـوریای کردووە. هەرچۆنێک بێت، کێڵگە نەوتیەکانی ســـوریا پێشـــتر بەرهەمیان دابەزیبوو، واتە پێش ئەوەی ڕاپەڕین دەســـت پێبکات. بەرهەمەکەی لە ٢٠١١دا، چوار سەد هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ هەشتا هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ساڵی ٢٠١٣ دابەزیبوو. نزمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بەشێکی لە ئەنجامی جەنگی ناوخۆیی سوریاوە بوو کە بووە هۆی بردنی ژێرخانی وزە و ڕوخانی تێکچونی بۆڕیە نەوتیەکـــانی. بەکەمبوونەوەی بەرهەم، ســـــوریـــا بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ڕووی کردە وڵاتانی ئێران و عێراق.(٥٣)

*****

یەپەگە بە پاراســـتنی دانیشـــتوانە نێوخۆییەکان و پێشـــکەشـــکردنی خزمەتگوزاری، پشـتگیری گەلی بەدەسـت هێنا. ژمارەی شـەڕڤانانی یەپەگە بیسـت هەزار کەس بوون. ئافرەت نیوەی هێزەکەی پێک دەهێنا. لە تشـــرینی دووەمی ٢٠١٣دا، یەپەگە ئیدارەی ئینتیقالی ڕۆژاڤای بەدرێژایی ســـنووری تورکیا لە کوردســـتانی ڕۆژئاوادا ڕاگەیاند. وەک بەشێک لە 'پرۆژەی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتی'، ئەنجومەنی یاسایی، مجلس التشريع،ی نێوخۆیی لە ناوچەکانی عەفرین، کۆبانێ، وە جەزیرە دروســـت کران.(٥٤) ئاڵای ســـوریا هێنرایە خوارەوە و بە ئاڵای ســـێ ڕەنگی کوردی گۆڕدرا. کۆمیتەکانی دارایی هەرێمی کاروبارە ناوخۆییەکانی بەڕێوەبرد. ئەنجومەنی یاســـای ناوخۆییەکان لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا هەشـــتاو دوو پیاو و ئافرەت لە ســـی و پێنج ڕێکخراو ق حیزب کە نوێنەرایەتی

کورد، عەرەب، سـوری و تورکمان لە سـەرتاسـەری هەرسـێ ناوچەکەدا، دامەزرا و دەستیان بەکارەکانیان کرد. ئەو ئەنجومەنانە لە ڕێژەی ئافرەت و پیاودا یەکسان بوون.

دەسـتەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن دروسـتکرا بۆ مشـورخواردن لە ئەگەری خەراپ بوونی بارودۆخ دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردنی هەرێمی. وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سـیاسـی، پەیەدە ڕێکخراوێکی سـیاسـی چەتری گرتە خۆی کە پێی دەوترا بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دیموکراتی ڕۆژاڤا (تەڤ-دەم)، کە بزووتنەوەیەکی لاوان و ئافرەتان بوو.(٥٥) پەیەدە قوتابخانە و ناوەندی فەرهەنگی کردەوە، کە تیایدا پەروەردە بەزمانی کوردی پێشکەش دەکرا. مافە فەرهەنگیەکان و حوکمڕانی لامەرکەزی لە ڕۆژاڤادا وەک مۆدێلێک بۆ سـوریا بەگشـتی دانیان پیانرا.(٥٦) سـاڵح موسـلم پێداگری کرد لە سـەر، "ئێمە باوەڕێکی تەواومان هەیە کە مۆدێلی دیموکراسـی کە ئێسـتا ئێمە گەشـەی پێدەدەین دەتوانێت وەک مۆدێلێک خزمەت بکات نەک تەنیا لە بەشەکانی تری سوریادا، بەڵکو لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا، بۆیە پێویسـتە لە سـەرمان بەرگری لێبکەن و پێیەوە پابەند بین".(٥٧)

ئەو جەختی کردەوە، "هێزە کوردیەکانی دەبن بە هێزی سـەربازیی ناوچەکە کە ئاسـاییش و سـەلامەتی هاوڵاتیان دەپارێزن"، بەڵام ئەم هێزانە، "ڕێگایان پێنادرێت دەسـت لە کاروباری بەڕێوەبردنی سـیاسـەت وەربدەن".(٥٨) پەیەدە بەڵێننامەی کۆمەڵایەتی بۆ ڕۆژاڤا لە ئازاری ٢٠١٤دا دەرکرد. ئەمە وەک دەستوورێکی کاتی وابوو کە لە سـەد مادده پێکهاتبوو وە توانایی ئیدارە حکومیەکانی دیاری دەکرد و مافەکانی مرۆڤی دەپاراسـت.(٥٩) ئەو بەڵێننامەیە پشـتگیری سـتاندارده نێوەدەوڵەتیەکانی مافی کەمینەکانی دەکرد. لە ڕۆژئاوادا، سـریانیەکان لە قوتابخانەکانیاندا بەزمانی خۆیان پەروەردەیان دەوتەوە. پەیەدە کڵێسا نێوخۆییەکانیان لە هێرشی تیرۆریستی دەپاراست. بەگوێرەی وتەی بەرپرسـێکی پەیەدە، "ڕۆژاڤا بوونی هەیە. ئەمە وەک خۆرەتاو دیار و ڕوونە".(٦٠)

لەگەڵ بێ بەشــکردنی توندی ســووریەکان لە هەموو پێداویســتیەکی ســەرەتایی، پەیەدە هەڵسا بە دامەزراندنی خزمەتگوزاری گشتی و لیژنەکانی هاوکاریی. یارمەتیەکان لە لایەن کوردەکانی عێراق و تورکیاوە دەگەیشــتن. هاوکاریەکانی پەیەدە جێگای بایەخ بوون. بریکارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان تەنیا بە ڕەزامەندی حکومەتی سوریا کەلوپەلی هاوکاری دابین دەکرد. میحوەرە مرۆییەکانی ڕۆژاڤا دوورگەیەکی ســــەقامگیری بوون بۆ هاونیشــتیمانیان. ســالًح موســلم بە باوەڕێکی تەواوەوە ڕایگەیاند کە "ناوچە کوردیەکان زۆرترین ئــازاریــان چەشـــــتووە وە بێ بەش کراون لە یــارمەتی و حەســـــــانەوە نێودەوڵەتیەکان". "هێنانی کەلوپەلی پێویست لە لایەن ڕژێم و ئۆپۆزسیۆنەوە ڕاگیراوە". هەروەها تورکیاش کاروانی هاوکاریەکانی بۆ چوونە ناو ڕۆژاڤا بلۆک کردبوو بۆ ئەوەی پەکەکە بچوکبکاتەوە، ئەمەش بەداخســــتنی ســــنوورەکەی لەگەڵ ڕۆژاڤادا ئەنجامدا. بەگوێرەی وتەکانی ســـالًح موســـلم، "داعش و بەرەی نوســـرە ئیدارە نێوخۆییەکانیان تاوانبار کرد وەک هەنگاوێک بەرەو جیابوونەوە لە ســـوریا، لەو کاتەی جیهادیەکان ئیمارەتی ئیســــلامی خۆیان لە ناوچە دراوســـێکانی 'رەقە'دا دامەزراند وە ویســـــتیان دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریادا درووست بکەن".(٦١)

هێزو بازووی پەیەدە نەیتوانی بەباشی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ لایەنە ڕکابەرەکانی لە سوریا، حکومەتی هەرێمی کوردستانم یاخود ئەمریکا. ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی لە ئەنجامی دەستپێشخەریەکەی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ٢٠١١ پێک هێنرا. بە پشتیوانی تورکیا، لە شانزە پارتی کوردی جیاواز پێکهاتبوو. ئەنجومەنی نیشــتیمانی کوردی لە ســەر کاغەز کاریگەریەکی باشــی هەبوو، بەڵام هیچ دەســەڵاتێکی ڕاســــتەقینەی نەبوو. هیچ هێزێکی ســــەربــازیی یــاخود توانــای ئیــداریی بۆ ئەوەی کاریگەریەکانی پەیەدە کەم بکاتەوە. ئەنجومەنی نیشـــــتیمانی کوردی بەرامبەر پەیەدە ڕقی هەبوو، هەروەها پێچەوانەکەشــی ڕاســتە. بەگوێرەی ئەندامانی ئەنجومەن، "پەیەدە هیچ نیە جگە لە یەکێک لە ئیدارەی هاوپەیمانەکانی ڕژێم".(٦٢) ئەنجومەنەکە هەوڵیدا

پەیوەندی بە هاوپەیمانی نیشتیمانی سوریەوە بکات، بەڵام هەوڵەکانی مایەپوچ بوون. بارزانی سەرجەم لایەنەکانی لە هەولێر کۆکردەوە بۆ گفتوگۆکردن لە سەر میکانیزمی هاوکاری و دروستکردنی دەستەیەکی هەماهەنگ. ڕێککەتننامەی هەولێر لە بەرواری ١١ی تەمموزی ٢٠١٢دا واژووکرا. ئەنجومەنی باڵای کوردی دامەزراند بە دەسەڵاتی تەواوەوە بۆ بەڕێوەبردنی سەرجەم ناوچە کوردیەکان کە لە لایەن یەپەگەوە دەپارێزران. هەندێک لە پارتە سیاسیەکان نەهاتنە هەولێر. ئەوان پەیوەندیان بە هاوپەیمانی نیشتیمانی سورییەوە کرد، وە گومانیان لە ڕێککەوتنی هەولێر هەبوو.

بارزانی لە تشرینی دووەمی ٢٠١٣دا ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی پەیەدەی ڕەتکردەوە. تورکیا پەیەدەی نەدەویست چونکە باوەڕی وابوو کە لە ژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدایە. بەگوێرەی وتەکانی مەسعود بارزانی، "تەنیا یەک ڕێکخراوی کوردی لەگەڵ ڕژێم لە یەکێتیدایە وە هێزی چەکداریی بەکاردەهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە". حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیهێشت ساڵح موسلم لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بە ترانزێت گەشت بکات، بەڵکو ناچاری کرد کە فڕۆکەخانەی بەغدا بەکاربهێنێت. بۆ مانگی ئابی ٢٠١٣، زیاتر لە دوو سەد هەزار سوری-زۆربەیان کورد- لە سنووری فیشخابور پەڕینەوە بەرەو کوردستانی عێراق. لە نیسانی ٢٠١٤دا، حکومەتی هەرێمی کوردستان خەندەقێکی هەڵکەند کە بووە هۆی داخستنی گواستنەوەی شتمەک و هاوڵاتیان. خەندەقەکە حەڤدە کیلۆمەتر درێژ ،سێ مەتر فراوان و دوو مەتر قوڵ بوو. حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونی کردەوە کە خەندەقەکە بۆ مەبەستی ئاساییش بوو.(٦٥) لە پرسیارێکدا کە ئاراستەی ساڵح موسلم کرا دەربارەی بارزانی، ئەو وەڵامی دایەوە، "من نابم بە کۆیلەی هیچ کەسێک".(٦٦)

لە یانزەی ئابی ٢٠١٣دا، بارزانی ڕایگەیاند، "هەرێمی کوردستان ئامادەیە هەرچی لە توانایدا بێت بیکات بۆ پاراستنی ژیانی کوردەکان لە کوردستانی ڕۆژئاوادا [لە دژی تیرۆرستانی قاعیدە]".(٦٧) هەرزوو دوای ئەم لێدوانە، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو هەولێری

هەژاند کە بووە هۆی کوشتنی شەش کەس و برینداربوونی هەشتا و چواری تر، کە چل و دوویان کارمەندی ئاساییش بوون. شەڕە تەقە لە شەقامە ئارامەکانی هەولێر ڕوویدا. هێرشبەرەکان سەر بە جیهادیەکان بوون، کە پەیوەندیان بە قاعیدەوە هەبوو، لە سوریا دەجەنگان و بارەگاکەیان لە نەینەوا بوو.(٦٨)

هاوپەیمانی نیشـــتیمانی ســـوری و ئەنجومەنی نیشـــتیمانی کوردی لە ٢٨ی ئابی ٢٠١٣دا لە ســـەر ســـێزدە خاڵ ڕێککەوتن. ڕێککەوتنەکە دانپیانانی دەســـتووریی کوردی تیابوو. ئەم ڕێککەوتنە بەڵێنی گۆڕینی ناوی 'کۆماری عەرەبی ســـــوری' بە کۆماری ســـوریا. ســـەرۆکی ئەنجومەنی نیشـــتیمانی کوردی، عبدولحەکیم بەشـــار، دەبێتە جێگری ســـەرۆکی هاوپەیمانی نیشـــتیمانی ســـوری. ســـەرەڕای ئەمەش، یانزە ئەندامی ئەنجومەن پەیوەندی دەکەن بە هاوپەیمانی نیشـــتیمانی گشـــتی ١١٤ ئەندامیەکە، وە ســـی ئەندامی ئەنجومەن بە کۆمسیۆنی سیاسیە ١٩٠ ئەندامە گشتگیرەکەوە.(٦٩) ساڵح موسلم ڕەتی کردەوە دان بە هەر ڕێککەوتنێکدا بنێت کە بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای کوردیدا نەکردبێت. ئەو باوەڕی وابوو کە بە پاشـــــکۆ دانانی بەرژەوەندیەکانی کورد بۆ هاوپەیمانی نیشتیمانی سوری خیانەت بوو لە دۆزی کورد و خەباتی کوردانی سوریا بۆ مافە دەستووریەکان.

حکومەتی هەرێمی کوردســـتان دەیویســـت بە هەر شـــێوازێک بێت بتوانێت دەســـت بەســـــەر بزووتنەوەی کوردی ســـــوریادا بگرێت، بەم جۆرە کاریگەری پەکەکە ســـــنووردار بکات. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش تورکیا پشتگیری لە هەرێمی کوردستان کرد. هەروەها هەرێم دەیویســـت ســـوود لە پەیەدە وەربگرێت. پەیەدە دەیتوانی ببێت بە بەربەســـتێکی ئەمنی لە نێوان سنووری کوردستانی عێراق و توندڕەوەکانی سوریادا. بەرهەمەکانی وزە لە کوردســـــــتانی عێراق پێویســــــتیان بە چەندین ڕێگای هێڵی بۆڕی هەبوو بۆ بازاڕە نێودەوڵەتیەکان. دەتوانرا نەوت لە کوردســــــتانی عێراقەوە، بە هێڵە بۆڕیەکانی ڕۆژاڤا، بەرەوە وێســـتگەکانی ناردن لە بەندەرەکانی لوبنان بڕوات. کوردســـتانی عێراق قاییل بوو

خەرجی (٢٥,٠٠٠) ئاوارەی سوری بخاتە سەر شانی خۆی. هەروەک چۆن بوونی پەکەکە لە قەندیل کاریگەریی سیاسی بە پەیوەندیەکانی هەرێم و ئەنقەرە بەخشی، پەیەدەش خزمەتی هەمان مەبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد.

تورکیا هەوڵیدا ڕکابەریەکان زیاد بکات و کورد دابەش بکاتەوە، ئەمەش بە بەکارهێنانی کاریگەری خۆی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی بارزانی. تورکیا بەدوای ئەوەدا دەگەڕا نەهێڵێت ئۆتۆنۆمی ڕۆژاڤا ئامانجەکەی بپێکێت، کە ئەنقەرە وەک، ئەو ئەسپەی ڕاوچی خۆی لە پشت حەشار دەدات، بۆ پەکەکەی دەبینی. ئەنقەرە پەیوەندی باشی لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتیمانی سوریدا هەبوو وە دانی بە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردیدا نا وەک تاکە نوێنەری کورد لە سوریادا. هەرچەندە لە ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤دا ساڵح موسلم چەندین جار سەردانی تورکیای کرد، بەڵام ئەردۆگان هەر بەبێ متمانە مایەوە. کاتێک پەیەدە دەرکەوت هەر دوای کشانەوەی پەکەکە لە سەر خاکی سوریا لە ساڵی ١٩٩٩، ئەنقەرە ڕایگەیاند کە ئەمە جێگرەوەی پەکەکەیە. بەگوێرەی وتەکانی کوردێکی سوری سەربەخۆ لە پەیەدە، "بەلایەنی کەمەوە ٤٠٠ پەکەکەی نوێ لە تورکیا و ئێرانەوە هاتوون [لە ساڵی ٢٠١٣ەوە]".

تورکیا کاروانە مرۆییەکانی ڕاگرت لە تێپەڕین بەو سنوورانەی لە لایەن یەپەگەوە کۆنترۆڵ کرابوون. بەقەدەغەکردنی چوونی هاواری مرۆیی بووە هۆی ئەوەی کە دابین کردنی خۆراک و داودەرمان وەک چەکێکی جەنگ بەکاربهێنرێت. هەروەها کوردەکان نەیاندەتوانی چارەسەر پزیشکی لە تورکیاشدا وەربگرن. تورکیا بەربەستێکی حەوت کیلۆمەتری بنیادنا لە نێوان نوسەیبین لە تورکیا و قامیشلی لە سوریا بۆ ڕاگرتنی لێشاوەی کورد لەو وڵاتەوە. کاتێک بڕیاری (٢١٣٩)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ٢٢ی شوباتی ٢٠١٤ دا دەرچوو، داوای کرد هاوکاری مرۆیی بۆ دانیشتوانی مەدەنی لە تورکی بڕوات، ئەنقەرە بەم بڕیارە کەمێک نەرم بووەوە وە بە شێوەیەکی کاتی سنوورەکەی لە قامیشلی کردەوە.(٧٠) لە ئازاری ٢٠١٤دا، کاروانێکی

نەتەوە یەکگرتوەکان بە شاری ماردیندا تێپەڕی بەرەو قامیشلی. ئەمە تەنیا هاوکاریەکی ڕەمزی و کورتخایەنی نیشاندانی نیاز پاکی بوو.

*****

ئەســەد ســەرجەم هیواکانی ئاشــتی پوچەڵ کردەوە لەو کاتەی هێزەکانی لە ٢١ی ئابی ٢٠١٣دا چەکی کیمیـاییـان بەکـارهێنـا. لەو ڕۆژەدا، بەلایەنی کەمەوە (١,٤٠٠) هـاوڵاتی کوژران کە تیایدا (٤٢٦) منالْ بوونیان هەبوو.(٧١) بەگوێرەی وتەکانی شــۆڕشــگێڕان، هێرشــی (WMD) چەکی کۆمەڵکوژی چواردەمین هێرشــی بەکارهێنانی ئەم چەکە بوو لەمێژوودا. وەزیری دەرەوەی ئەمریکــا، جۆن کێری، بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە، "قەسابخانە بێ ئامانجەکەی سەر هاوڵاتیان مەدەنی، کووشتنی ئافرەت و منالْ و مرۆڤی بێ تاوان بە چەکی کیمیایی فاحیشــەیەکی ئەخلاقیە".(٧٢) ســکرتێری گشــتی نەتەوە یەکگرتوەکان، بان کی مون، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە تاوانێک لە دژی مرۆڤایەتی وەسف کرد و داوای گرتنەبەری هەنگاوی بە پەلەی کرد.

لە میانەی بە شی پرسیار و وەڵامی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری ئۆباما وشیاریدا کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ئەســەد تێپەڕاندنی 'هێڵی ســوور'ە. ســەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆر بەڵگەی سەلمێنەری بەکارهێنانی گازی خەردەل و ماددەی کیمیاییەکانی تر، پەرلەمانی بەریتانیا بڕیاری ڕێگا پێدانی هێزیی ڕەتکردەوە؛ ئۆباماش ڕەتی کردەوە کە دەستبخاتە تاکە پشتگیریەکەی فەڕەنسا بۆ هەڵوێست وەرگرتن. ڕای گشتی ئەمریکا لە جەنگە درێژە دە ســاڵیەکەی عێراق و ئەفغانســتان ماندوو بوون. کاتێک ئۆباما ڕایگەیاند کە ئەمریکا "هێزی پیادە نانێرێت"ســیناتۆر جۆن مەککین داوای لە ئیدارەکە کرد بۆ پێشکەشکردنی دژە تانک و موشەکی دژە فڕۆکە بە شۆڕشگێڕان. هەرچۆنێک بێت، ئیدارەی ئۆباما نیگەرانی ئەوە بوو کە ئەو چەکە پێشــکەوتووانە بگەنە دەســتی کەسانی هەڵە کە بەکاربهێنرێن لە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئۆباما تووشی

ڕەخنەیەکی زۆر بوو وە بۆ ڕاگرتنی هەوڵەکانی مەشـــقی ســـەربازیی و پڕچەککردنی شۆڕشگێڕان، کە لە جەنگەکانیاندا بەهۆی نایەکسانی تفاقی جەنگ لەگەڵ چەکدارەکانی سوریادا تووشی شکست بوون.

لە ٤ی ئـایـاری ٢٠١٣دا، جۆن کێری داوای لە نەتەوە یەکگرتوەکـان کرد بۆ لەناوبردنی چەکی کیمیایی. وەزیری دەرەوەی ڕوســیا، ســێرگی لاڤرۆڤ، دەرفەتەکەی قۆستەوە بۆ لەناوبردنی عەمبارەکانی چەکی کیمیایی سـوریا.(٧٣) دەسـتوەردانی نەتەوە یەکگرتوەکان سـەرکەوتنێکی تەکنیکی بوو بۆ سـوریا. ئەسـەد کێشـەیەکی خولْقاند کە تەنیا خۆی دەیتوانی چارەسەری بکات. بە شێوەیەکی سەیر، ئەسەد بوو بەو ئەکتەرەی کە نەدەتوانرا فەرامۆش بکرێت لە مەسەلەی ئاشتی و چەک داماڵین لە سوریادا. پلانی دەستنیشانکردن، گواستنەوە و لەناوبردنی چەکی کۆمەڵکوژ، لە ڕاستیدا، ڕژێمی بەهێز کرد. ســوریا توانی خۆی لە بڕیاری بەشــی حەوتەمی ئەنجومەنی ئاســاییش بەدوور بگرێت، کە دەبووە هۆی بەکارهێنانی "سەرجەم ڕێوشوێنە پێویستەکان" بۆ دڵنیابوون لە گەیاندنی هاوکاری مرۆیی. بەم شێوەیە گفتوگۆکردن دەربارەی گۆڕینی ڕژێم کۆتاییان هات.

ئەسـەد چالاکیە سـەربازیەکانی چڕتر کردەوە، وە جەنگەکەی لە بەرژەوەندی خۆی وەرگێڕا. حزب اللەی لوبنانیش هاتە ناو گێژاوەکەوە. بە بەکارهێنانی بۆمبی بەرمیلی، ڕژێم ئەوەندەی تر بوو بە ئامرازی تۆقاندنی هاوڵاتیانی مەدەنی. هەرچەندە لە (٩٠٪)ی عەمبارەکانی چەکی کۆمەڵکوژی لەناوبردران، بەڵام هێزە چەکدارەکانی ســـوریا بۆمبی کلۆرینیان بەکارهێنا. ناڤی پیلای، کۆمیســەری باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەڵگەی زۆری هێنایەوە کە "بەرزترین ئاستی حکومەتی سوریا" بەرپرسیار بوون لە تاوانەکانی جەنگ.(٧٤)

به سپۆنسەری ئەمریکا و ڕوسیا، پلان داڕێژەران بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسی ئاشتی جنێڤ دوو. دەستپێشخەریەکە بەهۆی کەموکورتی لەیەکگەیشتن و بەڕێوەبردنەوە لە بایەخی کەمکرایەوە، وە ئەمە سەرەڕای زۆرداریيە بەردەوامەکەی ئەسەد.(٧٥) لە وەڵامدا، دیمەشق هەڕەشەی کشانەوەی لە کۆنفرانسەکەدا کرد. بان کی مون بە شێوەیەکی لەناکاو ئێرانی بانگهێشتی جنێڤ دوو کرد، کە تورکیا لە پشت پەردەوە ڕۆڵی دەگێڕا بۆ هاندانی بەژداری کردنی ئێران. هاوپەیمانی نیشتیمانی سوری هەڕەشەی بایکۆتکردنی کۆبوونەوەکەی کرد، وە بانگهێشتنامەکە بۆ تەهران کێشرایەوە. لە کۆتاییدا، جنێڤ دوو لە بەرواری ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤دا کۆبووەوە. کۆبوونەوەکە گوازرایەوە شاری مۆنتریۆ چونکە هیچ ژورێکی هۆتێل لە جنێڤدا نەمابوو، چونکە پێشوتر پلانی پێشانگایەکی کاتژمێر دانرابوو.

ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی و پەیەدە لە هەولێر کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لە سەر نوێنەرایەتی کورد لە جنێڤ دوو. هەردوو سپۆنسەرەکە بە پەیەدەیان ڕاگەیاند کە نوێنەرەکانیان دەتوانن بەژداری کۆنفرانسەکە بکەن ئەگەر ئەوان وەک بەشێک لە نوێنەرایەتی هاوپەیمانی نیشتیمانی سوری بێت. ئەوان ڕەتیان کردەوە. پەیەدە داوای نوێنەری جیاوازی کوردی کرد. هاوپەیمانی نیشتیمانی کوردی کۆمەڵەیەکیان بە سەرۆکایەتی 'حەمید دەروێش' نارد. بەگوێرەی وتەکانی دەروێش، "ئەمە داواکاریەکانی کورد بە شەرعی دەکات و لە سەر پلاتفۆرمی نێودەوڵەتی دەیانباتە پێشەوە. کورد لە سەرتاسەری ئەوروپا، تورکیا و سوریادا ناڕەزاییان دەربڕی. زمانحاڵێکی پەکەکە ئاماژەی بەوەدا، "دەرکردنی هێزی سەرەکی بەدیموکراسیکردن-واتە کورد- لە کۆنفرانسێک دەربارەی داهاتووی سوریا دیموکراتیبوونی سوریا هەر لە سەرەتاوە هەڵدەوەشێنێتەوە. بەم دوورخستنەوەیە کورد بەرپرسیار دەبێت لەم چەندە".(٧٦)

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی کرداریی دژی بەژداری پەیەدە بوو. ڕۆبەرتس فۆرد ڕەخنەی لە ڕاگەیاندنی فیدراڵیەتی پەیەدە گرت. هەروەها بەهۆی

تووڕەکردنی لایەنە کوردیەکانی تر و هاوکاریکردن لەگەڵ ڕژێم تووشـــــی ڕەخنەی گران بووەوە. ســـاڵح موســـلم لە ســـتۆکهۆڵم داوای ڤیزەی ئەمریکای کرد بۆ بەژداریکردن لە کۆنفرانسی زانکۆی کۆڵۆمبیا، بەڵام داواکاریەکەی کاری لە سەر نەکرا. وەزارەتی دەرەوە نەیدەتوانی بگاتە ڕێککەوتنێکی گشتی لە سەر ئەوەی ئایا داواکاریەکەی ساڵح پەسەند بکـات یـاخود نـا. تەنـانەت ڕێککەتنێکی هەمەلایـانە لە نێوان وەزارەتی دەرەوە و بریکـارەکـانی تری حکومەتی ئەمریکیش لە ئـارادا نەبوو. تەنـانەت ئەگەر حکومەتی ئەمریکاش بڕیاری بدابوایە بۆ پەســـەندکردنی پێدانی ڤیزە بە موســـلم، ئیدارەی ئۆباما بەبێ ڕەزامەندی ئەنقەرە هیچ کاردانەوەیەکی نەدەبوو. واشـــنتۆن دژی ڕۆژاڤا بوو، کە دەبووە هۆی زیادبوونی لێکترازانی سـوریا. ئیدارەی ئۆباما نەیدەویسـت هاوکاری پەیەدە بکات کە وەک بەشـــێک لە هاوکاری پەکەکە ببینرێت. فۆرد لە ئازاری ٢٠١٣وتارێکی لە کۆنفرانسێکدا دەربارەی کورد لە سەر 'سوریای دوای ئەسەد': "من لایەنگیری کورد نیم، من لایەنگیری سوریەکانم".(٧٧) لێدوانەکەی کوردەکانی هیوابڕاو کرد. شکستی ئۆباما بۆ دەستوەردانی سەربازیی زیاتر ئۆپۆزسیۆنی فراوانی سوریای بێزار کرد، ئەمە سەرەڕای تووڕەبوونی هاوپەیمانەکانی لە تورکیا و وڵاتانی کەنداودا.

## سەرچاوەکان


1. “The Damascus Declaration.” *Carnegie Middle East Center.* N.p., n.d. Web. 09 June 2014. <http://carnegie-mec.ort/pulications/?fa=485114>.
2. Kurdwatch Is A Project Of The, European Center For Kurdish Studies, Emser Straße 26, and 12051 Berlin. *KURDWATCH•Report 4* (n.d.): n. pag. Web.
3. “The Damascus Declaration.” *Carnegie Endowment for International Peace.* N.p., n.d. Web. 27 May 2014. <http://carnegieendowment.org/syriaincrisis/?fa=48514&reloadFlag=1>.
4. 12, 2006 December. *Kenneth Katzman and Alfred B. Prados* (n.d.): n. pag. Web. <http://fpc.state.gov/documents/Organization79340lpdf>.
5. Blanford, Nicholas. “A Murder Stirs Kurds in Syria.” *The Christian Science Monitor.* The Christian Science Monitor, 16 June 2005. Web. 09 June 2014. <http://www.xsmonitor.com/2005/0616/p01s03-wome.htm1>.
6. Ibid.
7. “In Memory of The Kurdish Patriot Ms Soraya Serajeddini (Nakshbandi).” *In Memory of the Kurdish Patriot Soraya Serajeddini (Nakshbandi).* (N.p., n.d. Web. 09 June 2014. <http://www.kncna.org/docs/htm_asp_files/In_memory_of_Soraya_Nakshbandi.htm>.
8. “KurdishMedia.com: News about Kurds and Kurdistan.” *KurdishMedia.com:* <http://www.kurdmedia.com/article.aspx?id=16943>.
9. “World Media Watch for July 21, 2006.” *World Media Watch for July 21, 2006.* N.p., n.d. Web. 09 June 2014. <http://www.truth-

out.org/buzzfalsh/commentary/world-media-watch-for-july-21-2006/67-world-media-watch-for-july-21-2006>.

10. “Decree 49 – Ethnic Cleansing of Kurds in Syria.” *Support Kurds in Syria RSS.* N.p., n.d. Web. 19 May 2014. <http://supportkurds.org/reports/decree-49-ethnic-cleansing-of-kurds-in-syria/#sthash.QtQNYX6O.dpuf>.
11. “World Directory of Minorities and Indigenous People.” *Minority Rights Group International : Syria : Kurds.* N.p., n.d. Web. 09 June 2014. <http://www.minorityrights.org/5270/syria/kurds.htm1#sthash.vWU4GrD7.dpuf>.
12. “Death of Arabisation Mastermind, Mohammed Talip Hilal.” *KURDISTAN COMMENTARY.* N.p., n.d. Web. 09 June 2014. <http://kurdistancommentary.wordpress.com/2011/02/13/death-of-arabisation-mastermind-mohammed-talip-hilal/>.
13. “Death of Arabisation Mastermind, Mohammed Talip Hilal.” *KURDISTAN COMMENTARY.* N.p., n.d. Web. 09 June 2014. <http://kurdistancommentary.wordpress.com/2011/02/13/death-of-arabisation-mastermind-mohammed-talip-hilal/>.
14. “Death of Arabisation Mastermind, Mohammed Talip Hilal.” *KURDISTAN COMMENTARY.* N.p., n.d. Web. 09 June 2014. <http://kurdistancommentary.wordpress.com/2011/02/13/death-of-arabisation-mastermind-mohammed-talip-hilal/>.
15. “Death of Arabisation Mastermind, Mohammed Talip Hilal.” *KURDISTAN COMMENTARY.* N.p., n.d. Web. 09 June 2014. <http://kurdistancommentary.wordpress.com/2011/02/13/death-of-arabisation-mastermind-mohammed-talip-hilal/>.
16. Ibid.
17. KurdishMedia.
18. “THE RESURRETION OF SYRIAN KURDISH PLITICS.” *GLORIA CENTER.* N.p., n.d. Web. 1 June 2014. <http://www.gloria-

center.org/2013/12/the-ressurection-of-syrian-kurdish-politics/>.

19. Sterling, Joe. "Daraa: The Spark That Lit the Syrian Flame." *CNN.* Cable News Network, 01 Mar. 2012. Web. 30 May 2014. <http://www.cnn.com/2012/03/01/world/meast/syria-crisis-beginings/>.
20. International Crisis Group. "The Rising Cost of Turkey's Syrian Quagmire" *The Rising Costs of Turkey's Syrian Quagmire* 230 (2014): 39. 30 Apr. 2014. Web. <http://www.crisisgroup.org/ ~ / media/Files/europe/turkey-cyprus/turkey/230-the-rising-costs-of-turkey-s-syrian-quagmire.pdf>.
21. "Alliance for Kurdish Rights." *Alliance for Kurdish Rights.* N.p., n.d. Web. 10 June 2014. <http://kurdishrights.org/2011/04/07/syria-to/grant-citizenship-to-some-of-its-stateless-kurds/>.
22. "The Evolution of Kurdish Politics in Syria | Middle East Research and Information Project." *The Evolution of Kurdish Politics in Syria | Middle East Research and Information Project.* N.p., n.d. Web. 09 June 2014. <http://www.merip.org/mero/mero083111?ip_login_no_cache =80d46e766fff3bf997ff4cb2f9358e3>.
23. "Syria Civil War Fast Facts." *CNN.* Cable News Network, 24 Feb. 2014. Web. 08 June 2014. <http://www.cnn.com/2013/08/27/world/meast/syria-civil-war-fast-facts/>.
24. "From Rep. of Turkey Ministry of Foreign Affairs." *Republic of Turkey Ministry of Foreign Affairs.* N.p., n.d. Web. 10 June 2014. <http://www.mfa.gov.tr/turkey_s-commercial-and-economic-relations-with-syria.en-mfa>.
25. "Is the Hatay/Alexandretta Problem Solved?" *:: Daniel Pipes.* N.p., n.d. Web. 10 June 2014.

<http://www.danielpipes.org/blog/2005/01/is-the-hatayalexandretta-problem-solved>.

26. "Will Assad-Erdogan Love Affair Last?" *Ynet.* N.p., 30 May 2014. Web. 09 June 2014. <http://www.ynetnews.com/articles/0%2C7340%2CL-4051380%2C00.htm1>.
27. Blomfield, Adrian. "Thousands of Kurds Could Awaken against Syrian Regime." *The Telegraph.* Telegraph Media Group, 09 Oct. 2011. Web. 10 June 2014. <http:www.telegraph.co.uk/news/worldnews/middleeast/Syria/88168225/Thousands-of-Kurds-could-awaken-agianst-Syrian-regime.htm1>.
28. "Erdogan: Assad Is a Good Friend, but he Delayed Reform Efforts." *Today's Zaman, Your Gateway to Turkish Daily News.* N.p., 30 May 2014. Web. 09 June 2014. <http://www.todayzaman.com/news-243660-erdogan-assad-is-a-good-friend-but-he-delayed-reform-efforts.htm1>.
29. "Will Turkey Bring Syria and Israel Back to the Table? Doubtful." *Foreign Policy.* N.p., n.d. Web. 10 June 2014. <http://blog.foreignpolicy.com/posts/2010/10/04/will-_turkey_bring_syria_and_israel_back_to_the_table_doubtful>.
30. TodaysZaman
31. "Syria in Revolt." *Home.* N.p., 22 Aug. 2014. Web. 04 Sept. 2014. <http://bostonreview.net/world/sadik-al-azm-syria-in-revolt#.U_OfcBpzZLY.twitter>.
32. "Syria in Revolt." *Home.* N.p., Web. 05 Sept. 2014. <http://bostonreview.net/world/sadik-al-azm-syria-in-revolt#.U_OfcBpzZLY.twitter>.
33. Ibid.
34. International Crisis Group. "The Rising Cost of Turkey's Syrian Quagmire" *The Rising Costs of Turkey's Syrian Quagmire* 230

(2014): 39. 30 Apr. 2014. Web. <http://www.crisisgroup.org/ ~ /media/Files/europe/turkey-cyprus/turkey/230-the-rising-costs-of-turkey-s-syrian-quagmire.pdf>.

35. "Needs Soar as Number of Syrian Refugees Tops 3 Million." *UNHCR News.* N.p., n.d. Web. 08 Sept. 2014. <http:www.unhcr.org/53ff76c99.htm1>.
36. "Russian Helped Syria Shoot down Turkish Plane, UK Newspaper Claims." *The Times of Israel.* N.p., 30 May 2012. Web. 09 June 2014. <http://www.timesofisrael.com/sources-russia-helped-shoot-down-turkish-plane/#ixzz33DTUA146>.
37. Watson, Ivan, Gul Tuysuz, Talia Kayali, Richard Roth, Joe Vaccarello, Chris Lawrence, Nick Paton Walsh, Amir Ahmed, And Saskya Vandoorne. "Turkey Strikes Targets in Syria in Retaliation for Shelling Deaths." *CNN.* Cable News Network, 01 Jan. 1970. Web. 11 June 2014. <http://www.cnn.com/2012/10/03/world/europe/turkey-syria-tension/>.
38. International Crisis Group, 1
39. International Crisis Group, 31
40. "Will Turkey Midwife Independent Kurdistan? | RealClearWorld." *Will TurkeyMidewife Independent Kurdistan? | RealClearWorld.* N.p., n.d. Web. 09 Sept. 2014. <http://www.reaclearworld.com/2014/07/17/will_turkey_midwife_independent_kurdistan_160143.htm1>.
41. "Syria Civil War Fast Facts." *CNN.* Cable News Network, 24 Feb. Web. 08 June 2014. <http://www.cnn.com/2013/08/27/world/meast/syria-civil-war-fast-facts/>.
42. "World Directory of Minorities and Indigenous Peoples." *Minority Rights Group International : Syria : Kurds.* N.p., 21 May 2014. Web. 09 June 2014.

<http://www.minorityrights.org/5270/syria/kurds.htm1#sthash.vWU-4Grd7.dpuf>.
43. "Ocalan, the Names of the Same Frame!" *Ocalan, the Names of the Same Frame!* N.p., n.d. Web. 10 Sept. 2014. <http://www.habermonitor.com/en/haber/detay/ocalan-the-names-of-the-same-frame/155470/>.
44. "Jihadists Seek Islamic State on Syria-Iraq Border." *The Daily Star Newspaper.* N.p., n.d. Web. 1 June 2014. <http://www.dailystar.com.1b/News/Middle-East/2014/May-21/257245-jihadists-seek-islamic-state-on-syria-iraq-border.ashx#ixzz33QaYcYB4>.
45. Ibid.
46. "Flight of Icarus? The PYD's Precarious Rise in Syria." *International Crisis Group.* N.p., 8 May 2014. Web. 09 June 2014. <http://www.crisisgroup.org/en/regions/middle-east-north-africa/egypt-syria-lebanon/syria/151-flight-of-icarus-the-pyd-s-precarious-rise-in-syria.aspx>.
47. "Sudden, Massive Influx of Syrians into Iraq's Kurdistan Region." *UNHCR News.* N.p., n.d. Web. 1 June 2014. <http://www.unhcr.org/5203158f9.htm1>.
48. N.p., n.d. Web. 1 June 2014. <http://www.basnes.com/en/News/Details/ISIS-issues-Fatwa-agianst-Kurds-in-Syria/14192>.
49. Remarks by Salih Moslem Mohamed at the European Parliament on – 2013.
50. Remarks by Salih Moslem Mohamed at the European Parliament on – 2013.
51. "Jihadists Seek Islamic State on Syria-Iraq Border." *The Daily Star New-paper.* N.p., n.d. Web. 1 June 2014. <http://www.dailystar.com.1b/News/iraq-border.ashx#ixzz33Qaplz8f>.

52. Hubbard, Ben, Clifford Krauss, and Eric Schmitt. “Rebels in Syria Claim Control of Resources.” *The New York Times.* The New York Times, 28 Jan. 2014. Web. 1 June 2014. <http://www.nytimes.com/2014/01/29/world/middleeast/rebels-in-syria-claim-control-of-resources.htm1?_r=0>.
53. Crisis Group Middle East Report.
54. Crisis Group Middle East Report, 12.
55. Remarks by Salih Moslem Mohamed at the European Parliament on – 2013.
56. “PYD’s Saleh Muslim Addresses The European Parliament.” N.p., n.d. Web. 24 July 2014.
57. Crisis Group Middle East Report, 15.
58. Crisis Group Middle East Report, 15.
59. Crisis Group Middle East, 23.
60. Email to the author. December __, 2013.
61. “Crisis Group Middle East, 16.
62. N.p., n.d. Web. 1 June 2014. <http://en.firatnews.com/news/news/barzani-accuses-pyd-of-collaborating-with-assad-regime.htm>.
63. Crisis Group Middle East Report, 10.
64. Crisis Group Middle East Report, 11.
65. Interview with the author, Brussels, December 5, 2013.
66. “Iraqi Kurdish Leader Vows to Aid Syrian Kurds.” *Iraqi Kurdish Leader Vows to Aid Syrian Kurds.* N.p., n.d. Web. 1 June 2014. <http://www.kurdnas.com/en/index.php?option=com_content&view=article&id=580:iraqi-kurdish-leader-vows-to-syrian-kurds&catid=3:newsflash&Item=54>.
67. “Peshmerga Role Expands with Iraqi and Syrian Violence | SOFREP.” *SOFREP.* N.p., n.d. Web. 1 June 2014. <http://sofrep.com/29041/peshmerga-role-expands-iraqi-syrian-violence/#ixzz33PPeAV4m>.

68. “THE RESURRECTION OF SYRIAN KURDISH POLITICS.” *GLORIA Center.* N.p,. n.d. Web. 1 June 2014. <http://www.gloria-center.org/2013/12/the-ressurection-of-syrian-kurdish-politics/>.
69. “International Crisis Group, 27.
70. “More than 1,400 Killed in Syrian Chemical Weapons Attacks, U.S. Says.” *Washington Post.* The Washington Post, n.d. Web. 11 June 2014. <http://www.washingtonpost.com/world/national-security/nearly-1500-killed-in-syrian-chemical-weapons-attack-us-says/2013/08/30/b2864662-1196-11e3-85b6-d27422650fd5_story.htm1>.
71. “Transcript: Secretary of State John Kerry’s Remarks on Alleged Syria Chemical Attack.” *Washington Post.* The Washington Post, n.d. Web. 10 June 2014. <http://www.washingtonpost.com/world/national-security/transcript-secretary-of-state-john-kerrys-remards-on-alleged-syria-chemical-attack/2013/08/26/40b0b4ea-0e8b-11e3-bdf6-e4fc677d94a1_story.htm1>.
72. “Syria Civil War Fast Facts.” *CNN.* Cable News Network, 24 Feb. 2014. Web. 28 May 2014. <http://www.cnn.com/2013/08/26/world/meast/syria-civil-war-fast-facts/>.
73. Ibid.
74. “Tension High on First Day of Syrian Peace Talks.” *PBS.* PBS, n.d. Web. 11June 2014. <http://www.pbs.org/newshour/extra/daily_videos/tension-high-on-first-day-of-syrian-peace-talks/>.
75. “Syrian Kurds Feel Left out of Geneva II – Al-Monitor: The Pulse of the Middle East.” *Al-Monitor.* N.p., n.d. Web. 5 June 2014. <http://www.al-

monitor.com/pulse/originals/2014/01/geneva-ii-kurdish-international-community.htm1#ixzz33n6AFEDd>.

76. “Personal Website of Mutlu Civriroglu (Mutlu Ã‡iviroÄŸlu’nun KiÅŸisel SayfasÄ±).” *Personal Website of Mutlu Civiroglu Mutlu Ivirolunun Kiisel Sayfas.* N.p., n.d. Web. 11 June 2014. <http://civiroglu.net/tag/syrian-kurdish/>.

(٩)

## دووەمین شۆڕشی ئێرانی

ئیدارەی بوش لە هاوکاریکردن لەگەڵ هێزەکانی پژاک نکۆڵی کرد. هەرچۆنێک بێت، حکومەتی ئێرانی و ڕاگەیاندنی تورکی سوور بوون لە سەر ئەوەی کە ئەمریکا بە نهێنی هاوکاری پژاک دەکات وەک بەشـــێک لە ســـتراتیژیەتێکی فراوان بۆ لاوازکردنی ڕژێمی ئێران.(١) چەند ڕاپۆرتێکی پشـتڕاسـتنەکراوە ئاماژەیان بەوەدا کە ئەمریکا و ئیسـرائیل چەک و هاوکاری داراییان بە پژاک بەخشیوە، وە هەروەها هێزە تایبەتیەکانی ئەمریکاش لەکاتی ڕوودانی هەر شـــتێک لەوێ ئامادە بوون بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ پژاک. پینتاگۆن گوایە "لیســـتێکی چەند ئامانجێک لەناو ئێران کە جێگای بایەخی ئەمریکان" پێشـــکەش بەو پارتە کردوە.(٢) چالاکی نهێنی پێویســـت بە زانینی ســـەرۆکایەتی یان ڕەزامەندی کۆنگرێس هەیە. کۆنگرێســـمان، دێنیس کۆچینچ، ڕایگەیاند کە جۆرج بوش داوای زانیاری کردوە لە سـەر پەیوەندیەکانی ئەمریکا و پژاک لە ١٨ی نیسـانی ٢٠٠٦دا. هەردوو لایەن، ئەمریکـا و پژاک، نکۆڵیـان لە هەمـاهەنگی کردن کرد.(٣) بەگوێرەی وتەبێژی سـی ئای ئەی، "سـی ئای ئەی هیچ لێدوانێک، وەک یاسـای دەزگاکە، لە سـەر ئەو دەنگۆیانە نادات سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی نهێنی".(٤)

بەرپرسەکان لە نووسینگەی جێگری سەرۆک و وەزارەتی بەرگری بە پەرۆش بوون لە هەوڵەکانیاندا بۆ لاوازکردنی دەســـەڵاتی ئایینی ئێران. ئەوان لە ســـەرکارلادانی ســـەدامیان وەک یەکەم هەنگاوی ئەجێندای گۆڕینی ڕژێم وێنا کرد.(٥) ئیدارەی بوش لەگەڵ ئەو لایەنانەدا هاوکاری کرد کە توندوتیژیان بەکاردەهێنا بۆ بەرەو پێشـــبردنی ئامانجەکانیان و تاوانیان لە دژی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەنجامداوە.(٦) ئەم تاقمانە پێک دێن لە جند الله، گروپێکی ســـوننی توندڕەوی بەلوچیە کە پەیوەندی لەگەڵ قاعیدەدا هەبوو، وە لە ساڵی ٢٠١٠دا خرایە ناو لیستی ڕەشی تیرۆرەوە. هەروەها

ئیدارەی بوش پەیوەندی بە "موجاهیدینی خەلق- ئێران"یشـــەوە کرد، کە زانیاری نهێنی بەخشــی ســەبارەت بە بەرنامەی ناوەکی و چەند هێرشــێکی ڕێکخســت بۆ ســەر چەند بنکەیەکی ســەربازی ئێران. ئەم گروپە گەورەترین و پڕچەکدارترین گروپی ئێرانیەوە کە لە لایەن مەســعود و مەریەم ڕەجافیەوە ســەرکردایەتی دەکرێت.(٧) موجاهیدینی خەلق وەک گروپێکی توندڕەوی خوێندکاریی دەســـتی بە کارکردن کرد کە بە شـــێوەیەکی ســتراتیژی لە لایەن ئایەتولا خومەینیەوە بەکارهێنرا لە دژی شـا پەهلەوی، یەکێک لە گرنگترین چالاکیەکانی گرتنی بارمتە بوو لەکاتی دەســـتبەســـەرداگرتنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەساڵی ١٩٧٩ لە تەهران. لە ساڵی ١٩٩٧ ناوی چووە لیستی ڕەشی تیرۆرەوە.

بەپێچەوانەوە، پژاک هەرگیز لە هێرشـــکردن لە دژی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا تێوەنەگلابوو. خەباتە چەکداریەکەی لە پێناو گۆڕینی دەســـەڵاتی ئاینی ئێران بە "حکومەتێکی فیدراڵ و دیموکرات" بوو کە تیایدا "حوکمی زاتی بدرێت بە هەموو کەمە نەتەوەکانی ئێران لە ئەهوازی، عەرەب، ئازەری، بەلوچی و کورد.(٨) نەتەوە نافارسەکانی لە (٪ ٤٠-٥٠)ی کۆی گشـــتی ژمارەی دانیشـــتوان پێک دەهێنن کە بەزۆری لە ناوچە سنووریەکاندا نیشتەجێن.(٩)

حاجی ئەحمەد، ســەرکردەیەکی پژاک، لە ئابی ٢٠٠٧دا ســەردانی واشـنتۆنی کرد. ئەو بەدوای ئەوەدا بوو کە چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا پێک بهێنێت بۆ پێشنیارکردنی هەماهەنگی ئەمنیی، بەپێدانی چەکیشەوە.(١٠) ئەنقەرە زۆر تووڕە بوو کە ئەحمەد ڤیزای پێدرا و شـــوێنی حەوانەوەی دبلۆماســـی لە ئەمریکا بۆ دابین کرد. ئەمریکا هەولێدا تورکیا ئارام بکاتەوە، چونکە هاوپەیمانێکی بە ئەمەک و ئەندامی ناتۆ بوو. دوای ســـــەردانەکەی حاجی ئەحمەدی، پژاک ئەمریکای تاوانبار کرد بە پێدانی زانیاری هەواڵگریی بو تورکیا و ئێران بۆ پشتگیری کردنی هێرشە سنووریەکان لە دژی پەکەکە و پژاک لە قەندیل.(١١) فەرماندەی هێزە زەمینیەکانی تورکیا، جەنەڕاڵ ئیلکەر باشـــبوگ، دانی بەوەدا نا کە تورکیا و ئێران هێرشـــەکانیان هەماهەنگ دەکرد لە دژی

پژاک. چالاکیە سەربازییە هەماهەنگیەکانی هێرشی ئاسمانی، هێرشی تۆپی دوورهاوێژ، وە هەشت ڕۆژ لە هێرشی زەمینی لە شوباتی ٢٠٠٨دا گرتەوە.(١٢)

هەر زوو دوای دەستبەکاربوونی سەرۆک باراک ئۆباما لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٩دا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە شێوەیەکی فەرمی پژاکی خستە ناو لیستی ڕەشی تیرۆرەوە. ئەم کارە بووە هۆی سڕکردنی هاوکاریەکانی پژاک لە ئەمریکا و قەدەغەکردنی هاولاتیانی ئەمریکی لە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ڕێکخراوەکە. ئەمە جولانەوەیەکی ڕەمزی بوو بە کاریگەریەکی کەمەوە لە سەر پژاک. زیادکردنی پژاک لە لیستی تیرۆردا بۆ دڵنەواییکردنی نیگەرانیەکانی ئەنقەرە بوو. هەرچۆنێک بێت، تاوانبارکردن بە بیانووی هەماهەنگی بە بەردەوامی دەوتران دەوترانەوە. لە ئابی ٢٠١١دا، گوایە نوێنەرایەتی پینتاگۆن چاویان بە فەرماندەکانی پژاک کەوتووە لە کوردستانی عێراق بۆ گفتوگۆکردنی پالپشتی سەربازیی.(١٣)

*****

بوش لەکاتی وتاری سالانەی لە بەردەم کۆنگرێس بۆ پیشاندانی بۆچوونی ئیدارەی لە سەر بارودۆخی نەتەوە و پلانی یاساییدا لە ٢٩ کانوونی دووەمی ٢٠٠٢، ئێرانی خستە ناو بازنەی شووم (Axis of evil)، کە قەدەغەی ئەو ڕژێمانەی دەکرد کە سپۆنسەری تیرۆر دەکەن بۆ هەڕەشە کردن لە ئەمریکا یان دۆست و هاوپەیمانەکانیان بە چەکی کۆمەڵکوژی. ئەمەش وەک ئامانجێکی سەرەکی ئیدارەکەی دیاریکرا. بوش دووپاتیکردەوە، "ئێران زۆر بە توندی شوێن ئەو چەکانە دەکەوێت و تیرۆر هەناردەی دەرەوە دەکات، لە کاتێکدا چەند کەسێکی هەڵنەبژێردراو هیوای گەلی ئێرانی بۆ ئازادی کەم دەکەن". ئەو بەردەوام بوو:

"ولاتانی لەم چەشنە، وە هاوپەیمانە تیرۆریستیەکانیان، بازنەیەکی نەگریسیان پێکهێناوە، چەکیان پێ دەدەن بۆ هەڕەشە کردنە سەر ئاساییشی جیهان. بەگەڕان بەدوای چەکی

کۆمەڵکوژیدا، ئەم ڕژێمانە بوونەتە هۆی بەرزکردنەوە و گەشەپێکردنی مەترسی. ئەوان دەتوانن چەک بەم تیرۆرســـتانە بدەن، ئەو هۆکارانەیان بۆ دابین بکەن کە لەگەڵ ڕق و قینیاندا یەک بگرێتەوە. دەتوانن هێرش بکەنە ســەر هاوپەیمانەکانمان یاخود هەوڵبدەن بۆ هەڕەشــەکردن لە ئەمریکا. لە هەریەک لەم جۆرە حاڵەتانەدا، باجی ئەم کەمتەرخەمیە بە کارەســـاتێکی جەرگبڕ کۆتایی دێت". (١٤)

دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا سەرکردە میانڕەوە ئێرانیەکان هەستیان کرد کە ناپاکیان بەرامبەر کراوە، ئێرانیەکان درکیان بەو ڕاســـتیە کرد کە لە لایەن ســـوپای ئەمریکاوە دەورە دراون لە ڕێگای وڵاتانی عێراق، ئەفغانســـتان، پاکســـتان، قیرغستان و جۆرجیاوە.

بارگرژیی حکومەتی ئێران وەک هەڵمەتێک لە دژی ئۆپۆزســـیۆنەکانی ناوخۆ، ڕێکخراوە نـاحکومیەکـان و پژاک دەرکەوت. لە ٢٧ی تەممووزی ٢٠٠٤دا لە میـانەی ســـەردانێکی ســـەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بۆ تەهران، تورکیا و ئێران هاوپەیمانەتیەکی ســـتراتیژییان پێکهێنا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر. وەک بەشـــێک لە ڕێککەوتنەکە، حکومەتی ئێران 'کۆنگرا-گەل'ی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریســـــتی ڕاگەیاند. (١٥) هێزە چەکدارەکانی ئێرانی لە تەممووزی ٢٠٠٤دا لە ناوچەی ســـەردەشـــت هێرشـــێکی بەرفراوانیان لە دژی پژاک دەســـتپێکرد. (١٦) پێکدادانەکان بەدرێژایی ســـاڵی ٢٠٠٥، بە ئۆپەراسیۆنەکانی پەڕینەوە لە سنوور لە دژی پژاک و پەکەکە لە کوردستانی عێراق و تورکیادا. (١٧)

سەرنجی ئێران لە سەر چارەسەرێکی سەربازیی بۆ مەسەلەی کورد چڕتر بووەوە دوای کوشتنی "شوانە قادری"، چالاکوانی کوردی مافی مرۆڤ، لە لایەن پۆلیسەوە لە ٩ی تەممووزی ٢٠٠٥ لە شاری مەهاباد. ڕۆژ تیڤی بڵاوی کردەوە کە گوایە دوای کوشتنی قادری، " سەربازانی ئێرانی لاشەکەیان بەدوای ئۆتۆمبیلێکی سەربازییەوە بەستۆتەوە و بەناو شاردا ڕایانکێشاوە بۆ چاوترساندنی هاوڵاتیان و ڕێگرتن لە نارەزایی دەربڕین. (١٨)

له هاوینی ٢٠٠٥دا، خۆپیشاندەران لە شارەکای مەهاباد، سەردەشت، پیرانشەهر، ئیشنەڤیە، بانە، بۆکان و سەقز ڕژانە سەر شەقامەکان. خۆپیشاندەران بەدڕندەیی لە لایەن پۆلیسەوە کپکرانەوە. ئەوان ڕووبەڕووی گرتن، ئازاردان و کوشتنی ناڕەوا بوونەوە.(١٩) ئازادی ڕادەربڕین لە ژێر ئابڵوقەدا بوو؛ ڕۆژنامە کوردیەکان داخران، پەیامنێر و سەرنوسەرەکان دەستگیرکران.(٢٠) ئازادی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بەتوندی خرایە ژێر چاودێریەوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش تووشی چەرمەسەری و ئازادی چالاکی بوونەوە، ئازادی فەرهەنگیی قەدەغەکرا. چالاکوانە کوردەکان، نووسەرەکان، مامۆستایان دەستگیرکران و سزای مەرگیان بۆ دەرچوو.

مەجلیس، پەرلەمانی ئێران، لێژنەیەکی لێکۆلینەوەی پێکهێنا بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەو هەڕەشە ئەمنیانەی لە لایەن کوردەوە کران. مەجلیس پڕاکی بە هاوکاریکردن و هاندانی ئەم گێرەشێوێنیە تاوانبار کرد.(٢١) لەجیاتی کارکردن لە سەر ئەنجامی لێژنەکە، حکومەتی ئێران داخوازیەکانی کوردی فەرامۆشکرد بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنان، خاوەنداریەتی سەرچاوە ناوخۆییەکان، وە مافە فەرهەنگیەکان. ڕاپۆرتی 'ئەمنستی ئینتەرناشنال' ئاماژەی بە جیاکاریی لەو وڵاتەدا و حکومەتی ئێرانی بە کردنە ئامانجی کوردەکان تاوانبارکرد، وە بەو ئەنجامە گەیشت کە مافە فەرهەنگیەکان لە لایەن ڕژێمەوە کپکراونەتەوە وە پێشکەوتنە ئابووریەکانیشی پشتگوێ خراون.(٢٢)

بەهۆی تووڕەبوونی جەماوەر و پەیوەندیکردن بە ڕیزەکانیەوە، ئەشکەنجەدانی زیندانیە سیاسیەکان بۆ پژاک بە قازانج وەرگەڕا. بە کوشتنی ئەم ژمارە زۆرەی کورد، کە لە دوای هەڵبژاردنی مەحمود ئەحمەدی نەژاد لە ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەکە زۆر زیادی کرد. ئێران بەلایەنی کەمەوە ٩٤ کەس لە ٢٠٠٥، ١١٧ کەس لە ٢٠٠٦، ٣١٧ کەس لە ٢٠٠٧، وە تا ٣٧٠ کەس لە ٢٠٠٨دا کووشت.(٢٣) بۆ نموونە، محەمەد سەدامدیق کەبودڤەند، لە زیندانی بەدناوی 'ئاڤین'ی تەهران بەتۆمەتی دامەزراندن و خزمەتکردنی وەک سکرتێری ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان لەگەڵ چاپکردنی گۆڤاری (پیام

مردم)، که گۆڤـارێکی بەنـاوبـانـگ بوو لەنێو کۆمەڵگـای کوردیـدا، بەنـدکرا.(٢٤) ئەو کوردەکانی هاندا بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی ســـەرۆکایەتی ٢٠٠٥ وە نکۆڵی لە ســەردانیکردنی بۆ لای کوڕە نەخۆشـەکەی کرا. کەبودڤەند، بەتۆمەتی 'کارکردن لە دژی ئاسایشی نەتەوەیی تاوانبارکرا و پاشان لە دادگایی کرا. ئیحسان فەتاحیان، ئەندامی کۆمەڵە، بە گواستنەوەی چەک بۆ "ڕێکخراوێکی نایاسایی" تاوانبارکرا و حوکمی مردنی بۆ 'دژایەتی بەرامبەر بە خودا'ی بۆ دەرچوو و لە سـاڵی ٢٠٠٩دا هەڵواسـرا.(٢٥) فەسـیح یاســـەمینی، لە لایەن دەســـەڵاتدارانەوە ئەشـــکەنجە درا، بە تۆمەتی ئەوەی هەوڵیدا دانپیانانەکەی بکێشـــێتەوە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٠دا.(٢٦) فەرزاد کەمەنگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد ڤەکیلی، مەهدی ئیسـلامیان، شـیرین عالم هولی ئەشـکەنجەیەکی خەراپ دران و ناچارکران دانی بە ئەندامبوونیان لە پژاک بنێن، وە پاشـــان لە ئایاری هەمانساڵدا کوژران.(٢٧)

ئۆپەراســیۆنە ســـەربازییەکان ماوەیەک پێش هەڵبژاردنە گشـــتیەکانی ئێران چڕبوونەوە، هەردوو باڵە سـەربازییەکانی پەکەکە و پژاکیان کردە ئامانج کە پێی دەوترا هێزەکانی بەرگری کوردســـتانی ڕۆژهەڵات. تەهران داوای کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردسـتانی عێراق بەربەسـت بۆ ئەم هێزانە دروسـت بکات. تۆپبارانی هەڕەمەکی و بێ ئامانج بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی مەدەنی لە عێراق و ئێراندا. ئەم خۆســپاندنەی ڕژێم پشــتگیریەکانی بۆ هێزەکانی بەرگریی کوردســتانی ڕۆژهەڵات زیاتر کرد، کە تیایدا ژمارەیان گەیشـــتە ســێ هەزار شـــەڕڤان لە هەر چوار وڵاتانی عێراق، ســـوریا، ئێران و تورکیا. نزیکەی هێزەکانی ئەندامانی ئەو هێزە لە ئافرەت پێک هاتبوون، بە ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانی کوردســتانی ڕۆژهەڵاتیشـەوە.(٢٨) ئەوان وەک ناوبانگیان بە چوستی و دڵڕەقی بەرامبەر ڕژێم دەرکردبوو.

دەستەی پاسەوانی شۆڕشی ئێرانی هێرشێکی زەمینی فراوانی لە دژی هێزەکانی بەرگریی کوردســتانی ڕۆژهەڵات ســازکرد لە وەڵامی تێکدانی هێڵەکانی بۆڕی نەوت. لە

١٦ی ئابی ٢٠١١دا، پێنج هەزار پا سەوانی شۆڕشی ئێرانی ڕژانە سەر سنووری باکوری ڕۆژئاوای ئێران بۆ ڕاوەدوونانی شـــەڕڤانای هێزە کوردیەکە.(٢٩) لە ٥ی ئەیلولی ٢٠١١دا، هێزە کانی پژاک ئاگربەســـتی یەکلایانە یان ڕاگە یا ند لە وەڵامی زیادبوونی هەوڵە کانی ئێراندا... وە ڕاگواستنی زیاتر لە هەزار خێزانی کورد. ئێران ئاگربەستەکەی ڕەتکردەوە، وە هێرشـــەکانی چڕتر کردەوە. بارەگاکانی پژاک لە بەرزایەکانی 'ژاســـۆســـان' دوای شەڕێکی قورس بەدەستەوە دران، کە تیایدا بە زیانی ١٨٠ کوژراوی ئەندامانی هێزەکانی بەرگری کوردســـتانی ڕۆژهەڵات و برینداربوونی ٣٠٠ کەســـی تر کۆتایی هات.(٣٠) بە گوێرەی وتەکانی سەرکردەی کۆمەڵە، عبدالله مهتادی، "ئەگەر حکومەتەکانی داهاتوو لە ئێران بە هەمان شـــێوەی ئێســـتا دژایەتیمان بکەن، ئەوکات ئێمە هیچ بژاردەیەکمان لەبەردەم نامێنێت، بەڵکو شەڕ و خوێنڕشتن تا کۆتایی دونیا بەردەوام دەبێت".(٣١)

*****

مەحمود ئەحمەدی نەژاد لە ســـاڵی ٢٠٠٥ەوە تا ٢٠١٣ ســـەرۆکی ئێران بوو. حوکمە زۆرداریەکەی پێچەوانە بوو لەگەڵ ڕێگای میانڕەوی جێگرەوەکەی محەمەد خاتەمی، کە لە ساڵی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٥ لە سەر کورسی دەسەڵات بوو. خامنەئی بە کوردی دەدوا. ئەو عبدالله مەلا زادەی وەک یەکەم قائیمە قامی شـــیعەی کورد لە پارێزگا ئێرانیە کانی کوردســـتان دامەزراند. کابینەکەی خاتەمی بە شـــێوەیەکی ڕێژەییانە فراوان بوو کە لە شـــیعە و ســـوننە پێکهاتبوو. هەروەها ڕاوێژکاری کوردیشـــی تیادا بوو. خاتەمی بە هە ماهەنگی لەگەڵ کورد کاری دەکرد، ئەو ڕێگای بە ٢١ ئە ندامی کوردی قەو قاز لە پەڕلەمانی وڵاتەکەیدا.

ژمارەیەکی زۆری کورد بە بەڵێنە شاعیریەکانی خاتەمی کاریگەر نەبوون. ئەوان لە حوکمڕانیە جیاکاریەکەی ئەحمەدی نەژاد بێزاربوون. میر حوســـێن موســـەوی و مەهدی کەڕوبی، دوو سەرکردەی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخواز، بەڵێنی مافی فەرهەنگی زیاتریاندا بە

کەمینەکانی وەک بەشـێک لە هەڵمەتی بانگەشـەی بەرنامەکەیان لە ٢٠٠٩دا. هەرچۆنێک بێت، کورد خۆی لە ســـندوقە کانی دەنگدان بەدوور گرت. لەو کاتەی هە ندێکیان پەیوەندیان بە بزووتنەوەی ســەوز کرد، بزووتنەوەیەکی گەنجی لایەنگیری دیموکراســی، زۆربەیان لە ســەر هێڵی کاری لاوەکیدا خزمەتیان دەکرد. بزووتنەوەی ســەوز شـکسـتی هێنا لە بەردەوامیدان بە ســـتراتیژیەتی مافە نیشـــتیمانیەکانی کەمە نەتەوەکان. کورد بەژداری خۆپیشـاندانەکانی لایەنگرانی دیموکراســی نەکرد بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر فرۆفێڵی هەڵبژاردنەکان لە لایەن ئێرانەوە.

کورد بەهەمانشـــێوە بێدەنگ مایەوە لە پاڵپشـــتیکردنیان بۆ حەســـەن ڕۆحانی لە کاتی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکانی حوزەیرانی ٢٠١٣دا. هەروەک سەرکردەکەی پێشوو، ڕۆحـانی بەڵێنی گەورەی مـافە فەرهەنگیەکـانی بۆ کورد دا.(٣٢) هەرچۆنێـک بێـت، سەرکردە سیاسیەکانی کورد، وەک عبدالله مهتادی، دوودڵ بوون. ئەو باوەڕی وابوو کە ئێرانیەکان لەبەر ئەوە دەنگیان بە ڕۆحانی داوە چونکە بژاردەیەکی باشـــتریان نەبوو. بەگوێرەی وتەکانی ئەو، "ڕۆحانی هەرگیز ڕیفۆرمخواسـت نەبووە، وە هەرگیز بانگەشـەی ئەوەشـــی نەکردووە- هەرگیز. ئەو شـــتەی ئەو بانگەشـــەی بۆ دەکات میانڕەوییە. من دڵنیام خامنەیی دژی هەر گۆڕانکاریەکی ڕاســـتەقینە ڕادەوەســـتێت چونکە لایەنگیری دۆســـتانەی گەوهەری نیە لەگەڵ ڕۆژئاوادا- وە ئەو وا بیردەکاتەوە بەها دیموکراتیەکان بەهاکانی ڕۆژئاوایان تێکداوە". ئەو بەردەوام بوو لە سەر قسەکانی:

"ئێمە پشـــتگیری ئێرانێکی دیموکراتی، عەلمانی و فیدراڵی دەکەین. ئێمە بەقوڵی باوەڕمان بە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت هەیە، وە هەروەها ئێمە پشـتگیری سـیسـتەمێک دەکەین کە تیایدا هەموو کەمە نەتەوەکـان- کورد، ئـازەری، بەلوچی- بتوانن حوکمی زاتییـان هەبێـت، وە بتوانن حوکمی کێشـــە ناوخۆیی و هەرێمیەکانیان لە چوارچێوەی هەڵبژاردندا بکەن. ئێمە باوەڕمان بە گرنگی بزوتنەوەیەکی مەدەنی، ســـیاســـی و کۆمەڵایەتی هەیە لە هاوپەیمانەتیەکی فراواندا بۆ دروســـتکردنی گۆڕانکاری ڕیشـــەیی بۆ کرێکار، بزوتنەوەی ئافرەتان و قوتابیان، وە کەمە

نەتەوایەتیەکان. ئەوەی ئێمە داوای دەکەین و خەباتی لەپێناودا ئەنجام دەدەین بریتیە لە ئێرانێکی دیموکراتی کە تیایدا ماف و ژیانی کورد و کەمینەکانی تر بەپێی دەستوور ڕێزیان لێبگیرێت".(٣٣)

ڕۆحانی هەوڵیدا ئاماژەی ئاشـتەوایی بنێرێت. ئەو نەتەوەپەرسـتی ئێرانی نوێ کردەوە، کە تیایدا هەردوو شـا و ئایەتولا بەکاریان هێنا بۆ چەوسـاندنەوەی کەمینەکان. بەرنامە چاکسازیەکانی ڕۆحانی بەڵێنیدا بۆ بەهێزکردنی حکومەتی نێوخۆیی و ئاماژەی بە مافی زیاتری کەمینەکان کرد. لەگەڵ ئەوەشـــدا، خالید عەزیزی، ســـکرتێری گشـــتی پارتی دیموکراتی کوردســـــتانی ئێران، باوەڕی وابوو کە، "ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان کەمێک کاریگەری دەبێت لە ســـەر پەرەپێدانی باشـــی کورد. من هیچ ئەجێندایەکم نەبینیوە لە کاندیدەکانی سەرۆکایەتی سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە ئێران". ئەو قسەکانی لەوەوە ســـەرچاوەیان گرت کە دیموکراتی لەو وڵاتەدا ســـنووردارە لە کاتێکدا دەســـەڵاتدارانی ئایینی وڵات هێزێکی ڕەهایان هەیە. "کارێکی ئاسـان نیە بۆ سـەرۆک بە ئارەزووی خۆی بجولێتەوە لە کاتێکدا' ویلایەتی فەقێکان' ڕێگای پێنادات مومارەســـــەی باوەڕەکەی بکات".(٣٤) گومانەکانی عەزیزی لە سەر بنەمایەکی واقعی بنیادنرابوون. هیچ کوردێک بۆ کابینەکەی ڕۆحانی دانەمەزرا. لەجیاتی دامەزراندنی کوردێکی ســـوننە لە پارێزگاکانی کوردســـتانی ئێران، ئەو شـــیعەیەکی هەڵبژارد. ڕۆحانی باوەڕی پتەوی هەبوو کە هیچ کوردێکی سوننە ئەو مەرجانەی تیادا نەبوو کە ئەو پۆستانە وەبگرێت.(٣٥)

دوای بەردەوامی سەرۆکایەتی ڕۆحانی، لەسێدارەدانی سەرکردە سیاسیەکانی کورد هەر بەردەوام بوو. حبیب الله گوڵپەریپور و شـــێرکۆ موعەریفی لە کۆتاییەکانی ٢٠١٣دا لە سێدارە دران.(٣٦) هەروەها حکومەت بەردەوام بوو لە زاڵکردنی سیاسەتەکەی بەسەر ڕێکخراوە ناحکومیەکاندا. وە بەهۆی ئەوەی نایاسـاییە پەیوەندی بە گروپێکی سـیاسـی کوردیەوە بکەی، کوردەکان هەوڵی دروستکردنی ڕێکخراوی مەدەنیاندا وەک بەرەیەک بۆ جوڵانەوە سیاسیەکان. ئەمانە هەردووکیان لە لایەن ڕژێمەوە کپکرانەوە.

*****

لێکترازانی لایەنە کوردیەکـان کـاریگەریەکـانی ئەوانی کەمکردەوە. کۆمەڵە ژمـارەیەکی بەرچاوی جیابوونەوەی مێژوویی هەبوو. کۆمەڵەی ژێکاف، پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لێکەوتەوە وە لە ســـاڵی ١٩٨٨دا، گروپی جیابوونەوەکەی پارتی دیموکراتی کوردســتان-ئێرانی. لەســاڵی ١٩٩٦ هەردوو باڵەکە یەکیان گرتەوە. دووبارە لە ســاڵی ٢٠٠٦ لایەنێکی پارتی دیموکراتی کوردســـتان-ئێران، پارتی دیموکراتی کوردســـتانی دروست کرد. هەردوو گرووپەکە ئامانجێکی هاوبەشیان هەبوو- بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی ئێرانی فیدراڵ و دیموکراتی. هەرچۆنێک بێت، ململانێ و بەربەرەکانی کوردانی ئێرانی، ئەوانی لە هەماهەنگی و یارمەتیدانی یەکتر دوورخستەوە.

لە حوزەیرانی ٢٠١٣دا، کۆمەڵە لە ژێر دروشـمی 'یەکێتی و بەردەوامی' چواردەمین کۆنگرەی خۆی بەست.(٣٧) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی، لە ٢٥ی تەمموزی ٢٠١٣دا ســـی و نۆ کوردی ئێرانی بۆ کۆنفرانســـێکی ئاشـــتبوونەوە بانگهێشتی هەولێر کرد. ئەو پرۆسە ئاشتەواییەی بارزانی ڕێکیخستبوو، کۆمەڵە، پارتی دیموکراتی کوردســتان-ئێران و ســێ لایەنی تری لە یەکتر کۆکردەوە دوای دە ســاڵ لە جیاکاری و ململانێ بۆ پەرەپێدانی ئەجێندای هاوبەش بۆ دۆزی کورد.(٣٨) هەروەها ئەوان بەدوای ئەوەدا بوون کە هــاوپەیمــانیەک دروســـــت بکەن لەگەڵ لایەنە کەمەنەتەوەییەکانی تری ئێران. بەگوێرەی وتەکانی مومتەدی، کوردەکان بەهێز دەبن بە کارکردن لەگەڵ بەلوج، عەرەب و ئازەریەکان "ڕاســـتە هەموویان ئێرانین، بەڵام ئێرانی داهاتوو دیموکراتی نابێت و ناشـــتوانێت بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە ئەگەر مافی کەمە نەتەوەکان نەدات".(٣٩)

پژاک بەبێ دوودڵی لایەنگیری یەکێتی کوردانی گرت. نوێنەرەکەی، ڕەزان جاوید، لە یادەوەری دەیەمین ساڵیادی ڕێکخراوەکەیاندا لە قەندیل ڕایگەیاند، "ئەو کاتە گەیشت بۆ کوردانی ئێران کە کۆببنەوە و گفتوگۆ لە ســـەر چارەســـەرەکان بکەن". پارتە کوردیەکانی تر ناڕەزاییان دەربڕی بەرامبەر ئەگەرەکانی ســـەرکردایەتی پژاک. ئەوان

ڕەتیـان کردەوە پژاک لەجیـاتی ئەوان قســـە بکـات. بەگوێرەی پـارتی دیموکراتی کوردســـتان-ئێران، "پەیامی لەم جۆرە نەدەبوایە لە گروپێکی وەک پژاک ببیســـترێت. پارتە کوردیە ئێرانیەکان ئەم مەسەلەیان پێشوتر باسکردبوو". (٤٠)

ســـنورێک هەبوو بۆ گرژیەکانی نێوان پژاک و پارتە کوردیەکانی تر. لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٢دا، پژاک گروپە کوردیە ڕکابەرەکانی تاوانبارکرد بە دەســـتنیشـــانکردنی ئەندامبوونیان بۆ دەزگا ئەمنیەکان و دیاریکردنی شـــوێنی مۆڵگە ســـەربازیەکان. پژاک بەهۆی پێگە جەماوەریەکەی بێزار بوو. بە پێچەوانەی گروپە سیا سیەکانی تر، پژاک لە مە یدانی جەنگدا لە ســـاڵی ٢٠١١ دژی هێزە کانی گاردی شـــۆڕش جەنگا و توانی بە سسەریاندا زاڵ بێت. بەگوێرەی وتەکانی ڕەزا محەمەد ئیسماعیل، سەرۆکی شارەوانی پێنجوێن، ناوچەیەکی کوردیە لە نزیک ســـنووری عێراق-ئێران، پژاک تاکە ڕێکخراوە توانای بەرەنگاربوونەوەی هەبێت لە خەباتی بەرگریکردن لە مافەکانی کورد. (٤١) زۆربەی کورد یاخود زیندانی ســیاســی کە لە لایەن ئێرانەوە دەســتگیرکرابوون یاخود لە لایەن هەمـان ڕژێمەوە کوژرابوون، ئەنـدامی پژاک بوون. پژاک بەژداریکەرێکی چالاک بوو لە کەجەکەدا، کە پەیوەندی بە کوردەکانەوە دەکرد لە شوێنە بنچینەییەکانیاندا. پشتیوانی پژاک بە تایبەتی لە ناوچەی شیعەدا بەهێز بوو، وەک شـارەکانی کرمانشـان، ئیلام، وە لورِســـتان. هەروەها پژاک بانگی ئەو گەنجە کوردانەشـــی کرد کە کۆمەڵە و پارتی دیموکراتی ئێرانیان وەک دوو پارتی کۆن و زیاتر نەتەوەیی دەبینی، کە لە پێشـــدا کاریگەری خەراپی هەبوو لە سەر بەرەوپێشبرنی بەرژەوەندیەکانی کورد. (٤٢)

*****

قاســم فەرماندەی هێزەکانی قودس و لیوا لە هێزەکانی گاردی شــۆڕشــی ئێرانی، کە بەرزترین پلەی ســـەربازیی ئەو وڵاتەیە، ئەرکەکانی لە کارکردن لە عێراق، ســـوریا، ئەفغانســـتان، غەزە و حزب اللەی لوبنانی پێک دێت. (٤٣) ســـولەیمانی بۆ ئێرانیەکان

پاڵەوان وچارەســـەرکەری کێشـــەکانە. ئەو لە جەنگی هەشـــت ســـاڵەی لەگەڵ عێراقدا بەرگری لە ئێران کرد وە لە ســـەر ســـنووری ئێران لە ســـاڵانی نەوەدەکاندا بەرەنگاری بازرگانانی ماددەی هۆشبەری ئەفغانی بووەوە. پشتگیریە تەکنیکی و ئۆپەراسیۆنەکانی یارمەتی ڕزگارکردنی ڕژێمی ســوریای ســەرۆک بەشــار ئەســەد داوە لە ڕوخان. لە ژێر فەرمانەکانی سـولەیمانی، هێزی قودس نەخشـەی بردنی شـەڕکەرانی حیزب اللهی بۆناو سـوریا دانا. قاسم سـولەیمانی لە گەل حزب الله کاریکرد بۆ گرتنەوەی 'قوسـەیر' لەژێر دەسـتی شـۆرشـگێڕان، کە هێڵەکانی ئەوانی دابەشـدەکرد و جەنگەکەی لەبەرژەوەندی ئەسەد قۆستەوە.(٤٤)

هەروەها سولەیمانی گرنگترین کەس بوو بۆ فراوانکردنی کاریگەری تەهران لە سەر مەسەلە نێوخۆییەکانی عێراق و جوڵاندنی میلیشیا شیعەکان لە دژی هێزەکانی ئەمریکا. ئەو هاوکاری پێشکەشکرد بە ناردنی گولله هاوەن و ئامێری تەقینەوە کە بەکاردەهێنران بۆ کوشـتنی ئەمریکیەکان. ئەو بەشـانازییەوە وتی، "من هەمیشـە خەڵکی ناکوژم، بەڵام ئەگەر ئەم کارە بکەم، ئەوا سەربازە ئەمریکیەکان لە عێراق دەکەمە ئامانج".(٤٥)

کارەکانی ســولەیمانی بوونە هۆی دەرچوونی ســوپای ئەمریکا لە عێراق. هەروەها تەهران گفتوگۆی پێکهێنا لە ســـەر رێککەوتنی بارودۆخی هێزەکان کە بەشـــێک لە هێزەکانی ئەمریکای لە عێراق دەهێشـــتەوە بۆ مەشـــقپێکردنی ســـوپای عێراق بۆ یارمەتیدانیان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.(٤٦) سلێمانی ڕۆڵی تێکدان و چارە سەرکردنی کێشەکانی گێڕا، هێشتنەوەی نادڵنیایی بەردەوام لە عێراق، داواکردنی یارمەتی ئێران و نیازە تاکەکەســیە باشــەکانی. ئێران بە شــێوەیەکی کاریگەر عێراقی کردە دەوڵەتێکی کۆیلەی وڵاتەکەی.

بەرژەوەندیە هەرە لەپێشـــینەکانی ئێران لە عێراقدا بریتی بوون لە پاراســـتنی مەزارگە پیرۆزەکانی شیعە لە سامەرا، کەربەلا، وە نەجەف. میلیشیا شیعەکانی عێراق

تەنیا ئامرازێکن بۆ ململانێ جیۆپۆلیتیکیەکانی نێوان سعودیە و ئێران لە سەر کاریگەری هەرێمایەتی. هەروەها ئێران دەیەوێت دەرچەیەک لە عێراقەوە بکاتەوە بۆ گەیاندنی هاوکاری بۆ شیعەکانی لوبنان و لەوێشەوە بۆ میلیشیاکانی فەلەستین بۆ خەباتکردن لە ڕوخانی ئیسرائیل.

سولەیمانی کەسێکی ناسراوە لەلای سەرکردەکای ئەمریکا. باڵیۆز ڕایەن کرۆکەر چاوی بە وەفدێکی ئێرانی کە لە لایەن قاسم سولەیمانیەوە دیاریکرابوون هەر دوای تەقینەوەکانی یانزەی سپتێمبەر بۆ هەماهەنگی کردن لە دژی تاڵیبان لە ئەفغانستان کەوت.(٤٧) لە ساڵی ٢٠٠٩دا، باڵیۆز کریستۆفەر هێڵ و جەنەڕاڵ رایمۆن ئۆدێرنۆ، دەسەڵاتدارە مەدەنیە پلەبەرزەکان و نوێنەرانی سەربازیی لە عێراق، چاویان بە سولەیمانی کەوت. هێڵ و ئۆدێرنۆ نکۆڵیان لە کۆبوونەوەکە کرد. جەنەڕاڵ دەیڤید پاتریۆس، لە ڕێگای نێوەندگیریەکانیەوە، پەیوەندی لەگەڵ سولەیمانیدا هەبوو. حکومەتی ئەمریکا بەهۆی نەخشەدانانی بۆ کوشتنی باڵیۆزی سعودیە لە ئەمریکدا، سولەیمانی بە تیرۆرست لە قەڵەمدا.(٤٨) پاتریۆس ناوینا 'کەسایەتیەکی تەواو نەگریس و شووم' (٤٩)

لە حوزەیرانی ٢٠١٤دا، جیهادیە سوننەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا (داعش) لە سنووری سوریاوە بە لێشاو پەڕینەوە ناو خاکی عێراق وە سوپای عێراقیان لە موسڵ دەرکرد، کە دووەم گەورەترین شاری عێراقە. داعش بەناو بیاباندا ڕۆیشت، ئەوان تەنیا تووشی چەند بەرەنگاربوونەوەیەکی بچووک لە لایەن سوونەکان بوونەوە. ئەوان هێرشیان کردە سەر بەعقوبە، کە تەنیا ٢٥ کیلۆمەتر لە بەغدای پەیتەختەوە دوورە.(٥٠) هەروەها داعش بەرەو دەوروبەری سامەڕا پێشڕەوی کرد کە مزگەوتی گومبەت زێڕینی گەورەی لێیە، بە یەکێک لە پیرۆزترین مەزارگەکانی ئیسلامی شیعە دادەنرێت.(٥١)

حکومەتی ئێران زۆر بە خێرایی لە دژی ئۆپەراسیۆنەکانی داعش کاردانەوەی هەبوو. سولەیمانی بە پەلە چووە بەغدا بۆ ئامۆژگاریکردنی سەرانی حکومەت بۆ دورخستنەوە و بەربەست دانان بەرامبەر پێشڕەوییەکانی داعش. تەنیا یەک ڕۆژ دوای گەیشتنی، ئایت الله عەلی سیستانی فەتوایەکی دەرکرد و داوای لە شیعەکان کرد بەرگری لە وڵاتەکەیان بکەن. بە دەیان هەزار خۆبەخش بەرەو بەرەکانی پێشەوە چوون، بەو میلیشیایانەشەوە کە لەجەنگی تایەفەگەری مەدەنی جەنگیان کردبوو.(٥٢)

ئیدارەی ئۆباما جەختی لە سەر چارەسەرێکی سیاسی کردەوە بۆ کێشەکان، وە داوای لە تایەفەکانی عێراق و گروپە نەتەوەییەکان کردەوە کە هاوبەش بن لە دەسەڵاتدا. هەرچۆنێک بێت، ئەمریکا کاریگەریەکی دەگمەن و کەمی هەبوو لە سەر سەرۆک وەزیران نوری مالیکی. عێراق دابونەریتی ئاشتەوایی نەبوو؛ عێراقیەکان بۆماوەی دە مانگ دوای هەڵبژاردنەکانی٢٠١٠ هیچ شتێک بە مێشکیاندا نەدەچوو. دوای نێوانگیریکردنی بارزانی لە ڕێککەوتنی هەولێر کێشەکانی پێکهێنانی حکومەت کۆتاییان هات. ڕێککەوتنەکە لە سەر کاغەز باش دیاربوو، بەڵام بە شێوەیەکی کرداری هاوبەشیکردن لە دەسەڵات هەرگیز نەچووە بواری جێبەجێ کردنەوە.(٥٣) مالیکی لە ڕێگای خۆی دەرچوو بۆ دژایەتی کردنی هەندێک لایەنی تر. ئەو چەند سیاسەتمەدارێکی عەرەبی سوننەی دەستگیرکرد و ناڕازیی بوو لە سەر سنوورەکانی کوردستانی عێراق، بە شاری خانەقینیشەوە کە نزیکە لە کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت.(٥٤)

ئەمریکا و ئێران لە لە ناوبردنی داعشدا هەمان بەرژەوەندی کۆی دەکردنەوە. بریکاری وەزارەتی دەرەوە ولیام بیرنس بەژداری کۆبوونەوە (٥+١)ی لە ڤییەنا کرد لە سەر بەرنامەی ناوەکی ئێران. لە بەیانی ڕۆژی کۆبوونەوەکەدا، چاوی کەوت بە جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەیی ئێران، لە پەراوێزی دۆزینەوەی هەماهەنگیەک بۆ سەقامگیریی خاکی عێراق. بەگوێرەی وتەکانی وەزیری دەرەوە جۆن کێری، "ئێمە دەرگاکانمان والایە بۆ هەر گفتوگۆیەک ئەگەر هەر شتێکی بنیادنەر هەبێت کە بتوانرێت لە لایەن ئێرانەوە

پیشکەش بکرێت، ئەگەر ئێران ئامادە بێت شتێک بکات کە ڕێز لە یەکێتی و سەروەری خاکی عێراق بگرێت و توانایی حکومەتی هەبێت بۆ چاکسـازی". ڕەیەر ئەدمیرال جۆن کێری، سـکرتێری ڕۆژنامەوانی پینتاگۆن و وتەبێژی وەزیری بەرگریی چەک هەیگل، وەڵامی دایەوە، "بەهیچ شـێوەیەک نیازێکی وامان نیە و هیچ پلانێکی ئاوا لە ئارادا نیە بۆ هەماهەنگی چالاکی سـەربازیی لە نێوان ئەمریکا و... ئێراندا". ئیسـرائیل نیگەران بوو کە (٥+١) هەڵوێسـتی نەرمتر بنوێنێت بەرامبەر بەرنامەی ناوەکی ئێران لەجیاتی هاوکاریەکان لەگەڵ عێراقدا.(٥٥)

وەزارەتی دەرەوە جەختی کردەوە کە ئەگەری گفتوگۆکان لەگەڵ ئێران سـەبارەت بە عێراق هەماهەنگی سـەربازیی ناگرێتەوە. هەرچۆنێک بێت، ئەندامانی کۆنگرێسـی ئەمریکا هەموو بیرۆکەکانی کارکردن لەگەڵ ئێرانیان وەلانا. سـیناتۆر جۆن مەککەین ناوی ئەم پێشنیازانەی نا " لوتکەی گەوجی". ئەو زیاتر وتی،

"ئەمە هەمان ئەو ڕژێمەیە کە مەترسـیدارترین گروپی میلیشـیای شـیعەی پرچەک کرد و مەشـقی پێدان، کە بە بەردەوامی سـەرۆک وەزیران نوری مالیکی هاندەدا بۆ ئەوەی بەدوای ئەجێندایەکی تەسکی تایەفەگەری بکەوێت لە سەر حیسابی ئاشتەوایی نیشتیمانی، کە موشەکی پێ دەبەخشـی بۆ هێرشـکردنە سـەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراقدا، وە سـپۆنسـەری کردە تیرۆرستیەکانی کردووە لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا".(٥٦)

بەرپرسانی تری ئەمریکی نیگەرانی خۆیان دەربڕی لەوەی کە هەماهەنگی ئەمریکا لەگەڵ ئێران تووشـی عەرەبە سـوننە توندرەوە تایفەگەرەکان دەکات کە بەژداربوون لە "ئەنجومەنی وشـیـاربوونەوە" کە جەنگی ڕێکخراوی قـاعیـدەیـان کرد لەکـاتی ئۆپەراسـیۆنەکانی ٢٠٠٧دا. وتەبێژ جۆن بۆینەر، وشـیاریدا، "من تەنیا دەتوانم ئەوە بە خەیاڵمدا بێنم کە دۆستەکانمان لە ناوچەکە، هاوپەیمانانمان چ بیردەکەنەوە بە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێرانـدا، بەتـایبەتی لەم کـاتەدا، کـاتێـک ئەوان بەردەوامن لە

پارەداركردنی تیرۆرستەكان و هاندان و گرتنەخۆی تیرۆریزم، نەک تەنیا لە سووریا و لوبناندا بەڵکو لە ئیسرائیلیشدا". (٥٧)

مالیكی بە شێوەیەكی فەرمی داوای هاوكاری ئاسمانی دژی داعش لە ئەمریكا كرد، هەروەها بانگهێشتی هێزەكانی قودسیشی كرد بۆ بەژداربوون لە جەنگەكەدا. (٥٨) بۆ بەرەنگاربوونەوەی كاریگەریەكانی ئێران، ئەمریكا فراوانكردنی چالاكی هەواڵگریی و چاودێریی پێشكەش كرد. سێ سەد ڕاوێژكاری سەربازیی ڕەوانەی ئەو وڵاتە كرد. كەشتیگەلی فرۆكەهەڵگری (GEORGE H. S. BUSH) بەرەو كەنداوی فارس بەڕێ كەوت. (٥٩) لە كاتی كۆنفرانسێكی ڕۆژنامەوانی لە ١٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا، ئۆباما ئەگەری هێرشی درۆنە ئاسمانیەكانی بۆ سەر چەند ئامانجێک ڕاگەیاند. ئۆباما جەنگاوەرێكی دوودڵ بوو. ئەو لە سەر بەرنامەی كاری دژە-جەنگ سەرۆكایەتی دەكرد، بە بەڵێندان بە كشاندنەوەی سوپای وڵاتەكەی لە عێراقدا.

# سەرچاوەکان


1. “Has the U.S. Played a Role in Fomenting Unrest During Iran’s Election? – Foreign Policy Journal.” *Foreign Policy Journal.* N.p., n.d. Web. 07 July 2014.
2. Hersh, Seymour M. (November 20, 2006). “The Next Act.” The New Yorker. Retrieved 2006-11-19.
3. Letter from Congressman Dennis Kucinich to President Gorge W. Bush, April 18, 2006.
4. “U.S. Is Said to Expand Covert Operations in Iran.” *Washington Post.* The Washington Post, 30 June 2008. Web. 20 June 2014. <http://www.washingtonpost.com/wp-dyn/content/article/2008/06/29/AR2008061901881.htm1>.
5. Ibid.
6. “ABC News Exclusive: The Secret War Against Iran.” *ABC News.* ABC News Network, 03 Apr. 2007. Web. 07 July 2014.
7. Ibid.
8. “Terrorism Monitor | The Jamestown Foundation.” *Terrorism Monitor | The Jamestown Foundation.* N.p., n.d. Web. 20 June 2014. <http://www.jamestown.org/tm/?artcleid=2370030>.
9. “Nomads in Iran.” *Nomads in Iran.* N.p., n.d. Web. 07 July 2014.
10. “Kurdish leader seeks U.S. help to topple regime.” The Washington Times.
11. Statement issued October 18, 2008.
12. “Turkey and Iran United to Attack Kurdish Rebels.” *The New York Times.* The New York Times, 05 June 2008. Web. 16 June 2014. <http://www.nytimes.com/2008/06/06/world/europe/06kurdish.htm1?ref=world&_r=0>.
13. PressTV, 10 August 2011.
14. “President Delivers State of the Union Address.” *President Delivers State of The Union Address.* N.p., n.d. Web. 21 June 2014. <http://georgewbush-whitehouse.archies.gov/news/release/2002/01/20020129-11.htm1>.

15. The Turkish Government considers the PKK to have been succeeded by KGK in 2003 though these Kurdish factions, themselves, do not partition these groups similarly and still acknowledge a PKK. This test will continue to adopt the acronyms "PKK" and "KGK" in discussions after 2003.
16. "Kongra-Gel (KGK) – Terrorist Groups." *Kongra-Gel (KGK) – Terrorist Groups.* N.p., n.d. Web. 07 July 2014.
17. "Iran's Kurdish Threat: PJAK." *The Jamestown Foundation.* N.p., n.d. Web. 07 July 2014.
18. "Shivan Qaderi | Online References | Cyclopaedia.net." *Shivan Qaderi | Online References | Cyclopaedia.net.* N.p., n.d. Web. 07 July 2014.
19. Ibid.
20. Ibid.
21. "IRAN." *Operational Guidance Note* 26 (2007): 1-26. Asylum and Appeals Policy Directorate, 27 Feb. 2007. Web. 7 July 2014.
22. "Gallery – Kurds in Iran." *Gallery – Kurds in Iran.* N.p., n.d. Web 20 June 2014. <http://www.lightrocket.com/galleries/2983/kurds-in-iran>.
23. "Unrepresented Nations and Peoples Organization." *UNPO: Iranian Kurdistan.* N.p., n.d. Web. 05 June 2014. <http://www.unpo.org/members/7882>.
24. "Mohammad Sadiq Kaboudvand To Resume Hunger Strike." *International Campaign for Human Rights in Iran.* N.p., n.d. Web. 07 July 2014.
25. "Iran: COI Compilation." *Austrian Red Cross Accord* 10.4 (2013): 101. The European Refugee Fund, UNHCR and the Ministry of the Interior, Austria, Sept. 2013. Web.
26. "Iran Executes Kurdish PJAK Member Fasih Yasamani without Any Trial or Legal Formalities." *Iran executes Kurdish PJAK Member Fasih Yasamani without Any Trial or Legal Formalities.* N.p., n.d. Web. 07 July 2014.
27. "News." *Iran Executes Five Political Prisoners.* N.p., n.d. Web. 07 July 2014.
28. "PJAK." – *Encyclopine*. N.p., n.d. Web. 07 July 2014.

29. “Iranian Repression of Kurds Behind Rise of Militant PJAK.” *Rudaw.* N.p., n.d. Web. 03 June 2014. <http://rudaw.net/english/middleeast/iran/23012014>.
30. “Kurdish PJAK Rebels Deny Iranian Military Success.” *Kurdish PJAK Rebels Deny Iranian Military Success.* N.p., n.d. Web. 07 July 2014.
31. “Five Kurdish Groups in Iran Working for United Front, Komala Leader Says.” Rudaw. October 26, 2013.
32. “Five Kurdish Groups in Iran Working for United Front, Komala Leader Says.” *Rudaw.* N.p., n.d. Web. 8 June 2014. <http://rudaw.net/english/middleeast/iran/26102013>.
33. N.p., n.d. Web. 8 June 2014. <http://www.ekurd.net/mismas/articles/misc2013/6/irankurd943.htm%20%28Accessed%20June%208%2C%202014%29.>.
34. Ibid.
35. “Kurdpress News Agency – I’m a Kurd, No Difference among Iranian Races: Interior Minister.” *Kurdpress News Agency – I’m a Kurd, No Difference among Iranian Races: Interior Minister.* N.p., n.d. Web. 05 June 2014. <http://www.kurdpress.com/En/NSite/Fullstory/News/?Id=6093#Title=I%19m%20a%20Kurd,%20no%20difference%20among%20Iranian%20races:%2interior%20minister>.
36. “Iran: Kurds Tortured, HangedZainab Jalaian and Mansur Arvand.” *Iran: Kurds Tortured, Hanged: Zainab Jalaian and Mansur Arvand.* N.p., n.d. Web. 05 June 2014. <http://www.gatestoneinstitute.org/4213/iran-kurds-tortured-hanged>.
37. “Komala Party and Its 14th Congress.” *Komala Party and Its 14th Congress.* N.p., n.d. Web. 08 July 2014.
38. Ibid.
39. Statement by Kimala Leader Abdullah Mhtadi. June 29 2013.
40. “Iranian Kurdish Parties Say Talks with Iran Must Be Open and Direct.” *Iranian Kurdish Parties Say Talks with Iran Must Be Open and Direct.* N.p., n.d. Web. 8 June 2014. <http://www.ekurd.net/mismas/articles/misc2013/2/irankurd918.htm>.

41. Ibid.
42. "Iranian Kurdish Group Shifts Policy, Seeking Democratic Autonomy." *Rudaw.* N.p., n.d. Web. 05 June 2014. <http://rudaw.net/english/middleeast/iran/06052014>.
43. "Dexter Filkins: Qassem Suleimani, The Middle East's Most Powerful Operative." *The New Yorker.* N.p., n.d. Web. 08 July 2014.
44. Filkins, Dexter (30 September 2013). "The Shadow Commander". *The New Yorker.*
45. Lee Smith. June 23, 2014. Vol. 19, No. 40.
46. "McClatchy DC." *Unofficial Translation of U.S.-Iraq Troop Agreement from the Arabic Text.* N.p., n.d. Web. 08 July 2014.
47. Iraq and its neighbours: A regional cockpit *The Economist.*
48. Designation of Iranian Entities and Individuals for Proliferation Activities and Support for Terrorism." United States Department of State. 25 October 2007 (Accessed June 19. 2014).
49. Michael R. Gordon. "Iran's Master of Iraq Chaos Still Vexes U.S." The New York Times. October 2, 2012. http://www.nytimes.com/2012/10/03/world/middleeast/qassim-suleimani-irans-master-of-iraq-chaos-still-vexes-the-us.htm1?pagewanted=a11&_r=0 (Accessed June 19, 2014).
50. "Iraq Rebels Battle for Baquba City." – *Middle East.* N.p., n.d. Web. 08 July 2014.
51. "ISIS Blow Up 'Heretical' Shia Mosques in Mosul." *The Huffington Post UK.* N.p., n.d. Web. 08 July 2014.
52. "Iraq Shia Cleric Issues Call to Arms." *BBC News.* N.p., n.d. Web. 08 July 2014.
53. Erbil, 7. November 2010. *Erbil Agreement* (n.d.): n. pag. Web.
54. "IRAQ." *CORI Country of Origin Research and Information* (2012): 1-15.*Refworld.* 5 Oct. 2012. Web. 8 July 2014.
55. Ybarra, Maggie. "Pentagon, State Dept. at Odds over Coordinating with Iran on Iraq Crisis." *Washington Times.* The Washington Times, 16 June 2014. Web. 19 June 2014. <http://www.washingtontimes.com/news/2014/jun/16/pentagon-state-dept-odds-over-coordinating-iran-ir/#ixzz355rzMAnE>.

56. *The Independent.* Independent Digital News and Media, n.d. Web. 20 June 2014. <http://www.independent.co.uk/news/world/middle-east/iraq-crisis-prompts-reconciliation-between-iran-and-the-western-powers-it-used-to-vilify-9541891.htm1>.
57. Parkison, John. “Boehner Says Obama Should ‘Absolutely Not’ Coordinate With Iran on Iraq Crisis.” *ABC News.* ABC News Network, 18 June 2014. Web. 21 June 2014. <http://abcnews.go.com/Politics/boehner-obama-absolutely-coordiante-iran-iraq-crisis-/story?id=24193518>.
58. Mark Mazzati and Michael R. Gordon. “Beleaguered Iraqis Court Master-mind of the Shiites Who Fought the U.S.” The New York Times. June 14, 2014. Pg. A9
59. *The Independent.* Independent Digital News and Media, n.d. Web. 08 July 2014.

# بەشی چوارەم

## مەترسی و دەرفەت

(١٠)

## کۆتایی عێراق

**هەموو شتێک گۆڕدرا کاتێک داعش دەستی بەسەر شاری موسڵدا گرت و خەلافەتی لە سەر سنووری ئەو شارەدا ڕاگەیاند. کاتێک ململانێ لە سوریا و عێراق سەریان هەڵدا و سنوورەکانی بەیەک گەیشتن، داعش لە ئەرزی واقعدا خۆی سەلماند، هەموو ئەو سنوورانەی هەڵوەشاندەوە کە لە ئەنجامی ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ[١] و ئینتیدابی**

[١] سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بە بۆنەی سەد ساڵ تێپەڕبوون بەسەر پەیمانی شوومی سایکس-پیکۆدا لە ١٦ی ئایاری ٢٠١٦دا پەیامێکی بڵاوکردەوە کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

"سەد ساڵ بەسەر ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ تێدەپەڕێت. ئەو ڕێککەوتنەی لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە بوو بە هۆی دابەشبوونی ناوچەکە بە بێ ئەوەی ڕەچاوی ڕای دانیشتوان و سرووشتی دیموگرافیی ناوچەکە بکات و زوڵمێکی گەورە لە گەلانی ناوچەکە و بە تایبەتی گەلی کوردستان کرا".

ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنە بە دەرجەی یەکەم بۆ گەلی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا کارەساتبار بوو. ئەو دەوڵەتەی کە لەسەر بنەمای شەراکەتی دوو نەتەوەی سەرەکیی کورد و عەرەب دامەزرا بوو، لە کردەدا شەراکەتی کورد پشتگوێ خرا و لەلایەن حکوومەت و ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق گەورەترین کارەسات و زوڵم و نکۆڵیکاری دەرهەق گەلی کوردستان ئەنجام درا. بەشی گەلی کوردستان لەو شەراکەتە، ئەنفالی دوازدەهەزار گەنجی فەیلی و هەشت هەزار بارزانی و سەدوهەشتاودوو هەزار هاووڵاتیی کورد لە گەرمیان و ناوچەکانی تر و، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و وێرانکردنی چوارهەزار و پێنجسەد گوند و تەعریب و شەڕ و کاولکاری و جینۆساید بوو.

لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ گەلی کوردستان ویستی لاپەڕەیەکی تازە بکاتەوە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە نەبرد، بەڵام حکوومەتی عێراق بەردەوام بوو لە ملهوڕی و سەرەڕۆیی خۆی. دوای ٢٠٠٣ و پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس گەلی کوردستان لەپێناو بنیاتنانەوەی عێراق لەسەر بنەمای شەراکەت و دیموکراسی و فیدراڵیزم هەموو توانای خۆی بەکار هێنا بۆ ئەوەی دۆخی عێراق باشتر بێت و دەستوور بنووسرێت و شەراکەت و تەوافوق بچەسپێت. بەڵام لە کردەدا کار بە دەستوور نەکرا و حکوومەتی عێراق خۆی لە پابەندبوونەکان شاردەوە و شەراکەتی پێشێل کرد و قووتی خەڵکی کوردستانیشی بڕی.

شـــەڕ و کارەســـات و ناســـەقامگیری و توندڕۆیی و بێ بەشـــبوون دەرئەنجامی ئەو ڕێککەوتنە بوو کە بە زۆر پێکهاتەکانی لە ناوچەکە و بە تایبەت لە عێراقدا پێکەوە لکاند. لەوەتای ئەو پێکەوەلکاندنە بەزۆرە رووی داوە گەلانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە ئاشتی و سەقامگیرییان بەخۆیەوە نەدیوە.

ئێستا بە کرداریی عێراق دابەشکراوە و تاییفەگەری هێڵەکانی ئەو دابەشبوونە پێک دەهێنێ. لە عێراق و سووریا و زۆر وڵاتی تر داعش سنوورەکانی تێکداوە و سنووری نوێی دروست کردووە. لەم دۆخەی ئێستای عێراقیشدا گەلی کوردستان بە هیچ شێوەیەک بەرپرسیار نییە. بەرپرسیارێتی ئەو دۆخە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی سەد ساڵ بەر لە ئێستا ناوچەکەیان دابەشکرد و هەروەها سیاسەتی هەڵەی دەستەڵادارانی ناوچەکە و بەغدا کە ویستیان بە زۆری چەک و سەرکوتکاری سەقامگیری دروست بکەن و لەوەدا سەرنەکەوتن.

دوای سەد ساڵ دابەشبوون و ڕەنج و نەهامەتی، گەلی کوردستان هەموو ڕێگەیەکی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و دەوڵەت بە مانای حەقیقی تاقی کردووەتەوە، بەڵام ســـــوودی نەبووە. مەمنون دەبم لەم دۆخەدا یەکێک بێت و پێمان بڵێت گەلی کوردســـــتان چیتر بکات یان چیتری کردبا بۆ ئەوەی عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە؟ لەپێناو ڕێگەگرتن لە شەڕ و ناسەقامگیری و کارەساتی تر پێویستە پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی ســـایکس پیکۆ بکرێت چونکە چیتر دانیشـــتوانی عێراق بەرگەی شـــەڕ و ناکۆکی و توندڕۆیی ناگرن. ناکرێ پێداگری لە سەر دووبارەبوونەوەی سەد ساڵ هەڵە و کارەسات بکرێت و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی هەرێمایەتی لەوە بگەن کە بۆ کۆتاییهێنان بە نەهامەتییەکانی عێراق دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سرووشت و ئیرادە و ویســـتی دانیشـــتوانی ناوچەکانی عێراق و لەســـەر ئەو بنەمایانە بڕیار لە شـــێوازی ژیان و ئاییندەی سیاسییان بدرێت. لەبارەی چارەنووسی گەلی کورد لە پارچەکانی تریش، ئەوە هەر پارچەیەک تایبەتمەندی و بارودۆخی تایبەت بە خۆی هەیە و پێویســـتە دۆزی کورد لە پارچەکانی تردا بە ئاشـــتی و دیالۆگ و بە پێی تایبەتمەندییەکانی هەر پارچەیەک چارەسەر بکرێت.

دەبێ دان بەو واقعەدا بنێن کە ئێستا لە ئارا دایە، چەمکی هاووڵاتیبوون دروست نەبوو و ئێستایش سنوور و سەروەری مانای نەماوە و سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە. بۆیە وەک بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی پێویستە وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە جیاتی پێداگری لەســـــەر بەردەوامبوونی ئازارەکانی خەڵکی عێراق، بێن و بیر لە چارەسەری واقعیانە و حەقیقیی عێراق و ناوچەکە بکەنەوە. ئەگینا شەڕ و توندڕۆیی و کارەسات هەر بەردەوام دەبێت و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیش دەکەوێتە مەترسییەوە.

لەم بارودۆخە سەختەی ئێستادا هەلێکی مێژووییش لەبەردەم هەموو لایەکە بۆ ئەوەی ڕێگە لە کارەسات و نەهامەتییەکان بگیرێت و ئەزموونی ڕابردوو دووبارە نەبێتەوە. لە سەد ساڵەی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ داوا دەکەم گفتوگۆیەکی جدی لەنێوان هەرێم و بەغدا دەست پێبکات بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی تازە و ئەگەر شەراکەت سەرکەوتوو نەبوو با برا و دراوسێی باش بین.

پۆست جەنگەوە دامەزرابوون. دەوڵەتی تیرۆریستی داعش لە دەوروبەری بەغداوە بەناو ئەنباردا درێژبووەوە تا شاری حەلەب لە سوریادا.(١)

*****

داعش لە بەرواری ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا دەستی بەسەر دووەم گەورەترین شاری عێراقدا گرت، وە سوپاکەی بەتەواوی تێکشکا.(٢) نزیکەی ٣٠, ٠٠٠ سەرباز موسڵیان جێهێشت.(٣) پێکهاتەکانی حوکمڕانی و ئاساییش هەڵوەشانەوە، لەو کاتەی ئەفسەرانی تۆقیوی پۆلیس جلە سەربازیەکانیان داکەند و هەوڵیاندا خۆیان تێکەڵ بە هاوڵاتیانی مەدەنی بکەن. هێزەکانی سوپا خۆگریەکی کەمیان نواند بۆ دووبارە گرتنەوەی سنوورەکە بەهێز. چارەگی فیرقەی سوپای عێراق هەوڵەکانیان بێ سوود بوو.(٤)

دوای موسڵ، هەر زوو تکریت و تەلەعفەریش کەوتن.(٥) داعش وێستگەی وزەی بێجی گرت کە کارەبای پارێزگاکانی بەغدا، سەلاحەددین الدین، و کەرکوکی خاوەن گەورەترین پاڵاوتگەی نەوت، دابین دەکرد، وە بەرەو بەنداوی سەرەکی شاری حەدیسەش پیشڕەوییان کرد کە تیایدا چەندین بۆڕی نەوت بەیەک دەگەن.(٦) سنوورەکانی پەڕینەوەی نێوان عێراق-سوریا وە عێراق-ئوردنی دەست بەسەردا گرت.(٧) هێزەکانی داعش بەردەوام بوون لە پێشڕەویکردن بەرەو دۆڵی ڕووباری دیجلە بۆ دەوروبەری سامەڕا، حەفتا کیلۆمەتر لە بەغداوە، وە بەعقوبە، بیست و پێنج کیلۆمەتر لە پایتەختەوە.(٨)

---

ئەگەر لایەنە سیاسییەکانیش بە بیانووی جیاواز بیانەوێ لەو هەلە مێژووییەدا لە بەرپرسیارێتی ڕابکەن، ئەوە گەل بڕیاری خۆی دەدات و بڕیاری گەلیش لە هەموو بڕیارێک بەهێزتر و شەرعیترە و، بە دڵنیاییشەوە گەل بڕیاری خۆی دەدات.

داعش به شـێوەیەکی بنەڕەتی نەخشـەی سـیاسـی عێراقی گۆڕی. لە ئەنجامی سـەرکەوتنە مەیدانیەکاندا لە لایەن داعشـەوە، کوردسـتانی عێراق لەگەڵ دەوڵەتی بەناو ئیسـلامیدا لە هەزار کیلۆمەتر سـنوردا هاوبەش بوون. هێزەکانیان کوردسـتانی عێراقیان لە بەشەکانی زۆرینەی شیعەی عێراق دابڕی.(٩) داعش سەرکەوتن و دەستبەسەرداگرتنی سنوورێکی بەرفراوانی نیشاندا، وە سەلماندی کە توانای تەکنیکی و ستراتیژی بەهێزە، وە دەتوانێت لە چەندین بەرەدا بجەنگێت؛ عێراق و سوریا و لوبنان؛ وە لە دژی چەندین ناحەز: شیعە، عەلەوی، کورد، مەسیحی وە چەند گروپێکی تری جیهادیدا.

داعش ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشـەسـەندندا بوو، سـنووری زیاتری دەگرت و سـەرنجی کەسـانی توندڕەوی ڕادەکێشـا بە بەکارهێنانی سـۆشـیال میدیا بۆ پیشـاندانی کارە وەحشـیگەرانەکانیان. نزیکەی (٢,٥٠٠) چەکداری جیهادی لە زیندانە نێوخۆییەکاندا ئازادکران کە تەنیا ژمارەیان (١٠,٠٠٠) کەس دەبوون.(١٠) هەروەها ئەم ڕێکخراوە لە لایەن ئەو لایەنانەشـەوە پەیوەندی پێوەدەکرا کە دژی حکومەتی شـیعە بوون؛ یان ئەو بەعسیانەی پەیوەندیان لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەبوو وە ئەو شەڕکەرانەی مەیلی شێخە هۆزەکیە نێوخۆییەکـانیـان هەبوو. بۆ مـانگی ئەیلول، دەزگـای هەواڵگری ئەمریکـا خەملاندی کە ژمارەی چەکدارانی داعش گەیشتۆتە (٣١,٠٠٠) کەس.(١١)

داعش بەهۆی ئەو چەک و تەقەمەنیە پێشکەوتوانەی کە لە لایەن سوپای عێراقەوە بەجێ هێڵرابوون لە ڕووی سـەربازییەوە پێشـکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. داعش ئامێری وەک دەبابە، هامڤی (هەمەر)، تۆپ و مەدفەعیەی دەسـت بەسـەردا گرت. چەکەکان هونەری کارگەکانی ئەمریکا بوون. ئەمریکا ٢٥ ملیار دۆلاری لە نێوان ٢٠٠٥ و ٢٠١٢دا خەرج کرد بۆ پڕچەککردن و مەشقپێکردنی هێزەکانی سوپای عێراق.(١٢)

داعش لەناکاو بوو بە خاوەن چەک، چەکدار و پارەی کاش. لە سـەرەتای کاری ڕێکخراوەکەدا سـعودیە و وڵاتانی دەوڵەمەندی عەرەبی پارەیان بۆ داعش دابین دەکرد.

داعش بەرێگرتن، زۆرەملێ و ڕفاندنی هاوڵاتیان داهاتەکەی زیاد کرد. وە داهاتی تریشـی لە ڕێگای فرۆشـتنی نەوت لە بیرەکانی 'ڕەقە و جەزیرە' بە حکومەتی سـوریا دەسـت کەوت. هەروەهـا داعش چەنـد بـانقێکی بڕی، بەلایەنی کەمەوە ٤٢٥ ملیۆن دۆلاری لە بانقی ناوەندی موسـڵ و چەند ملیۆنێکی نەزانراویشـی لە بانقەکانی تری نەینەوا دەسـت کەوت.(١٣)

بە بەکارهێنانی چەند تەکتیکێک لە لایەن داعشـەوە ئەو عێراقیانەی لەژێر فەرمانڕەوایی ئەواندا دەژیان، تۆقێنران. حوکمی شـەرعیە بەسـەر دانیشـتوانە خۆجێیدا سـەپێنرا. ئەبوبەکر بەغدادی بەسـەرۆکایەتی خۆی خەلافەتی ڕاگەیاند. هەرکەسـیک لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی بجولابوایەوە، دەسبەجێ دەکوژرا. هەروەک تاڵیبان لیستێکی دروست کرد لەو شـتمەکانەی کە دەبێت قەدەغە بکرێن کە تیایدا جگەرە و مەییشـی تیادابوون. دەسـتدرێژی سـێکسـی بڵاوبووەوە. ئافرەتانی ناوخۆیی بۆ شـەڕکەرەکان وەک "بووکی جیهادیەکان" تەرخان کران. مەسیحیەکانی موسڵ پێیان ڕاگەیەنرا کە ببن بە موسڵمان وە باج بدەن، ئەگەر نا تووشـی سـزای مەرگ دەبنەوە. داعش وەک باڵێکی توندڕەو لە قاعیدە جیابووەوە، کە ئەمەی دواییان بە زیاد لە پێویست میانڕەو بوون تاوانبارکرا.(١٤)

لە سـەرەتادا سـوننەکان لە عێراق پێشـوازیان لە داعش کرد. بە دەرکردنیان لە حکومەتی سـەرۆک وەزیران نوری مـالیکی، ئەوان ڕوویـان بەرەو داعش وەرگێڕا بۆ ئازادبوونیان. بەڵام بەرەبەرە جیاوازیی کەوتە نێو ڕیزەکانی داعش و سوننەکانی عێراق. بەعسـیە کۆنەکان و میلیشـیا نێوخۆییە سـوننەکان تووڕەبوون بە کۆنترۆڵی کەسـانی بیانی، بەگوێرەی وتەکانی خالید مەلا، داعش، "سـەدان هەزار سـوننەی تری لە عێراق کوشـت و ڕاگواسـت".(١٥) زیاتر لە سـێ ئیمامی سـوننی و پیاوی ئایینی بەهۆی لێکدانەوەی جیاوازیان لە سەر ئیسلام کوژران. سەلەفیەکان، بە وەهابیەکانیشەوە، بە لە دین هەڵگەڕاو (المرتد) دانران و پاشان کوژران.

*****

پێشمەرگە بە خێرایی جولا بۆ بەهێزکردنی کۆنترۆڵی سنوورەکانی کوردستانی عێراق لەو کاتەی داعش شارەکەی داگیرکرد. لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمی کەوتنی موسڵدا، پێشمەرگە کەرکوکی گرت و کۆنترۆڵی خۆی لە خانەقین و ناوچەکانی دیالەدا تۆکمەتر کرد.(١٦) ئەوان دەستیان بەسەر فڕۆکەیەکی (ئێر بەس) داگرت کە لە لایەن چەکدارانی سوپای عێراقەوە جێهێڵرابوو، هەروەها توانیان مۆڵگەی سەربازیی (الکسک) لە نێوان موسڵ و تەلەعفەردا کۆنترۆڵ بکەن. ئەوان شارەکانی سەربە دیالەیان گرت و کۆنترۆڵی سنوورە نێوخۆییەکانیان لە شارەکانیاندا توندتر کرد. هەروەها سنووری پەڕینەوەی ڕەبیعەشیان لە سەر ڕووباری دیجلەدا گرت.(١٧) گرتنی دوزخورماتوو ڕێگای بۆ پێشمەرگە کردەوە کە پشتێنەیەکی ئەمنی دروست بکات لە باشووری دهۆکەوە بۆ چیاکانی شەنگال و ڕۆژهەلات بۆ تەلەعفەر. کوردستانی عێراق فراوانتر بوو بە گرتنەخۆی چەند ناوچەیەک لە سنوور لەگەڵ سوریا لە ڕۆژئاوا وە بۆ سنووری لەگەڵ ئێران لە ڕۆژهەلاتەوە.

هێزەکانی ئەمریکی، سوپای عێراقی و پێشمەرگە بە هاوبەشی تا ساڵی ٢٠١١ ئیشکگرییان لە ناوچەکانی پارێزگای نەینەوا و دیالە دەگرت. دوای ئەوەی لە حوزەیرانی ٢٠١٤دا دوپای عێراق ڕایکرد، تەنیا پێشمەرگە مایەوە. گرتنی کەرکوک گرنگترین دەسکەوت بوو. گرتنی کەرکووک بە واتای جێبەجێ کردنی [ماددەی ١٤٠]ی دەستووری عێراقی دەهات، کە بەڵێنی ئەنجامدانی گشتپرسی لە سەر دۆخی ئەو شارە دابوو. مالیکی ناڕەزایی دەربڕی. ئەو جەختی لە سەر ئەوەی کردەوە کە گرتنی کەرکوک پێشێلکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەیە کە لە نێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێمدا هەیە. پێشمەرگە لە شارۆچکەی سەعدیە، باشووری کەرکوک، لە ٤ی حوزەیران لە لایەن هەلیکۆپتەرەکانی عێراقەوە هێرشیان کرایە سەر. شەش پێشمەرگە بوونە قوربانی و بیست و پێنجی تریش زامدار بوون. هەرچەندە بەغدا بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەمە

تەنیا ڕووداوێک بووە، بەڵام ئەم جۆرە ڕووداوانە دەبنە هۆی زیاتر نەمانی متمانە لە نێوان هەرێم و بەغدا، بێگومان هەر ئەمەشی لێکەوتەوە.(١٨)

مەسعود بارزانی نەیویست لایەنگیری جەنگی ناوخۆیی نێوان سوننە و شیعە بکات. داعش پەیامێکی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان نارد: "ئەگەر ئێوە هێرش نەکەنە سەرمان، ئەوا ئێمەش هێرشتان ناکەینە سەر".(١٩) داعش لە ١٤ی تەممووزی ٢٠١٤دا پێشنیاری ڕاگرتنی جەنگی پێشکەش بە هەرێم کرد کاتێک چەکدارانی داعش لە دەرەوەی سامەرادا مانەوە، باڵانسەکەیان گۆڕی بۆ هێرشکردنە سەر شارە سوریە کوردیەکانی کۆبانێ و حەسەکە، وە پاشان لە بەرواری ٣ی ئابی ٢٠١٤دا هێرشیان کردە سەر شاری شەنگال.(٢٠)

یەزیدیەکان کەمینەیەکی نەتەوەیی و ئایینین کە پەیڕەوی ئاینێکی کۆن دەکەن بە کە پەیوەندی هەیە بە ئایینی زەردەشتیەوە، لە شەنگال، زوممار، جەوهەر عەلی بەگ لە ترسی داعش ڕایانکرد. زیندانیە یەزیدیەکان فەرمانیان پێکرا کە ببن بە موسڵمان، وە باجێکی زۆر بدەن ئەگەرنا تووشی سزای مەرگ دەبنەوە. چەکدارانی ئیسلامی پیاوە یەزیدیەکانیان کوشتن و ئافرەتەکانیان دەهێشتەوە بۆ هاوسەرگیری (متعە) جیهادیی. نزیکەی دوو سەد هەزار یەزیدی ڕاگوێزران، ژمارەیەکی زۆریان بەرەو هەولێر هاتن. تا پەنجا هەزار کەس چوونە سەر چیای شەنگال بۆ گەڕان بەدوای شوێنێکی دوور لە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی.(٢١)

کۆمیتەی نێودەوڵەتی ڕزگارکردن، بریکاری پێشەنگی نێودەوڵەتی مرۆیی، لە ١١ی ئابدا ڕاپۆرتێکی لە سەر دۆخەکە بڵاوکردەوە:

"لە ٦ی حوزەیرانەوە، شەڕوپێکدادان لە نێوان گروپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆن، بە دەوڵەتی ئیسلامیشەوە، وە هێزەکانی عێراق بووە هۆی تێکچوونی باری ئەمنی لە زۆربەی شوێنەکانی عێراقدا. لە ماوەی دوو مانگی دواتردا، نزیکەی (٨٥٠,٠٠٠) ژن، پیاو و مناڵ ماڵەکانیان جێهێشتوە. شەپۆلەکانی توندوتیژی بەردەوام لە پێکدادان لە سەرتاسەری شار و شارۆچکە عێراقیەکاندا،

ئەمەش بەهۆی ئەو هەولانەوەیە کە دەولەتی ئیسلامی دەیدات بۆ پتەوکردنی کاریگەرییان بۆسەر ناوچە ستراتیژیەکان. لە ٣ی ئابدا، داعش هێرشێکی نوێی دەستپێکرد، سێ شاری تری عێراقی داگیرکرد- شەنگال، زوممار، و وانە- هەرسێکیان سەربە پارێزگای نەینەوا... دوابەدوای جەنگێکی سەخت لە ٣ی ئابدا لە شاری شەنگال، تا (٢٠٠,٠٠٠)هاولاتی (زۆربەیان کەمەنەی یەزیدی) لە ترسی لەدەستدانی ژیانیان ڕایانکرد. نزیکەی (٣٥,٠٠٠ - ٥٠,٠٠٠) هاولاتی- ئەوانەی کە نەیانتوانی دەستبەجێ هۆیەکانی گواستنەوە دابین بکەن- بەرەوە باکوور بۆ چیاکان ڕایانکرد کە بوو بە لانەیەک بۆ خەلکەکە. کاتێک داعش دوو ڕێگای چوونە دەرەوەی کۆنترۆل کرد، ئەوان گیریان خوارد. چەند هەزار پیاو، ئافرەت و منال ئێستا لە چیاکاندا گەمارۆ دراون. سەرەڕای هەڕەشەکانی توندوتیژیی، هەڕەشەی زۆر مەترسیداریش لە سەر بێ ئاوی، وە جەلتە لێدان بەهۆی گەرماوە کە دەبووە هۆی مردنی چەندین منال. دووری نێوان شەنگال و یاروبیە، ئەو سنوورەی دەکەرێتەوە بۆ سوریا، نزیکەی شەست کیلۆمەترە. هەندێک لە هاولاتیان بە ئۆتۆمبیل ڕۆیشتن، بەلام ئەوانی تر ئەو ماوەیەیان بەپێ بڕی. هەندێکیان لە سوریادا مانەوە؛ ئەوانەی تر لە سنوور پەڕینەوە و بەرەو هەرێمی کوردستانی عێراق گەڕانەوە، بەزۆری بۆ شاری دهۆک"[1].

یەکینەکانی پاراستنی گەل، یەپەگە،ی سەربە پارتی یەکێتی دیموکراتی، پەیەدە، وە شەرڤانانی پەکەکە ڕێڕەوێکی مرۆییان لە چیای شەنگالەوە بەناو ڕۆژاڤادا بۆ شارەکانی دهۆک و زاخۆی هەرێمی کوردستان کردەوە. پەیەدە و یەپەگە ئیسکۆرتی زیاتر لە دە هەزار یەزیدییان کرد بۆ هاتنە خوارەوە لە شاخ. ئەزمونە زۆرەکەیان لە شەڕوشۆڕی گەریلایی و دیسپلینی توند یارمەتیدەربوون بۆ لەڕێ لادانی داعش. یەپەگە بەهۆی جەنگی دژە هێزە چەکدارەکانی سوریا و توندڕەوە سوننەکان لە کۆبانێ و حەسەکە بۆماوەی زیاتر لە یەک سال بوو لە جەنگدا وە دەیانزانی چۆن بەرگریی بکەن. بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانی داعش بووەوە لە شەنگال، ناوچەیەکی سێ گۆشەیی پێکدەهێنێت لە سەر سنوورەکانی تورکیا، عێراق وە سوریا، بەنزیکەی (١,٥٠٠)

---

[1] شاری شەنگال لە بەرواری ١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥دا دووبارە لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە ئازادکرایەوە کە بارزانی خۆی سەرپەرشتی هێرشەکەی دەکرد. (وەرگێڕ)

شەڕڤانەوە. دەوڵەتی ئیسلامی هەوڵیدا لە دەوروبەری شەنگال هەموو ڕێگاکان دابخات، بەڵام یەپەگە هێڵەکانی لە ڕەبیعە تێک شکاندن.

حکومەتی هەرێمی کوردســـــتان هەوڵیدا تا بکرێت زۆرترین کەس لەخۆی بگرێت، بەڵام ئەو ڕێژەی زۆرەی ڕاگوێزراوان بەســـەریدا زاڵ بوو. کەمەرەیەکی ڕێگرتن بە بیسـت کیلۆمەتر لە دەوروبەری هەولێر دروســـــتکرا بۆ ئەوەی بتوانن شـــــەپۆلی دانیشـــــتوان بەڕێوەبەرن. پیاوە سەڵتەکان و ئەوانەی کە نەیانتوانی بیسەلمێنن کە بنەماڵەکانیان لە کوردســـتانی عێراقە، گەڕێنرانەوە. حکومەتی هەرێمی کوردســـتان دەســـتی بە کارەکانی کرد بۆ هاوکاریکردنی ژمارەیەکی بەرچاوی ئاوارەی ســـوری لە کەمپی دۆمیز لە شـــاری دهۆک.(٢٢)

هیچ کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد چەکدارانی داعش خۆیان بخزێننە کوردستانی عێراق و پێشمەرگەی کورد ببەزێنن. داعش سوپایەکی بیانی بوو کە جگە لە وێرانکردنی وڵاتەکە هیچ نەبوو لە عێراق لە دەســـــتی بدات، دووبارە کێشـــــانەوەی ســـــنوورە داگیرکراوەکان، وە گەڕاندنەوەی ســــەدەیەکی زەلیلبوونی عەرەب لە لایەن دەســــەڵاتە بیانیەکانەوە. چەکدارانی دەوڵەتی ئیســـــلامی مەخموریان داگیرکرد، کە تەنیا ســـــی کیلۆمەتر لە هەولێرەوە دوورە، وە خەریک بوو بگەنە پایتەختی هەرێمی کوردستان.

*****

بەرپرسانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١ەوە متمانەیان بە مالیکی لەدەستدابوو. جۆن مەککین و ســـیناتۆرەکانی تر هەڕەشـــەیان کرد کە هاوکاریەکانیان لە عێراق دەکێشـــنەوە مەگەر مالیکی کپکردنی ســـوننە و کەمینە کوردەکان بوەســـتێنێت. ئەوان لە مانگی تشـــرینی یەکەمی ٢٠١١دا، چەند ڕۆژێک پێش سەردانی مالیکی بۆ واشنتۆن، نووسیان کە مالیکی، "بەدوای ئەجێندای دیکتاتۆری و تایەفەگەریدا" کەوتووە. ئەگەر مالیکی شکست بهێنێت لە هاوبەشـی پێکردنی زیاتری دەســەڵات لەگەڵ ســوننە، چارەســەری کێشـە ناکۆکی لە

سـەرەکان لەگەڵ سـەرکردە کوردەکان و هەڵبژاردنێکی پاک و ئازاد و دڵنیابکاتەوە لە سـاڵی داهاتوو، ئەوا "هیچ پاڵپشـتیەکی ئەمنی ناتوانێت سـەقامگیری و ئاسـاییش بۆ عێراق بگەڕێنێتەوە".(٢٣) مالیکی لە توانایدا نەبوو سیا سەتی هاوپەیمانی پەیڕەوە بکات کە داوای هاوبەشی دەسەلاتی دەکرد لەگەڵ لایەنە سەرەکی و دەنگدەراندا.

لە ماوی هەشت ساڵی حوکمڕانی مالیکیدا هەولێر بە ئەزمونێکی چەقبەستووی بێ هێزی دامەزراوەییدا تێپەڕی. زیادبوونی کردەوە خۆکوژیەکان و کەمبوونەوەی ئاسـتی ئاسـاییش متمانەی نێوان عێراقیەکان بۆ حکومەتەکەیان کەمکردەوە. لایەنی شـیعی مـالیکی بە گەنـدەڵی، حزبچیەتی، وە نـاکـاریگەری شـکسـتهێنـان لە دابینکردنی خزمەتگوزاری و پێشـکەشـکردنی ئاسـاییش تاوانبار کرد. بەهۆی بەمەرکەزیکردنی دە سەلات و دە ستبە سەرداگرتنی دابە شکردنی نادادپەروەرانەی سەرچاوە ئابووریەکان، کورد بەرامبەر مالیکی ناڕەزایی دەربڕی. کۆندالیزا ڕایس بە مالیکی وت، "تۆ سـەرۆک وەزیرانێکی مەترسـیدار و خەراپی، بەبێ پێشـڤەچوون و ڕێککەوتن، تۆ بەتەنیـا دەمێنیتەوە".(٢٤)

جۆرج بوش دەستی بە پلانەکانی کرد بۆ کشاندنەوەی سوپای وڵاتەکەی بۆ ساڵی ٢٠١١. هەرچۆنێک بێت، کشـانەوەی ئەمریکا لە عێراق لە ماوەی ئیدارەی ئۆباما دا جێبەجێکرا. ئۆباما هەوڵیدا گفتوگۆ بکات بۆ ڕێککەوتنی هێشـتنەوەی دە هەزار سـەرباز بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە مەشـقپێدانی هێزە چەکدارەکانی عێراق و کاربکەن لە دژی کـاردانەوەی خێرای تیرۆریزم. بەڵام مـالیکی نەیتوانی زۆرینەی دەنگی پەرلەمـانی کۆبکاتەوە بۆ ڕەزامەندی وەرگرتن لە سـەر ڕێککەوتنەکە، پارێزبەندی و پشـتەوانەی گشـتی بۆ سـەربازانی ئەمریکی و بەڵێندەرەکانیان. مالیکی پێشـنیاری یاداشـتێکی دبلۆماسـی کرد کە بەڵێن بدات پارێزبەندی و پشـتەوانەی دابین بکات، بەڵام پارێزەرانی ئیدارە داواکەیان ڕەتکردەوە. بە شـکسـت خواردن لە تێپەڕاندنی یاسـای ڕێککەوتنەکە،

بەهانەی بە ئۆباما و ڕاوێژکارەکانیدا کە دەیانویســـــت کۆتایی بە تێوەگلانی ئەمریکا لە عێراق بهێنن.

وەزیری بەرگری لیۆن پـانیتـا بەژدار بوو لە ئـاهەنگی هێنـانە خوارەوەی ئـالآی ئەمریکـا لە ١٥ی کـانوونی یەکەمی ٢٠١١.(٢٥) ئەو بۆنە فەرمیە کشـــــانەوەی فەرمی هێزەکانی ئەمریکای دوای نۆ ســـاڵ لە جەنگ دیاری کرد. بە تێکڕا، (٤,٥٠٠) ســـەربازی ئەمریکی کوژران و (٣٠,٠٠٠) تریش بریندار بوون. خەرجی ئابووریی جەنگەکە بریتی بوو لە ٢٢ ترلیۆن دۆلار. زیاتر لە (١٣٤,٠٠٠) عێراقی کوژران و بە ملیۆنانی تریش ئاوارە بوون.(٢٦)

پانیتا وتی، "دوای ڕژانی خوێنێکی زۆری عێراقی و ئەمریکیەکان، ئەرکی (مهمە) عێراقێک کە تیایدا بتوانێت خۆی بەڕێوە بەرێت و ئاســـــایشـــــی خۆی بپارێزێت دەبێتە حەقیقەت. ئەمە کاتێکە بۆ عێراقیەکان کە بۆ داهاتوو بڕوانن. ئەمە دەرفەتێکە بۆ عێراق بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە ســەر ڕێگایەک بەرەو ئاسـاییش و ئێمە قەرزاری هەموو ئەو سـەربازانەین کە بوونە قوربانی بۆ ئەم جەنگە کە شـکسـت نەهێنێت".(٢٧) پانێتا هەمان قســـــەکانی ئۆبامای بۆ ســــوپاکەی لە باکووری کارۆلاینا دووبارە کردەوە، "هەموو ئەو شتەی سوپای ئەمریکا لە عێراق ئەنجامیدا، هەموو جەنگ و قوربانیەک، خوێن ڕشتن و بنیادنانەوە، مە شقپێکردن و هاوبە شیکردن، ئێمەی گەیاندە ئەم ساتە بۆ سەرکەوتن". ئەو بە ســــوپاکەی وت کە بەســــەربەرزییەوە وڵاتەکە جێبهێڵن. هەروەها ســـــتایشـــــی حکومەتی عێراقی کرد بۆ ئیدارە دادپەروەرەکەی، نوێنەرایەتیە یەکســـانەکەی، وە بنکە فراوانیەکەی. ئەو عێراقی بە وڵاتێکی خاوەن سەروەریی، سەقامگیر و پشتبەخۆ بەستوو وەسف کرد، بە حکومەتێک کە لە لایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە.(٢٨)

*****

عێراقیەکان لە ٣٠ی نیسـانی ٢٠١٤دا بەرەو سـندوقەکانی دەنگدان چوون. هەڵبژاردنەکە گشـتپرسـییێک بوو لە سـەر هەشـت سـاڵ مانەوەی مالیکی لە دەسـەڵاتدا. هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا (پارتەکەی مالیکی) پێشبینیەکانی تێپەڕاند و ٩٢ کورسی بەدەست هێنا. دووەم گەورەترین کوتلە سی و نۆ کورسی بەدەست هێنا، بەم پێیەش شوێنی مالیکی بەهێز کرد بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ.(٢٩) سوننە بەزۆری بەژداری پرۆسەی سیاسی نەبوون. داعش پێشـوتر کۆنترۆلی فەللوجە و ڕومادی کردبوو. هەڕەشـەی لە دەنگدەران کرد، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەیەکی بەرچاوی ژمارەی وێسـتگەکانی دەنگدان. هەروەها کاندیدەکانیش لە ژێر هەڕەشەی مەرگدا کشانەوە.

دوای ئەوەی موسـڵ کەوت، مالیکی جەختی لە سـەر چارەسـەری سـەربازیی بۆ قەیرانی داعش کردەوە. هەرکاتێک داعش تێک شـکێنرا، عێراقیەکان دەتوانن بێنە ناو دیالۆگی سـیاسـی بۆ پێکهێنانی حکومەت. لە ٢ی تەمموزدا پەرلەمانی عێراق بۆ پیکهێنانی حکومەتی نوێ کۆبووەوە. دەسـتووری عێراقی مەرجی دوو هەفتەی دانا کە یاسـادانەرەکان دەبێت لەو ماوەیەدا، دوای ئەوەی سـەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرا، ناوی سـەرۆک و دوو جێگرەکەی دیاری بکەن. هەرکاتێک سـەرۆک دیاریکرا، یاسـادانەرەکان مانگێکی تریان لەژێر دەستە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیران.(٣٠)

گفتوگۆکان هەڵگری ڕق و قین بوون. پارتی دەسەڵاتی یاسا دوودڵ بوو لە لابردنی مالیکی، نەوەک وەک سـەرکەوتنێک بۆ تیرۆرسـتان ببینرێت. سـوننەکان ئامادەبوون کاندیدەکەیان بۆ سـەرۆکی پەرلەمان پێشـکەش بکەن، بەڵام تەنیا دوای ئەوەی شـیعە کاندیدەکەیان بۆ سـەرۆکی پەرلەمان پێشـکەش کرد. یاسـادانەرە سـوننەکان پشـتگیری خۆیان بۆ هەر شـیعەیەک دەربڕی جگە لە مالیکی. گفتوگۆکان تەنیا دوای نیو کاتژمێر شـکسـتیان هێنا، پەرلەمان لە فەوزادا دواخرا. سـیسـتانی داوای لە عێراقیەکان کرد حکومەتێک پێکبهێنن کە "پشتگیری فراوانی نیشتیمانی" هەبێت.(٣١)

ئیدارەی ئۆباما دوودڵیەکەی لە هەڵکشاندا بوو کە مالیکی بتوانێت هاوپەیمانێتیەک بۆ حکومڕانی وڵات پێشکەش بکات، وە سوننەکانیش بکاتە بەرەیەکی یەکگرتوو لە دژی داعش. جۆن کێری لە ٢٣ی حوزەیرانــدا ڕایگەیـانــد، "بەڵام مــالیکی حکومەتێکی ڕزگــارکەری نیشــــتیمــانی ڕەتکردەوە".(٣٢) وە زیــاتر وتی، "من بەردەوام دەبم لە تێکۆشان".(٣٣) پارتی دەعوەی ئیسلامی زۆرترین کورسی بردەوە؛ مالیکی ڕەتی کردەوە کورسی ڕادەست بکات.(٣٤)

لەگەڵ کەللەڕەقی لایەنە عێراقیەکان، ســــەرۆک فوئاد مەعســــوم-کورد- حەیدەر عەبادی، ئەندامی پارتی دەعوەی ئیســـلامی، ڕاســـپارد بۆ پێکهێنانی حکومەت. مالیکی هەڕەشــەی مانەوەی کرد، بە بیانووی ســەرپێچیکردنی دەســتووری عێراق. لەنێو گێژاوی نائارامی لە ســـەر ئەگەری کودەتایەک، مالیکی فڕۆکەخانەی بەغدادی داخســـت و هێزە تایبەتیەکانی لە شــــەقامەکانی بەغدادا بڵاوە پێکرد.(٣٥) هەروەها مالیکی هەڕەشــــەی گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی کرد بۆ ڕێگرتن لە عەبادی کە ببێت بە سەرۆک وەزیران. بە لە ســــەر لێواری بوونی عێراق لە ڕووخـان، پـارتی دەعوەی ئیســـــلامی، دەزگا هەواڵگریەکان، وە پشــتیوانانی مالیکی لە ئێران پشــتگیریەکانیان کشــاندەوە. هەروەها ســــیســــتانیش لەژێر پەردەدا ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕا لە قەناعەتهێنانی مالیکی لە وازهێنانی لە دەسەڵات.

پێکهێنانی حکومەت یەکەمین هەنگاوی لە بەردەم حەیدەر عەبادیدا ســـەخت بوو. هەروەها عەبادیش تاقیکرایەوە بۆ جێبەجێکردنی هاوبەشــــی کردن لە دەســــەڵات کە ڕۆڵێکی بەرچاو بە عەرەبە ســــوننەکان و کورد بدات. حکومەتی هەرێمی کوردســــتان ســــوربوو لە ســــەر ئەوەی کە دەبێت حکومەتی نوێ وەڵامێکی پێ بێت بۆ نیگەرانیە ســــەرەکیەکانی. کورد داوایانکرد بۆ فرۆشــــتنی نەوت، کڕینی چەک، وە ئەنجامدانی گشتپرسییێک لە کەرکووک و ناوچە پێشوەکانی تری ناکۆکی لە سەر. ئەوان سوربوون لە سەر میکانیزمێک بۆ ڕێگاگرتن لە چەواشەکاری دەسەڵات لە لایەن بەغداوە.(٣٦)

ســــوننەکان هەردەم گومانیان لە بەغدا هەیە. شـــێخ محەمەد البجاری، ئەندامی ئەنجومەنی خۆجێیی لە فەللوجە دانانی عەبادی وەک "گۆڕینی ڕوخســارەکان" وەســف کرد. ســوننەکان داواکاری زۆریان هەبوو. ئەوان داوایانکرد هەموو فیرقە ســەربازییەکان لە ئەنبار بکشێنەوە، میلیشیاکان هەڵبوەشێنەوە، هەزاران زیندانی سوننی ئازادبکرێن، وە قەرەبووی بنەماڵەی شـــەهیدان بکرێتەوە بۆ ئەو نەخۆشـــی دەروونی و ماددی و ئەخلاقیەی چەشــتوویانە.(٣٧) هەروەها داواشــیانکرد یاســای نەهێشــتنی بەعســیەت و ماددەی چواری دژە تیرۆر هەڵبوەشــێنرێتەوە، وە دەســـتورێکی نوێ دابرێژرێتەوە کە زەمانەتی ئۆتۆنۆمی زیاتر بە پارێزگا سوننەنشینەکان بدات.

"وشـــیارکردنەوەکە" گرنگ بوو بۆ ســـەرکەوتنەکەی زیادکردنی هێز لە لایەن ئەمریکاوە لە ســـاڵی ٢٠٠٧دا. دوای یارمەتیدان لە بەزاندنی قاعیدە لە میزۆپۆتامیا، عەرەبە ســـوننەکان هەســـتیان بە ناپاکی کرد لە لایەن حکومەتی عێراقەوە. ئەندامانی "وشـــیارکردنەوەکە" پارەیان پێنەدرا. وە نەچوونە ناو ســـوپای عێراقەوە، کە لە لایەن شیعەوە دەستبەسەر کرابوو. دوای ئەوە بچوککرانەوە و بەتەواوی بێدەنگکران. ئەندامانی "وشـــیارکردنەوەکە"، نـاڕەزاییەکی قوڵیـان بەرامبەر بەغـدا دەربڕی و متمـانەیـان بە ئاســایشــی شــیعە و دەزگاکانی هەواڵگریی نەما. بۆ یارمەتیدانی ئاشــتکردنەوەی لایەنە تایەفەگەرەکان و بەژداری پێکردنی ســوننە لە دەزگا هەواڵگریی و ئەمنیەکاندا، عەبادی گاردی نیشتیمانی نوێی دروست کرد. ئەندامەکانی لە هۆزە نێوخۆییەکان هێنرابوون، کە لە لایەن پارێزگارەکانەوە کۆنترۆڵ کرابوون، وە ئەرکی شــەڕکردن لە دژی داعشــیان پێ سپێردرابوو. حکومەتی عێراقی قاییل بوو موچە و خانەنشینییەکانیان پێبدات.

*****

کورد جیاوازی دەکات لە نێوان ماوەی پێش موسڵ و دوای داگیرکردنی. کورد بەیانیەک لە خەو هەڵسا کە داعشی وەک دراوسێی خۆی بینی. بەگوێرەی وتەکانی فوئاد حسێن،

ڕاوێژکاری ئاسـاییشـی نەتەوەیی و سـەرۆکی دیوانی سـەرۆکایەتی بارزانی، "بەها مرۆڤـایەتیەکـان" کورد لە داعش جیـادەکـاتەوە. داعش دژی بەهـاکـانی کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی و ئـازادی ئـایینیە. ئەوان دژەـ ڕۆژئـاوان، دژەـ ئەمریکـان، وە دژی جیهـانن لەوکـاتەی کورد لە سـەر ڕێگـای دیموکراسـیە و پـابەنـدە بە هەمـاهەنگیە نێودەوڵەتیەکان". (٣٨)

داعش واقیعێکی نوێی دروسـت کرد. مەسـعود بارزانی ڕایگەیاند، "عێراق لەیەکتر جیادەبێتەوە. ئەوە ڕوونە کە حکومەتی فیدراڵی کۆنترۆڵی هەموو شتێکی لەدەستداوە". بارزانی دووپاتی کردەوە، "ئێستا کاتیەتی بۆ مافی چارەی خۆنوسین". ئەو پێشنیاری ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ خەڵکی کوردستان کرد بۆ یەکلاییکردنەوەی داهاتوویان. (٣٩)

ناچاریی کوردەکانی یەکخستەوە. وەزیری دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەلاح موسـتەفا بەکر، لە سـەر ئەوە کۆک بوو کە، "هەموو کەسـێک پشـتیوانی سـەربەخۆییە. ئێمەماندوو بووین لە بیرکردنەوە و قسـەکردن دەربارەی بەغدا". (٤٠) حکومەتی هەرێم حکومەتێکی کابینە بکە فراوانی پێکهێنا، کە پارتی جیاجیای لەخۆ گرتبوو. بۆ ماوەی چەندین سـاڵ، کورد گفتوگۆی دەکرد لە سـەر ئەوەی کە چۆن سـەربەخۆیی بە شـێوەیەکی دیموکراسـتی و ئارەزوومەندانە بەدەسـت بهێنن. ئەوان ناوەڕۆکی دامەزراندنی بەرنامەیەکی فراوانی فرۆکەوانی دادەنێن بۆ دوای دروسـتبوونی دەوڵەت. فوئاد حسـێن وتی، "باوەڕم پێبکەن ئێمە هەموو شـتێکمان لەبەرچاو گرتووە. ئێستا پێویستمان بە نەخشە ڕیگایەکە بۆ جێبەجێ کردنی".[١] (٤١)

---

[١] ئەمڕۆ، لەکاتی وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە (١٧ ئایاری ٢٠١٦)، لە کاتێکدا هاونیشتیمانیانی شاری هەولێر بە لێشاو ڕژاونەتە سەر شەقامەکان بۆ پشتگیری کردن لە گشتپرسی، کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنیش ئامادەیی خۆی نیشـاندا، هاوکات لە شـاری سلێمانی ڕیککەوتننامەیەکی گرنگ واژوو کرا لە نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان بە ئامادەبوونی نەوشـێروان موسـتەفا و جەلال تاڵەبانی لە دەباشـان. ئەم

ڕێککەوتننامەیە لە کاتێکی وادا نیشانەی پرسیاری زۆر هەڵدەگرێت کە بۆچی لەم ئانوساتەی گرنگە مێژوویە ئەوان بیر لە پێکهێنانی بەرەیەکی زۆرینە دەکەنەوە لەدژی پرۆژەکەی بارزانی بۆ گشتپرسی و دواتریش سەربەخۆیی. من وەک وەرگێڕ، ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، بەلام کورد بەگشتی هیواخوازە ئەوانیش بتوانن بەژداربن لەم پرۆژەیەدا بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و هیچ لایەنێکی دەرەکی پاڵنەری ئەم ڕێککەوتننامەیە نەبێت. لەم بارەوە لە ١٩ی ئایار، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

"پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە راوبۆچوونی وا بووە کە ڕێککەوتن لەنێوان لایەنە سیاسیەکان کارێکی ئاساییە، نەخاسمە ئەگەر لەپێناو بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و یەکڕیزیی هێزەکانی و نەهێشتنی ناکۆکیەکان بێت، نەک بۆ دژایەتیی لایەنێکی تر و، گەورەترکردنی ئەو کەلێنانەبێ کە هەن. لە هەمان کاتیشدا بنەما و خاڵەکانی هیچ ڕێککەوتننامەیەک لەنێوان دوو حزب، بگرە زیاتر لە دوو حزبیش لەلایەن پارتییەوە بە بنەمای بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسی و یاسایی و ئیداریی لە هەرێمی کوردستان دانانرێن.

لە ڕێککەوتنی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان رەچاوی هەوڵێک دەکرێت بۆ فراوانکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکان کە خزمەتی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە چەقبەستووەکان ناکات، بەڵکو بەرەو دۆخە نەخوازراوەکانی جارانمان دەباتەوە، لەهەمان کاتدا ڕێگرتنە لە یەکێتی نیشتمانی بۆ هەبوونی هەڵوێستێکی جیاواز لە بزووتنەوەی گۆڕان کە بەرەو ئاڵۆزی و توندڕۆیی زیاتر دەچێت.

یەکێتی نیشتمانی بەبێ هیچ جۆرە ڕەچاوکردنێکی هاوپەیمانیی و ڕێککەوتنی ستراتیژی و هاوبەشیی لە بەڕێوەبردنی کوردستاندا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و بەبێ هیچ جۆرە گفتوگۆ و ئاگادارکردنەوەیەکی پارتی، خۆی خستە ڕێککەوتنێک لەگەڵ لایەنێکدا کە کێشەیەکی سیاسیی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا دروست کردووە و، خۆی گەیاندە لێواری بوونەبەشێکی ئەو کێشەیە، ئەویش بە پێچەوانەی ماوەی رابردوو کە یەکێتی لەگەڵ پارتیدا هاوکاربوون بۆ چارەسەری کێشەکان. پارتی جگە لە ئیرادەی گەل هیچ ئیرادەیەکی تر قبوڵ ناکات و ئەزموونی رابردووش دەریخست کە بەبێ پارتی ئیدارەی هەرێم ئەستەمە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەستیارییەوە لەبارودۆخی ئێستای کوردستان دەڕوانێت و بەهیچ شێوەیەک ڕێگا بەهەر هەوڵێک نادات بۆ تێکدانی سەقامگیریی ئیداری و سیاسی و ئاسایش و لاوازکردنی ئیرادە و خۆڕاگریی پێشمەرگە کە، وا لە شەڕێکی سەخت دایە لەگەڵ دڕندەترین دوژمنی مرۆڤایەتی و ئازادی و، هێشتاش شەڕی گەورەترمان لەبەر دەمدا ماوە. هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان سوورە لەسەر

کورد نایەوێت وڵاتان وا تێی بگەن کە ئەوان هۆکاری لێکترازانی عێراقن. بارزانی جەختی کردەوە، "ئێمە هۆکاری ڕوخانی عێراق نین. خەڵکانی تر لەمە بەرپرســــن. وە ئێمە ناتوانین ببین بە بارمتەی خەڵکانی نەناســراو." (٤٢) حکومەتی هەرێمی کوردســتان دەیویست بەژداری لە گفتوگۆکان بکات سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت، بەڵام مەسعود بارزانی ڕوونی کردەوە کە ئەو ســــەرۆکایەتی پرۆســــەکە ناکات یاخود بەرژەوەندیە نیشتیمانیەکانی کورد ناکاتە قوربانی بۆ پاراستنی یەکێتی عێراق.

---

ئەوەی کە خوێنی پێشمەرگە لەپێناو ئازادیدا نابێ بەفیڕۆ بدرێت و دەبێ گەلی کوردستان لە ڕێگەیەکی ڕەوا و یاسایی وەک گشتپرسی ئیرادەکەی پیشانی هەموو جیهان بدات.

لەگەڵ ئەوەیش کە کوردســتان لە تەنیشــت دڕندەترین هێزی تیرۆریســتی و لە ناوچەیەکی شــڵەژاودایە، ســوپاس بۆ خوا لە ســەقامگیرییەکی گەورە دایە، لەبەر ئەوە پارتی دیموکراتی کوردســتان باوەڕی وایە کە دەبێ هەموو هەوڵەکان لەپێناو ئەو ســەقامگیریە و چارەســەری کێشــەکان و پاراســتنی دەســکەوتەکاندابن لەپێش هەر شتێکی تر". (وەرگێڕ)

# سەرچاوەکان


1. Sly, Liz. “Islamic Law Comes to Rebel-help Syria.” *Washington Post.* The Washington Post, 09 July 2014. Web. 09 July 2014.
2. “Why the Iraqi Army Can’t Defeat ISIS.” *Vox.* N.p., n.d. Web. 07 July 2014.
3. Ibid.
4. “FP’s Situation Report: Kerry Arrives in Iraq; Nat-sec Luminaries Pop Popcorn for New Afghanistan Combat Film; Bergdahl Becomes an.” *Foreign Policy.* N.p., n.d. Web. 10 July 2014.
5. Chulov, Martin. “Iraqi City of Tal Afar Falls to Isis Insurgents.” *The Guardian.* Guardian News and Media, 17 June 2014. Web. 09 July 2014.
6. “Floodgates Open as ISIS Bridges Victories between Syria and Iraq.” - 12 News KMBT and K-JAC. News, Weather and Sports for SE Texas. N.p., n.d. Web. 09 July 2014.
7. “Floodgates Open as ISIS Bridges Victories between Syria and Iraq.” - 12 News KMBT and K-JAC. News, Weather and Sports for SE Texas. N.p., n.d. Web. 09 July 2014.
8. Chulov, Martin, and Rory Carroll. “Isis Captures More Iraqi Towns and Border Crossing.” *The Guardian.* Guardian News and Media, 23 June 2014. Web. 07 July 2014.
9. Cooper, Helene, and Michael R. Gordon. “Iraqi Kurds Expand Autonomy as ISIS Reorders the Landscape.” *The New York Times.* The New York Times, 29 Aug. 2014. Web. 05 Sept. 2014. <http://www.nytimes.com/2014/08/30/world/middleeast/iraqi-kurds-expand-autonomy-as-isis-reorders-the-landscape-html>.
10. “ISIS: Tough Warriors or Guardsmen?” *The Daily Star Newspaper.* N.p., n.d. Web. 10 July 2014.
11. “CIA Reveals ISIS Ranks Have TRIPLED to More than 30,000 Fighters – including 2,000 Westerners.” *Mail Online.* Associated Newspaper, 12 Sept. 2014. Web. 12 Sept. 2014. <http://www.dailmail.co.uk/news/article-2753004/CIA-believes-ranks-ISIS-fighters-swollen-TRIPLE-number-previously-thought-31-500-fighters-2-000-Westerners.html>.

12. Schmitt, Eric, and Michael R. Gordon. “The Iraqi Army Was Crumbling Long Before Its Collapse, U.S. Officials Say.” *The New York Times.* The New York Times, 12 June 2014. Web. 10 July 2014.
13. “ISIS just Stole $425 Million, Iraqi Governor Says, and Became the ‘world’s Richest Terrorist Group.” *Washington Post.* The Washington Post, n.d. Web. 10 July 2014.
14. “Why ISIS Is More Dangerous than Al Qaeda and What America Must Do About It.” *Breitbart News Network.* N.p., n.d. Web. 10 July 2014.
15. “Sunni Mufti: ISIS and Affiliates Gave Killed over 300 Sunni Imams, Preachers.” *Breitbart News Network.* N.p., n.d. Web. 10 July 2014.
16. Kurdish Forces Take Kirkuk as ISIS Militants Push towards Baghdad | News | DW.DE | 12.06.2014.” *DW.DE.* N.p., n.d. Web. 20 June 2014.
17. Slater, Andrew. *The Daily Beast.* Newsweek/Daily Beast, n.d. Web. 30 June 2014.
18. “Analysis: The Kurds Take Kirkuk, Now What?” – *Middle East.* N.p., n.d. Web. 20 June 2014.
19. “ISIS Proposes Truce to Kurdish Peshmerga South of Kirkuk.” *Rudaw.* N.p., n.d. Web. 16 June 2014.
20. “ISIS Proposes Truce to Kurdish Peshmerga South of Kirkuk.” *Rudaw.* N.p., n.d. Web. 14 July 2014.
21. Lister, Tim. “Dehydration or Massacre: Thousands Caught in ISIS Chokehold.” *CNN.* Cable News Network, 10 Jan. 1970. Web. 12 Sept. 2014. <http://www.cnn.com/2014/08/10/world/meast/iraq-isis-sinjar/>.
22. “Iraq | Refugees International.” *Iraq | Refugees International.* N.p., n.d. Web. 10 July 2014.
23. Margaret Talev and David Lerman. “Obama and Maliki Meet as Iraq Seeks Additional U.S. Aid.” Bloomberg News. Nov. 2, 2013.
24. Baker, Peter. “For 2 U.S. Presidents, Iraqi Leader Proved a Source of Frustration.” *The New York Times.* The New York Times, 11 Aug. 2014. Web. 05 Sept. 2014. <http://www.nytimes.com/2014/08/12/world/middleeast/for-2-us-presidents-iraqi-leader-proved-a-source-of-

frustration.html?action=click&contentCollection=Middle%20East®ion =Footer&module=TopNews&pgtype=article>.
25. “Leon Panetta Photos on Townhall.” *Townhall.* N.p., n.d. Web. 10 July 2014.
26. Trotta, Daniel. “Iraq War Costs U.S. More than $2 Trillion: Study.” *Reuters.* Thomson Reuters, 14 Mar. 2013. Web. 10 July 2014.
27. Greene, Richard Allen, This Article Is Based on Reporting by Mohammed Tawfeeq, Arwa Damon in Baghdad, Moni Basu in Atlanta, Zain Verjee in London, and Tom Cohen in Washington. “Muted Ceremony Marks End of Iraq War.” *CNN.* Cable News Network, 15 Dec. 2011. Web. 29 June 2014.
28. “US Flag Ceremony Ends War in Iraq.” *BBC News.* N.p., n.d. Web. 10 July 2014.
29. “Analysis: Maliki Bolsters Iraq Re-election Chances.” *BBC News.* N.p., n.d. Web. 10 July 2014.
30. “Full Text of Iraqi Constitution.” *Washington Post.* The Washington Post, 12 Oct. 2005. Web. 13 July 2014.
31. “Embattled Iraqi Prime Minister Nouri Al-Maliki ‘will Not Go Quietly,’ Foes and Friends Say.” *Washington Post.* The Washington Post, n.d. Web. 7 July 2014.
32. Alissa J. Rubin. “MIliytant Take Major Border Post; Kedrry Hints U.S. Is Open to a New Premier.” The New York Times. June 23. 2014. Pg. A9.
33. “Iraq’s PM Al-Maliki Refuses to Step Down: ‘I Will Continue to Fight’” *The Christian Science Monitor.* The Christian Science Monitor, n.d. Web. 13 July 2014.
34. “Iraqi PM’s Bloc Wins Most Parliament Seats.” *The Big Story.* N.p., n.d. Web. 13 July 2014.
35. “Iraq’s Maliki Rejects Nomination of New PM.” *Middle East Eye.* N.p., n.d. Web. 08 Sept. 2014. <http://www.middleeasteye.net/news/iraqs-naliki-vows-stay-despite-internatinal-backing-rival-1597125558#sthash.RTsKlROj.dpuf>.
36. Cooper, Helene, and Michael R. Gordon. “Iraqi Kurds Expand Autonomy as ISIS Reorders the Landscape.” *The New York Times.* The New York Times, 29 Aug. 2014. Web. 05 Sept. 2014.

37. “Sunnis Do Not Believe Abadi Is a Solution to Iraq’s Crises.” N.p., n.d. Web. 22 Aug. 2014. <http%3A%2F%www.al-monitor.com%2Fpulse%2Foriginals%2F2014%08%2Fsuniss-solution-abadi-maliki-problems.html%3Futm_sources%3DAl-Monitor%2BNewsletter%2B%255BEnglish%255D%26utm_campaign%3Dbc2cac65823-August_22_2014%26utm_medium%3Demail%26utm_term%3D0_2826b27a0-bc2ac65823-93077049%23ixzz3B8m87wvn>.
38. Interview with KRG National Security Adviser Fuad Hussein by the Author, July 1, 2014 (Washington, DC).
39. “EXLUSIVE: Iraqi Kurdistan Leader Massoud Barzani Says ‘the Time Is Here’ for Self-determination.” *Amanpour RSS.* N.p., n.d. Web. 2 July 2014.
40. Interview with KRG Foreign Minister Falah Mustafa Bakir by The author, July 1, 2014 (Washington, DC).
41. Interview with Dr. Fuad Hussein, Chief of Staff to the Presidency of KRG, by the author, July 1, 2014 (Washington, DC).
42. “EXLUSIVE: Iraqi Kurdistan Leader Massoud Barzani Says ‘the Time Is Here’ for Self-determination.” *Amanpour RSS.* N.p., n.d. Web. 2 July 2014.

## (١١)

## کاردانەوە نێودەوڵەتیەکان

ئەبوبەکر بەغدادی خۆی وەک خەلیفە ڕاگەیاند، ئەو ناوی داعشـــــی گۆڕی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی، وە داوای لە موسڵمانانی سەرتا سەری جیهان کرد بەیعەت بە دە سەڵاتەکەی بدەن.(١) بەغدادی تەنانەت داوای کرد "القاعیدە"ش دان بنێت بە سەرۆکایەتیەکەیدا. ئەو جەنگی پیرۆزی لە دژی هێزە بێ دین و دووڕووەکاندا ڕاگەیاند.(٢) ئەو لە موســــڵمانان پاڕایەوە، "ئەی موسـڵمانان خێراکەن بۆ دەوڵەتەکەتان".(٣) ڕووداوەکان لە عێراقدا زیاتر نیگەرانیە نەتەوەییەکانی پەرەپێدا کە هاوپەیمانان و دەسەڵاتی هێڵی پێشەوە جولان بۆ پاراســـتنی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانیان کە وشـــیاربینەوە لە ڕووخانی کارەســـاتباری دەوڵەتی عێراق.

## ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتدارانی ئەمریکی و عێراقی ئاگادارکردەوە کە داعش لە سـەر سـنوور خۆی ئامادە دەکات بۆ پەلاماردانی موسـڵ. بەگوێرەی وتەکانی فوئاد حسـێن، "بەرپرسـانی ئەمریکا نەیاندەویسـت گوێ بگرن". تەنانەت دوای داگیرکردنی ئەنبار وە ڕاگەیاندنی خەلافەت، واشنتۆن هێشتا لە هەستیاری دۆخەکە یان ڕۆڵە بەرچاو و گرنگەکەی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش تێنەگەیشت.(٥) فوئاد حسـێن وتی، "بۆ ئێمە ڕوون نیە ئەمریکا چۆن پێناسـەی بەرژەوەندیەکانی لە عیراقدا دەکات". واشـنتۆن کاردانەوەی بۆ ڕووداوەکان هەبوو، لە جیاتی ئەوەی دروسـتیان بکات. ئیدارەی ئۆباما تەنیا سەرنجی لە سەر بەغدا بوو و شتەکانی لە یەک لایەنەوە دەبینی.(٦)

لە ٢٣ و ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا، جۆن کێری سـەردانی بەغدا و هەولێری کرد. ئەو جەختی لە سەر پێویستی بەرەیەکی یەکگرتووی شیعی، سوننی، عەرەبی و کوردی کردەوە بۆ بنبڕکردنی پشـتگیریەکانی داعش. ئەو داوای لە مەسـعود بارزانی کرد کارئاسانی بکات وە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی عێراق ڕەتبکاتەوە.(٧) بارزانی زۆر بە جوانی و خۆشنودیەوە وەڵامی دایەوە، بەڵام هەرگیز پێیەوە پابەند نەبوو. کاریگەری ئەمریکا بەشـێوەیەی بەرچاو دابەزی کاتێک هێزەکانی لە سـاڵی ٢٠١١دا کشـانەوە، عێراقیەکانیان جێهێشـت بۆ پاراسـتنی ئاسـاییش خۆیان و چارەسـەرکردنی مەسـەلە سیاسیەکان.

کوردە عێراقیەکان هەمیشـە داوایان لێدەکرا بەرژەوەندیەکانیان بکەنە قوربانی یەکێتی عێراق. کورد هاوکاری پێشکەشکرد لە دامەزراندنی سیستەمی حوکمڕانی عێراق بە گێڕانی ڕۆڵێکی سەرەکی لەکاتی گفتوگۆکانی دەستووری ٢٠٠٥دا، کە تیایدا کۆمارێکی فیدراڵی، دیموکراتی دروسـت کرد. بارزانی نێوانگیری پەیمانی هەولێری کرد لە سـاڵی ٢٠١٠ کە بووە هۆی نەهیشـتنی قەیرانی سـیاسـی بە تەرخانکردنی پۆسـتەکانی سـەرکردایەتی بۆ گروپە جیاجیاکانی ئەو وڵاتە. بەڵام ئەوکات جیاواز بوو. بارزانی بە

جۆن کێری وت، "ئێمە لە ئێستادا بەرەنگاری حەقیقەتێکی نوێ و عێراقێکی نوێ دەبینەوە". (٨) ئەو پرسی، "چەند ساڵی تر دوای ئەو هەموو قوربانیدانە دەتانەوێت بوەستین؟" (٩)

لە جیاتی پشتگیری کردنی کوردستانی عێراق، ئەمریکا بەدوای سنوردارکردنی دەرفەتەکاندا دەگەڕا. دادگای فیدراڵی عێراق مافی فرۆشتنی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی هەڵگرت، ئیدارەی ئۆباما دژی ناردنی نەوتی کورد وەستایەوە. (١٠) وە باوەڕی وایە کە گەیشتنی ڕاستەوخۆی هەرێم بۆ بازاڕەکانی سوتەمەنی لێکترازانی عێراق زیاتر دەکات. کاتێک نەوت لە کوردستانەوە گەیشتە بەندەری جەیهان بۆ ناردنی بۆ مەغریب، بەرپرسانی ئەمریکا خۆیان گەیاندە حکومەتی ئەو وڵاتە بۆ هەوڵدان و ڕاگرتنی فرۆشتنی. (١١) هەروەها واشنتۆن فشاری خستە سەر حکومەتی تورکیاش بۆ ئەوەی نەوت لە کوردستانی عێراق نەکڕێت. داهاتی نەوت بۆ کوردستان گرنگ بوو. بەغدا دەبوایە لە (١٧٪)ی داهاتی نەوت بدات بە هەرێمی کوردستان، بەڵام هەمیشە لەم ڕێژەیە کەمتری وەردەگرت کە قەرزاری بوو. (١٢) سەرەڕای ئەمەش، لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤دا، بەتەواوی بودجەی کوردستانی هەڵپەسارد. ئەمریکا تەنیا فرۆشتنی نەوتی بلۆک نەکرد، بەڵکو تێوەگلا لە قەدەغەکردنی وڵاتان لە فرۆشتنی چەک بە هەرێم، کە پێشمەرگە بۆ بەرگریی لەخۆکردن پێویستی پێ بوو.

ئۆباما سوربوو لە سەر ئەوەی کە عێراقیەکان حکومەتێکی گشتگیر پێک بهێنن پێش ئەوەی ئەمریکا هیچ هەنگاوێکی سەربازیی بگرێتەبەر. (١٣) هەماهەنگیەکان ئەستەمی جێبەجێکردنی ئەرکەکەیان سەلماند. عێراق کۆمەڵگایەکی بەقوڵی دابەشکراو بوو بە نەبوونی هیچ دابونەریتێکی گشتگیریی. سەرکردە خێڵەکیەکان باوەڕیان وایە کە گشتگیریی هەڕەشە لە دەسەڵاتەکەیان دەکات، وە سازان بە واتای لاوازیی دێت. (١٤) بەڵام ئۆباما کەللە ڕەق بوو. "سەرکردەکان تەنیا دەتوانن بە ئەجێندایەکی گشتگیر حوکمڕانی بکەن، دەتوانن بەڕاستی عێراقیەکان یەک بخەن و یارمەتیان بدەن لە

چارەسەرکردنی قەیرانەکان". (١٥) ئەو دەیویست عێراقیەکان چارەسەر بدۆزنەوە. "ئێمە ئەو توانایەمان نیە هەروا بە ئاسانی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین بە ناردنی دەیان هەزار سەرباز". (١٦) هەروەها وتی، "کاری ئێمە نیە سەرکردە عێراقیەکان هەڵبژێرین... دەبێت جیاوازیەکان وەلا بنرێن و یەکبگرن" ئەو شتانەی ئۆباما باسی کرد وەک دە ساڵ پێشوتر بوو لەو کاتەی بوش پەیامی بۆ عێراقیەکان دەدا. (١٨)

ئەمریکا تووشی بژاردەیەکی سەخت بووەوە. یان دەبوایە دووبارە بەژداری شەڕێکی کردبوایە کە ئۆباما هەر لە سەرەتاوە دژی بوو، یانیش دەبوایە ڕێگا بە عێراق بدات ببێت بە دەریایەکی بێ بن لە کوشتاریی تایەفەگەری، کە لە کۆتاییدا دەبووە هۆی دابەشبوون و روخانی. دوای موسڵ، واشنتۆن چەند پلانێکی ڕاگەیاند بۆ ناردنی سێ سەد ڕاوێژکاری سەربازیی. (١٩) ئەم ڕاویژکارانە بڵاوەیان پێکرا بۆ پاراستنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا و فڕۆکەخانەی بەغدا. (٢٠) هەندێکیان چوونە کورد ستان، کە بەرەنگاری داعش دەبووەوە. بەپێچەوانەی سەربازە عێراقیەکان، پێشمەرگە بەوە ناسراو بوو کە توانا و ورەی بەرزە بۆ بەرگری کردن لە نیشتیمانەکەیان.

پلاندارێژەرانی پینتاگۆن پێشنیاری بژاردەی سەربازییان بۆ ئۆباما کرد. هەرچۆنێک بێت، ئۆباما ڕێوشوێنی وەرگرتنی ڕای گشتی گرتەبەر، بەرەو هەڵبژاردنەکانی ناوەندی چوون. زۆربەی ئەمریکیەکان دژی دەستوەردانەوەی ئەمریکا بوون لە عێراقدا. ئۆباما دژی کردەی سەربازیی وەستایەوە، تەنانەت کاتێکیش چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی شنگالیان داگیرکرد و دووسەد هەزار یەزیدی بێ ماڵ و حاڵ کرد. (٢١) ئەو سووربوو لە سەر ئەوەی کە عێراقیەکان حکومەتی یەکێتی نیشتیمانی پێکبهێنن. نەدەتوانرا گێچەڵی گیرخواردنی پەنجا هەزار یەزیدی لە سەر چیای شەنگال هەروا بە ئاسانی فەرامۆش بکرێت. کاتێک چەکدارانی داعش پێشڕەوییان کرد بۆ سێ کیلۆمەتر لە دووری هەولێر، لە کۆتاییدا ئۆباما ناچاربوو ڕێگا بە هێرشی ئاسمانی بدات. (٢٢)

بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی چالاکی ســــەربازیی ئەمریکا لە عێراق، ئۆباما بۆ گەلی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەولەویەتیان پاراســـتنی بەرپرســـە ئەمریکیەکان بووە لە قونسـڵگەریەکەیان لە هەولێر. ئەو دڵنیایی لە ســەر پێویسـتی ڕێگرتن لە جینۆسـایدی مەسـیحی و یەزیدیەکان کردەوە. ئۆباما پێشـنیاری کرد کە دەسـتوەردانی سـەربازیی بۆشـاییەک دروسـت دەکات بۆ چارەسـەری سـیاسـی، وە دەبێتە هۆی گرێکوێرەی چارەسـەرکردنی داهاتووی عێراق. ئەو باوەڕی وابوو کە تێوەگلانی سـیاسـی سـوننە دەبێتە هۆی وەستانیان بەرامبەر داعش.

هێرشە ئاسمانیەکانی ئەمریکا ڕێک لەکاتی خۆیدا ئەنجامدران بۆ پاراستنی هەولێر لە داگیرکردنی لە لایەن داعشـەوە، بەڵام فرۆکە بەتەنیا بەس نەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. جەنەڕال مارتن دێمپسـی تێبینی ئەوەی کرد کە هێرشـە ئاسـمانیەکان بە چاوی دەوڵەتی ئیسـلامیـان تـاریـک کردووە. ئەو دابینکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ هەرێم ڕاگەیاند.(٢٣) پینتاگۆن هەندێک چەکی قورس و ئارپیجی پێشـکەس کرد. لە بەرواری ١٢ی ئابدا یەکێتی ئەوروپا کۆبوونەوەیەکی نائاسـایی ئەنجامدا بۆ بڕیاردان لە سـەر ئەوەی وڵاتە ئەندامەکانی ڕاسـتەوخۆ چەک بە حکومەتی هەرێم بدەن. فەڕەنسـا، بەریتانیا، ئیتاڵیا، دانیمارک، کەنەدا، کرواتیا و ئەلبانیا هەنگاوی کردارییان گرتەبەر.(٢٤) زیاتر لە چەکی بچووک، پێشمەرگە پێویستی بە چەکی پێشکەوتوو بوو- تۆپ (مدفعیە)، هاوەن، هامڤی (ئۆتۆمبیلی گوللەنەبڕ) وە دە بابەی (APC)- بۆ لاوازکردن و لە ناوبردنی داعش. ئەڵمانیا هەزاران چەک و نارنجۆکی نارد، سـەرەرای ناردنی هەندێ چەکی دژە تانک (میلانۆ). پێشـمەرگە سـەلماندی کە ورەی بەرزە دەتوانێت داعش تێک بشـکێنێت ئەگەر پڕچەک بکرێت. تێکڕای ژمارەی سـەربازەکانی بریتی بوو لە دووسـەد هەزار، بەهێزی تایبەتی دژە تیرۆریشەوە.(٢٥)

دەسـتوەردانی ئەمریکا وەک ڕێگایەک بۆ نەهێشـتنی پێشـکەوتنی زیاتر لە لایەن داعشـەوە، دەسـتی پێکرد. ئەرکەکانیان بووە هۆی گۆڕینی بنبڕکردنی جینۆسـاید و

دەستبەسەرداگرتنی سنوور. فڕۆکەی گواستنەوەی (C-17) و (C-130)، ئاو و خۆراکی بۆ یەزیدیەکانی سەر چیای شەنگال فڕێدایە خوارەوە. بەریتانیا، فەڕەنسا و ئوسترالیا پەیوەندیان بە ئۆپەراسیۆنی مرۆیی کرد، ئەمەش بە بەخشینی بیست و هەشت سندوقی گەورەی خۆراک و(٣٥,٠٠٠) گالۆن ئاو و(١١٥,٠٠٠) پاکەتی خۆراکی ئامادە.(٢٦) هێنانەخوارەوەی خەڵک لە سەر چیاکە بۆ ناوچەیەکی سەلامەت ئەرکێکی ئاسان نەبوو. ئۆباما باسی لە کردنەوەی ڕێڕەوێکی مرۆیی کرد، بەڵام ئەوە هێزەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بوون کە بەسەرکەوتوویی نزیکەی دە هەزار یەزیدی لە چیاکە هێنایە خوارەوە، بە ناوچەی دژواردا، وە لە سنوور بەرەو ڕۆژاڤا پەڕینەوە.(٢٧)

سەربڕینی جەیمس فۆلی و ستیڤن سۆتلۆف زەنگێکی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ دەسەڵاتدارانی ئەمریکا.(٢٨) دوای سەربڕینی هەردوو ئەمریکیەکە وەزیری بەرگریی چەک هەیگل ڕایگەیاند، "داعش وەک هیچ شتێک نیە کە پێشتر بینیومانە".(٢٩) بەرپرسانی ئەمریکا بۆچونەکەیان بەرامبەر داعش دووبارە داڕشتەوە، بەهەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکای ناوبرد. داعش بوو بە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بەژمارەیەکی زۆر ئەندامەوە لە سەرتاسەری جیهان. زیاتر لە سەد هاوڵاتی ئەمریکی لە ڕیزەکانیدا بوون، زیاتر لە پێنج سەد هاوڵاتی بەریتانی، تا نۆ سەد فەڕەنسی، چەکداری تورکی، ئوردنی، تونسی، چیچانی و سعودی بوونیان هەبوو. داعش لە گروپێکی عەسابەوە لە سوریا بوو بە ڕێکخراوێک کە دەستی بە هەموو جیهان بگات. جیهادیەکان لە سوریا و عێراق فێری بەهرەی وابوون کە دەکرێت لە وڵاتەکانیان بەکاری بهێنن.(٣٠) دەزگا هەواڵگریەکانی ئەمریکا باوەڕیان وایە کە پانزە هەزار چەکداری بیانی لە عێراق و سوریادا پەیوەندیان بە داعشەوە کردووە.(٣١)

ئۆباما دانی بەوەدا نا، "ئێمە هێشتا هیچ ستراتیژیەتێکمان نیە".(٣٢) لە ڕزگارکردنی هاوڵاتیانی مەدەنیەوە، ئەرکەکەمان فراوانتر بوو بۆ سەندنەوەی سنوور". ئەمریکا هێرشە ئاسمانیەکانی بەردەوام کرد و ستایشی ڕۆڵی پێیشمەرگەشی کرد لە مەیدانەکانی

جەنگدا.(٣٣) پێشمەرگە، بە پشتگیری لە هێزە تایبەتیەکانی عێراق و فڕۆکە ئەمریکیەکان، توانی لە ١٨ی ئابی ٢٠١٤ هێرشێکی پێچەوانە ئەنجام بدات و بەنداوی موسڵ بگرێت.(٣٤) ٩١ هێرشی بۆمب بەکارهێنران. لە مانگی ئەیلولدا، لە ئۆپەراسیۆنێکدا بۆ گرتنەوەی بەنداوی موسڵ، ١٧ ئۆپەراسیۆنی بۆمبارانی ئەمریکیەکان بەکارهێنرا. چەند نەخشەیەک کێشران بۆ گرتنەوەی موسڵ و بەدەستهێنانەوەی دەستکەوتەکانی تر لە باکوور و ڕۆژئاوای عێراقدا.(٣٥)

لە ٤ی ئەیلولی ٢٠١٤دا، لە کۆڕبەندی ناتۆ لە وڵاتی وێڵز، ئۆباما پلانێکی ئاشکرا کرد بۆ ڕیسواکردن و چەک پێدانی داعش. هەڵمەتەکە جەختی لە سەر بەکارهێنانی ڕێگای هاوبەش کردەوە بە پشتبەستن بە "هاوپەیمانیەتی ئامادە". بۆ ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی، ئەندامانی هاوپەیمانەتیەکە پەیمانیاندا مەشق بە پێشمەرگە، هێزە تایبەتیەکانی عێراق و هۆزە سوننە عەرەبەکان بکەن و پڕچەکیان بکەن. هەرچۆنێک بێت، هاوپەیمانان نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێک بۆ فراوانکردنی هێرشە ئاسمانیەکان لە دژی ئامانجەکانی داعش لەوبەری سنووری سوریاوە.(٣٦)

ڕێبازەکەی ئۆباما سەبارەت بە بەکارهێنانی هێزەی سەربازیی دوور بو لە بەکارهێنانی هێزی جگە لە حاڵەتی بەرگریی یاخود کاتی بەرژەوەندی ئەمریکیەکان و هاوڵاتیەکانیان خرایە ژێر هەڕەشەوە. ئۆباما باوەڕدارێکی توندی دبلۆماسیەتی هەمەلایەنە بوو. ئەو چالاکی سەربازی وەک جۆرێک لە هێزی نەرم پێکهێنایەوە. ئەو وتارێکی بۆ دەرچوانی ئەکادیمی سەربازیی ئەمریکا لە 'وێست پۆینت' لە ٢٨ی ئایاری ٢٠١٤دا پێشکەش کرد: "ئەمریکا نابێت بە وڵاتێکی گۆشەگیر. ئەمریکا دەبێت هەمیشە لە شانۆی جیهانیدا پێشەنگ بێت. ئەگەر ئێمە ئەم کارە ئەنجام نەدەین، هیچ لایەنێک ئەنجامی نادات". بە گوێرەی وتەکانی ئۆباما، "لەشکرەکەمان بەهێزترین پشتگیری کەرە بۆ دبلۆماسیەت و پێشکەوتن".(٣٧)

نەخشـــەڕێگای ئەمریکا پێچەوانەی خودی وڵاتەکەی بوو. واشـــنتۆن هاوپەیمانێکی دیفاکتۆی لایەنە ســـوننە توندوتیژەکانی وەک داعش بوو، کە لەوێدا هەردووکیان یەک ئامانجیان هەبوو بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی ئەسـەد. لە عێراقدا، ئەمریکا پشـتگیری حکومەتی ناوەندی کرد و هێرشـــی ئاســـمانی لە دژی داعش دەســـت پێکرد. واشـــنتۆن ناڕەزایی دەرنەبڕی کاتێک فڕۆکە جەنگیەکانی سـوریا بۆ لێدانی چەند پێگەیەکی داعش لە عێراق سنووری ئەو وڵاتەی بەزاند. هەرچۆنێک بێت، ناڕەزایی دەربڕی کاتێک فڕۆکەکانی سوریا بۆمبی بەرمیلیان بەسەر سوننەکانی سوریادا بەردایەوە.

بە بەرزبوونەوەی ژمارەی کوژراوان، ڕەخنەیەکی زۆر لە ئیدارەی ئۆباما گیرا بەهۆی فەرامۆشـکردنی "بەرپرسـیاریەتی پاراسـتن"ەکەی. ئەوان ڕەخنەی کۆبوونەوە و نەمانی پێگەی ئەمریکایان وەک هێزێکی گەورە، ئاراسـتەی ئیدارەکەی کرد. ناتۆ دەسـپێشـخەر بوو لە تێوەگلان لە مەســـەلەی لیبیادا، کە تیایدا وتەکانی ئەنجومەنی ئاســـاییشـــی نیشـــتیمانی ئەمریکا بریتی بوو لە "ئەمریکا لەدواوە ڕابەرایەتی دەکات".(٣٨) ئۆباما نەخشەڕێگاکەی بۆ سیاسەتی دەرەوە بەم شێوەیە وەسف کرد، "کاری گەمژانە مەکەن".

کۆمەڵێک لە ئەندامانی کابینەی پێشـوو ڕەخنەیان ئاراسـتەی ئۆباما کرد. وەزیری پێشـووی دەرەوە هیلاری کلینتۆن دووپاتی کردەوە کە، "نەتەوە مەزنەکان پێویسـتیان بە پرەنسیپی ڕێکخراو هەیە". وە "کاری گەمژانە مەکەن" پرەنسیپێکی ڕێکخراو نیە.(٣٩) وەزیری پێشووی بەرگریی و بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا لیۆن پانێتا تێبینی شـکسـتەکانی ئۆبامای کرد بۆ پێناسـەی "ڕۆڵی ئەمریکا لە جیهان لە سـەدەی بیسـت و یەکەمدا".(٤٠) ڕۆبەرت گەیتس، وەزیری بەرگریی پێشـــوو، ڕەخنەی لە کارگێڕیە زیاد لە پێویست هەنگاو گرتنەبەر لە ئەفغانستان و چەند مەسەلەیەکی تردا گرت.

ئیزدیواجیەت و دژبەیەکبوونی ئۆباما زۆر دیار و درەوشاوە بوون لە سیاسەتەکەیدا بەرامبەر سوریا. لە ٢٠١٢دا، پەیمانیدا کە پشتگیری سوپای سوریای ئازاد بکات، بەڵام

تەنیا چەند یارمەتیەکی کەمی نارد. ئۆباما هێڵی سـووری کێشـا و هەڕەشـەی هێرشـی ئاسمانی کرد کاتێک سوریا چەکی کیمیایی لە سەر هاوڵاتیانی مەدەنیدا بەکارهێنا:

"زیاتر لە هەزار هاوڵاتی کوژران. چەند سەدێک لەوانە منداڵ بوون- کوڕ و کچەکانمان لەژێر دەستی حکومەتەکەیان گازپڕژێن کران تا مردن. ئەم هێرشـە سـەرزەنشـتیە بۆ سـەر شـکۆی مرۆڤایەتی. هەروەها هەڕەشـەیەکی مەترسـیداریشـە لە سـەر ئاسـاییشـی نەتەوەیی ئێمە. ئەمە گاڵتەکردنە بە قەدەغەکردنی جیهانیی بەکارهێنانی چەکە کیمیاییەکان. دۆسـت و هاوبەشـەکانمان لە سـەر سـنوورەکانی سـوریادا دەخاتە مەترسـیەوە، بە ئیسـرائیل، ئوردن، تورکیا، لوبنان و عێراقەوە. دەکرێت ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەکارهێنانی ئەم چەکە یان بۆ گروپە تیرۆرسـتیەکان کە خەڵکەکەمان پێ ئازار بدەن. لە جیهانێکی پڕ مەترسیدا، ئەم هەڕەشەیە دەبێت ڕێگای لێ بگیرێت و بەرەنگاری ببینەوە".

ئەمریکا پێشـنیارەکەی ڕوسـیای پەسـەند کرد بۆ دەسـتپێشـخەریەک بەسـەرکردایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دابڕین و لە ناوبردنی کۆگاکانی چەکی کیمیایی سـوریا. ئەو ڕێکخسـتنە ئەسـەدی ناچارکرد بۆ لەناوبردنی چەکی کۆمەڵکوژیی سـوریا. ئەسـەد کێشەیەکی دروستکرد کە تەنیا خودی خۆی دەیتوانی چارەسەری بکات. لە هەمانکاتدا، شەڕە ئاساییەکەی سوریا هەر توندتر دەبوو.(٤١) سوپای سوریا سەلماندی کێڵگەیەکی بەپیتە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی.

ڕووداوەکانی سـوریا و عێراق وردەکاری نزیکی پلانەکەی ئۆبامای پێویسـت بوو بۆ کشـانەوە لە ئەفغانسـتان. ئۆباما بەئاشـکرا کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکای بۆ دە هەزار لە کۆتایی ٢٠١٤دا ڕاگەیاند، بەخشـتەیەکی جێگیرەوە بۆ کشـانەوەی تەواو بۆ ساڵی ٢٠١٦.(٤٢) هاوڵاتیانی ئەمریکا ماندوو بوون لە شەڕکردن ئەفغانستان دوای نزیکەی پانزە سـاڵ. دیاریکردنی خشـتەی کەمکردنەوەی هێز بۆ ڕای گشـتی نێوخیی ڕاگەیەنرا. خشتەکە سوودی بە تاڵیبان گەیاند وە وایلێکرد کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئۆپەراسیۆنی نوێی دوای کشانەوەی ئەمریکیەکان.

لەجیاتی پلانی هێز و کاریگەریی ئەمریکا، هەڵبژاردنەکانی ســـیاســـەتی دەرەوەی ئۆباما لەســـــەر بۆچوونی نێوخۆیی بنیاد دەنران. لە ئەیلولی ٢٠١٤دا ڕێژەی ناڕەزایی بەرامبەر بە سیاسەتەکانی دەرەوە گەیشتە زیاتر لە (٪٦٠).(٤٣) لەوکاتەی ئەمریکیەکان وریای ململانێ کردنن لە خاکی بیانیەکاندا، سـیاسـەتی دەرەوەی ئۆبامایان ڕەتکردەوە، کە زۆر بێ بیانوو و سنووردار بوو.

دوای خستنە ژێر سەرنجێکی بە ئاگا و درێژ، ئۆباما لە کۆشکی سەرۆکایەتیدا لە ١٠ی ئەیلولی ٢٠١٤دا وتارێکی بۆ گەلی ئەمریکا پێشـــــکەش کرد.(٤٤) ئەو لە ئیدارەی سـیانزەمین سـاڵیادی هێرشـە تیرۆرسـتیەکەی یانزەی ئەیلول قسـەی کرد. بە بەژداری ئەمریکا لە جەنگێکی نەبڕاودا، ئۆباما هەڵمەتێکی درێژخایەنی ڕاگەیاند بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی و لەناوبردنی داعش. هەروەها داوای کرد کە کۆنگرێس ڕەزامەندی بدات بۆ خەرجکردنی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ بەرنامەی مەشـقپێکردن و پڕچەککردنی ئۆپۆزسـیۆنی میانڕەوەی ســـــوریا و ٥ ملیۆن دۆلار بۆ چالاکیەکانی دژە-تیرۆر. ئەمریکا بۆ ماوەی نزیکەی سێ ساڵ مقاوەمەی سەربازیی لە سوریادا ئەنجامدا. هەرچۆنێک بێت، سەربڕینی فۆلی و ســـۆتلۆف پێویســـــتیان بە کاردانەوەیەک بوو. ڕاگەیاندنەکەی ئۆبامای جەنگ نیشانەی قۆناغێکی نوێ بوو لە جەنگی ئەمریکا دژی توندڕەوەکان لە عێراق و سوریادا.

## توركیا

داعش ســـی و یەک شــوفێری بارهەڵگری تورکی لە ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا لە موســـڵ ڕفاند.(٤٥) ڕۆژی دواتر دەستی بەسەر قونسوڵگەری تورکیدا گرت و ٤٩ بارمتەی گرت، کە لە نێوانیاندا قونسڵی گشتی، ئۆزتورک یەلماز،یشی تیادا بوو.(٤٦) ئەم کارە تورکیای شـــەرمەزار کرد بە گۆڕینی بارەگا دبلۆماســـیەکانی بۆ بارەگای داعش، ئاڵای تورکیای هێنایە خوارەوە و لە شوێنیدا ئاڵای ڕەشی تیرۆرستانیان هەڵواسی. تەنیا ڕۆژێک دوای گرتنی بارمتە تورکەکان، چیرۆکەکە بەتەواوی لە هەواڵە تەلەڤزیۆنیەکانی تورکیادا ون بوو. حکومەتی تورکیا بڕیاری دەرنەکەوتنی ئەو وێنانەی لە میدیادا سەپاند، بە بیانووی ئەوەی کە گواســـتنەوەی دەبێتە هۆی تێکدانی گفتوگۆی هەســـتیار.(٤٧) شـــاردنەوەکە هەوڵــدانێــک بوو بۆ کەمکردنەوەی هەســـــتکردن بە ئــابڕوچوون، زەلیلبوون و ئەو نیگەرانیانەی لە لایەن تورکەکانەوە هەســـتی پێدەکرا. هەروەها نیازی ســـنووردارکردنی شکستی ئەردۆگان بوو کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ هەڵبژاردنی خۆی وەک سەرۆک.

ئەحمەد داودئۆغلۆ وتی، "هیچ کەس ناکرێت هەوڵبدات سنوورەکانی بەهێزیی تورکیا تاقی بکاتەوە".(٤٨) بەڵام داعش ئاگادارکردنەوەکەی تورکیای فەرامۆش کرد. هێرشـــــی ســـەر تەلەعفەری کرد، کە شـــارێکە لە چوار ســـەد هاوڵاتی تورکمان پێکهاتووە. پارتە ئۆپۆزســـــیۆنە تورکەکان، مەهەپە و جەهەپە، "ســـــیاســـــەتی بێ کێشـــــەیی لەگەڵ دراوســـێکان"ی داودئۆغلۆ و ئەردۆگانیان تەقاندەوە. ئەوان گلەییان لە ئەردۆگان کرد بە ڕفاندنی ئۆزتورک یەلماز و داوای دەســـــتوەردانی ســـــەربازییان کرد بۆ ڕزگارکردنی موســـڵ.(٤٩) ئۆپۆزســـیۆن زۆر بە قورســـی ڕەخنەی لە ســـیاســـەتەکانی حکومەت گرت بەرامبەر بە مەسەلەی سوریا.

دەزگای هەواڵگریی نیشـــتیمانی تورکیا، میت، 'مامان'ێک بوو کە یارمەتی لەدایک بوونی بزووتنەوەی چەکداریی ســوریایدا بۆ لە ســەر کارلادانی ســەرۆکی ســوریا بەشــار ئەســـەد.(٥٠) لە ســـەرەتای ســـاڵی ٢٠١٢دا، حکومەت گوایە چەک، تەقەمەنی، پارە و

هاوکاریی لۆجیستــتی داوە بە بەرەی نوســرە، ئەحرار الشــام و داعش.(٥١) ئامانجەکانی تورکیا دوو ئەوەندە بووەوە. نیازی پشــتگیری کردنی جیهادیەکان بوو بۆ شــەڕکردن لە دژی ڕژێمی ســــوریا. هەروەها بەدوای ئەوەشــــەوە بوو کە لەدایک بوونی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی کوردی لە سوریا لەبار ببات.

داعش لە ئەیلولی ٢٠١٣دا ڕووی لە تورکیا وەرگێڕا، هەڕەشــــەی کردەی خۆکوژی کرد لە ئەستەمبۆل و ئەنقەرەدا. هەروەها لە بەرواری ١١ی ئایاری ٢٠١٣دا دوو ئۆتۆمبیلی لە ڕەیحانلی تەقاندەوە، کە شارێکە دەکەوێتە پارێزگای باشووری هاتای، کە بووە هۆی کوشــتنی پەنجا و ســێ کەس و برینداربوونی ١٤٠ی تر.(٥٢) دوای کردەوەکەی ڕەیحانلی، تورکەکان بێزاربوون لە تێوەگلانی وڵاتەکەیان لەجەنگی ناوخۆیی ســــوریادا. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣دا، تێچووی دابینکردنی هاوکاری بۆ هەشت سەد هەزار ئاوارەی سوری یەک ملیار و نیو دۆلار بوو.(٥٣) ئەردۆگان ڕەخنەی لێگیرا ســەبارەت بە کێشــەی ئاوارەکان و تێچووەکەی.(٥٤)

هەروەها حکومەتی تورکیاش گلەیی لێکرا ســــەبارەت بە گێچەڵی تورکمانەکانی عێراق، کە برای نەتەوەیی ئەوان بوون لە هەرێمی کوردســــتاندا. لە حوزەیرانی ٢٠١٤دا، مانگی سووری تورکی کەمپێکی بنیادنا بۆ بیست هەزار تورکمانی ڕاگویزراوی نێوخۆیی. کەمپەکە لە کوردســتانی عێراقدا دروســتکرا بۆ ڕێگرتنی تورکمانەکان لە پەڕینەوەیان لە ســــنوور بۆ ناو خاکی تورکیا. ئەمە دووەم جار بوو تورکمانەکان ڕابگوێزرێن.(٥٥) دەیان هەزار کەس هەڵاتن لە تەلەعفەر لە نێوان شەنگال و موسڵ کاتێک دەوڵەتی ئیسلامی لە ١٠ی حوزەیراندا هێرشــی کرد. لەجیاتی بێ کێشــەیی لەگەڵ دراوســێکاندا، تورکیا دوو دەوڵەتی شکستخواردووی لە سەر سنوورەکانیدا هەبوو.

دەنگدەران لە هەڵبژاردنی نێوخۆیی ســەرۆکایەتی ٢٠١٤دا فەرامۆش کرد و خۆیان وا نیشــاندا کە هیچیان نەبینیوە. ئاکەپە ژمارەیەکی بەرچاوی دەنگەکانی بەدەســـت

هێنایەوە. وە پارتی بەدەپەش هەڵبژاردنەکانی شـــارەوانی زۆربەی شـــارەکانی ســـەر سنووری عێراق و ئێرانی بەدەست هێنا. بەدەپە داوای، "دروستکردنی ئۆتۆنۆمی کوردی" کرد لە شـــارەوانیەکانی ژێر دەســـتی خۆیدا.(٥٦) ئۆجەلان ئاماژەی بەوەدا کە ئاکەپە بۆ بەردەوامبوونی دیالۆگی سیاسی پێویست بوو لە دەسەڵات بمێنێتەوە.(٥٧)

بۆ یەکەمجار لە ١٠ی ئابی ٢٠١٤دا تورکەکان چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ڕاســـتەوخۆی ســـەرۆک. ئەردۆگان لە خولی یەکەمدا بە بەدەســـتهێنانی لە (٪٩٥ ,٥١)ی دەنگەکـان، بردیەوە.(٥٨) ئۆبـامـا لە ٢٨ی ئـابی ٢٠١٤دا وەفـدێکی ســـەرۆکایەتی نارد بۆ بەژداربوون لە ئاهەنگی دەســـت بەکاربوونی ئەردۆگان، وەک نیشـــانەیەکی نزمبوونەوەی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا، چەند بەرپرســـێکی ئاســـت مام ناوەند بە ســـەرۆکایەتی جێس بەیلی، بەرپرســـی کێشـــەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئەنقەرە، سەرکردایەتی وەفدەکەی کرد.(٥٩)

ســـەلاحەدین دەمیرتاش[١]، کاندیدی ســـەرۆکایەتی بەدەپە لە (٪٧١ ,٩)ی دەنگەکانی بەدەست هێنا. ئەو لە سەر بەرنامەی مافی سیاسی و فەرهەنگی گەورە بۆ کوردەکان و

---

[١] سەلاحەدین دەمیرتاش : سیاسەتمەدارێکی کوردی زازایە، لە نیسانی ساڵی ١٩٧٣دا لە شارۆچکەیپالۆی سەر بە پارێزگای خارپێتی باکووری کوردســـتان لەدایکبووە. ســـەلاحەدین دەمیرتاش لە ســـاڵی ٢٠٠٧دا لەســـەر لیستی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک (DTP)وەکو نوێنەری پارێزگای ئامەد بۆتە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا و لە دوای قەدەغەکردنی ئەم پـارتە لە لایەن دادگـای دەســـتووری تورکیـاوە، لە ســـــاڵی ٢٠١٠دا بوو بە هاوســـەرۆکی پارتی ئاشـتی و دیموکراسـی (BDP) ، ئێســـتاش ســـەلاحەدین دەمیرتاش هاوســـەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپەیە.

ناوبراو کوردی زازایە و دەرچووی کۆلێژی یاسایی زانکۆی ئانکارایە. دەمیرتاش بەر لەوەی بە شێوەی ئەکتیڤ بێتە ناو ســـیاســـەت، لە بەڕێوەبەرانی لقی ئامەدی "کۆمەڵەی مافی مرۆڤ [IHD]"بوو. ناوبراو هەروەها لە دامەزرێنەرانی لقی ئامەدی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و "ڕێکخستنی مافی مرۆڤی تورکیا"شە.

ئاشـــتی لەگەڵ پەکەکە کاری دەکرد. هەروەها دەمیرتاش بۆ دنگدەرە تورکەکان وەک سـەرکردەیەکی میانڕەو، پێشـکەوتنخواز و کاریزماتیک دەبینرا. سـەرەڕای هەوڵەکان بۆ نیشـــاندانی دەمیرتاش وە بەربژێرێکی پەکەکە، ئەو بەردەوام پشـــتگیری بۆ بەدەپە لە چەند پارێزگای دەرەوەی هەرێمی کوردیدا زیاد کرد.

دەمیرتاش سەرەڕای هەڵمەتە نایەکسانەکەی، سەرکەوتنی 'دیموکراسی و یەکسانی' ڕاگەیاند. ئەو جەختی کردەوە کە "ئەو پەیامانەی ئێمە دەمانویست بیگەیەنین گەیشـتە سـەرتاسـەری تورکیا. هەڵمەتی هەڵبژاردنی سـەرۆکایەتی ئەمانجەکەی خۆی پێکا".(٦٠) بەدەپە لەناو سیستەمی وڵاتدا بوو. وە لەژێر ئاڵای تورکیادا هەڵمەتەکەی ئەنجامدا.

ســـەرکەوتنە گەورەکەی ئەردۆگان پێگەکەی والێکرد بۆ ماوەی چەندین ســـاڵی داهاتوو دەست بەسەر سیاسەتی تورکیادا بگرێت. ئەردۆگان دەیەوێت ڕکابەری عەرشی ئەتاتورک بکات و لە سەدەمین ساڵیادی دامەزراندی کۆمارەکەیدا هەر لە ساڵی ١٩٢٣، تا ٢٠٢٣ لە سـەر دەسـەڵات بمێنێتەوە. ئەگەر ئاکەپە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ٢٠١٥

---

دەمیرتاش دەڵێ لە مانگی مارســـی ١٩٨٨ی زایینی، کاتێک خوێندکاری پۆلی دووی دواناوەندی بووە، بە بیستی دەنگی دروشمی خۆپێشاندەران لە دەرەوەی قوتابخانەکەی لە ئامەد و ئاخافتنی مامۆستاکەیان لەسەر چەرمەســەرییەکانی کورد بەدەســت حکومەتی ســەددام حوســێن و کیمیابارانی هەڵەبجە، بۆ یەکەم جار زانیوییەتی کە ئەویش سەر بەو نەتەوە ستەملێکراوەیە، بەڵام هەر بە پێشنیاری مامۆستاکەی، هەوڵ دەدا لە سـیاسـەت نزیک نەکاتەوە هەرچەند ئەشـقی بە موزیکژەنی، لە موزیکی کوردی نزیک دەکاتەوە و ناچار دەبێ ساڵانێک بەدزی دایک و باوکی، گوێ لە گۆرانی کوردی بگرێ. ناوبراو دەگێڕێتەوە کە شوێنبزرکرانی سەرۆکی پارتی ڕەنجی گەل [HEP]لە ساڵی ١٩٩١ی زایینی و دۆزرانەوەی تەرمەکەی پاش سێ ڕۆژ و ئاڵۆزییەکانی ئامەد دوای ئەو ڕووداوە، بۆ یەکەم جار ســەرنجی ڕاســتەوخۆی ناوبراوی بۆ ســیاســەت ڕاکێشــاوە. هەروەها قۆڵبەســـتکرانی برایەکی بە تۆمەتی ئەندامەتی لە ڕێکخســـتنی گەنجانی پەکەکەە لە زانکۆی "موغولا" و مەحکومکرانی بە ٢٤ ســـاڵ زیندان بەهۆی نەبوونی دەرفەتی ماددی بۆ گرتنی پارێزەر، وای لێ کردووە کە خوێندن لە بواری بەڕێوەبەری دەریاوانی لە زانکۆی ئیزمیر جێبهێڵێ و ســـاڵی ١٩٩٣، لە زانکۆی ئەنقەرە دەســت بە خوێندنی یاســا بکات. ســاڵی ٩٥، هەر لە زانکۆ هەوڵی داوە بچێتە شــاخ بەڵام بە گیرانی لینکە تەشکیلاتییەکەی، پلانەکەی لێ ئاشکرا بووە و دواتر بەم هۆیە بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ قۆڵبەست کراوە.

بباتەوە، ئەردۆگان هەوڵەکانی نوێ دەکاتەوە بۆ هەموارکردنی دەستووری ساڵی ١٩٨٢ی تورکیا و دامەزراندنی سیستەمێکی سەرۆکایەتی بەهێزتر کە خۆی تیایدا ڕێنیشاندەر بێت. لە ژێر دۆخێکی لەم جۆرەدا، سیستەمی دیفاکتۆی ئێستای سەرۆکایەتی بە شێوەیەکی یاسایی دادەمەزرێت. سەرکەوتنی ئەردۆگان جێگای سەرسوڕمان نەبوو. ئەو سیاسەتمەدارێکی زۆر لێهاتووە. بەهەر ڕێگایەک بێت، ئەو دڵنیابوو لە بردنەوە.

ئاکەپە پشتگیریەکانی بەهێزتر کرد، سەرەڕای ئەو بارقورسی و هەڕەشەکانی ئەم دواییانە. لە هاوینی ٢٠١٣، ناڕەزایی دەربڕین لە سەر پرۆژەی گەشەسەندنی بازرگانی لە مەیدانی تەقسیمی ئەستەمبۆل بووە هۆی خۆپیشاندانی مەزن لە سێ شاری سەرتاسەری وڵاتدا. دڕندەیی پۆلیس خۆپیشاندەرانی تووڕە کرد، بووە هۆی ئاڵۆزکردنی دۆخەکە. ئەردۆگان خۆپیشاندەرانی بەدرۆخستەوە، وە ناوینان ڕێگر، ئاژاوەچی، تالانکەر و بەکرێ گیراوی هێزە دەرەکیەکان.(٦١)

حکومەت ئازادی ڕادەربڕینی لە ڕاگەیاندن و کۆمەڵگای مەدەنی قەدەغە کرد. بۆچوونە پێچەوانەکان لە ڕێگای یاسای تاوانەوە بێدەنگ کردن. حکومەت ڕەتی کردەوە پاشەکشە لەو یاسایە بکات کە ئازادی ڕادەربڕین سنووردار دەکات و ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بچووک دەکاتەوە. ئازادی ڕاگەیاندنی سنووردار کرد، هەموو ئەو ستون نووسانەی لە دژی حکومەت دەیاننوسی خرانە ژێر چاودێری چڕەوە. [ماددەی ٨]ی دژە تیرۆر بەکاردەهێنرێت بۆ کپکردنەوەی دەنگە پێچەوانەکان، وە [ماددەی ٣٠١] لە یاسای سزادان، ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی 'تورکبوون' بە تاوان دادەنێت.(٦٢) چالاکیە دادوەریەکان بەکارهێنران بۆ سڕینەوەی نەیارە سیاسیەکان. هەروەها ئاکەپە هێرشی کردە سەر دەسەڵاتی دادوەریی، کە بەشێکی زۆری عەلمانی بوون. هەروەها ڕووبەڕووی هەڕەشەی لەشکەریش بووەوە لەژێر بیانووی دیموکراتیکردن و نەهێشتنی حکومەتی قوڵ.

ئەردۆگـان لە ئـابڕوچونێکی گەنـدەڵیـدا تێوەگلا، کە کوڕ و کەســـــە نزیکەکـانی دەورووبەری لێی بەرپرسیار بوون. چوار وەزیری کابینەکەی دە ستیان لەکار کێشایەوە. ئەردۆگان بەگژ هاوڕێ و هاوپەیمانە کۆنەکەیدا، فتح الله گولەن، چووەوە و هەڵمەتێکی دەســـت پێکرد بۆ لابردنی ســـەدان پۆلیس و داواکاری گشـــتی کە لە لێکۆلینەوەکەدا بەژداربوون. ئەنـدامـانی پەرلەمـان داوای زانیـاریـان کرد، بەڵام نکۆڵی لە چوونە نـاو ڕاپۆرتەکانی پۆلیس و تۆمارەکانی دادگا کرا.(٦٣)

کاتێک ئەردۆگان ســەردانی ســۆمای کرد، کە خەراپترین ڕووداوی کانگای کانزایی تیادا ڕوویدا وە بووە هۆی کووشـتنی ٣٠١ کرێکار لە ئایاری ٢٠١٤دا، ئەو بە وتنی، "ئەم ڕووداوانە شـــتگەلێکی ئاســـایین" وە خۆی لە بەرپرســـیاریەتی دزیەوە. ئەو لە لایەن بنەماڵەی قوربانیانەوە گاڵتەی پێکرا و زۆر ناڕەزاییان دەربری، دوای ئەوەی ئەردۆگان ئەم ڕووداوەی دایە پـاڵ ویســـتی خودا و قەزاوقەدەر. ئـاکەپە پەیوەنـدی لەگەڵ کۆمپانیایەکی کانزادا هەبوو. بلۆککردنی پەرلەمان لە لایەن ئاکەپەوە یارمەتیدەر بوو بۆ بەزا ندنی داوا کاریە کانی لە لایەن کرێکارە کانی کانە کانزاییە کانەوە بۆ لێکۆلینەوە لە سەلامەتی کانەکان و دۆخی کارکردن لە ٢٠١٣دا.(٦٤)

ئەردۆگان زۆر خۆی بردە پێشـەوە لەلای دەنگدەران، ئەمەش بەهۆی هێنان و ڕاکێشـانی بڕە پارەیەکی زۆر بۆ ناو ئابووری تورکیا و گەشـــــەســـــەندنی ئەو وڵاتە لەم ڕووەوە. بەرنامەیەکی ٤٠ ملیار دۆلاری بۆ خزمەتگوزاری گشـــتی چەندین پرۆژەی ژێرخانی وڵاتی پێ ئاوەدان کردەوە- تەنیا لە ئەســتەمبۆڵ دە ملیار دۆلار داهاتی فرۆکەخانە بوو، ســێ ملیار دۆلار بۆ خەرجی پردی بۆسفۆرۆس، وە دروستکردنی کەنالێکی چل کیلۆمەتری بۆ بەیەکبەستنەوەی دەریای ڕەش و مەڕمەڕە. لە ساڵی ٢٠١٢دا، ٤,٧ ملیار دۆلار تەنیا لە پرۆژە کانی ئاوەدانکردنەوەی ئەســـــتەمبۆ لدا خەرجکرا. ئەو کۆمپانیا و دەزگا یانەی پشتگیری ئاکەپەیان دەکرد، ئەولەویەت بوون لە بەدەتهێنانی گرێبەستەکانی میریی.(٦٥)

لە جیاتی دانان بە ئازارە ڕەواکانی کورد، تورکەکان لۆمەیان لە تیرۆری پەکەکە دەکرد بۆ هەڕەشـەکردن لە ئاشـتی و پێشـکەوتنەکانی تورکیا. هەندێک لە بەرپرسـانی تورکیا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە چاکسازیەکان یەکێتی سنوورەکانی تورکیا دەخاتە مەترســـیەوە و دەبێتە هۆی لێکترازانی خاکی وڵات. ئەوان گلەییان لە وڵاتانی دەرەوە کرد کە ئاگری ناڕەزاییەکانی کورد بەجۆشـــتر دەکەن و هەوڵدەدەن وڵات دابەش بکەن. پەیوەندیەکانی تورکیا و ئەمریکا دوای داگیرکردنی عێراقی لە ٢٠٠٣دا، گرژی تێکەوت. ســـەرەڕای ئەوەی تورکەکان ئەمریکایان پەســـەند بوو، بەڵام ناڕازیی بوون بەرامبەر بەرزەفڕیی، خۆپەرستی و چەوساندنەوە.(٦٦)

لەجیاتی دۆسـتایەتیەکی سـتراتیژیی ڕاسـتەقینە، پەیوەندی نێوان تورکیا-ئەمریکا بوو بە پەیوەندی بازرگانی. لەجیاتی دۆســـتایەتی و بیری هاوبەشـــی جیهانیی، هەماهەنگیەکان لە سەر بنەمای بەرژەوەندی بنیادنران. بۆچوونی واشنتۆن سەبارەت بە ئەردۆگان بە شـێوەیەکی دراماتیکی بەرەو داکشـان بوو دوای ڕووداوەکەی پارکی گازی. ئەردۆگـان بێ متمـانەیی بەرامبەر ئەمریکـا قوڵترکردەوە بە ئـامـاژەکردن بەوەی کە واشـــنتۆن پشـــتگیری دروســـتکردنی دەوڵەتێکی ســـەربەخۆی کوردســـتانی کردووە بە مەبەستی دابەشکردنی تورکیا.

ئەمریکا نەیدەتوانی وا بەئاسـانی دەسـبەرداری تورکیا بێت چونکە یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کاریگەری زۆری دەبوو لە سەر سیاسەتی بچوککردنەوە و لە ناوبردنی داعش. تورکیا ئەندامێکی باڵای ناتۆیە. هەروەها ســـنورێکی هاوبەشـــی هەیە لەگەڵ ســـوریا و عێراقدا. داعش مەتەلێکی سەیروسەمەرەیە. تورکیا چالاکیەکانی دواخست، یەکەمجار لە مانگی ئابدا هەڵبژاردنەکانی ئەنجامدا و دواتر ئاماژەیدا بە چەلەمەی بارمتە تورکەکان. بەســـەیرکردنی ئەم هەموو ئاماژانە، تورکیا هیچ بەهانەیەکی تری نیە بۆ ڕوونکردنەوە پێچەوانەکانی خۆی.

لە ٨ی ئەیلولی ٢٠١٤دا وەزیری بەرگریی 'چەک هەیگل' لە ئەنقەرە چاوی بە ئەردۆگان کەوت. ئەوان بەدوای چەند ڕێگایەک دەگەڕان کە تورکیا بتوانێت بەژداربێت لە هاوپەیمانەتیە هەمەلایەنەکەی ئۆباما لە دژی داعش بەبێ ئەوەی بە ڕاستەوخۆ لە ئۆپەراسیۆنەکانی جەنگدا ئامادە بێت. بنکەی هێزی ئاسمانیی 'ئەنجەرلیک' لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا چەند خولەکێک لە بەرەکانی جەنگەوە دوورە وە شوێنێکی زۆر ستراتیژییە بۆ بەکارهێنانی ناردنی 'درۆن' وە دابینکردنی سوتەمەنی بۆ فڕۆکە جەنگیەکانی بەریتانیا و ئەمریکا. هەروەها دەتوانرێت ئینجەلیک وەک تەوەرێک بەکاربهێنرێت بۆ ناردنی هاوکاریە مرۆییەکان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. تورکیا داهاتی داعش کەمبکاتەوە بەڕەتکردنەوەی کڕینی نەوتەکەی لە بیرە نەوتەکانی ڕەقە و جەزیرە لە سوریادا، وە بیرەکانی عێراق. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، تورکیا دەتوانێت سنوورەکانی دابخات بۆ ڕێگەگرتن لە پەیوەندیکردنی چەکدارانی نوێ بۆ ناو بەرەکانی جەنگ. تاکە ڕێگای سەرەکی جیهادیە توندڕەوەکان لە هەموو جیهانەوە ئەو ڕێگایە بوو کە بەناو تورکیادا بە سوریا و عێراق دەچێت[١].

ئەردۆگان و داودئۆغلۆ وایانزانی دەتوانن هاوپەیمانەکانیان فراوان بکەن و چەند پردێک لە یەک کاتدا بنیاد بنێن بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تورکیا خۆی نزیک کردەوە لە لایەنگرانی ئیخوان موسلمین لە ناوچەکە و سەرتاسەری جیهان بۆ دەستکەوتنی مەرامێکی سیاسی. بە بۆچوونی ڕۆژئاوایی، تورکیا وەک وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

---

[١] شاری غازی عەنتاب کە من، وەرگێڕ، تیایدا وەک قوتابی نیشتەجێم، بنکەی سەرەکی گواستنەوەی چەکدارانی داعشە بۆ ناو خاکی سوریا و لەوێشەوە بۆ ناو عێراق چونکە تەنیا ٩٠ کیلۆمەتر لە ناوەندی شاری حەلەبەوە دوورە. بەهۆی زۆربوونی ڕێژەی ئاوارەی سوری لەو شارەدا، عەرەب، بە توندڕەوەکانیشەوە، بۆتە پێکهاتەیەکی سەرەکی چەکدارانی داعش و ئاسان نیە هەموو ئەو ئاوارانە بەتەواوی کۆنترۆل بکرێن. چەند هاوڕێیەکی قوتابیم خۆیان گەواهیدەری ئەوە بوون کە چۆن ژمارەیەکی زۆر لە چەکداری ئەو ڕێکخراوە لەناو باڵەخانەیەکی ئەو شارەدا نیشتەجێن و لەلایەن چەند لایەنێکی نادیارەوە ئازوقەیان بۆ دەبردرێت، تا کاتی گونجاو دەگات بۆ ناردنیان بۆ بەرەکانی جەنگ لە سوریا و لەوێشەوە بۆ عێراق. (وەرگێڕ)

به بۆچوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، تورکیا بەدڵنیاییەوە ڕۆژئاواییە. زۆربەی عەرەبەکان تورکەکان بە نوشستەبووی ڕۆژئاوایی دەبینن.

هەروەها تورکیا لە بایەخی دوژمنداریی و ڕقلێبوونەوەی عەرەب و تورکەکانی کەمکردەوە. لە سەدەی شانزەمدا، خەلافەتی عوسمانی بە زەبری هێز لە قاهیرەوە گواسترایەوە بۆ ئیستەمبۆڵ. ئەم دزینەی خەلافەت پەیوەندی بە دەسەڵاتی سیاسیەوە هەبوو، نەک دڵسۆزیی ئایینی. عەرەب لە ئیمپرالیزمی عوسمانی بێزاربوون. محەمەد وەهاب ڕەخنەی لە کاریگەریەکانی گرت لە سەر ئیسلام کە قورئانی شێواندووە بە بیری عوسمانیزمەوە. لە سەدەی هەژدەدا، عوسمانیەکان هەزاران شیعەیان کوشت لە کەربەلا وە سوپای عوسمانیەکانی لە مەدینە وەدەرنا. شۆڕشی ١٩١٦ی عەرەب لە لایەن هێزە عوسمانیەکانەوە بە شێوەیەکی دڕندانە کپکرایەوە.

کۆتایی ئیمپراتۆریای عوسمانی موژدەیەکی تراژیدی بوو بۆ تورکەکان. ئەو ئیمپراتۆریایە زلهێزە قەبارەی زۆر بچووک بووەوە و ملیۆنان تورک کوژران یان ڕاگوێزران. ڕوخانی ئیمپراتۆریای لە بەلقانەوە تا دەریای ڕەش، وە بیابانەکانی عەرەب کاریگەری لە سەر تورک هەبوو. زەبوونی عوسمانیەکان لەکاتی واژۆکردنی پەیمانی سیڤەر زیاتر بوو. تورک هەستی کرد ئەوان بە دوژمنی دەرەکی و ناوخۆییەوە دەورە دراون.(٦٧) کارێزماکەی ئەردۆگان یارمەتی تورکەکانیدا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ناڕەحەتیانەدا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ئیمپراتۆریای عوسمانی.

## سعودیە

مەلیک عبداللەی کوڕی عبدالعزیز خۆی بە ڕێبەری جیهانی سوننە دەبینێت. سعودیە، بە سـامانە نەوتیە زۆرەکەیەوە، دەتوانێت پشـتگیری سـەرکردایەتیەکەی بکات. گەورەترین پشـــتیوانی حکومەتی نوێی میســـرە کە ئیخوان موســـلمینی لە یاســـادەرچوو داناوە. هەروەها سعودیە پشتگیری ئەو چەکدارە سوننانەشی کرد کە جەنگی ناوخۆیی سوریادا بەژدارن. پشـــتیوانی ئابووریی بە واتای دڵســـۆزیی نەدەهات. شـــەڕکەرە ئیســـلامیەکان پارەکەیان وەرگرت لەوکاتەی بنەماڵەی مەلەکی ســـــعودیان تاوانبار کرد بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوادا.

ئەمریکا، سعودیە و ئێران هاوپەیمان و دۆستی هەرێمی بوون تا لەناوچوونی شا لە ١٩٧٩دا. لەوکاتەی سعودیە بەردەوامیدا بە هەماهەنگی نزیک لەگەڵ واشنتۆن لە بواری وزە و ئاسـاییشـدا، ئێران بوو بە نەیاری ئەمریکا. بە پشـتیوانیەکانی سـعودیە، ئەمریکا سـوودی لە ئاسـاییش و وزە بینی. سـعودیە گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی جیهانە و سەرۆکی (ڕێکخراوی ئۆپێک)یشە.

لەســـاڵی ١٩٧٩وە، ســـعودیە و ئێران ململانێ دەکەن بۆ ســـەپاندنی قەڵەمڕەوی خۆیان لە کەنداوی فارس، کە عێراق شـــــانۆی ڕووداوە ڕکابەرەیە هەرێمایەتیەکانێتی. ســـــعودیە ٣٠ ملیار دۆلاری بەخشـــــیە عێراق لە جەنگەکەی لەگەڵ ئێراندا. عێراق بە مەیدانی جەنگ مایەوە لە نێوان نوێنەرانی ئێران و عێراق دوای ڕوخانی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣دا. سـعودیە لایەنگیری موسـڵمانە سـوننەکانی سـوریا و لوبنانی کرد. بنەماڵەی شـــاهانەی ســـعودیە شـــانشـــینەکەی بە دەســـەڵات و بەرگریکاری پیرۆزترین شـــوێنە ئایینیەکانی موسڵمانان لە مەککە و مەدینە دەبینی.

بەهاری عەرەبی سـاڵی ٢٠١٢، زۆر بە قوڵی کێشـەی بۆ سـعودیە دروسـتکرد. ڕیاز وەک پاڵەوان و ســـەرچاوەی ســـەقامگیری ناوچەکە بوو. وە نیگەران بوو ســـەبارەت بە

هاوکاری ئەمریکا بۆ شـــەڕڤانان لە تونس، لیبیا، وە میســـردا، بە شـــێوەیەکی ئاشـــکرا ڕەخنەی لە ئیدارەی ئۆباما گرت بۆ لە سەرکارلادانی حوسنی موبارەک. سوپای سعودیە بەهۆی ســـــەقامگیرکردنی ڕژێم لە بەحرێن کاتێک چالاکوانانی لایەنگیری دیموکراتی و ئەندامانی کەمینە شـــیعەکان شـــۆڕشـــیان بەرپاکرد. ســـعودیە یەکەم وڵات بوو کە باڵیۆزخانەکەی لە سوریا کشاندەوە، کاتێک جەنگی ناوەخۆ لە ٢٠١٢دا روویدا. هەروەها ســـعودیە پشـــتگیری ئەو لایەنانەشـــی کرد کە کاریگەری حزب الله لە لوبنان کەم دەکەنەوە.(٦٨) حکومەتی ســـعودیە، بنەماڵەی شـــاهانە، وە خاوەنکارە دەوڵەمەندە وەهابیەکان گوایە پارەیان بە داعش و گروپە ڕادیکالە ســـوننەکان لە عێراق و ســـوریا داوە. ئەم ڕێکخراوانە وەک ڕاگرتنی هاوسەنگی بۆ ئێران دەبینران. ڕیاز لەوە دەترسێت کە ئارەزووە جیۆپۆلەتیکیەکان لە دژی بووەستنەوە. ئەم مەیلانە بە شێوەیەکی نادیار هەڕەشەن بۆ سەر پێگەی هەرێمیی سعودیە و ئاسایشی ناوخۆی شانشینەکە.

سپۆنسەریکردنی داعش و گروپە چەکدارە سوننەکای تر لەجێی خۆیدا بوو چونکە ئەوان شـــەری ڕژێمی ئەســـەدیان دەکرد، کە لە لایەن ئێرانەوە پشـــتیوانی دەکرا. هەرچۆنێک بێت، نیگەرانیەکانی سعودیە زیادبوون بەوەی کە ڕەنگە سوننە توندڕەوەکان بەرەنگاری بنەماڵەی شانشینی ببنەوە یان پێگەی سعودیە وەک سەرکردایەتی جیهانی سوننە لاواز بکەن. موفتی باڵای سعودیە، شێخ عبدالعزیز الاشیخ، لە ٩ی ئابی ٢٠١٤دا فەتوایەکی دەرکرد کە دەوڵەتی ئیسلامی و قاعیدە بە لە دین هەڵگەڕاو (المرتد) وەسف کرد و داوای لە موســـڵمانان کرد دژی ڕێبازە توندە ســـەلەفیەکەیان بوەســـتنەوە.(٦٩) سعودیە چەند مۆڵگەیەکی پێشکەش کرد بۆ مەشقپێدانی ئۆپۆزسیۆنی میانڕەوی سوری.

لە وەڵامی بەرەنگاربونەوەکانی چەکداریی ســوننی، ســعودیە ١٠٠ ملیۆن دۆلاری بە ناوەندی دژە تیرۆری نەتەوە یەکگرتوەکان بەخشـــی. ئەم ناوەندە ئامانجی بریتی بوو لە بنیادنانی توانابیەکی دەســـتە جەمعی بۆ شـــەڕکردن لە دژی تیرۆریزم بە کردنە ئامانجی

پارەدارکردن و هەڵمەتی کۆکردنەوەی زانیاری لە گروپە تیرۆریستیەکان. ئەمانە هەمان ئەو گروپانە بوون کە سعودیە یارمەتیدان لە دروستکردنیان. هەروەها سعودیە بەڵێنی ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ یارمەتیدانی عێراقیە ڕاگوێزراوەکاندا بەبێ گوێ دانە تایەفە و شوناسیان.(٧٠) ژمارەیەکی زۆری سوری و ڕاگوێزراوانی عێراقی پەناگەیان لە کوردستانی عێراق دۆزیەوە. بەخشینە مرۆییەکانی سعودیە وتارێک بوو بۆ پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە هەردووکیان لە دژی چەکدارە سوننەکان و کاریگەریەکانی ئێرانن بۆ سەر بەغدا. هەروەها سعودیە بەدیلێکی بۆ تورکیا پێشکەش کرد، کە بەهۆیەوە کورد پشت بە دەرجەی نێودەوڵەتی دەبەستێتەوە.[1]

---

[1] لە چوارچێوەی سەردانێکی فەرمیدا بۆ وڵاتانی کەنداو، بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەشتێکی سەرکەوتووی بۆ میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی و عەرەبستانی سعودیە ئەنجامدا و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەردوو وڵات کۆبووەوە. لە چەندین دیداردا، پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات لەگەڵ هەرێمی کوردستان دووپاتی لەسەر کرایەوە و ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستانیش لە شەڕی دژی تیرۆریستان بەرز نرخێندرا. ئەم سەردانەی سەرۆکی هەرێم، لە ٢٨ی تشرینی دووەم / نۆڤەمبەر بەرەو میرنیشینی یەکگرتووی عەرەبی دەستیپێکرد و لە شاری ئەبو زەبی لەگەڵ شێخ محەمەد بن زاید ئال نهیان جێنشینی ئەبوزەبی و جێگری فەرماندەیی باڵای هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیمارات کۆبووەوە. لە دیدارەکەدا باس لە پێشڤەچوون و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەدژی تیرۆریستانی داعش کرا و هەروەها بیروڕا لەبارەی ڕێگەکانی ڕووبەڕووبوونەوە و ڕیشەکێشکردنی تیرۆر لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا ئاڵوگۆڕ کرا. هەر لەم دیدارەدا دوا پەرەسەندنە سیاسییەکانی ناوچەکە وجیهان خرانە بەر باس و پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی تاوتوێ کرا و جەخت لە فراوانترکردنی پەیوەندی و دۆستایەتیی نێوان هەر دوولا کرایەوە.

لە دووەمین وێستگەی ئەو سەردانەشیدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری ڕۆژی ٣٠ ی تشرینی دووەم / نۆڤەمبەر بەرەو عەربستانی سعودیا بەڕێکەوتن و لە شاری ریازی پایتەخت لە ١ی کانوونی یەکەم / دیسەمبەر لەگەڵ شا سەلمان عەبدولعەزیز پاشای عەرەبستانی سعودی کۆبووەوە. لەم دیدارەدا کە ئەمیر محەمەد بن نایف بن عەبدولعەزیز جێنشینی یەکەم و ژمارەیەکی زۆری بەرپرس و کاربەدەستی باڵای

## ئوردن

**داعش نەمان و مەرگی سـایکس-پیکۆی و خەلافەتی لە عێراق و شـامدا ڕاگەیاند، شـام زاراوەیەکی عەرەبیە کە وڵاتەکانی عێراق، سـوریا، ئوردن، لوبنان و فەلەسـتین لەخۆ**

---

ئەم وڵاتە ئامادە بوون، شای سعودیە بەگەرمی بەخێرهاتنی سەرۆک بارزانی کرد و خۆشحاڵیی خۆیشی بۆ سـەردانی سـەرۆک بارزانی بۆ سـعودیە نیشـان دا و جەختی لە گرنگی و بەردەوامیی سـەردانەکان و فراوانترکردنی ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کردەوە. هەر لە چوارچێوەی ئەم دیدارەدا شای سعودیە نیوەڕۆخوانێکی بۆ سـەرۆک بارزانی سـاز کرد و زۆربەی سـەرکردە باڵا سـیاسـی و ئیداری و سـەربازییەکانی سعودیە ئامادەی ئەو نێوەڕۆخوانە بوون. هەر هەمان ڕۆژ، سەرۆک بارزانی و شای سعودیە بە ئامادەبوونی جێنشینی یەکەم و دووەمی سعوودیە و وەزیرانی دەرەوە و بەرگریی و وەزیر و بەرپرسەکانی تری حکوومەتی سعودیە بە شداری کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بوون کە تێیدا بارودۆخی سیا سی و ئەمنی عێراق و ناوچەکە و هەروەها هەرێمی کورد ستان خرایە بەر باس و گفتوگۆ و بیروڕایش لەبارەی چارە سەری قەیرانەکانی ناوچەکە و عێراق و شەڕی دژی تیرۆر ئاڵوگۆڕ کرا.

دواتر سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ محەمەد بن سەلمان بن عەبدولعەزیز جێنشینی دووەم و جێگری دووەمی سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگریی شانشینی سعوودیە کۆبووەوە. لە دیدارەکەدا کە عادل ئەلجوبەیر وەزیری دەرەوە و خالد ئەلحەمیدان سەرۆکی دەزگەی هەواڵگریی گشتیی شانشینی سعودیە و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی باڵای ئەم وڵاتە ئامادەبوون، جێنشینی دووەم خۆشحاڵی خۆی بە سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ شـانشـینی سـعودیە نیشـاندا و پیرۆزبایی سـەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتانی لە سەرۆک بارزانی کرد و ڕۆڵی سەرۆک بارزانی و هەرێمی کوردستانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و شکستدانی تیرۆریستان بەرز نرخاند. هەروەها جەختیشی لە ڕاسپاردەی جەلالەتی شای سعوودیە کردەوە لە بەردەوامی و فراوانکردنی ئەو پەیوەندییە مێژووییانەی کە لەنێوان هەرێمی کوردسـتان و شـانشـینی سـعودیەدا هەن.بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٢ی کانوونی یەکەم / دیسەمبەر کۆتاریی بە سەردانەکەی بۆ وڵاتانی کەنداو هێناو گەیشتەوە هەولێر.

سەرچاوە: (http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=010000&l=13&a=53988)

دەگرێت. داعش بانگەوازیی چەکداریی لە ئوردن ڕاگەیاند و لقێکی نافەرمی ڕێکخراوەکەی لە عەممانی پایتەخت کردەوە.(٧١) کاتێک داعش دەرچە سـنووریەکانی تریبەلی گرت، ئوردن سـوپا و دەزگا هەواڵگریەکانی جولاند بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی هەر هێرشـێک. هەروەها ئەو وڵاتە گەشتکردنی بۆ ئەو کەسانە قەدەغەکرد کە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦ و ١٩٩٦دا لە دایک ببوون، داوای ناسنامەیەکی خزمەتی سەربازیی یاسایی دەکرد. مەلیک عبداللەی دووەم کوڕی ئال حسێن دە سەڵاتەکانی لە شکریی و بە شی هەواڵگریی گشتی لە ئەستۆ بوو، ئەو ئوردنی لە دەستوورێکی شاهانەوە بۆ سەرۆکایەتی شاهانە گۆڕی.

ئایدۆلۆژیە توندڕەوەکانی ئوردن زیاتر پەرەی سـەند بەهۆی ئەو چەوسـاندنەوە و نـاڕەحەتیـانەی کە لە بێکـاری و خەرجی گرانی گوزەرانی ژیـان هـاتبوونە کـایەوە. ژمارەیەکی زۆر لە ئوردنیەکان هەستیان بە دەرکراو و فەرامۆشکراو لە لایەن حکومەتەوە کرد. ئەوان هاوسۆز بوون بۆ داعش و ئیسلامیزمیان پە سەند بوو وە دەرمانێکی با شی ئەو ژەهرە بوو کە چەندین ساڵ بوو لە لاشەیاندا تەشەنەی دەکرد. ئوردنیەکان تەنیا لە جەنگی ناوخۆی سـوریادا بەژدار نەبوون، بەڵکو هاوکاریی نزیکەی یەک ملیۆ سـورییان کرد بۆ نیشتەجێ بوون لە وڵاتەکەیاندا.

ئوردن نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی فەلەستینی تیایە، کە دەکاتە نیوەی دانیشتوانی ڕەسـەنی ئەو وڵاتە. ئوردن لە ژێر فشـاری توندڕەوەکاندایە. لە شـارۆچکەی 'زەرقان'ی نزیک عەممان ژمارەیەکی بەرچاوی ئەندامانی قاعیدە چالاکی ئەنجام دەدەن. ئەبو موسعەب زەرقاوی، خەڵکی زەرقا، ڕێکخراوی (التوحید و الجیهاد)ی لە ساڵی نەوەدەکان دامەزراند- وەک بەشێکی القاعیدە، بەوە ناسراو بوو کە گرتە ڤیدیۆی کردە خۆکوژیەکانی سوپای ئەمریکایان دەگرت لە عێراق. ئەو پابەند بوو بە ڕوخاندنی ئیسرائیل وە لە سەر دەسـەڵات لادانی ڕژێمەکانی وەک شـانشـینی هاشـمیەی ئوردن، کە لەگەڵ ئیسـرائیل

ئاشـتی ئەنجام دابوو. سـەلەفیەت لە ئوردن نوێنەرایەتی پێنجەم کۆلەکەی وڵات دەکات کە ڕەنگە ڕاپەڕین ئەنجام بدەن ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی داگیری کرد.

مەلیک عبدالله وەک هەڕەشەیەکی گەورە دەڕوانێتە داعش. ئوردن بەربەستێکە بۆ سعودیە لە باشـوورەوە و ئیسـرائیل لە ڕۆژئاواوە. ئەو پێداگر بوو لە سـەر وەڵامی توند بۆ داعش لە عێراق و سوریادا، سەرەڕای توندڕەوەکانی ناوچەکە.

## ئێران

ململانێ مێژووییەکی عێراق و ئێران لە جەنگی (١٩٨٠-٨٨) گەیشـــتە لوتکە. ئەمڕۆ، گەورەترین ئامانجی ئێران ئەوەیە نەهێڵێت تیرۆریســتە ســوننەکان عێراق داگیر بکەن. کاتێک موسڵ لە لایەن داعشەوە دەستی بەسەردا گیرا، جەنەڕاڵ قاسم سولەیمانی بە پەلە خۆی گەیاندە بەغدا بۆ ئامۆژگاریکردنی حکومەتی عێراق. یەک ڕۆژ دوای گەیشتنی سـولەیمانی بۆ بەغدا، سـیسـتانی فەتوایەکی دەرکرد کە تیایدا داوای لە شـیعەکان کرد بەرگریی لە عێراق بکەن. "ئەو کەسـەی کە بۆ دۆزی بەرگریکردن لە وڵات و بنەماڵەکەی و شەرەفی، گیانی خۆی ببەخشێت، پلەی شەهیدیی پێ دەبڕێت". حکومەت ئامادە بوو چەک بداتە هەر هاوڵاتیەک کە بیەوێت شـــەڕ بکات.(٧٢) هەزاران خۆبەخش لە مەزارگەی ئیمام عەلی لە نەجەف دەرکەوتن. ئەوان پێکهاتبوون لەو جەنگاوەرە بە ئەزموونانەی کە بەژدارییان لە جەنگی تایەفەگەریی عێراقدا کردبوو.(٧٣) سولەیمانی پلانی داڕشت بۆ ئەوەی ئەم میلیشـیایە بخاتە سـەر یەکەکانی سـوپا بۆ بەهێزکردن و چارەسـەرکردنی هێزی تـاکەکەســـیـان.(٧٤) ئەو ڕوونی کردەوە کە ئێران هـاوکـاری عێراق دەکـات لە بەکارهێنانی هەمان ڕێگاکانی بڵاوکردنەوەی سەرباز دژی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوننی لە سوریادا.

موقتەدا سەدر بانگەشەکەی سیستانی ڕەتکردەوە. ئەو ڕەتیکردەوە سوپای مەهدی بکاتە پاشـکۆی دەوڵەتی عێراق. سـەدر سـوربوو لە سـەر ئەوەی کە سـوپای مەهدی هێزێکی تایبەت بە شیعەیە، سەر بە هیچ پێکهاتەیەکی سەربازیی نیە. خۆبەخشەکانی خوێن گەرم و پەرۆش بوون، بەڵام هیچ ئەزمونێکی جەنگییـان نەبوو. بەپێچەوانەوە، ســـوپای مەهدی جەنگاوەری تاقیکراوەی لە جەنگدا تێدابوو کە بەرەنگاری ســـوپای ئەمریکا لە شــاری ســەدر و ڕووبەڕووبوونەوەی میلیشــیا شــیعەکان ببونەوە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠٠٨). ڕەتکردنەوەی سـەدر بۆ پێدانی هێزەکانی بۆ بەرژەوەندی مالیکی

ناتەبایی لە نێوان هێڵەکانی شیعەی دەرخست. باڵ باڵینی لە نێوخۆدا ململانێی دروست کرد. جیاکاریی زیاتر لە نرخی دەوڵەتی عێراقی کەمکردەوە و زیاتر بووە بارگرانی بەسەر یەکگرتنەوەی دەوڵەتی عێراق.

بە پشتگیریکرانی لە لایەن هێزەکانی قودسەوە، میلیشیا شیعەکان سوێندیان خوارد بەرگری لە مەزارگەکان بکەن لە سامەرا، کەربەلا، وە نەجەف. کەربەلا شاری جەنگە گەورەکەیە کە تیایدا حسێن، نەوەی پێغەمبەر موحەمەد، خیانەتی لێکرا و لە لایەن سوننەوە کوژرا. ئامۆزای پێغەمبەر لە مەزارگەی ئیمام عەلی لە نەجەف نێژراوە. مزگەوتی 'قوبەی زیرینی عەسکەری' لە سامەرا شوێنی ناشتنی دوو لە ئیمامە دیارەکانی شیعەیە. پاراستنی ئەم مەزارگانە ئەرکێکی پیرۆز بوو بۆ شیعەکان. شەڕی تایەفەگەری عێراق لە ٢٠٠٦دا دەستی پێکرد کاتێک شەڕکەرە سوننەکان بەشێک لە قوبەی زێڕینیان ڕوخاند.

ئێران زۆر بە قوڵی متمانەی بە ویلایەتە یەکگرتووەکان نەبوو. بەڕەنگدانەوەی بیری قوربانیدان، سەرکردەی ڕۆحی ئایەتولا خومەینی پێداگری کرد: "ئەمریکیەکان هەوڵدەدەن سەقامگیری و یەکگرتوویی سنووری عێراق کەمبکەنەوە، کە تیایدا پاشماوەکانی ڕژێمی سەدام حسێن وەک سیخوڕی خۆی بەکاردەهێنێت وە ئەوانەی پێشووتر لە دەرەوەی تۆڕی دەسەڵاتی بوون وەک سەربازیی شەترەنج مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت". ئەو باوەڕی وایە کە قاعیدە، تالیبان و داعش دروستکراوی ئەمریکان وەک ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز بەرامبەر ئێران. ئەفسەرێکی هێزەکانی گاردی شۆڕشی ئیسلامی دووپاتی کردەوە، "ململانێی داعش پیلانێکی ئەمریکی و زایۆنیستیە بۆ هەڵگەڕاندنەوەی ئاگاداربوونەوەی ئیسلامی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. ناوەندەکانی بڕیاری چەکدارانی داعش لە کۆشکی سپی و سعودیەن".(٧٥)

کێشـــــەی عێراق دەرفەتێک بوو بۆ ئاشـــــتبوونەوەی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا. بێ متمانەیەکەی تەهران نەبووە ڕێگر لە بەردەم هەماهەنگی ئۆپەراســـــیۆنەکانی مەیدانی جەنگ لەگەڵ ئەمریکا لە ڕێگای حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردســـــتانەوە. ئێران و ئەمریکا لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشدا بەژداربوون بۆ شکاندنی ئابڵوقەی سەر ئامرلی، کۆمەڵگایەکی شیعی تورکمانن کە لە پانزە هەزار هاوڵاتی پێک دێت لە باکووری بەغدا. ئامرلی لە لایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیســـلامیەوە دەورەدرابوو. میلیشـــیا شـــیعەکان پەیوەندییان بە پێشـــمەرگە و هێزەکانی ســـوپای عێراق دەکرد بۆ شـــکاندنی هێڵەکانی داعش لە کۆتاییەکانی ئابی ســـــاڵی ٢٠١٤دا. ڕاوێژکارە ســـــەربازییەکانی ئێران لە مەیدانەکانی جەنگدا بوون بۆ کارکردن لەگەڵ (ابل الحق)، کە گروپێکی سەربازیی سەر بە میلیشیای سەدر بوو. هەردوو وڵاتی ئەمریکا و ئێران هەماهەنگیان ڕەتکردەوە، بەڵام بەیەک گەیشـــتنەوەیەکی ئاشـــکرا هەبوو لە بەرژەوەندی هاوبەش لە ئامرلی و جەنگی فراوانی دژ بە داعش.

داعش بە شێوەیەکی باش دەیتوانی ئەو ڕێڕەوە دابخات ئەگەر لەژێر دەستی خۆیدا ســـــنوورەکەی فراوان بکات. عێراق مەیدانی جەنگی جیۆپۆلەتیکیەکانە. لەو کاتەی ئیمارەتە دەوڵەمەندەکان ســـپۆنســـەری چەکدارە تیرۆرســـتیە ســـوننەکان دەکەن، ئێران پشـــتیوانی ئەســـەد دەکات لە دیمەشـــق و ســـەرۆک وەزیرانی شـــیعەی بەغدا وەک پارســـەنگێک بۆ کاریگەریەکانی ســـعودیە. هەروەها تەهران لەگەڵ کاریگەریی تورکیادا ڕکابەری دەکرد، ئەو وڵاتە ئارەزووەکانی تورکیای عوسمانیەتی نوێ و نزیکبوونەوەکانی لەگەڵ کوردســـتانی عێراق بێزار بوو. هەماهەنگی لەگەڵ تورکیادا، کوردســـتانی عێراقی بەرەو لای ڕۆژئاوا گواســـتەوە، ئەمەش وا لە کوردە عێراقیەکان دەکات کەمتر پشـــت بە ئێران ببەســـتن. کاتێک چەکدارانی داعش بەرەو هەولێر پێشـــڕەوییان کرد، ئێران یەکەم وڵات بوو لە ناردنی چەک بۆ کورد.

ســــەرۆک وەزیران حەیدەر عەبادی لە  هەمان پارتی مالیکی بوو، پارتی دەعوەی ئیســلامی. داواکەی مالیکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەســتبەکاربوونی عەبادی لەو کاتەدا نەما کە ئێران پشــتگیریەکەی کشــاندەوە. تەهران دەیزانی لە داهاتوودا چی ڕوودەدات. پشتگیریەکەی بۆ مالیکی گۆڕی لەو کاتەی دە سەڵاتەکەی یەکلایی بووەوە. عەبادی ئەو پۆســــتەی پێنەدەدرا ئەگەر ئێران دڵنیـا نەبوایە لە هـاوکـاریەکەی. ئێران پێگەیەکی ئاشــکرای نیە لە ســەر ســەربەخۆیی کوردســتانی عێراق. لە هەردوو لاوە ڕۆلی دەگێڕا، کارکردن لەگەڵ بەغدا و هەماهەنگی کردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئێران نیگەرانی ئەوەیە کە پێشــــکەوتنەکان لە کوردســــتانی عێراقدا ببنە هۆی نائارامی لە نێو کوردەکانی ئێراندا. نزیکەی دە ملیۆن کورد لەو دیوی ســنووری ئێران-عێراقدا لە کوردستانی ئێران و کرمانشاندا دەژین. پژاک خەباتی دەکرد بۆ جێگرتنەوەی دیکتاتۆریەتی ئێران بە حکومەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی.

# لوبنان

ڕێککەوتنی ٢٠١٠ی هەولێر لە ســـەر مۆدێلی پەیمانی تائف بەســـترا کە بووە هۆی کۆتایی هێنان بە جەنگی درێژخایەنی ناوخۆیی لوبنان. ئەم پەیمانە، وە بە پەیمانی ئاشـــتەوایی نیشـــتیمانیش ناســـراوە، بەرپرســـیاریەتی حوکمڕانی تەرخانکرد بۆ تایەفە جیاوازەکان و ڕێکخستنی دەسەڵات و بەخشینی بە زۆرینەی موسڵمانانی لوبنان. وەک هێزە بیانیەکان لە ســەر خاکی ســنووری لوبنانی، پەیمانی تائف خشــتەیەکی زەمەنی دیاریکرد بۆ کشـــانەوەی ســـوریەکان لە دۆڵی (بەقعە) وە داوای کشـــانەوەی ســـوپای ئیسرائیلی کرد لە باشووری لوبنان.

هاوبەشـی لە دەسـەڵاتدا بنەمای کۆتایی هاتنی جەنگی ناوخۆ و گەڕانەوەی دۆخی ســـروشـــتی بوو لە لوبناندا.(٧٦) هەرچۆنێک بێت، ســـەقامگیری لوبنان لە لایەن گروپە تایەفەگەریەکانەوە بەرەنگاری کرایەوە کە وەک بریکاری بەرژەوەندیەکانی ســـــعودیە و ئێران و وڵاتانی نێودەوڵەتی کاریان دەکرد. هەمان ئەو دوو دەوڵەتە لە ســـــوریاش بەم شێوەیە لە ڕکابەریدا بوون. هاوپەیمانیەتی ١٤ ئازار، کە لە لایەن سعودیە و پشتیوانانی کرا، بووە هۆی هاندەری سەرەکی بەژداریکردنی سوننە، لەکاتێکدا هاوپەیمانی ٨ی ئازار کە لە لایەن ئێرانەوە پشـــتیوانی دەکرا، هاوکاری دیمەشـــقی کرد. ململانێکە لە ســـوریا بووە هۆی تەنگژە لە لوبناندا، بەجەمسەرگرتنی سیاسەتی لوبنان، نائارامی و یاخیبوونی تایەفەگەریی.

(حزب الله)ش هاتە ناو ئاژاوەکەوە. لە ئایاری ٢٠١٣دا، نوخبەی شـــەڕکەرانی حزب الله بەژداریەکی یاخیگەرانەیان کرد لە پارێزگای "حمس". ئەوان ڕێڕەوی 'قوســـــەیر'یان ئازادکرد، ئەو ڕێگایەی کە لە دیمەشق دەچووە لوبنان. جەنگی قوسەیر لە بەرژەوەندی ئەسەد کۆتایی هات. حزب الله و ئەمریکا خۆیان لە هەمان بەرەی دژ بە داعش بینیەوە.

له ســـەر کارلادانی ئەســـەد باڵانســـی هێز زەرەری ئێران دەگۆڕێت. لەوکاتەی زۆربەی شیعەکان پشتیوانی رووبەڕووبونەوەی سوننەیان کرد لە دژی شۆڕشگێڕە سوننەکان، هەندێک ئەو ڕۆڵەی (حزب الله)یان لە جەنگی ناوخۆیی ســـــوریادا بە دورکەوتنەوە لە ئامانجە ســەرەکیەکەی بینی کە لەبنەڕەتدا بۆ شــکاندن و ڕوخاندنی ئیســرائیل دروســت بووە.

لوبنان بوو بە شوێنی حەوانەوەی ئەو سوریانەی لەو جەنگە خوێناویە ڕایاندەکرد. نزیکەی ٢ ,١ ملیۆن ئاوارەی سوری لە لوبناندا هەن، کە توانیەویەتی شوێنەی حەوانەوە زیاتر لە هەر وڵاتێکی تر دابین بکات. پێش جەنگی ســـــوریا، کۆی گشـــــتی ژمارەی دانیشـــتوانی لوبنان ٥ ,٤ ملیۆن کەس بوو، بە (٤٥٠,٠٠٠) ئاوارەی فەلەســـتینیشـــەوە. لوبنان دەوڵەتێکی بێ هێزە. لوبنانیەکان لەوە دەترسن کە باری ئاساییشی ناوچەکە بە هەموو لایەکدا تەشەنە بکات، توندوتیژی بڵاوببێتەوە و ببێتە هۆی لێکترازانی لوبنان.

لە ٤ی ئابدا، داعش شــارۆچکەی لوبنانی 'ئارســال'ی لە دۆڵی بەقعەدا گرت. دوای زیاتر لە سێ ڕۆژ لە پێکدادان، چواردە سەرباز کوژران، هەشتا و چوار بریندار وە بیست و دوو کەســیشــیان لە لایەن داعشـــەوە دەســـتگیرکران. بەلایەنی کەمەوە یەک لوبنانی سەری پەڕێنرا. جەنگ تەشەنەی کرد بە دەستگیرکردنی عیماد ئەحمەد جومعە، ئەمیری ناوخۆیی و فەرماندەی کۆمەڵەی چەکداریی ئیســـــلامی ســـــوری.(٧٧) جەنەراڵ جیان قەهوەجی، ســـــەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی لوبنان، دووپاتیکردەوە کە ئامانج لە هێرشـــــەکە بریتی بووە لە نوێ کردنەوەی ناکۆکی تایەفەگەریی لە لوبناندا. لە وەڵامدا، سعودیە یەک ملیار دۆلاری بۆ پاراستنی هێزە چەکدارەکانی لوبنان بەخشی.

# ئیسرائیل

ئیســـــرائیل و کوردســـــتانی عێراق بەرژەوەندی هاوبەشـــیان هەیە. داعش بۆ هەردوولا هەڕەشەیە. ئیسرائیل وەک قەڵایەک لە دژی ئیسلامی توندڕەو، پشتگیری کوردی عێراق دەکات. ســـەرەڕای ئەمەش، کورد تاکە لایەنە کە بتوانێت بەرەنگاری چەکدارانی داعش ببێتەوە. داعش بەرزاییەکـانی جۆلان و ســـنووری نێوان عێراق و ئوردنی گرت. هەردووکیان ئامادەبوون بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل. ئیسرائیل چەندین هەنگاوینا بۆ بەرەنگـاربوونەوەی داعش بە بەســـتنی پەیوەنـدی نهێنی لەگەڵ لایەنە میـانڕەوە شــۆرشــگێڕەکانی ســوریدا. هەروەها لەگەڵ دەوڵەتە میانڕەوەکانی عەرەبی یەک دۆزی هاوبەشـیان هەبوو کە دەترسـان لە شـەپۆلی ئیسـلامی توندڕەو. لە ڕاسـتیدا سـعودیە بێدەنگ بوو لەکاتی بەرەنگاربوونەوەکەی ئیسرائیل لەگەڵ حەماس لە ٢٠١٤دا. وڵاتەکانی تری عەرەب- میسر، ئوردن، وە ئیمارات- هاوسۆزیی بێدەنگیان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە. ئەوان ئیسـلامی توندڕەو وەک پێشـرەوی هەوڵەکانی ئیسـلامی دەبینن بۆ ناسـەقامگیری ناوچەکە.

ئیســـرائیل و وڵاتە عەرەبیەکان هاوبەشـــن لە متمانە نەبوون بە ئێران. ســـەرۆک وەزیران بنیامین نەتانیاهۆ قەناعەتی وایە کە ئامانجی ســەرەکی بەرنامەی ناوەکی ئێران بریتییە لە پەرەپێـدانی بۆمبی ئەتۆمی. پەرەپێـدانی چەکی ئەتۆمی هەڕەشـــیەکی مەترسیدارە بۆ سەر مانەوەی ئیسرائیل. لەکاتێکدا بەدرێژایی مێژوو ئیسرائیل پشتی بە ئەمریکا بەســـتبوو، نەتانیاهۆ وریا بوو لە نیازەکانی ئۆباما بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ دوژمنەکان و فاکتەرە ســـەرەکیەکانی وەلا بنێت. ئەو لەوە دەترســـا کە ئەمریکا لە وڵاتێکی ناوچەیی دەگەڕا بۆ پڕکردنەوەی بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ ئێران.

لە لێدوانەکانی ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا، نەتانیاهۆ رازی بوو لە سەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بە ئاماژەدان بەوەی کە عێراق ڕوخاوە. بەگوێرەی وتەکانی نەتانیاهۆ، کوردەکان، "خەڵکی خەباتکەرن و سەلماندویانە کە پابەند بە بنەماکانی دیموکراسیەوە،

وە شایانی سەربەخۆیین". سەرۆکی ئیسرائیل، شیمۆن پیریز، بە ئۆبامای وت، "کورد خاوەنی حکومەتێکی دیفاکتۆی خۆیان دروست کردووە، کە ئەمەش شتێکی دیموکراسییە". بەگوێرەی بۆچونی وەزیری دەرەوە، ئەڤیدگۆر لیبەرمان، "دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی ئەنجامەکەی دیارە و دەزانرێت کە هەر دروست دەبێت".(٧٨) سەرۆک شیمۆن پێرێز ڕایگەیاند، "ئەرکی سەرشانی ئێمەیە بەپشتگیری کردنی هەوڵەکانی نێودەوڵەتی بۆ بەهێزکردنی ئوردن و پشتیگیری ویستە قوڵەکەی سەربەخۆیی کورد".(٧٩)

نزیکەی دوو سەد هەزار جوولەکەی بە ڕەسەن کورد لە ئیسرائیلدا دەژین.(٨٠) ئەوان دەستەیەکی گرنگ لە پشتیوانی کردنی بەرژەوەندیەکانی کورد پێک دەهێنن. هەردوو ئیسرائیل و کوردستانی عێراق نەتەوەی بچوکن لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، کە بە دراوسێی نەیار دەورە دراون. هەماهەنگی کورد- ئیسرائیل مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی شەستەکان، کاتێک ئیسرائیل هاوپەیمانیەتی بەست لەگەڵ نەتەوەیەکی ناعەرەب لە ناوچەکەدا- کوردستانی عێراق، تورکیا و ئێران. ئیسرائیل هاوکاری مرۆیی پێشکەش بە کوردەکان کرد دوای جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١. جوتیارە ئیسرائیلیەکان تەکنۆلۆجیا و شارەزایی کشتوکاڵی بۆ دۆستەکانی لە کوردستانی عێراق ڕەوانە کرد.

ئیسرائیل و کوردستانی عێراق لە کەرتی وزەشدا بەیەکەوە کار دەکەن. ئیسرائیل یەکەمین کڕیاری نەوتی هەرێمی کوردستان بوو. بەلایەنی کەمەوە چوار کەشتی نەوتیان لە بەندەری جەیهانەوە بۆ بەندەری باشووری ئەشکیلۆن لە نێوان کانوونی دووەم و حوزەیرانی ٢٠١٤دا، دەنارد. گواستنەوەکان لە لایەن کۆمپانیایەکی تورکیەوە ڕێکدەخران، کۆمپانیای گواستنەوەی نەوت، کە وەک بریکاری فرۆشتنی نەوت لە ڕێگای تەندەرەکانەوە بۆ بازرگانان کاری دەکرد. حکومەتی هەرێم وشیارە لە پەیوەندیەکەی لەگەڵ ئیسرائیلدا. وە نایەوێت هیچ لایەنێک ناڕەحەت بکات.(٨١)

# سەرچاوەکان


1. *Al Arabiya News.* N.p., 09 Sept. 2014. Web. 09 Sept. 2014.
2. Ibid.
3. "ISIS Leader Al-Baghdadi Calls on Muslims to Rush to 'Your State,'" NBC News." *NBC News.* N.p., n.d. Web. 2 July 2014.
4. Interview with KRG Chief of Staff of the Presidency, Dr. Fuad Hussein, by the author, July 1, 2014 (Washington, DC).
5. Gordon, Michael R. "In U.S. Exit from Iraq, Failed Efforts and Challenges." *The New York Times.* The New York Times, 22 Sept. 2012. Web. 2 July 2014.
6. Interview with KRG Chief of Staff of the Presidency, Dr. Fuad Hussein, by the author, July 1, 2014 (Washington, DC).
7. Weinberg, Ali. "Biden, Kerry Work the Phones to United Iraqi Politicians." *ABC News.* ABC News Network, 02 July 2014. Web. 13 July 2014.
8. Gordon, Michael R. "Kerry Implores Kurdish Leader to Join a Government and Not Break Away." *The New York Times.* The New York Times, 24 June 2014. Web. 08 July 2014.
9. Interview with KRG Foreign Minister Falah Mustafa Bakir by the author, July 1, 2014 (Washington, DC).
10. "Iraqi Kurds Say Will Sue Baghdad If It Blocks Oil Sales." *Reuters.* Thomson Reuters, 03 July 2014. Web. 13 July 2014.
11. Payne, Julia. "Israel Accepts First Delivery of Disputed Kurdish Pipeline Oil." *Reuters.* Thomson Reuters, 20 June 2014. Web. 11 July 2014. <http://www.reuters.com/article/2014/06/20/us-israel-iraq-idUSKBN0EV0X620140620>.
12. "Kurdistan Premier: We Will Never Give Up Control of Our Own Oil." *Rudaw.* N.p., n.d. Web. 11 July 2014. <http://rudaw.net/english/kurdistan/29052014>.
13. "Obama Sending Up to 300 Military Advisers to Iraq." *Obama Sending up to 300 Military Advisers to Iraq.* N.p., n.d. Web. 10 July 2014.

14. “What Iraq’s New Prime Minister Can Learn from Nelson Mandela.” *Cognoscenti.* N.p., n.d. Web. 05 Sept. 2014. <http://cognoscenti.wbur.org/2014/08/20/iraq-including-al-abadi-timothy-phillips>.
15. “Embattled Iraqi Prime Minister Nouri Al-Maliki ‘will Not Go Quietly,’ Foes and Friends Say.” *Washington Post.* Washington Post. Web. 7 July 2014.
16. Ibid.
17. Ibid.
18. Interview with a State Department official who was not authorized to speak on-the-record, July 1, 2014.
19. Lewis, Paul, and Spencer Ackerman. “Obama to Send up to 300 ‘Military Advisers’ to Help Iraqi Army Repel Isis.” *The Guardian.* Guardian News and Media, 20 June 2014. Web. 13 July 2014.
20. Ackerman, Spencer. “Pentagon Says Growing US Forces in Iraq Need ‘flexibility’ for Mission.” *Theguardian.com.* Guardian News and Media, 01 July 2014. Web. 13 July 2014.
21. *US News.* U.S. News & World Report, n.d. Web. 09 Sept. 2014. <http://www.usnews.com/opinion/merdeces-schlapp/2014/08/08/yazidis-and-christians-have-been-abandoned-by-obamas-iraq-retreat>.
22. Miller, Zeke. “Obama Authorizes Air Strikes, Humanitarian Aid in Iraq.” *Time.* Time, 7 Aug. 2014. Web. 09 Sept. 2014. <http://time.com/3090310/iraq-yazidi-isis-barack-obama-us-military-airstrikes/>.
23. V, Tom, and En Brook. “130 More U.S. Military Advisers Arrive in Northern Iraq.” *USA Today.* Gannet, 13 Aug. 2014. Web. 13 Aug. 2014. <http://www.usatoday.com/story/news/world/2014/08/12/advisers-sent-northern-iraq-help-plan-refugee-evacuation/13970545/>.
24. Cited in The New York Times, “U.S. Mobilizing Allies to Widen Assault on ISIS.” August 27, 2014. Pg. A1.
25. Anderson, Liam D., and Gareth R. V. Stansfield. *Crisis in Kirkuk: The Ethnopolitics of Conflict and Compromise.* Philadelphia, PA; U of Pennsylvania, 2009. Print.

26. “Local & North Carolina State News from Raleigh, NC | NewsObserver.com.” *Local & North Carolina State News from Raleigh, NC | NewsObserver.com.* N.p., n.d. Web. 12 Sept. 2014. <http://www.newsobserver.com/2014/09/10/4139818/pentagon-us-warplanes-have-taken-html>.
27. Tharoor, Ishaan. “A U.S.-designated Terrorist Group Is Saving Yazidis and Battling the Islamic State.” *Washington Post.* The Washington Post, n.d. Web. 09 Sept. 2014. <http://www.washingtonpost.com/blogs/worldviews/wp/2014/08/11/a-u-s-designated-terrorist-group-is-saving-yazidis-and-battling-the-islamic-state/>.
28. Carter, Chelsea J., Elise Labott, Susan Garraty, Jim Acosta, Josh Levs, Brian Stelter, Samira Said, and Tim Lister. ‘ISIS Video Shows Beheading of American Journalist Steven Sotloff.” *CNN.* Cable News Network, 01 Jan. 1970. Web. 08 Sept. 2014. <http://www.cnn.com/2014/09/02/world/meast/isis-american-journalist-sotloff/index.html>.
29. Smith-Spark, Laura, Andrew Carey, Hamdi Alkhshali, Jason Hanna, Richard Allen Greene, and Mariano Castillo. “UK Raises Terror Threat Level, Citing Risks out of Syria, Iraq.” *CNN.* Cable News Network, 01 Jan. 1970. Web. 10 Sept. 2014. <http://www.cnn.com/2014/08/29/world/meast/isis-iraq-syria/index.html>.
30. Ibid.
31. “Somini Sengupta. “Nations Working to Stop Citizens from Aiding ISIS.” The New York Times. September 13, 2014. Pg. A1. M.
32. Carter, Chelsea J., Chelsea J. Carter, Catherine E. Shoichet Reported, Wrote from Atlanta. Hamdi Alkashali Reported From Atlanta. Barbara Starr, Jim Acosta in Washington, Anna Coren in Irbil, Iraq, and Jethro Mullen in Hong Kong. “Obama on ISIS in Syria: ‘We Don’t Have a Strategy Yet’” *CNN.* Cable News Network, 01 Jan. 1970. Web. 10 Sept. 2014. <http://www.cnn.com/2014/08/28/world/meast/isis-iraq-syria/index.htm1>.

33. "Isis Besieges Town of Amerli amid Fears of Repeat of Sinjar Massacre. Hardline Islamists Are Surrounding the Town of Amerli â" Sparking Concern for the Safety of the 18,000 Shia Turkmen Residents, and Fears of a Repeat of the Mount Sinjar." *ISISwatch.* N.p., n.d. Web. 09 Sept. 2014. <http://isiswatch.org/2014/08/isis-besieges-town-of-amerli-amid-fears-of-repeat-of-sinjar-massacre/>.
34. "Iraqi Forces Recapture Strategic Mosul Dam with Help From U.S. Airstrike." *ABC News.* ABC News Network, n.d. Web. 09 Sept. 2014. <http://abcnews.go.com/international/video/iraqi-forces-recapture-strategic-mosul-dam-us-airstrikes-25028097>.
35. "U.S. Airstrikes on ISIS Part of Operation to Retake Key Iraqi Dam." *FOX2nowcom.* N.p., n.d. Web. 09 Sept. 2014. <http://fox2now.com/2014/08/16/u-s-airstrikes-on-isis-part-of-operation-to-retake-key-iraqi-dam/>.
36. "Could Iran Be Part of America's New Coalition of the Willing?" *Slate Magazine.* N.p., n.d. Web. 09 Sept. 2014. <http://www.slate.com/blogs/the_world_/2014/09/05/could_iran_be_part_of_america_s_new_coalition_of_the_willing.html>.
37. Hudson, David. ""America Must Always Lead": President Obama Addresses West Point Graduates." *The White House.* The White House, 28 May 2014. Web. 10 July 2014.
38. "Leading From Behind." *The New Yorker.* N.p., n.d. Web. 10 July 2014.
39. "Hillary Clinton Splits with Obama on Foreign Policy." *CNN Political Ticker RSS.* N.p., n.d. Web. 11 Aug. 2014. <http://politicalticker.blogs.cnn.com/2014/08/10/hillary-clinton-splits-with-obama-on-foreign-policy-comment-page-1/>.
40. Landler, Mark. "A Rift in Worldviews Is Exposed as Clinton Faults Obama on Policy." *The New York Times.* The New York Times, 11 Aug. 2014. Web. 12 Aug. 2014. <hhttp://www.nytimes.com/2014/08/12/world/middleeast/attacking-obama-policy-hillary-clinton-exposes-different-worldviews.html?action=click&contentCollection=Middle%20East®ion=Footer&module=MoreInSection&pgtype=article>.

41. “Syrian Arab Republic.” *UNHCR News.* N.p., n.d. Web. 05 Sept. 2014. <http://www.unhcr.org/pages/49e486a76.html>.
42. “Troop Drawdown: Obama Says U.S. Fishing Afghan Job – Hamodia.” *Hamodia.* N.p., n.d. Web. 10 July 2014.
43. “Obama Job Approval – Foreign Policy – Polls – HuffPost Pollster.” *The Huffington Post.* N.p., n.d. Web 05 Sept. 2014. <http://elections.huffingtonpost.com/pollster/obama-job-approval-foreign-policy>.
44. “Obama Job Approval – Foreign Policy – Polls – HuffPost Pollster.” *The Huffington Post.* N.p., n.d. Web. 05 Sept. 2014. <http://elections.huffingtonpost.com/pollster/obama-job-approval-foerign-policy>.
45. “More Than 30 Turkish Truck Drivers Freed in Iraq.” *Time.* Time, n.d. Web. 13 July 2014.
46. Yeginsu, Ceylan. “Militants Storm Turkish Consulate in Iraqi City, Taking 49 People as Hostages.” *The New York Times.* The New York Times, 11 June 2014. Web. 13 July 2014.
47. “Turkish Media Banned from Reporting on Mosul Hostage Crisis – Al-Monitor: The Pulse of the Middle East.” *Al-Monitor.* N.p., n.d. Web. 1 July 2014.
48. Ibid.
49. “World Socialist Web Site.” *The Crisis in Iraq and the Response of the Turkish Ruling Class -,* N.p., n.d. Web. 10 Sept. 2014. <http://www.wsws.org/en/articles/2014/06/19/turk-j19.html>.
50. “Will Turkey Midwife Independent Kurdistan? | RealClearWorld.” *Will Turkey Midwife Independent Kurdistan? | RealClearWorld.* N.p., n.d. Web. 09 Sept. 2014. <http://www.realclearworld.com/2014/07/will_turkey_midwife_independent_kurdistan_160143.html>.
51. “Syrian Kurds Continue to Blame Turkey for Backing ISIS Militants – Al-monitor: The Pulse of the Middle East.” *Al-Monitor.* N.p., n.d. Web. 13 July 2014.
52. “42 Killed. 140 Injured in Turkey Blasts.” *PressTV.* N.p., n.d. Web. 13 July 2014.

53. “Turkey Looks for International Aid, and Countries to Host Refugee, in Syrian Crisis.” *Washington Post.* The Washington Post, n.d. Web. 13 July 2014.
54. “POLITICS – *PM ErdoÄŸ Slams Opposition Parties over Response to Mosul Kidnappings.* N.p., n.d. Web. 13 July 2014.
55. “Turkey to Build Camp inside Iraq for Turkmen Refugee – Yenisafak.com.tr – 09.08.2014.” *Turkey to Build Camp inside Iraq for Turkmen Refugees – Yenisafak.com.tr – 09.08.2014.* N.p., n.d. Web. 10 Sept. 2014. <http://english.yenisafak.com/news/turkey-to-build-camp-inside-iraq-for-turkmen-refugees-09.08.2014-3753>.
56. “Pro-Kurdish BDP to Push for Autonomy following Local Elections.” *Pro-Kurdish BDP to Push for Autonomy following Local Elections.* N.p., n.d. Web. 13 July 2014.
57. Murat Yetkin. “Next Issues: Presidential Polls, Kurdish Autonomy and Syria. *Turkish Daily News.* April 1, 2014.
58. BECATORS, SUZAN FRASER and ELENA. *Yahoo! News.* Yahoo!, 10 Aug. 2014. Web. 10 Sept. 2014. <http://news.yahoo.com/pm-erdogan-wins-turkeys-presidential-election-194352738.html>.
59. “President Obama Announces Presidential Delegation to Turkey to Attend the Inauguration of His Excellency Recep Tayyip Erdoğan.” *The White House.* The White House, n.d. Web. 04 Sept. 2014. <http://www.whitehouse.gov/the-press-office-/2014/08/26/president-obama-announces-presidential-delegation-turkey-attend-inaugura>.
60. Letsch, Constanze. “Erdogan Emerges Victorious in Turkish Presidential Elections amid Low Turnout.” *The Guardian.* Guardian News and Media, 11 Aug. 2014. Web. 12 Aug. 2014. <http://www.theguardian.com/world/2014/aug/10/turkey-presidential-election-erdogan>.
61. “Why Are Turks So Angry? | World Policy Institute.” *Why Are Turks So Angry? | World Policy Institute.* N.p., n.d. Web. 13 July 2014.
62. Document, Public, March 2006, and Eur 44/003/2006. Turkey: Article 301: How the Law on “denigrating Turkishness” Is an Insult to Free Expression (n.d.): n. pag. Web.

63. “Turkey Ministers Resign amid Scandal.” *BBC News.* N.p., n.d. Web. 13 July 2014.
64. Scott, Alev. “Erdoğan’s Self-defence over Soma’s Mining Disaster Was Badly Misjudged.” *Theguardian.com.* Guardian News and Media, 15 May 2014. Web. 3 July 2014.
65. “Why Are Turks So Angry? | World Policy Institute.” *Why Are Turks So Angry? | World Policy Institute.* N.p., n.d. Web. 13 July 2014.
66. American Foreign Policy. The Severs Syndrome: Turkish foreign Policy and its Historical Legacies. Dietrich Jung. August 2003. Thewww.unc.edu/…**sevres**/jung_**sevres**.html.
67. HakanYilmaz, “Two Pillars of Nationalist Euroskepticism in. Turkey: The Tanzimat and *Sevres Syndromes.”* 2006. *hakanyilmaz.info/…/HakanYilmaz-2006-TanzimatSevresSyndromes-Eng…*
68. “Global Public Square.” *Global Public Square RSS.* N.p., n.d. Web. 30 July 2014. <http://globalpublicsquare.blogs.cnn.com/>.
69. “No End in Sight for Islamic State’s Attack on Iraq – Al-Monitor: The Pulse of the Middle East.” *Al-Monitor.* N.p., n.d. Web. 22 Aug. 2014. <http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2014/08/iraq-sunnis-targeted-by-islamic-state-html?utm_sources=Al-Monitor+Newsletter+%5BEnglish%5D&utm_campaign=bc2ac65823-August_22_2014&utm_medium=email&utm_term=0_28264b27a0-bc2ac65823-93077049#ixzz3B8knNJJC>.
70. “Ban Ki-moon Credits Saudi Arabia for Supporting UN Aid Effort in Iraq.” *Ptvnews.* N.p., n.d. Web. 30 July 2014. <http://ptvnews.ph/bottom-news-life-2/12-12-world/35021-ban-thanks-saudi-arabia-for-backing-un-aid-effort-in-iraq#sthash.D1FMex9W.dpuf>.
71. “After Success in Iraq and Syria, ISIL Will Find It Tougher to Crack Jordan | *Crack National | The National.* N.p., n.d. Web. 4 July 2014.
72. “Top Shitte Cleric Urges Iraqis to Fight Advancing Militants – Hindustan Times.” *Http://www.hindustantimes.com/.* N.p., n.d. Web. 10 July 2014.
73. Ibid.

74. “Qassem Suleimani Has Brought Iran Much Grief.” *The Daily Star Newspaper.* N.p., n.d. Web. 10 July 2014.
75. IranWire. *The Daily Beast.* Newsweek/Daily Beast, n.d. Web. 4 July 2014.
76. Krayem, Hassan. “The Lebanese civil war and the Taif agreement.” American University of Beirut.
77. Saad, Hwaida, and Rick Gladstone. “Broder Fighting Intensifies Between ISIS and Lebanon.” *The New York Times, 04 Aug. 2014.* Web. 13 Aug. 2014. <http://www.nytimes.com/2014/08/05/world/middleeast/isis-lebanon-syria.html?_r=0>.
78. “Israeli PM Netanyahu Endorses Kurdish Independence Citing Chaos in Iraq.” - *RT News*. N.p., n.d. Web. 4 July 2014.
79. “McClatchy DC.” TEL AVIV: Netanyahu’s Call for Kurdish Independence Sparks Questions about a Unified Iraq. N.p., n.d. Web. 4 Juy 2014.
80. “National News from McClatchy DC News | Washington DC.” National News from McClatchy DC News | Washington DC. N.p., n.d. Web. 12 Sept. 2014. <http://www.mcclatchydc.com/2014/07/01/232057/netanyahus-call-for-kurdish-independence.html>.
81. Interview with KRG National Security Adviser Fuad Hussein by the author, July 1, 2014 (Washington, DC).

(١٢)

## ڕێگای بەرەو سەربەخۆیی

بـارزانی لە ٢ی تەمموزی ٢٠١٤دا وتـارێکی داخراوی بۆ پەڕلەمـانی کوردسـتـان پێشـکەشـکرد.(١) ئەو ئاماژەی بە چەند پلانێک کرد بۆ مافی چارەی خۆنوسـین و ئەنجامدانی گشـتپرسـیێک. لەو ڕۆژەدا، سـەرۆکی دیوانی هەرێم و ڕاوێژکاری بریکاری ئەنجومەنی ئاسایيشی نەتەوەیی، فوئاد حسێن، چاوی بە جێگری سەرۆک، جۆ بایدن و ڕاوێژکاری بریکاری ئاسایيشی نیشتیمانی ئەنتۆنی بلینکن لە کۆشکیکی سپی، کەوت. فوئاد حسێن لە کۆبونەوەکە هاتە دەرەوە و وتەیەکی لە پرێس کۆنفرانسێکدا پێشکەش کرد سـە بارەت بە مەرجەکانی بەژداریی هەرێم لە بەژداربوونەوە لە حکومەتی نوێی عێراقدا: "ئێمە دووبارە دەرفەتێکی تر دەدەین بە پرۆسـەی سـیاسـی لە بەغدا" وەک خاڵێکی دەسـپێک، بەغدا لە سـەری پێویسـتە، "دان بە سـنووری کوردسـتان و سەربەخۆیی ئابووریی ئێمەدا بنێت". حکومەتی هەرێم کاتێکی دیاری کرد بۆ ئەنجامدانی گشـتپرسـی لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی تەواوی داواکاریە سـەرەکیەکانی کورد. ئەگەر سـەرۆک وەزیران حەیدەر عەبادی نەتوانێت بە شـێوەیەکی هەمەلایەنە حوکم بکات، ئەو کات گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا سەبارەت بە جیابوونەوە کۆتاییان دێت وەک لە هاوبەشی کردن لە دەسەڵاتدا.(٢)

هەر لەکۆنەوە شـیعە و کورد لە هاوپەیمانەتیدا بوون، بە یەکەوە کاریان دەکرد بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی سـەدام. لەدەسـتدانی کوتلەی کوردی سـیاسـەتی عێراقی ناسـەقامگیر دەکات، زیاتر شیعە و سوننە جەمسەرگیر دەکات. پارتە شیعەکانی عێراق داردە ستی ئێرانن، کە دژی سـەربەخۆیی کوردسـتان دەوەسـتنەوە. هەرچەندە کوردە سـوننەکان ناڕەحەت بوون لەماوەی داگیرکاریەکانی سەرۆک وەزیران نوری مالیکی، بەڵام ئەوانیش

دژی سەربەخۆیی بۆ کورد وەستانەوە. چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی بەهۆی لایەنگیری ڕۆژئاوا، ئەمریکا و لەئایین هەڵگەراوانی دیموکراتی، کوردیان کردە ئامانج.

تەگەرەی کردەیی ڕێگای لە ئارەزووی نیشتیمانی سەربەخۆیی کورد لە عێراقدا گرت. هەرچەندە بەغدا ناچارە لە (٪١٧)ی کۆی داهاتی نەوت بە هەرێم بدات، بەڵام لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٤ەوە ئەو پارەیەی هەڵپەسارد.(٣) هەرێم پێویستە بۆ پارسەنگ کردنی داهات، نەوت و غازەکەی بفرۆشێت. هەرچۆنێک بێت، تووشی بەربەستی یاسایی و ڕێکاریی دەبێتەوە بۆ پارەدارکردنی کوردستان. کۆمپانیای گەورەی وەک، ئیکسۆن مۆبیل و شیڤرۆن، لە کوردستانی عێراق کێڵگەی نەوتیان هەبوو، بەڵام داهاتە هەڵواسراوەکەیان لە نێوان هەرێم و بەغدا بەپێی یاسای هاوبەشیی وزە دەستی دەستی دەکرد.(٤) لە هەمانکاتدا، حکومەتی هەرێم نەوتی هەیە، بەڵام توانای ناردن و خەزن کردنی نیە. هەروەها هەرێم لە ڕووی بنچینەی یاسایی و سیاسیشەوە کەموکورتی هەبوو لە فرۆشتنی نەوت بە ڕێژەیەکی زۆر. شەڕوپێکدادانە بەردەوامەکان زیاتر کێشەی دروستکرد؛ هێڵە بۆڕیە نەوتیەکان لە باکوور دەتەقێنرانەوە.(٥)

تورکیا ڕەزامەندی دەربڕی لە گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ بەندەری جەیهان. هەرچۆنێک بێت، ئەو نەوتەی بۆ بەکارهێنانی نێوخۆیی نەکڕی. کەشتیەکی نەوت هەڵگر بۆ ماوەی چەندی ڕۆژ لە کەنارەکانی مەغریب گیری خوارد چونکە عێراق هەڕەشەی بەرەنگاربوونەوەی یاسایی لە دژی کڕیارانی کردبوو. ئەمریکاش فشاری خستە سەر حکومەتی مەغریب کە ئەو نەوتە دانەگرێت.(٦) خاوەندارێتی نەوتی کوردی لە کەشتیەکی نەوت هەڵگر لە دەرەوەی گالڤستۆن، تێکساس، بۆ ماوەی چەندین مانگ لە دادگاکانی ئەمریکادا گیری خوارد. ڕێکەوتنێک بۆ دانانی داهاتی نەوت لە ئەکاونتی بانقی ناوەندی عێراق لە نیویۆرک شکستی هێنا، کاتێک تورکیا سور بوو لە سەر دانانی ئەو پارەیە لە 'هالک بانک'ی سەرب بە حکومەت. ئیدارەی ئۆباما

کڕیارەکانی ســـارد دەکردەوە. وای لێک دەدایەوە کە فرۆشـــتنی نەوت لە کوردســـتانی عێراقەوە لێکترازانی ئەو وڵاتە زیاتر دەکات.

هەرێم کێشـــــەی پارەی نەقدی هەیە، ئەمەش بەهۆی بڕینی داهات لە بەغداوە و کیشـــەی فرۆشـــتنی نەوتی کوردیەوە بوو. حکومەتی هەرێم بەهۆی قەیرانی بودجەکەی بۆ ماوەی چەندین مانگ موچەی فەرمانبەرانی دابین نەکرد. توانایی پێشـــــهات بۆ بازرگانیکردن و وەبەرهێنان لە مەترسیدایە. ئابووریە چالاکەکەی هەرێم لە داکشاندا بوو کاتێک داعش هێرشی هێنا. کێشەی دابینکردنی بەنزین و پێکهاتەکانی تر سەریهەڵدا و شـــــوفێرەکان لە وێســـــتگەکانی ســـــوتەمەنیدا چەندین کاتژمێر ڕیزیان دەبەســـــت بۆ دەستکەوتنی بەنزین.(٨)

کورد بە ئاســـــانی دانابڕدرێن لە ئارەزووە قوڵە نیشـــــتیمانیەکانیان. کورد بە شـــێوەیەکی کردەیی لایەنگیری ســـەربەخۆیی بوو بە باشـــترین شـــێوە تەنیا بۆ ئەوەی دڵنیابن لە مافەکانی ئاساییش، سیاسی و فەرهەنگیەکانیان. فەرهەنگی کوردی هەمیشە لە ژێر هەڕەشەدا بووە لە لایەن زۆریەنی عەرەبەوە، کە وەک هاوڵاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. کوردستانی عێراق کۆمەڵگایەکی پێشکەوتنخوازە. ئافرەتانی سلێمانی بەزۆری بەبێ سەرپۆش و حیجابی ئیسامی دەبینرێن، لەگەڵ پیاوە سەلتەکاندا دەگەڕێن و پیاســە دەکەن. خاوەن کار و ســیاســەتمەدار، جەمشــیت فورات، جیاوازی فەرهەنگی نێوان کورد و عەرەب بەم شــێوەیە وەســف دەکات، "کورد نەتەوەیەکی ژیان دۆســت و دڵشـــــادن. کورد دەچێتە ئاهەنگ؛ ســـــەما دەکەن. ئافرەتەکانیان جلی ڕەنگاوڕەنگ دەپۆشن".(٩)

ئەو بەراوردیان پێدەکات لەگەڵ ئافرەتانی شیعە کە بە جلی ڕەش داپۆشراون و لە بنی پێیانەوە تا تەوقەســەر جەســتەیان داپۆشــراوە، وە ئافرەتانی عەرەبی ســوننە، کە ملکەچی هاوســـــەر و باوکیانن، "عەرەب فەرهەنگی کوشـــــتنیان هەیە کە مێژووەکەی

دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی کەربەلا" وە کوشــــتنی عەلی و حســــێن. بەها کۆمەڵایەتیە پارێزکارەکان و شوناسی سیاسی چڕتر دەبێتەوە کاتێک هاوڵاتی هەست بە دابڕان لە جیهان دەکات.(١٠) ڕەنگە کوردســــتانی عێراق هیچ دەرچەی دەریایی نەبێت، بەڵام کورد بەســــەر ئەو دابڕانەدا لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە زاڵبووە. نزیکەی لە (٧٠٪)ی کوردەکانی عێراق لە ژێر تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدان. ئەوان بە شێوەیەکی بەربڵاو بە کۆمەڵگای جیهانەوە بەســتراونەتەوە لە ڕێگای ســۆشــیال میدیاوە. دەســت گەیشــتن بە زانیاری چارەسەرە لە دژی نەخۆشی مەترسیدار. کورد هەست بە نزیکی دەکات لەگەڵ ڕۆژئاوادا. تورکیا دەرچەیە بۆ ئەوروپا، فەرهەنگی ئەوروپی و بەیەکگەیشــتنی نەریتەکان لە نێوان حکومەتی هەرێم و یەکێتی ئەورو پادا. بەجیهانیبوون مەیلی لایەنگیری کوردســــتانی عێراقی عەلمانی بەرەو زۆرئاوا زیاتر دەکات.

تراژیدیای ناخۆش گێڕانەوەی مێژوویی کوردی پڕکردووە. کورد مێژوویەکیان هەیە لە ناپاکی و خیانەت کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. لەم دواییانەدا، هێرشە کیمیاییەکەی ساڵی ١٩٨٨ بۆ سەر هەڵەبجە پەلەیەکی قوڵی لە سەر دەروونی کوردەکانی جێ هێشت.(١١) هەموو ساڵێک ساڵیادی هەڵەبجە دەکرێتەوە. یادەوەریەکانی هەڵەبجە هەمیشــــە ئەوە بیر کورد دەخەنەوە کە ڕووداوێکی هاوشــــێوە بۆ کوشــــتنی نەتەوەکەیان شتێکی کردەییە.

سەرەڕای تراژیدیا نیشتیمانیەکان، کورد نەتەوەیەکی گەشبین و سەربەرزە. ئەوان بەرگەی خیانەتیان گرتووە کە لە لایەن هێزە گەورەکانی جیهان، چەواشــــەکاریەکانی سەدام وە پەیمانی درۆ لە لایەن ئەمریکاوە. سەربەخۆیی تەنیا دەوڵەتێکی سیاسی نیە. دەوڵەت بوون و سەربەخۆیی هەڵە نادادپەروەرەکانی مێژوو ڕاستدەکاتەوە، سەربەرزیی کورد پیشان دەدات وە گەیشتن بە چارەنووسی خۆیان وەک مرۆڤ دەسەلمینێت. کورد باوەڕی وایە کە ســــەربەخۆیی تاکە زەمانەتی باوەڕپێکراویی ئاســــاییشــــە. تەنیا کورد دەتوانێت کورد بپارێزێت.

❊❊❊❊❊

کاتێک داعش لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا موســـڵی داگیرکرد، عێراق لە لێواری ڕوخاندا بوو، وە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسـلامی بەناو بیابانەکاندا بەرەو دەروازەکانی بەغدا بەڕێ کەوتن. پێشـمەرگە کۆنترۆڵی کەرکوکیان بەهێزتر کرد و سـنووری کوردسـتانی عێراقیان فراوانتر کرد. هەرچۆنێک بێت، خەونەکانی سەربەخۆیی کوردستان تێک شکێنران کاتێک داعش هێرشی کردە سەر کوردستان، وە دەوڵەتی ئیسلامیان بە داگیرکردنی شەنگال ڕاگەیاند، وە هەڕەشەی داگیرکردنی دهۆک، گرتنی مەخمور، کە تەنیا سی کیلۆمەتر لە هەولێرەوە دوور بوو.(١٢)

کورد وازیان لە ئامانجەکەیان بۆ ســـــەربەخۆیی نەهێنا. هەرچۆنێک بێت ڕووداوەکان ئەو ویســـــتەیان دواخســـــت. ئابووریی کوردســـــتان زۆر بە خەراپی کاریگەری بوو بە ڕووداوەکان. پێشمەرگە پێویستی بە کاتە بۆ گەشەکردنی زیاتری سەربازیی. حکومەتی هەرێم پشـت بە ئەمریکا دەبەسـتێت بۆ پشـتیوانی و پاراسـتن. بەبێ هاوکاری ئەمریکا، هەولێر دەکەوت، وە هەزاران کەس دەکوژران.

سەربەخۆیی لە سەر چەند ئەگەرێک بنیادنراوە:

1) حکومەتی هەرێم بەرگری لە سنوور و هاوڵاتیانی بکات.
2) حکومەتی هەرێم بتوانێت نەوت و غازەکەی بە بازاڕە نێوەدەوڵەتیەکان بفرۆشێت.
3) داهاتی فرۆشتنی نەوت بەشی بکات بۆ بەڕێوەبردنی چالاکیەکانی حکومەتی هەرێم.
4) تورکیا هاوپەیمان و دۆست بێت.

ڕووداوەکان گومانێکی مەترســـــیداریان خســـــتە بەردەم ئەم ئەگەرانە. تورکیا گەورەترین کێشـــە دەبێت. نەبوونی کاردانەوە بەرامبەر داعش پرســـیارگەلی گەورەن بۆ متمانەپێکردنی ئەو وڵاتە. نیگەرانیەکان زیادیان کرد بە دوودڵی تورکیا بۆ واژووکردنی ڕێککەوتننـــامەی 'جـــدە' لە ١٠ی ئەیلولی ٢٠١٤دا، دوودڵیەکەی لە بەژداربوونی

هاوپەیمانیەتی ئۆبامای وڵاتانی دژ بە داعش بوو. قســـەوقســـەلۆکی زۆر بڵاوبووەوە لە سەر هاوکاریەکانی تورکیا بۆ داعش، بە هاوکاریی دارایی و لۆجیستیەوە بۆ جیهادیەکان و گواســتنەوەیان لە تورکیاوە بۆناو خاکی ســوریا. بەگوێرەی وتەکانی تۆماس فرێدمان، "ئەردۆگان لایەنگیری دەســـەڵاتی تاکڕەوی چەوســـاندنەوەی ڕاگەیاندن، ســـەرمایەداری بنەماڵەیی، هاوکاریکی گەورەی ئیسلامیەکانە بە داعشیشەوە". ئەو پرسی، "ئەرێ ئەم مرۆڤە خاوەنی چ ڕۆحێکە؟" (١٣)

## ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی یەکلایەنە

حکومەتی هەرێمی کوردســـــتان بەدوای شـــــەراکەتێکی گەوهەریدا دەگەڕێت لەگەڵ حکومەتی ءێراقدا. ئەو جەخت لە ســـەر ئەوە دەکاتەوە کە هاوبەشـــی ڕاســـتەقینە دەبێت لەســـــەر بنەمای یەکســـــانی و دادپەروەریی بێت. دەبێت حکومەتی عێراقی دەستوور جێبەجێ بکات، بەتایبەتی فیدرالیزم. دەبێت تایبەتمەندیە گرنگەکانی کورد بپاریزرێن. هەرجۆرە ڕێوشـــوێنێکی بچووکردنەوەی کورد یەن هەر لایەنێک شـــایانی پەسەندکردن نیە. دامەزراوەکانی حکومەت دەبێت فراوان و سەردەمیانە بن. بەکورتی واتە، کورد داوا دەکـات لە داهـاتووی خۆیـدا دەنگی هەبێـت. حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بە ڕوونی داواکاریە گرنگەکانی خۆی خســـتۆتەروو. بەغدا دەبێت بەشـــە بودجەی کوردســـتان لە داهاتی نیشـــتیمانی بدات، کە لە (١٧٪)یە. حکومەتی هەرێم دەبێت ڕێگای پێبدرێت نەوتی خۆی بفرۆشـــێت. حکومەتی ئێراق دەبێت بودجە و کەلوپەلی سەربازی پێشکەش بە پێشمەرگە بکات، کە دەبێتە پاسەوانی نیشتیمانی بۆ پاراستنی ئاساییشی کوردستان.

حەیدەر عەبادی، کە جێگای نوری مالیکی گرتەوە، لە ســـروشـــتدا کەســـێکی ئاشـــتەوایە. ڕەفتارە نامۆکانی مالیکی و کەسـایەتیە جەمســـەرگرتووەکەی کوردەکانی پاڵدا بۆ کارکردن لەســـەر ڕاگەیاندنی ســـەربەخۆیی یەکلایەنە. مالیکی گلەیی لە کورد کرد بە گەشـــــەکردنی داعش. ئەو بە هەوەڵێری وت "بـارەگـای داعش، بەعس و ئەلقاعیدە". (١٤) مالیکی وایزانی ئەو دەتوانێت گۆلی ســـــیاســـــی تۆماربکات بە تۆمەتبـارکردنی کورد، بەڵام بـارزانی هیچ گرنگی پێنەدا. بـارزانی وەڵامی دایەوە، "کوردسـتان سـەربەرزە کە هەولێر هەمیشـە وەک پەناگەی خەڵکی لێقەوماو خزمەتی کردووە، بە جەنابیشتانەوە کاتێک لە دیکتاتۆریەتی پێشوو ڕاتکردبوو." (١٥)

کورد هەردەم پێداگری لەســـەر ئەوە کردووە ئەوان بەرپرس نین لە پارچەبوونی عێراق. حکومەتی هەرێمی کوردســـــتان هیچ هەنگاوێکی لەناکاو ناهاوێژێت مەگەر

**قەیرانەکانی زیاتر گەشـــە بکەن، یاخود پشـــتیوانی نێودەوڵەتیان هەبێت. بۆ ئەوەی سەرکەوێت، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی یەکلایەنە پێویستی بە دانپیانان هەیە لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. ئیدارەی ئۆباما لەم بارودۆخی ئێستادا بە ڕوونی بەرهەڵستی خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیاندووە.[١]**

---

[١] ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان مەســـعود بارزانی لە پەیامێکیدا بۆ لایەنە کوردیەکان، ئاماژەی بەوە دا کە دەبێت هەرچی زووە ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر بۆ گشتپرسی و سەربەخۆیی. ئەمەی خوارەوەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

جەماوەری خۆڕاگری کوردستان هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان دۆخی ناوچەکە بە قۆناغێکی نوێدا تێدەپەڕێت و بە هەموو لێکدانەوەیەک گۆڕانکاریی گەورە لە ئارادان.

گەلی کوردســـتان و ئەزموونەکەیشـــی لەبەردەم قۆناغێکی هەســـتیار و چارەنووســـسازدایە، ناکرێت ئەو دەرفەتەی ئەم جارە بۆ گەلەکەمان هاتووەتەپێش، لەدەستی بدەین.

ئەمڕۆ پێگەی گەلی کوردستان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ئاسۆیەکی ڕوونی هەیە و، لە شەڕی تیرۆریش بە هەوڵ و کۆشـــشـــی پێشـــمەرگە قارەمانەکان و لەســـایەی خوێنی شـــەهیدانمان و بە خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و پشتیوانیی هاوپەیمانان، سەرکەوتنی گەورە بەدەست هاتووە و تیرۆریستان تووشی شکستی گەورە هاتوون بەڵام مەترسییەکەیان هەر ماوە.

هاووڵاتیانی کوردســـتان بۆ ئێمە لەم قۆناغەدا هیچ ئامانجێک لە مافی چارەنووس و ســـەربەخۆیی بەرزتر و پیرۆزتر نییە، ناشبێت ڕێگە بدەین ئەم پرسە چارەنووسسازە بکرێتە قوربانیی ناکۆکی و ململانێی نێوخۆیی، بۆیە داوا لە سەرجەم هێزە سیاسییە کوردستانییەکان دەکەم لە زووترین کاتدا ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ دروســـتکردنی کۆدەنگیی نیشـــتیمانی لەســـەر پرســـی ڕیفراندۆم و ســـەربەخۆیی و هەنگاوی یەکەم ئەوەیە لەگەڵ بەغدا بکەوینە گفتوگۆی ڕاشکاوانە و برایانە.

## ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی زەمینەسازکراو

ناکرێت گشــت هەوڵە دبلۆماســیەکان ســەربگرن پێش ڕاگەیاندنی ســەربەخۆیی زەمینە بۆســـــازکراو کە پێویســـــتی بە چەند وڵاتێک هەیە هەماهەنگی تەواو لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات. ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەماهەنگساز پێویستی بە بەژداری تورکیا هەیە. ئەنقەرە بێدەنگ بوو کاتێک پێشـــــمەرگە کەرکوکی گرت، بەڵام دژی پلانەکەی بارزانی وەســـــتا کاتێک داوای ئەنجامدانی گشـــتپرســـــی کرد لە ســـــەر مافی چارەی خۆنوسین.(١٦) سەرۆک ئەردۆگان ئەگەری سەربەخۆیی بۆ کوردستانی عێراقی بە شتێکی کردەیی بینی. لە ئەنجومەندا سەبارەت بە پەیوەندیەکانی دەرەوە لە ٢٢ی ئەیلولی٢٠١٤، ئامادەیی دەربڕی گفتوگۆ دەربارەی ســەربەخۆیی بکات، لەگەڵ یەکێتی ســنووری عێراق وەک خاڵی دەسپێک.(١٧)

هەرێم پلانی دەســـــپێشـــــخەریەکی لەناکاوی کرد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزیری دەرەوە ئەحمەد داودئۆغلۆ لە ســـــاڵی ٢٠١٢. ئەوان گفتوگۆیان لە ســـــەر ئەوە کرد کە تورکیا چۆن کاردانەوەی دەبێت بۆ ســیناریۆی جیاواز کە بەهۆیانەوە کوردســتانی عێراق دۆستایەتیەکی ستراتیژیان لە سەر بنەمای بەرژەوەندی بازرگانی هاوبەش پێکهێناوە.(١٨) لە ســاڵی ٢٠١٣دا، بە بەهای ١٥ ملیار دۆلار کەلوپەلی تورکی لە کوردســـتان فرۆشـــرا. کۆمپانیاکانی ئاوەدانکردنەوەی تورکی چەندین گرێبەســـتیان واژوو کرد بۆ دروســـتکردنی باڵەخانەی بەرز، فرۆکەخانە و ڕێگای گشتی. لە ٢ی ئایاری ٢٠١٤دا، هێڵێکی بۆڕی نوێ

---

بۆ ئەم مەبەســـتە بانگهێشـــتی هەموو هێز و لایەنەکان دەکەم کۆبوونەوەیەکی تایبەت بەم بابەتە ئەنجام بدەن بۆ بڕیاردان لەسەر هەنگاوەکانی داهاتوو و بۆ ئەوەیش دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم پەیوەندی بە هەموو لایەکانەوە دەکات.

مسعود بارزانی ٢٣- حوزەیرانی ٢٠١٦ (وەرگێڕ)

بە توانایی گواســـــتنەوەی (۲۰۰,۰۰۰) لە ڕۆژێکدا کرایەوە. تا یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ ســاڵی ۲۰۱۵ دەتوانرێت بگوازرێتەوە. وە لە داهاتووشــدا شــتی گەورەتر لە ڕێگایە؛ کوردستانی عێراق خاوەنی چل و پێنج ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتە.(۱۹)

نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە دۆستایەتیە ستراتیەکەی نێوان هەولێر و ئەنقەرەدا. نێچیرڤان دووپاتی کردەوە کە کورد دەتوانێت پشــت بە پاراســتنی تورکیا ببەستێت. هەرچۆنێک بێت، کورد وریا بوو لە کەلەپچە زێڕینەکانی تورکیا، نەیدەویست سەربەخۆیی لە عێراقەوە بەدەست بهێنێت و پشت بە تورکیا ببەستێت.

کورد زۆر بێ هیوا بوو لە هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر هەڵکشانی کێشەکان لەگەڵ داعش لە ساڵی ۲۰۱٤دا. وەفدێکی حکومەتی هەرێم لە ئەستەمبول چاویان بە بەرپرسە تورکەکان کەوت. ئەو وەفدە داوای کرد ئەو ســــەربازگە تورکیانەی لە کوردســـــتان نیشتەجێن بەژداربن لە جەنگەکەدا. بەکەموکورتی لە بەژدارییە ڕاستەوخۆکەیاندا، داوای لە تورکیـا کرد کە چەک بۆ هێزەکـانی پێشــــمەرگە دابین بکـات. ئەنقەرە بەهـانەی هێنایەوە، بەبەکارهێنانی ئەو هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەی کە لە پێشیانە وەک بیانوویەک بەکـارهێنـا لە بەژدارنەبوونیـان. دواتر، ئەنقەرە ئەو واقیعە بەکـاردەهێنێـت کە داعش بارمتەی تورکیای گرتووە بۆ بەرگریکردن لە پاڕانەوەکانی کورد.(۲۰)

متمانەکەی ئەردۆگان بۆ دیموکراتیەت بەرەبەرە دەکەوتە ژێر پرسیارەوە. سەرەڕای بەدەســــتهێنانی ژمارەیەکی زۆری دەنگەکانی هەڵبژاردن، ئەردۆگان ڕەتی کردەوە بۆ ڕێگەپێدان مافی ســــیاســــی و فەرهەنگی گەورەتر بۆ کورد لە تورکیا. ئەو بەدوای چاکســــازیی دەســــتووری دەگەڕا بە دامەزراندنی ســــەرۆکایەتیەکی جێبەجێکار، بەڵام داواکــاریەکــانی کوردی ڕەتکردەوە بۆ لامەرکەزیەت و پەرەپێــدانی هێز بۆ حکومەتە خۆجێییەکان. هەرچەندە پەکەکە بەردەوام بوو لە ســـەر ئاگربەســـتەکەی و هێزەکانی لە تورکیادا کشــاندەوە، تورکیا لێبوردنی گشــتی بۆ فەرماندەکانی پەکەکە ڕەتکردەوە.(۲۱)

وە هەروەها ڕەتیکردەوە زیندانیە سیاسیەکان ئازاد بکات وەک نیشاندنانی نیازپاکیەک بەرامبەر بە پرۆسەی ئاشتی. یاسای توندوتیژی، وەک [ماددەی ٨]ی برگەی دژە تیرۆر و [ماددەی ٣٠١]ی یاسای سزادان، هەروەک خۆیان مانەوە.(٢٢)

هەروەها سعودیەش دژی سەربەخۆیی کوردستان وەستایەوە، لەوە دەترسێت کە سەربەخۆیی ئەنجامی لێکترازانی عێراقی لێبکەوێتەوە بۆ دوو هەرێمی شیعە و سوننە. دەرکەوتنی 'شیعستان' لە باشووری زۆرهەڵاتی عێراق دەبێتە ئیلهامبەخش بۆ شۆڕشکردن لە لایەن شیعەوە لە دژی شانشینەکەیان، دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و لێکترازانی ئاشکرا. پێدەچێت ئەمریکا دژی ئەنقەرە و ریاز بوەستێتەوە. بەبەژداریکردنێک لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆییەکی زەمینەسازی بۆ کوردستانی عێراق.

## ڕێککەوتنی هاوبەش

گفتوگۆکانی نێوان بەغدا و هەرێم دەکرێت ئەنجامی ڕێککەوتنێکی هاوبەشی لێبکەوێتەوە بۆ جیابوونەوە. هەرچۆنێک بێت، لێک جیابوونەوەیەکی شارستانی و بێ کێشە دوورە لە واقیع. لێکترازانی دەوڵەتان لە ڕێگای ڕێککەوتنی هاوبەشـــەوە دەگمەنە. چیکیەکان و سلۆڤاکیەکان جیابوونەوەی خۆیان لە ساڵی ١٩٩٣دا بەم شێوەیە ڕاگەیاند؛ نەرویج لە ساڵی ١٩٠٥دا گشتپرسی ئەنجامدا بۆ جیابوونەوە لە سوید.(٢٣) بەڵام هەمیشە جیابوونەوە لە ئەنجامی ململانێ دروست دەبێت نەوەک گفتوگۆی هێمنانە و لەسەرخۆ. مالیکی لەوە دەترسا کە ڕێگا بە ڕۆیشتنی کوردستانی عێراق بدات. ئەمە ئەوەی دەگەیاند کە مالیکی پێی خۆش بێت لەدەست حکەمەتی هەرێم ڕزگاری بێت. بەڵام مالیکی سووربوو لە سەر ئەوەی کە کەرکوک و ناوچەکانی تری ناکۆکی لە سەر وەک بەشێک لە عێراق دەمێننەوە. کەرکوک خاڵی پێکهاتنەکانە. هیچ سەرکردەیەکی کورد کارکوک و خانەقین نادات بەدەستەوە، کە لە ئێستادا لەژێر کۆنترۆلی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان.

زیاتر لە ویستێکی سیاسی، جیابوونەوە پێویستی بە ڕێککەوتن دەبێت لە سەر کۆمەڵێک کێشەی ئابووریی و هونەریی. هەردوولا دەبێت سنوورەکانی کوردستانی عێراق دیار بکەن. پەیمانێکی ئاسایش پێویست دەبێت. گفتوگۆکان دەبێت جەخت لە سەر سەرمایە، داهات و سەرچاوەکان بکاتەوە کە دابین کردنی ئاوەکانی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات دەگرێتەوە کە لە کوردستانی عێراقدا بە دەشتەکانی میزۆپۆتامیدا تێدەپەڕن. یەکگرتنی گومرگ دەبێت خاڵی گەوهەری بیت بۆ ئەوەی بتوانن بەرژەوەندیە ئابووریەکان بەڕێوەبەرن. هەردوو کوردستان و عێراق سوود لە بازرگانی لەگەڵ یەکتر ببینن.

سەرەڕای ئەمەش، هەرێمی کوردستان داهاتێکی بەردەوام و درێژخایەنی پێویستە. حکومەتی هەرێم مانگانە پێویستی بە ٢ ,١ ملیار دۆلار هەیە بۆ دابینکردنی مووچە و

خەرجیەکانی.(٢٤) نەوت لە کوردســتاندا ســەرچاوەیەکی ســەرەکی داهاتە. لە ئێســتادا عێراق ڕێگای لە دۆزینەوە و بەرهەمهێنان و گواســـتنەوەی نەوت گرتووە. هەرکاتێک لە زەوی هاتە دەرەوە، نەوتی کورد دەبێت دەرچە بدۆزێتەوە بۆ گواســـتنەوەی بۆ دەریا. هێڵەکانی بۆڕی لە ئێستادا بە خاکی تورکیادا بەرەو بەندەری جەیهان دەڕۆن. هەرچەندە تورکیا پێویســـتی بە دابینکردنی وزەی زیاتر هەیە، بەڵام ڕەتی دەکاتەوە نەوتی کورد بکرێت. دەتوانێت لە هەرکاتێکدا بۆڕیەکان دابخات. کوردەکانی عێراق ناکرێت پشـــت بە تورکیا ببەستن. حکومەتی هەرێمی کوردستان فێربووە سەرجەم هێلکەکانی نەخاتە ناو یەک سەبەتە.

هەرێم و ئێران لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەندی باشـــیان هەبووە. هەرچۆنێک بێت، ڕێگا چەوســێنەرەوەکەی ئێران بەرامبەر بە کوردانی ئێران وەک چوارچێوە پەیمانێک بۆ ڕکابەرایەتی کردنی کوردەکان بوو. هەروەها بەکارهێنانەکەی پژاک لە کوردستانی عێراق وەک بنکەیەک بۆ ئۆپەراســیۆنە ســیاســی و ســەربازیەکانی حکومەتی ئێرانی نیگەران دەکات. تەنگ و چەلەمەکانی کوردەکانی ئێران و دۆخی پژاک دەبێت لە چوارچێوەی پەیوەندیە هەرێمیەکانی تەهران و نێودەوڵەتیدا لەبەرچاو بگیرێت.

بەســەرکەوتوویی تەواوکردنی پەیمانێک لەگەڵ گروپی (٥+١) ســەبارەت بە بەرنامە ناوەکیەکەی ڕێگا بە ئێران دەدات پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی ئاسایی بکاتەوە و سوود لە هەڵگرتنی ئابڵوقەکانی ســەری وەربگرێت. پەیمانێک هێزەکانی چاکســازیی لە ئێران بەهێزتر دەکات، لە ڕووی ســـیاســـەتی نێودەوڵەتی و ناوخۆییەوە. ئەگەر گفتوگۆ ناوەکیەکان بگەنە ڕێککەوتنێک ڕوحانی و هێزە ڕیفرۆمخوازەکانی ئێران هاندەدرێن و چینێکی مامناوەندی و پێشـــکەوتنخواز دەردەکەوێت. حکومەتی ئێران دەچێتە ژێر کاریگەری گرتنەبەری ڕێگای بەدیموکراتیبوون، پەیرەوکردنی سیاسەتی لیبرالی زیاتر بە ئۆتۆنۆمی و لامەرکەزیکردنی کۆمەڵگا نا-فارسەکانیشەوە.

ئەگەر گفتوگۆکان لەبارەی بەرنامەی ناوەکی شـکسـت بهێنن، ئایەتولا خومەینی و ئەنجومەنی گاردی پارێزکار هێزی ڕۆحانی کەم دەکەنەوە و دەسەڵاتی خۆیان دەسەپێنن بەسەر ئەو باڵەدا. ئەمریکا لە دبلۆماسیەتیەوە دەگۆڕێت بۆ ستراتیژیەتی گۆڕینی ڕژێم. ئەمە دەکرێت لە ڕێگای پشـتیوانی لە چالاکوانانی دیموکراسـی لەو وڵاتە بەدی بێت. ئیدارەی نوێی ئەمریکا تەنانەت ڕەنگە چالاکی نهێنیش لەبەرچاو بگرێت، بە یارمەتیدانی پژاک و چەکدارەکانی تر بۆ خستنە سەری فشاری زیاتر لە سەر ڕژێم.

پەیوەندیەکانی هەرێم و ڕۆژاڤا بەرەو پێشەوە چوون. بارزانی پشتیوانێکی کردارییی بوو لە بەژداربوون لە چالاکی دەرەوەدا کاتێک داعش هێرشـی کردە سـەر کانتۆنی کۆبانێ.(٢٥) پێشمەرگە پەیوەندیان بە جەنگەکەوە کرد. کورد شانبەشانی یەکتر جەنگان لە دژی داعش لە شـەنگال. دەکرێت نەوتی کوردسـتان لە ڕێگای ڕۆژاڤاوە ڕەوانەی دەرەوە بکرێت بەرەو دەریای ناوەڕاسـت. هەرچۆنێک بێت، ڕۆژاڤا هیچ دەرچەیەکی نیە بەرەو دەریا. دووریی نێوان سـنووری ڕۆژاڤا بۆ بەندەرێک نزیکەی سـی کیلۆمەترە، کە بەناو تورکیا و زەوی عەلەویەکاندا تێدەپەڕێت، کە لە لایەن حکومەتی سوریاوە کۆنترۆل کراوە.

# پێکهێنانی دەوڵەت

لە هەر ســــیناریۆیەکدا، حکومەتی هەرێم دەبێت وەک دەوڵەتێک ڕەفتار بکات نەوەک هەرێمێک یان میلیشـــیایەک. هەرێم پێویســـتی بە دامەزراوەی بەهێز هەیە. دەبێت کێشـــەکانی ڕێک بخات وە بەرەبەرە بەرەو دەوڵەتبوون هەنگاو بنێت. ئەو کاتەی کە عێراق دەکەوێت، کوردســـتان هەڵدەســـتێتەوە، متمانە، ڕێز و دانپیانانی نێودەوڵەتی گەورەتر بەدەست دەهێنێت.

حکومەتی هەرێم پێویســتی بە سـیاسـەتێکی ماکرۆ ئابووریی زیاتر هەیە. هەرێم خاوەن نەوتە و بازرگانی پێوە دەکات. ئەم جۆرە سـیاسـەتە بوارێکی کەم جێدەهێڵێت بۆ کەرتی هەمەجۆری تایبەت و وەبەرهێنانی ڕاســـتەوخۆی بیانی لە دەرەوەی کەرتی وزەدا. بۆ کارکردن وەک ئابوورییەکی ئاسایی، هەرێم پێویستی بە سیستەمێک هەیە بۆ دانـانی پێوانەی بـاج و کۆکردنەوەی، بە کۆکردنەوەی بـاج لە داهـاتی نەوت بودجەی نیشـتیمانی فەراهەم دەبێت. دەتوانرێت سـامانێکی سـەربەخۆ دابمەزرێنرێت، لە سـەر شێوازی نەرویجیەکان.

هەروەها هەرێم پێویســتی بە ئابوورییەکی هەمەجۆری زیاتر هەیە. ئاوەدانکردنەوە دووەم گەورەترین هاوبەشـکاریی بەرهەمی نیشـتیمانیە، بەڵام ئاوەدانکردنەوە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەیەکی ڕاستەقینەی نرخی خانووبەرە.(٢٦) فرۆشتنی کارەباش سەرچاوەیەکی تری داهاتە؛ کوردســـتانی عێراق بڕی زیاتری کارەبا بەرهەم دەهێنێت لەوەی بەکاری دەهێنێت. گەیاندن، چیمەنتۆ، پیشـەسـازی کشـتوکاڵیش دەکرێن وەک چالاکی داهات لێیان بڕوانین. بەقاچاغبردنی بیرە و جگەرەش بۆ ئێران کارێکی گەورەیە.(٢٧)

کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی کرداریی سیستەمی بانقیی نیە. چونکە زۆربەی داهاتی کوردســـتان لە ڕێگای نەوتەوە دەســـتەبەر دەکرێت، کە بە دۆلار بازرگانی پێوە دەکرێت، حکومەتی هەرێم دەتوانێت دراوی خۆی بگۆڕێت بۆ دۆلار. گۆڕینەوەی هەموو

دراوه کان به دۆلار واده کات پەیوه ندی بانقی ناوه ندی عێراق لەگەڵ بانقی فیدراڵی ئەمریکادا کەم بێتەوە. ئەمەش پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەمریکادا بەهێز دەکات و یارمەتیدەر دەبێت بۆ پێشخستنی ڕێککەوتنەکانی نەوت لەگەڵ بانقە ناوەندیەکان لە سەرتاسەری جیهاندا. بەم شێوەیە دڵنیایی نێودەولەتی گۆڕینەوەی دراو فەراهەم دەکات.(٢٨)

بانقی جیهانیی و سندوقی نێودەولەتی دراو زیاتر مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا دەکەن. سندوقی نێودەولەتی دراو شارەزایی تایبەتی هەیە بۆ ئامۆژگاریکردنی سەبارەت بە سیاسەتی ئابووریی. هەرچەندە ئەندامبوون لە ئێستادا ناکرێت، بەڵام هەرێم دەتوانیت بانقی ناوەندی یان سندوقی نێودەوڵەتی دراو هانبدات بۆ دامەزراندنی گروپی کاردن لە کوردستانی عێراقدا. گروپەکانی کارکردن لە کەسێکی سەرەکی پێکدێت وە لەگەڵ هاوتاکەی حکومەتی هەرێم، کاربکات لە ڕێگای نووسینگەی هەماهەنگی لە هەولێر.

به ئەنجامدانی ئەمە، هەرێم دەتوانێت تیمێکی گرنگی ڕاوێژکاری ئابووریی پێک بهێنیت کە کاربکەن لەگەڵ نوێنەرەکانی بانقی ناوەندی یاخود سندوقی نێودوەڵەتی دراو لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەنجینەی پەیوەندی بازرگانی وە کەرتی وزە. دروستکردنی ئەمە هەنگاوێکی گەورە دەبێت بەرەو کارکردن وەک دەوڵەتێک. تەنیا ڕاگەیاندنی ئەمە ئاماژەی ڕاستەقینە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەنێریت.

وە دەبێت نێو ماڵی کوردی بۆ بنیادنانی کوردستانی عێراق ڕێک بخرێتەوە. ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی تەگەرەیەکی گەورە بووە لە پێشکەوتنەکان. جەنگی ناوخۆی ساڵی ١٩٩٥ بووە هۆی دروستبوونی دوو دەوڵەتی بچووک، لە جیاتی هاوبەشیکردنی گەوهەری لە دەسەڵاتدا. لەناو ئەم باسەدا و لەو کاتە گرنگەدا بەڕاستی مەتەلێکی سەروسەمەرەیە. هاوبەشیکردنی دەسەڵات لەم کاتە هەستارەدا زۆر گرنگە بۆ

کوردستانی عێراق. هەرچۆنێک بێت، کوردستانی عێراق پێویستی بە دەوڵەتێکی بەهێز هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناڕەحەتیەکان لە سەر ڕێگای سەربەخۆییدا.

ڕوانینێکی نەتەوەیی زاڵ دەبێت بەســەر دڵســۆزیی بۆ هۆز و حزبایەتی. هەروەها دەبێتە هۆی پوچەڵکردنەوەی خزم خزمینە لەناو دەســـەڵاتدا، کە بنەڕەتی گەندەڵیە و کاریگەریەکی ژەنگاویی هەیە لە ســـەر حوکمڕانیدا. بۆ دڵنیابوون، خزم خزمانێ و گەندەڵی لە ســەرتاســەری خۆرهەلاتی ناوەڕاســتدا هەیە. هەروەها ئەمانە لە کۆمەڵگای کوردیشـدا بە ڕوونی دەبینرێت، کە تیایدا ئایدۆلۆژیەتی خزمایەتی و دڵسـۆزیی خێڵەکی بەقوڵی ڕەگی داکوتاوە.(٢٩)

بەهەڵە بەکارهێنانی دەســـەڵات و بوونی پارەی نەقدی بۆ گەندەڵی، ڕێگرن بۆ ســـەربەخۆیی. ســـودوەرگرتن لە ئاوەدانکردنەوە و بەکارهێنانی شـــتمەک بووە هۆی دروســـتکردنی ئابووریەکی پشـــت بەســـتراو بە پارەی نەقد. گەندەڵی بەردەوام بوو بە هەڵپەســارنی (١٧٪)ی بودجە لە لایەن بەغداوە. بڕیارەکانی حکومەت لە ســـەر بنەمای تۆڕی پەیوەندیە کەسیەکان بنیاد دەنرێت. یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیەکی بەهێز و ســـەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان شـــەفافیەتی بەرەوپێشـــەوە برد و پارتی دیموکراتی کوردســـتانی بالا دەســـت، بەرپرســـیار کرد بەرامبەر ئەو کارانەی لە داهاتودا دەکرێن. هەرچۆنێک بێت، ئێســـتا گۆڕان بەشـێکە لە ســیســـتەمەکە، کە بووە هۆی کاریگەری هەبوون لە ســـەر ســـەربەخۆییەکەی و کەمکردنەوەی پشـــتیوانی گشـــتی هەوادارانی. لەوکاتەی پارتی دیموکراتی کوردســـتان توانای خۆی نیشـــانداوە بۆ حوکمڕانیەکی کاریگەر، خواســـتەکەی بەرەو تاکلایانەیە لەجیاتی حوکمێکی گشـــتگیر و بڵاو پەیڕەو بکات.

جۆرێک لە ئیســـتیحقاق لەناو ئەو کوردانەدا هەیە کە خەباتیان کردووە لەپێناو ئازادیدا. ژمارەیەکی زۆر دڵســۆز پۆســتیان پێدراوە بەبێ ئەوەی کاربکەن. لە وەزارەتی

کاروباری ئەنفالدا، فەرمانبەران تەنیا لە سەری مانگدا خۆیان دەردەخەن و پارەی چەکی بانق وەردەگرن. پارتی و یەکێتی خەڵکێکی یەکجار زۆر دادەمەزرێنن. نەبوونی بوێری پەککەوتنی حکومەتی زیاتر دەکات و پێشـــکەوتنەکان پەک دەخات. حکومەتی هەرێم پێویســتی بە پرۆســەیەکی کەفائەتی دامەزراندن و چاکســازی ریشــەیی هەیە، بەو هەنگاوانەشــەوە بۆ بچوککردنەوەی حکومەت و کەمکردنەوەی قەرزی گشــتی. نزیکەی لە (٧٧٠)ی هێزی کار لە کوردســتان لە لایەن حکومەتەوە دامەزرێنراوە. بێکاریی لەنیو گەنجاندا بڵاو بۆتەوە. ئەو کەسانەی تەمەنیان لە خوار بیست ساڵیەوەیە نزیکەی نیوەی دانیشــتوان پێک دەهێنن. فەرهەنگی مادییەت و بەفیرۆدانی ئاشــکرا لە کوردســتان بە روونی دیارە.(٣١)

کۆنفرانســێکی گەورە و هەمەلایەنی نەتەوەیی کوردی لە ٢٠١٣دا پلانی بۆ دارێژرا. عبدالله ئۆجەلان ســەرپەرشــتی ئەجێنداکەی دەکرد، کە مەبەســتی دروســتکردنی کوردستانێکی گەورە بوو. جێگای سەرسورمان نەبوو، هەرێم لەژێر کاریگەری واشنتۆن و ئەنقەرەدا کۆنفرانسەکەی هەڵوەشـاندەوە.(٣٢) بەگوێرەی وتەکانی عوسـمان بایدەمیر، سـەرۆکی پێشـووی شـارەوانی دیاربەکر، بنیادنانی کۆنفرانسـێکی لەم جۆرە بێ سـوود دەبوو بەبێ بەژداری پەکەکە، پژاک و پەیەدە.(٣٣) ئەو دەیەوێت دەستپێشخەریەکە نوێ بکاتەوە بە بەژداری ســەرجەم پارت و لایەنەکان. بۆ دروســتبوونی ناوچەیەکی ئارام، دەبێت کۆنفرانســەکە جەخت لە ســەر هەماهەنگی پەرینەوە لە ســنوور بکاتەوە لە دراوسێیەتی کوردی لەجیاتی دووبارە کێشانەوەی سنوورەکان.

مەسـعود بارزانی دەیەوێت سـەرکردایەتی بەرەیەکی یەکگرتووی گروپە کوردیەکان بکات. هەرچۆنێک بێت، پەیەدە بەرەنگاری رۆڵی بارزانی بووەوە. حکومەتی هەرێم و پەیەدە هۆکارگەلێکی زۆریان هەبوو بۆ هەماهەنگیکردن. هەردووکیان لەژێر هەرەشـــەی هێرشـــەکانی داعشــدان. هەرێم و رۆژاڤا ئیدارەی خۆجێییان هەیە. گواســتنەوەی نەوت رەنگە لە داهاتوودا پێویســتی بە هەماهەنگی کردن بێت لەگەڵ دەسـەڵاتدارانی رۆژاڤادا.

هەرێم و پەیەدە توانیان داعش لە شەنگال وەدەرنین. پەیەدە و هەرێم ئەوەیان نیشاندا کە لە توانایاندا هەیە بەسەر جیاوازیەکانیاندا زاڵ بن و پەرە بە هەماهەنگی سنوور بدەن بۆ بەرەوپێشبردنی ئاساییش، هاوکاری مرۆیی و ئیدارەی نێوخۆیی هاوبەش.(٣٤)

یەکگرتنی کوردان سەرەکیترین خاڵی سەرکەوتنە، بەتایبەتی لەکاتی بوونی کێشە و قەیراندا. جیاوازیەکانی نێوان بارزانی و ساڵح موسلم تەنیا ڕووکەشن و حەقیقی نین. پەیەدە نابێت بەرەنگاری سەرکردایەتی بارزانی ببێتەوە. لە بایەخی لقی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوریادا کەم بکاتەوە. وە ناشبێت کوردانی عێراق لە گەورەیی ساڵح موسلم کەم بکەنەوە یان بەرەنگاری ببنەوە. کە کوردانی سوریا یەکیان گرت بۆ بەرگری کردن لە کۆمەڵگاکەیان لە بەرامبەر هێرشەکانی داعش و هێزەکانی ئەسەد، بارزانی دەتوانێت پشتیوانی پەیەدە بکات. داعش سەرکەوتوو بوو لە یەکخستنەوەی کوردان بۆ شەڕکردن لە دژی تیرۆریزم.

دراوسێیەتی کورد دەبێتە بۆشاییەک بۆ فراوانکردنی بازرگانی و خۆشەویستی فەرهەنگی لە سەر بنەمای کوردستانێکی گەورە. وەک هاتنە دەرەوەی هەڵم لە قۆری، هەماهەنگی کردارییش لەناو دراوسێیەتی کورددا هەڕەشەکان لەناو دەبات بۆ یەکگرتنی سنووریی لەجیاتی زیادکردنی جیاوازیەکان لە نێوان دەوڵەتان کە تیایدا کورد نیشتەجێن. پێشکەوتنی دیموکراتی لە کوردستانی عێراقدا وەک ئیلهامێک بۆ هەموو کوردانی ناوچەکە خزمەت دەکات، سەرەڕای بوون بە مۆدێلێک بۆ دەوڵەتانیش.

*****

شتێکی باش دەبێت ئەگەر عێراقیەکان لە سەر یەک دۆزی هاوبەش یەکتر بگرن. ڕەنگە عەبادی دەرکەوێت لە خۆگرتنی ئاشتەوایی نیشتیمانیدا. سوپای عێراق ڕەنگە سەرکەوتوو بێت لە یەکخستنەوەی لایەنە سەربازیەکان و بتوانێت ناوچەکانی ژێردەستی داعش بگرێتەوە. هەرچۆنێک بێت، ئەم ئامانجانە ڕەنگە ئاوات بۆ خوازراو بن لە هەر

ڕووداوێکدا، بەڵام سەقامگیری عێراق پێویستی بە کات دەبێت. سەرکەوتنێکی ڕوون لە دژی دەوڵەتی ئیسـلامی ڕەنگە شـتێکی زەحمەت بێت. کۆتایی هاتنی جەنگی ناوخۆیی سوریا ئامانجێکی دوورە. هاوپەیمانەتیەکان تەنیا ڕەمزین. لەناوبردنی ئیسلامی توندڕەو لە ڕێگای پێشکەوتنی پەروەردە و ئابووریەوە تەقەلایەکی چەندین ساڵەی گەرەکە.

حکومەتی هەرێم دوا مۆڵەتی دیـاریکردووە بۆ بەغـدا بۆ ڕوونکردنەوەی کێشـــە سـەرەکیەکان. ئەگەر عەبادی شـکسـتی بهێنێت لە بەدەسـتهێنای ڕای چارەگێک یان قایلکردنی کورد، واشـنتۆن دەبێت بەرەنگاری ئەو ڕاسـتیە بێتەوە کە عێراق ناتوانێت وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو وە پڕ سەروەری بمێنێتەوە. ئەمریکا هەوڵی نیازچاک دەدات بۆ ڕزگارکردنی عێراق بەڵام ئەگەر عێراق شـکسـت بهێنێت، دەبێت وڵاتان ڕێکبخات بۆ پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان. لە هەمانکاتدا، ئیدارەی ئەمریکا دەبێت بلۆککرندنی فرۆشـتنی نەوت لە کوردسـتانی عێراقەوە بوەسـتێنێت بۆ ئەوەی کوردەکان داهاتیان هەبێت بۆ وەبەرهێنان لە بنیادنانی دەوڵەتدا. بۆ بەهادارکردنی شـەمەندەفەرەکە و پڕچەککردنی بەرنامەکەی، دەبێت واشـنتۆن بەدوای ڕێککەوتنێکدا بگەڕێت لەگەڵ هەرێم بۆ دیاریکردنی ئەرکە یاسـایی و سـەربازیەکانی ئەو وڵاتە کە لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت. تەنانەت سوپایەکی بچووکی ئەمریکا لە کوردستان یەرمەتیدەر دەبێت لە بەرگری کردن لە کورد دژی داعش وە نیشـانی تەهران دەدات کە هێشـتا ئەمریکا لەناو مەسەلەکەدایە.

دەبێت ئەمریکا سـەرنجی هەوڵەکانی لە ناوچەکەدا بخاتە سـەر کورد. وەزارەتی دەرەوە دەبێت پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربهێنێت. پەکەکە ڕێزی لە ئاگربەستەکەی و کشانەوەی هێزەکان لەناو تورکیادا گرتووە. ئەو بۆتە هێزێکی هەمیشەیی لە ناوچەکەدا، زۆر بە شێوەیەکی کاریگەر دژی داعش دەوەستێتەوە، یەزیدیەکان دەپارێزێت لە شەنگال و بەربەسـتێک نیە لەبەردەم ئەمریکادا کە پەکەکە لە لیسـتی تیرۆردا بهێڵێتەوە. بەهەمانشـێوە، یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی تر دەبێت پەکەکە لەو لیسـتە دەربهێنن.

دەرهێنانی پەکەکە لەو لیستەدا سەلماندنێکی ئەرێنیە، دووبارە گفتوگۆی ئاشتی رێکدەخاتەوە و رێککەوتنەکە دەگەنێتە ئامانجی خۆی. پەکەکە بەدوای ئاشتیەکی شکۆداردا دەگەڕێت. لە ناوبردنی زەلیلی رێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی دیاریدەکات.

پێشکەوتنی پەکەکە رێگا بە پێشکەوتنی زیاتر دەدات لەگەڵ پەیەدە. بەهەمانشێوە، پەیوەندی باشتر لەگەڵ پەیەدە کاریگەری دەبێت لە سەر پەیوەندیەکانی نێوان وڵاتانی رۆژئاوا و پەکەکەدا. ساڵح موسلم دەبێت ڤیزای پێبدریت بۆ سەردانی کردنی ئەمریکا بۆ کۆبوونەوە فەرمیەکان، بە گفتوگۆکانی پنتاگۆنیشەوە.(٣٥) ئەگەر پەیەدە دژی داعشە، واشنتۆن دەبێت پێشوازی لێ بکات بۆ بەرەنگاوربوونەوەی ئەسەد و جەنگی دژی توندڕەوە سوننەکان. ئۆپۆزسیۆنی بەناو میانرەوی سوریا تەنیا ئەفسانەیەکە. دۆستەکانی رۆژئاوا زۆر کەم و دەگمەنن لە سوریادا.

باشترین و تەنیا دۆستی ئەمریکا لە عێراق کوردەکانن. واشنتۆن دەبێت پلانی واقیعی دابرێژێت، وە لەگەڵ رووداوەکاندا بڕوات. لە جیاتی هەوڵدان بۆ قاییلکردنی دوژمنەکانی، ئەمریکا دەبێت پشتیوانی دۆستەکانی بکات. کورد لە ڕابردوودا، "هیچ دۆستێکیان نەبووە جگە لە چیاکان". لە عێراق و سوریای ئەمڕۆدا، "ئەمریکا هیچ دۆستێکی نیە جگە لە کوردەکان"

**کۆتایی**

# سەرچاوەکان


1. “Kurdistan Region-Iraq News in Brief. July 2, 2014.” *Kurdistan Region-Iraq News in Brief. July 2. 2014.* N.p., n.d. Web. 12 Sept. 2014. <http://www.ekurd.net/mismas/articles/misc2014/7/kurdlocal1655.htm>.
2. Gordon, Michael R., and Alissa J. Rubin. “Kurdish Officials Seek More Autonomy in Any Deal With a New Government.” *The New York Times.* The New York Times, 03 July 2014. Web. 7 July 2014.
3. “Iraq: Select Issues.” *IME Country Report* 13.218 (2013): n. pag. July 2013. Web. <http://www.imf.org/external/pubs/ft/scr/2013/cr13218.pdf>.
4. “Resetting the U.S. -Kurdish-Baghdad Relationship.” - *The Washington Institute for Near East Policy.* N.p., n.d. Web. 26 Sept. 2014. <http://www.washingtoninstitute.org/policy-andalysis/view/resetting-the-u.s.-kurdish-baghdad-relationship>.
5. *The Wall Street Journal.* Dow Jones & Company, n.d. Web. 14 July 2014.
6. “Iraqi Kurdistan’s Oil Tanker Leavers Moroccan Port with Unloading - News.” *Iraqi Kurdistan’s Oil Tanker Leaves Moroccan Port without Unloading - News.* N.p., n.d. Web. 14 July 2014.
7. “Kurdistan Oil Export: A Game Changer.” *American Center for Democracy.* N.p., n.d. Web. 14 July 2014.
8. Arango, Tim, and Clifford Krauss. “Poised to Gain in Iraq Crisis, Kurds Face New Barriers to Autonomy.” *The New York Times.* The New York Times, 04 July 2014. Web. 7 July 2014.
9. Interview with Cismat Firat by the author. August 7, 2014.
10. Abc News Poll: Iraq – Where Things Stand, and Embargo For Release After 6:30 P.m., Monday, March 15, 20. *EMBARGOED FOR RELEASE AFTER 6:30 P.M., Monday, March 15, 2004 While Ambivalent About the War, Most Iraqis Report a Better Life (n.d.): n.pag. Web.*
11. “Associations.” *International Network of Museums for Peace.* N.p., Web. 14 July 2014.

12. “Saturday 9 August 2014.” *Support Kurds in Syrian RSS.* N.p., n.d. Web. 26 Sept. 2014. <http://supportkurds.org/news/saturday-9-august-2014/>.
13. Thomas L. Friedman. “ISIS Crisis.” *The New York Times.* September 24, 2014.
14. Alissa J. Rubin and Alan Cowell. Kurdish Government Calls on Maliki to Quit as Premier.” The New York Times. July 11, 2014. Pg. A6.
15. “Iraq’s Maliki ‘hysterical’ Says Kurdish Leader | MidEast | Daily Sabah.” *Dailysabah.com.* N.p., n.d. Web. 14 July 2014.
16. http://www.theguardian.com/world/2014/jul/03/kurds-independence-referendum-iraq-massoud-barzani
17. Remarks by President Recep Tayyib Erdogan at the Council on Foreign Relations. New York, September 22, 2014.
18. “MIDEAST - Ankara ‘will Not Block Kurdish State in Iraq’” *Ankara ‘will Not Block Kurdish State in Iraq’* N.p., n.d. Web. 14 July 2014.
19. “ISIL in Iraq Series: Iraq-Turkey Economic Ties Survive ISIL – Global Risk Insights.” *Global Risk Insights.* N.p., n.d. Web. 14 July 2014.
20. “Turkey Just Got Forty-Six Hostages Back From ISIS. How Did That Happen?” *Slate Magazine.* N.p., n.d. Web. 26 Sept. 2014. <http://www.slate.com/blogs/the_world_/2014/09/22/isis_hostages_turkey_just_got_46_hostages_back_from_the_terror_group_how.html>.
21. Gordts, Eline. “PKK Rebels Start Withdrawal From Turkey, Officials Says.” *The Huffington Post.* TheHuffingtonPost.com, 08 May 2013. Web. 26 Sept. 2014. <http://www.huffingtonpost.com/2013/05/08/pkk-starts-withdrawal-turkey_n_3237178.html>.
22. Bennhold, Katrin. “From Kurdistan to Texas, Scots Spur Separatists.” *The New York Times.* The New York Times, 10 Sept. 2014. Web. 26 Sept. 2014. <http://www.nytimes.com/2014/09/11/world/europe/separatists-around-the-world-draw-inspiration-from-scotland.html?_r=0>.
23. “Iraq’s Kurds Vow to Keep Kirkuk Oil Fields Until Referendum.” *Bloomberg.com.* Bloomberg, n.d. Web. 26 Sept. 2014.

<http://www.bloomberg.com/news/2014-06-30/iraq-s-kurds-vow-to-keep-kirkuk-amid-referendum-plan.html>.

24. Reuters. “Kurdish Forces Fight Off ISIS Attack On Kobani.” *The Huffington Post.* TheHuffingtonPost.com, 25 Sept. 2014. Web. 25 Sept. 2014. <http://www.huffingtonpost.com/2014/09/25/kobani-isis_n_5879964.html>.
25. “Iraqi Kurdistan’s Real Estate Market: A Bubble about to Burst?” *Iraqi Kurdistan’s Real Estate Market: A Bubble about to Burst?* N.p., n.d. Web. 26 Sept. 2014. <http://www.ekurd.net.mismas/articles/misc2012/9/state6521.htm>.
26. Interview with Shwan Taha by the Author. Istanbul, August 7, 2014.
27. Wearden, Graeme. “US Rivals ‘plotting to End Oil Trading in Dollars’” *Theguardian.com.* Guardian News and Media, 06 Oct. 2009. Web. 14 July 2014.
28. “SUMMER 2007 VOLUME XIV: NUMBER 3.” *Iraqi Kurdistan’s Downward Spiral.* N.p., n.d. Web. 14 July 2014.
29. Ibid.
30. Interview with Shwan Taha by the author. Istanbul August 7, 2014.
31. “Long-awaited Pan-Kurdish National Conference Postponed indefinitely.” *Ekurd.* N.p., 11 Nov. 2013. Web. 14 July 2014.
32. Interview with Osman Baydemir by the author. May 19, 2014 (New York).
33. “They’re Saving Yazidis Yet Ignored by the US-why?” *CNBC.* N.p., n.d. Web. 26 Sept. 2014. <http://www.cnbc.com/id/101927791>.
34. “Five Reasons US Should Change Policies toward Syria’s Kurds - Al-Monitor: The Pulse of the Middle East.” *Al-Monitor.* N.p., Web. 12 Sept. 2014. <http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2013/10/us-change-policy-syria-kurds.html>.



نووسەر لە چەند دێڕێکدا:

دەیڤید خاوەنی ٢٥ ســـاڵ ئەزموونە لە بنیادنانی ئاشـــتی بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەکادیمیا، پەیمانگاکانی سیاسەت.

فلیپس ئێســـتا بەڕێوەبەری بەرنامەی بنیاتنانی ئاشـــتی و مافە لە زانکۆی کۆلۆمبیا بۆ خوێندنی زانستی مافەکانی مرۆڤ.

ئەو خاوەنی چەندین ڕاپۆرت و وتاری سیاسیە لە دەزگا بەناوبانگەکانی وەک، 'نیۆیۆرک تایمز، وۆل ســتریت جۆرنال، فاینانشــال تایمز، ئینتەرناشــنال هێرالد تریبون وە فۆرن ئەفێرس'. دەیڤید فلیپس نووسەری ئەم پەرتووکانەی خوارەوەیە:

- بەهاری کوردی: نەخشەیەکی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (٢٠١٥)
- ئازادکردنی کۆسۆڤۆ: هەڕەشە دبلۆماسیەکان و دەستوەردانی ئەمریکا (٢٠١٢)
- لە فیشەکەوە بۆ دەنگدان: بزووتنەوە توندڕەوەکانی موسڵمانان لە گۆڕاندا (٢٠٠٨)
- شکستی عێراق: لەناو شکستی بنیاتنانەوەی دوای جەنگ (٢٠٠٥)
- بێدەنگ نەکردنی ڕابردوو: ڕێوشـــوێنی ئاشـــتبوونەوەی دوو دبلۆماســـیەتی تورکی-ئەرمەنی (٢٠٠٥)

تێبینی:

بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە، بەشێکی زۆری بیبلیۆگرافیای ئەو کەسایەتیانەی کە دوور و نزیک پەیوەندیان بە دۆزی کوردەوە هەبووە و هۆکارێک بوون بۆ جوڵاندنی ئەو دۆزە، لە پەراوێزێکدا بە کورتی خراونەتەڕوو. وە زانیاریەکان لە ماڵپەڕی 'ویکیپیدیا'وە وەرگیراون.

## پێرست


M

MIT, 306, 308, 310, 330

ب

برێمەر 227, 231

بوش, 20, 25, 43, 115, 116, 117, 119, 226, 236, 240, 243, 250, 251, 257, 258, 265, 277, 278, 280, 355, 357, 386, 400

بەرهەم ساڵح 233, 234

بەریتانیا, 23, 55, 56, 57, 58, 62, 64, 67, 70, 71, 75, 77, 78, 79, 80, 81, 82, 83, 84, 85, 91, 92, 93, 94, 96, 100, 101, 102, 128, 141, 145, 159, 164, 180, 230, 234, 235, 306, 342, 401, 402, 414

بەسرا, 57, 70, 94, 250, 267

بەشار ئەسەد, 138, 179, 180, 181, 183, 316, 365, 407

بەعس, 22, 23, 102, 105, 109, 113, 138, 167, 172, 173, 176, 185, 227, 235, 246, 256, 259, 377

بەغدا, 13, 21, 22, 55, 56, 57, 97, 98, 101, 104, 106, 112, 116, 119, 173, 183, 199, 208, 209, 223, 226, 231, 232, 236, 242, 243, 244, 248, 249, 253, 254, 256, 257, 266, 267, 268, 280, 339, 367, 378, 379, 382, 389, 390, 398, 399, 400, 418, 422, 424, 425, 438, 439, 441, 444, 449, 457

پ

پاتریۆس 244

پارتی دیموکراتی کوردستان, 20, 21, 32, 35, 97, 98, 114, 143, 167, 169,

304, 305, 306, 307, 308, 309, 310, 311, 312, 324, 333, 337, 340, 344, 356, 358, 360, 384, 410, 412, 447, 455, 457, 458

**پەیمانی بەغدا** 101 ,

**پەیمانی سیڤەر** 59, 70, 73, 74, 75, 76, 79, 82, 83, 415

**پەیمانی لۆزان** 79 ,

**پەیەدە** 28, 32, 182, 184, 331, 332, 334, 335, 336, 337, 338, 340, 343, 344, 384, 455, 456, 458

**ت**

**تالب هیلال** 319, 320, 321

**تورکیا** 20, 24, 25, 27, 28, 31, 32, 34, 36, 38, 40, 42, 55, 60, 65, 67, 68, 70, 71, 73, 74, 75, 76, 77, 79, 80, 81, 82, 83, 84, 85, 92, 95, 101, 113, 118, 123, 126, 127, 129, 130,

171, 195, 202, 206, 208, 211, 214, 233, 253, 254, 338, 364, 391, 454, 456

**پارێزبەندی** 250, 258, 287, 386

**پژاک** 214, 301, 355, 356, 357, 358, 359, 360, 364, 365, 425, 450, 451, 455

**پێشمەرگە** 20, 22, 98, 106, 117, 123, 124, 125, 208, 220, 233, 241, 248, 249, 257, 262, 381, 382, 392, 400, 401, 403, 424, 441, 446, 451

**پەکەکە** 31, 133, 135, 136, 137, 138, 139, 140, 141, 142, 143, 144, 145, 146, 147, 149, 150, 152, 153, 174, 179, 182, 192, 214, 222, 224, 261, 279, 285, 286, 291, 292, 293, 295, 296, 297, 301, 302, 303,

441, 442, 446, 447,
450, 451
تیرۆر 22, 145, 148, 180,
209, 236, 258, 278,
282, 308, 357, 358,
366, 389, 406, 411,
418, 419, 448, 457

ج

جولەکە 175,
جینۆساید 227, 377, 401,
جیهادیەکان 328, 333, 334,
335, 338, 339, 381,
402, 408, 442
جەلادەت بەدرخان 160,
جەلال تالەبانی 98, 105,

چ

چواردە خاڵەکە 59,

ح

حافز ئەسەد 138, 167, 172,
179, 183, 321, 331
حزب الله 322, 328, 366,
417, 426
حوکمی زاتی 21, 42, 50,
53, 59, 74, 98, 192,
131, 132, 133, 134,
136, 137, 138, 139,
140, 141, 143, 144,
145, 146, 147, 149,
150, 151, 152, 153,
159, 160, 162, 163,
174, 179, 180, 182,
192, 193, 198, 202,
212, 214, 215, 222,
261, 262, 263, 264,
266, 267, 268, 269,
273, 274, 275, 276,
277, 278, 279, 280,
281, 282, 283, 284,
286, 287, 288, 290,
291, 292, 293, 294,
295, 297, 298, 299,
301, 302, 303, 304,
306, 307, 310, 312,
320, 321, 324, 325,
327, 328, 329, 333,
334, 336, 338, 340,
341, 343, 344, 345,
356, 358, 360, 384,
405, 407, 408, 409,
410, 412, 413, 414,
415, 418, 429, 439,

201, 220, 221, 331, 356
حەلەب 159, 160, 183, 379,

## خ

خومەینی 110, 112, 203, 204, 207, 208

## د

داعش 18, 32, 33, 330, 333, 334, 335, 338, 367, 369, 377, 378, 379, 380, 381, 382, 383, 384, 385, 387, 388, 390, 398, 400, 401, 402, 403, 404, 406, 407, 408, 413, 414, 417, 418, 419, 420, 421, 423, 424, 426, 427, 428, 440, 441, 442, 447, 451, 455, 456, 457
دهۆک 119, 229, 240, 384, 385, 442
دۆزی کورد 97, 141, 143, 145, 160, 178, 219, 264, 265, 293, 316, 321, 340, 364
دیاریەکر 24, 78, 125, 126, 132, 140, 146, 151, 163, 264, 269, 283, 284, 286, 289, 295, 298, 302, 316, 455
دەرسیم 72, 78, 128, 129, 130
دەستووری عێراق 239,
دەوڵەتی ئیسلامی 330, 334, 335, 338, 367, 381, 383, 384, 385, 397, 400, 405, 408, 417, 421, 438, 441, 456

## ڕ

ڕۆژاڤادا 28, 183, 329, 337, 338, 384, 455

## ر

رێککەوتننامەی جەزائیر 22,

## ڕ

ڕێککەوتننامەی واشنتۆن 224, 225

326, 327, 328, 329, 330, 331, 332, 334, 335, 336, 337, 339, 340, 341, 342, 343, 344, 360, 365, 367, 369, 377, 379, 380, 382, 384, 402, 404, 405, 406, 407, 413, 414, 416, 417, 419, 426, 427, 442, 456, 458

سیستانی 388, 367, 230, 422

سەدام 27, 26, 25, 21, 20, 31, 38, 42, 43, 102, 105, 108, 109, 110, 111, 113, 115, 116, 117, 119, 143, 175, 208, 211, 220, 222, 223, 225, 226, 227, 236, 256, 277, 278, 318, 322, 416, 423, 438, 441

سەربەخۆیی 59, 53, 52, 26, 60, 65, 66, 68, 71, 74, 76, 83, 91, 92, 93, 94, 95, 103, 105, 119,


## س

سالح موسلم 335, 332, 331, 337, 339, 340, 344, 456, 458

سایکس-پیکۆ 61, 60, 57, 68, 159, 377

سعودیه 115, 112, 23, 331, 334, 366, 367, 380, 416, 417, 418, 419, 421, 424, 426, 427, 428

سمکۆ 254, 193

سوپای مەهدی 422, 250

سوریا 31, 29, 28, 26, 18, 32, 34, 38, 44, 70, 72, 76, 82, 92, 96, 124, 132, 136, 138, 139, 142, 145, 152, 159, 161, 162, 164, 165, 166, 167, 168, 170, 171, 172, 173, 174, 175, 176, 177, 178, 179, 180, 181, 182, 183, 184, 191, 214, 286, 292, 295, 301, 316, 317, 318, 320, 322, 323, 324, 325,

123, 126, 136, 160, 164, 193, 198, 203, 232, 238, 242, 262, 265, 267, 280, 282, 284, 295, 299, 324, 391, 425, 429, 438, 439, 440, 441, 442, 446, 447, 448, 454, 457

سەید ڕەزا 128 ,


## ش

شێخ سەعیدی پیران, 123, 160, 163

شـــەنگال, 382, 383, 384, 402, 408, 442, 451, 455, 457


## ع

عوســـمان ســـەبری, 163, 166, 168

عێراق, 18, 20, 21, 22, 25, 26, 27, 31, 32, 33, 34, 35, 38, 40, 41, 42, 43, 44, 70, 72, 77, 78, 80, 81, 82, 83, 84, 91, 92, 93, 94, 95, 96, 97, 98, 100, 101, 102, 103, 104, 105, 106, 107, 108, 109, 110, 111, 113, 114, 115, 116, 117, 118, 119, 131, 132, 136, 143, 145, 147, 164, 168, 171, 172, 173, 175, 179, 183, 184, 191, 192, 198, 202, 206, 208, 209, 211, 213, 214, 215, 220, 221, 222, 223, 224, 225, 226, 227, 228, 229, 230, 231, 232, 233, 234, 235, 236, 237, 238, 239, 240, 241, 242, 243, 244, 245, 246, 247, 248, 249, 250, 251, 252, 254, 256, 257, 258, 259, 260, 262, 263, 264, 266, 267, 268, 278, 279, 280, 285, 294, 295, 301, 303, 316, 318, 319, 322, 328, 330, 333, 334, 336, 337, 339, 340, 342, 357,

فەرەنسا 55, 38, 24, 18 ,
57, 58, 61, 64, 65, 67,
70, 71, 72, 75, 76, 77,
79, 81, 85, 101, 102,
111, 112, 143, 159,
160, 162, 164, 205,
290, 342, 401, 402

ق

قازی محەمەد 196, 195 ,
198, 199, 200
قاسم سولەیمانی 366, 250 ,
422
قاعیدە 248, 246, 244 ,
249, 261, 330, 339,
381, 389, 417, 420,
423

ك

کوردستان 72, 23, 22, 21 ,
320, 377, 378, 391,
392, 418, 419

ک

کوردستانی ئێران 191, 41 ,
192, 194, 198, 202,
204, 205, 206, 209,
358, 360, 365, 366,
367, 368, 369, 377,
378, 379, 380, 381,
382, 383, 384, 385,
386, 387, 388, 390,
397, 398, 399, 400,
401, 402, 403, 404,
405, 406, 408, 414,
416, 417, 418, 419,
420, 421, 422, 423,
424, 425, 428, 429,
438, 439, 440, 441,
446, 448, 449, 450,
452, 453, 456, 457,
458, 462
عەبدولرەحمان قاسملو204 ,
عەلمانی 127, 110, 81 ,
134, 160, 203, 275,
276, 298, 299, 309,
316, 362, 411, 441
عەلی کیمیایی115 ,

ف

فوئاد حسێن 398, 391, 390 ,
438
فیدرالیزم294, 259, 22 ,

380, 405, 417, 419, 426, 427
لەیلا زانا284 ,283 ,

م

ماددەی ١٤١145 ,
ماددەی ٥٨239 ,238 ,228 ,
مـالیـکی ,250 ,249 ,248 , 251, 256, 257, 259, 260, 261, 267, 368, 369, 381, 382, 385, 386, 387, 388, 422, 424, 438, 449
محەمەد خاتەمی361 ,212 ,
مســـتەفا بارزانی ,97 ,22 ,21 , 98, 108, 164, 196, 198, 199, 232
مەسعود بارزانی418 ,22 ,
موجاهیدینی خەلق356 ,
موراد قەرەیلان292 ,
موســــتە فا کە مال ئە تاتورک ,68 , 127, 298
موسڵ ,82 ,81 ,80 ,71 ,57 , 83, 84, 85, 91, 95, 96, 99, 102, 117, 159, 229, 239, 246, 247, 248, 250, 367, 381,

210, 212, 214, 223, 363, 425
کۆبانێ ,336 ,333 ,159 ,32 , 383, 384, 451
کۆمـاری ئیســـلامی ئێران ,205 , 207, 208, 210
کۆنفرانسی ئاشتی پاریس64 ,
کەرکـوک ,40 ,26 ,20 ,19 , 55, 85, 92, 95, 98, 119, 231, 232, 234, 238, 239, 240, 248, 252, 262, 263, 264, 278, 382, 449
کەمالیزم160 ,130 ,127 ,

گ

گشـتپرسـی ,232 ,203 ,131 , 239, 243, 259, 261, 288, 290, 305, 382, 390, 391, 438, 446, 449
گولەن309 ,

ل

لـوبـنـان ,163 ,162 ,138 , 164, 181, 251, 257, 327, 328, 340, 366,

229, 233, 238, 240, 241, 249, 261, 267, 269, 281, 339, 340, 364, 377, 382, 384, 385, 389, 390, 398, 399, 414, 418, 425, 429, 449
هەولـێـر, 20, 23, 32, 35, 36, 66, 119, 223, 224, 229, 240, 249, 256, 259, 266, 268, 286, 316, 338, 339, 343, 364, 368, 383, 384, 385, 391, 400, 401, 424, 426, 442, 447, 453

و

ولسن, 59, 60, 61, 62, 65, 70, 85, 159

ئ

ئارارات, 38, 66, 126, 162, 191
ئــاکەپە, 274, 277, 296, 297, 299, 300, 303, 309, 312, 409

382, 387, 390, 398, 400, 403, 407, 408, 422
موقتەدا سەدر246 ,
مەحمود بەرزنجی94 ,92, 93 ,
مەحمود ئەحمەدی نەژاد361 ,359 ,
مەســعود بارزانی, 21, 22, 23, 26, 32, 143, 213, 221, 222, 232, 256, 261, 264, 265, 268, 285, 339, 364, 377, 382, 390, 398, 455
مەهاباد, 21, 34, 191, 195, 203, 204, 208, 212, 214, 358

ن

ناوچە ناکۆکی لە ســەرەکان, 229, 248
نێچیرڤان بارزانی232 ,
نەتانیاهۆ428 ,
نەوشــیروان مســتەفا, 253, 254, 255

ه

هۆشیار زێباری251 ,234 ,
هەرێمی کوردستان, 32, 39, 40, 41, 220, 221, 225,

291, 292, 304, 306, 307, 310, 311, 332, 409, 455

**ئیحسان نووری** 161,

**ئـیـخـوان** 325, 176, 175, 326, 414, 416

**ئیســـرائیل** 105, 101, 44, 106, 111, 174, 226, 251, 325, 355, 366, 368, 405, 420, 421, 427, 428, 429

**ئیمپراتۆریای عوســمانی** 51, 50, 52, 53, 56, 65, 73, 74, 415

**ئیمراڵی** 307, 273,

**ئەبوبەکر بەغــدادی** 381, 334, 397

ی

**یەپەگە** 334, 333, 332, 336, 384, 402

ێ

**ئەتاتورک** 74, 71, 69, 68, 75, 76, 79, 81, 82, 92, 93, 123, 127, 128, 129, 130, 134, 152, 273, 275, 299, 410

**ئـایەتولا خومەینی** 423, 110, 450

**ئوردن** 139, 108, 70, 23, 405, 419, 420, 421, 428, 429

**ئۆبـامـا** 250, 45, 44, 43, 251, 257, 258, 267, 342, 344, 357, 368, 369, 386, 388, 398, 399, 400, 401, 402, 403, 404, 405, 406, 409, 413, 417, 428, 439

**ئۆتۆنۆمی** 53, 32, 23, 22, 64, 66, 68, 71, 72, 80, 83, 102, 104, 105, 107, 159, 162, 168, 182, 192, 202, 203, 207, 208, 259, 267, 293, 294, 295, 338, 340, 389, 408, 409, 450

**ئـۆجەلان** 134, 133, 132, 135, 136, 137, 138, 139, 143, 144, 149, 150, 152, 153, 179, 182, 212, 214, 273,

297, 298, 299, 300,
301, 302, 303, 305,
309, 311, 312, 324,
325, 408, 410, 411,
412

**ئەمریکا**, 24, 23, 20, 19 ,
25, 26, 27, 28, 32, 42,
43, 44, 45, 55, 59, 62,
64, 70, 83, 101, 102,
106, 107, 108, 111,
115, 116, 117, 118,
119, 132, 142, 145,
152, 175, 199, 201,
215, 221, 223, 224,
225, 226, 227, 230,
231, 235, 237, 242,
243, 244, 251, 257,
258, 261, 265, 266,
273, 277, 278, 279,
280, 291, 301, 318,
328, 330, 334, 338,
341, 342, 343, 344,
355, 356, 357, 358,
366, 368, 369, 380,
385, 386, 387, 398,
399, 400, 401, 402,
403, 404, 405, 406,

**ئەحمەد داودئۆغلۆ**, 407, 325 ,
446

**ئەردۆگـان**, 269, 261, 130 ,
274, 275, 276, 277,
278, 279, 281, 282,
286, 288, 290, 296,
298, 299, 300, 301,
302, 304, 306, 307,
308, 309, 310, 311,
312, 324, 325, 326,
340, 358, 407, 408,
409, 410, 411, 412,
413, 414, 415, 442,
446, 447

'

**ئەرگەنەکۆن**309 ,

ی

**یەزیدیەکان**457, 401, 383 ,
**یەکێتی نیشتمانی کوردستان**23 ,
**یەکێـتـی ئەوروپـا**, 277, 153 ,
281, 287, 290, 291,
303, 401, 457

ئ

**ئەکەپە**, 276, 273, 130 ,
279, 282, 287, 296,

409, 413, 414, 416, 417, 422, 423, 426, 428, 438, 442, 448, 451, 457, 458, 462

ئەنادۆڵ, 69, 79, 136, 151, 152

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان, 113, 118, 225

ئەنفال, 113, 114